حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی

جینۆسایدی کورد

ڕەنگدانەوەی لە (ئەدەب-هونەر-میدیا)دا

Second International Scientific Conference on

Genocide of the Kurds

Its Reflection in Literature, Art, and Media

S l e m a n i - 2 0 2 5

ناوی کتێب: دووەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی جینۆسایدی کورد، ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب، هونەر و میدیادا
ئامادەکردنی: ئەرسەلان ڕەحمان، نامق هەورامی، دەلیل جەمال
شوێنی کۆنفرانس: سلێمانی
کاتی کۆنفرانس: ٢٥ -٢٦ی ئابی ٢٠٢٥
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥
چاپخانە: یاد
شوێنی چاپ: سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
لۆگۆی کۆنفرانس: ئامانج ئەمین
سەرپەرشتیاری چاپ: حسەین عەبدولڕەحمان خۆشناو
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: ئەیوب محەمەد بابەکر
ژمارەی نێودەوڵەتیی بۆ کتێب: 9-78-9922-86-239-2 (ISBN)
ئیمەیڵی کۆنفرانس: genocide.conference1@gmail.com

9 789922 862392

پێشەکی	حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان	٦
یەکەم: ئەدەب **أ: ڕۆمان**		
پ.ی.د. سروشت جەوهەرحەویز	ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی)ی(جومعە کانی لەلەیی)دا	١٠
پ. ی. د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی م. ی. علی مصطفی نجم الدین	ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا	٣٤
د. هەژار فەقێ سلێمان حسێن	ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی جینۆسایددا ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بە نموونە	٥٣
د.پەریشان خالد صابر	ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ڕۆمانی (مازیاری شەنگالی)ی نەبەز گۆراندا	٦٧
د. سوزان برایم حمید	کاریگەری جینۆساید لەسەر ژیانی تاقانەکانی ئەنفال لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی میران ئەبراهامدا	٨٣
أ.د. جوان عبد القادر عبد الله	المكان في رواية «به هارى ره ش» لأحمد محمد إسماعيل	٩٤
م. شمال خمو خضر	ڕۆلێ ڕۆمانێ د دیکیۆمێنتکرنا جینۆسایدێن ئێزدییاندا ڕۆمانا (کۆچۆ) یا (حەسەن ئیبراهیم) وەک نموونە	١١٤
عبدالرحمن بامەرنی	مەزراندنا جینۆسایدەکا ئێزدییان دکارەکێ ئەدەبیدا	١٢٦
اسماعیل سلیمان اسماعیل	رەنگڤەدانا جینۆسایدێ دروماناْ (بارزان دگری) دا	١٣٣
سیدساجد حسینی	بازنمایی نسلکشی کوردها در رمان نفس تنگی از فرهاد گوران: (تحلیل ادبی-فلسفی تراژدی بمباران شیمیایی زرده و سردشت)	١٥٠
ب. شیعر		
پ.ی.د. ناز ئەحمەد سەعید	لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لەشیعرەکانی (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد)دا	١٦٧
عادڵ محەمەدپوور	دێرینە دەقەکەو هورمزگانی و پۆلێو ڕەوایەتێ جیاوازێ و هۆرسەنگاییێی شێوازشناسانە	١٨٥
م.ی. نێچیروان جاسم وەلی	کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە جینۆسایدەوە بۆ مەزراندنی لە شیعری هەندێک شاعیری هاوچەرخی کورددا	١٩٧
نەجمەدین ئەحمەد عەبدوڵڵا «گۆریان هەڵەبجەیی»	کۆمەرگی هەڵەبجە و کۆتەڵی شیعر ڕوانینێکی بەراوردکاریانەیە لە نێوان چەند دەقێکی شیعریدا	٢١٧

دووەم: هونەر		
پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر م. د. هێمن نصرالدین محمد امین	ڕۆڵی هونەر لە ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی جینۆسایدی گەلی کوردستان (ئیدارەی گەرمیان بە نموونە)	٢٣٤
د. مەحموود موبارەکشاهی عەدنان ناسری	نواندنەوەی جینۆسایدی باشووری کوردستان لە دەقی گۆرانیدا (گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نموونە)	٢٥١
م. عەبدوڵلا حەسەن قادر	ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە هەوا جیاوازەکانی سۆز و هۆرەدا لە گەرمیان	٢٧٤
سەرکەوت بورهان	ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لە وێناکردنی کۆمەڵکوژییەکانی گەلی کورد	٢٨٩
– م.ی. کەریمۆک غەفور	ڕۆڵی شایەتحاڵەکان و هێزی فیلم لە گێڕانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا	٣١٨
– عومەر محەمەد (هۆمەر محەمەد)	هێزی وێنە لە ناساندنی تاوانی جینۆسایددا، ڕەنگدانەوەی تاوانی ئەنفال لە فیلمی هەزار و یەک سێودا بە نموونە	٣٤٨
سێیەم: میدیا		
پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر	ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە میدیا و شانۆدا	٣٨٠
د. کامل عومەر سلیمان م.ی ئەرسەلان ڕەحمان	ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕق و کینە بەرامبەر بە ئێزدییەکان لە سۆشیاڵمیدیادا	٤٠٥
د. ئەرکان ڕەئوف عەزیز م.ڕۆژان سیفور اسکندر م.ی.بەناز احمد محمد	ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان	٤٣١
د. مرفت عبد الحميد على محمد أ. ريام واثق سالم الهاشمي	سيمولوجية الصورة الإعلامية الكوردية ودورها في خدمة قضايا الإبادة الجماعية: دراسة حالة على الموقع الالكتروني Puk media	٤٤٨
– د. رائد عبيس	إبادة الشعب الكردي في تقارير الأمم المتحدة بين المنهج الإعلامي والتوثيقي	٤٧٤
– د. سعد سلوم	من خطابات الكراهية الى الإبادة الجماعية (دراسة حالة الإيزيديين في وسائل الإعلام العراقية).	٤٨٩

٥١٥	لێکەوتەکانی جینۆسایدکردنی کورد لەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١	- پ.ی.د.قارەمان حەیدەر ڕەحمان د. ئارەزوو یوسف حەسەن د. پەیمان عەبدوڵڵا حەمەد
٥٥٠	Bîrneke, Bila Esmanê Me Sor Nebe	Nihat Gültekin -
٥٥٦	The Legacy of Trauma: A Comparative Analysis of the Memory of Armenian Genocide and Anfal	Narek Poghosyan, PhD

پێشەکی

دووەمیـن کۆنفرانسـی زانسـتیی نێودەوڵەتیـی جینۆسـایدی کـورد، ڕەنگدانـەوەی لـە ئەدەب، هونـەر و میدیـادا، مەڵۆیەکی دیکـەی خەرمانی چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوانـە، کـە لـە مـاوەی کارکردنمدا لـە وەزارەت بـە هـەوڵ و کۆششـی سـتافێکی کارامـە و لـە خۆبـردوو، توانـرا ئامادەکارییەکـی شایسـتەی بـۆ بکرێت و بەڕێوەببرێت.

توێژینـەوە بەشـداربووەکان، کـە لـە دوو توێـی ئـەم کتێبـەدا چـاپ کـراون، هەوڵێکـی جۆرایەتییە بۆ خزمەتی ئەو بەرهەمـە ئەدەبی، هونـەری و میدیاییانـەی لـە سـایەی ئازادی و ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەرهەمهاتـوون.

ئـەو بەرهەمانـەی توێژینەوەیـان لـە بـارەوە کـراوە، بەشـێکن لـە سـامانی ڕۆشـنبیری کتێبخانـە و ناوەنـدە میدیایـی و ئەکادیمییەکانـی کوردسـتان. خوێندنـەوەی ئەکادیمـی و شـرۆڤەکردنی زانسـتیانەیان، ڕێ ڕۆشـنکەرەوە دەبن بۆ داهێنانی پتر و دەوڵەمەندکردنی زۆرتـری کایـەی ڕۆشـنبیری و کولتـووری کۆمەڵگـەی کوردسـتان.

یەکـەم کۆنفرانـس ڕۆژانـی (١١، ١٢ـی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢٣) بەڕێوەچـوو، بـە گوێـرەی پلانـی وەزارەتمـان، بڕیـار بـوو، دووەمیـن کۆنفرانـس لـە هەمـان وادەی سـاڵی ٢٠٢٤ بەڕێوەبچێت، بـەڵام بەداخـەوە گرفتی دارایـی بـواری نـەدا، کۆنفرانسـەکە لـە وادەی خۆیدا بەڕێوەبچێت، بـەڵام پشـوودرێژانە لـە هەوڵەکانمـان بـەردەوام بوویـن تـا سـەرەنجام، بـە هـەوڵ و پشـتیوانی هەمـوو لایـەک توانـرا ئـەم کۆنفرانسـە سـاز بکرێت.

جێـی خۆیەتـی لێرەدا ئـەو ڕاسـتییە بیـر بخەمـەوە، کـە لـە دەسـتپێکی کارکردنمـان لـە وەزارەتدا، بـە چـاوی بایەخـەوە ڕوانیومانـە بـۆ ڕەنگدانـەوەی پرسـی جینۆسـاید، ئەنفال و کیمیاوییبارانـی گەلـی کوردسـتان لـە ئـەدەب و هونـەر و میدیـادا.

لـەو میانەیـەدا ئێمـە، پشـتیوانێکی بەهێـزی هەمـوو ئـەو قەڵـەم و دەنگانـە بوویـن، کـە خزمەتیان بە دۆسـییەکانی جینۆسـاید کردووە، بە تایبەتی توێژەرانی ئەکادیمی و نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی گەلەکەمـان لـە ناوخـۆ و دەرەوەی وڵات.

جینۆسایدی ئێزدییەکان لە (٣ی ئابی ٢٠١٤) لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە، زەنگێکـی مەترسـیدار بـوو، هەموومانـی ڕاچڵەکانـد، چونکـە ئـەو ڕاسـتییەی سـەلماند، کـە جینۆسـاید وەک تاوانێک، هەمیشـە مەترسـییەکانی لـە دەرگا دان، بۆیـە پێویسـتە بـەو پـەڕی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هۆشیاری و هەستیارییەوە کار بکرێت بۆ ڕێگرتن لە هەر جۆرە ڕەخسانێکی زەمینەی دووبارەبوونەوەی لە کات و شوێنی جیاوازدا.

هەر ئەمەش هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئاوڕی جددی لەو بەرهەم و قەڵەمە سەنگینانە بدەینەوە، کە سەرقاڵی داهێنان، نووسین و خزمەتکردنی ئەو ئەدەب و هونەرەن، کە سرووش (الهام) لە ئازار و چیرۆکە تراژیدییەکانی ڕابردووی نیشتمانەکەمان وەردەگرن و لە توێی دەقی ئەدەب، هونەر و میدیاییدا دەیانخەنەڕوو.

لێرەوە بە پێویستیی دەزانم سوپاس و پێزانینی تایبەتی خۆم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی دەربڕم، کە هەماهەنگ و هاوکار و پشتیوانێکی بەهێزی سەرخستنی ئەم کۆنفرانسە بوون.

هەروەها ڕێز و پێزانینی خۆم بۆ هەموو ئەو توێژەرانە دەردەبڕم، کە بەشدارییەکی زانستیانە و کاریگەریان لە کۆنفرانسەکەدا هەبوو، بە تایبەت ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە ئەرکی پێداچوونەوەی زانستییانەی توێژینەوەکانیان لە ئەستۆ گرت و ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان بوون.

سوپاس و پێزانینی زۆریش بۆ ئەو توێژەرە بەڕێزانەی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە، یاخود لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپاوە بە توێژینەوە بەشداریان کردووە، یاخود میوانداری کۆنفرانسیان قبووڵ کردووە و لێرە ئامادەن.

بە هیوای ئەوەی کۆنفرانس ساڵ لە دوای ساڵ وەک نەریتێکی ساڵانە لە پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان و شاری داهێنانی ئەدەب (سلێمانی) ڕێکبخرێت و ئەم شارە ببێتە پایتەختێک بۆ خزمەتکردنی گیانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی جینۆساید و خزمەتکردنی ڕەوتی زانستیانە لە توێژینەوەی بواری جینۆسایدناسیدا.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

حەمەی حەمەسەعید

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

٢٠ی ئابی ٢٠٢٥

یەکەم: ئەدەب

أ. ڕۆمان

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەنفال
لە ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی)ی (جومعە کانی لەلەیی)دا

پ. ی. د. سروشت جەوهەرحەویز
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی
srusht.jawhar@koyauniversity.org

پوختە

جینۆساید یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کەلە سیاسەتی وڵاتە داپلوسینەرەکانە، سەرۆکەکانیان بە تاکرەوی و خۆپەرستی و خۆسەپاندن دوور لە هەموو ماف و ویژدان و مانای مرۆڤایەتی خەڵکی بێتاوانیان ڕووبەڕووی جینۆساید دەکردەوە، نەتەوەی کوردیش بەشێکی گەورەی قوربانی ئەم شاڵاوە دڕندانەیە بووە؛ هەر لە کۆنەوە تا ئەم سەردەم و سەدەیەش هەر ئاسۆیەکی ڕووناکی بەدیکردبێت بە هۆکاری جیاجیا دووچاری شەوزەنگی تاریکی بۆتەوە، ئەو وێنە تراژیدیانە لەمێژووی کورددا تۆمارکراوە، لە یادەوەری مرۆڤی کورد ناسڕدرێتەوە، هەربۆیە لە نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەنێو ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی)ی(جومعە کانی لەلەیی) ڕاستەوخۆ تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت. ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەو دەرخستنی وێنەی ئەو کارەساتەی کەلە مێژووی ڕابردووی گەلی کورددا ڕوویداوە، ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لە چەمک و پێناسەی ئەنفال و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی ئەنفال لە نێو نەتەوەی کورد و کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی کورد دواتر ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانەکەدا دەخرێتەڕوو ،کەلە جینۆسایدی کلتووری، جینۆسایدی ئابووری، جینۆسایدی جەستەیی و دەروونیدا خۆی دەبینێتەوە.

کلیلە وشە: ئەنفال، جینۆساید، تاوان، تراژیدیا، دیمەن.

انعكاس الابادة الجماعية للأنفال في رواية (مملكة الشوك) ل (جمعه كانى لەلەيى)

الملخص

تعد الأنفال احدى أهم الكوارث والجرائم الانسانية الكبرى التي حدثت في تاريخ الشعب الكوردي ، وقد نفذت هذه الجريمة من قبل النظام البعثي البائد بهدف طمس الهوية الكوردية وانهاء االوجود الكوردي في العراق ،وقد راحت ضحية هذه الجريمة آلاف الأكراد في جنوب كردستان ،وتعانى لحد هذه اللحظة مئات العوائل جراء تداعيات هذه الكارثة البشرية لذلك لا يستطيع اى كردي نسيان لحظات الانفال وآلامها ومعاناتها .

وان ميلاد هذا العنوان يعود الى هذه الصورة المأساوية التي سجلت في تاريخ الشعب الكوردي، لذلك انعكست هذه الكارثة في الأدب الكوردي وشغلت مساحة واسعة في فكر الكاتب الكوردي ومن ثم انعكست في نصوصهم الأدبية ،من هنا جاء انعكاس ظاهرة الابادة الجماعية للأنفال في رواية (مملكة الشوك) ل (جمعه كانى لەلەيى) محورا وأرضية لهذه الدراسة ، وقد تطرق الباحث الى مصطلح الأنفال وتعريفها وبداياتها ومراحلها وتأثيرها على أفراد الشعب الكوردي ومن ثم انعكاس عمليات الأنفال في الرواية ،ويتجسد ذلك في الابادة التراثية و الابادة الاقتصادية والابادة الجسدية والابادة النفسيه . والهدف من هذه الدراسة هو المحاولة لقراءة الرواية وبيان أحداث هذه الكارثة في تاريخ الشعب الكوردي في النصوص الأدبية وانعكاس كارثة تاريخية في احدى الروايات الكوردية المعاصرة .

الكلمات المفتاحية: الأنفال، الإبادة الجماعية، الجريمة، المأساة، المشهد.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

Abstract

Reflection of the Anfal genocide in the novel (Kingdom of Thorns) by (Juma Kani Lahlei)

Anfal is one of the most important disasters and major human crimes that occurred in the history of the Kurdish people. This crime was carried out by the defunct Baathist regime with the aim of obliterating the Kurdish identity and ending the Kurdish presence in Iraq. Thousands of Kurds in southern Kurdistan were victims of this crime, and hundreds of families are suffering to this moment as a result of the repercussions of this human disaster, so no Kurd can forget the moments of Anfal and its pain and suffering. The birth of this title goes back to this tragic image recorded in the history of the Kurdish people, so this catastrophe was reflected in Kurdish literature and occupied a large space in the thought of the Kurdish writer and then reflected in their literary texts, hence the reflection of the phenomenon of the Anfal genocide in the novel (Kingdom of Thorns) by (Juma Kani Lahlei) came as the focus and basis for this study, and the researcher touched on the term Anfal and its definition, beginnings, stages and impact on the individuals of the Kurdish people and then the reflection of the Anfal operations in the novel, and this is embodied in the heritage genocide, economic genocide, physical genocide and psychological genocide. The aim of this study is to try to read the novel and show the events of this catastrophe in the history of the Kurdish people in literary texts and the reflection of a historical catastrophe in one of the contemporary Kurdish novels.

Keywords: Anfal, Genocide, Crime, Tragedy, Scene.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

یەکێک لەو کارەسات و تاوانە گەورانەی کەلە مێژووی ڕابردووی گەلی کورد دا ڕوویداوە کارەساتی ئەنفالە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی بەمەبەستی سڕینەوەی گەلی کورد لەعێراقدا ئەنجامدرا، هەزاران کوردی بێتاوان لە باشووری کوردستان بوونە قوربانی، چەندین خێزان تا ئەم ڕۆژگارەش بەدەست یادەوەرییە تاڵەکانی ئەو ڕۆژگارەوە دەتلێنەوەو یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکەنەوە، بۆیە لە هزری هەموو تاکێکی کورددا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری بەسەریانەوە هەیە.

هۆکاری هەڵبژاردن و سنوری توێژینەوەکە: هۆی دەستنیشانکردنی ئەم ناونیشانە بۆ لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە تراژیدیەی لەمێژووی کورددا تۆمارکراوەو لە یادەوەری مرۆڤی کورد ناسڕدرێتەوە، هەربۆیە لە نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و پانتاییەکی فراوانی لە هزری نوسەران داگیرکردووەو لە دەقەکانیاندا ڕەنگی داوتەوە. لێرەدا ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی جینۆسایدی ئەنفال لەنێو ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی) (جمعە کانی لەلەیی)[1]دا ڕاستەوخۆ ئەم بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کەماندا دەکاتەوە، بە پێویستمان زانی ڕووداوی ئەنفال لەم ڕۆمانەدا وەربگرین تا ڕەنگدانەوەی کارەساتێکی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا بخەینە بەرچاو.

سنوری لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت دەبێت بە چەمکی جینۆساید و ئەنفال لە ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی)دا، لێکۆڵینەوەکەمان بەوچوارچێوە بەند دەبێت تابتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی بابەتەکە ڕوون بکەینەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە: لە نووسینی توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی و وەسفی شیکاری کراوە، لە بەشی یەکەمدا لەڕووی مێژوویی و وەسفی قسە لەسەر بابەتەکە کراوەو لە بەشی دووەمیشدا بە شیکاری بۆ ئەنجامی بابەتەکە ڕۆشتووین.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و دەرخستنی وێنەی ئەو کارەساتەی کەلە مێژووی ڕابردووی گەلی کورددا ڕوویداوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی کارەساتێکی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا بخەینە بەرچاو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی و چەمک و پێناسەی ئەنفال و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی ئەنفال و کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی کورد باس کراوە. لە بەشی دووەمیشدا ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو، کەلە جینۆسایدی کلتووری و جینۆسایدی ئابووری وەک خاپوورکردنی شارو گوندەکان، دەست بەسەرکردن و کوشتنی گەنجانی کورد وەک جینۆسایدی جەستەیی و جینۆسایدی دەروونی خۆی دەبینێتەوە.

- تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی جینۆساید

وشەی جینۆساید، بە واتای پاکتاوی ڕەگەزی، یا بە واتای قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ دێت، لە بنەڕەتیشدا لە دوو وشە پێکهاتووە: وشەیەکی گریکی (Genos)، کە واتای ڕەگەز یاخود بنچە دەگەیەنێت و وشەیەکی لاتینی (Cide) کە واتای کوشتن یاخود فەوتاندن دەگەیەنێت. (خدر، ١٩٩٩: ٢٣٢). کەواتە جینۆساید بە واتای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ یا لەناوبردنی ڕەگەز و سڕینەوەی کۆمەڵێک دێت. تەنانەت لە فەرهەنگی (المنهل- ی فەرەنسی - عەرەبی) جینۆساید ((لەناوبردن و قڕکردنی بەکۆمەڵی گەل و تیرەو هۆز دەگەیەنێ))(المنهل، ١٩٨٣: ٤٨١)، ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٣ دا لە کۆنفرانسی مەدریددا لە لایەن دادوەر و لێکۆڵەرێکی جولەکەی بە ڕەگەز پۆڵۆنی (ڕافایل لیمکن (Raphael Lemkein، کە دواتر بوو بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، بەکارهێنراوە، ناوبراو تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە دەستی نازییەکان لەناوچوون. (حمود، ١٩٨٧: ٢٣٨) لێرەدا دەردەکەوێت کە جینۆساید لەناوبردن و قڕکردنێکی مەبەستدارە بۆ سڕینەوەی کۆمەڵە ڕەگەز یا دەستەیەکی نەتەوەیی، ئایینی یا سیاسی.

جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەک هەر وڵاتانی تاوانکار، بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان. وەک لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید لە ٩ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨، لە بەندی (٣)دا هاتووە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە جینۆساید تاوانێکی نێو نەتەوەییە، بریتییە لە تێکدان و لەناوبردن و پارچە پارچەکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی یا نەژادی یا ئایینی ... . هەر تاوانێکی ڕەگەزی نارەوای لەم چەشنە بکرێ، دەبێ سزای تاوانکار بدرێت.(فتح اللە،٢٠٠٤ :١٥٧). لێرەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین جینۆساید یان کۆمەڵکوژی بە لەناوبردنی کۆمەڵێک خەڵک یان دەستەیەک دەگوترێت کە لە لایەن وڵاتێک یان پارتێکی دەسەڵاتدارەوە لەناوبرابن. جا بە هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، سیاسی، یان بیری ڕەگەزپەرستی بێت. وەک لەناوبردنی جولەکەکان لەلایەن نازییەکان کە بە (هۆلۆکۆست) ناسراوە، لەناوبردنی ئەرمەنییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، کیمیاباران و ئەنفال و زیندە بەچاڵکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق، کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی هەر لە سەدەی سیانزەوە تا سەدەی بیست و یەک، چ بە هۆکاری ئاینی بێت یان نەتەوەیی، کۆمەڵکوژی و سوتاندنی موسڵمانانی ڕۆهینگا لە هەرێمی ئاراکانی بۆرما لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە.

کوشتن و کۆمەڵکوژی شێوەی جۆراوجۆری هەیە، واتە جینۆساید تەنیا لەناوبردن و کوشتنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو چەند شێوازێکی هەیە و بە چەند شێوەیەک ئەو لە ناوبردنە پەیڕەو دەکرێت کە دەکرێت دابەشبکرێن بەسەر چەند جۆرێکدا.

جۆرەکانی جینۆسـاید:

١- جینۆسایدی جەستەیی: بە واتای کوشتن دێت، واتە لەناوبردن و کوشتنی ئەندامانی هـەر کۆمەڵـە مرۆڤێـک، ڕاسـتەوخۆ بێـت یـا ناڕاسـتەوخۆ، بەهـەر شـێوەیەک بێت،((بـە گوللەبارانکـردن، زیندەبەچاڵـکردن، سـەرنگومکردن، ئیعدامکردن)).(گـوڵ،٢٠٠٣: ١).

٢- جینۆسـایدی بـایۆلۆژی: واتـە ((ڕێگەگرتـن لـە پێشـکەوتن و گەشـەکردن و نەشـونما کـردن))، (گـوڵ، ٢٠٠٣، :١١) واتـە بەربەسـتکردن و نەهێشـتنی گەشـەکردن و پێشـکەوتن و زیادبوونـی لەدایکبـوون و زیادبوونـی هـەر کۆمەڵێک و جیاکردنـەوەو دابڕاندنـی پیـاو و ئافـرەت لەیەکتـری و واتـە دابەشـکردنی خێـزان.

٣- جینۆسـایدی کلتـووری: واتـە نەهێشـتن و ڕەشـکردنەوەی شارسـتانیەت و کلتـووری نەتەوەیـی و ناسـنامە نەتەوەییـەکان، وەک قەدەغەکردنـی زمـان و سـڕینەوەی فۆلکلـۆر و شـێواندنی مـێژوو و شـوێنەوارەکان و کاڵکردنـەوەی دابونەریتـی نەتەوەیـی و ڕابـردووی هـەر نەتەوەیـەک، نموونـەش بـۆ ئەمـە وەک لـە سـەدەی ڕابـردوو کـە لـە کوردسـتاندا ڕوویـدا، لـە((نێـوان سـاڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ دا حکومەتـی ئـەوکات بڕیارێکـی پەسـەند کـرد کـە لـە ٪٥٠ ی پڕۆگرامـی خوێندنـی قوتابخانـەی مامۆسـتایان بـە زمانـی کـوردی بێ، بـە ناچـاری بـە عەرەبـی کـران، بەتایبەتـی لـە بـواری زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، لـە کتێبـی خوێندنـگادا هیـچ ئاماژەیـەک بـە مێـژوو و ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی نەکـراوە، لـە لایەکـی تـرەوە ئـەو کتێبانـەی کەلەسـەر ئـەم بابەتانـە بـوون لـە کتێبخانـە گشـتییەکاندا کێشـایانەوە، بـە عـەرەب کـردن و قەڵاچۆکردنـی نەخوێندەواری بـە زمانـی عەرەبـی و ...)) (مەعـروف، ٢٠٠٥ : ٢٥) بـەردەوام بـوو.

٤- جینۆسایدی ئابووری: واتـە لەناوبـردن و وێرانکردنـی سـەرچاوەی بەرهەمـی ئابـوری و ژیانـی نەتەوەیـەک یـا کۆمەڵـە مرۆڤێـک، وەک برسـیکردن و بەتـاڵان بردنـی بەروبـوم و بەرهەمەکانـی کۆمـەڵ و سـەروەت و سـامانیان و گەمارۆدانـی ئابـووری بەمەبەسـتی برسـی کردنـی خەڵکەکـە و بەربەسـت دروسـتکردن و ڕێگـری کـردن لـە بەرهەمهێنانـی بەروبومـی خـۆراک و دەسـتخستنی لایەنی ئابوری.(تاڵەبانی– عەلـی، ٢٠٠٢: ١٨) هەریـەک لـەو هەوڵانـە لـە یاسـای نێودەوڵەتیدا بـە جینۆسـاید دەژمێـردرێ.

٥- جینۆسایدی دەروونی: واتە داڕووخاندنـی دەروونـی مرۆڤ ئەمـەش کاریگـەری خراپـی دەبێت و ڕەنگدانـەوەی نەرێنـی لەسـەر تـاک کردووە، بـاری خراپـی هەڵچوونـی دەروونـی و بێ هیوایی، کـە بـۆ مـاوەی درێـژ کاریگـەری دەمێنێتـەوە.

- تەوەری دووەم: چەمک و زاراوەی ئەنفال

شـەڕو ئـاژاوەو کارەسـاتەکان لەژیانـی ئێمـەی کـورددا نەپسـاوە بـووە، بەتایبەتـی لەسـەردەمی حوکمڕانـی ڕژێمـی بەعسـدا، کـە چەندیـن کارەسـات بەسـەر گەلـی کـوردی

ئـەم بەشـەی کوردسـتاندا هـات، لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا وێنـەی نەبـووە، گەورەتریـن ئـەو کارەسـاتانەش لـە تاوانـی ئەنفالـدا ڕەنگـی دایـەوە، لـەڕووی زمانەوانییـەوە((زاراوەی ئەنفـال لـە زمانـی عەرەبـی کـۆی (نفـل)ە، بـە واتـای (غنیمـە یـا نافلـە) دێـت، بەمـەش ئەنفـال واتـای زیـادە دەسـکەوت دەگەیەنـێ، کەواتـە ئـەو دەسـکەوت و مـاڵ و سـامانەیە بـە شـەڕ لـە بـێ بـاوەڕەکان و موشـریکەکان دەسـەندرێت))(گەزنەیی،٢٠٠٢: ٦) واتـە ئەنفـال وشـەیەکی عەرەبییـەو بەمانـای تـاڵان دێـت، ڕژێمـی بەعـس لـە سـورەتی هەشـتەمی قورئانـی پیـرۆزەوە وەریگـرت، (بڕوانـە: قورئانـی پیـرۆز، سـورەتی ئەنفـال: ئایەتـی١) ئـەم شـاڵاوە نەگریسـەی پـێ ناونـا کـە دژی گەلـی کـورد بەرپـای کـرد، تـا کوشـتن و گرتـن و تاڵانکردنـی کـوردەکان حـەڵاڵ بـکات، وەک ئـەوەی لەسـەردەمی سـەرهەڵدانی ئاییـنی ئیسـلامدا دژی کافـرە بێبـاوەڕەکان ئەنجامیانداوە.(ڕەسـول،٢٠٠٣ : ٥٢) هەڵبژاردنـی ئـەم نـاوە لەلایـەن ڕژێمـی بەعس چەندین هـۆکاری هەبـووە، بـۆ بەکافر کردنی کـورد و کوشـتن و لەناوبردنـی دانیشـتووانی کـوردە لادێ نشـینەکان بـوو. لـە لایەکـی تـرەوە لەبەرئـەوەی چەمکـە دینییـەکان پیـرۆزن ناتوانرێـت بـە ئاسـانی لـە دژی بوەسـتنەوە، لەبەرئەمـە کـۆی خەڵکەکـە بەئاسـانی قـبوڵی دەکات، هەروەهـا لـە ڕووی سـیاسیشەوە باشـترین پاسـاو دەبێـت بـۆ شـاردنەوەی تاوانـەکان یاخـود ڕەوایەتـی پێدانـی، واتـە خـۆ حەشـاردان لەپاڵ دین.(عەزیـز، ٢٠١٦: ٥٢)

- **قۆناغەکانی چۆنیەتی جینۆسایدی ئەنفال:**

ئەنجامدانـی هەنگاوەکانـی جینۆسـاید بـە چەنـد قۆناغێکـدا تێپەڕدەبێـت. سـەرەتا لـە پۆلێنکردنـی کومەڵگـە لەسـەر بنەمـای نـە ژاد، نەتـەوە یـا ئاییـن مروڤـەکان پۆلێـن دەکات پاشـان دابەشـیان دەکات، دواتـر ئـە وانـەی کـە پۆلێـن کـراون و ناویـان لـی دەنرێـت وەک (کـورد، موسـڵمان، مەسـیحی، ئێزیـدی، ... هتـد) ئینجـا ئەندامانـی بەئامانـج گیـراو نیشـانە دەکریـن و دواتـر بەهەمـوو شـێوەیەک سـوکایەتییان پێدەکرێـت و کـە ئەمـە دەسـتپێکی قۆناغـە سامناکەکەیە، دواتـر قۆناغـی جیاکاری دەسـتپێدەکات بـە واتـای ئـە وەی دەسـەڵاتی خۆسـەپێن بەهـۆی دەرکردنـی یاسـا و ڕیسـا لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان و زەوتکردنـی مافـی کەمینـە لاوازەکانـی تـر بـەو جـۆرە هەمـوو کایەکانـی تـری ژیـان لـە ڕووی ئابـوری و بازرگانـی و ڕۆشـنبیرییەوە قـۆرخ دەکـە ن و لاوازەکان دەچەوسـێننەوە بـۆ نموونـە بێبەشـکردنی کـوردی فەیلـی لـە ناسـنامە و ڕەگەزنامـە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە، دواتـر قۆناغـی داماڵیـن دەسـتپێدەکات واتـە کومەڵەیـەک سـیفەتی مرۆڤبـوون لـە کۆمەڵەکانـی تـر ڕەت دەکاتـەوە بەمەبەسـتی لەناوبـردن، بـۆ نموونـە ئـەوەی ڕژێمـی بەعـس بـە پێشـمەرگە گیـان فیداکانـی کوردسـتانی دەوت (مخەریبیـن، تێکـدەر، خائیـن، ناپـاک، یـا خیبـوو، بەکـرێ گیـراوی بێگانـە) تـا لـە بیـرو مێشـکی خەڵکـی عـەرەب و جیهـان بگەیەنـێ، ئەمانـە تێکدەرن. دواتـر قۆناغـی ڕێکخسـتن دەسـتپێدەکات ئەویـش خـۆی لەبەرنامەڕێـژی بـۆ جێبەجێکـردن و ئەنجامدانـی تاوانـە کـە دەبینێتـەوە، بۆنمونـە ڕێکخسـتن لـە تاوانـی جینۆسـایدی کـورد،

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هاتنی پاسەوانی کۆماری بوو بۆ بۆ دەستگیرکردنی خەڵکی مەدەنی، یان بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو چەکی کیمیایی دژ بە کورد. دوای ئەم قۆناغەش قۆناغی دورخستنەوە دەستپێدەکات واتە دورخستنەوە کارلێکی تەواوە لە نیوان تاوانکاران و زوڵملێکراواندا، بە چەشنێک هەست دەکەیت تاوانی کۆمەڵکوژی لە نزیکترین کاتدا ڕوو دەدات، نموونەی ئەم قوناغە لە جینوسایدی دژی کوردان سوکایەتیکردن بوو بەپێشمەرگە و کەسوکاریان.دواتریش قۆناغی ئامادەکاری دەستپێدەکات ئەویش لە ڕێگەی تاوانبارەکانەوە کە هەندێک پلان دادەڕێژن و ئامادەکاری دەکەن بۆ پرۆسەکە وەک ئامادەکردنی هێزی چەکدارو هێنانی چەکی گەورەو بڵاوکردنەوەی ترس لای قوربانییەکان، دواتریش قۆناغی سەرکوتکردن دەستپێدەکات لەڕێگەی دیاریکردنی قوربانییەکان و لیستی کوشتن ئامادەدەکرێت و دەست بەسەر ماڵ وموڵکی قوربانیدا دەگیرێت و ئەوانیش دەنێردرێن بۆ زیندان و لەوێش برسی دەکرێن و بەچەندین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن، دواتر قۆناغی لەناوبردن دەستپێدەکات ئەویش لەڕێگەی لەناوبردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردنیان و لەلایەن تاوانباران وەکو ئەنفاکردن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، دواتریش قۆناغی نکوڵیکردن دەستپێدەکات کە کۆتا قۆناغی جینۆسایدە تاوانباران هەوڵدەدەن تاوانەکانیان بشارنەوەو پەردەپۆشی بکەن، ئەویش بەشاردنەوەی تەرمی قوربانییەکان بەشێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و سوتاندنی لاشەکانیان و هەڕەشەو تۆقاندنی شاهێدحاڵەکان. (گوڵپی،٢٠١٦،سایدی ئەنفالستان).

سەبارەت بە قۆناغەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە نێو نەتەوەی کورد دا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هەڕەشە لێکردن و بەعەرەب کردن و بە بەعسی کردن و ڕاگواستن و لەناوبردنی کورد بە هەموو شێوەیەک پەیڕەوکراوە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو هەوڵانە، دەبینین ڕاگواستن و هەڕەشە لێکردن و تەعریب کردن لە عێراق لە نێوانی ساڵانی شەستەکان تا کۆتایی هەشتاکان هەبووە، کوردەکان بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق ڕادەگوێزران یا لە کۆمەڵگە و ئۆردوگا زۆرەملێکان کۆدەکرانەوە، هەزاران گوند وێران کران و چەندین هەزار کەسی کورد ئاوارەبوون و چەندین کوژراوو برینداریش هەبوون، لەتەک ئەوانەشدا، ڕژێمی بەعس سیاسەتی بەعەرەب کردنیشی لە ناوچە کوردییەکاندا پیادە دەکرد. (گوڵ، ٢٠٠٣: ٢٢-٢٣)((لە نێوانی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ بە هەزاران کوردی فەیلی بەبێ جیاوازی لە پیرو پەککەوتەو منداڵی ساواو ژنی بێ دەسەڵات و گەنجەکانیشیان بەندکران و تائێستاش چارەنوسیان نادیارە، لە شارەکانی عێراق و کوردستان و ناوچە جیاجیاکان دەرکران و ڕاگواستران و ئاوارەی ئێران کران، بە بیانوی ئەوەی ئەمانە مەترسین بۆ سەر ئەمنی عیراق)).(مینە، ١٩٩٩: ٢٤٢)

دواتر شاڵاوی ئەنفال بۆ وێرانکردنی ناوچە کوردییەکان و سڕینەوەی سیما تایبەتییەکانی گەلی کورد، هەنگاوی یەکەمی ئەم سیاسەتە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧

دەرکەوت، کاتێک گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکوکی وێران کرد و خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەوروبەری هەولێر و سلێمانی و خوارووی عێراق ڕاپێچکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨یشدا ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئەنفال بە چەند قۆناغێک هێرشی کردە سەر کوردستان، بە هەشت قۆناغ بە پێی نەخشەیەکی ورد، فراوانترین هێرشی ئەنفالیان ئەنجامدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی سەرگەڵو و بەرگەڵو....، دواتر سنوریی گەرمیان هەموو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە کە لە ڕۆژئاواوە کەرکوک و دوزخورماتوو، لە باکورەوە لە ڕێگای کەرکوکەوە بەرەو چەمچەماڵ، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە چیاکانی قەرەداغ و لە باشوریشەوە کەلار و کفری و.... دواتر کۆمەڵکوژییەکی مەترسیداری ئەنجامدا،لەسەرەتاوە بە گازی کیمیاوی دەستیپێکرد، بە درێژایی زێی بچووک، گوندەکانی ئەمبەرو ئەوبەری وێران کرد، ئەو گوندانەیان ئاگر تێبەرداو هەرچی ڕەز و باخی ئەو ناوچەیە هەیە هەموو سووتا. (عەلی، ٢٠٠٩ : ٤٧) بەهۆی بەکارهێنانی چەکی قورس و کیمیاویی، زەرەر و زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکەو هێزی پێشمەرگە کەوت و چەندین کەس بێ سەروشوێن کران و گوندەکان وێران کران و خێزانەکانیان لێک دابڕاند و چەندیش کوژران و بەشێکی زۆریشیان ئاوارە بوون. (عەبدە، ٢٠١٠: ٥١). دواتر لە سنووری دەڤەری بادینان، سوپای عێراق بە ئەزمونێکی زۆرو پلانێکی باش و زانیارییەکی زۆرەوە ئابڵوقەی ناوچەکەی داو خەڵکەکەی بەرەو مەرگ بردو گوندەکانیشی خاپوور کرد. بەشێک لە خەڵکەکە بەرەو سنورەکانی تورکیا ڕۆیشتن و بەشێکیشیان لە ئەشکەوتەکان خۆیان حەشاردا و گیراوەکانیش بێسەرو شوێن کران.(عەبدە، ٢٠١٠: ٧٧-٧٨)

- تەوەری سێیەم: کاریگەری ئەنفال لەسەر تاکی کورد دوای شاڵاوەکە.

لە ژیانماندا چەندین بەسەرهات هەن، هەندێکیان مرۆڤ لە توانایدا هەیە لە بیریان بکات، بەڵام هەندێکی دیکەیان برینێکی سارێژ نەبوون و کاریگەرییان بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، لە ژیانی ئێمەی کورددا شەڕو ئاژاوەو کارەساتەکان هەمیشە بەردەوام بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمرانی ڕژێمی بەعس، کە چەندین کارەساتی بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی باشوور هێناوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، گەورەترین ئەو کارەساتانەش شاڵاوی ئەنفالە، کە لە هزری هەموو کوردێکی ئەوکات و ئەو سەردەمەش کاریگەری خۆی بەجێهێشتووە، پرۆسەی بەدناوی ئەنفال وێڕای قاتوقڕکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری، گەلێک دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لەدوای خۆی بەجێهێشت، کە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە دەستیانەوە دەناڵێنن.(عارف، ٢٠١٢: ٢٦) هەروەکو لە لاپەڕەکانی دواتردا نموونەی ئەم حاڵەتە لە ڕۆمانەکەدا دەبینین و ئەمەش بەڵگەیە بۆ کاریگەری کارەساتی ئەنفال لەسەر یەک بە یەکی تاکی کوردمان بۆ دەردەکەوێت، هەر لە دەروونی ئەوانەدا نا کە تاوانەکەیان بەرامبەر ئەنجامدراوە،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەڵکو ئەوانەی نەشیانبینیوە بەس بیستویانە، هەروەها لە دەروونی ئەوانەشدا، کە دوای پرۆسەکە لەدایکبوون، کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوەو مێشک و دەروون و ئەرکەکانی ڕۆژانەیان کردووە، هەر بۆیەش لەنێو چەندین دەقی ئەدەبی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە و ئەم ڕووداوە بەرجەستەکراوە. (مەملەکەتی دڕکاوی)یش دەریایەکە لە بەربەست و توندو تیژی و جەنگی خوێناوی، کە تائێستاش ئاسەوارەکانی ئەم ڕێگا دڕکاوییە دەبینین.

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی) دا

لەم ڕۆمانەدا بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی چارەگە سەدەیەک بەسەر گەلی کورد داهاتوون دەگێردرێنەوە، زۆربەیان ڕووداوی مێژوویین و لە واقیعدا ڕوویانداوە، بەڵام ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری جوان بەهۆی ئەو خەیاڵە زۆرەی هەیەتی و ئەو زمانەی بەکاریهێناوە واقیعەکەی سەرنجڕاکێشتر کردووە، مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا واتە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوودا، بۆیە پچڕان لە نێوان مرۆڤ و مێژوو نییە، واتە ڕۆمانەکانی ڕۆماننوس هەڵقوڵاوی مێژووی گەلەکەیەتی، بەڵام وەک لای هەمووان ئاشکرایە ڕۆماننووس مێژوونووس نییە تا دەقاودەق ڕووداوەکان تۆمار بکات، بەڵکو بۆ نووسینی ڕۆمان پێویست دەکات واقیعی مێژوویی بەخەیاڵێکی هونەری جوان ئاوێتە بکات. ڕووداوەکانی ئەنفالیش ڕووداوێکی واقیعیین، شایانی ئەوەیە بکرێت بە کەرەستەی چەندین ڕۆمان.

لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا باس لە ئازارە گەورەکانی گەلێک دەکات بەدەستی ڕژێمی بەعسەوە، باس لە دیکتاتۆریەت و فاشیزم دەکات، کە چۆن لەسەر جەستەیەکی زامدار برینەکان جێدەهێڵن، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە ڕەنگدانەوەی ئەنفالە لە ڕۆمانەکەدا، کە ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین سەراپای ڕۆمانەکە گێڕانەوەیە لەزاری کچە ئەنفالکراوێکی ڕزگاربوو، چیرۆکە سەرەکییەکەشی کە چیرۆکی (دیمەن)ی کچە ئەنفالکراوە، هەر لەسەرەتاوە تا دەگاتە کۆتایی، باس لە ئامادەیی عەقڵی فاشستی و هێزە دکتاتۆرەکان دەکات، لەگەڵ گەڕانی ڕۆژنامە نوسێک دەست پێدەکات و بەکۆتایی هاتنی گێڕانەوەی دیمەن و بەیەکگەیشتنیان بە ڕۆژنامەنوسەکە، چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

لە ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی)دا نوسەر ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە، ڕووداوەکان تەعبیر لە واقیعی تاڵی کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور دەکەن، شاکەسی ڕۆمان بریتییە لە کچە ئەنفالکراوێک بەناوی(دیمەن)، نوسەر لە ناو کۆمەڵگەوە هەڵیبژاردووە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم کەسایەتییەوە مێژوو و ڕووداوی تراژیدیای کورد لەم بەشەی کوردستان پیشان بدات، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە

لە ساتی دەستپێکردنی ئەنفال لە گەرمیانی کوردستان دەست پێدەکات تا دەگاتە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق و ساڵانی ٢٠٠٨ و دواتر.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دوای ئەوەی (کامەران) ی ڕۆژنامەنووس ساڵانێکە بەدوای کچە ئەنفالکراوێکدا دەگەڕێ و هەوڵی دۆزینەوەی دەدات و بۆئەوەی ببێتە یەکەم کەس پەردە لەسەر تاوانێکی گەورە کەلە پرۆسەی سەربازی ئەنفالدا دەرهەق بە کچێکی کورد کرابوو لادات.

لێرەدا بەپێویستی نازانین زیاتر لەمبارەیەوە بدوێین، بەڵکو بۆ باشتر چوونە ناو قوڵایی توێژینەوەکە ڕووداوەکان بەسەر چەند خاڵێکدا دابەشدەکەین.

١. جینۆسایدی جەستەیی:

سەرەتای چیرۆکەکە لە زاری کچە ئەنفالکراوێک کە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەکرێ وەک نموونەیەک بۆ جینۆسایدی جەستەیی وەربگرین، کە چۆن ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیداوە، کارو ڕەفتارە دڕندەییەکانی نەقیب محمد وەک نمونەیەک بۆ پلەدارانی سوپای بەعس لە ڕۆمانەکەدا بەرچادەکەوێت: ((کچە هاوڕێکەم بە ئەفسەرەکەی گووتبوو: خوای ئێمەو ئێوە یەک خودایە، بەڵام ئێوە باوەڕتان پێی لاوازە ئەگینا بە پۆستاڵی پیسەوە نەدەهاتنە ناو ئەم مزگەوتەوەو بەزیندووی ئاژەڵ و پەلەوەرتان نەدەسوتاند،...... دواتر کچە هاوڕێکەم پێمی گوت: دوای ئەوە ئەفسەرەکە چی خوا پێی ناخۆشبوو لەگەڵی کردم دواتر فەرمانی بەسەربازەکان کرد هەمان کرداری ئەو بەرانبەرم دووبارەو دە بارە بکەنەوە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥ :٦٢-٦٣) لەشوێنێکی تردا کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: ((باوکم زۆر تکای لێیان کردو پاڕایەوە کە ئازادمان بکەن، بەڵام نەک هەر بەقسەیان نەکرد، بەڵکو بەقۆناغە تفەنگ کەوتنە لێدانی، دواتر لێی پاڕامەوە ئێمە ئازاد بکەن، بەڵام ئەفسەرەکە وتی زمان درێژی مەکە ئێوە کەی کوردن؟ زۆڵە کوردن تەنها بۆ کوشتن باشن،.... دووبارە لەگەڵی کەوتمەوە قسەکردن بەڵام بەهیچ شێوەیەک هەستی مرۆڤ دۆستی نەجوڵا، بەڵکو بە توندی هێرشی کردە سەرم و بە هەموو توانای خۆی زللەیەکی سریواندە ڕوومەتم و گووتی: یەک قسەی تر بکەی دەتکەم بەقوربانی گوللەیەک))(کانی لەلەیی،٢٠١٥ :٦٤-٦٥) هەموو ئەمانە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، لە دیمەنێکی تردا نەقیب محمد وەک خۆی دەڵێت: گوندەکانم دەسوتاند، بەلەزەتەوە خەڵکم دەکوشت، خۆی و هاوشێوەکانی چەندین تراژیدیایان لە شارو گوندەکانی کوردستاندا جێهێشت، کە ڕەفتاری ئەوەندە ناشایستەو قێزەوەنن بە بیری هیچ کەسێکدا نایات، تەنها ئەگەر لەو سوپا بێ بەزەییەی بەعس بۆ کوردستانی پەروەردە کردبوون بوەشێتەوە، بۆ نموونە: ((دەیان پیرو پەککەوتە بەبێ هیچ خزمەتێک لەسەر زەوی ڕەق و تەق و شێدار بەبێ ناز فڕێ درابوون لێیان درابوو، هەر لەو بەندیخانەدا ژنێکی گەنج ناڵەناڵ و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هاواری بوو کە لێنزیک بوومەوە بۆم دەرکەوت زۆری لێ درابوو لەهەمان کاتدا ژانی منداڵبوونی لێبوو، دواتر لەگەڵ چەند ژنێکی تردا چوینە لای یەکێک لە پاسەوانەکان بۆ یارمەتی، بەڵام لە جیاتی هاوکاری کردنمان بەتووڕەییەوە گوتی: ئەوەی لێرە لەدایک دەبێت بێچووە سەگەو خزمەتی ناوێت، ئەو ڕۆژە بەبێ هیچ خواردن و پێویستییەک منداڵەکەی لێ بەرەوەبوو، بەڵام کاتژمێرێک دوای ئەوە ژنەک مردوو لاشەکەیان بردە دەرەوەی تەلبەندکراوەکە و بەشۆفڵ خۆڵیان خستەسەر تەرمەکەی، دوای یەک ڕۆژ منداڵەکەش لە بێکەسی و بێ شیری و بێ خزمەتگوزاریدا گیانی سپارد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦٦)

نەقیب محمد گوزارشتە لە دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە کوردستاندا، ئازارە ڕاستەقینەکانی گەلی کورد لە سەردەمێکدا، کە بەعس لە دەسەڵات بووە دەگێڕێتەوە، لێرەدا جینۆسایدی جەستەیی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد، کارو ڕەفتارە دڕندەییەکانیمان بۆ دەردەکەوێت.

بەهەمان شێوەلە دیمەنێکی تردا بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت:((لە شەوو ڕۆژێکدا بۆ هەرکەسێک تەنها سەمونێکیان دەدا پێمان، هەموومان لەسەر پێستی خۆمان وشک ببوینەوەو چەندین منداڵ و ژن و پیاوی پیرو پەککەوتە نەخۆش کەوتن و مردن،پاسەوانەکان دەهاتنە ناومان لێمانیان دەداو هەندێک جاریش دەهاتنە ناو تەلبەندەکە ژن و کچی جوانیان دەبردە دەرەوەی تەلبەندەکە بەکاریاندەهێنان بۆ دامرکاندنەوەی حەزوو ئارەزووەکانی خۆیان))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦٦) لێرەدا وێنەی ئەو دیمەنە تراژیدیەمان پیشاندەدات کە ئەم گەنج و پیرو ژن و منداڵە بێتاوانانە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لە دیمەنێکی تردا (دیمەن)ی کچە ئانفالکراو بۆماندەگێڕێتەوەدەڵێت((دەیان منداڵی گەورەو بچوکم دیت لە دایک و باوکیان دابڕابوون بێ کەس و کار لەوبارە سەخت و ناهەموارەدا دەژیان، منداڵێکی یەک ساڵانەم دیت بەردەوام دەگریا کەسی نەبوو سەرەنجام لەناو سیمبەندەکە لە سوچێکەوە بەبێ ناز گیانی سپاردو ڕەق بووبووەوە، زۆرجار بەبێ هیچ هۆیەک لەخەڵکیان دەداو تەنانەت هەندێک گەنجیشیان گوللەباران کرد، ڕۆژێکیان گەنجێکم بینی منداڵێکی شەش حەوت مانگەی لە باوەش بوو چووە لای پاسەوانێک داوای قودویەک شیری لێکرد بۆ منداڵەکە..... سەربازەکە منداڵەکەی لە گەنجەکە وەرگرت، بڕوامان وابوو ئەیەوێت ئەو منداڵە لەبرسێتی و ئەشکەنجە ڕزگار بکات، کەچی لولەی دەمانچەکەی خستە ناودەمی منداڵەکەو گوللەیەکی پێوەناو گوتی ها ئەوە شیر، دواتر گەنجەکەیان بردە دەرەوەی تەلبەندەکەو لەبەرچاوی ئێمە گوللە بارانیان کرد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦٧) تەواوکەری ئەو دیمەنە بە ئازارە لە شوێنێکی ترداو لە زاری دیمەنی ئەنفالکراو ڕوون دەبێتەوە:((لە گرتوخانەی تۆپزاوابووین بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیانمان دەیان کەس توشی نەخۆشی کوشندە هاتن و زۆربەشیان کە پیرومنداڵ بوون مردن،..... گەنجەکانیان دایە بەرشەق و نوکە دەمانچە و هەموو

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سەروچاوی خەڵتانی خوێن کردن و لەپێش چاوی ئێمە سەریان تاشین))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦٩) بە دەگمەن کەسێک هەیە لە زەبرو زەنگی ئەم شالاوانە ڕزگاری بووبێت، تەنها گەر بە قەدەرێکی خودایی،دیسانەوە جینۆسایدی جەستەیی بەرامبەر بە گەلی کورد، لەکارو ڕەفتارە دڕندەییەکانی ڕژێمی بەعسمان بۆ دەردەکەوێت.

دیمەنی کچە ئەنفالکراو بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەکەی و دەڵێت:((سەربازانی سەربازگەکە بەتەقەکردنی کوێرانەوە دەڕژانە سەرمان و گەنجە هێرش بەرەکانیان کوشت و هەموو گیراوەکانیشیان خستە ناو سیمبەندەکەوەو کەوتنە لێدانیان، جگە لەکوژرانی چەند گەنج چەندین گیراوی تریش بەهۆی تەقەی کوێرانەی سەربازەکانەوە کوژران و بریندار بوون، ئیتر لەوە بەدواوە ڕێوشوێنی سەربازی توندتریان گرتەبەرو پاسەوانیان زیادکرد، بە هۆی ئەورووداوەوە دوو ڕۆژ خواردنیان نەدایە گیراوەکان کە جۆرێک بوو لە سزادان، یەکێک لە گیراوە بریندارەکان کچێک بوو سێ ڕۆژ بەبرینداری مایەوە بێ ئەوەی چارەسەری بۆبکەن، سەرنجام هەر لەوێ بەئازارەوە گیانی سپارد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٥)دوای ئەوەی گەنجانی بەدیل گیراو گوللەباران دەکرێن، ئەمە ئاماژەیە بە سەردەمێک، کە تێیدا گەلی کورد کەوتۆتە کارەساتی گەورەکەی شالاوی ئەنفال. کەوتۆتە سەردەمێکی تاریکەوە، سەردەمێک جگە لە کوشتن و شەڕ و سۆزانی و دڕندەیی، هیچی تری تێدا نییە بۆ گەلی کورد.

لەشوێنێکی تر ئاماژە بە کوردستان دەکات کەدەڵێت:((کوردستان بەهەشتە، بەلام بەهەشتێکی دڕکاوی کە لەهەموو لایەکەوە بە سیمی دڕکاوی بەعسییەکان دەورەدراوە، لەوێ لەنوگرەسەلمان دەست و پێی زۆربەی منداڵەکان بەهۆی گەرمی قومەوە بوبوە پۆقلەو دەموچاویان ڕەش و شەقار شەقار بوو بوون، .. ژیانمان لەو بیابانە ئەوەندە سەخت بوو... ژیانی سەگەکانی دەوروبەری تەلبەندەکە زۆر لەژیانی ئێمە خۆشتربوو، لەو هەفتەیەدا زیاتر لە بیست منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەن بەهۆی سەختی ژیانیان گیانیان لەدەستداو لاشەکانیان بەخۆمان فڕێدایە دەرەوەی سیمبەندەکەو بە شۆفڵ دەیانخستە ژێر خۆڵەوە، بەچاوی خۆم دیتم سەگ گۆشتی لاشەی مردووەکانی دەخوارد کەلەژێر خۆڵ دەریان هێنابوو))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٨١).لە بەڵگەنامەو شایەدحاڵەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە قوربانیانی ئەنفال بۆ بیابانی باشووری عیراق ڕاگوێزران، ئەوەی لێرەدا دەگوترێ دیمەنێکە لەو کارەساتە، لە دیمەنی ئەو گرتوخانەدا جینۆسایدی ئەنفالی چەندەها پیاو و ئافرەتی کورد دەبینرێن، کە چۆن لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال دەکرێن.

لەدیمەنێکی تری جینۆسایدی جەستەییدا (دیمەن) بۆمان دەگێڕێتەوە کەچۆن پیاوێک لە سەربازگەکەیان کە بەندکرابوو داوای یارمەتی لە فەرماندەبالاکە دەکات و دەڵێت:((ڕۆژ نییە چەندین کەسمان لێ نەمرێت بەهۆی برسێتی و تینوێتی و نەخۆشییەوە،... بەلام فەرماندە بالاکە بەدەست ئاماژە بۆ پاسەوانەکانی دەکات بیهێننە بەردەستی، دوو لە پاسەوانەکانی هەروەک گورگ چۆن پەلاماری مەڕ دەدات بەوشێوەیە پەلاماری

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کابرایان داو هەردوو قۆڵیان گرتو بەخێرایی بردیانە بەردەستی فەرماندەکە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٨٥)، بەڵام کاتێک دیمەن دەپرسێت لەیەکێک لە سەربازەکان دەڵێت:((ئەو پیاوەی لەگەڵ فەرماندە باڵاکە قسەی کرد وون بووە، چی لێهات؟ سەربازەکە بە فسکەیەکەوە پێمانی گوت: پیاوەکەیان بردە بەردەم چوارسەگ و پارچە پارچەیان کردو خواردیان، منیش بەدەنگی بەرز وتم: ئێرە مەملەکەتی شەوەزەنگە، ئەم تاریکییە هەموومان هێواش هێواش قوت دەدات، بەڵام ئەوانەی دەنگ هەڵدەبڕن و هەق دەڵێن دەبێت زووتر بمرن و سەگی برسی پێ تێر بکرێت.))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٨٦)

هەروەها لەدیمەنێکی تردا کە یەکێک لەسەربازەکان کورد دەبێت لە سەربازگەکە بەس لەبەر ئەوەی کوردەو بەزەیی بەحاڵی بەندکراوەکان دێتەوەو هاوکاری دەکردن کاتێک ئەفسەرەکانی تر لەو هەڵوێستەی سەربازە کوردەکە ئادار دەبن ((تێرو پڕیان لێدا ئینجا سەریان تاشی و لەو سەربازگەیە بە سزادان گواستیانەوە بۆ یەکەیەکی تر......))(کانی لەلەیی،٢٠١٥، ٨٨)، بەهەمان شێوە لە دیمەنێکی تردا وەرگێڕێک کەیارمەتی کوردەکانی دەدا بەوەی قسەکانی بەندکراوەکانی وەکو خۆی وەرنەگێرابوو جوێندانەکانی شاردبۆوە، کاتێک فەرماندەکە بەوەی زانی((وەرگێرەکەو کابرای گیراویان کەلەپچەکرد و بردیانە گۆڕەپانی سەربازگەکە، وەرگێرەکە زانی بەخیانەتکار تۆمەتبارکراوەو گوللە باران دەکرێت، هەربۆیە بەدەنگی بەرز وتی ..... ئێستا ویژدانم ئاسودەیە....، وەرگێرەکەو کابرای گیراویان بە عامودێکەوە شەتەکدا ئینجا بە چەقۆیەکی تیژ زمانی هەردووکیان بڕی، دواتر فەرماندەکە نەڕاندی : ئەمە چارەنوسی هەموو خائین و زمان درێژێکە، دواتر هەردووکیان گوللە باران کران و بەشۆفڵ خرانە ژێر زەویەوە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٠) لە وێنەیەکی تری تراژیدی کارەساتی ئەنفالدا، کە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، ڕۆماننووس وێنەی ئەو زیندانیانەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون، کە چۆن لە بیابانەکانی خوارووی عێراق دەچەوسێنرێنەوەو لەناودەبرێن وەک دەڵێیت((شپرزەیی و زەبوونی و برسێتی گیراوەکان گەیشتبووە ئاستێکی ئێجگار ترسناک تا ئەو ڕادەیەی بەشێک لە گیراوەکان لە ئاست گەورەیی ئەو کارەساتە خۆیان ڕانەگرن و هەست و هۆش لەدەست بدەن، چەندین ژن و پیاو و منداڵم دەدیت وڕێنەیان دەکرد و شێت بووبوون و دەستیان دەوەشاند، پیاوێکم دیت کە هۆشی لەدەست دابوو بەناو گیراوەکان دەگەڕا تاوێک پێدەکەنی و تاوێکیش دەگریا، ماوەیەک بەردەوام جوێنی دەدایە سەددام و دەیگووت: سەددام کافرە ناچێتە بەهەشت، سەرنجام دوو پاسەوان ئەو پیاوەیان بردە دەرەوەی سیمبەندەکە ئەوەندە لێیاندا تا گیانی دەرچوو، لە گرتوخانەی نوگرەسەلمان مردن بووبووە حاڵەتێکی ئاسایی، چونکە هەموو ڕۆژ چەندین کەسمان لێ دەمردو جەستەیان بەرگەی سەختی ئەو ژیانەی نەدەگرت)) (کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٢)

لە وێنەیەکی تری تراژیدی کارەساتی ئەنفالدا، کە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دەبینێتەوە، ڕۆماننووس وێنەی ئەو زیندانیانەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون، کە چۆن لەلایەن ئەفسەرو دەست ڕۆیشتوەکانی ڕژێم دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژن و منداڵ و دواتر دەبرێن بۆ تیاترۆخانەکانی سۆزانییەکان و لە وڵاتانی دراوسێ ... وەکو کاڵایەک مامەڵەیان پێوە دەکرێ، تەنانەت ڕۆماننوس کاتێ ئاماژە بە کارەکتەری (دیمەن)ی کچە ئەنفالکراو دەکات ئەمە وێنەیەکی زیندووی جینۆساید و ئەنفالی ئافرەتی کوردە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بۆنمونە لە وێنەیەکی ئەو دیمەنەدا دەڵێت:((لەو گرتوخانە سیمبەندکراوەدا بە سوک تەماشا دەکراین و مامەڵەی زۆر نادروستیان لەگەڵمان دەکرد، ڕۆژێکیان کچێکی تەمەن دەساڵەیان بردە دەرەوەی سیمبەندەکە دوای دوو کاتژمێر هێنایانەوە بەڵام بەبینینی دیمەنی شێواوی ئەو کچە منداڵە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، کچەمنداڵەکەیان لاقەکردبوو لە بیست جار زیاتر، هەموو گیانی شەلاڵی خوێن کرابوو، یەکتا دەگریاو ژێر نەدەبوەوە، ئەو ڕوداوە زۆر کاری لێمان کرد،....، ئێمە هەموو ڕۆژ ژنان و کچانی ئەو گرتوخانەیەمان دەدیت کە دەیان بردن بۆ تێرکردنی حەزەکانی خۆیان، .... ئەوکاتە تێگەیشتم کە ئێمە سەرەڕای ئەوەی کراوین بە دیلی جەنگ کراویشین بە کەرەستەی دامرکانەوەی حەزوئارەزووی بەرپرس و گەورەکانیان))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٢) لە دیمەنێکی تری هاوشێوەدا دیمەنی کچە ئەنفالکراو بۆ مان دەگێڕێتەوە دەڵێت((کچێکی تر کە ناوی شیرین بوو یەکێک بوو لەو کچانەی کە بردبویان بۆ ڕابواردن و خۆی نەدابووە دەستیانەوە هەردوو دەست و قاچیان بەستبووە سەرەڕای ئەوەی دەست و قاچیشیان بەستبووەوە، بەڵام هێشتا پێیان ڕاگیر نەکرابوو ئەفسەرو سەربازەکانیش لەتۆڵەی ئەوە شیرینیان هێنایە گۆڕەپانەکەو ڕووتیان کردەوە لە عامودێکی گۆڕەپانەکەیان بەستایەوە، پاشان دەستیان بەناو گەڵ و لەشیدا دەهێناو یاری و دەست بازیان بەسینگی دەکرد ئەفسەرو سەربازەکان قاقا پێدەکەنین، دواتر فەرماندەی سەربازگەکە بڕیاریدا هەرپاسەوانێک لە نۆرەی ئێشکگری خۆی جارێک لەدواوە بچێتە گیانی شیرین، شەو و ڕۆژێک بەو شێوەیە بە عامودەکەوە مایەوە، لێمان دیار نەبوو کە شیرین لە هۆش خۆی چووبوو یان نا، بەڵام بەعامودەکەوە لار بووبووەوە دواتر بە گوللەیەک ژیانیان لێسەندەوە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٢-٩٣)

دیمەن بەردەوام دەبێت و قوربانییەکانی ترمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:((بێ ڕەوشتی ئەفسەرو سەربازەکان گەیشتبوە ئاستێک تەنها ژنان و کچانیان بۆ ڕابواردن بەکار نەدەهێنا بەڵکو زۆرجار کوڕی تەمەن سیانزەو چواردە ساڵانیشیان بۆ هەمان مەبەست دەبردە دەرەوەو پاشان بەنابوتی و زەلیلی دەیانهێنایەوە ناو تەلبەندەکە، یەکێک لەو کوڕانە لاقە کرابوو خەڵکی گوندەکەی ئێمەبوو کە هێنایانەوە هەموو گیانی خەڵتانی خوێن بوو، خوێنەکەی نەدەوەستایەوە تا دوو ڕۆژ بەو شێوەیە ژیاو خوێنی لێ دەچۆڕا))(لەلەیی،٢٠١٥: ٩٣) هەروەها لەدیمەنێکی تردا دەڵێت:((سوپای عیراق لە پرۆسە جیاجیاکاندا سەدان و بگرە هەزاران ژن و کچی وەک و منی بەبێ هیچ تاوانێک دەستگیر کردوو لە گرتوخانەکانیدا دەستدرێژی دەکردە سەریان دواتر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەڕیسوایی لەناو زیندان بەبێ هیچ خزمەتێک منداڵیان دەبوو بێ ئەوەی بزانرێت باوکی ئەو منداڵە کێیە، بەوشێوەیە حکومەتی عیراقی بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی ئایینی و ڕەوشتی و بێ ڕەچاوکردنی دەرەنجامە خراپەکانی ئەو سیاسەتە درێژەیان دایە توندو تیژی و کوشتن و بڕین و ئەتککردن و بەسوک تەماشاکردنی کەسایەتی کورد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٦٤). لە دیمەنێکی تردا وێنەی ئەوشمان پیشاندەدا کە چۆن بوبوونە کەرەستەی پزیشکی بۆ پێگەیاندن و ڕاهێنانی خوێندکاران وەک دەڵێت:((بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە نوگرەسەلمان بووین ئێمەی گیراویان کردبووە کەرستەی تاقیکردنەوەی پزیشکی بۆ پێگەیاندن و ڕاهێنانی خوێندکارانیان لە کۆلێژی پزیشکی و تاقیگە پزیشکیەکانیان هەروەها کرابووینە کەرستەی مەشقکردنی منداڵی بەرپرسەکان،... چەندین جار منداڵی بەرپرسەکانیان دەهێناو لە گۆڕەپانەکە منداڵی ناو گرتوخانەکەیان دەبرد تا زۆرانبازیان پێبکەن، منداڵە گیراوەکان برسی و بێ هێز و لاواز و نەخۆش بوون منداڵانی ئەفسەرو بەرپرسەکانیش تێروپڕ بەهێز و قەڵەو دەهێنرانە بەرانبەر یەکترو منداڵە بەرپرسەکان تێریان لە منداڵە گیراوەکان دەدا، هەندێ جاریش گیراوێکیان لە گۆڕەپانەکە بە عەمودێکەوە دەبەستایەوەو دیانکردە نیشان بۆ منداڵی بەرپرسەکان و دەمانچەیەکیان دەدایە دەستی تا فێری نیشان شکێنیان بکەن،.... بەو شێوەیەگیراوەکانمان دەبوونە قوربانی، جارێکیان منداڵێکی بەرپرس چەندین فیشەکی ئاراستەی منداڵێکی گیراوکرد کە کرابووە نیشانە، منداڵە گیراوەکە دەگریاو هاواری دەکرد، خەفەت ئەوەبوو نیشانە زیندوەکە یەک فیشەک بەرقاچی کەوت منداڵەکە لەتاو ئازارو لەترسا لە گریانێکی بەکوڵ دابوو، ئەفسەرو سەربازەکانیش قاقا پێدەکەنین منداڵەبەرپرسەکە لەگەڵ تەقاندنی هەر فیشەکێک دوو هەنگاو لە نیشانە زیندووەکە نزیک دەکەوێتەوە تا دواجار زیاتر لە دەفیشەکی لێداو منداڵەکە بە عەمودەکەوە ملی لاربووەوە گیانی سپارد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٤) پیشاندانی ئەو جۆرە دیمەنانە جۆرێکە لە جینۆسایدی جەستەیی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

لە وێنەیەکی تری تراژیدی کارەساتی ئەنفالدا، کە خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، وێنەی ئەو گیراوانەمان بۆ دەخاتەڕوو کە چۆن لە گرتوخانەکاندا ئازاری جەستەییان دەدەن وەک((زۆرجار گیراوەکانیان بە نۆرە دەبردە دەرەوەی تەلبەندەکە بۆ بێگاری و پاککردنەوەی دەوروبەری سەربازگەکە، یەکێک لەو پیاوانە کە بۆ بێگاری بردبویان ڕزگار ناوێک بوو کە خەڵکی دێکەی ئێمەبوو، ئەم پیاوە بەهۆی ئەوەی لەش و لارێکی لەڕولاوازی هەبوو نەخۆش کەوتبوو نەیتوانیبوو کاری پاککردنەوەکە بکات، بەڵام سەربازەکان بەزۆر کاری زۆر قورسیان پێ کردبوو ئەویش بورابوەوە لەهۆش خۆی چووبوو، سەربازەکان ئەوەندە دڵ ڕەق و بێ بەزەیی بوون لە جیاتی هاوکاری کردنی بەبەرچاوی گیراوەکانەوە گوللەیەکیان لێدابوو کوشتبویان دەیانویست گیراوەکان بەو کوشتنە بترسێنن و کەس خۆی نەخۆش نەخات لەکاتی بێگاریدا، دواتر لاشەکەشیان فڕێ دابووە بەردەم سەگەکانی سەربازگەکە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٤-٩٥) ئەو تەلبەندکراوە چەندین چیرۆکی دڵتەزێنی بەخۆوەبینی کە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ویژدانی هیچ کەسێک ئەوە قبوڵ ناکات((ڕۆژێکیان منداڵێکی نەخۆش لەتاو ئازاری جەستەی دەگریا دایکی زۆر هەوڵیدا ژیری بکاتەوە، بەڵام منداڵەکە بەردەوام دەگریا، یەکێک لە پاسەوانەکان بەو گریانە قەڵس و بێزاربوو چەندین جار هەڕەشەی لەو دایکە کرد، هەرچەندە دایکەکە زۆر هەوڵیدا ژیری بکاتەوە، بەڵام منداڵەکەی پێ ژیر نەکرایەوە ئنجا پاسەوانەکە گوللەیەکی تێ سرەواند بۆ هەتا هەتایە بێدەنگی کرد)) (کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٩٥)

لێرەدا ڕۆمان نوس وێنەی تراژیدی دیمەنی چۆنیەتی ئەشکەنجەو ئازاردانی زیندانیەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، کە چۆن بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن تا گیانیان دەردەچێت.لێرەدا لە هەموو ئەو دیمەنە تراژیدیانەی لە ڕۆمانەکەدا خستومانەتەڕوو، خۆی لە جینۆسایدی جەستەییدا دەبینێتەوە، کەلەلایەن ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد، کردوویانە.

٢. جینۆسایدی ئابووری وەک خاپوورکردنی شارو گوندەکان و ...:

لە باسکردنی ئەم کارەسات و دیمەنە تراژیدیانەدا جگە لە کوشتن و بێ سەرشوێن کردنی خەڵکەکە، دیمەنی سڕینەوەی ئاوەدانی و گوندەکانیشمان پیشاندەدات، کە خۆی لە جینۆسایدی ئابوری دا دەبینێتەوە وەک (دیمەن)ی کچەئەنفال بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت :((لەدوورەوە دیمەنی ئاواییم بەدیکرد کە گڕیان لە تەواوی خانوەکان بەردابوو دەوروبەری ئاوایی بەدەیان سەربازو جاش تەنرابوو،.... دەنگی باعەی مەڕو قوڕەی مانگاو نوسکەی سەگ و قرازە قرازی مریشک و مراوی ئاوێتەی یەکتربووبوون، دانە دانە لەناو خانوەکاندا دەسوتان و لەتاو ئازاری جەستەیان هاواریان دەکرد، دەنگی پڕ لە ئازاری ئاژەڵ و باڵندەماڵییەکان ئاوزێکی تۆقێنەریان دروست کردبوو کە مرۆڤ نەتوانێ لە ئاستیدا نەگریت و فرمێسک نەڕێژێت....، بەسەر گردو تەپۆلکەکاندا ئێمەیان بەرەو سەرجادەی قیر برد لەوشوێنە بەرزەوە کە ڕوانیم تا چاو بڕی دەکرد هەر دوکەڵی لێ هەڵدەستاو چەم و باخ و کێڵگەو ئاواییەکانیان ئاگر دابوو، دیمەنێکی دڵ تەزێن بوو کە ناوچەکەمان بەبەرچاومانەوە دەسوتێنراو خۆشمان کرابوین بەدیلی جەنگ و نەشمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦١-٦٥)ئەم چەند ڕستەیە ئەوە دەردەخات شاڵاوەکە بووە بەهۆی وێرانکردن و لەناوبردنی گوندەکان و ئاژەڵەکانیان و سڕینەوەیان، بەمەبەستی لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری و سڕینەوەی گەلی کورد. لە وێنەیەکی تری تراژیدی کارەساتی ئەنفالدا، کە خۆی لە جینۆسایدی ئابوریدا دەبینێتەوە، وێنەی ئەو گوندو سەرچاوە ئابوریانەمان پیشاندەدات، کە سەرچاوەی ئابوری گەلی کورد بوون((ئێستا گوندەکەم خاپورکراوەو ڕەزو باخەکەی سوتێنراوەو خەڵکەکەی ڕەشبگیر کران و ڕەوانەی نوگرەسەلمان کران))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٢٧) لەشوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا هەمان دیمەنمان پیشان دەداتەوەو دەڵێت:((سەرەڕای ئەوەی دەستیان کرد بەسوتاندن و کاولکردنی دێهاتەکانی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کوردستان، کوردستانیان کردە زیدانییەکی گەورە بۆ دانیشتوانەکە..... بێ ڕەحمانە زۆربەی ڕەزو باغ و جەنگەڵ و چەم و دارستان و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی کاولکرد و سوتاند و سەرچاوەی ئاوەکانی لەخەڵک وشک کرد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٦٢-١٦٣)

لەناوبردن و وێرانکردنی سەرچاوەی بەرهەمی ئابوری و ژیانی کورد بەشێکی تر بووە لە پلانەکانی شالاوی ئەنفال، شالاوەکە چەندین خێزانی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە، بەهۆی نەمانی هێزی کار خێزانەکان دووچاری چەندین نەهامەتی و سەرگەردانی بوونەوە:((هەزاران ژن و منداڵی کوردیان بەبێ هیچ هۆیەک کوشت منداڵەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ونکردووە، ئەوانەی کەسوکاریان لە کوشتارە گەورەکاندا وون کردووە، ئەوانەی لە ڕۆژگاری قڕان و سڕینەوەو لەناوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤدا لەو دەڤەرانە مێرد و ژن و منداڵیان تیاچوون، کوڕو کچیان نەگەڕاوەتەوە، باوک و برایان ونبووە، بووک و کوڕەزایان فەوتاوە، ....)).(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٨) ئەم وێنە تراژیدیانە تا ئەم ڕۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە. هەموو ئەمانەش دەکرێ بە نموونەی جینۆسایدی ئابووری ئەژماربکرێن.

٣. جینۆسایدی کلتووری:

ئەو دەسەڵاتە دڵڕەشەی بەعس ڕووبەڕووی هەموو شتە کلتووری و جوانیەکان دەبنەوە،بۆ نمونە (دیمەن)ی کچە ئەنفالکراو وێنەی تەخت کردنی قوتابخانەو مەزاری پیرۆزی لادێکانی کوردستان و کەرستە بەبەهاکانی گەلی کوردمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێت: :((دەیەها جێگای دێرینی کەلەپوریان ڕوخاند، سەدان مزگەوتی دێرینیان تەخت کرد، چەندەها گوندیان لەسەر ڕووی زەمین سڕییەوە، دەیەها سەرچاوەی ئاویان وشک کردەوە، هەزارەها درەخت و باڵندەیان کوشت))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٢٣) هەروەها((سوپای عیراق بێ گوێدانە هیچ پێوەرێکی ئایینی و مرۆڤ دۆستی هەزاران مزگەوت و فێرگەی ئایینی و قوتابخانەو مزگەوت و مەزاری پیرۆزی لادێکانی کوردستانی لەگەڵ زەویدا تەخت کردو سوتاند، سەدان کتێبی ئایینی و پەڕەی قورئانی پیرۆزیان کردە خۆڵەمێش،.... هەموو ئەو کەرستە و دەزگایانەی کە خەڵکی لادێکان بەکاریان دەهێنا لە کارەکانیان لەناوبران))(کانی لەلەیی ،٢٠١٥: ١٦٢)کە ئەمەش خۆی لە جینۆسایدی کلتووریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو دەسەڵاتە ڕەشەی بەعس ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتە جوانانە بوونەوە،هەموو شتێکیان شێواند مزگەوت و مەزارگەکان لە کلتوری کوردیدا شوێنێکی پیرۆزەو دەستی خەتای بۆ نابرێت، کەچی ئەوان ڕوخاندیان، گوندو دێیەکانیش کە سەرچاوەو قیبلەی شۆڕشەکان بوو، ئەوانیشیان ڕوخاند. ڕژێمی بەعس بەهەموو شێوەیەک جینۆسایدی لەسەر کۆمەڵی کوردی جێبەجێکردووە.

لە وێنەیەکی تری جینۆسایدی کلتووری کەلە ڕۆمانەکەدا دەبینرێ، ئەویش

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لەناوبردن و ئەنفال کردنی کلتوریکی جوانی کوردەواری خێزانە ئەویش کۆبونەوەو خۆشەویستی لەپشت یەکتری و پەروەردەی جوانی خێزانی کوردەواری وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت کاتێک باوکێک لە بەو پەڕی خۆشەویستییەوە دڵنەوایی و پەروەردەی منداڵەکانی دەکات لەو بارودۆخەی گرتوخانەدا ((باوکم ئامۆژگاریمانی کردبوو کە ئەگەر لە شوێنێکەوە گوازراینەوە بۆ شوێنێکی تر هەوڵ بدەین بەدوای یەکتردا بڕۆین و چاومان لەیەکتر بێت تا هیچمان دانەبڕێین لە یەکتر، باوکم هەمیشە دەیگوت وریابن لەیەکترمان جیانەکەنەوە با مردن و ژیانمان هەر بەیەکەوەبێت....)) (کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٧-٧٨) لە بنەڕەتدا دنیای ئەو مرۆڤە بێتاوانانە لەناو ئەو تاریکی و خوێن ڕشتنانەدا تەنیا ڕزگارکردنی جوانی و سەروەری و ئاشتەوایی و ژیان و گوزەرانی قوربانیەکان بوو، هەموو ئەمانەش خۆی لە جینۆسایدی کلتووریدا دەبینێتەوە. وەک ڕۆمانەکە بۆمان دەگێڕێتەوە سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا وێڕای قاتوقڕکردنی گەلی کورد هەوڵی نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شارستانیەت و کلتووری نەتەوەیی و ناسنامە نەتەوەییەکانی دەدا، وەک قەدەغەکردن و سڕینەوەی فۆلکلۆر و شێواندنی مێژوو و شوێنەوارەکان، هەموو ئەوانەی خستومانەتەڕوو نموونەن بۆ جینۆسایدی کلتووری لە ڕۆمانەکەدا.

٤. جینۆسایدی بایۆلۆژی:

ڕژێمی نەگریسی بەعس بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە پێشکەوتن و گەشەکردن و نەشونما کردن زیادبوونی لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵێک و جیاکردنەوەو دابڕاندنی پیاو و ئافرەت لەیەکتری و واتە دابەشکردنی خێزان دەکرد. لەناوبردن و لەبەریەک هەڵوەشاندەوەی خێزان لە ڕێگەی لێدابڕانی پیاو و ئافرەتەکانیان دووچاری چەندین نەهامەتی و سەرگەردانی بوونەوە، چەندین ئافرەتی کورد بێ ماڵ و هاوسەرمانەوە، هەروەکو لەم دیمنە تراژیدییە بۆمان دەردەکەوێت((بێ ڕەچاوکردنی هیچ یاساو ڕێسا و نەریتێک هێرشی سەربازی کردە سەر لادێکانی کوردستان سەدان و هەزاران ژن و منداڵی کوردیان بەبێ هیچ هۆیەک کوشت منداڵەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ونکردووە، ئەوانەی کەسوکاریان لە کوشتارە گەورەکاندا وون کردووە، ئەوانەی لە ڕۆژگاری قڕان و سڕینەوەو لەناوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤدا لەو دەڤەرانە مێرد و ژن و منداڵیان تیاچوون، کوڕو کچیان نەگەڕاوەتەوە، باوک و برایان ونبووە، بووک و کوڕەزایان فەوتاوە، .... زۆریشیان دەستگیر کردو و ئاوارەکرد، هەزاران خێزانی کوردی دەربەدەرکردو گواستییانەوە بۆ شارەکانی خوارووی عیراق،......)).(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٨) ئەم وێنە تراژیدیانە تا ئەم ڕۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە. هەموو ئەمانەش دەکرێ بە نموونەی جینۆسایدی بایۆلۆژی ئەژماربکرێن.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٥. جینۆسایدی دەروونی:

لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا کەلە زاری کچە ئەنفالکراوێک کە بۆمان دەگێڕێتەوە دەکریٚ وەک نموونەیەک بۆ جینۆسایدی دەروونی بیخەینەڕوو، کە چۆن کارو ڕەفتارە دڕندەییەکانی ڕژێمی بەعس ، بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندی دەروونی لێبکەوێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی زوڵم و زۆرداری و هەتیوبوونی منداڵانی کورد و بێوەژن بوونی ئافرەتی کورد، بیٚ سەرو شوێن بوونی هەزاران کەس، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەهەموو شێوەیەک، بۆیە چەندی وێنەی جینۆسایدی دەروونی لە نێو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا دەبینین بۆ نمونە کاتێک دیمەنی کچە ئانفالکراو بۆ مان دەگێڕێتەوە ((لەدوورەوە دیمەنی ئاواییم بەدی کرد کە گریان لەتەواوی خانوەکان بەردابوو دەوروبەری ئاوایی بەدەیان سەربازو جاش تەنرابوو، کە نزیک کەوتمەوە گوێم لەئاوازێکی ئێگجار سامناک بوو، دەنگێک بوو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوەو ئەوسا توشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ و ترسێکی زۆر هاتم و گەیشتمە ئەوباوەڕەی حکومەت ئەمجارە تەرو وشک پێکەوە دەسوتێنێت))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٦١) لێرەدا جینۆسایدی دەروونی دیمەنی کچەئەنفالکراومان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت، لە دیمەنێکی تری جینۆسایدی دەروونیدا ((دیمەن بەناوهێنان و بیرکەوتنەوەی باوکی قوڵپی گریان گەرووی گرت و نەیتوانی درێژە بداتە قسەو بەسەرهاتەکانی، .... کامەران بەروخساری شێواو و سورهەڵگەراوی دیمەن ئێگجار دڵ تەنگ بوو، ئینجا زانی گێرانەوەی ئەم بەسەرهاتە چەندە گرانە و چ کاریگەرییەکی دەروونی خراپی هەیە لەسەر دیمەن..))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٦)) لە دیمەنێکی تری دڵ تەزێندا کە دیمەن بۆمان دەگێرێتەوە((ئەو ماوەیە لەوتەلبەندکراوەی بیابانەکەبووین ژیانمان ئێجگار ناخۆش بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئابڵۆقەی برسی کردنمان توندتر دەکرا و شەڕی دەرونیان لەگەڵمان توندتر دەکرد، زۆرجار چەند ڕۆژ بەدوای یەکدا نان و ئاویان لێمان دەبڕی، .... ڕۆژێکیان سەربازێکیان نارده نزیک ئێمەوە گۆشتی سورەوەکراو و شلەو برنجی دەخوارد، تا ژن و منداڵە گیراوەکان سوێیان بێتەوە، ئەمەش جۆرێک بوو لەو شەڕە دەروونییەی لەگەڵ گیراوەکان و بێدەسەڵات و برسییەکان دەیانکرد))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٨٧) ئەم وێنە تراژیدیانە تا ئەم ڕۆژگارە کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بیٚ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە .

لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا دیسان باس لە جینۆسایدی دەروونی و نەهامەتییەکانی دەکات و دەڵێت: ((ژنێکم بینی لەکاتی بردنی بۆ ناو ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە هاواری کرد کە منداڵە سیٚ ساڵانەکەی لێی دابڕاوە بۆی بهێنن، بەڵام سەربازەکان گوێیان لەداواکەی نەگرت، ژنەکە زۆر گریاو کروزایەوە بە پاڵنان خستیانە ناو ئۆتۆمبێلەکە، .... لە جیاتی ئەوەی بەزەییان بەو ژنە و منداڵەکە دابێتەو هەڕەشەی کوشتنی منداڵەکەیان لێکرد، ژنەکە لەتاو منداڵەکەی لەناو ئۆتۆمبێلەکە بورایەوە جانازانم مرد یا چاک بۆوە، ئەودیمەنە کاریگەرییەکی خراپی بەسەرمەوە هەبوو، باری دەروونیم وێران بووبوو تووشی داڕوخان بووم،))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ٧٢)) بۆیە((چەندین جار

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بکوژم.... بەتایبەتی لەوکاتەی کە وەکو مەڕو ماڵات کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکردین، وەک کاڵایەکی کەم نرخ لێیان دەڕوانین، دەیانفرۆشتینە یانەکان و دواتر بەدەوڵەمەندەکانی وڵاتانی دراوسێی عەرەب .... ترسم لەوەهەبوو دەستم بۆ درێژ بکەن و ئابڕووم ببەن ....، بەڵام دواتر بە خۆمم دەوت: خۆ کوشتن چارەسەری دەردی من ناکات هەستم دەکرد خۆم ڕزگار بکەم))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٠٥-١٠٨) هەموو ئەمانەش دەکرێ بە نموونەی جینۆسایدی دەروونی ئەژماربکرێن. دیمەنی کچە ئەنفالکراو لە گێرانەوەکەیدا لە دیمەنێکدا دەڵێت: ((ئەو خەڵکەی کەڕەشبگیرکران لە گرتوخانەکانی خوارووی عیراق لە بیابانەکاندا زیندانی کران من یەکێک بووم لەوانە کە سەختترین ژیانمان دەبردە سەرو بەکەساسی لە ژێر دەستی سەربازدا دەمانگوزەراند،هەرجارێک ڕووداوەکانی ناو نوگرەسەلمانم دەهاتەوە بیر نەمدەتوانی خۆم ڕابگرم و بەهێواشی فرمێسکم دەڕشت و دۆش دادەمام وخەفەت دایدەگرتم دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بەڕومەتمدا دەهاتە خوارەوە لاڵانەوەی باوکم دەهاتەوە بیر کە سەربازو پاسەوانەکان بەقۆناغە تفەنگ شەلاڵی خوێنیان کرد،..... ئای خودایە ئەم میللەتە بۆ وای بەسەرهاتووە، هەموومان شێت و هاربووین، عیراق بۆ هەموومان بۆتە شێتخانەیەکی گەورەو هەریەکەمان بە جۆرێک لە جۆرەکان شێتین)) (کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٢٤-١٦٦) لە درێژەی گێرانەوەکەیدا ئەو دیمەنە تراژیدی و نەهامەتیانەی کە وای لە باری دەروونی دیمەنی کچە ئانفال کردووە بگاتە ڕاددەی شێتبوون وەک دەڵێت: ((دوای ئەوەی کچە جوانەکانیان لە گرتوخانەکە هەڵبژارد ئەفسەرەکان کردیانە دیاری دەستی خۆیان بۆ بەرپرسەکان، دواتر بڕبڕ بە بازرگانەکانی بەغدا فرۆشران، من یەکێک بووم لەو کچانەی کە بەدەوڵەمەندێکی بەغدادی فرۆشرام ....دوای ڕاکردنم گیرامەوە، .... دەیانەوێت نەرمی بنوێنن تاباری دەروونیم ئاسایی بێتەوە نەیان دەزانی دەستی ڕۆژگاری چەپەڵ منی گەیاندۆتە ناو ئەو نەخۆشخانەیە، باری دەروونیم بەهۆی ئەو هەموو کارەساتەوە ماندوو و وێران بووبوو بۆیە هەر بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە لەو خانەیە ڕابکەم و خۆم ڕزگار بکەم))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٢٦) ئەم وێنە تراژیدیانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد بەتایبەتی ئافرەتی کورد کردووەو تا ئەم ڕۆژگارەش کاریگەری خراپی هەر ماوە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە، هەموو ئەمانەش خۆی لە جینۆسایدی دەروونی ببینێتەوە. لە وێنەیەکی تری تراژیدیدا کە کاریگەری نەرێنی و دەروونی هەبووە دیمەنی کچە ئەنفالکراو دەڵێت: ((زۆر دڵم بەخۆم سوتا و بەدەم نان خواردنەوە فرمێسک لەچاوم دەهاتە خوارەوە بیرم لەوە دەکردەوە ڕۆژگارێک ماڵی ئێمە لانەی هەژارو نەدارو پێشمەرگەبوو نان دەدرا......، کەچی ئێستا وا لە غەریبایەتی و لە شارێکی نەدیوو و نەناس چاوم لە خەڵکە تێر نانم بکات و بەکەساسی ژیان بەسەر دەبەم،.... هەندێجاریش وێنەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی خوارووی عیراقم دەهێنایەوە پێش چاوی خۆم، بەمەش نائومێدی ڕووی تێم دەکردو چەندین لێکدانەوەی ترم دەکرد، چیرۆک و بەسەرهاتی ناخۆش و و یەک یەک دەهاتنەوە پێش چاوم: لادێکەمان وێرانە ....، دایک و باوکم کەسوکارم ئێسک و پروسکەکانیشیان نەماوە، برسێتی و ....،

نەهامەتی تر وڵاتی وێران کردووە))(کانی لەلەیی،٢٠١٥: ١٣٣) لێرەدا لە هەموو ئەو دیمەنە تراژیدیانەی لە ڕۆمانەکەدا خستومانەتەڕوو، خۆی لە جینۆسایدی دەروونی دەبینێتەوە، کەلەلایەن ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد کردوویانە، بۆیە چەندین خێزان تا ئەم ڕۆژگارەش بەدەست یادەوەرییە تاڵەکانی ئەو ڕۆژگارەوە دەتلێنەوەو یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکەنەوە، لە هزری هەموو تاکێکی کورددا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، کاریگەری خراپی هەر ماوە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر تاکی کورد کردووە، باری خراپی هەڵچوونی دەروونی و بێ هیوایی و کە بۆ ماوەی درێژ کاریگەری دەمێنێتەوە.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کەوا ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنن، کوردستان بەهۆی ئەو کارەساتانەی لەلایەن حزبی بەعسەوە تووشی هات، لە سەردەمێکی زۆر تاریک ژیا، بە جۆرێک چۆن دیمەنی کچە ئەنفال کراو ئاواتی ڕزگاربوون بوو، خەڵکی کوردستانیش ئاواتیان ڕزگاربوون بوو لە دەسەڵاتێکی دڕندە. (دیمەن)ی کچەئەنفالکراو دەگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆی، وێران بوونی ئەو دێیە دەبینێت کە ئاماژەیە بە لاوازبوون و بچووک بوونەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستاندا، لە سەردەمی جەنگی کەنداو و شۆڕشەکانی باشوری عێراق و ڕاپەڕینی کوردستان دژی ئەو دەسەڵاتە خوێن ڕێژە.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر چەندین ڕووداوی سەرنج ڕاکێشی بە شێوەیەکی واقیعی گێڕاوەتەوە، کە باس لە نەهامەتییەکانی گەلی کورد بە گشتی و جینۆسایدی ئەنفال بە تایبەتی دەکەن. ئەویش بەهەڵبژاردنی کەسایەتی (دیمەن)ی کچە ئەنفالکراوێکی ڕزگاربوو، کە لەڕێگەیەوە دڕندەیی ڕژێمی بەعس دەخاتەڕوو، ئەو مێژووە تاڵەی نووسیوەتەوە لەسەر جەستەیەکی بریندراری لاوازی بێ دەسەڵات کە سەرتاپای برینە بەدەست هێزێکی دڕندەوە، چونکە (دیمەن)ی کچە ئەنفال هەر لە شازدە بۆ هەژدە ساڵییەوە تا کۆتایی ژیانی لە ناو ناخۆشی و شەڕو کوشتن و برین دایە. نوسەر لەمەدا پەیامی حەقیقەتی ڕزگاربوونی مرۆڤی ژێردەستی دکتاتۆری هەیە، پەیامی ڕزگاربوونی وڵاتێکی هەیە، لە زوڵم و زۆرداری و کۆتایی هاتن بە جینۆسایدو ئاشتبوونەوە بە جوانییەکان.

ئەنجام

١- کارەساتی جینۆسایدی ئەنفال یەکێک بوو لەو ڕووداو و تاوانە گەورانەی کە ڕژێمی بەعسی فاشی عێراقی ئەنجامیدا، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کوردو سڕینەوەی سیما تایبەتەکانی گەلی کورد، پڕۆسەیەکی سەربازی و سیاسی بوو، بەیەکێک لە تاوانە گەورەکان دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە وێنەی تراژیدی دەگمەنی تێدا دەبینرێت، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری و دەروونی لێبکەوێتەوە، وەک هەتیوبوونی منداڵانی کورد و بێوەژن بوونی ئافرەتی کورد، بێ سەرو شوێن بوونی هەزاران کەس، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

٢- ڕۆماننووس ئەوەی لە هەست و ناخیدا هەستی پێکردووە دەریبڕیوە، بە شێوەیەک ئاسۆو خەیاڵی قوڵتر کردووەو کارەساتی ئەنفالی تێکەڵ بە خەیاڵی کردووە، هەوڵیداوە وێنەیەک بەرجەستە بکات گوزارشت لە گەورەیی کارەساتەکە بکات، گوزارشتی لە مەینەتیەکانی گەلەکەی کردووە، بارودۆخی ئەزموون و ژیانی نوسەرو بینین و بیستنی ڕووداوو کارەساتەکە، وای کردووە ڕووداوەکان لە ناخ و دەروونیدا هەڵگرێت و لەو بەرهەمەیدا بیخاتەڕوو، کە هەستەکانی خەم و ژان و بێزاری و تەنیایی و نائومێدیان پێوە دیارە، دەربڕینەکانی لە ناو ڕۆمانەکەدا زنجیرەیەکن لە گلان و هەستانەوە.

٣- لەم ڕۆمانەدا کەسێتی ڕەگەزی مێ کە (دیمەن)ی کچە ئەنفالکراوە خاوەن ئیرادەو بوێرو توانایەکی بەهێزە، توانیویەتی زاڵبێت بەسەر کۆسپەکانی بەردەمی، بەهیوایە گەشبینە.

٤- لە ڕووی دەربڕینەوە زمانێکی سفت و پاراوە، کە چێژی زمانێکی شیعری هەستی پێدەکرێت، لە ڕێگەی زمانێکی هونەرییەوە وێنەی جیاجیای دروستکردوە، نوسەر توانیویەتی سەرکەوتوانە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات و گوزارشتی مەرگەساتی میللەتێکی پێ بکات.

٥- ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا ڕووداوی واقیعین، کە بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتوون، ڕووداوەکان مێژوویین بەسەر میللەتی کورددا هاتوون، خستنەڕووی بەم شێوازە وایکردووە چێژێکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت.

٦- لەم ڕۆمانەدا چەندین شوێن هەستی پێدەکرێت کە واقیعین، سەبارەت بە کاتیش بریتییە لە ماوەی پێش ڕوودانی کارەساتەکە و کاتی ڕوودانی کارەساتی ئەنفال و دوای ڕوودانی کارەساتی ئەنفال، واتە کات لە ڕۆمانەکەدا واقیعییە بەواتای هاتنی ڕووداوەکان لەڕابردووە بۆ ئێستا، ئەمەش لە خزمەت پێشاندانی گەورەیی کارەساتی ئەنفال و بەرجەستەکردنیەتی لە ڕۆمانێکدا.

سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی: کتێب

١- امین ،بورهان محمد،٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری لقی(سلێمانی – هەولێر).

٣- تاڵەبانی، ناهیدە- عەلی، جاسم محمد،٢٠٠٢، ئەنفالی گەرمیان، چاپخانەی ووشە، سلێمانی.

٤- خدر، ڕێزان ڕەحمان،٢٠١٢، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوللا سەڕاج)دا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥- ڕەسول، شۆڕش حاجی، ٢٠١٠،ئەنفال ـ کوردو دەوڵەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٦- عەبدە، زەمان، مەرگەساتی ئەنفال، هەولێر.

٧- قوربانی، عارف، ٢٠٠٢، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٨- کانی لەلەیی،جومعە، ٢٠١٥،مەملەکەتی دڕکاوی،ڕۆمان، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلیمانی.

٩- گوڵ، مارف عومەر،٢٠٠٣، جینۆسایدی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

١٠- مەعروف، د.کەمال،٢٠٠٥، کێشە نەتەوەییەکان و ڕووداوە سیاسیەکانی جیهان و کوردستان، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

١١- مینە، ئەمین قادر،١٩٩٩،ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستاتیژی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٢- محەمەد، عومەر،٢٠١٣، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپخانەی کەمال.

گۆڤار:

١٣- خدر، عباس همزە ، ١٩٩٩،جینۆساید و کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری یاساپارێزی، ژمارە ٤.

١٤- عەزیز، کەیفی محمد ،٢٠١٦، لێکەوتەکانی ئەنفال لە ڕۆمانی (فرمێسکی بەفر)ی عبدالقادر سعید، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٥، هەولێر.

نامەی دکتۆرا:

١٥- عەلی ، ئەحمەد شەریف ،٢٠٠٩، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان بەشی کوردی.

ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

١٦- گوڵپی،د.ناجح، ٢٠١٦، قۆناغەکانی جینۆساید، سایدی ئەنفالستان، stages-of-genocide-٢٠١٦/١٣/٠٤/ قوناغە کانی - جینوساید/http://www.anfalistan.com

کتێب بەزمانی عەرەبی:

١٧- المنهل ،١٩٨٣، قاموس - فرنسی – عربی، بیروت.

١٨- حمود ، عبدالوهاب،١٩٨٧، الاجرام الدولی، مطبوعات جامعە الکویت، الطبعە الاولی.

١٩- فتح اللە، جرجیس،٢٠٠٤، حول جرائم الحرب و جرائم ضد السلم و الادبادە العنصریە، اربیل.

پەراوێز:

جمعە محمد نجم ناسراو بە(جمعە کانی لەلەیی) لەساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (کانی لەلە)ی سەربە شاری کۆیە لەدایک بووە، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی کارگێری یاسا یە، خێزاندارە، یەکەم وتاری لەساڵی ١٩٩٣ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاو کراوەتەوە ، تا ئێستا چەندین وتاری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوە، چەند بەرهەمی ئەدەبی ژانری وەک ڕۆمان و بابەتی تری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: کەرکووک لەبەردەم شاڵاوی بە عەرەب کردن دا ، ڕۆمانی مەملەکەتی دڕکاوی ، ڕۆمانی ڕەش و سپی، ڕۆمانی کوورەی شۆڕش کێی سوتاند ؟، ڕۆمانی گرێکوێرە ، ئێستاش دوو ڕۆمانی تری ئامادەن بۆ چاپ.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی
لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ــی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا

پ. ی. د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی
کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
zhwan.azeez@su.edu.krd

م. ی. علی مصطفی نجم الدین
کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
ali.najmaddin@su.edu.krd

پوختە

جینۆساید؛ واتە قڕکردن و سڕینەوە و نەهێشتن، قڕکردنیش زۆر جۆرو شێوازی لەناوبردنی لەخۆ گرتووە، لەهەمووی خراپترو ترسناکتر کە لەلایەن وڵاتانی داماڵراو لە مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی پەیڕەو دەکرێت؛ جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی) و بایۆلۆژییە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە پەسەندمان زانی توێژینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا بێت، چوون ئەوەی کە بەسەر خەڵکی بێتاوانی ناوچەی گەرمیان و گەرمیانییەکاندا هات لە مانگی نیسانی ١٩٨٨ لەناو جەرگەی بەهاری سەوزدا ئەنجامدرا، کە ڕۆژی ڕووناکی کرد بە شەوی تاریک و ڕێگای فراوانی کرد بە تولە ڕێ و باخ و باخاتی وشک کردو کۆرپەی سەر بێشکەی لە باوەشی گەرمی دایک و کەنیشکە ئەسمەرەکانی لە خۆشەویستانیان کردو بەهاری سەوزیان کرد بە بەهاری ڕەش، هەر ئەمانەش نا؛ بەڵکو هەرچی پێی دەگوترا ژیان؛ ژەهراوی کرا، خاکی پیرۆزی گەرمیان بە پۆستاڵی ڕەشی سەربازە بەعسییەکان و جاشە خۆفرۆشەکان پیس و ئاوەگل کرا، خەڵکی بێتاوانیان لەو ناوچەیە ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێراق کردو کچ و ئافرەتەکانیان لە پیاوەکانیان دابڕی و گەنجە بە ئاوات نەگەیشتووەکانیان بەرەو مەرگی بێ وادە بردو ئاگرو ئاسنیان لەزەمین و لەئاسمان بەسەر خاکی گەرمیانیاندا داباراند، هەر لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە قارەمان و چاونەترس و بێباک لەمردن و کوردو کوردپەروەربوون، جا لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکەمان بەسەر دوو بەش دابەشکرد، بەشێکیان جینۆسایدی فیزیکی و بەشەکەی تر جینۆسایدی بایۆلۆژییە، کە بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی خستوومانەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەهێنانەوەی نموونە لەڕوانگەی ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا تاوانە ناخ هەژێنەکان بەرجەستەیان دەکەین، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجام و سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان خراونەتەڕوو.

کلیلە وشە: گەرمیان، جینۆساید، فیزیکی، بایۆلۆژی، ڕۆمان، بەهاری ڕەش.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

انعكاس الإبادة الجماعية الفيزيائية والبيولوجية في رواية الربيع الأسود لأحمد محمد إسماعيل

د. ژوان عبد السلام عزيز گه ردي
كلية التربية شقلاوة
جامعة صلاح الدين-اربيل
zhwan.azeez@su.edu.krd

م. م علي مصطفى نجم الدين
كلية التربية شقلاوة
جامعة صلاح الدين-اربيل
ali.najmaddin@su.edu.krd

الملخص

الإبادة الجماعية؛ هي جرائم قتل للقضاء على مجموعة بقصد إلغاء وجودها ولها أشكال متعددة من التدمير، أسوأها ما تمارسه بعض الدول المنعدمة فيها حقوق الإنسان والديمقراطية؛ ونظرا لفداحتها ارتأينا تناولها ونشر بحث حولها وذلك بإجراء دراسة حاملة عنوان "انعكاس الإبادة الجماعية الفيزيائية والبيولوجية في رواية الربيع الأسود لأحمد محمد إسماعيل "، لأن ما حدث لأهالي گرميان الأبرياء في نيسان ١٩٨٨ في قلب الربيع قد تم في المنطقة الخضراء، فحول النهار المشرق إلى ليل طامس، والشعب الواسعة إلى بقع ضيقة ، والحدائق المزهرة إلى ارض يباب موحش والأطفال في الحديقة إلى أحضان أمهاتهم الدافئة والراهبات السمر، والربيع الأخضر إلى ربيع أسود، قاتم وغدت الحياة مسمومة، وتلوثت أرض كرميان وتدنست بالأحذية الحربية السود للجنود البعثيين ومواليهم من الخونة. وقد قسمنا البحث إلى محورين، تناولنا في أحدهما الإبادة الجماعية الجسدية والآخر خصصناه للحديث عن الإبادة الجماعية البيولوجية، وقد ناقشناها تنظيرا وتطبيقا ووضحنا ذلك من خلال إعطاء الأمثلة والشواهد من منظور رواية الربيع الأسود لبيان فداحة الجريمة وشناعتها، وفي نهاية البحث تم عرض أهم النتائج وسرد المصادر.

الكلمات المفتاحية: گرميان، إبادة جماعية، فيزيائية، بيولوجية، رواية، الربيع الأسود.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

The Reflection of Physical and Biological Genocide in (Ahmad Mohammed Ismail›s) Novel (Black Spring)

Dr. Zhwan Abdulsalam Azeez Gardi
Shaqlawa College of Education
Salahaddin University-Erbil
zhwan.azeez@su.edu.krd

Asst. Lect. Ali Mustafa Najmaddin
Shaqlawa College of Education
Salahaddin University-Erbil
ali.najmaddin@su.edu.krd

Abstract

Genocide means extermination, erasure and eradication, and extermination encompasses many forms, the worst of which are perpetrated by countries divested of human rights and democracy. Physical Genocide is bodily and biological, so from this perspective, we considered it plausible to conduct this research under the title of «The Reflections of Physical and Biological Genocide in the Novel 'Black Spring' «. Because what happened to the innocent people of Garmyan and Garmyan area in April ١٩٨٨ was right in the Green Spring, which turned the bright day into a dark night, the wide roads into paths, dried up the gardens, deprived the cradled babies from the warm embrace of their mother, the melanin-rich skin girls from their lovers, and turned the Green Spring into a Black Spring. Not only these, but what was called life, was poisoned; the blessed land of Garmian was exudated and contaminated with the black combat boots of the Ba›athist soldiers and the traitors. They dragged the innocent people to the deserts of southern Iraq, separated their daughters and wives from their husbands, led the youth with their unfulfilled wishes to death, and opened massed fire from the earth and from the sky on the land of Garmyan. All these are just because these people were heroes, fearless, indifferent to death, Kurds and flag-wavers. Thus, this research is divided into two sections, section one is about physical genocide, and the other section is about biological genocide, in which we have examined and discussed theoretically and practically. This is illustrated by taking examples from Black Spring novel and heartbreaking crimes described in it. At the end, the key findings and the consulted sources are presented.

Keywords: Garmyan, Genocide, Physical, Biological, Novel, Black Spring.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

تاوانی نەهێشتن و لەناوبردنی بەکۆمەڵ لەترسناکترین تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، کە بەزۆری بەدەنی و چەوسانەوەو قڕکردن دەگرێتەوە دژ بە کۆمەڵەیەک لەنەتەوە یان ئایین یان سیاسی دەکرێت، لەمیانەی کوشتنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە، یان برسیکردن تا مردن، یاخود دوورخستنەوەیان لەزێدی باب و باپیرانیان، یان ناچارکردنیان بەگۆڕینی بیروباوەڕ، یان ئازارو ئەشکەنجەدانیان، یان بێبەشکردنیان لە کولتورو زمان، هەموو ئەمانەش بەمەبەست جێبەجێدەکرێت لەکایەکی فراوان، ئەو تاوانانەو ئەوانەی دیکەش لەلایەن ئەو حکومەتانە کۆمەڵێک لەیاسا دەرچوو؛ هەم لەڕووی ئایین و هەمیش لەڕووی نەژادەوە، ئامانج لێی تاواندنەوەو لەناوبردنی گشتی یان بەشێک و دەست بەسەرداگرتنی خاک و بەرهەم و سامانەکانیان و شێواندنی شکۆی مرۆڤایەتیان ئەمەش پێی دەگوترێت جینۆساید، هەموو ئەمانەو زیاتر لەدووتوێی ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە خراوەتەڕوو، جۆرو شێوازەکانی جینۆساید زۆر بەجوانی لەنێویدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر لەبەر ئەمەیە ناونیشانی توێژینەوەکەمان بووە بە (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی لەڕۆمانی بەهاری ڕەشی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، چونکە بەهۆی شاڵاوی بەدناوەی ئەنفال کە لەبەهاری سالی ١٩٨٨دا لەناوچەی گەرمیاندا دەستیان پێکردو تەڕو وشکیان بەیەکەوە سوتاندو بەئاگرو ئاسن و تاقیکردنەوەی هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراو هیچ شتێکیان نەهێشتەوە کە مانای ژیان ببەخشێت و بەهاری سەوزو جوانیان لێکردن بە بەهاری ڕەش، لەممیانەوە دیمەنە سامناک و تاوانە قێزەون و جەرگبڕەکانی ڕابردووی نەتەوەکەمان بەتایبەت لادێنشینەکانی گەرمیان لێی بەدیارخستووەو پەڕەی بەسەرهەڵدراوەتەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە؛ وەسفی شیکارییە، هەر لەسەرەتای توێژینەوەکەوە تا کۆتاییەکەی بەشێوەی بەدوایەکداهاتوو (وەسفکردن و شیکردنەوە) بۆ دەقە بەکارهاتووەکانی ڕۆمانەکە وەک پشتڕاستکردنەوەیەکی وەسفەکە؛ شیکراوەتەوە. واتە لەدوای وەسفی هەرجۆرێک لەشێوازەکانی جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی ئەوا بەدەقێکی نێو ڕۆمانەکە شیکردنەوەی بۆ کراوەو ڕاستی ڕووداوەکانی واقیعبینانە خستوویەتییەڕوو.

گرنگی توێژینەوەکە؛ پەردە لادانە لەسەر تەواوی تاوانەکانی جینۆساید کە ڕژێمی بەعس دژ بە لادێنشینەکانی گەرمیان ئەنجامی داوە، نووسەری ڕۆمانەکە هەر لەناونیشانی ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی ڕووداوەکە کەسەرلەبەری ڕۆمانەکە دەگرێتەوە پڕە لەتاوانە جۆربەجۆرەکانی جینۆسایدکردن کە دەرهەق بە نەتەوەی کوردمان ئەنجامدراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە؛ لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم (جینۆسایدی فیزیکی -جەستەیی)یە، بەشی دووەمیش (جینۆسایدی بایۆلۆژی)یە، لەهەردوو بەشدا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی تیشکخراوەتە سەر جۆرەکانیان و بەنموونەی دەقی ڕۆمانەکە ڕوونکراونەتەوە، لەکۆتاییشدا؛ ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتیووین لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم: جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی):

١-١ پێناسەو ناساندنی جینۆسایدی فیزیکی:

جینۆسایدی فیزیکی؛ گەیاندنی زەرەرو زیانێکی گەورەیە بەجەستەی ئەندامانی گروپێک، ئەم کردەوەیە یەکێک لە توخمە فیزیکییەکانی تاوانی جینۆساید پێکدەهێنت، کە مامەڵەی نامرۆڤانە لەگەڵیاندا ئەنجام دەدەن، هەر لەکردەوەی ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و لەسێدارەدانەوە بگرە تا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لەئەنجامدا زیانێکی زۆر بە جستەی کەسانێک لەگروپێکی دیاریکراودا دەگەیەنن،(١) بەو واتایەی لەلای بکەران و ئەنجامدەرانەوە ((مەرجە ئەو کردەوەیە بە پلەیەک بێت ڕەنگدانەوەو کاریگەری بەسەر تەواوی ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە بمینێتەوە، کە بە بەردەوام ئازارو ئەشکەنجەکە بەسەر جەستەو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە دیار بێت))(٢)و ون نەبێت، لەگەڵ ئەوەی جینۆسایدکردنی جەستەیی ڕێگەپێدراو نییە، لەخۆوە ئەشکەنجەی خەڵکی بێتاوان بدرێت، بەڵام مەبەست و مەرامی سەرەکییان لەناوبردن و سڕینەوەو ونکردنی ئەو گروپ و تاقمەیە لەلایەن ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە قێزەونە دەرهەق بە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، مافی ژیان و گوزەرانیان بەزەبروزەنگ لێ دەستێننەوەو بە زیندوویی چاوان ڕووبەڕووی ڕوودوای مەرگیان دەکەنەوە، بۆنموونە لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا باس لەجینۆسایدی گەرمیان و دێ بەدێی ئەو ناوچەیە دەکات، چۆن ڕۆڵەکانیان ڕووبەڕووی مەرگ کردۆتەوە، بەشێوەیەک نووسەر لەسەر زاری چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزانەوە باس لە گەورەیی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکات، کە تاوەکو ئێستا برینی بەسەر جەستەی تاک بە تاکی گەرمیانەکاندا ماونەتەوەو دەڵێت:

((بڕوا ناکەم لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا کاری وا کرابێ، ... نەیاسای ئاسمان نەیاساکانی زەوی ڕێگا بەکاری نەگونجاوی وا نادەن... ناوچەیەکی بەربڵاو بەجاری هەمووی ڕەشبگیر بکرێت، وڵاتی بێ دێ دەبێ؟...)).(٣) لەم پەڕەگرافەدا باس لەڕادەبەدەریی و دڕندەیی ئەو ڕووداوە دەکات، کە هیچ یاساو ڕێسایەک ڕێگە بەئەنجامدانی ئەو وێرانکارییە نادات، کە هەمووی بەجاری شارۆجکە و دێهاتەکان ڕەشبگیر بکرێن و بەرەو چارەنووسی نادیاریان ببەن. لەهەمان کاتدا ڕۆماننووس دووپاتی ڕەشبگیریی ئاواییەکانی گەرمیان دەکاتەوەو لەسەر زارو بیرکردنەوەی سابیری حاجی جومعەوە دەڵێت:

((ئاواییەک و دوو و سێ نییە... سەرتۆپ گەرمیانیان پێچاوەتەوە، نیازیان خراپە.. ئەمە قڕکردنە...))(٤) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەڕێگەی بیرکردنەوەی لەو ڕووداوە گەورەیەی نانا قڕکردن، بەواتا تەنها دێیەک و دووان و سێ نییە، بەڵکو سەرتاپای گەرمیانی ڕاپێچکردووە، مەرامیان نەهێشتن و سڕینەوەی تەواوی خەڵکی گەرمیان بووە، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی کوردن و بەکوردی دەدوێن، بۆیە هەوڵیان بخۆ ئەوە بوو ناسنامەی کورد لەسەر نەخشەی جیهان بە کردەوە قێزەونەکەیان بسڕنەوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢-١ جۆرەکانی ئەنجامدانی جینۆسایدی فیزیکی لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا:

جینۆسایدی فیزیکی یاخود جەستەیی لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا تەنیا بەشێوازێک ئەنجام نەدراوە بەڵکو بەچەندین شێواز خەڵکە بێنازو بێتاوانەکانیان ئازارو ئەشکەنجەداوە، بەواتا لەهەرجۆرێکی جینۆسایددا بەچەندین شێواز لەلایەن ڕژێمی فاشیستەوە پیلانگێڕی بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردمان بەدیاریکراویش لە لادێنشینەکان دارێژراوە.

لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا؛ نووسەر واقیعە تاڵەکەی جینۆسایدکردنی تەواوی لادێییەکانی گەرمیان لەساڵی ١٩٨٨ وەک فیلمێکی دۆکیومێنتاری پێشاندەدات، پاڵپشت بۆ ئەمە لەڕێگەی دوو کارەکتەرەوە ڕاست و درووستی ڕووداوەکەی خستۆتەڕوو و دەڵێت:

((سابیری حاجی جومعە...شاکامی و بزەی زەردی ئەم دوو چەکدارەی تەکت ئەوەندەی کە دڵت سەخڵەت دەکەن، پێت سەیر نایەت چونکی کردەوەی وا هەر لەمانە دەوەشێتەوە، لەڕێگاش لەناو پیکابەکەدا چەندیان کردو کۆشان زوانت لە زونیان نەچەرخا، نەهاتیتە گفت و زاق زاق تەماشات دەکردن، هەم ڕقت لێیان دەهاتەوە هەم بەزەیی...ژووری، دوو، ... شەش، لەپێش حەوتەمین دەرگادا ڕایان گرتی، لەبەر دەرگاکە یەکێک وەستاوە، لیستێکی بەدەستەوەیە، زانیت دەیەوێت ناونووست بکات.

((ناوت چییە؟)).

((سابیر حاجی جومعە.))

ژمارەی تەنیشت ناوەکەت سەرنجت ڕادەکێشێ ١٩٨٨.

((دانیشتووی کام ئاوایی...؟))

تۆ خەڵکی ئەم شارەی، ئەمە چەند ساڵێکە ڕووت لەو دەشتە کردووە، هەرچەند مانگێک لە ئاواییێکدای، لەبەر کەس و کارت ناڵێی خەڵکی ئەم شارەم، هەر بە ئەنقەست ڕاستییەکەیان پێ ناڵێی...

((ئاوایی گەرمک...))

((گەرمک؟))

ئاوای گوت و لێت مووڕ بووەوە، تۆش بزەیەک مەگەر هەر خۆت بزانی چی گەیاند وەڵامی خێسەکەیت دایەوە...))(٥) لە کرۆکی ڕۆمانەکەوە ساڵ و شوێنی جینۆسایدکردنی لە دیالۆگی پرسیارو وەڵامەکەی سابیری حاجی جومعەو کارەکتەری لاوەکی ڕوون دەبێتەوە.

- لەم شێوازانەی خوارەوە ورتر جینۆسایدکردنی ڕۆڵەی گەلەکەمان لەگەرمیان دەخرێتەڕوو:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١. لەسێدارەدان:

لەسێدارەدان و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ؛ ((ئەم تاوانە دەرهەق بەخەڵکی بێگوناهـ هەروا لە گۆترە بێ ڕەچاوکردنی ڕێوڕەسمی دەسگیرکردن، بێ لێکۆڵینەوە، بێ دادگایی، یان دادگایی ڕووکەش ئەنجامدراوە، لەکاتێکدا زۆربەی بڕوانامە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی ئەو دەوڵەتانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت لەخەتەرترینی گەورەکەتنەکاندا ڕێگەیان پێدراوە))(٦) بەلام ڕژێمی عێراق هەر لەخۆوە بێ گوێدانە گەورەو بچوک یان جیاکردنەوەی ڕەگەز لەسێدارەیان دەدات، هەروەک لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا هاتووە بەهاری سەوزیان لێکردن بە بەهاری ڕەش، کە ((کارەساتی هەرە ترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە نزیکەی (٢٠٠) هەزار قوربانی لێکەوتەوە، بەبێ ئەوەی بزانن بکوژەکانیان چییان لێیان دەوێ و لەسەر چی و لەپێناوی چیدا کۆمەڵکوژیان دەکەن))(٧) و لەناویان دەبەن، لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازە جینۆسایدکرنە بەڕوونی دەبینرێت، کە چۆن لولەوی تفەنگ ڕووەو ڕۆڵەکانی کورد کراون و بێ هۆکار کراون بەئامانج و لەسێدارەیان داون، هەروەک چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان ڕێڕەوی ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوەو باس لەسابیرو گەرمیانی مێردمنداڵ و هاپۆ خدر دەکات و دەڵێت:

((وا هەمدیس کەوتنە ڕێ... دەیەوێ زۆرترین جێگاو شوێن ببینێ... ئەوانەی بۆ بەردەمی پەتی سێدارەشیان دەبەن هەر چاو دەگێڕن لەتەماشاکردن ناکەون...))(٨) ڕۆماننووس سات بەسات دیمەنە سامناکەکانی جینۆسایدکردنی فیزیکی گواستۆتەوە، لێرەدا باس لە سابیر دەکات لە دەرزی موشەباکەوە بۆ ناسین و زانینی شوێنەکە سەیری دەرەوە دەکات، بۆ ئەوەی ڕێچکەو چارەنووسی خۆیان تیایدا بەدی بکات، لەهەمان کاتیشکدا هەندێکیان بۆ بەردەم پەتی لەسێدارەدان دەبەن، کە بەشێوەیەک سەیری دونیا دەکەن، وەک بڵێی هێشتا تێر ژیان و تێر تەمەن نەبوونەو پڕ بەدیدە دونیایان نەبینووەو هێشتا چاوانیان تەسەلای نەداوەو بەزۆر ژیانکردنیان لێ زەوتکردوون و کۆتایی بەژیانیان هێناون.

٢. گوللەبارانکردن:

گرتنەبەری ئازاری جەستەیی بەڕێگەی گوللە بارانکردن، لێسەندنەوەی ژیانە بەڕاستەوخۆیی، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەسەر ڕۆڵەی کوردا هێنراوە، ڕۆماننوس لەچەندین شوێندا ئەو تاوانە قێزەونەی پێشان داوەو لەڕێگەی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەڵێت:

((ڕیز بن، کەس گوێی بەم فەرمانە نەدا... هەروەک لەگەڵ ئەوانیانا نەبێ کەس خۆی تێک نەدا، لەوانەیە تێنەگەیشتبن... بەدەنگێکی گڕو تورەتر دووبارەیان کردەوە

(ڕیز بن...) کە ئەمجارەش گوێیان پێ نەدا، بەجارێ دەیان چەک بەدەست شالاویان بۆ ئەو لەشە داهێزراوانە هێنا... کەوتنە گیانیان، ئەوەندە لەگیانی خۆیان بێزار بوون، چەکەرەیان نەدەکرد هەروەک لەشی ئەوان نەبێ قۆناغە تڤەنگی بەردەکەوێ، تا هێزو تاقەتی ئاوڕدانەوەشیان تیا نەمابوو... (ڕیز بن)... (ڕیز دەبوون...)))(٩) لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە دەگێڕدرێتەوە، دەنگێکی گڕ هاواری بەسەریاندا کرد بۆ ئەوەی ڕیز بن و فەرمانەکەی جێبەجێبکەن، بەڵام خەڵکە بێتاوانەکە ئەوەندە ئەشکەنجەو ئازار درابوون، پێیان خۆشبوو کۆتایی بەژیانیان بهێنرێت تا ئەوەندە وەڕەس و بێزار ببوون، بۆیە گوێیان بەفەرمانەکە نەدەدا لەئەنجامدا کۆمەڵێ لە خەڵکەکە کرانە ئامانج و گوللەباران کران و ژیانکردنیان لەلایەن چەتەکانی بەعسەوە لێ وەرگیرایەوە.

٣. هێرشی سەربازی:

هێرشی سەربازی بریتییە لەئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، کە ئامانج لێی داگیرکردنی ناوچەیەک، یان گەیشتن بەئامانجێکی گەورەتر. (١٠) مەبەست لێی داگیرکردن و لەناوبردن و نیشتەجێکردنی گروپ و لایەن و نەتەوەی خۆیان، هەروەک لەڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو هەزارەها باغ و ڕەز و خانو و ماڵ و دەغڵ ودانیان ئاگر تێبەرداو بەری ڕەنجی چەندین ساڵەیان بەفیڕۆدان و دابو نەریت و کەلەپووری سەدان هەزار ساڵی کوردستانیان سڕییەوەو هەزاران ڕۆڵەی کوردیان ڕاپێچی مەرگ کرد، ڕۆماننوس زۆر بە وردی کاتی هێرشی سەربازی بەعسیەکانی لەدووتوێی ڕۆمانەکەدا بەدەرخستووەو لەسەر زاری کارەکتەر سابیرەوە دەڵێت:

((برا... هەموویان گوێیان قووت کردەوە (بۆ خۆتان بڕۆن...).

لەمە زیاترم بۆ نەهات، نەم دەوێرا تەماشای ڕوومەتیان بکەم... بەڕوویاندا دیاربوو هەزار گلەیی و گازاندەیان لەدڵا بوو... بەڵام هیچیان نەدەگوت... هەزار (بۆ) لەسەر زاریان مەیی بوو نەیان دەدرکاند... ئەم گەرمیانییانە وان، گلەیی و گازاندە لەکەس ناکەن، با لەشتێکیش ڕازی نەبن، لەناخیاندا پەنگ دەخواتەوەو دەری نابڕن... لەپڕ قەوما... زرمەیە... ئەوە یەک، دوو نەبووە سێ... دووره تەقەیە... خەڵکەکە داغانیان کرد... کەس ماڵ و حاڵی لەبیر نەما، ئافرەتەکان بەقیژەو گریانەوە بەیەکا دەهاتن، دەگەڕێنەوە حەوشە دەستی مناڵەکانیان دەگرن و بۆی دەردەچن، ... ڕاکەن... کوا... کوڕە حوسێن... هیزە مەجید... ئا بێژە دایکم زوو... جێم نەهێڵێ... ئافرەتێک بوخچەیەکی لێ کەوت، نەپرژا هەڵی گرێتەوە...پیرەمێردەکە مناڵ ئاسا لەشوێنەکەی خۆی دانیشت و پێی لێ درێژ کرد... ڕام کرد... دۆڵەکەی پشت ئاواییم دابووە چاو، لەسەر کۆڵانەکە مناڵێک لەسەر دەم کەوتبوو دەگریا، کەس دیار نەبوو، ڕەنگە لەو کاتەی کە قەوما خەریکی یاریکردن بووبێ و دایکی فریای سۆراخێکردنی نەکەوتبێ، لەولاوە، لە کۆڵانەکەوە پێنج شەش لاوێک بەپرتاو دەچوون، ...))(١١) دیمەنە سامناکەکانی هێرشەکردنە سەریان و

ترس و تۆقاندنی لەدڵی تاک بەتاکی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەدیارخستووە، لەو کاتەدا هەر کەس بەدوای ڕزگارکردنی خۆی بووە بەچەشنی ڕۆژی حەشر لەڕۆمانەکە وێنەکانی پیشانداوە، قیژەو هاواری ژنەکان و گریانی منداڵەکان و کەوتنی پیرەکان و ڕاکردنی لاوەکان و جێهێشتنی ماڵ و حاڵیان، ئەمانە سەدان دیمەن و وێنەی ناخهەژێنی لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکەوە گێڕدراوەتەوە بەشێوەیەک کە هەریەکە لەخەمی ڕزگارکردنی خۆی بووە.

٤. کوشتنی بەکۆمەڵ:

کوشتنی بە کۆمەڵ، یان کۆمەڵکوژی؛ ئەو گروپە ئایینی و نەتەوەیی و نەژادییە جینۆساید دەکرێت، کە پێشتر لەلایەن گروپێکی ترەوە دەستنیشانکراوە، بۆ نموونە ڕژێمەکەی سەدام لەکاتی جینۆسایدکردنی کورد لەساڵی ١٩٨٨دا پشتی بە میلیشیای کوردی بەست و جاشەکانی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال بەکارهێنا.(١٢) قوربانیانی بەهاری ڕەش هیچ بیرکردنەوەیەکی دژایەتیکردنیان نەبوو، جگە لەو ژیانە کولەمەرگییەی کە لەسەر خاکی باووباپیرانی خۆیاندا بەڕەنجی شان دەیانگوزەراند، کارەساتێکی ئەوەندە گەورە بوو؛ نەیاندەزانی چ ناوێکی لێ بنێن، بۆچی و لەپێناوی چی و بەمەبەستی چی بەکۆمەڵ دەیانکوژن، لەپیشاندانی ئەم وێنە ڕەشتاڵەدا ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەر حەمە غەریب دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

((بڕوا ناکەم لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا شتێکی ئاوا ڕووی دابێ.. (دە) و (بیست) و (پەنجا) و بگرە تا سەد کەسێک بەکۆمەڵ کوژراون، بەڵام ئەمە بنبڕکردنە، لەڕیشە دەرهێنانە، هەندێ ئاژەڵ کە خەریکە بنبڕ دەبن، دەپارێزرێن، ناهێڵن کەس ڕاویان بکات، تۆ بڵێی کەسێ هەبێ قسەیەکی خێرمان بۆ بکات؟ باشە ئێمە چ زیانێک بە دەوروبەرەکانمان دەگەیەنین؟ من بشمکوژن ناتوانم منداڵێک ... ئینسانێک بکوژم... ئەمە چ ڕقێکە، چ دڵڕەشییەکە...))(١٣) ڕۆماننووس لەسەر زاری حەمە غەریبی کارەکتەرەوە شێوازێکی تری جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی) لەنێو ڕۆمانەکەدا خستوتەڕوو، کە چۆن خەلکی بێتاوان کۆمەڵ بە کۆمەڵ دەکوژن و لەناویان دەبەن، ئەمە لەڕیشەدەرهێنان و بنبڕکردنی نەتەوەی کوردە وەک ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان لەژیاندا نەبووبن ئەوا لەڕەگەوە لەناویان دەبەن، حەمە غەریب بەراوردێک دەکات بەوەی هەندێ کەس گەر ڕۆژێک بزانن ئاژەڵێکیان لەژێر هەڕەشەی لەناوچوونە ئەوا دەیپارێزن بۆ ئەوەی لەڕیشەوە بنبڕنەبن، بەڵام بە بەراورد ڕژێمی بەعس مانەوەیان لەلادێنیشنەکانی گەرمیان بەڕەوا نابینن و لەناویان دەبەن بۆ ئەوەی هەتا هەتایە کوردبوون لەسەر خاک بسڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حەمە غەریب بیر لەوە دەکاتەوە ئایا دەبێت کەسێ هەبێت و داکۆکیمان لێ بکات، خۆ ئێمە ناتوانین منالێک بکوژین، دەبێت ئێمە چ تاوانێکمان هەبێت تا بەمجۆرە لەناومان ببەن؟

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٥. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و فسفۆرو گازی ژەهراوی:

چەکە قەدەغەکراوەکانی (کیمیایی و فسفۆرو گازی ژەهراوی) بەهەموو جۆرەکانییەوە بەکارهێنانی ڕێگە پێدراو نییە، چونکە زیان بە بوونی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی نەهێشتنی مرۆڤ لەڕەگ و ڕیشەوە یان لەدەستدانی بەشێک لەئەندامانی جەستەی، ئەمەش پێشێلکردنە بەرامبەر بە مافەکانی و ژیانکردنی لەسەر ڕووی زەوی، بۆ نموونە لەبەهاری ڕەشدا خەڵکی ڕەشوڕووت و بێدەسەڵاتی کورد دوای بەسەردادان و وێرانکردنی لادێیەکانیان لە گەرمیانی سوتماک و گواستنەوەیان بۆ زیندانەکانی نوگرەسەلمان؛ بە تێنووکردن و برسیکردن و بەتاقیکردنەوەو بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییە قەدەغەکراوەکان .... شەهید دەکرێن و کار دەگاتە ئەوەی تەرمە بێنازەکانیان فڕێ بدەنە بەردەم سەگی هار، کە هیچ یاساو ڕێسایەکی زەمینی و ئاسمانی قبوڵی ناکات، ڕۆماننوس وێنەی ئەم ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە لەڕێگەی کارەکتەر (سیروان و سابیر)ەوەو دەڵێت:

((ئەتەویٚ بزانی... کە بۆ ئەو قەڵایەیان گواستینەوە هەموومان لاو بووین... هەر جارەی ٢٥-٣٠ کەسێکیان لیٚ هەڵئەبژاردین، لەناو ژوورێک دایان دەنایـن... ژوورەکە دوو بەقەد دیوەخانەکەی خۆمان ئەبوو... سووسەبڕیان ئەکرد؛ ئینجا چۆن بۆ ڕاو ئەچووین لەبیرتە؟ ... کونە ڕێویمان قان ئەدا، ئاوا بە دووکەڵ قانیان داین... دووکەڵێکی بۆنخۆش و ڕەنگ دێز... کە هەناسەمان ئەدا دووکەڵەکەمان هەڵمژی، هەر ئەوەندەمان خۆش بووسنگمان ئەتگوت ئاگرت تیا هەڵایساندووە... وەک بارێکی قورسیشت بەسەر سنگەوە نرابیٚ هەناسەمان بۆ نەدرا... لەحەژمەتا سەرمان کردە باوەشی یەکترەوە، نەشمان ئەتوانی هاوار بکەین... دووکەڵەکە باشتر ئەچووە سنگمانەوە ئەگەر هاوارمان بکردایە... خوێن لە گوێچکەو لووت و دەممانەوە فیچقەی دەکرد، پاش چاوتروکاندنێک خەومان لیٚ کەوت، ئا بەمجۆرە هەر جارەی بڕێکیان وا لیٚ ئەکرد... هەندیٚ کەسی تر هەن خەڵکی هەڵەبجەن من چۆن باسی دەکەم ئەوانیشیان بەم دەردی ئێمە بردبوو... ئەو دوکەڵەیان هەر بۆ ئێمە دروست کردووە...))(١٤) لەم پەڕەگرافەدا ڕۆماننووس لەڕێگەی گفتوگۆی نێوان هەردوو کارەکتەر سابیرو سیروانەوە چۆنیەتی کیمابارانی گرتووخانە لەلایەن ڕژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕچوو پێشان دراوە، سەرەڕای گرتنیان؛ کیمیابارانیشیان کردوون، بەهاری ڕەش پانۆرامایەکی ترسناکی پێشێلکردنی هەموو ماف و بەهاکانەو دڕندەیی پیاوانی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتوو لەسەر مرۆڤی بێدەسەڵات و لێقەوماویی کورد بەرجەستە دەکات.

٦. زیندەبەچاڵکردن:

گرتنەبەری ئازاردانی جەستەی مرۆڤ لەلایەن ڕژێمەوە بەمانای جینۆسایدکردنی بەشێنەیی و لەسەرەخۆی کورد بوو لەڕوانگەی ڕەگەزی و نیشتیمانپەروەرییەوە، دەستدرێژی و سوکایەتی کردنە بەکەرامەتی مرۆڤایەتی، ئەمەش تاوانێکە خودی

ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید بەتاوانی گەورەی داناوەو لەهەمان کاتدا سەرپێچی و ژێرپێخستنی دەستوری کاتی عیراقی ساڵی ١٩٧٠ یە، کە دەبێت شکۆمەندی مرۆڤ پارێزراو بێت و مومارەسەکردنی هەر جۆرێک لەجۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی قەدەغەیە.(١٥) بەڵام لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا ئەوەی ناشێ و پێچەوانەی یاساو ڕێساکانی عێراق و جیهانە؛ ئەو ڕژێمە بەکوردی کردووە، هەر لە گفتوگۆی نێوان سابیرو سیروان دەردەکەوێت، کە بەخەون سابیر لەسیروان چارەنووسی دایکی و خوشکی دەپرسێت ئەوان چییان لێ بەسەرهاتووەو دەڵێت:

((ئا... فاتەی خوشکم وتی: لەشوێنێکدا دایاننابین زۆر بووین، ئەمجا بەماشێنی گەورە گەورە لمیان بەسەرا کردین، لەپێشدا وامان زانی گاڵتەمان لەگەڵدا دەکەن... کە لمەکە گەیشتە ناو قەدمان زانیمان نیازیان خراپە... لمەکە گەیشتە ئاستی دەم و پلمان... هەناسەمان بۆ نەدەدرازۆری نەبرد ئاگامان لەخۆمان نەما...بەڵام سابیر ئەوەی من و قادری برام بینیمان یاخوا تۆ نەیبینی...))(١٦) ڕۆماننووس کارەساتێکی قێزەونی ڕژێمی بەعس کە دەرهەق بەڕۆڵەو خەڵکی بێ تاوانی کورد کراو ئەنجامدراوەو بۆ ئێمەی گواستۆتەوە، کە چۆن بێ ویژدانانە زیندە بەچاڵیانی کردوون بەزۆرو مردنی ناوەختەیان کردووە بەدیارییان، لەخەونەکەی سابیردا سیروان پێی دەڵێت ئەوەی بەسەر ئێمەداهات کە دوورە لەهەموو بەهایەکی مرۆڤایەتییەی تۆ نەیبینیت و ئازار نەدرێیت.

٧. بۆمببارانی فڕۆکەیی و موشەکبارانکردن و تۆپبارانکردن:

بەکارهێنانی هەر یەک لەمانە بەرامبەر بەخەڵکی بێ تاوان پێشێلکردنی مافە، لەگەڵ ئەمەشدا نیازو مەرامی پرۆسەکە ڕوون بوو، کە دەبوو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی بنیادەم بسڕێتەوە، تەواوی ئەو گوندانەی گەرمیان کە هێزەکانیان پێدا تێپەڕی؛ تێکدران و سووتێنران و ئێستا زۆربەی ئەو گوندانە لەسەر نەخشە سڕاونەتەوە،(١٧) ئەمەش بەهۆی ئەو کارە ناڕەوایەی بەرامبەریان ئەنجامدرا، هەروەک لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا هاتووە، بەهاری ڕەنگ سەوزو ئاڵی گوندەکانیان کرد بە بەهاری ڕەنگ ڕەشی دوکەڵاویی، بەهۆی هێرشی ئاسمانی و زەمینی و ئابلوقەدانیان گەرمیانییەکانیان ناچار بەتەسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان کرد، هەرچەندە هەوڵی خۆ دەربازکردنیشیان دا بەڵام کار لەکار ترازا بوو، هاپۆ خدر بۆ سابیر دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

((ئای ڕۆڵە چییان پێکردین... پیاو هەر چەنێ بەو دەردەی نەبات... کە دەڵێن دوژمنی باوەکوشتە، لەوە دڵڕەقترو بێ بەزەییتر بوون.

لەگەڵ خۆرکەوتندا دێکەیان تۆپباران کرد، خەڵکەکە کەوتنە خۆیان لە دێ دەربچن، کەس نەدەپرژایە سەر کەس، قیژەو هەراو هاوارو سەگوەڕە...))(١٨) کارەکتەر هاپۆ خدر بۆ سابیر دەگێڕێتەوە کەچۆن گوندەکەیان تۆپباران کردووە، وەک بڵێی لەدونیادا

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئەمان دوژمنی گەورەیان بووبن، هیچ کەسێک نەدەپرژایە سەر هیچ شتێک تەنیا هەوڵی خۆڕزگارکردنیان نەبێت بەڵام سەگیان ڕووبەڕوو کردونەتەوە بۆیە نەیانتوانیوە خۆیان ڕزگار بکەن، بەمشێوەیە بەناچاری خۆیان بەدەستەوە داوە، کە لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە ڕێگە بەکاری وا دڕندانە نەدراوە، ئەوەی ڕژێمی فاشیست بەکوردی کردووە لەهیچ شوێنێک و لەهیچ یاساو ڕێسایەکی ئەم جیهانە نە هەبووەو نەدەشبێت، هەموو ئامانجە گڵاوەکانیشیان بریتی بوو سڕینەوەی ناسنامەی کوردە لەسەر نەخشەی جیهان و داگیرکردنی خاک و بەتاڵانبردنی سەروەتی پڕ لە خێربێری لادێنشینەکان.

بەشی دووەم: جینۆسایدی بایۆلۆژی

٢-١ پێناسە و ناساندنی چینۆسایدی بایۆلۆژی.

جینۆسایدی بایۆلۆژی هەوڵێکی دوژمنانەیە بەرانبەر بە کەسێک یان دەستەیەک ئەنجام دەدرێت. ئامانج لەم پرۆسە دژوارە هەڵکەندنی ڕەگی نەژادییە، بەمەش ئامانجەکە نزیک دەبێتەوە لە نەهێشتنی تۆ و ڕەچەڵەکی کەسەکە، یان کۆمەڵە و دەستەکە، چونکە ئەم جۆرە جینۆسایدە ڕێگر دەبێت لە وەچە نانەوە و گەشەکردنی ئەندامانی ڕەچەڵەکەکە، بەهۆی نەزۆککردن و لە باربردنی ئافرەت و خەساندنی پیاوان و لێکجیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەم جۆرە تاوانەش لە شاڵاوی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ بە تایبەتی ناوچەی گەرمیان ئەنجام دراوە، تا ئێستاش شوێنەواری نامۆیی و بێ کەسی بە گەرمیان و ناوچەی شوانەوە دەبینرێت.

ئامرازێکی تری ئەنجامدانی جینۆساید، ڕێگریکردنی وەچەخستنەوەیە، لەمبارەیەوە (لیمکین) ئەم بابەتەی لەژێر ناوی گۆرانکارییە بایۆلۆژییەکانی نەتەوەدا خستووەتەڕوو، ئەو وڵاتەی کە ڕایەڵەی خوێن نایبەستێتەوە بە ئەڵمانەوە، نازییەکان لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی پلان بۆ داڕێژراوەوە ڕێگەی لە وەچەخستنەوەیان دەگرت، بۆ نموونە هاوڵاتی پۆڵەندی بەبێ ڕێگەپێدانی نازییەکان مافی هاوسەرگیریان نەبوو، بەڵام هاوڵاتییە بەڕەچەڵەک ئەڵمانەکانی ناو پۆڵەندا بەبێ هیچ ڕێگەپێدانێکی پێشوەختە ئەو مافەیان هەبوو، کە ئەمەش وەها دەکات نەتەوەی ژێردەستە لە ڕووی ژمارەوە بەرەو لەناوچوون یان لە ڕووی توانای گەشەسەندنەوە بەرەو لاوازبوون بڕۆن، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ڕێگریکردن لە وەچەخستنەوە بەپێی تێزەکەی لیمکین، ((گرتنەبەری ئەو سیاسەتە بوو کە نازییەکان ئەندامی نەتەوە داگیرکراوەکانیان بەپێی نەژاد لە یەک جیادەکردەوە و دەیانبردن بۆ کەمپەکانی کارکردنی زۆرەملێ، لەو کەمپانەشدا پرۆسەی هاوسەرگیری قەدەغەبوو))(١٩)، ئەم پلانەش دەبێتە ڕێگرییەکی گەورە لە وەچەخستنەوە و نەشونما کردنی کۆمەڵگەکە.

ئەم سیاسەتەی لە عێراقی سەردەمی بەعس وەک بابەتێکی شۆڤێنی بەرانبەر کورد جێبەجێکرا، هەمان ئەو سیاسەت و بەرنامەی نازییەکان بوو بۆ ڕێگری کردن لە

گەشەسەندن و وەچە نانەوەی کۆمەڵگەکانی دیکە. لە پێناو پاراستن و گەیشتنە لوتکەی یەکێتی نیشتمانی عەرەبی، میشێل عەفلەق لە وتەیەکدا دەڵێت: ((کورد لە عێراق و سوریا و بەربەرەکان لە خۆرئاوای نیشتمانی عەرەبی کۆسپن بۆ دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی عەرەب دەبێت لەناوببرێن))(٢٠) ئەمەش پرۆسەیەکی ترسناک و ئامانجدار بوو بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە نەژادی کورد بسڕنەوە و بگەن بەو ئامانجەی کە پێی دەگوترێت یەکێتی نیشتمانی عەرەبی.

٢- ٢ جۆرەکانی ئەنجامدانی جینۆسایدی بایۆلۆژی لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا:

١. جیاکردنەوەی ژن لە پیاو:

لە پلان و پرۆسێسی سڕینەوە و پاکتاوکردنی نەژادیدا، لایەنی دەسەڵات ئامانجی هەیە کە گەل و لایەنی دووەمی ژێر دەستە، یان تۆمەت بۆ هەڵبەستراو بەجۆرێک لە جۆرەکانی پلانەکەی پاکتاوی بکات و نەژادی لەسەر نەخشەی قەڵەمڕەوییەکەی بسڕێتەوە، ئەم هەنگاوەش لەمێژووی سالاری و نەژادپەرستیدا ڕەگێکی قوڵی هەیە و بۆ دوور دەگەڕێتەوە. لە جینۆساید و ئەنفالی گەرمیان و ناوچەی شوان و ناوچە جیاوازەکای دیکەی کوردستان پاکتاوی نەژادی بی شومار کراوە و کاریگەرییەکەی تا ئیستاش ماوە.

جیاکردنەوەی ژن و پیاو وەک پرۆسەیەکی کرداری لە سڕینەوەی نەژادی کورد، نائومێدی و شومێکی گەورەی لەنێو کورددا بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام ئەم کردارە شۆڤێنییە لە دونیای سیاسی و کوولتووری و ئاینی ڕۆژئاوا و جیهانی عەرەبی و دەوڵەتانی دیکە هیچ کاریگەری نەبوو، بە پێچەوانەوە لە هەندێک لە وڵاتانی دونیا بێ دەنگی لێ کراو و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی بەجۆرێک لە جۆرەکان بەزاراوەی جیاواز پشتگیری ڕووداوەکەیان کرد.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەدیب و نووسەرانی کورد بەشێوەی ڕاستەوخۆ و سیمبوولی باسی ڕووداوەکانی ئەنفال و جینۆسایدییان کردووە، ڕۆمانی (بەهار ڕەش)، لە نووسینی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، باس لە ئەنفال و ڕاگواستنی گەرمیان و ناوچەکانی شوان دەکات، دەڵێت:

((لە دوێنێوە لێرەم... دوێنێ هەر بەیانی زوو ئاواییان ئابڵوقە دا، من خەوتبووم... ئەو بەیانییە دەبوایە لەگەڵ دایکمدا بچووبایەین بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە... بووە تەقە، تۆپێک کەوتە ماڵی میمکە ڕەعناوە، مام خدر ئێژێ کەسیان دەرنەچوون، هەر خەڵکی بوو و دەڕەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵە ڕەشە کوتا، نەمانزانی ئەولاشمان گیرابوو، باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پاین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە، ترسام منیش دانیشتم، وتی تۆ بڕۆ... هەڵسە و بڕۆ خۆت بگەیەنە دایکت، ترسام هاتن

منیان هێنا باوکم لەوێ بەجێ ما....))(٢١)، کۆمەڵگەی کوردی لەوەتەی کەوتۆتە بەر پلانی ڕژێمە جیاوازەکانی داگیرکاری و چەوساندنەوە، بەردەوام لە نەهامەتی جیاواز و گۆشەی نامۆ دەژیت و دەستبەسەر کراوە، لەم دەقەی کە ڕۆماننووس لە ڕێگەی بگێڕەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە، ئاماژە دەخاتە سەر پەرت بوون و لێکهەڵاوێر کردنی کۆمەڵگەی کوردی و تێکدانی شیرازەی خێزانی کورد، دوای ئەوەی ئابڵوقەی ئاوایی دەدرێت و تۆپباران دەکرێن، باوکی بە بریندارای جێدەمێنێت و دایکی ون دەبێت و ڕادەگواسترێت بۆ شوێنێکی نادیار، خۆیشی بە تەنیا لەگەڵ گەلی پیاوان لە ڕاگوستراوان دایە، نائومێدی و بیریکردنەوە لە یارویاوەرانی دەبێتە حەسرەتێکی قووڵ، کە دواجار مەرگ دەبێتە چارەنووسی هەموویان، ئەمە دابڕان و لێکجیاکردنەوەی نێر و مێیە، لە جێبەجێکردنی بەرنامە و ئەجێندای شۆڤێنیانەی ناسیزم و دواجار بەعسییەکان بەرانبەر بە گەلی کورد، کە پێیان وایە نەژادی کوردی لە ڕەگوڕیشەوە دەردێنن و دەچنەوە خزمەت ئەجێندای سەرخستنی ئومییەت و تۆکمەیی گەلی عەرەبی.

گەرمیان ناوی کارەکتەرێکە لەنێو ڕۆمانەکە تەمەنی لەنێوان (١٠-١٢) ساڵان دەبێت، باوکی بە بریندارای لێ دادەبڕێت و دایکیشی لەگەڵ هەموو ژنانی ناوچە جیاوازەکانی گەرمیان ون دەبێت بۆ دواجاریش ناکەونەوە باوەشی یەکتری. گەرمیانی مێرد منداڵیش دوای ئەوەی لە نوگرە سەلمان هەناسەکانی ژیانی ورد ورد لێ سارد دەبێتەوە، دواجار گیان دەداتە قەدەرێکی بێویست و نەخوازراو، دواتر سەگە بەڕەڵڵاکانی عەرعەر دەیخۆن، ئەم خێزانە وەچەکەی کوێر بووەوە، بەڵام گەرمیانییەکان هەرچۆنێک بێت ئێستا بە پێوەن و بەردەوامن لە ژیان.

٢. شکاندنی شکۆ و شەرمی ئافرەتی کورد:

ئەم پرۆسەیە بێزەوەرترین ئامانجە لە خستنەڕووی پرۆژەی بە جینۆساید و پاکتاوکردنی نەژادی، ئەم ڕووداوە لە مێژووی زۆر لە گەلانی چەوساوە و ئاینزا جیاوازەکاندا هەیە و کاریگەری دەروونی و بایۆلۆژی دروستکردووە، نازییەکان لە مێژوودا دەستییان هەیە لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕووداوانە، وەک لەو ڕووداوانە دەردەکەوێت، کە وەک پرۆسەیەکی پاکتاوی نەژادی ئاینی (جو) ئیسرائیلییەکان بەکاریان هێنا، لە نزیکبوونەوەی زاوزێی مێ، کردەیەکی هەستیارە، بەڕێگەی جیاواز ئەم کردەیە ئەنجام دەدرێت. هەموو ڕێگاکانیش لە ئامانجدا بۆ لەکارخستنی توانای منداڵ نانەوەو گەشەو نماکردنی وەچە نانەوەیە، لەم بارەدا ڕەگەزی مێ لەبەر شکۆ و ئەدەبی مێینەی خۆیەوە، دەکەوێتە دۆخێکی دەروونی ئاڵۆزەوە، دواجار خۆ ناچاری مردن دەکات و بەهەر ڕێگایەک بێت خۆی دەکوژێت، یان دەمرێت، ئەمەش پرۆسەی جینۆسایدی نەژادییە.

((...ئەوەی نێرینە بوو لە ترسی گرتن بۆی دەرچووبوون، لە ئافرەت و مناڵ و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پەککەوتە بەولاوە کەس لە ئاواییدا نەمابووەوە، چەند سەربازێک و ڕەوە جاشێک دێنە ناو ئاوایییەوە...ماڵەکان دەشکێنن... ماڵی کاکە ولا لەم پەڕەوە بوو دوو سەرباز دەچنە ژوورەوە تەنها حەبە لە ماڵە... حەبە لەژێر شوقە لەتەکە جاجمێکی بەخۆدادابوو و خۆی مت کردبوو... کە جاجمەکە ڕادەکێشن حەبە دەبینن؛ ئیتر بەزۆر توخنی دەکەون... ئێوارە کە ئاوایی دەگەڕێتەوە، کاکەولا لەناو حەوشەدا کۆمەڵێ زووخاڵ دەبینێ، تومەز حەبەیە و خۆی سووتاندووە و بە کۆمەڵێ زووخاڵ بووە... کاکەولاش هەر بەو شەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئێستەش کەس نەیزانی لە کوێیە...))(٢٢)

لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((من تۆزێ لە زمانەکەیان تێ ئەگەم... ئەیان وت نایێڵین ئیتر ئەم ئافرەتانە منالیان ببێ... شتێکیان دەرخوارد ئەدایـن، ئێمەش لە برسانا دەمانخوارد... دایکم و فاتەی خوشکمیان زیندەوگۆڕ کرد....))(٢٣)، ڕۆماننووس لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کارەکتەری لاوەکی کە ناوی چنارە، لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی کە ناوی سابیرە، بەر لە ڕوودانی کارەساتی ئەنفال، ئەم دوو کەسە عاشق و خۆشەویستی یەکتر بووینە، چنار بۆ سابیری دەگێڕێتەوە، دەڵێت: من کەمێک لە زمانی عارەبی دەزانم و نیازیان وایە لە ڕێگای خراپکردن و لە کەڵک خستنی کۆئەندامی زاوزێمان جینۆسایدی نەژادی و نەتەوایەتیمان بکەن، چونکە گوێم لێیان بوو دەیانگوت دەرمانێکییان دەرخوارد ددەین کە هەتاهەتایە نەتوانن وەچە بنێنەوە.

ئەم پرۆسەیە، پلانێکی ئامانجدار و بەرنامە بۆداڕێژراو بوو، چونکە حکومەتی عێراقی بەدوای ئامانج و خواستی نەتەوایەتی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی عەرەبەوە بوو، بۆیە پێی وابوو نەژاد و گەشەی کورد لە باکوری عێراق دەبێتە ئاستەنگ و نایەڵێت ئەم ئامانجە سیاسی و لۆژیکییەیان کە یەکێتی عەرەبییە، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی بێتە دیی، بۆیە لەم سۆنگەیەوە گەرمیان دەسپێک و پشکی گەورەی ئازار و نەهامەتییەکان بوون و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئازار و ئەشکەنجەیان بینی و ڕووبەڕووی مردن و جینۆسایدی نەژادی کرانەوە.

٣. ڕێگریکردنی نێرینە لە چوونە پێشاو:

ئەم پرۆسەیە ئەگەر لە دۆخی زۆرەملێ و دوژمنایەتی دابێت، کاریگەری نەخۆشییەکانی دەروونی و جەستەیی بەدوای خۆیدا دێنێت، چونکە کاردەکاتە سەر شکۆ و هەستی پیاوانەی تاکەکان و هەیمەنە و ئازایانەی تێک دەشکێت و دواجار لەڕێگەی بەردەوامبوونی پرۆسەکە و فشار بۆ هێنانی دەبێتە هۆی ڕزی بوون و لەکەڵک کەوتنی کۆئەندامی زاوزێی نێرینەی و سستبوونی گورچیلەکانی، ئەمەش هێزی وەچە نانەوە دەخاتە دۆخێکی مەترسی دار، ئەگەر کەسەکە میز بکات بەخۆیدا و بە بەردەوامی ئەم دیاردەیە دووبارە ببێتەوە، کاریگەری دەروونی بۆ کەسەکان درووست دەبێت، ئەمەش دیسان کاریگەری دەبێت لە ئارەزوو و خۆشەویستی بۆ کەسی بەانبەر، کەواتە ناجێگیر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بوونی دۆخی دەروونی کەسەکان دەبێتە هۆکار لە ئەنجامنەدانی کاری جووت بوون، سەرئەنجام دەبێتە هۆکار لە جینۆسایدی وەچە نانەوە و پەکخستنی پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و قرکردنی نەژادی نەتەوەیی.

لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((هاپۆ... هاپۆ گەرمیان یەک دووجار بانگی لێ کرد

گیانی هاپۆ..

میزم دێ...

دەستی گرت و بردییە لای دەرگاکەوە..

ئا ئەم منداڵە میزی دێ دەرگاکەمان لێ ناکەنەوە؟

نابێ.. دەنگێک لەودیو دەرگاکەوە ئاوای گوت

با بیکاتە ژێر خۆی...))(٢٤).

گەرمیان یەکێکە لە کارەکتەرە مێردمنداڵەکان، باوکی بە تۆپ بریدار دەبێت و دادەبڕێن، دایکیشی لە هەلاتن و دەربەدەربووندا لێ ون دەبێت، دەکەوێتە نێو گەلی پیاوانی دەستەمۆ کراو، لە ژوورەکاندا دەستبەسەر کراون، لەڕێگەی داواکاری بەهاناوە چوونیەوە، ئەم کارەکتەرە پەنا وەبەر هاپۆناوێک دەبات، دیسان ئەویش کارەکتەرێکی لاوەکییە، بەردەوام لەنێو ڕووداوەکان و بیرەوەرییەکانی ناوچە جیاوازەکانی گەرمیان ژینگەی ڕۆمانەکە دەخاتە جوولەوە، گەرمیان لەمیزکردندا تەنگەتاو دەبێت و داوای هاوکاری لە هاپۆ دەکات، بۆئەوەی بتوانێت لە پاسەوانەکانی بەر دەرگا داوای هاوکاری بکات، بەڵکو گەرمیان میز بکات و چیتر فشار نەکەوێتە سەر دەروون و جەستەیەوە، مرۆڤیش لەم تەمەنەدا و بەتایبەتی لەناوچەیەکی خاوەن کولتووری و پەیوەست بە ڕەوشت و خۆپارێزی وەک ناوچەی گەرمیان، ئاسان نییە شەرمت بشکێت و هەرکات میزت هات بکەیتە شەرواڵەکەتەوە. پاسەوانەکان بە توورەییەوە وەڵامی هاپۆ دەدەنەوە و دەڵێن با بیاکاتە شەرواڵەکەیەوە. ئەم ڕووداوش هەم لەڕووی دەروونییەوە تێکت دەشکێنێت و بەردەوام بوونت دەبێتە هۆی ڕزاندنەوە و پوکانەوەی ئەندامی نێرینەی کەسەکە، هەروەها دەبێتە تیکشکاندنی کەسایەتی و بێ بەها کردنی مرۆڤ، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پووکانەوە و سست بوونی گورچیلەکانی پیاوان و سست بوونی کۆئەندامی زاوزێی نیرینەی پیاو.

لەڕووی جەوهەریشەوە ئامانج لەم پرۆسە، سڕینەوەی نەژادی کوردە لە گۆشەی وەچەی گەرمیانییەکەوە، ئەمەش پلانێکی بۆ دارێژراوە لە سیستەمی شۆڤێنییەت و خزمەتگوزاری نەژادپەرستی حوکمڕانییە دیکتاتۆرییەکان.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئەنجام

- ڕۆماننووس هەنگاو بەهەنگاوی کارەساتەکان؛ بەوردو درشتەوە خستوویەتیەڕوو.

- لەڕۆمانی بەهاری ڕەشدا سەرجەم شێوازەکانی جینۆسایدی فیزیکی ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوانە: (لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، هێرشی سەربازی، کوشتنی بەکۆمەڵ، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و فسفۆڕ و گازی ژەهراوی، زیندەبەچاڵکردن، بۆمبارانی فڕۆکەیی و موشەکبارانکردن و تۆپبارانکردن)، بەڵام لەهەمووشیان زیاتر شێوازی (زیندەبەچاڵکردن) بەڕێژەیەکی بەرچاو لەڕۆمانەکەدا بەرجەستەبوو.

- ڕۆماننووس لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بەهاری ڕەشەوە کە سابیری حاجی جومعەیە بەشی زۆری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی خستۆتەڕوو.

- جینۆسایدی فیزیکی لە سەدا ٧٥٪ و جینۆسایدی بایۆلۆژی لەسەدا ٢٥٪ ڕەنگدانەوەی لەنێو ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا هەبووە.

- ڕۆماننووس لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و خستنەڕووی ڕۆڵی کارەکتەرەکان نیشانی دەدات کە جینۆسایدی بایۆلۆژی بەشێک بووە لە ڕووداوەکانی ئەنفالی گەرمیان.

- ئەم ڕۆمانە بەڵگەنامەیەکی گرنگ و بەردەستە بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لەوە بکەین، کە گەرمیان و ناوچە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان بە دروشمی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز ئەنفال و جینۆساید کراون، دەشێ ئەم ڕۆمانە لە ڕێگەی وەرگێڕانی بۆ زمانە جیاوازەکانی دونیا ببێتە پێناسەیەکی هاوپێچ و گرنگ بۆ ئەنفال و جینۆسایدی نەتەوەی کورد.

پەراوێزەکان:

(١) (العشاوي، (٢٠١٣)، ص٨٨).

(٢) (سليمان، (٢٠٠٣)، ص١٠٥).

(٣) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٣١).

(٤) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٣٤).

(٥) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل١٠).

(٦) (سورمێ، (٢٠٠٦)، ل٥٢).

(٧) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٥).

(٨) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٤٥).

(٩) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٥٨).

(١٠) Wegener (١٩٧٦), P٢٢٠))

(١١) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٢٩-٣٠).

(١٢) (عەلی، (٢٠٢٠)، ل٧٢).

(١٣) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٥٨).

(١٤) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٩٨).

(١٥) (سورمێ، (٢٠٠٦)، ل٧٣-٧٤).

(١٦) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٩٧).

(١٧) (وۆچ، (٢٠٢٢)، ل٣١٩).

(١٨) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٣٦).

(١٩) (لیمکین، (٢٠٢١)، ل٥).

(٢٠) (سەید حسێن، (٢٠٠٥)، ژ٤)

(٢١) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل١٨).

(٢٢) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٥١).

(٢٣) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٩٢).

(٢٤) (ئیسماعیل، (٢٠٠٣)، ل٣٨-٣٩).

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١. امین ،بورهان محمد،٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد (٢٠٠٣)، بەهاری ڕش (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢. سورمێ، هەژار عەزیز (٢٠٠٦)، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن؛ هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣. سەید حسێن، عەدنان (٢٠٠٥)، ئەنفال و بەعس، ڕامانێک لەگەمەی زمانەوانی و خویندنەوەیەک بۆ پاڵنەرەکانی کارەساتەکە، گۆڤاری (٨٨)، ژمارە٤.

٤. عەلی، قارەمان (٢٠٢٠)، سایکۆلۆجیای جینۆساید: بۆچی گروپێک گروپێکی تر جینۆساید دەکات؟ (ئەنفال وەک نموونە)، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (١١٨)، سلێمانی.

٥. لیمکین، ڕیفائیل (٢٠٢١)، تاوانی جینۆساید، وەرگیرانی: هاوڕێ ئەحمەد، ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێو دەوڵەتی.

٦. وۆچ، هیومان ڕایتس و میدڵ ئیست وۆچ (٢٠٢٢)، جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی چوارەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

٧. سليمان، عبد االله سليمان (٢٠٠٣)، المقدمات الأساسية في القانون الدولي الجنائي، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.

٨. العشاوي، رافع خلف قرميط (٢٠١٣)، القانون الواجب التطبيق على الجرائم في المحكمة الجنائية الدولية، دار امنة للنشر والتوزيع، الأردن.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

9. Wegener, Henning & Edward (1976), The Soviet Naval Offensive: An Examination of the Strategic Role of Soviet Naval Forces in the East-West Conflict, Naval Institute Press.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی جینۆسایددا
ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بە نموونە

د.هەژار فەقێ سلێمان حسێن
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی
گەرمیان - وەزارەتی پەروەردە
hazhar.faqe@garmian.edu.krd

م. ی. ژینۆ عەبدولڕەحمان محەمەد
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی
سلێمانی- وەزارەتی پەروەردە
zhino.abdulrahman@charmouniversity.org

پوختە

ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی و لە هەناویشیدا هونەری ڕۆمان و چیرۆک و یاداشتنامە بەتایبەتی، کارا و کاریگەرترین ئەو ژانرانەن کە بە تەواوی نزیک دەبنەوە لە پیشاندان و ناساندن و مۆمیاکردنی جینۆساید و تراژیدیا و ئازارە گەورەکانی مرۆڤایەتی.

لە تیۆر و تەکنیکیی گێڕانەوەدا، هەر جۆرێکی ڕۆمان و چیرۆک خودان ستراتیژ و تەکنیکی تایبەت و جودای خۆیەتی، ستراتیژی نووسینی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی جیایە لە ڕۆمانی فەلسەفی، هیی مێژووی جیایە لە ئەڤینی، ستراتیژەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانی پۆلیسی و سەرکێشی لە ڕیالیزمی جادووی و خەیاڵی زانستی جیاوازن.

یەکێک لەو جۆرانەی ڕۆمان لە ئەدەبی دنیادا، کە ستراتیژگەلێکی تایبەتمەند و لەویترنەچووی هەیە، ڕۆمانی جینۆسایدە. لە تایبەتترین ئەو ستراتیژیانەش لە دنیادا بۆ ئەم جۆرەی ڕۆمان دانراون، ئەمانەن: (فرەگۆشەنیگایی، شەپۆلی هۆش، ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش، دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەسفی، وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز) و پرسیاری ئاکاریی و وجوودی)ن. ئەم ستراتیژیانەش زیاتر لە دەمی ئەو قوربانیانەوە وەرگیراون، کە جینۆسایدەکانیان گێڕاوەتەوە(McCarthy,٢٠١١: ٣)).

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی نووسەر و وەرگێڕ(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، پانۆرامایەکی وردودرشتی تراژیدیای ئەنفال لە سەرەتای ڕاگواستنەوە تا مەینەتیی کەمپەکان و لەوێشەوە بۆ ژیانی کولەمەرگی نێو قەڵای نوگرەسەلمان و تا لە دەستدان و مردن و زیندەبەچاڵکرن، دەگێڕێتەوە.

پرسیاری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت کە تا چەند ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) ئەو ستراتیژیانەی گێڕانەوەی ڕۆمانی جینۆسایدی تێدا هەن و چۆنیش بەرجەستە کراون؟ سەرباری باسکردنی

تایبەتمەنـدی و پاشـخانە زمانـی و ئەدەبـی هونەرییەکـەی نووسـەریش.

میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفیی شیکاری.

پیکهاتەی توێژینەوەکە: لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشـی یەکـەم: لـەم بەشـەدا ئەدەبـی گێڕانـەوە و پەیوەندیـی لەگـەڵ جینۆسـایددا بەربـاس دراوە.

بەشـی دووەم: پراکتیـزەی سـتراتیژەکانی ڕۆمانـی جینۆسـاید (کـە ئاماژەیـان پێدرا) لـە ڕۆمانـی (بەهـاری ڕەش)ی (ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل)دا، دەکرێـت.

لـە کۆتاییشـدا ئـەو ئەنجامانـەی کـە توێژینەوەکـە پێـی گەیشـتووە لەگـەڵ ئـەو سـەرچاوانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون و هاوکاتیش پوختەی توێژینەوەکە بـە زمانـی عەربـی و ئینگلیـزی، دەبینرێـن.

کلیلـە وشـەکان: ئەدەبـی جینۆسـاید، ئەدەبـی گێڕانـەوە، سـتراتیژەکانی ئەدەبـی گێڕانـەوە، ڕۆمانـی کـوردی، ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل.

الملخص

عنوان الدراسـة ((اسـتراتيجيات السـرد في أدب الإبـادة الجماعيـة: روايـة «الربيـع الأسـود» لأحمـد محمـد إسـماعيل نموذجـا»

إن أدب السـرد عمومـا وفـن الروايـات والقصـص والمذكـرات بشـكل خـاص مـن أكثـر الأنـواع الأدبيـة تأثيـرا وتأثيـرا الـذي تقتـرب مـن إظهـار وتقديـم وتحنيـط الإبـادة الجماعيـة والمأسـاة والمعانـاة الكبـرى للإنسـانية.

إن أحـد أنـواع الروايـات فـي الأدب العالمـي الـذي لهـا اسـتراتيجيات فريـدة هـي روايـة الإبـادة الجماعيـة. وأكثـر الاسـتراتيجيات تحديـدا فـي العالـم لهـذا النـوع مـن الروايات هـي: وجهات النظر المتعددة، وتيار الوعي، واسـتراتيجيات السـرد المربكة، والتنـاص والتلميـح إلـى المأسـاة والجريمـة، واللغـة الوصفيـة، والصـور والرمـوز الشـعرية، والأسـئلة الأخلاقيـة والوجوديـة. وهـذه الاسـتراتيجيات مأخـوذة فـي الغالـب مـن سـرد شـفوي مـن الضحايـا الذيـن رووا الإبـادة الجماعيـة.

روايـة (الربيـع الأسـود) لأحمـد محمـد إسـماعيل تـروي بانورامـا مفصلـة لمأسـاة الأنفـال، مـن بدايـة التهجيـر إلـى معانـاة ومصاعـب المخيمـات، ومـن هنـاك إلـى قلعـة نقرة سلمان ثـم إلـى الفقدان والدفـن حيـا وأخيـرا إلـى المـوت.

تسـعى الدراسـة إلـى الإجابـة علـى السـؤال إلـى أي مـدى تحتـوي روايـة الربيـع الأسـود علـى اسـتراتيجيات السـرد فـي روايـات الإبـادة الجماعيـة، وكيـف تتجسـد

بالإضافـة إلـى مناقشـة خصائـص المؤلـف وخلفيتـه اللغويـة والأدبيـة.

منهج الدراسة: تحليل وصفي.

بنية الدراسة: تتكون من مقدمة وقسمين .

في القسـم الأول: يناقش هـذا القسـم الأدب السـردي وعلاقتـه بالإبادة الجماعيـة. فـي القسـم الأول ممارسـة اسـتراتيجيات روايـة الإبـادة الجماعيـة (كمـا وردت) فـي روايـة أحمـد محمـد إسـماعيل الربيـع الأسـود.

الكلمـات المفتاحيـة: أدب الإبـادة الجماعيـة، أدب السـرد، اسـتراتيجيات أدب السـرد، الروايـات الكرديـة، أحمـد محمـد إسـماعيل.

Abstract

Narrative Strategies in Genocide Literature: Ahmad Mohammed Ismail›s Behari Resh (Black Spring) as an Example

Narrative literature in general and the art of novels, stories, and memoirs in particular are the most effective and influential genres that come close to showing, introducing, and mummifying genocide, tragedy, and the great sufferings of humanity.

One of the types of novels in the world literature, that has unique strategies ,is the genocide novel. The most specific strategies in the world for this type of novel are: multiple point of view, stream of consciousness, confusing narrative strategies, intertextuality and allusion to tragedy and crime, descriptive language, poetic imagery and symbols, moral and existential questions. These strategies are mostly taken orally narrated from of victims who have recounted the genocides.

The novel Black Spring by Ahmad Mohammed Ismail t recounts a detailed panorama of the tragedy of Anfal, from the beginning of the relocation to the suffering and hardships of the camps, and from there to Nugrasalman Castle then to loss, being buried alive and finally to death.

The study seeks to answer the question, ‘To what extent does Black Spring contains the narrative strategies of genocide novels, and how they are embodied in addition to discussing the characteristics and linguistic and literary background of the author.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

Methodology: Descriptive Analysis

Structure of the study: Consists of an introduction and two sections.

In the first section: This section discusses narrative literature and its relationship to genocide.

In the first section The practice of genocide novel strategies as mentioned before in Ahmed Mohammed Ismail›s novel, Black Spring.

Keywords: Genocide Literature, Narrative Literature, Strategies of Narrative Literature, Kurdish Novels, Ahmed Mohammed Ismail.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم: ئەدەبی گێڕانەوە و پەیوەندیی لەگەڵ جینۆسایددا

تیۆرناسانی ئەدەب زانستی ئەدەبیان دەسەبەشی دوو جۆر لە ئەدەب کردووە، ئەدەبی شیعریی(شیعر) و ئەدەبی گێڕانەوە(پەخشان). هەر ئەدەبێکی دنیا بگریت ئەو دوو ژانرە سەرەکییەی لە خۆگرتووە، هەرچەندە لە ئێستادا تخووب و سنووری هەردووکیان تێکەڵ بووە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ژانرگەلێک کە بەرهەمی ئاوێزانبوونی شیعر و گێڕانەوەیە.

لە زمانی کوردیدا ((گێڕانەوە، وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقڵ، قەول، سەرگوزەشتەشی بۆ بەکاردێت. هەمووشیان نیشاندەری«narration»ی ئینگلیزی و «ریوایت، حیکایت»ی فارسی و «سرد»ی عەرەبین. بابەتێکی دێرینی هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە، گێڕانەوە وەک چەمکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبیی ئاڵۆز کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لە ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە))(محەمەد، ٢٠٢٢: ٥).

لە دیارترین پێناسەی گێڕانەوەشدا هاتووە ((گێڕانەوەی ڕووداوێک، یان زیاتر لە ڕووداوێک، کە لە ڕووداوێکی ڕاستییەوە هاتبن، یان دروستکراوی ئەندێشە بن))(وهبە، ١٩٧٤: ٣٤١). گێڕانەوە لای بنیاتگەرە نوێیەکانی وەک (تۆدۆرۆف و جینێت و ڕیکاردۆ)ش، بریتییە (لە ڕێگەی چۆنیەتی خستنەڕووی، یان زنجیرەیەکی بە دوای یەکداهاتووی ڕووداوە ڕاستی و خەیاڵییەکانە، لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەکەوە یان یان زیاتر، تاکوو ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و باسیان بکات. گێڕەرەوەش هەندێک جار بەشدارە لە دەقەکەدا و هەندێک جاریش لە دەرەوەی دەقەکەوەیە، بەڵام پرۆسەی خستنەڕووی حیکایەتەکە بەرەو ئامانجێکی ئاراستەکراو بە هۆی پێکەوەخستنەگەڕی کۆمەڵێک لایەنەوە ئەنجام دەدرێت)(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣).

بەگشتییش توخمەکانی گێڕانەوەش بریتین لە (زمان و ڕووداو (پلۆت) و کات و شوێن و وەسف و دایەلۆگ و شەپۆلی هۆش و ...هتد)(موفتی، ٢٠١٢: ٢٧٢ و ٢٧٣).

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەدەبی گێڕانەوە و جینۆسایدیش پەیوەندییەکی قووڵ و فرەلایەنەیان پێکەوە هەیە. ئاشکرایە ئەدەب ڕۆڵێکی چارەنووسساز و گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتن و وێنەدانەوە و پاراستنی یادەوەری و تێگەیشتن لە کۆمەڵکوژییەکان. ئەدیبان و شاعیران لە ڕێگەی گێڕانەوە و بیرەوەری و شیعرەوە دەتوانن هەست و سۆز و دەروونی قوربانیان و ڕزگاربوان و نەوەکانیشیان پیشان بدەن و مەترسیی دووبارەنەبوونەوەی جینۆسایدیش کەم بکەنەوە.

ئەدەب (لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە و تراژیدیاش کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستە دەکات و هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات. کە کارەسات ڕوو دەدات زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکات. لە کاتی کارەساتدا

زمـان توانـای گوزارشـتی نییـە، بەڵکـوو تەنیـا دەتوانێـت هـاوار بـکات، بپارێتـەوە و بگـرێ. لـەو چرکەسـاتەدا زمـان کاری خـۆی نـاکات، بۆیـە شـاعیر یـان ئەدیـب و هونەرمەنـد دوای کارەسـاتەکان لـە کاری ئەدەبـی و هونەریـدا دەتوانـن گوزارشـت لـە کارەسـاتەکە بکـەن. زمـان لـە کاتـی کارەسـاتدا تەنهـا دەتوانێـت ببێتـە کەناڵـی کۆکردنـەوەی گرتـە و ڕووداو و سـاتەکانی، کارەسـات هیـچ ناڵێـت، ئەگـەر بتوانێـت بـە تەنهـا ئەرشـیفیان دەکات. تـا دواتـر لـە کاری هونـەری و ئەدەبـی و هـەر کاری تـردا داهێنانـی تیـا بـکات و بـە شـێوەیەکی کاریگـەر بەرجەسـتثیان بکاتەوە)(عومـەر، ٢٠١٩: ٢١١).

تێکستە ئەدەبییەکان دەکارن ڕەخنە لەو هۆکارە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییانە بگـرن، کـە بوونـە و یـان دەبنـە هـۆی جینۆسـاید و تراژیدیـا و ئـازاری مرۆڤایەتـی، هاوکاتیش بەشـدارە لە تێگەیشـتنێکی قووڵتر لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی جینۆسـاید.

بـە گشـتی ئـەدەب بەسـتێنێک چـێ دەکات بـۆ بیرکردنـەوە و تێگەیشـتن لـە ئازارەکانـی جینۆسـاید، هـاوکار و دڵخۆشـیهێنیشـە بـۆ دڵنیابوون لـەوەی دەنگـی ڕزگاربـوان و کەسـوکاری قوربانیـان لەناوناچێـت.

بەشـی دووەم: سـتراتیژەکانی گێڕانـەوە لـە (ڕۆمانـی بەهـاری ڕەش)ی (ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل)دا

یەکەم: فرەگۆشەنیگایی

گۆشـەنیگا گێـڕەرەوە و چیرۆکخوانـە، دوو جـۆر گێڕانـەوە هەیـە، بابەتـی و خـودی، (گێڕانـەوەی بابەتـی یـا دەرەکـی هەندێجـار ڕاسـتەوخۆ یـان داسـتانیشی پێدەوترێـت، چونکـە داسـتان بـە زۆری گێـڕەرەوە تـا کۆتایـی گێڕاویەتییـەوە. کۆنتریـن و ناودارتریـن جـۆری گێڕانەوەیـە، زۆربـەی زۆری چیرۆکنووسـان، ئـەم شـێوازەیان بەکارهێنـاوە لـە جیاتـی کاراکتـەر گێڕەرەوەیـەک لـە نـاوەوەی دەقەکـە ڕووداوەکان بـە هـۆی جێنـاوی کەسـی سـێیەمەوە دەگەڕێتـەوە، زاراوی هەمووشـتزان بـۆ گێـڕەرەوەی بابەتـی دانـراوە) (موفتـی، ٢٠١٢: ١٦). گێڕانـەوەی خودیـش، خـودی گێـڕەرەوە لـە ڕێگـەی جێنـاوی (مـن)ەوە حیکایەتەکـە دەگێڕێتـەوە و لەنـاو ڕووداو و کارەکتەرەکاندایـە.

ڕەخنەگـری ئەدەبیـی ئەمریکـی (وایـن بـووس): ((وای دادەنێـت گۆشـەنیگا فێڵێکـی هونەرییـە، یـان ئامرازێکـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی نووسـەر، دەشـکرێت ڕێگەیـەک بێـت بـۆ کارکردنـە سـەر خوێنـەر)) (حبیلـة، ٢٠١١: ٥٩).

لـە ڕۆمانـی (بەهـاری ڕەش)ی (ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل)دا، لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـەوە گێڕەرەوە و گۆشـەنیگاکەی گێڕەرەوەیەکـی بابەتییـە و هەمووشـتزانە و کەسـی سـێیەمی تاکـە، دواتـر دەبێتـە کەسـی دووەمـی تـاک و جێنـاوی (تـۆ) بـەکار دەهێنێـت، ئەمـەش سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە ڕۆمانەکـە سـتراتیژی فرەگۆشـەنیگایی و فرەڕوانگەیـی و فرەدیدگایـی تێـدا بـەکار

هاتووە. وەک لێرەدا و لەسەرەتادا دەڵێت: ((ئاوای گوت و لێت مۆڕ بووەوە، تۆش بە بزەیەک مەگەر هەر خۆت بزانیت چی گەیاند وەڵامی خێسەکەیت دایەوە... لەم کاتەدا گوێت لە گریانی چەند منداڵێک بوو...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٠).

ناوبەناویش لە سەرەتای هەر بەشێکدا گێڕانەوە دەداتە دەست کارەکتەرەکانی وەک (سابیری حاجی جومعە و حەمەغەریب و گەرمیان و هاپۆ و لفتە و کارەکتەرگەلێکی بێناو). وەک لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی سابیردا هاتووە: ((دەنگێک دێتە گوێم، بانگی من دەکات، لە ناو هەزارەها دەنگدا جیای دەکەمەوە... دەنگی چنارە... لە پێشەوەش دەنگێکی تر بانگم دەکا... ئەمەش دەنگی دایکمە... بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە، پاش ماوەیەکی کە منیش دەچمەوە لای چنار... یا... نە جارێکی کە ناگەڕێمەوە ئەو قەڵایە...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١١٢).

دووەم: شەپۆلی هۆش

شەپۆلی هۆش (Stream of consciousness) بۆ یەکەمین جار وەکو زاراوە لە بواری دەروونناسیدا بەکارهێنراوە، ((سەرەتای بەکاربردن و فەراهەمکردنی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کاتێک زانای دەروونناسیی ئەمریکی (ولیەم جەیمس W. James) (١٨٤٢-١٩١٠) بۆ گوزارشتکردن لە لێشاوی بەردەوامی بیر و هەستەکان لە ناوەوەی زەینی مرۆڤدا بەکاری هێنا))(زيتوني، ٢٠٠٢: ٦٦).

شەپۆلی هۆش وەکو میتۆدێکی گێڕانەوە کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕوانگەیانەوە بابەت و ناوەرۆکی دەقەکەی پێشکەش بە خوێنەرانی بکات، ((ئەو تەکنیکانەش دیارترینیان بریتین لە: (مۆنۆلۆگ) و (خۆدواندن) و (فلاشباک) و (پێشخستن). شانبەشانی ئەم تەکنیکانە کۆمەڵێک کەرەستە و ئامرازی هونەری دیکە هەن کە لە میتۆدی (شەپۆلی هۆش)دا سوودیان لێ دەبینرێت، کە چەند ڕەخنەگرێک بە تەکنیکە لاوەکییەکان ناویان دەبەن، وەکو: مۆنتاژی شوێنی و مۆنتاژی کاتی))(مەجید، ٢٠٢١، ٤٠).

لێشاوی بەردەوامی بیر و هەست و دەروون لەم ڕۆمانەدا زۆر بەرچاوە، وەک گێڕەرەوە لە زاری (سابیری حاجی جومعە)ی کارەکتەری سەرەکییەوە، دەڵێت((چاوی بڕیوەتە ڕیشە سپییەکەی، چاوی لێ ناترووکێنێ... بەرە بەرە دەبێتە گلۆلەیە چەرموو، گلۆلەکە گەورەتر دەبێت، لەناو ئەو گولۆلەیەوە گەلێ شوێن و جێگای دێتە بەرچاو... ماڵتان لە دێی (زنانە)یە... دەشتە پەتیەکەی خۆرهەڵاتی ئاوە سپی تا چاو هەتەر دەکات سپی چووەتەوە، لە گەرمیان بەفر باریوە، شتێکی دەگمەن و سەیر بوو، تۆ هەرزەکاری لەگەڵ چەند کوڕ و کاڵێکدا بە تانجی ڕاوەکەرویشک دەکەن، دیمەنەکەی بەرچاوت، زۆر نامێنێ، لێڵ دەبێ، خەریکە شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبینی...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٣٨).

لە نموونەیەکی تردا، گێڕەرەوە شەپۆلی هۆش لە دەمی منداڵێکەوە، کە کراوەتە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ژێر خۆڵەوە و سەگەکانی قەڵاکە دەریان هێناوەتەوە، درووست دەکات: ((گەماڵەکان بە ئاسانی دەریان کردم، زۆر ئازاریان دام... لەو ڕۆژە بە دوای باوکمدا ئەگەڕێم... دۆزیمەوە... باوکم وەکوو جاران گەمەم لەگەڵدا ناکات... مۆن بووە... ئەڵێ لە خەفەتی دایکت کەسم لە بیر نەماوە... وام پێ ئەڵێ... ئەو ڕۆژە کە وامان بەسەر هات، من و شلێر لە پایین ئاواییەوە بۆ خۆمان وازیمان ئەکرد... لای بەرخۆڵەکان بووین، من بە پووش و پەڕۆ بووکێکم کردبوو، ئەو کاتە عەسکەرەکان هاتن لێم بەجێ ما...)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٠٢).

سێیەم: ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش

یەکێکە لە ستراتیژە گێڕانەوەییەکان، کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەمەش (تێکەڵکردنی چەند ڕووداوێکی جیاوازە لە هەمان دەقدا، کە ڕەچاوی بە دوایەکداهاتنی کاتی ڕووداوەکان ناکات واتە تێهەڵکێشکردنی چیرۆکگەلێکی لاوەکییە لە چیرۆکە سەرەکییەکەدا، پێویستە چیرۆکە لاوەکییەکان قەبارەیان لە چیرۆکە سەرەکییەکە بچووکتر بێت. پێویستە ئەو چیرۆکانە لە ڕووی تێمەوە یەک واتا بگەیەنن، مەبەستی چیرۆکە لاوەکییەکان بۆ زیاتر دەرخستن یان ڕوونکردنەوەی چیرۆکە سەرەکییەکەیە. ئەمەش بۆ پتر سەرنجراکێشانی خوێنەرە بۆ لای ڕووداوی چیرۆکەکە، ڕوونکردنەوەی چیرۆکە سەرەکییەکەیە لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە)) (عەلی، ٢٠١٥: ٥٨).

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) بەهەمان ستراتیژ کاری کردووە، گەلێک وردەچیرۆک لەخۆ دەگرێت، کە وا لە خوێنەر دەکات داوی ئەو چیرۆکانە بکەوێت، وەک چیرۆکەکانی سابیری حاجی جومعە و حەمەغەریب و گەرمیان و هاپۆ و لفتەدا دەبینرێن، نموونەش بۆ ئەمە وەک لە چیرۆکی تایبەتیی گەرمیانی کارەکتەردا هاتووە: ((ئەو بەیانییە دەبووایە لەگەڵ دایکمدا بچووبایەین بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە... بووە تەقە، تۆپێک کەوتە ماڵی میمکە ڕەعناوە، مام خدر ئێژی کەسیان دەرنەچوون، هەر خەڵکی بوو دەڕەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵەڕەش کوتا، نەمانزانی ئەو لاشمان گیرابوو، باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پایین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە ...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٨).

چوارەم: دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان

دەقئاوێزان هۆکارێکی گرنگی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن تێکستە و پاژێک لە سەرچاوەی هەر دەقێکی نوێ دەقەکانی پێش خۆیەتی، ((بەو پێیە هەموو دەقێک لە چەندین لایەنەوە ڕایەڵی تێکەڵکردووی هەیە لەگەڵ دەقە پێشینە و هاوچەرخەکانیدا و دەق بەبێ بوونی ئەم ڕایەڵانە بەرهەم نایەت، کە بۆ خۆیان مۆزایکێکی دەق لەناوخۆیاندا پێک دێنن.

لەو بارەیەوە ڕۆلاند بارت دەڵێت: هەموو دەقێک دەقی تری تێدا دەبینرێتەوە بەئاستی جۆراو جۆر))(عەزیز، ٢٠١٤: ٢).

لێرەدا ڕۆماننووس ئاماژە بە بیروڕایەکی پڕوپووچی مێژوونووسی عەرەب (مەسعوودی) دەدات، کە کوردی بە نەوەی جنۆکە ناوبردووە، لە کۆنتێکستی ڕۆمانەکەدا بەوردی و بەڕەخنەیەکی قووڵەوە جێی کردووەتەوە و دەنووسێت: ((سابیر هەمدیس تەماشای هاپۆی کرد و بزەیەکی خەماوی گرتی... نەخێر نامانگەڕێنەوە... لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورە و بچووکمان شیر لە هەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین، بۆیە ئێژن بەر لەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین (تۆ)یان دەبڕینەوە)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٥٦).

هاوکات لە (بەهاری ڕەش)دا ئاماژە و دەقئاویزان بە چەند ڕووداو و تراژیدیایەک دەدات کە بەسەر کورددا هاتووە. ((دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا و ژووررووی ئەفریقاش پەراگەندە کردووە. لەمەش کۆنتر سەنحاریب ناوێک بە لەشکرێکی زۆرەوە بە گەرمیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە قەرەداخ، گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون، ساڵێک ئەو لەشکرەیان پەنگدابۆوە، ڕێگەی ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوون، لە دواییدا گەرمیانییەکان کۆڵ دەدەن، بەلام کوشتارێکی بێبەزەییانەیان لێ دەکەن)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٢١). یان لە نموونەیەکی تردا لەو ڕووەوە و لە باسی گەرمیانیەکاندا دەنووسێت: ((لەگەڵ خانی دەلۆدا بە گژ سوپای ئینگلیزدا چوون، شێخی نەمریش متمانەی پێیان دەکرد، کێ شەڕەکەی ئاوباریک لەبیر نییە، هیچ کەسی ناتوانێ جوامێری و ئایەزایەتییان ونکات، کەچی لە دوای هەموو کەسێکەوە خۆشی و ئارامی دەچێژن...)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٢١).

پێنجەم: زمانی وەسفی

ئەدەب بە گشتی کیانێکی زمانییەو لە دووتوێی زماندایە، (زمان کەرەستەی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبییە، واتە بۆ باشترتێگەیشتن و جوانترشیکردنەوەی دەقەئەدەبییەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان، کە زمانی وەسف یەکێکە لەوانە و (بەواتای ستایش کردن، یان باسکردن و ڕوونکردنەوە لەسەر ناوێک یان جێناوێک یان کارێک و ڕووداوێک و... هتد، دێت)(قاضی، ٢٠٢١: ٩). زمانی وەسفی کۆمەڵێک ئەرک جێبەجێ دەکات لە نێو ئەدەبی گێڕانەوەدا و بەتایبەتی لە ڕۆماندا ئەوانیش:

١-بۆ نزیککردنەوەی تێکست لە واقیعەوە، پەنایان دەبردە بەر وەسفی شوێن و کەسێتییەکان.

٢- وەسف بۆ ڕازانەوەی تێکستەکە و دروستکردنی دیکۆر و چوارچێوەیە بۆ ژینگەی ڕۆمانەکە.

٣- بۆ ئەوەی وێنەیەکی ماددی بەرجەستەکراوی فەزا و شوێن و کەسێتییەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

٤-وەسف ئەرکی گەیاندنی کۆمەڵێک واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە تێکستی کلاسیکی و نوێدا دەگێڕێت.

٥-وەسف دەتوانێت جۆرە پشوویەک بە خوێنەر بدات، بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی هەندێک ڕووداوی وروژێنەر)(ئەڵوەنی، ٢٠٠٤: ٣٠٩).

زمانی وەسفی لەم ڕۆمانەدا پەتی و تاراەدیەکیش بە بنزاری گەرمیانی نووسراوەتەوە و نووسەر خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ئاوەزیی و وشەییە، بە وردی وەسفی بەستێن(فەزا) و شوێنەکان دەکات. زمانی وەسفی لە ڕۆمانی جینۆسایددا زیاتر کاریگەرە و وا دەکات خوێنەر ئاشنا بێت و ڕۆبچێتە ناو شوێن و کارەکتەرەکانەوە. وەک لەم دوو پەرەگرافەدا توانا و یارای ڕۆماننوس دەردەکەوێت لەو ڕووەوە: ((بەهاری گەرمیان چوون ساتە خۆشەکانی کورت و کەم تەمەنە، بە ناو بەهارەو کەچی لە پێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵی کردووە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی کلئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەوسوورە خۆڵی ئەم گەرمیانە... سەرەڕای کورتییەکەشی ئەمساڵ بووەتە ئاگر و وا تەڕ و وشک لووش دەدات. دوای سێ ڕۆژ خۆڵبارین تۆزەکەی نیشتەوە، بەڵام گەرد و تۆزەکە بە ئاسمانەوە مانیان گرتووە، کە تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ...))(ئیسماعیل، ٢٠٢٣: ٩). لە وەسفی قەڵای نوگرەسەلمانیشدا ڕۆمانووس دەڵێت: ((قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆم، دەرگایەکی دوو لایەنی ئاسنین لە ناوەڕاستی بیناکەدایە، بەملاوبەولای دەرگاکەدا بە درێژایی چەند گاوخانێک لەسەر دوو نهۆم قەڵاکە دروست کراوە، لەوێشەوە پەرژینێکی بەرز کەمێک دەڕوات، ئینجا پێچ دەکاتەوە...)) (ئیسماعیل، ٢٠٢٣: ٥٨).

شەشەم: وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز)

وێنەی شیعری تەکنیکێکی ئەدەبی باڵایە لە هەردوو ژانری شیعر و پەخشاندا، بۆ یەکەمجار وێنەی شیعریی لەلایەن (سی، دی، لویس)ەوە پێناسەکرا، ((کە وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوونیش وێنە پێک دەهێنن، یان دەتوانرێت بە دەربڕینێک یان ڕستەیەکی ئارایشتکراو ئاراستە بکرێت(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٦). (شەفیعی کەدکەنی)یش پەیڕەوی بنەماکەی (سی، دی، لویس) دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەوەی زەمینە سازدەکات بۆ خولقاندنی وێنەی شیعریی بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە کە خۆیان لە (خواستن، چواندن، درکە، خوازە)دا دەبیننەوە (کەدکەنی، ١٩٩٣: ١٢٤). هەر بۆیە ((وێنەی هونەری یان ئەدەبی یان شیعری پێکهاتەیەکی ئیستاتیکییە، زمانی داهێنان شێوەی هەستەوەری(حسی) یا هەستی (شعوری)ی تەشەنە دەکات یان واتاکان ئامادە دەکات بەدارشتنێکی نوێ، توانا و ئەزموونی شاعیر پڕی دەکاتەوە)) (گەردی، ٢٠٠٤:٢٥).

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئەم ستراتیژەش لە ڕۆمانی جینۆسایددا بەرکارە، بۆ ئەوەی کارەسات و تراژیدیاکان کاریگەرتر و سۆزدارتر بکات و هەست و نەستی قوربانیان و ڕزگاربوان باشتر وێنا بکات، لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا لە گەلێک شوێندا وێنەی هونەری باڵا دەبینرێن، بۆ نموونە کە دەڵێت: ((ئەو هەزاران زارۆک و کچ و ئافرەت و ڕیشسپیانە هەمووی هەناسەی ساردیان بە گڕی ئاسمانا دەکرد، نە کەس چاوی لێیان بوو، نە کەسیش هاواریانی دەبیست، تەنها خۆری دەمکەڵی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوو، لە داخانا زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەویش نەبێتە شاهید و تۆمەتێکی گەورە لەسەر خۆی لاببات، بە پەلەپڕووزێ لەودیو ئاسۆوە خۆی شاردەوە)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٤٧). لێرەدا لە وێنەیەکی میتافۆریدا و لە ڕێگەی بەخشینی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە خۆر وەک چاولێبوون و زەردهەڵگەڕان و شایەتیدان و خۆشاردنەوەوە، خۆری بە مرۆڤ چواندووە و لە کۆنتێکستی بێکەسی و تەنیایی و بەدەمەوەنەچووندا لە کارەساتەکەدا وێنەکە کاریگەرتر دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس گلەیی لە خۆریش دەکات کە نەیویراوە و نەبووەتە گەواهیدەری ئەم تراژیدیا و تاوانە، کە ئەنفالی کوردانە.

لە دوو وێنەی شیعری تردا، ڕۆماننووس گریانی لە مرۆڤەوە بۆ زەوی و ماندوێتی بۆ تاریکی خواستووە، لە ڕێگەی وێنەی هونەریی (خواستنی شاراوە)وە و دەڵێت:((خاک و زەوی ئەم ناوچەیە لە ڕقی ئەم کشومات و بێدەنگییەی خەڵکەکەی، شەوان بۆ خۆی دەگری...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٢٧) و ((وا خەریکە تاریکی ماندوو دەبێ و پاشەکشێ دەکات)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٥٦).

هێماش یەکێکی ترە لە ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە جینۆسایددا، لای (کارڵ گۆستاف یۆنگ) (Carl Gustav Jung)(١٨٧٥-١٩٦١)، دەروونشیکاری ناوداری سویسری، ((هێما بریتییە لە زاراوەیەک، یان ناوێک و بگرە ئەکرێ ئەو وێنەیە بێ، وا لەوانەیە نوێنەری شتێک یان شتێکی ژیانی ڕۆژانە بێت، جگە لە مانای ئاشکرا و ئاسایی خۆی، مانایەکی ژێرەوانکێی تایبەتیشی هەیە)) (یونگ ٢٠١٩: ٣٣). بە دیدی (یۆنگ) هێما زاراوەیەکی باو و ئاشکرا و بەکارهاتووی نێو کۆمەڵە، مرۆ هێما دادەپچڕێ و بە شێوەی نەستی تاک، یان کۆنەست و نوێنەرایەتی واتایەکی نوێ و شاراوە دەکات.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بەو هۆیەی خاوەن پاشخانێکی گەورەی ئەدەبی بووە، ڕەمزگەلێکی ئاماژە پێداون، تا ڕۆمانەکە کاریگەرتر بکات، وەک لەم نموونانەدا ڕەمزی (تووڵەمار و گورگ) بەکارهێناوە، مار لێرەدا ڕەمزی مردن و وێرانکاریی و خراپە و ژەهر و فێڵ و فریوە (فریودانی حەوا و دەرکردنی لە بەهەشت لە زۆربەی ئاینەکاندا). گورگیش ڕەمزی تاریکی و تاڵانکاری و کوشتن و ترس و چاوچنۆکی و خوێنمژی و تاڵانکاری و وێرانکاری و برسێتییە. نموونەکانیش: ((بە ئەسپایی وەک پەڕێک لەسەر تاشەبەردێک خۆت دەبینیتەوە و دەوروبەری تاشە بەردەکە تووڵەمارن، لە ژماردن نایەن... لەپڕ لە گابەردەکەوە خۆت هەڵدەدەی، سەرت بە تاوێرێکدا دەدات، کەچی هەر گریانی منداڵەکەت لە گوێ دەزرنگێتەوە...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٣). ((گەلە گورگ ئاسا

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

خۆیان بە مەنگەڵەکەدا کرد... شپرزەن، ڕق و کینە لە ڕوویان دەباریّ... کەس هیچی پیّ نەوتوون، فزەی لە دەم دەرنەچووە... دوو سیّ ئەفەنییان لەگەڵ دایە، ئەوانەی کە دار و کێبڵ بە دەستن...)) (ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ٥٤).

حەوتەم: پرسیاری ئاکاریی و وجوودی

ئەم ستراتیژە لە ئەدەبی گێڕانەوەی جینۆسایددا زۆر تایبەتمەند و ناسەرەوەیە، قوربانیانی جینۆسایدەکانی دنیا لەکاتی تاوانەکەدا، بەردەوام پرسیارگەلێکیان لە خودی خۆیان و هاوڕێیانیان و جەلادەکان کردووە، بە نموونەی: بۆچی وایان لیّ دەکرێت؟ لەبەرچی؟ بۆ کوێیان دەبەن؟ چییان لێدەکرێت؟ چارەنووسیان چی دەبێت؟ ئایا ئەمانەش مرۆڤن؟ هەستیان هەیە؟ ئایا ئەمانیش کەسوکار و منداڵیان نییە؟ و چەندین پرسیاری ئاکاری و وجوودی تر.

لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشیشدا ئەم ستراتیژەی گێڕانەوەیە بەردەوام ئامادەیی هەیە، وەک لەم نموونانەدا دیارە: ((دانیشتووانی ناوچەیەک چۆن هەمووی بەجاریّ ڕەشبگیر دەکەن؟ سەرت لەمە دەرناچیّ، مێشکی خۆت دەگوشی، هەوڵدەدەی تاوانێکی لەو بابەتە بیر خۆت بخەیتەوە، یا لە کتێبێکدا باسی کارێکی وا کرابیّ، لەم حاڵەتە بچیّ بۆی ناچی... هیچت بۆ ناوتریّ و نازانی نەفرەت لە کیّ بکەی... (بۆ وامان لیّ دەکەن؟) یەک دوو جار لە ژێر لێوە وات گوت. ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان (بۆ؟)یان لە تۆ دەپرسی...))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ۱۷)، یان لێرەدا کە ڕۆماننوس دەڵێت: ((ئافرەتیّ بە دەم گریانەوە گوێم لیّ بوو، دەیگوت: هەر داوای خەیاری لە دایکی دەکرد، دایکیشی نەعلێکی منداڵانەی سەوزی دابووە دەستی، کە گیانی دەرچوو نەعلەکە بە سەر سنگییەوە بوو... ئەی ماڵی کاولم بێبەزەییتی بەم ڕادەیە؟ خۆیان مناڵیان نییە؟))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ٦٧).

ئەنجام:

۱- لە ئێستادا ئەدەبی جینۆساید، بەشێکی گرنگی ئەدەبە، پێکدێت لەو شیعر و چیرۆک و ڕۆمانانەی کە ئازار و تراژیدیا و بەسەرهات و ڕووداوەکانی جینۆسایدەکانی دنیا لە فۆرمێکی ئەدەبی و هونەری و زمانی باڵادا دەگێڕنەوە.

۲- ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە لەبارەی جینۆسایدەوە لە جیهاندا نووسراون، کۆمەڵێک ستراتیژی گێڕانەوەی هاوبەشیان هەیە لەوانە(فرەگۆشەنیگایی، شەپۆلی هۆش، ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش، دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەسفی، وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز) و پرسیاری ئاکاریی و وجوودی).

۳- نەتەوەی کورد یەکێک و تاکانەترینی ئەو نەتەوانەیە بە درێژایی مێژوو و بەردەوام ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید بووەتەوە. بۆ ئەمەش نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووسەکانی، دەقگەلێکیان لەو ڕووەوە نووسیوە.

٤- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، یەكێكە لەو نووسەرە زرنگ و پاشخانزەنگینانە كە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی بۆ تراژیدیا و جینۆسایدی ئەنفالی نووسیوە، بەشێوەیەك كە توانیویەتی كۆی ئەو ستراتیژیانەی لە ڕۆمانی جینۆسایددا هەن، بە شێوازی خودی و تایبەتی خۆی سەربار و پراكتیزە بكات.

٥- دیارترین سێ لەو ستراتیژیانەی گێڕانەوەی ڕۆمانی جینۆساید، بەراورد بەوانی تر زیاتر لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا، هێنراونەتەوە(شەپۆلی هۆش و زمانی وەسفی و پرسیارە ئاكاری و وجوودییەكان)ن.

٦- هەرسێ ستراتیژی (شەپۆلی هۆش و زمانی وەسفی و پرسیاركردنەكان)، تەریب و پڕبەبەری سرووشتی گێڕانەوەی حاڵەتە دەروونییەكانی قوربانیان و ڕزگاربوان و وەسفی شوێن و ڕووداوەكان و پرسیارە هزری و ئاوزییەكانی بەركەوتەكانی جینۆسایدن لەو كاتەدا، كە ڕۆماننووس بەكاری بردوون.سەرچاوەكان:

سەرچاوە:

یەكەم: بە زمانی كوردی

١-كتێب:

-ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەدین(٢٠٠٤)، بنیاتی كات لە سێ نموونەی ڕۆمانی كوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
-ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعریی لە ڕێبازی ڕۆمانسیی كوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
-ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد(٢٠٠٣)، بەهاری ڕەش، چاپی یەكەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس.
-گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا، (١٩٧٠-١٩٩١)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
-مەجید، د.دیار فایەق (٢٠٢١)، شەپۆلی هۆش لە رۆمانی كوردیی باشوری كوردستان (بە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست)، كەلار، ناوەندی بڵاوكردنەوەی خاك.
-موفتی، د.پەری ساڵەح(٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
-یۆنگ، كارل گۆستاف(٢٠١٩)، مرۆڤ و هێماكانی، و: ڕوقیە سەییدی، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر.
٢- نامەی ئەكادیمی:
-ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد(٢٠١٢)، هونەرەكانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەكانی خوسرەو جافدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین.
-عەزیز، سامان جەلال(٢٠١٤)، دەقئاوێزانی -شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، كامەران)دا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی.

-عەلی، سروە تاهیر(٢٠١٥)، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی هەڵۆی ڕەوف بێگەرددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
-عومەر، مەهدی فاتیح(٢٠١٩)، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
-قاضی، ڕەوەند حەمەجەزا(٢٠٢١)، ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرییەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
-محەمەد، بوشرا قادر کاکە(٢٠٢٢)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

دووەم: بەزمانی عەرەبی

-زيتوني، د. لطيف(٢٠٠٢)، معجم مصطلحات نقد الرواية ـ عربي- انكليزي- فرنسي، بيروت، دار النهار للنشر.
-حبيلة، د. الشريف(٢٠١١)، مكونات الخطاب السردي ـ مفاهيم نظريه، الاردن، عالم الكتب الحديث.
-وهبة، مجدى(١٩٧٤)، معجم الامصطلحات الادب، بيروت، مكتبة لبنان.

سێیەم: بە زمانی فارسی

کدکنی، دکتر شفيع (١٩٩٣)، صور خيال، چاپ ششم، تهران.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

-McCarthy, Margaret M(2011), Trauma and the Holocaust: The Impact of Genocide on Narratives, Rutledge.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ڕۆمانی (مازیاری شەنگالی) ی نەبەز گۆراندا

د.پەرێشان خالد صابر
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین
ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
pareshan.sabir@uor.edu.krd

پوختە:

تاوانی جینۆساید یەکێکە لەو تاوانانەی، کە ئاڕاستەی ڕەگەزی مرۆڤ دەکرێت و بە گەورەترین و خراپترین تاوانی نێودەوڵەتی وەسف دەکرێت، بەهۆی ئەو مەترسییەی، کە لەسەر ژیان و تەندروستی و کەرامەتی مرۆڤ دروستی دەکات. جینۆساید هەڕەشەی لەناوبردنی تەواوی گروپێک دەکات بە هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزیی، خێڵەکی...هتد

ڕۆمانەکە یەکێکە لەو هونەرە ئەدەبییە کاریگەرانەی، کە ڕەنگدانەوەی واقیع و دەربڕینی کێشەکانی ژیان و نیگەرانییەکانی مرۆڤە. بۆیە ڕۆماننووسی هاوچەرخ هەوڵیداوە کەڵک لە توانا هونەری و دەربڕینەکانی ئەم هونەرە نوسراوە وەربگرێت بۆ وێناکردنی واقیع و بەرجەستەکردنی کێشە و ئازارەکانی مرۆڤ لە ژیاندا. هەرچەندە تەوەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە قەیرانی شوناس، بەڵام بێبەش نەبووە لە تەوەری دیکە، کە ئێمە بە گرنگی دەزانین، لەوانەش تەوەری هێرشی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی (داعش) لە ناچەکانی شەنگال و دەوروبەری، کە یەکێک بوو لەو ڕووداوە بە ئازارانەی کە لە ساڵی٢٠١٤دا ڕوویدا، نوسەر لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک ڕووداوی کارەساتبار و جەرگبڕی لە کاتی داگیرکارییەکەدا وێنا کردووە. ڕۆمانەکە بوو بە بەڵگەنامەیەکی گرنگ و ئازارەکانی داگیرکارییەکەی تۆمار کردووە، تاوانەکانی کوشتن و قڕکردن، کە هاوڕێی ئەم ڕووداوە بە ئازارە بوون زۆر بە جوانی وێناکراون.

لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە دەقی گفتوگۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، دەتوانرێت بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی

چۆنییەتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بزانرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەند تێکستێکی کورتی ناو ڕۆمانەکە گوڵبژێرکراون، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوزارشت لەم کارەساتەدەکەن. توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفیی-شیکاریی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی گرنگترین بەهاکان پیشانبدات، کە نوسەر ویستویەتی ئاشکرای بکات. پلانی لێکۆڵینەوەکە دوو تەوەر لەخۆدەگرێت: یەکەمیان تیۆرییە و باس لە چییەتی جینۆساید و جۆرەکانی و پیکهاتەکەی دەکات. تەوەری دووەمیش بەشێوەیەکی پراکتیکی وێناکردنی کارەساتی داگیرکاری و جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ڕۆمانەکەدا دەخاتەڕوو و باس لە قوربانیدان و کاردانەوەکانی داگیرکاری لە ڕۆمانەکەدا دەکات، لەگەڵ گرنگترین ئەنجامەکان.

کلیلە وشەکان: جینۆساید، ڕۆمان، ئێزدییەکان، نەتەوەی کورد.

The Reflection of the Yazidi Genocide in the novel «Maziari Sinjari (shingali)» by Nabaz Goran

D. Pareshan khalid Sabir

pareshan.sabir@uor.edu.krd

The crime of genocide is one of the greatest and worst crimes committed against the human race because of the risk it poses to human life, health, and dignity. Genocide threatens to exterminate and eradicate an entire group on the basis of religion, ethnicity, racial, or tribalism.

The novel is one of the most influential literary arts, which reflects reality and expresses the problems of life and human concerns. Therefore, the modern novelist has attempted to use the artistic and expressive abilities of this written art

to describe reality and embody human problems, struggles and sufferings in life. Although the main theme of this novel is the crisis of identity, it is not devoid of other themes that we consider it important, this involved the attack by the group known as Islamic State (ISIS) offensive in and around Sinjar, which was one of the most painful events that took place in ٢٠١٤. In this novel, the author describes a number of tragic and heartbreaking events during the conquest or invasion. The novel became an important documentary, documenting the pain of the conquest, the murders and devastations that accompanied this painful event, that beautifully depicted.

Through studying the context of the dialogue between the characters in the novel, it is possible to understand many of the characteristics of the Yazidi genocide. For this purpose, a few short texts in the novel have been selected. They are directly or indirectly dealing with this catastrophe. The study utilizes a descriptive-analytical method to demonstrate the most important values, that's what the author wanted to reveal. The research plan consists of two main themes: the first one is theoretical and discusses the quality, types and structure of genocide. The second theme in the novel illustrate the tragedy of the conquest and genocide of the Yazidis, discussing the sacrifices and reactions of the conquest in the novel, along with its most significant consequences.

Keywords:

Genocide, Novel, Yazidis, The Kurdish Nation.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە دژی تاوانە مرۆییەکان تاڕادەیەک تازەیە، بە پێی ئەوەی تا دوای جەنگی جیهانی دووەم بەم شێوەی ئێستای دەرنەکەوت. جینۆساید و تاوانەکانی بۆ یەکەمجار لە بنەماکانی دادگایکردندا باسی لێکراوە، تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک کوشتن، قڕکردن، کۆیلایەتی، دیپۆرتکردنەوە و هەر کردارێکی دیکە دەگرێتەوە، کە مرۆڤایەتی لە دژی هەر گەلێکی مەدەنی پێش شەڕ و لە کاتی شەڕدا ئەنجامیداوە. یان گۆشەگیرکردنی نەتەوەیەک یان کەمە نەتەوەیەک، لەسەر بنەمای هۆکاری سیاسی، ئیتنیکی یان ئایینی، ئەم جۆرەیان کردەوەی سەرکوتکردن و گۆشەگیریی دەگرێتەوە و تاوانێکی نێودەوڵەتییە و دژی ئاشتییە، بە مەترسیدارترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت، چونکە کاریگەری لەسەر ئازادی خێزانەکان و مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە.

کورد گەورەترین نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، کە تا ئەمرۆ سەربەخۆ نییە و نیشتمانی بەبێ ویستی خۆی پارچە پارچە کراوە. لەو ڕۆژەوەی کوردستان دابەشکراوە، کورد بەشێوازی جۆراوجۆر لە ژێر ناوی جیاواز کۆمەڵکوژ کراوە.

ئەم توێژینەوەیە ناساندنی ترسناکترین کردەوەی جینۆسایدی بەکۆمەڵ و تاکی ئێزدییەکانە، کە لە باشوری کوردستاندا ڕوویداوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە و لەپشت گفتوگۆی کارەکتەرەکانەوە یادەوەرییە تاڵەکانی مێژووی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان تۆمارکراوە.

ناونیشانی توێژینەوەکە: «ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ڕۆمانی مازیاری شەنگالی››ی نەبەز گۆراندا یە.

گرنگیی توێژینەوەکە: شوێنپێهەڵگرتنی جینۆسایدی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردە لەڕێگەی ئەرشیفێکی ئەدەبی خۆیەوە، کە ڕۆمانە وەک ژانرێکی دیار و بەبڕشتی پانتایی ئەدەبی کوردی. هەروەها گرنگیی توێژینەوەکە لە نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و نەتەوەیە، لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و نیشاندانی ئازارەکان و تۆمارکردنی ڕاستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد.

سنوری توێژینەوەکە: سنوری کارەکەی ئێمە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو تێکستانەیە، کە هەڵگر و دەرخەری جینۆسایدی ئێزدییەکانە لەباشوری کوردستاندا و لە چوارچێوەی دەقی ڕۆمانی (مازیاری شەنگالی)ی نەبەزگۆراندا.

میتۆدی توێژینەوەکە: (وەسفی، شیکارییە) بەپێی مادده و بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تاوانی جینۆساید خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ بەشێک لەتێکست و گفتوگۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کراوە، کە تیایدا جینۆسایدی بەکۆمەڵ و تاکی ئێزدییەکان نیشان دراوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێکهاتـەی توێژینەوەکـە: لـەدوو بەشـی سـەرەکی پێکهاتـووە، هەریەکەیـان دوو تـەوەری سـەرەکی لەخۆدەگرێت: لـە **تـەوەری یەکەمـی** بەشـی یەکەمـدا زاراوە و چەمـک و پێناسـەی جینۆسـاید خراوەتـە ڕوو. **لەتـەوەری دووەمیشـدا** بـاس لـە تایبەتمەندییـەکان و شـێوازەکانی جینۆسـاید کـراوە. تـەوەری یەکەمـی بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـە بـۆ ڕۆڵ و پەیوەندیـی و ئاوێزانـی دەقـی ئەدەبـی ڕۆمانەکـە لـە نیشـاندانی کـۆ ئازارەکانـی نەتـەوەی کـوردا تەرخانکـراوە. لەتـەوەری دووەمـی بەشـێوەیەکی پراکتیکـی جینۆسـایدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی ئێزدییەکانـدا خراوەتـەڕوو. پاشـان کورتـەی توێژینەوەکـە بەزمانـی ئینگلیـزی خراوەتـە ڕوو. لـە کۆتاییشـدا ئامـاژە بـە چەنـد ئەنجامێـک کـراوە، لەگـەڵ لیسـتی نـاوی سـەرچاوە سـود لێوەرگیراوەکانـدا.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری جینۆساید

١.١ زاراوە و چەمک و پێناسەی جینۆساید

زاراوەی «جینۆسـاید» یـان وەک ئـەوەی پێـی دەوترێت «لەناوبردنـی مرۆڤ»، ئاماژەیە بـۆ تاوانەکانـی کوشـتنی بەکۆمـەڵ، کـە ئەنجامـدراون لـەدژی هەندێـک کۆمەڵـە مـرۆڤ بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی بوونـی خۆیـان، بـە تـەواوی یـان بەشـێکی، لەسـەر بنەمـای سـەر بـە نەتـەوە، ڕەگـەز، یـان ئاینێکـی دیاریکـراو. ‹‹زاراوەی جینۆسـاید لـە ڕووی زمانەوانییـەوە لـە دوو وشـە پێکدێـت، یەکـەم وشـەیەکی گریکییـە (Gino)، کـە بەواتـای ڕەگـەز یاخـود بنەچـە دێـت و بەشـەکەی تـری وشـەیەکی لاتینییـە (Sid)، کـە بەواتـای کوشـتن و لەناوبـردن دێـت، بەلێکدانـی هـەردوو وشـەکە واتـای کوشـتنی ڕەگـەزی، کوشـتنی بەکۆمـەڵ یـان قڕکـردن دەگەیەنێت››(موحسـین، هێـرۆ، ٢٠١٣: ٤٢٠)

چەمکـی جینۆسـاید بـۆ یەکەمجـار لـە لایـەن لێکۆڵـەری جولەکـەی پۆڵەنـدی، ‹‹ڕافایـل لێمکین-Raphael Lemkin›› لەساڵی (١٩٣٣) داهێندراوە و لە کۆنفراسێکدا بەکارهاتووە، بـەڵام بـە نوسـین لـە سـاڵی (١٩٤٤) تۆمارکراوە.(شـــــو، مـــارتـــن، ٢٠١٧: ٣١-٣٢)، کـە تێیـدا توێـژەر پێناسـەی ئـەو زاراوەیـەی ڕوونکـردەوە و دەریخسـت، کـە ‹‹سـڕینەوەی هەمەلایەنـەی نەتەوەیـەک یـان لەناوبردنـی گرووپێکـی نەتەوەیـی دەگرێتـەوە. وەک چـۆن یاسـاناس››-Graven گراڤن›› پێناسـەی کـردووە بـەم شـێوەیە: ‹‹نکۆڵیکـردن لـە مافـی بوونـی گروپـە مرۆییـەکان هاوتایـە لەگـەڵ کوشـتن، کـە مافـی ڕەتکردنـەوەی مافـی مانـەوەی تاکەکەیە››(دحلیـة، جـود عدنـان، ٢٠٢١: ١١). «لێمکیـن» کۆمەڵکـوژی وەک تاوانێکـی نێودەوڵەتـی دەبینـی، چونکـە ئەنجامدانـی ئـەو کارە پەیوەنـدی بـە ئاسایشـی هەمـوو وڵاتانـەوە هەیـە نـەک تەنهـا ئەوانـەی ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەرە، لەبەرئـەوەی جینۆسـاید وەک تاوانێـک دەتوانێـت لـە کاتـی ئاشـتیدا و هەروەهـا لـە کاتـی جەنگیشـدا ڕووبـدات.

کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لـە ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانـدا باسـی ئـەو تاوانەیـان کـردووە، کـە بـە تـاوان هەژمـار کـراوە بەپێـی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان بەپێـی مـادەی یەکەمـی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید سزا دەدرێت. لە مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا جینۆساید بە هەریەکێک لەم کارانەی خوارەوە پێناسە دەکرێت، کە بە مەبەستی لەناوبردنی، تەواوی یان بەشێکی، نەتەوە، گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە:

- کوشتنی ئەندامانی گروپێک.

- گەیاندنی زیانێکی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپێک.

- بە مەبەست گروپێک بخرێتە ژێر بارودۆخێکی قورسی ژیانەوە بە ئەنقەست خستنەڕووی گروپێک بۆ هێنانەدی لەناوچوونی فیزیکییەکەی، بە تەواوی یان بەشێکی.

- سەپاندنی ڕێوشوێن بە ئامانجی ڕێگریکردن لە لەدایکبوونی منداڵان لەناو گروپێکدا.

- گواستنەوەی منداڵان بە زۆر لە گروپەکەوە بۆ گروپێکی تر .(عوينة، سميرة، ٢٠١٣: ٢٥).

لە پێناسەکانی پێشووەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو بنەمایەی چەمکی ئەم تاوانە لەسەری بونیاد نراوە، مەبەستی پێشوەختە و ئاشکرایە، کە ئاڕاستەی لەناوبردنی تەواوی گروپێک یان بەشێکی گروپێکی دیاریکراو دەکرێت، ئینجا گروپەکە لەسەر بنەمای ئایینی، ڕەگەزی یان نەتەوەیی بوونی هەیە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک کردارەوە ئەمانە تەنها لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پێناسە کراون، کە بریتین لە کوشتن و زیانگەیاندنی گەورەی جەستەیی یان دەروونی وملکەچکردنی تاکەکان.

کەواتە بە پێی بنەماکانی ئەم ماددەیە تاوانی جینۆساید زۆربەی جار فۆرمێکی فیزیکی وەردەگرێت وەک هێرشکردنە سەر ژیان، تەندروستی، یانیش فۆرمێکی بایۆلۆژی وەردەگریت، وەک ڕێگریکردن لە وەچەخستنەوە و بێبەشکردنی کۆمەڵێک لە زاوزێکردن و جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ لەیەکتری، هەروەها لەناوبردنی بایۆلۆژی دەستبەجێ یان دواتر، کردارەکان تەنها بە تیرۆرکردن سنووردار نین، بەڵکو ئەو کردارانەش دەگرێتەوە، کە ڕەنگە نەبنە هۆی مردنی دەستبەجێ بەڵام لە کۆتاییدا گروپەکە لەناو دەبەن. ئەوان ئەو کردەوانەن کە بە مەبەست ئەنجام دەدرێن بە ئامانجی لەناوبردنی بەشەکی یان تەواوەتی گروپەکە. لەم چوارچێوەیەدا گروپەکە تووشی بارودۆخێکی سەختی ژیان دەبن، کە دەبێتە هۆی نەمانی، ئەمە جگە لە کردەوەی دیکەی وەک ڕێگریکردن لە لەدایک بوون لەناو گروپەکەدا، گواستنەوەی منداڵ، و گەیاندنی زیانی جەستەیی و دەروونی (لەوانەش دەستدرێژی سێکسی).

٢.١. تایبەتمەندییەکانی تاوانی جینۆساید

جددیەتی تاوانی جینۆساید لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بووەتە هۆی ئەوەی، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەتمەند بێت، کە لە تاوانەکانی تر جیای دەکاتەوە و لە خوارەوە باس لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان دەکەین کە جینۆساید جیا دەکەنەوە:

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١،٢،١ سروشتی نێودەوڵەتی تاوانی جینۆساید

ڕێککەوتننامەی جینۆساید بەشداری کرد لە پێناسەکردنی دەرئەنجامەکانی ئەنجامدانی و ڕێککەوتننامەکە لە ١٩٥١/١/٢١ی زایینی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە جێبەجێکردنی دەقی مادەی (١٣/٢)ی هەمان ڕێکەوتن. ڕێککەوتنەکە بنەما و بڕگەی یاسایی دامەزراند و هەموو وڵاتان پابەندن بە جێبەجێکردنی، بەبێ گوێدانە ئەوەی وڵاتێکی گرێبەستکارن یان نا. (دار ناصر، د. منتصر، ٢٠٢٤: ٦) ئەوان پێیان وابوو پرەنسیپ و بڕگەگەلێکن، کە وڵاتانی شارستانی دانییان پێدا ناوە و مەبەستییان گەیشتن بە ئامانجە مرۆیی و شارستانییەکانە، ئەوانیش پاراستنی بوونی گروپە مرۆییەکانە. لێرەدا مەبەست لێی ئەوەیە، کە تاوانی جینۆساید لە سروشتدا تاوانێکی نێودەوڵەتییە. ئەو بەرپرسیارێتییەی، کە لە ئەنجامدا دێتە ئاراوە. بەرپرسیارێتییەکی دوولایەنەیە، کە دەرئەنجامەکانی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت لە لایەک و ئەو کەس و لایەنانەی، کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە لە لایەکی ترەوە. بەو پێیەی ئەم تاوانانە، بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان سزا دەدرێن ئەگەر لە کاتی شەڕدا ئەنجام بدرێت یان لە کاتی ئاشتیدا.

٢.٢.١. تایبەتمەندی قوربانیانی تاوانی جینۆساید

پێناسەی تاوانی جینۆساید ئاماژەی بە چوار جۆر گروپ کردووە، کە بە ئەگەری قوربانیی تاوانەکە دادەنرێت، وەک ئەمانەی خوارەوە: (رتیب، معمر و حامد سید، ٢٠١٦: ٤٤-٤٥)

١- **گروپە نەتەوەییەکان:** گرووپی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەو توخمە فیزیکیانەی کە لە ڕەگەزێکی دیاریکراودا بۆیان ماوەتەوە، بەبێ گوێدانە شوێنی ئەو کەمینە یان گرووپانە یان شوێنی نیشتەجێبوونیان.

٢- **گرووپی نەتەوەیی:** گرووپە نەتەوەییەکان لەسەر بنەمای بوونی زمانێک یان کولتوورێکی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵێک تاکدا بونیاد دەنرێن.

٣- **گروپە ئاینییەکان:** گروپی ئایینی لەسەر بنەمای ئایین وەک پەیوەندییەک کە ئەندامانی گروپەکە یەکدەخات بەبێ گوێدانە ڕەگەز و نەتەوە. بنەمای ئایینی بە باوترین ئەم تاوانە دادەنرێت بە درێژایی مێژوو.

٣.٢.١. سروشتی ناسیاسیی تاوانی جینۆساید

لە مادەی (٧)ی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا بە ئاشکرا دەڵێت: ‹‹تاوانی جینۆساید و ئەو کردەوانەی، کە لە مادەی (٣)دا ئاماژەیان پێکراوە، ناکرێت بە تاوانی سیاسی هەژمار بکرێن سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران. لەم حاڵەتەدا دەوڵەتانی پەیمانبەست بەڵێن دەدەن بە پێی یاسا و پەیماننامەکانی ئێستایان ڕادەستکردنەکە ئەنجام بدەن.››

بڕوانە (مادەی ٧ی ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، ١٩٤٨)، لەم ڕووەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دیکە، کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بە تاوانی سیاسی نازانرێن. تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ بە تاوانی سیاسی دادەنرێت، بۆیە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران قەدەغەیە.

٤.٢.١. یەکسانی بەرپرسیارێتی و سزادان لە کاتی سزادان لەسەر تاوانی جینۆساید

سزادان لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ تاوانەکانی جینۆساید بۆ هەموو کەسێک وەک یەکە، چونکە «لە مادەی (٢٧/١) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتووە، کە هەموو کەسەکان لە بەرپرسیارێتیدا یەکسانن، بەبێ جیاوازی سەبارەت بە پێگەی فەرمی، بە تایبەت ئەگەر تۆمەتبار سەرۆکی دەوڵەت یان حکومەت بێت، ئەندامی حکومەت، پەرلەمان، یان پۆستە باڵاکانی تر بێت» (حجازي، عبد الفتاح بيومي، ٢٠٠٥: ٣٣٦). واتە هەبوونی ئەم پێگەی فەرمییە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری بێبەری بکات و یارمەتیدەر نییە بۆ کەمکردنەوەی سزاکەی.

٣.١. جۆرەکانی جینۆساید

لە ڕوانگەی خودی پێناسەی جینۆسایدەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زیاتر لە شێواز و جۆرێکی هەیە، بەو پێیەی «جینۆساید کوشتنە، لەناوبردنە، قڕکردنە، تێکدانە، سەرلێشێواندنە، ئاوارەکردنە، گۆڕینی بیروباوەڕە، هەڵتەکاندنی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە و گرووپێکی دیاریکراوە. لێرەشەوە کەلتوور و بابەتەکانی، زمان وەک نموونە، دەشێت قڕ بکرێن، کپ و کوێر بکرێنەوە، سەروبن بکرێن» (جەلیل، سەرکەوت،٢٠٢٤: ٢). بۆیە دەکرێت زیاتر لە فۆرمیک و جۆرێکی هەبێت.

١.٣.١. جینۆسایدی جەستەیی- :Phisical Genocide سادەترین و ئاشکراترین جۆری جینۆسایدە، بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، (خضر، شمال خمو،٢٠٢١: ٢٥) وەک: (گولەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شوێنبزرکردن، لەسێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی).

٢.٣.١. جینۆسایدی بایۆلۆژی: Biological Genocide - ئەم جۆرەیان بریتییە لە ڕێگرتن لە وەچە خستنەوە و زۆربوون و گەشەسەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەک ڕەگەز (بەتەنها بەس مێ یان نێر) یان بەهۆی نەزۆککردن و لە باربردنی ئافرەتەکان و خەساندنی پیاوان و لێک جیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی درێژ. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

٣.٣.١. جینۆسایدی کولتووری: Cultural Genocide - قەدەغەکردنی زمانی خۆت و شێواندنی مێژوو و کولتووری کۆمەڵە مرۆڤێک و سڕینەوەی شوێنەواری شارستانی

و مێژوویی دەگرێتەوە، لە وێرانکردن و شێواندنی شوێنە دێرینەکان، لەوانە ڕووخاندنی مزگەوت و کڵێسا و قەڵا دێرینەکان و پەیکەرەکان، کە ناسنامەی مێژوویی دانیشتوانی ناوچەکەن. قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەیی. (خضر، شمال خمۆ،٢٠٢١: ٢٦)

لیژنەی ئامادەکردنی پەیماننامەکە پێشنیازەکەی پەسەند کرد و مادەیەکی بۆ جینۆسایدی کەلتووری تەرخان کرد، کە بڕیار بوو مادەی ٣ بێت. بەپێی مادەکەش، جینۆسایدی کەلتووری بریتی دەبوو لە کۆی یان بەشێک لەم کردەوانەی خوارەوە :

ا. بەزۆر گواستنەوەی منداڵی گرووپەکە بۆ گرووپیکی تر .

ب. دوورخستنەوەی بەزۆر و سیستەماتیکی کەسانێک، کە نوێنەرایەتیی کەلتووری گرووپەکە بکەن.

ت. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، تەنانەت لە وتووێژی تایبەتییشدا.

پ. لەناوبردنی سیستەماتیکی کتێبەگەلێک، کە بە زمانی گرووپەکە چاپ کراون، یان کتێبی ئاینی، یان قەدەغەکردنی چاپکردنی کتێبی نوێ.

ج. تێکشکاندنی سیستەماتیکی شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکان، یان لەناوبردنی بەڵگەنامە و کەلوپەلی خاوەن بەهای مێژوویی، هونەری، یان ئاینی. (جەلیل، سەرکەوت،٢٠٢٤: ٤).

٤.٣.١. جینۆسایدی ئابووری -: Economical Genocide بریتیە لە برسیکردنی دانیشتوان لە ڕێگای تەختکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکانیانەوە و لەناوبردنی سەرچاوە ئاوییەکانییان و ڕێگا گرتن لە کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە خەڵکێک. ‹› ئەمە دەکرێ پێی بگوترێ «وێرانکردنی ئابووری» واتە وێرانکردنی سروشت و بەروبوومی ناوچەکان و کەرەستەکانی ژیان و گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسیکردنی خەڵک هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ››(گوڵ، د. مارف عومەر، ٢٠٠٧: ٢٠-٢١).

بەشی دووەم: پراکتیك

١.٢.ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ڕۆمانی «مازیاری شەنگالی»ی نەبەزگۆراندا.

ڕۆماننوسانی هەر قۆناغێک لە ڕێگەی دەربڕینی بۆچوون و نوسینەکانییانەوە توانییان کێشەکانی کۆمەڵگا لە شێوەی ڕۆماندا بخەنە ڕوو. «نەبەز گۆران» یەکێکە لە ڕۆماننوسە هاوچەرخەکانی کورد. «مازیاری شەنگالی»یش یەکێکە لە ڕۆمانە ناوازەکانی، تیایدا نوسەر بەدوا داچوون بۆ جینۆساید و تاوانەکانی داعش دەکات و چیرۆکی ئەو کوڕ و کچانە دەگێڕێتەوە، کە بە بێزاری لە دڕندەیی کۆمەڵگاکەیان، گیریان خواردووە لە بیرۆکە ژەهراویەکانی داعش و کاتێک ڕاستییەکان دەبینن زۆر درەنگ دەبێت و خۆیان

دەبینن لە پەردەی ئەوانەی بۆنی مرۆڤایەتی ناکەن و هەریەکەیان چارەنووسێکی نادیاری دەبێت، ئەم ڕۆمانە تاوانەکانی داعش لە چوارچێوەی چیرۆکێکی تراژیدی و بیرەوەرییەکی تاڵ دەگێڕێتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی کچێکی ئازاد و کوڕێکی بوێرەوە تەحەدای هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات.

نوسەر لەم ڕۆمانەدا تیشک دەخاتە سەر جینۆسایدی ئێزدییەکان، بە پشتبەستن بەدەقی گێڕانەوەی یادەوەری لە بیر و هۆشی کارەکتەرەکاندا و تیایدا زۆر شت دەربارەی پرۆسەکانی جینۆساید لە ناوچەکانی شەنگال و دەوروبەری ئاشکرا دەکات. ڕۆماننووس وێنەی شەنگالی داهێنراوی خەیاڵ و زهنی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی پرسەکانی پەیوەست بە نەتەوەیی، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر فەرمی و زۆرجار وروژێنەر.

بابەتی ڕۆمانەکە، چیرۆکێکی خۆشەویستی و شەڕە، ئەو دوو پێچەوانەی ئەبەدییەی لەم ژیانەدا خۆیان مەلاس داوە. خۆشەویستی ئەو پیسییە ڕۆحی و جەستەییە پاکدەکاتەوە، کە شەڕ و تاوانەکانی جینۆساید لە درزی قووڵی یادەوەری مرۆڤەکاندا بەجێی هێشتووە، چونکە خۆشەویستی بۆ هەمیشە وەک هەوڵێک تەنها بۆ ڕزگاربوون لە یادەوەری چاک دەکرێتەوە بارگرانییەکانی لەدەستدان و دابڕان لەو کەسانەی کە خۆشمان دەوێن. لە ڕۆمانی «مازیاری شەنگالی»ی ڕۆماننوس «نەبەز گۆران»دا خۆشەویستی و شەڕ لە هەمان کاتدا دەدۆزینەوە و هەروەها ڕووبەڕووی ئیفلیجی و کەمئەندامی مرۆڤ دەبینەوە لە ئەنجامی هێرشی «داعش» بۆسەر شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، کە شەڕیان دروستکرد و تیرۆریان بڵاوکردەوە. هەر ئەم ڕۆمانە ئەو کۆمەڵکوژییەکەی ئێزدییەکان ئاشکرا دەکات، کە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی ڕوویدا. بەهەموو شێوازێک سیستەمی سیاسی چەپەڵی خۆیان دژ بە خەڵی سڤیلی ئەم ناوچانە جێبەجێ دەکرد.

ڕۆماننوس بەدوای خوێندنەوەی قووڵی هەموو شتێکدا دەگەڕێ، کە پەیوەندی بە جینۆسایدی ئێزدییەکانەوە هەیە، لە ڕۆمانەکەدا چەندین چیرۆکی سەبارەت بە دەنگدانەوەی ئەم جینۆسایدە لەناو خەڵکدا خستەڕوو، لەنێو ئەو کەسانەی کە ئەو کاتە بە ئازارەوە فۆڕمی ترس و دڵەڕاوکێ و سیاسییان تێپەڕاند، بە شێوەیەکی بەهێز یادەوەرییەکانییان خامەکانییان، کابوسەکانییان، سەبارەت بە کەسە ونبووەکانییان دەردەبڕێت.

ڕۆماننوس لە ڕێگەی ئەزموونەکەیەوە بۆی دەردەکەوێت تاکە شتێک، کە ئێزدییەکان بە چڕییەکی ڕۆحی بەرزەوە پێویستیان پێیەتی ئەوەیە، کە باس لە ترسناکییەکانی ئەو شتانە بکەن کە پێیدا تێپەڕیون، باسی کەسە ونبووەکانییان بکەن، وەک ئەوەی قسەکان لە دڵی ئەو کەسانە زیندوو بکاتەوە، کە ئەوان واتە «سیاسییەکان، سەرکردەکان، دروستکەرانی شەڕ و وێرانکاری» دەیانویست ئازارەکە بسڕنەوە و یادەوەرییەکە لە شێوەی وشەیەکدا بهێڵنەوە. ڕۆماننوس ئاماژەی بەوەشکردووە، چۆن مرۆڤەکان بەردەوام

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دەبن لە ژیان بەبێ ئەوەی بزانن چی بەسەر خێزانەکانیاندا هاتووە؟ واتە چۆن دەتوانن بەبێ حەقیقەت بژین؟ ڕۆمانەکە پرسیاری تیژ لە دڵ و یادەوەریدا دەچێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بێت بۆ مێژوویەکی دادپەروەرتر، بۆ مرۆڤی مرۆڤدۆستتر، پرسیارگەلێک کە ئەستەمە دوای بەریەککەوتنی ڕۆحت لەگەڵیاندا بە ئارامی بخەویت.

نوسەر «نەبەز گۆران» لە بەکارهێنانی مێژوو و بیروباوەڕی ئایینی و بەستنەوەی بە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئەفسانەیی ئێزیدییەکانەوە، لە ڕێگەی خۆڕاگریی کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە «میر مازیار» لە ژووری نەخۆشخانەیەکەوە قۆناغەکانی چارەسەرکردنی و گێڕانەوەی کارەساتەکان و بیرەوەرییە تاڵەکان ئاوێتە دەکات و گرژییەکان دەڕەوێنێتەوە و ئەو کەیسانەی کە پێیدا تێپەڕیوە بەراورد دەکات و وانە لێیان وەردەگرێت. وای لێدەکات، سەرەڕای زوڵم و گۆشەگیری، بە نیشتمانەوە بچەسپێت، بە «بیروباوەڕی ئایینی و خاک و گەل و ئەفسانە و مێژوو و زێدی داهاتووی» لە بیر نەکات کە تێیدا ئاڵای ئاشتی و سەقامگیری هەڵبدات، دەبێت خۆشەویستی زاڵ بێت، کە ویستێکی مرۆڤایەتییە، ئەمە زۆر بەڕوونی لە هەست و ویستی نوسەر و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕەنگدەداتەوە. ئەو ویست و ئاواتانەی، کە لە سەر بابەتەکانی ڕۆمانەکەدا دەڕوێن بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و بە زمانێکی ڕوون وا لە خوێنەر دەکات بە تامەزرۆییەوە بەردەوام بێت لە شوێنکەوتنی خوێندنەوەی بابەتی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوە لە توخمەکانی ڕۆمانەکە بکات، لە ڕێگەی پابەندبوون بە ڕێبازی وەسفیی و شیکارییەوە. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە توخمە پلۆت و توخمە پێکهێنەرەکانی زۆرترین توخمن کە لە چیرۆکی ‹‹مازیاری شەنگالی›› بەکاردەهێنرێن. لەم ڕۆمانەدا فەزای چیرۆکەکە لە ڕێگەی دیمەنێکی دراماتیکەوە دەگەیەنرێتە خوێنەر، چونکە توخمی دیالۆگ بە درێژایی چیرۆکەکە دیارە و نوسەر باس لەوە ناکات، کە دەتوانرێت چی بۆ تێگەیشتن لە فەزا و ژینگەکە بەکاربهێنرێت. هەروەها مۆنۆلۆگی ئەم ڕۆمانە زۆر بچووکە.

٢.٢ دەرکەوتنی بەڵگە نامە جیاوازەکانی جینۆساید لە ڕۆمانەکەدا.

پایەی سەرەکی شێوازی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی شێوازی شیکاری ڕەسەن دامەزراوە بۆ ئەو دەق و یاسایانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیەیان ڕێکخستووە، بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی جینۆساید و ڕوونکردنەوەی مەبەستی پشتەوەی بەشێک لە دەقی تێکستی ناو ڕۆمانەکە.

بە دڵنیاییەوە لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، لەوانەش نوێنەرایەتیکردنی لە ئەدەب و مێژوو و کولتووردا، دیسیپلینە جیاوازەکان دەگرێتەوە و چەندین ڕووداوی مێژوویی لەخۆدەگرێت. لێرەدا تێڕوانینێکی گشتی و فراوان لە لەسەر جینۆساید دەخەینەڕوو، بە وەرگرتنی چەند نمونەیەکی کەمی ناو ڕۆمانەکە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١.٢.٢. دوبارەبوونەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە مێژوودا.

بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگای کوردی دوچاری جینۆساید و قرکردن و لەناوبردنی زۆر و جۆراوجۆر بۆتەوە، بە هۆکاری جیاوازی زمان و نەتەوە و ئایین و کولتوور و بەرەنگاربوونەوە و سەرشۆڕنەکردن و بۆ داگیرکاران. بەداخەوە ئێزدییەکان زیاتر لە جارێک دوچاری شالاوی قڕکردن و لەناوبردن بوون، هۆکارەکەشی جیاوازی ئایین و بیروباوەڕ و ملنەدان بووە بۆ داگیرکاری. ئەمە زۆر بەجوانی لە ناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. ‹‹باوکم حیکایەتی سەیر سەیری دەگێڕایەوە، سەردەمانێک لە لایەن لەشکری عوسمانییەکانەوە پەلامار دراوین، منداڵی ناو بێشکەکانیشییان کوشتووە، سوڵتان بڕیاری داوە بەتەواوەتی لەناومان ببات و لەسەر زەوی یەک کەسمان نەهێڵێت! ئەم نەوەیەی ئێستا دەیبینی، نەوەی پاشماوەی هەڵاتووەکانی ئەم قەتڵوعامەن.... دەمەو بەیانییەک لە هەر چوار لاوە لالش و شەنگال گەمارۆ دراون، لەگەڵ فەرمانی هێرشکردنەکەیان هەرکەسێکییان بەردەست کەوتبێت بەبێ پرسوڕا، بەبێ وەستان کوشتوویانە... ماڵەکانییان سوتاندووە، شوێنە پیرۆزەکانییان ڕوخاندووە... هەرکەسێکییان کەوتبێتە بەردەستییان بە ئەهریمەن پەرستیان زانیوە (گۆران، نەبەز، ٢٠١٩: ٥٥-٥٦). لێرەدا نوسەر بەر لەوەی بێتە سەر جینۆسایدی ئێزدییەکان بەدەستی چەپەڵی «داعش» دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و باسی قەتلوعامی ئێزدییەکان دەکات لە لایەن عوسمانییەکانەوە. ‹‹کورد بە گشتی و ئێزدی بە تایبەتی، بە درێژایی مێژوو دوچاری کۆمەڵکوژی جیاواز بوونەتەوە و لەناوچەکانیاندا ژیانیان لێ حەرامکراوە و هەمیشە لە سنووری نیشتمانەکەی خۆیاندا شەڕیان بەملداهاتووە، بۆوەستاندن و قبوڵنەکردنی ئەم ستەمە بەردەوام لە بەرگری و شۆرشکردندا بوون›› (جالدیان، ٢٠٠٧: ٢٤). کەواتە لە هەموو سەردەمەکاندا ئێزدییەکان بەردەوام لەژێر هەڕەشەی کوشتن و لەناوبردبن بوون، زیاتر لەهەر کەمە نەتەوەیەکی تر لەکوردستان، بە بیانوی جیاوازی کولتوور و بیروباوەڕی ئایینی. لەم دەقەی سەرەوەدا سەرەڕای جینۆسایدی جەستەیی(فیزیکی) و جینۆسایدی کولتووریش بەدیدەکرێت.

٢.٢.٢. ڕەنگدانەوەی جۆرەجیاوازەکانی جینۆساید لە ڕۆمانەکەدا.

لە ڕێگەی پێناسە جیاوازەکانی جینۆسایدەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە چەمکی جینۆساید چەند فۆرمێک دەگرێتەبەر و کردەوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت بە مەبەستی لەناوبردنی، بە تەواوی یان بەشێکی گروپیکی نەتەوەیی یان ئایینی، وەک لەبەشی تیۆرییەکەدا باسمانکردووە. دەتوانرێت ئەم فۆڕمانەی جینۆسایدیش، کە لەڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ بەم شێوەی خوارەوە پۆلێنییان بکەین.

١.٢.٢.٢. جینۆسایدی جەستەیی.

جینۆسایدی فیزیکی ئاماژەیە بۆ لەناوبردنی بە ئەنقەست و سیستماتیکی کۆمەڵێک کەس، کە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر بنەمای جیاوازیی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز دێتە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئاراوە لە ڕێگەی ئەو کردەوانەوە، کە دەبنە هۆی مردنی ئەندامانی ئەو گروپە. ئەمەش دەتوانێت کوشتنی بەکۆمەڵ، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و جۆرەکانی تری توندوتیژی بە ئامانجی قڕکردنی دانیشتووانێک لەخۆبگرێت. ئەم دەستەواژەیە جەخت لەسەر لایەنی فیزیکی جینۆساید دەکاتەوە، تیشک دەخاتە سەر مەبەستی کوشتن و نەهێشتنی گروپێکی دیاریکراو لە بوون. ئەم چەمکە بەشێکە لە باسە بەرفراوانەکان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

بۆ نمونە: ‹‹لە تەنیشت یەکەوە..ڕیزیان کردبوین. ئەوانیش لە پشتمانەوە، یەکێکیان هاوارێکی کرد و هەرهەموویان بەجارێک میلی تفەنگیان هێنایەوە. تا ئەو چرکەیەش من وام زانی ئەمان ترسێنن، کەچی بەجارێ دونیا لەبەرچاوم بوو بەدەنگی گوللە و ئاگر دەستیان کرد بە تەقەکردن لێمان.. چەکدارەکان بەشێوەیەکی شێتانە گوللەیان پێوەدەنایین و دەیانویست یەک کەس بەسەلامەتی دەرنەچێت. لەخەیاڵی خۆم وام دانابوو هەر لە حەوشەی مەکتەبەکە ژن و کچەکانیش گوللە باران دەکەن.. ئەو مێرگانەی ڕۆژگارێک شوێنی مەلەکان بوون ئێستا بوونەتە گۆڕستانی خەڵکی گوندەکە و خزمەکانم››(گۆران، نەبەز، ٢٠١٩: ١٢٩-١٣٠).

سەرەڕای ئەوەی ئەم دەقەی سەرەوە نمونەی جینۆسایدی فیزیکی و دەرکەوتنێکی دیاریکراوی جینۆسایدە، بە لەناوبردنی تەواوی پیاوانی ئەم ناوچەیە، لە لایەکی ترەوە بەڵگەنامەکردنی ڕووداوە دڕندەییەکان دەردەکەوێت، کە تیایدا ڕۆمانەکە وەک تۆمارێک لە ڕووداوە مێژووییەکان کاردەکات، ڕۆماننوس بە بەڵگەنامەکردنی گێڕانەوەی کەسی، یادەوەری ئەو کەسانە دەپارێزێت، کە بەهۆی زەبر و زەنگ و جینۆسایدەوە لەدەستچوون.

یەکێک لە شێوازەکانی جینۆسایدی فیزیکی کوشتنی بەکۆمەڵە، ئەمەش زۆرجار ڕێگەی وەک تەقەکردن دەگرێتەوە وەک لە دەقەکەدا هاتووە. ئەم ڕووداوەی لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا خراوەتە ڕوو، ڕێک دەکەوێتە چوارچێوەی ماددەی (٣)ی ڕێککەوتننامەی تاوانەکانی جینۆساید، کە «ڕافائیل لیمکن» هێڵکاری بۆ کردووە و بە جینۆسایدی فیزیکی و زیان گەیاندن بەجەستەی ناوبردووە.

٢.٢.٢.٢. جینۆسیدی بایۆلۆژی.

ئەم جۆرەیان لەناوبردنی کۆمەڵێک مرۆڤە لە ڕێگەی بایۆلۆژییەوە، وەک بەکارهێنانی ماددە نەخۆشخوازەکان، ماددە کیمیاییەکان یان جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ لەیەکتری و بەکۆیلە گرتن و کڕین و فرۆشتن مرۆڤەکان بەتایبەتی کچان و ژنان. ئەم جۆرەیان زۆر بەروونی لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێ، بۆ نمونە: ‹‹حەمزەی خاتوونی نەڕاندی و گوتی: پیاوەکان لە ژنەکان جیابکەنەوە، با منداڵە بچوکەکانیش لەگەڵ پیاوەکان بن و ژن و کچەکانیش پێکەوەبن.. کاتێک ئێوەیان برد دوای تۆزێک زانیمان دەتان کوژن. گوێمان لە دەنگی گوللەکان بوو، پاشان ئۆتۆمبیلەکان بەخاڵی گەڕانەوە و دەستەیەکی تر پیاویان

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

برد.. ئەو شەوە تابەیانی دەستەدەستە پیاویان دەبرد و دەیان کوشت و دەگەڕانەوە... بەڵام ئێمەیان نەکوشت سواری ئۆتۆمبیلەکانیان کردین و بردیانین بۆشار هاواریان دەکرد ئەمانە ئەهریمەن پەرستن، ئەمانە دوورن لە خوداوە، ئەمانە بێ ئیمانەکانن. منداڵ و گەنجیان کۆکردەوە بە بەرد و تفبارانکردن نەفرەتییان لێدەکردین.. ئەمانە شەرەفی کافرەکانن. ئەمانە دووجار کافرن، جارێک ئێزدین و جارێک کوردی جنۆکەن.. بڕیاریاندا بمانفرۆشن..››(گۆران، نەبەز، ٢٠١٩: ١٧٩). وەک دەردەکەوێت لە دەقەکەدا بۆ قڕکردن و لەناوبردنی ئێزدییەکان فۆرمی جینۆسایدی بایەلۆژیش پەیرەوکراوە. لە جیاکردنەوەی ژن و پیاوەکان لەیەکتری و فرۆشن و بەکۆیلە کردنی کچان و ژنان و گۆڕینی نەسلیان. لەم جۆرەیاندا زەبرو زەنگە دەروونییەکان زۆر گەورەترن لە زەبروزەنگی جەستەیی، کە سارێژبوونی زۆر ئەستەمە. بەپێی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بەرەنگانگاربوونەوەی تاوانەکانی جینۆساید ‹‹جینۆسایدی بایۆلۆجی نیگەرانی یاسایی و ئەخلاقی بەرچاو دەوروژێنێت، لەوانەش پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان››(دینو، ارکان عبدالرحمن، ٢٠٢٤: ١١-١٢). بە گشتی جینۆسایدی بایۆلۆژی نیگەرانییەکی گەورەی لێکەوتەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، چونکە لەگەڵ تەندروستی گشتی و ئەخلاق و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا یەکناگرێتەوە. دەرهاویشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم فۆرمە هێندە گەرەیە هەرگیز هەژمار ناکرێ. ئەو کەسانەی لە جینۆساید ڕزگاریان بووە زۆرجار تووشی کاریگەری دەروونی درێژخایەن دەبن، لەوانە، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و گەلێل نەخۆشی تر.

«پێش فرۆشتن بە ژن و پیاوەوە دەیان بەن بۆ گەرماو خۆیان بشۆن. دوای خۆشۆردنیان ژنەکان یەکی کراسێکی تەنکیان لەبەردەکەن و دەیان خەنە ناو قەفەزێک و بە ئۆتۆمبێل دەیان بەنە ناو بازاڕی ئێزدیفرۆشانەوە››(گۆران، نەبەز، ٢٠١٩: ١٦١).

مەیان گوتی:››من و دایکم و خوشکەکانم لەنا قەفەسێک بووین فرۆشتنمان دەستی پێکرد.. منیان لەناو قەفەسەکە ڕاکێشایە دەرەوە و دایکم هاواری دەکرد، مەیان، مەیان گیان مەترسە. خودایەک هەیە ئەم ریسواییەی مرۆڤ دەبینێت. هەرچیان کرد و هەرچییان وت گوێی مەدەرێ. بەس هەوڵدە نەمریت و بمێنیتەوە. دایکم نائومێد بووبوو لە مانەوەی خێزانەکەی، بۆیە دەیویست یەکێکیشمان بمێنین هەر باشە››(گۆران، نەبەز، ٢٠١٩: ١٧٩).

دەقی ئەم پەڕەگرافانەی ڕۆمانەکە، تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییە بەرفراوانەکانی توندوتیژی و چەوساندنەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە کارانە دەتوانن زیانێکی قووڵیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامدا مردنی جەستەییشی لێنەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی، ‹‹جینۆسایدی دەروونی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ لەناوبردنی سیستماتیکی پەیکەری دەروونی و کۆمەڵایەتی گروپێک، بە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامە، کولتوور، یان پەیوەندی کۆمەڵایەتیان. بە پێچەوانەی جینۆسایدی فیزیکی، کە تیشک دەخاتە سەر کوشتنی بەکۆمەڵی تاکەکان››(دینو، ارکان عبدالرحمن، ٢٠٢٤: ١٢-

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١٣). کەواتە جینۆسایدی دەروونی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی گروپێک دەکاتە ئامانج. ئەمەش دەتوانێت کردەوەکانی وەک سڕینەوەی کولتووری، سەرکوتکردن، سوکایەتی پێکردن، فرۆشتن و بەکۆیلەکردن یان نەهێشتنی پراکتیزەکردنی زمان و نەریتەکانی کولتووری خۆیان بگرێتەوە.

دوژمنانی کورد لەم هەنگاوەیان «دەستکاریکردنی دەروونی» مەبەستییان هاندانی زەبر و ترس و بێهیواییە بۆ تێکدانی یەکگرتوویی و ناسنامەی گروپەکە، هەر وەک چۆن ناچارکردنی تاکەکان بە جێهێشتنیماڵەکانیان یان کۆمەڵگاکانیان، دەبێتە هۆی لەدەستدانی تۆڕەکانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی، خۆی لە خۆیدا دوژمنان و داگیرکەرەکانی کوردیش هەر ئەمەیان گەرەکە، چونکە جینۆسایدی دەروونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک پراکتیک لەخۆدەگرێت، کە ئامانجیان هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و خۆڕاگری دەروونی گروپێکی ئامانجدارە.

شایانی باسە لە ڕۆمانەکەدا دەق و پەرەگرافی زۆر هەن گوزارشت لە جۆرە جیاوازەکانی تری جینۆساید دەکەن وەک جینۆسیدی کولتووری ئەوانی تریش، بەڵام لە پێناو گەورە نەکردنی قەبارەی توێژینەوەکە، کۆتایمان پێهێنا.

ئەنجامەکان:

١- ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی بوارێکی گرنگە بۆ پرۆسێسکردنی زەبر و زەنگ و بیرەوەری. بە گۆڕینی ئازاری تاکەکەسی و بەکۆمەڵ بۆ چیرۆک، نەک هەر تێگەیشتن و هاوسۆزی پەروەردە دەکات، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چاکبوونەوە و پێکهێنانی ناسنامە و پاراستنی لە یادەوەریدا.

٢- ئەم ڕۆمانە شیکاری دەکات، کە چۆن جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ئەدەبدا نوێنەرایەتی دەکرێت، لەوانەش شایەتحاڵی ڕزگاربووان و گێڕانەوەی خەیاڵی دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردوو و دارشتنی داهاتوو.

٣- ئەم ڕۆمانە، نوێنەرایەتی ڕەخنەیەکی تیژ و دەنگێکی بەهێزی جیهانی ئەدەب دەکات دژی سیاسەتەکانی تیرۆر و داعش بەرامبەر ئێزدییەکان. ئەم بانگەوازە لەسەر بنەمای ئەخلاق و مێژوو و ویژدان دامەزراوە.

٤- ڕۆمانی «مازیاری شەنگالی» بە بەڵگەیەک لەسەر کۆمەڵکوژییە جیاوازەکانی ئێزدییان هەژماردەکرێت، کە بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو بەسەریان داهاتووە.

٥- ئێزدییەکان، بە هۆکاری شەڕکردن لەگەڵ هێزی بەرامبەردا توشی کۆمەڵکوژی نە بوون، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازی ئایین و بیروباوەڕ و کولتوور و نەتەوە سەرو ماڵیان لەناوبراوە.

٦- هەموو جۆرەکانی جینۆساید زۆر بە ئاشکرا لە ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت، لە

جینۆسایدی «جەستەیی و بایەلۆژی و کولتووری»، کە لە هەموویاندا زیانی جەستەیی و سوتانی دەروونی و زەبروزەنگی کۆمەڵایەتی گەورەی لێکەوتۆتەوە.

سەرچاوەکان:

١- حەیدەری، ممتاز، (٢٠٢٢) ڕەوسەی قەلەمەکەم(جینۆساید لە خەزێنەی k21دا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

٢- گۆران، نەبەز، (٢٠١٩)، مازیاری شەنگالی(ڕۆمان)، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣- گوڵ، د. مارف عومەر، (٢٠٠٧)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- موحسین، هێرۆ، (٢٠١٣)، جینۆساید، گۆڤاری K٢٤ ژمارە (١٦)- لاپەڕە ٤١٩-٤٣١.

٥- اتفاقية منع جريمة إلبادة الجماعية والمعاقبة عليها لعام ١٩٤٨م.

٦- حجازي، عبد الفتاح بيومي،(٢٠٠٥)، قواعد أساسية في نظام محكمة الجزاء الدولية، دار الفكر العربي الجامعي، مصر.

٧- جالديان، جيرارد، (٢٠٠٧)، الماساه الكورديه، ترجمه الى العربيه، عبدالسام النقشبندى، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.

٨- دحيلية، جود عدنان، (٢٠٢١)، الرسالة الماجستير في القانون الجنائي، من كلية الدراسات العليا، في جامعة النجاح الوطنية، نابلس- فلسطين.

٩- دار ناصر، د. منتصر، (٢٠٢٤)، جريمة إلبادة الجماعية في فلسطين من منظور القانون الدولي، للتشريع/ دائرة الدراسات واألبحاث.

١٠- دينو، اركان عبدالرحمن، (٢٠٢٤)، دور نظام روما االساسي في تشخيص جريمة االبادة الجماعية، رسالة ماجستير،جامعة الشرق الادنى الدراسات العليا في العلوم االجتماعية كلية الحقوق / قسم القانون العام، نيقوسيا.

١١-رتيب، معمر و حامد سيد، (٢٠١٦)، تطور مفهوم إلبادة الجماعية في نطاق المحكمة الجنائية الدولية، دار المنهل للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

١٢-شو، مارتن، (٢٠١٧)، الإبادة الجماعية: مفهومها وجذورها و تطورها وأين حدث، ت.محي الدين حميديو المملكة العربية السعودية الرياض، العبيكان للنشر.

١٣-عوينة، سمير ة، (٢٠١٣)، جريمة إلبادة الجماعية في االجتهاد القضائي الدولي، رسالة ماجستير، جامعة الحاج لخضر- ب تانة، الجزائر.

١٤-جەلیل، سەرکەوت، (٢٠٢٤)، جینۆسایدی کەلتوری و زمانی کوردی.

-https://acrobat.adobe.com/id/urn:aaid:sc:ap:95b5abcc

١٥-خضر، شمال خمۆ،(٢٠٢١)، بەلگەنامێن جینۆسایدێ د سترانا فولکلۆری یا کوردیدا.

:https://acrobat.adobe.com/id/urn:aaid

١٦-غەفور، شادی، جینۆساید چییە؟ https://www.pernus.org/show/124/detail

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کاریگەری جینۆساید لەسەر ژیانی تاقانەکانی ئەنفال لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە) ی میران ئەبراهامدا

د. سوزان برایم حمید

بەشی میکانیک و وزە، کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی - هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

Sozan.hamid@epu.edu.iq

پوختەی توێژینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بەناونیشانی(کاریگەری جینۆساید لەسەر ژیانی تاقانەکانی ئەنفال لە ڕۆمانی :(خەمی مەستوورە) ی میران ئەبراهامە .) هەوڵدەدات کاریگەری ئەنفال و جینۆساید لە ژیانی ژنێکی پاشماوەی ئەنفال بەناوی مەستوورە بخاتەڕوو، کە ئەو ژنە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی «خەمی مەستوورەی « میران ئەبراهامە، پلانی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی ودەروازە و دوو باس و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە :

لە دەروازەدا لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە چەمک و پێناسەی جینۆساید کراوە، پاشان پوختەیەکی ڕۆمانەکە خراوەتەڕوو، لە باسی یەکەمدا باس لە ؛ کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری دەروونی و جەستەیی و تەندروستی مەستوورە دەکەین. لە باسی دووەمیشدا گرنگترین کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ئابوریی لە ژیانی مەستوورەدا دەخەینەڕوو. لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدەستمانهێناوە.

کلیلە وشە: جینۆساید. کاریگەری دەروونی، کاریگەری جەستەیی و تەندروستی، کاریگەری کۆمەڵایەتی، کاریگەری ئابووری، مەستوورە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

Genocide on the lives of Anfal singles in the novel:(Khami Mastura) by Miran Abraham

Dr. Sozan Braim Hamid

Department of Mechanical and Energy Engineering , Technical Engineering College , Polytechnic University - Erbil, Kurdistan Region – Iraq

This study is entitled «The Effect of Genocide on the Lives of Anfal Lone Survivors in Miran Abraham›s Novel: The Sorrow of Mastura» and it attempts to show the effect of Anfal and genocide on the life of a woman named Mastura، who is the main character of Miran Abraham›s novel «The Sorrow of Mastura». The study consists of an introduction, background, two sections, conclusions, and the list of references:

In the first chapter, the concept and definition of genocide were discussed theoretically. Then, a summary of the novel is presented. In the first section, the impact of Anfal on the mental، physical and health aspects of Mastura are explained. In the second section, we will discuss the most important effects of Anfal on the social and economic situation of the Mastura. Finally, the results that have achieved in the study are presented.

Keywords: Genocide. Psychological Impact, Physical and Health Impact, Social impact, Economic impact, Mastura

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

ناونیشـانی توێژینـەوە: کاریگـەری جینۆسـاید لەسـەر ژیانـی تاقانەکانـی ئەنفـال لـە ڕۆمانـی :(خەمـی مەسـتوورەی) میـران ئەبراهامـە . توێژینەوەکـە بـاس لـە کاریگەرییەکانـی جینۆسـاید لەسـەر ژیانـی تاقانەکانـی ئەنفـال لـە ڕۆمانی(خەمـی مەسـتوورەی) میـران ئەبراهـام دەکات.

هـۆی هەڵبژاردنـی ناونیشـانی توێژینەوەکـە: دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـەوا؛ جینۆسـاید بەگشـتی و ئەنفـال بەتایبەتـی کاریگەرییەکـی زۆری بەسـەر ئەدەبیاتـی کوردیـدا جێهێشـتووە، ڕۆمانـی خەمـی مەسـتوورەش، یەکێکـە لـەو ڕۆمانانـەی کـە بـاس لـە ژیانـی تاقانەیەکـی ئەنفـال دەکات.

ئامانجـی توێژینەوەکـە: گرنگـی ڕۆمـان و ئـەدەب دەربخـات، لـە پاراسـتنی مێـژووی گەلـی کـورد و ڕووداوەکانـی ئەنفـال و جینۆسـاید، ئەمـە لەلایـەک لەلایەکـی تریشـەوە تیشـک بخاتـە سـەر ڕەهەندەکانـی ژیانـی تاقانەیەکـی ئەنفـال و کاریگـەری جینۆسـاید و ئەنفـال دەربخـات.

سـنوری توێژینەوەکـە: تەنهـا کار لەسـەر کاریگەرییەکانـی ئەنفـال لـە ڕەهەنـدە دەروونـی و جەسـتەیی و تەندرووسـتی و کۆمەڵایەتـی وئابوورییـیەکان لـە ژیانـی مەسـتوورەدا دەکات.

بەشـەکانی توێژینەوەکـە: توێژینەوەکـە لـە دەروازە و یـەک بـەش پێکهاتـووە، لـە دەروازەدا چەمـک و پێناسـەی جینۆسـیاد و پوختـەی ڕۆمانەکەمـان خسـتۆتەڕوو، بەشـەکەمان دابەشـی دوو بـاس کـردووە لەبـاس یەکەمـدا، لەتـەوەری یەکەمـدا باسـمان: لـە کاریگەریـی ئەنفـال لەسـەر بـاری دەروونـی مەسـتووره کـردووە و لـە تـەوەری دووەمیشـدا: باسـمان لـە کاریگەریـی ئەنفـال لەسـەر بـاری جەسـتەیی و تەندروسـتی مەسـتووره کـردووە، لـە باسـی دووەمیشـدا لەتـەوەری یەکـەم: باسـمان لـە کاریگەریـی ئەنفـال لەسـەر بـاری کۆمەڵایەتـی مەسـتووره و لەتـەوەری دووەمیشـدا: باسـمان لـە کاریگەریـی ئەنفـال لەسـەر بـاری ئابـووری مەسـتووره کـردووە، لـە کۆتایشـدا ئەنجـام لیسـتی سـەرچاوەکانمان خسـتۆتەڕوو.

دەروازە: چەمك و پێناسەی جینۆساید

بـەر لـەوەی بچینـە نـاو کرۆکـی باسـەکەمان بـە پێویسـتی دەزانیـن بـاس لـە چەمـک و پێناسـەی جینۆسـاید بکەیـن، جینۆسـاید لـە دوو وشـە پێکهاتـووە هاتـووە:((گینـۆس(genos) لـە یۆنانـی کۆنـدا بەمانـای ڕەگـەز، نـەژاد یاخـود وڵاتـی کەسـێک دێـت؛ هەروەهـا(caedere) بـە واتـای سـەربڕین یاخـود کوشـتن دێـت)) (بنیامیـن ٢٠١٧، ل ٧) بـەڵام پێناسـەی تاوانـی جینۆسـاید. بریتییـە لە:((قڕکردنـی بەکۆمـەڵ، بـە پاڵنـەر و پاسـاوی نـەژادی، ڕەگـەزی،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نەتەوەیـی یاخـود ئاینییەوە)).(بنیامیـن ٢٠١٧، ل ٨)، کـە ئـەم کوشـتن و لەناوبردنـەش گەورەتریـن تاوانـە دژ بەمرۆڤایەتـی کـراوە.

پوختەی ڕۆمانەکە

ڕۆمانـی خەمـی مەسـتوورە، یەکێکـە لـەو ڕۆمانانـەی، کـە لـە ئەنجامـی ڕەنگدانـەوەی جینۆسـاید لـە ئەدەبـدا هاتۆتەکایـەوە و گوزارشـت لـەو تاوانـە قێزەوەنـە دەکات، کـە چـۆن دەرحـەق بـە میللەتـی کـورد کـراوە !! بـاس لـە بەرکەوتەیەکـی ئەنفـال دەکات بـە نـاوی مەسـتوورە، کـە ژیانەکـی کولەمەرگـی هەیـە، تووشـی چەندیـن شـاڵاوی ئەنفـال بۆتـەوە، جینۆسـایدی جەسـتەیی و فیزیکـی و ئابـوری و کلتووری بەرامبـەرە کـراوە و دیتییەکـەی و خـزم و کـەس و کار و پیـاو منداڵەکانـی ئەنفـال کـراون.

ئـەم ڕۆمانـە یەکێکـە لـەو ڕۆمانانـەی، لـە ڕێگـەی فـلاش باکـەوە زۆر بـە ووردی بـاس لـە جینۆسـایدکردنی دێـی جەلەمـۆرد دەکات، کـە سـەر بەنەحیـەی ئاغجەرلـەری قـەزای چەمچەماڵـە، کـە لـە(١٩٨٨/٥/٥) زیاتـر لـە چوارسـەد و پەنجـا کەسـیان لـێ ئەنفـال کـراوە، گوندەکـە چەندیـن جـار تووشـی شـاڵاوەکەنی جینۆسـایدی ڕاگواسـتن و تێکدانـی گونـد و ئەنفالکـردن بۆتـەوە. بـەڵام میـران ئەبراهـام بـە شـێوەیەکی تەکنیکـی و هونـەری بـاس لـە جینۆسـاید و کاریگەرییەکانـی ئەنفـال لەسـەر مەسـتوورە دەکات.

ئێمـە لـەو توێژینەوەیـەدا بـاس لـە گرنگتریـن کاریگەرییەکانـی ئەنفـال و جینۆسـاید لـە ژیانـی مەسـتوورە دەکەیـن، تیشـک دەخەینـە سـەر ئـەو ئـازار و مەینەتییانـەی مەسـتوورە، کـە چـۆن میـران ئەبراهـام توانیویەتـی ئـەو واقیعـە بگوازێتـەوە بـۆ نێـو دونیـای ئـەدەب و ڕۆمـان، ئـەم کارەش گرنگـی و ماهیەتـی خـۆی هەیـە بـەوەی توانیوویەتـی لـە ڕێگـەی شـایەتحاڵێک بەنـاوی مەسـتوورە کارەسـاتی ئەنفـال و جینۆسـاید بـە نـەوەی نـوێ بناسـێنێ لـە هەمانکاتیشـدا ژیـان و گوزەرانـی تاقانـەو قوربانییەکـی ئەنفـال دەخاتـەڕوو.

گرنگترین کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ژیانی مەستوورەدا:

باسی یەکەم:

١ ـ کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری دەروونی مەستوورە

ئەنفـال یەکێکـە لـەو پرۆسـە تراژیدیانـەی، کـە گەورەتریـن کاریگـەری لەسـەر تاکـی کـورد بەجێهێشـتووە بۆیـە نووسـەر لـەو ڕۆمانـەدا لـە ڕێـی کارەکتـەری مەسـتوورەوە دەیەوێـت ئەوەمـان پێبڵێـت: کـە مەسـتوورە وەک تاقانەیەکـی ئەنفـال تووشـی نەخۆشـی دەروونـی بـووە لەبارودۆخێکـی زۆر ناخۆشـدا دەژیـت لێرەدا لـە چەنـد ڕووەکـەوە بـاس لـە کاریگـەری دەروونـی ئەنفـال لەسـەر ژیانـی مەسـتوورە دەکەیـن:

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١ - ١- ١ - تێکچوونی باری دەروونی

مەستوورە یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی، کە چەندین ڕووداوی ئەنفالی بەچاوی خۆی بینیوە، کۆتا جار ئەو کاتەبوو کە لەگەڵ خدری هاوسەری و منداڵەکان لەناو ئەو پاسە دەبێت، کە سەربازەکان دەیانەوێت بیانبەن، بەڵام پاسەکە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبێت، بەم هۆیەوە مەستوورە بریندار‌دەبێت((ڕووداوەکان ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر خەیاڵی هەبوو، نەیدەزانی چۆن بەسەرهاتی خۆی بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە، بەردەوام بە نیوەناچڵ و بەترسەوە پرسیاری لە ڕێبواران دەکرد، هەندێک بە قسەکانی پێکەنی بوون و پێیان گوتبوو: «دیارە تۆ تێک چوویت «)) (میران ٢٠٢٠، ل٣٥)، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی مەستوورە لە شاڵاوەکە ڕزگاری ببێت، بەڵام تێکچوونی باری دەروونی بەدوای خۆیدا هێنا،مەستوورە بەردەوام سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە چۆن ئاگای لە خۆی نەماوە و لە خێزانەکەی دابڕاوە، بۆیە پیشەی ڕۆژانەی ئەوەیە:((پڕ بە دەستی؛ قژی خۆی دەڕنی و بەڕقەوە ڕایدەکێشا، بەری نەدەدا تاوەکوو چاوی بە فرمێسک تەڕدەبوو..... پاشان دوای تاوێک بێدەنگی، دەستی بەژیانی ئەو ڕۆژەی دەکرد.))(میران ٢٠٢٠، ل٦٧) لێرەدا تەنها شتێک، کە سوکنایی و سەبوری بێت بۆ مەستوورە، بریتییە لە: گریان، چونکە گریان بەشێکە لە ژیانی مەستوورە و هۆکارێکە بۆ ئارامی دڵ و دەروونی، بۆیە لێرەدا لە سێ ڕەهەندی سەرەکی باس لە کاریگەری دەروونی لە ژیانی مەستوورە دەکەین:

١ - ١ - ٢ - دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان بەخەون

ئەگەرچی زیارتر لە بیست ساڵە ڕووداوەکان ڕوویان داوە، بەڵام مەستوورە هەروادەزنێ تازە ڕوویانداوە لەبیر و خەیاڵی ناچێتە دەر، کاتێکیش سەردەخاتە سەرسەرینەکەی دەیەوێت بنوێت و لەو خەیاڵ و داڵغانە ڕزگاری ببێت، بەڵام هەر خەون بە ڕابردووەوە دەبینێت ((سەری هەڵبڕی و لەبنمیچی ژوورەکەی ڕوانی و گوتی: « ڕزگارم نابێت، دیسان دەستمان کردەوە بە بینینەوەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە، وەکو من ئەو کات و ساتانەم هەزار جار بەخەون نەبینیبێت!))(میران ٢٠٢٠، ل٦٠) واتا: بەبەردەوامی پرۆسەکە لەبەرچاویتی و لەخەون و خەیاڵیدا دووبارە و هەزاربارە دەبنەوە، نووسەر ئەمەشی بەهەڵێک زانیووە بۆ ئەوەی لە ڕێی» خەونی مەستوورەوە « ڕووداوەکانی ئەنفال و جینۆسایدمان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەوەی ژیانی لەمەستوورە تاڵ کردووە لەبیرنەچوونی ساتەکانی ئەنفالە دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەمەستوورە ئەو ڕووداوانەی بەچاوی خۆی بینییوە لەلایەکی تریشەوە خەمی لەدەستدانی مێرد و کچەکانی ئاخۆ دەبێت چیان لێبەسەرهاتبێ ؟! مابن یان مردبن ؟! ئەمەش باری دەروونی مەستوورەی هێندەی تر ئاڵۆزترکردووە، چونکە بەشێکی ئەم قەڵەقی و دڵەڕاوکێیە ژن و دایکی ئەنفال کراوان

بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان لەگەڵ خێزانەکانیان بەزیندووی لەیەک دابڕاون و ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە کوژرابن یاخود مردبن، چونکە ئەم لەدەستدانە زۆر بەئازارتر و سەختترە لە مردنێکی ئاسایی کە تەرمێکی هەیە و گۆڕێک هەیە بچنە سەردانی، بۆیە نایانەوێت ئەو واقیعە قبوڵ بکەن، بۆیە هەمیشە ئومێدیان بەوە هەیە. کە ئەنفالکراوانیان زیندوون و دەگەڕێنەوە لایان.

١ - ١- ٣ - تێکەڵ کردنی واقیع و خەیاڵ

مەستوورە لەبارودۆخێکی دەروونی ناخۆش و ئاڵۆزدا دا دەژیت بە بەردەوامی خەون و خەیاڵ و ئیستا و ڕابردووی خۆی لێ تێکەڵ دەبێت، کاتێک دیمەنێکی هاوشێوە لە ئێستای مەستوورە ڕوودەدات ڕووداوەکانی پێشووی بەبیردێنێتەوە واتە: مەستوورە گیرۆدەی ڕابردوو و خەون و خەیاڵەکانێتی ناتوانێت لێی جیابێتەوە، مەستوورە لە واقیع داناژیت بە بەردەوامی خەون بە ڕابردوویەوە دەبینێت و تا ئەو ڕادەیەی واقیع و خەیاڵی لێجیاناکاتەوە :((قوڕ بەسەر خۆم، خەون و ڕاستیم تێکەڵ بوون و بۆم لێک جیا ناکرێنەوە !))(میران ٢٠٢٠، ل٦٢) ئەمەش ئەوە دەردەخات باری دەروونی مەستوورە بەتەواوی تێکچووە.

دڵە ڕاوکێی مەستوورە بۆتە هۆی ئەوەی واقیع و خەیاڵی بۆجیانەکرێتەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە مەستوورە ئەوەی لەئەنجامی داڵغە و خەیاڵەکانی خەو دەیباتەوە خەونی ناخۆش و تراژیدی پڕ ترسی بۆدێت، کاتێکیش لەخەوەکەی بەئاگا دێت هەر وادەزانێت ڕاستییە و ڕوودەدەن ((بەڵام خۆیشم لەوە دوودڵ بووم ئاخۆ دەبێ ئەو چەقەڵانە بۆ ناو شارهاتبن ! ئەگەر ئەوەی ئەمشەو خەون بووبێت، ئەی ئەوەی ئێستا دەیبینم و گوێم لێیە و بۆنی دەکەم چییە ؟ خەون و خەیاڵە یان ڕاستییە ؟ ئەوەتا بزانە چۆن شار خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە !))(میران ٢٠٢٠، ل١٢٣) واتا: لێرەدا ڕووداوەکانی لێ تێکەڵ دەبێت.

١ - ١- ٤- ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی

یەکێکی تر لە کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەنفال دروست کردنی ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی زۆرە لای قوربانیانی ئەنفال، مەستوورەش یەکێکە لەوانەی هەر لەمنداڵیەوە کەوتۆتە ناو ئەو پرۆسە تراژیدیایە، کە بە درێژایی ژیانی نەیتوانییوە ئەم بەسەرهات و ڕووداوە ناخۆشانە لەبیربکات و بەڵکو بە بەردەوامی لەخەون و خەیاڵی دایە زۆرجار ڕووداوەکانییانی ڕۆژانەی دەیانباتەوە بۆ ڕابردوو هەوەک مەستوورە دەڵێ: ((خەمی من، ترسە لە دەنگی گوللەکان !))(میران ٢٠٢٠، ل١٤٩)، مەستوورە پاش تێپەڕبوونی چەندەها ساڵ کاتێک گوێی لە دەنگی گوللە دەبێت هەمان هەستی پێشووی بۆ دروست دەبێتەوە، کە دەیانەوێت ئەنفالیان بکەن، ئەمەش یەکێکە لە کاریگەری و

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لێکەوتەکانی ئەنفال کە تائێستا قوربانیان و شایەتحاڵەکان ترسێک لە ناخیان هەیە کە ئەویش (ترسە لە دووبارە بوونەوەی ئەنفال کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرجەم بوارەکانی ژیانیان بشێوێت) (عارف(٢٠١٢). ل ٤٠) واتا: هەموو ساتێک ئەم قوربانیانە وادەزانن ئەنفال دەکرێن، ئەم ڕابردووە لەکۆڵیان نابێتەوە بەرۆکیان بەرنادات،((چۆڵ بوونی شاری هەولێر و بەتایبەتی گەڕەکی ئیسکان، خەمی مەستوورەیان گرانتر کردبوو، لەنێوان ژیانی ڕاستی و خەون و خەیاڵدا، هیچ جیاوازییەکی نەدەبینی))(میران ٢٠٢٠، ل٢٢١) ڕووداوەکانی ئێستای دەبەستێتەوە بە ڕابردووی، چونکە تا ئێستا نەیتوانییوە لەو ڕابردووەی ڕزگاری ببێت و لە ئێستادا بژین.

ترس و دڵەڕاوکێ تەنگیان بە ژیانی مەستوورە هەڵچنیووە، بۆیە مەستوورە خۆزگە بەمردن بخوازێت((ترس لە بینینی خەونەکەی... لەبەر خۆیەوە گوتی: خوایە لەم ژیانە پڕ چەرمەسەرییە ڕزگارم بکەیت))(میران ٢٠٢٠، ل٦٠) دەیەوێت خوا لەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییە ڕزگاری بکات، چونکە ئەو لەخەویشدا ناتوانێت ئیسراحەت بکات هەر خەوی ناخۆش دەبینێ .

مەستوورە زیندووەکی مردووە، تەنها لەڕێگەی خەیاڵەکانی بە ڕابردوویەوە دەژیت واتا: وەکو کەسێکی ئاسایی ژیان ناکات، ئەگەر خۆشییەک هەبێت، داڵغەی منداڵەکانی و دایکیتی((بۆ سەر تەختی خەوەکەی گەڕایەوە، پاشان بێدەنگ کاتژمێرەک لە خەیاڵی خۆیدا بەسەر یادەوەرییەکانیدا گەڕا. ئەو ساتانەی لەگەڵ دایکیدا بەسەری بردبوون))(میران ٢٠٢٠، ل٨٣)، واتا: ژیانی مەستوورە بەشێکە لە خەیاڵ و داڵغەی ژیانی پێشووی، ئەوە بوو ڕۆژێکیان مەستوورە هەستی بەوەکرد(وەکو لەناو ماڵەکەیدابن، دەنگی کچەکانی دەهاتە گوێ)(میران ٢٠٢٠، ل٢٣٣) ئەمەش هەستێکی خۆشی بۆ درووست کرد، کە دووبارە دروستکردنەوەی ئەو واقیعەیە، کە کچەکانی زیندوون و لەگەڵی دەژین.

دروستکردنی قەلەقی و دڵەڕاوکێ یەکێکی ترە لەو حاڵەتە دەروونی و گرفتە دەروونیانەی بەرۆکی قوربانیانی ئەنفالی گرتۆتەوە، کە تائێستاش ناتوانن ژیانی خۆیان وەکو کەسێکی ئاسایی بەڕێبکەن، چونکە(ئەنفال کاریگەری گەورەی لەسەر باری دەروونی ژنی پاشماوەی ئەنفال هەبووە و گۆڕانی گەورەی بەسەر باری دەرونیاندا هێناوە، ئەم گۆڕانەش بە پلەی یەکەم لە دروستبوونی حاڵەتی دڵەڕاوکێدا خۆی دەبینێتەوە پاشان ترس و بێئومێدیی و خەفەت بەدوای یەکدا)(هێمن بەرهەم(٢٠٠٤) . ل ١٢٠)، دڵەڕاوکێ لەوەی کە ئەم ڕووداوانە ڕەنگە جارێکی تر دووبارەببنەوە، بۆیە لەگەڵ دیمەنێکی هاوشێوە ڕووداوە جەرگبڕ و تراژیدییایەکەی ئەنفالیان بیردەکەوێتەوە، ڕۆژێکیان مەستوورە لەسەر شەقامی شەست مەترییەکە دەبێت، بەڵام لەسەر قەڵاتێ دووکەڵێکی ڕەشی بینی : گوتی:((سووتاندیان ! ئەو قەڵا کۆنەشیان سووتاند، وەکو و ماڵەکانی جەلەمۆرد سووتاندیان !)) (میران ٢٠٢٠، ل١١٨)، لێرەدا مەستوورە تائێستاش لەناو سات و دیمەنەکانی ئەنفالدا دەژیت و لێی دەربازنەبووە (تۆنی دەنگی بێژەری

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕادیۆکە، دوا سات و ڕۆژی گوندی جەلەمۆردی بیر خستەوە) (میران ٢٠٢٠، ل١٣١)، ئەمە ئەم یادگارییە ناخۆشانەن، کە لە ژیانی تاقانەکانی ئەنفال ناچنە دەرەوە بووە بە بەشێکی ژیانیان.

چاوەڕوانی؛ یەکێک لەو حاڵەتە دەروونیانەی، کە تووشی تاقانەکانی ئەنفال دەبێت، بریتییە لە چاوەڕوانی، ئەوان تائێستاش چاوەڕوانی گەڕانەوەی خزم و کەسکارەکانیان، تا ئێستاش بەدوایاندا وێڵن و خەریکی سۆراخ و هەواڵ پرسینن، چونکە ئەم پرۆسەیە ئەوەندە قێزەوەنە، کە بە زیندوویی لەبەرچاویان براون و بەشێکی زۆریان تەرمەکەشیان دیار نین، بۆیە ئەمە دوو دڵی و قەلەقیەکی زۆری خستە دڵی تاقانەکانی ئەنفال، مەستوورەش، یەکێکە لە قوربانییەکانی دەست ئەم پرۆسە نەگریسییە، کە بەردەوام بە دوای هەواڵی مێرد و کچەکانیەوەیە،ئەگەر چی مەستوورە شووشی کردۆتەوە و ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، بەڵام هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی خدری مێردی دەکات.

مەستوورە نمونەیەکە لەو نمونانەی، کە چەندەها ژنی کورد هەمان حاڵەت و بارودۆخیان هەیە، کە دووچاری ئەو بارودۆخە بووینەوە هاوسەرگیریان کردووە، لە قەلەقی و دڵەڕاوکێدا دەژین. ((دیسان کەوتمەوە ناو گێژاوی ترس و دوودڵییەوە، دەزانم ئێستا خدر و منداڵەکان لە شوێنێک دەژین، خدر چاوەڕوانمە و کچەکانم هەر چواریان بوون بەسەرە ژن و خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیانن، ئەوان ئێستا خۆیان دایکن))(میران ٢٠٢٠، ل١٢٢) ئەمە ئەو گرێیەیە لە دڵی مەستوورەی کە هەمیشە خەون بەوەوە دەبینێت، کە بە دیداری پیاو و منداڵەکانی شادببێتەوە، ئومێدی وایە کچەکانی لە ژیاندا مابن و تەنانەت شووشیانکردبێت.

هەموو خەمی تاقانەیەک گەیشتنەوەیە بەدیداری خزم و کەس و کاری بۆیە مەستوورە دەڵێ:((زوو زوو لەبەر خۆمەوە دەڵێم خوایە مەمکوژە تاوەکو بە خدر و کچەکان شاددەبمەوە !))(میران ٢٠٢٠، ل١٧٦)، خەمی مەستوورە ئەوەیە نەمرێت تاوەکو بە پیاو منداڵەکانی شاددەبێتەوە.

٢ ـ کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری جەستەیی و تەندروستی مەستوورە

مەستوورە جینۆسایدی جەستەیی بەرامبەر کراوە لە لایەن پیاوەکی قاسم ئاغا دەستدرێژی دەکرێتەسەری و بەوهۆیەوە پەردەی کچێنی لەدەست دەدات (بە نیگایەکی پرسیار ئامێزەوە سەری بادا و گوتی: لە نهێنی ئەم خوێنە تێناگەم، دایکم گوتی: هەر ئەو شەوە خوێنت دەبێت کە لەگەڵ خدر دەچیتە پەردەی بووک و زاوایەتییەوە، لەبەر ئەوەی خدر نەزانێت پەردەی کچێنیت داوە بە یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا ....)

نووسەر باس لە خوێن دەکات کە مەستوورە دەڵێ: پاش ئەو ڕووداوە کاتێک مێردم بە خدری کرد دایکم جادووی لێکردم بۆ ئەوەی شەوی بووکینی خوێن ببینم، بەڵام

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کەچی دەبینین: لە شەوی بووکینیەوە تا دوا ساتەکانی تەمەنیشی هەر خوێن دەبینی، بەڵام ڕۆژێکیان تەمەشا دەکات، کە خوێنی نەماوە:))ئەوە چەند ڕۆژە دڵۆپێک خوێن چییە لێم نەڕۆیشتووە !)) (میران ٢٠٢٠، ٢٢٩) بۆیە دەکرێ ئەم وێنە مەبەست لێی واتا و ڕەمزێکی شاراوەبێت، کە مەستوورە ئەو کاتەی جینۆسایدی جەستەیی بەرامبەر دەکرێت ناتوانێت خۆی لەو هەستە ڕزگاربکات و بەبەردەوامی لەگەڵیدا دەژیت، کە خودی خوێنیش دەلالەتە لە ناخۆشی و ئازارێکی دەروونی لەڕادەبەدەر و بێسنوور.

یەکێکیی تر لە کاریگەری و لێکەوتەکانی جینۆساید لەسەر مەستوورە تێکچوون و خراپ بووونی باری تەندرووستی و جەستەییە، کە ناتوانێت وەکو کەسێکی ئاسایی ژیان بکات، عەقل و هۆشی لەدەست داوە ناتوانێت خەون و خەیاڵ و واقیع و خەونی لەیەکتری جیابکاتەوە، جگەلەمەش زۆر جار لەهۆش خۆی دەچێت و ئاگای لەخۆی نامێنێت، سەرەڕای ئەمانەش چاوەکانی کزبوون و خەریکە بینایی لەدەست دەدەن.

باسی دووەم:

٢ ـ ١ ـ کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی مەستوورە

مەستوورە تاقانەیەکی ئەنفالە((تاقانەکانی ئەنفال ئەوانەن، کە بە واقیعی دۆخی مەرگەساتی پرۆسەی ئەنفالیان بینیوە، بۆ هەمیشەیش لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئەم مەرگەساتەدا دەژین))(محەمەد. مەهدی(٢٠١٩).ل١٤٨) واتا: مەستوورە لەئێستادا بێ خزم و کەس و کارە مێرد و هەر چوار کچەکانی و برایەکانی ئەنفال کراون، لەلایەکی دیکەشەوە دێیەکەیان چەندین جار تووشی شاڵاوی ئەنفال بۆتەوە، ڕۆژێکیان سەربازەکان دێنە دێی جەلەمۆرد هەموو خەڵکی ئاوایی دەبەن و گوندەکە دەسوتێنن... کاتێک لەناو پاسەکە دەبن: ((مەستوورە بە چرپە چەند جارێک بەبەهار و ژیانی گوت: هەر چییەکمان لێ بەسەربێت، دەست لەیەک بەرنادەین !))(میران ٢٠٢٠، ل١٩). مەستوورە زۆر وابەستەی کچەکانی بوو، هەرگیز نایەوێت باوەڕ بەوە بهێنێت، کە ئەوان مردبن ئەمەش ئەو هەستەیە، کە دایکە جەرگ سووتاوەکان هەمیشە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەنفالکراوەکانیان.

تەنیایی و بێ کەسیی هێندەی تر مەستوورەی لە ژیاندا بێزارکردووە ڕۆژێکیان لە ژێر لێوەوە گوتی:((منیش کۆستکەوتووم، بێکەسم جا بەس نییە شوکور تۆ منداڵەکانت بۆ ماوەتەوە، من خوا ئەوەشی پێ ڕەوا نەبینیم))(میران ٢٠٢٠، ل١٠٢) لێرەدا گلەیی لە بەختی خۆی دەکات، خوای گەورە لەیەک کاتدا پیاوەکەی و منداڵەکانیشی لێسەندۆتەوە، مەستوورە لە ماڵەکەیدا تەنهایە و بۆیە پشیلەیەکی کردۆتە هاوڕێ و هاوخەمی خۆی و خەمی دڵی خۆی بۆ باس دەکات ((مەجی تۆ نازانیت من هەموو شەوێک چ خەونێک دەبینم، قوڕ بەسەر من بۆ ژیانێک کە ژیام، بۆ دەردیسەری مامەوە !))(میران ٢٠٢٠، ل١٩٢) گلەیی لەوە دەکات، کە چۆن بەتەنیا ماوەتەوە، بۆیە هەمیشە خۆزگە

بەمردن دەخوازێت و حەزدەکات مردن و ژیانی لە گەڵ خێزانەکەی دابوایە:((مەستوورە لەبەر خۆیەوە و وەکو لەگەڵ خۆیدا بدوێت: ئینجا خوشکێ گیان خۆ بەمردوویش بێت، حەزم دەکرد لەگەڵ خدر و کچەکانمدا بوومایە !))(میران ٢٠٢٠، ل٤٢)

تازییەباری مەستوورە، بەوەی یەکێک لە وکلتوور و داب و نەریتانەی کۆمەڵگای کوردی لەکاتی مردنی کەسە ئازیز و خۆشەویستەکان پۆشینی جلی ڕەش و جا مەستوورە وێنەی چەندەها ژنی کوردە کە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ هەر ڕەش پۆش و تازیەبارە ((مینا و گوڵە چەندین جار جلی تازەیان بۆ کڕیم و بۆیان هێنام..... بەڵام خۆم دڵم بەرایی نەهێنا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا خۆم بگۆڕم.))(میران ٢٠٢٠، ل١٧٧)، ئەمەش بەو واتایە دێت مەستوورە هەرگیزاو هەگیز ناتوانێت ئەو دۆخە سەختەی ژیانی تێپەڕێنێت، کەبەسەری هاتووە، ئەمەش لەکاتێکدایە لەخەیاڵیشیدا منداڵەکانی زیندوون و جلیان بۆدەکات کاتێک دەچێتە دوکانێکی قوماش و خەیاڵی دەڕوات: ((دەستی بەڕووی زبری یان نەرمی پارچە قوماشە ڕەنگاو ڕەنگەکاندا دەهێنا، پاشان چەند کاتژمێرێک لە خەیاڵی خۆیدا کراس و سەڵتە و سەرپۆشی بۆ کچەکانی لێ دەدوورین.))(میران ٢٠٢٠، ل٢١٢) ئەوە ئەو بیر و خەیاڵەیە، کە تاقانەکانی ئەنفال گیرۆدەی بوون و ناتوانن ئازیزان و کەس و کاریان لەبیر بکەن.

٢ ـ ٢ ـ کاریگەریی ئەنفال لەسەر باری جەستەیی مەستوورە

کاریگەری ئابووری ئەنفال لەسەر مەستوورە لەوەدا دەرکەوێت کە مەستوورە بێ ماڵ و حاڵە، هەموو سەروەت و سامان و ماڵەکەی لەدەست داوە، هیچ شوێن و پەناگەیەک نییە بۆی بڕوات، بۆیە لە پێناو دابینکردنی شوێن و بژێوی ژیانی بڕیاری هاوسەرگیری دەدات، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەو لێکەوتانەی ئەنفال، کەبەسەر چەندەها دایک و ژنی کورردا هاتووە، ئەگەرچی لە دڵەڕاوکێدان: ئاخۆ دەبێت هاوسەرەکەیان لەژیان دامابێت یان نا ؟ دەبێت بگەڕێتەوە یان نا ؟؟! بەڵام سەختی دۆخی ژیانی ئابووری و بێ کەسی ناچاریان دەکات شووبکەنەوە، ئەگەرچی پاش شووکردنەوەشیان ناتوانن هاوسەری پێشوویان لەبیربکەن، بەڵام ژیان ناچاریان دەکات ئەم بڕیارە بدەن

ئەگەر سەرنج بدەین مەستوورەش هەمان کێشە و ئازاری هەیە پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ونکردنی مێرد و منداڵەکانی لەئەنجامی بێ کەسی و بێ شوێنی لە نەبوونی بڕیاردەدات شوو بەبایز بکاتەوە، ئەگەر چی مەستوورە مەبەستی بوو لەڕێی بایزەوە سۆراخێکی منداڵەکانی و مێردەکەی بکات((لە ناچاریدا شووم بە بایز کرد، ئەگەر لێقەومان و بێجێیی نەبوایە دوای خدر شووم بە هیچ پیاوێک نەدەکرد، ئەو ڕۆژە کە لەبەردەم بارەگای یەرموک دوای زیاتر لە بیست ساڵ ڕێکەوتی شێخ بایزم کرد، بەناخێری گیانم بۆ چی دوا کەوتم ! ئەو کات وام دەزانی ئەو پیاوی حکومەتە و

هەوڵێکم بۆ دەدات و بەدیداری کچەکانم شاد دەبمەوە، کەچی چەند مانگێک دوا ئەوەی شووم پێکرد، ئیتر نەموێرا لەلای باسیان بکەم، ئەوەندەم لە شێخ بایز دەستکەوت، کە لەسایەی ئەوەوە خاوەنی ماڵی خۆمم، ئەوە چەند ساڵە بە پارەی ئەو دەژیم)) (میران ٢٠٢٠، ل٧٢ ـ ٧٣) سەختی دۆخی ژیانی مەستوورە کە وەک تاقانەیەکی ئەنفال ماوەتەوە، نەبوونی بژێوی ژیان مەستوورەی ناچار بەهاوسەرگیرکردن کردۆتەوە لەکاتێکدا بیست ساڵە لە پیاوەکەی و کچەکانی دابڕاوە،بەڵام هەر بەدوایاندا دەگەڕێت و سۆراخیان دەکات.

ئەنجام

ـ مەستوورە لەیەک کاتدا شایەتحاڵ و قوربانی و تاقانەیەکی ئەنفالە، بۆیە دواجار ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی مەستوورە.

ـ کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەنفال بۆ سەر ژیانی مەستوورە بەپلەی یەکەمدێت بەبەراورد بە کاریگەرییەکانی تر.

ـ مەستوورە قوربانییەکی دەست جینۆسایدە هەر لە منداڵیەوە، جینۆسایدی جەستەیی بەرامبەر کراوە کچێنی بردراوە.

ـ ئەنفال کاریگەریی کۆمەڵایەتی وتەندروستیی و ئابوریشی کردۆتە سەر ژیانی مەستوورە، بەڵام ئەم کاریگەرییانە لە ژێر کاریگەریە دەروونییەکان زیاتر گەشەیان کردووە.

سەرچاوەکان

ـ ئەبراهام، میران.(٢٠٢٠). خەمی مەستوورە. ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر.

ـ نیوبێرگەر، بنیامین.(٢٠١٧) . جینۆساید کومەڵکوژی لەخاکی هەزارگرددا ڕواندا لە ١٩٩٤. وەرگێرانی: مەهاباد قەرەداغی. چاپخانەی شەهاب. هەولێر.

ـ عەبدوڵ، هێمن باقر. عەبدوڵڵا، بەرهەم عومەر(٢٠٠٤). ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال. چاپی یەکەم. چاپخانەی تەوار.

ـ سەعید، محەمەد ئەحمەد. عومەر، مەهدی فاتیح.(٢٠١٩) . ئەنفال: شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاوێشتەکانی . گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. ٦(١).

ـ عارف. ستارە(٢٠١٢). ئەنفال تاوانێک دژ بە مرڤایەتی. بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

المكان في رواية «به هارى ره ش» لأحمد محمد إسماعيل أنموذجا

أ.د. جوان عبد القادر عبد الله

جامعة سوران

juwan.abdullah@soran.edu.iq

الملخص

تبرز أهمية المكان في كونه واحدا من أهم عناصر الرواية، فهو الموضع الذي تجري فيه الأحداث، وتتحرك خلاله الشخصيات، وقد يكون أحيانا محور العمل الروائي.

والمكان في الرواية غير المكان في الواقع، حيث امتزاج الواقع بالخيال، فهو مكان له مقوماته الخاصة وأبعاده المتميزة، وتتمثل أهمية المكان في الرواية باعتباره عنصرا فاعلا في تطورها وبنائها وفي طبيعة الشخصيات وعلاقاتها، وهو فضاء يتسع لبنية الرواية ويؤثر فيها.

ونستطيع القول: إن الروائي المبدع هو الذي يضيف على المكان قيمة إبداعية، ليوظف من خلاله بقية عناصر الرواية من شخصيات وزمان ومكان وآليات السرد وتقنياته.

وقد أولى الروائيون الكورد اهتماما بالغا بالمكان في رواياتهم، بوصفه المحور الأساسي في رواياتهم انطلاقا من أن جوهر صراع الكورد من أجل البقاء مع بقية الشعوب هو الأرض، أي إن الصراع صراع من أجل الأرض، لأن الأرض تعني الهوية.

من هنا آثرنا دراسة المكان في رواية «به هارى ره ش» (أي: الربيع الأسود) للكاتب القدير أحمد محمد إسماعيل، حيث تناول الكاتب في هذه الرواية جريمة الأنفال التي تعرض لها الشعب الكوردي على يد النظام البعثي البائد في ثمانينيات القرن الماضي، مؤكدا من خلال الرواية على محاولات طمس الهوية الكوردية من خلال إخلاء أرض كوردستان من ساكنيها الأصليين وقتلهم وتهجيرهم قسرا.

من هنا جاء اختيارنا لموضوع البحث، حيث يتناول البحث «تجليات المكان في رواية (به هارى ره ش)»، حيث حاولنا تناول المكان في مبحثين: المبحث الأول: الأماكن المفتوحة، والمبحث الثاني: الأماكن المغلقة.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پوختە بە زمانی کوردی

شوێن لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا

د. جوان عبد القادر عبد الله

زانکۆی سۆران

juwan.abdullah@soran.edu.iq

گرنگی شوێن لەوەدا دەردەکەوێت کە یەکێکە لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ڕۆمان، چونکە لە شوێندا بوویەرەکان دەگوزەرێن و کەسێتییەکان دەجولێن، دەشێ هەندێکجاریش تەوەری ڕۆمان بێت. شوێن لە ڕۆماندا جیایە لە شوێنی ڕاستەقینە، بە شێوەیەک کە ڕاستی و خەیاڵ ئاوێزانی یەکتری دەبن، شوێنێکە خەسڵەت و ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە. گرنگی شوێن لە ڕۆمانیشدا؛ وەک پێکهاتەیەکی کاریگەر لە گەشە، بیناکردن، سرووشت و پێوەندی کەسێتییەکان بەرجەستە دەبێت، تەنانەت بۆشاییەکە بۆ تەواوی بوونیادی ڕۆمان و کاری تێدەکات. دەکرێت بێژین کە ڕۆمانووسی سازێنەر ئەو کەسەیە، کە باهایەکی تازەگەر بداتە شوێن و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمان، چەشنی: کەسێتی، کات و شێوازەکانی گێڕانەوەی تێدا بەکاربهێنێت. ڕۆماننووسە کوردەکان گرنگی زۆریان بە شوێن داوە، بەپێیت ئەوەی تەوەری سەرەکی زۆرێک لە ڕۆمانەکانیان بووە، ئەمەش لەو دەرچەیەی کە کرۆکی ململانێی کوردی لە پێناو خاک بووە، چونکە خاک بۆ کورد ناسنامە بووە. لەم سۆنگەیەوە بڕیارماندا لێکۆڵینەوە لەبارەی شوێن لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا ئەنجام بدەین، لەم ڕۆمانەدا نووسەر لەسەر تاوانی ئەنفال وەستاوە، کە لەسەر دەستی ڕژێمی لەنێوچووی بەعس، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرانبەر گەلی کورد ئەنجامدرا. نووسەر جەخت لە هەوڵەکانی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی چۆلکردنی زەویی کوردەکان لە دانیشتووانە ڕاستەقینەکانی و کوشتن و ڕاگواستنی زۆرەملێ. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: شوێنە کراوە، بەشی دووەم: شوێنە داخراوە کان.

Research Summary

The importance of place is highlighted by the fact that it is one of the most important elements of the novel, as it is the place where events take place, and the characters move through it, and it may sometimes be the focus of the novel.

The place in the novel is not the place in reality, as reality is mixed with imagination, as it is a place with its own components and distinct dimensions, and the importance of place in the novel is represented by its being an active element in its development and construction and in the nature of the characters and their relationships, and it is a space that expands the structure of the novel and affects it.

We can say: The creative novelist is the one who adds a creative value to the place, to employ through it the rest of the elements of the novel from characters, time, place, narrative mechanisms and techniques.

Kurdish novelists have paid great attention to place in their novels, as the main focus in their novels, based on the fact that the essence of the Kurds› struggle for survival with the rest of the peoples is the land, meaning that the struggle is a struggle for the land, because the land means identity.

Hence, we chose to study the place in the novel «Be Hari Ra Sh» (i.e. Black Spring) by the great writer Ahmed Mohammed Ismail, where the writer in this novel dealt with the Anfal crime that the Kurdish people were subjected to at the hands of the defunct Baathist regime in the eighties of the last century, emphasizing through the novel the attempts to obliterate the Kurdish identity by evacuating the land of Kurdistan from its original inhabitants, killing them and forcibly displacing them. Hence, we chose the research topic, as the research deals with «Manifestations of Place in the Novel (Be Hari Ra Sh)», where we tried to deal with the place in two sections: the first section: open spaces, and the second section: closed spaces.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

المقدمة

يمثل المكان عنصرا مهما من العناصر الفنية التي يقوم عليها بناء العمل الأدبي، لا سيما الروائي، فهو يلعب دورا مهما في تشكيل النسيج العام للنتاج الروائي، وبالتالي يشكل العمود الفقري الذي يربط أجزاء العمل الروائي بعضها ببعض من شخصيات وأحداث وسرد وحوار، فهو المنسق بين أجزاء العمل كافة.

وتبرز أهمية المكان في كونه واحدا من أهم عناصر الرواية، فهو الموضع الذي تجري فيه الأحداث، وتتحرك خلاله الشخصيات، وقد يكون أحيانا هو المحور من العمل الروائي.

ويختلف المكان في الرواية عن المكان في الواقع، فهو مكان خيالي له مقوماته الخاصة وأبعاده المتميزة، وتتمثل أهمية المكان في الرواية باعتباره عنصرا فاعلا في تطورها وبنائها وفي طبيعة الشخصيات وعلاقاتها، وهو فضاء يتسع لبنية الرواية ويؤثر فيها.

ويمثل المكان الفضاء الذي يتسع لحركة الإنسان ويتفاعل معها، ويكشف عن جوانب من الشخصية، ويبرز مدى ما تمتلكه من حرية، وطبيعة العلاقة بينه وبين الأشياء والأحياء، وبينه وبين الزمن (بوريمي، ١٩٨٥: ص٨٦).

وبالتالي فالروائي المتمكن الذي يتعامل مع المكان تعاملا إبداعيا، فيتخذ من المكان إطارا عاديا وفنيا، يوظف من خلاله مختلف التقنيات السردية من شخصية وحدث وزمان، لتعرض الشخصيات من خلالها رؤيتها.

ويتمثل مفهوم الباحث للمكان الروائي في أن: المكان في مجمل أحواله يشير إلى المشهد أو البيئة الطبيعية أو الاصطناعية التي تعيش فيها الشخصية الروائية، وتتحرك وتمارس وجودها، ويضم المكان قطع الأثاث والديكور والأدوات كافة بمختلف أنواعها واستعمالاتها، كما يشمل الوقت من اليوم، وما يترتب عليه من أضواء مختلفة أو ظلمة والطقس بكل أحواله، وتدخل ضمن المكان الأصوات والروائح (قويفلي، ١٩٩٣: ص٣٤٩).

ويفهم من هذا التعريف: أن المكان في الرواية لا يراد به دلالته الجغرافية المحدودة، المرتبطة بمساحة محدود من الأرض في منطقة ما، بل هو كيان زاخر بالحياة والحركة، يؤثر ويتأثر، ويتفاعل مع حركة الشخصيات وأفكارها، كما يتفاعل مع الكاتب الروائي ذاته (بحراوي، ١٩٩٠: ص٢٩).

ويغدو المكان الأداة الأكثر استيعابا لمعاني النص وفنيته، إضافة إلى أن العمل الأدبي يفقد أصالته وخصوصيته إذا افتقد عنصر المكان (باشلار، ١٩٨٤: ص٧١).

المكان في الرواية الكوردية:

من منطلق أن جوهر الصراع الكوردي من أجل البقاء صراع على الأرض، لذلك أصبح الوطن لدى أغلب الكورد وتحديدا الأدباء والمثقفين هو الحلم.

أما الروائي الكوردي، فهو مسكون بالوطن/ المكان، مقيد بسطوته، لا يملك الانفكاك من قيده، فبدت هذه السطوة للمكان بارزة في عمله الروائي، سواء أكان هذا بإرادته وقصديته المتعمدة أم خارج هذه الإرادة والقصدية التي تحرك الروائي في بناء عمله ومنجزه الإبداعي.

فالمكان يصبح إشكالية إنسانية إذا ما سلب وانتهك، أو إذا ما حرمت منه الجماعة، لذلك يكتسب تصوير المكان خصوصية بالنسبة للرواية الكوردية التي تتحدث عن مكان منتهك، وعن تضحيات الشعب لاستعادته.

وقد شغلت العلاقة بين الإنسان الكوردي وأرضه في بعدها النفسي والرمزي حيزا واسعا من عناية بعض الروائيين، إذ احتوت روايات عديدة على مقاطع مهمة تبين مدى التعلق بالأرض.

إن المتأمل في كثير من الأعمال الأدبية الروائية الكوردية يكتشف أن للمكان في تجربة الإنسان الكوردي وحياته حضورا واضحا، ودورا بارزا مؤثرا ومتأثرا، وأن له خصوصيته التي تميزه عن غيره، فعلاقته بالمكان تنبع من إحساسه بالنفي والألم والغربة الناتج عن الاقتلاع القسري من الوطن والأرض، وبالتالي يدفعه نحو الحلم الدائم بالعودة إلى مكانه.

المكان في رواية «به هارى ره ش»:

وقع اختيار الباحث للمكان في رواية «به هارى ره ش» ليكون موضوعا لدراسته، ولم يقع هذا الاختيار اعتباطا، بل كان لدوافع قوية منها: تضمن الرواية حضورا روائيا قويا لعنصر المكان، إذ جعل الكاتب من المكان قضيته في مركز النسيج الروائي لروايته، فطغى هذا العنصر على العناصر الأساسية للخطاب السردي وفي مقدمتها: الأحداث والشخصيات والزمان والسرد، فضلا عن أن عنصر المكان قد أدى في هذه الرواية دورا بالغ الأهمية في تطوير الحدث، وفي بلورة القيم الفكرية والجمالية، ومن هنا كاد المكان -في الخطاب الروائي- يمثل شخصية متكاملة بكل أبعادها وتأثيرها في السياق الروائي العام.

يبتدئ الزمان التاريخي في رواية «به هاري ره ش» في نهاية الثمانينيات من القرن الماضي، حيث تعرض الشعب الكوردي في هذه الفترة تحديدا إلى جملة من عمليات الإبادة الجماعية، وهذه الفترة من تاريخ الشعب الكوردي عصيبة، ومليئة بالمآسي ومرارة الأحزان، فضلا عن كونها حافلة بالأحداث التي تشير إلى الصراع الدامي بين الشعب الكوردي والسلطة البعثية الفاشية التي حكمت العراق.

ويتعدد الفضاء المكاني في رواية «به هاري ره ش»، ففيه إشارات متعمقة إلى منطقة كرميان وقراها تحديدا، حيث يظل أهم فضاءات الرواية، ويشكل المكان المحوري فيها، والذي يتفرع بدوره إلى فضاءات فرعية أخرى مثل: بيوت القرية، وقلاع السجون وساحاتها.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وقد اتحذ الباحث منهجا خاصا يقوم على التحليل الذي يتخذ من صورة المكان الروائي ومكوناته وملامحه منطلقا لدراسة علاقة البعد المكاني ببقية عناصر البناء الروائي مثل: الأحداث والشخصيات بالدرجة الأولى؛ ذلك أن تحليل النص ينبغي أن ينطلق من بنيته الداخلية، وأن غاية البحث في النص هي التوصل إلى معرفة بنيته الدالة

من خلالها الفضاء الروائي (باختين، ١٩٨٨: ص٦٥).

المبحث الأول

الأماكن المفتوحة

يمكن أن نعرف المكان المفتوح بأنه «المكان الذي تلتقي فيه أنواع مختلفة من البشر، ويزخر بأشكال متنوعة من الحركة» (بورايو، ١٩٩٧: ص١٤٦). أي إنه مساحة مفتوحة لا تحدها حدود، وبالتالي فإن للأماكن المفتوحة أهمية بالغة في الرواية، بما أن الأحداث تدور في أماكن معينة، ولكل مكان دلالة معينة في الرواية.

أما رواية «به هارى ره ش»، فالرواية تتميز إلى حد ما بمحدودية المكان، سواء أكانت بالنسبة للشخصية الرئيسية أم بقية الشخصيات، على الرغم من تعدد أسماء الأماكن على مدى الرواية، وتحديدا أسماء أماكن قرى كرميان. وللأماكن أهمية محورية في هذه الرواية كون الأحداث الرئيسة تدور في مكانين محدودين، ولكنها مليئة بالحركة والأحداث والحوارات الساخنة.

ويتميز المكان المفتوح عن المكان المغلق بانفتاحه واتساعه، وإن كانت مسألة تصنيف الأماكن المغلقة والمفتوحة في الرواية تختلف عن الأماكن المغلقة والمفتوحة في الواقع، وذلك لارتباطها بالحالة النفسية لأبطال الرواية. حيث تختلف هذه الأماكن بما تحققه من الإحساس بالألفة والأمان أو بالعكس. فالحكم على الأماكن المغلقة والمفتوحة في الرواية يكون من خلال تفاعل الشخصيات وانصهارها مع المكان (النابلسي، ١٩٨٠: ص٤٠). ومن أبرز الأماكن المفتوحة في الرواية:

قرى كرميان:

منطقة كرميان هي عبارة عن مناطق سهلية واسعة تتميز بتلالها المتناثرة، وتقع في الطرف الجنوبي من المنطقة التي تتكلم الكرمانجية الجنوبية (اللهجة السورانية)، وهي تحاد المناطق العربية في العراق. زمن اللافت للنظر في الرواية أن شخصيات الرواية التي تجمعه الظروف كل منهم جاء من قرية من قرى كرميان، حين أن بطل الرواية صابر من قرية (كرمك) ،بينما حمه غريب من قرية(قلا)، لفته من(آوسبي)،كرميان من قرية (ابراهيم غولام)،خلة صابرمن قرية(روخانة)، الشبب الثمانية في المعتقل من قرية(كورمور)؛ إضافة إلى إيراد اسماء قرى أخرى من كرميان في الرواية تعرضت

للإبادة مثل(شوراو،زنكنه،سيروان، توكن، تاز شارقادر كرم و(آوسبي).ولسهولة المنطقة -بسبب انكشافها وعدم صلاحيتها للمقاومة والمواجهة- لم تكن هناك مقاومة تذكر من قبل المقاتلين الكورد من أهل المنطقة، فضلا عن احتوائها على قلعة شيروانة القديمة شبه الجبلية المتداخلة مع المناطق السهلية، وذات المناخ شبه الجاف. وتدور أحداث روايتنا في بعض قرى كرميان.

قدم الكاتب في روايته أنموذجا للقرية الكوردية البسيطة، حيث ذكر عدة قرى، وهذه القرى حاضرة في سطور الرواية بكثافة من خلال طبيعتها وساحاتها وطرقها ودورها القديمة وباديتها وعاداتها الراسخة وتقاليدها الموروثة، وهي قبل ذلك وبعده بؤرة الأحداث ومجال الحركة للشخوص، ومثل هذه الفضاءات المكانية تمد المتلقي بكثير من الصور والمشاهد التي تساعد في تحديد السمات الأساسية التي تتصف بها مثل هذه الفضاءات.

وقد افتتح المؤلف روايته برسم صورة للمكان الذي ستدور فيه الأحداث، وتتحرك فيه الشخصيات، إذ يفتتح الرواية بالحديث عن طبيعة كرميان في فصل الربيع، ورغم الربيع فإن المنطقة تغطيها الرمال نتيجة عاصفة ترابية ناعمة تميل للحمار، ودرجات الحرارة عالية، بعد ذلك يشير الرواي إلى التحركات العسكرية في هذه القرى، وهي إشارة إلى جريمة النظام البعثي البائد (جريمة الأنفال)، حيث إن الآليات العسكرية بدأت بنقل المواطنين من النساء والأطفال والشباب والشيوخ وممتلكاتهم إلى أماكن غير معلومة. ترسم هذه اللوحة الافتتاحية للرواية ملامح الحياة في القرية التي تشكلها مجموعة من العناصر: الطبيعة القاسية في فصل الصيف، إضافة إلى قسوة الجريمة النكراء، اجتمعت قسوة الطبيعة مع طبيعة البشر.

وتبرز وظيفة الاستهلال في الرواية في كونه تعريفا وتحفيزا روائيا للحدث، وتقديما إجماليا، وهو يتضمن مجموعة من المكونات تتمثل في إبراز الشخصيات الروائية: رئيسة كانت أم ثانوية، وتحديد الفضاء الروائي والتمهيد للحدث الرئيس الذي ستنصب عليه الرواية في العرض.

وقد يتلون المكان بنفسية الكاتب أو الشخصية، فـ»سابير» يتأمل ملامح الطبيعة في كرميان، ورغم إشارته إلى قسوة الطبيعة التي قد لا يتحملها أحد، فهو يشير إلى أن أهل كرميان لا يمكن أن يعيشوا بعيدين عن كرميان وطبيعتها القاسية، ربما من وجه نظر الآخرين. فيسرد لكرميان في أثناء حواره معه حكاية أحد الشباب، والذي جاء من المناطق الجبلية الباردة من كوردستان ليسكن قرية «زنكنه» في كرميان، إلا أنه لم يستطع البقاء في كرميان، حيث شكا من صعوبة تحمل الجو الحار المغبر في المنطقة، وعدم قدرته على العيش فيها، حينئذ ناقشه صابر بأن لهذه خصوصية لا تشبهها أية منطقة أخرى في العالم، فرغم أن المنطقة يغمرها الجفاف على مدار السنة، ورغم قلة الماء، فإن الخير يغمر هذه النطقة حيث الزرع الوفير، وعشرات القرى المأهولة العامرة (الرواية،: ص٢٦).

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

والملاحظ أن شخصية سابير بطل الرواية، وهو يتحدث عن منطقة كرميان، يمزج أحاسيسه وعواطفه بالمكان، وكأن المكان كائن حي يشعر بمشاعره هو، ومشاعر أهله من حوله، يقول مبرزا جماليات المكان من حوله عبر رسالة بعثها بطل الرواية قبل الأحداث إلى صديقه «زاهر»، يستذكر سابير رسالته في حوار مع نفسه مستذكرا عشقه لمنطقة كرميان بكل أشكاله، حيث خاطب صديقه في رسالته مصورا الغروب في كرميان: «منظر الغروب الصفراء في هذه المنطقة حينما ينسكب أشعتها على الرمال يفترشها كسجادة حمراء تميزها لونها الملفت للأنظار، هذه اللوحة التي تعجز فرشاة أبرز رسامين العالم على رسم لوحة يضاهيها، وحين تتأملها رغم كل هذا الجمال يثور في داخلك شيء من الحزن والهموم، أنا أقول هذا اللون المميز الجميل من جهة والقابض للقلوب من جهة أخرى يحمل في ثناياه زفرات وأنين وحسرات أهالي منطقة كرميان» لكثرة ما مر ويمر بهم من فواجع وكوارث. هذا ما كتبه صابر في راسلته الأخيرة لصديقه زاهر الذي -وكما يقول صابر- ربما لم يستلم الرسالة بعد، لأنه بعثها منذ أيام قليلة من الأحداث (الرواية: ص١١).

المتأمل في رسم هذا المشهد يتبين له أن المؤلف وظف لغة مكثفة موحية، لبيان جمال الطبيعة في كرميان، وتحديدا جمال الغروب الذي يتزامن معه في ذات الوقت حزن خفي. فهذه اللوحة -بكل ما فيها من زوايا وصف مباشر أو مجازي عبر كلمات تبلور المكان بمتعلقاته المختلفة من حيث الشكل والحركة واللون والنوع- تنسجم وحالة سابير النفسية؛ الأمر الذي يؤكد أن ثمة علاقة بين المكان والشخصية. حيث يتوجه سابير بالحديث إلى كرميان ليتحدث عن منطقه كرميان بقوله: «والدک أطلق عليک تسمية لعشقة لمنطقة كرميان، وأنا لا ألومه، وماذا أقول عن صفاء وبساطة أهل كرميان... قبل ثماني سنوات غادرت كرميان، وكان بإمكاني أن أعيش في أجمل مناطق كوردستان، لكني فضلت لفحات حر كرميان على شلالات وينابيع المناطق الجبلية في كوردستان... فالجو المغبر الشديد الحرارة في كرميان أجمل بكثير عندي من جمال الجبال في المناطق الباردة، حتى القمر في ضوئه وهالته مختلف عنه في غيره من المدن؛ في كرميان جمال القمر من نوع آخر! كرميان حتى حينما كنت أتجول بين قرى كرميان كنت أخلع حذائي؛ الرمال كانت تثير في جسمي الانتعاشة والسعادة، كأنها تبادلني العشق» (الرواية: ص٢٠(.

في رواية «به هاری ره ش» يمثل عالم القرية لدى الكاتب فضاء أثيرا، ولعل سر ولعه بالقرية يعود إلى معايشته الكاملة لها منذ طفولته الباكرة، وكون القرية -وهو ما رود الحديث عنه في النص السابق- قد عاشت في دمه، وسكنت قلبه وعقله، وحركت ذكرياتها أشجانه، وألهبت خياله، فهو يكتب عن معايشة ومعاناة، لذا جاءت لوحاته الوصفية مستقاة من الواقع الذي عايشه وتأثر به، حيث قرى كرميان الخلابة، وراحة الجسد في دنيا بعيدة عن أجواء ظلم النظام البعثي البائد البغيض.

يقول السارد على لسان سابيرفي أكثر من موضع يسترجع أيام الطفولة، حيث حكايات الأهل والأصدقاء، وتحديدا في المواقف الصعبة المؤلمة في غرفة المعتقل، فيشرد

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بخياله من ألم الواقع، حيث «قريته، والدته، طفولته، وصباح هذا اليوم المشؤوم يوم الفاجعة، مرت كل هذه الأحداث أمام عينه وكأنها شريط فلم سينمائي» (الرواية: ص١٦).

وقد اتكأ على مخزون ذاكرته ليصور مكان الطفولة. وفي موضع آخر وكتعبير عن عشقه لكرميان يستذكر أحد المواقف ويحكيها لكرميان، يقول: «في إحدى المرات كنت مع أحد معارفنا، ذهبنا إلى قرية زنكنه، وهي قرية معروفة، وكان الذي يرافقني أدركه التعب، فقال: ألا تقول لي في هذه الصحراء القاحلة الصعبة، كيف يعيش هؤلاء الناس، كيف يتحملون، حينها ضحكت. يقول سابير: وأدركت بأن الطريق أتعبه، فيريد أن ينفس عن هذا التعب بهذا الكلام، وقلت: أخي العزيز حتى وإن كنت من المناطق الجبلية الصعبة، هذه صحراء وقرى كرميان لا لعب الصغار» (الرواية: ص٢٦). يقول صابر ما معناه منطقة كرميان لا مثيل لها في العالم، مليئة بالأسرار.

ويبدو السارد في الرواية ساردا ملما بمعالم كل قرى كرميان، عارفا عادات وتقاليد وأفكار بشر لهم قيمهم، والكاتب نشأ نشأة ريفية، بل إنه يبدو ملما بمكونات المكان وجزئياته، فلقد ملكت القرية على الراوي مشاعره، وغدا كل شيء فيها مثار إعجابه وتعلقه بها، ورغم قسوة طبيعة هذه المنطقة، فهي عند بطل الرواية من أجمل ما يكون (الرواية: ص٢٧).

بسیاری از پژوهشگران به تحلیل تم‌های اجتماعی و فرهنگی موجود در رمان نیز توجه کوردهاند. نرگس جمشیدی (۱٤۰۰) در پژوهش خود اشاره می‌کند که نفس تنگی به نوعی نقد اجتماعی از وضعیت موجود در جامعه معاصر ایران به شمار می‌آید و «گوران با به تصویر کشیدن فقر و نابرابری، صدای اقشار فراموش‌شده را به گوش می‌رساند» (ص. ٦۷). علاوه بر این، برخی محققان به ابعاد فلسفی و وجودی رمان نیز پرداخته‌اند. محمدرضا افشاری (۱۳۹۹) در تحلیل خود می‌نویسد: «این رمان نه تنها داستانی از یک زندگی روزمره است، بلکه در بطن خود سؤالات عمیق‌تری درباره هستی و جایگاه انسان در جامعه را مطرح می‌کند» (ص. ۸۸).

در کنار این، سید ساجد حسینی (۱۳۹۸) در مقاله‌ای به تحلیل جنبه‌های فرهنگی و اجتماعی این رمان پرداخته و اشاره می‌کند که «نفس تنگی روایت چهار نویسنده بی‌موطن است و شخصیت‌های آن نمایندگان صالح قوم کورد به شمار می‌روند» (ص. ۲). او همچنین به استفاده از نشانه‌ها در داستان اشاره کرده و بیان می‌کند که «تقابل برف و مه نمادین است و به وضوح هویت شخصیت‌ها را بازنمایی می‌کند» (ص. ۲). همچنین، یکی از جنبه‌های کلیدی در پژوهش‌های صورت‌گرفته درباره نفس تنگی، تحلیل ساختار روایی آن است. پژوهشگران مانند سهراب هادی‌زاده (۱۳۹۸) به بررسی تکنیک‌های روایی و زبان‌شناسی این رمان پرداخته و بیان می‌کنند که «نویسنده با استفاده از تکنیک‌های نوین روایی، به درون‌مایه‌های روان‌شناختی شخصیت‌ها پرداخته و ارتباطات انسانی را به شکلی عمیق نمایش می‌دهد» (ص. ٤٥).

در نهایت، آثار انتقادی و تحلیل‌های صورت‌گرفته در خصوص نفس تنگی نشان‌دهنده تأثیرات عمیق این رمان بر ادبیات معاصر و همچنین توجه پژوهشگران به جنبه‌های مختلف آن است. به نظر می‌رسد که این رمان با برخورداری از ساختار نوین و مضامین عمیق، همچنان در مرکز توجه محققان و خوانندگان خواهد بود. اما آنچه بیش از هر چیز مشهود است، عدم پرداخت دقیق پژوهشگران و منتقدان به مقوله بازنمایی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نشل‌کشی کوردها در این اثر است. لذا پژوهش حاضر نظر خود را معطوف به کنکاش این مفهوم در آرای نظریه‌پردازان بزرگ جهان می‌سازد تا با اهتمام به آن نظریات متن رمان نفس تنگی را از منظر بازنمایی نشل‌کشی کوردها مورد مداقه قرار دهد.

۳. مبانی نظری

در این بخش به مطالعه و بازخوانی آرا و نقطه‌نظرات متفکران و فیلسوفان مطرح در خصوص نسل‌کشی، پیامدهای آن و عواقب فرهنگی نسل‌کشی بر ذهنیت جمعی به حاشیه‌رانده‌شدگان خواهیم پرداخت. فیلسوفانی چون هانا آرنت، جورجو آگامبن، میشل فوکو و جفری سی. الکساندر، به تحلیل مفهوم نسل‌کشی و اثرات آن در حافظه جمعی و روان انسان پرداخته‌اند. اگرچه توجه محققان و مترجمان فارس‌زبان و کوردزبان به مفهوم نسل‌کشی سبب شده است مطالبی در این حوزه در اختیار خوانندگان قرار بگیرد، اما برگردان‌های موجود پاسخ‌گوی نیازهای پژوهش حاضر نبوده‌اند؛ لذا، تمامی نقل‌قول‌های بخش مبانی نظری از آثار متعدد، بی‌واسطه، ازسوی نگارندم مقاله پیش روی ترجمه شده‌اند.

۳،۱. به ابتذال کشیدن شرارت در نسل‌کشی

مفهوم ابتذال شر توسط هانا آرنت در جریان بررسی محاکمه آدولف آیشمن، یکی از مقامات ارشد نازی، به‌عنوان نقطه عطفی در تفسیر شر در فلسفه اخلاق و سیاسی مطرح شد. این مفهوم در کتاب آرنت، به فقدان انگیزه‌های شیطانی یا بدخواهانه در ارتکاب شر اشاره دارد و نشان می‌دهد که چگونه افراد می‌توانند بدون تفکر و تنها با پیروی از دستورات، درگیر اعمال شرورانه شوند.

آرنت در کتاب آیشمن در اورشلیم: گزارشی در باب ابتذال شر توضیح می‌دهد که شر در شکل مدرن خود می‌تواند بدون بدخواهی یا انگیزه‌های قوی اخلاقی و تنها به دلیل فقدان تفکر نقادانه و پذیرش بی‌چون‌وچرای دستورات نظام‌های قدرت رخ دهد. در واقع، او با تکیه بر شواهد دادگاه آیشمن، معتقد بود که این شخص به دلیل «نداشتن خلوص اخلاقی» و پیروی کورکورانه از دستورهای مقامات نازی، مرتکب جنایات وحشتناک شده است (آرنت، ۱۹۶۳، ص. ۲۸۷).

آرنت بیان می‌کند که آیشمن نمونه‌ای از «فردی است که به خاطر فقدان تخیل و توانایی تفکر اخلاقی، درگیر شر شده است» (آرنت، ۱۹۶۳، ص. ۲۸۷). از دیدگاه او، آیشمن و افرادی مانند او، نه با انگیزه‌های نفرت یا سادیسم، بلکه به دلیل ناتوانی در تفکر مستقل و پیروی از ساختارهای بوروکراتیک مرتکب چنین جنایاتی می‌شوند. در این شرایط، مسئولیت اخلاقی افراد به‌دلیل تمرکز بر اطاعت از نظام‌ها و قوانین بی‌روح

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کاهش می‌یابد و حتی از بین می‌رود.

آثار متعدد دیگر نیز به تبیین و نقد مفهوم ابتذال شر آرنت پرداخته‌اند. لیزا گیژویچ (۱۹۹۹) در تحلیل خود از آرنت توضیح می‌دهد که «آیشمن بیشتر به یک کارمند در نظام بوروکراتیک شباهت داشت تا یک جنایتکار با انگیزه شخصی برای ارتکاب شر(۱٤۵). به گفته او، آرنت به نوعی از شر اشاره دارد که در آن افراد حتی نیاز به انگیزه‌های قوی برای ارتکاب جرم ندارند، بلکه تنها به‌دلیل وجود یک ساختار دستوری، جنایت را اجرایی می‌کنند.

از سوی دیگر، ریچارد برنشتاین (۲۰۰۲) به بررسی ریشه‌های فلسفی مفهوم ابتذال شر پرداخته و آن را با مفهوم کانتی «وظیفه» و «فرمانروایی عقل» مقایسه می‌کند. او می‌گوید: «آرنت دیدگاه کانتی درباره وظیفه را به چالش کشید، زیرا باور داشت که مسئولیت اخلاقی نمی‌تواند به سادگی در خدمت اطاعت از قوانین بوروکراتیک باشد» (۹۳). برنشتاین با این استدلال نشان می‌دهد که مفهوم ابتذال شر در واقع انتقادی است به حذف مسئولیت فردی در یک ساختار ماشینی و بی‌روح. به‌طور کلی، مفهوم ابتذال شر هانا آرنت نه تنها تصویری عمیق از چرایی وقوع شر در ساختارهای بوروکراتیک را ارائه می‌دهد، بلکه زنگ خطری برای جوامعی است که در آن افراد به دلیل غیبت تفکر مستقل به عروسک‌های بی‌اراده در دستان قدرت‌های بی‌روح تبدیل می‌شوند.

۳,۲. مفهوم حیات برهنه و تأثیر آن بر نسل‌کشی

جورجو آگامبن در اثر خود هومو ساکر: قدرت حاکم و حیات برهنه، مفهوم حیات برهنه را مطرح می‌کند که به معنای زندگی‌ای است که در چارچوب ساختارهای حقوقی و سیاسی از حقوق بنیادین انسانی محروم شده و در حاشیه قرار گرفته است. این زندگی، زندگی بی‌پناهی است که از هر گونه حمایت اجتماعی و حقوقی عاری شده و در معرض خشونت و کنترل بی‌وقفه قدرت قرار می‌گیرد. آگامبن (۱۹۹۸) توضیح می‌دهد که «حیات برهنه، به معنای زندگی‌ای است که توسط قوانین و حقوقی که به رسمیت شناخته شده، در حاشیه و بی‌پناه است» (ص. ۱۲).

آگامبن، متأثر از تحلیل‌های میشل فوکو درباره‌ی قدرت و کنترل، به بررسی این می‌پردازد که چگونه ساختارهای حاکم، از جمله دولت‌ها، با اعمال قدرت به شکل‌های مختلف افراد را به حیات برهنه تقلیل می‌دهند. فوکو در کتاب نظم و تنبیه (۱۹۷۷) توضیح می‌دهد که «سلطه نه تنها بر زندگی فیزیکی، بلکه بر ساختارهای ذهنی و روانی نیز اعمال می‌شود (۱٤٦). این گفته نشان می‌دهد که قدرت حاکم، با نظارت و کنترل مداوم، فرد را به کالبدی در دست دولت تقلیل می‌دهد و بدن و روح او را در معرض اشکال مختلف سرکوب قرار می‌دهد.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

آگامبن در ادامه‌ی تحلیل‌های فوکو از بیوپلیتیک، به مفهوم وضعیت استثنایی اشاره می‌کند. وی توضیح می‌دهد که در وضعیت استثنایی، دولت می‌تواند به‌طور قانونی حقوق اساسی و آزادی‌های فردی را نادیده بگیرد و افراد را به حاشیه براند (آگامبن، ۱۹۹۸، ص. ۱۵). در این وضعیت، فرد به موجودی تحت سلطه تبدیل می‌شود که می‌تواند هر لحظه قربانی خشونت ساختاری شود. این وضعیت نه تنها حقوق انسانی را به حالت تعلیق درمی‌آورد، بلکه همان‌طور که آگامبن اشاره می‌کند، فرد را به حیات برهنه فرو می‌کاهد و از حق حیات نیز محروم می‌سازد.

بنجامین نایلور (۲۰۰۸) در تحلیل مفهوم حیات برهنه بیان می‌کند: «حیات برهنه‌ی آگامبن نشان‌دهنده‌ی حد نهایی سرکوب در ساختارهای مدرن است که در آن، انسان از هرگونه حق و هویت فردی تهی شده و تنها به ابژه‌ای برای اعمال خشونت قدرت حاکم تبدیل می‌شود (ص. ۷۹). این نقل قول به روشنی نشان می‌دهد که چگونه ساختارهای حاکم، افراد را از تمام حقوق و انسانیت‌شان عاری می‌کنند و تنها وجودی بی‌پناه از آن‌ها باقی می‌گذارند.

آگامبن معتقد است که این فرایند، که در آن حیات انسانی به حیات برهنه تقلیل می‌یابد، نه تنها از ابزارهای قانونی و سیاسی بهره می‌برد بلکه انسان مدرن را به نوعی دچار وضعیتی می‌کند که هیچگونه حق و مقاومتی برایش باقی نمی‌گذارد. جان هنریکسون (۲۰۱۱) در تفسیر آثار آگامبن می‌نویسد: «این حیات برهنه همواره در معرض خطر حذف و فراموشی است، زیرا نظام‌های قدرت، حیات انسانی را تنها تا جایی به رسمیت می‌شناسند که در خدمت مقاصد آن‌ها باشد» (ص. ۱۲۰).

۳,۳. کاربرد نظریه ترومای فرهنگی در تحلیل ادبیات نسل‌کشی

جفری سی. الکساندر با ارائه نظریه ترومای فرهنگی، به بررسی تأثیرات فجایع جمعی بر حافظه فرهنگی و هویت ملت‌ها پرداخته و این رویدادها را به‌عنوان رخدادهایی می‌بیند که به یک زخم روانی و اجتماعی تبدیل می‌شوند و در حافظه جمعی افراد باقی می‌مانند. همانطور که حسینی و بقایی (۲۰۲۰) گفته‌اند: «ترومای فرهنگی فرآیندی است که نشان می دهد چگونه حافظه جمعی یک گروه زخمی می‌شود» (ص. ۱۴۲). الکساندر در کتاب تروما: جامعه‌شناسی فرهنگی و رویدادهای تراژیک (۲۰۱۲) توضیح می‌دهد که «ترومای فرهنگی، یک زخم روانی و اجتماعی است که در حافظه جمعی باقی مانده و به مرور زمان بازسازی می‌شود» (۱۲۳). این نظریه به اهمیت خاطره و نحوه بازنمایی فجایع ملی و جهانی می‌پردازد و در تحلیل رویدادهایی مانند نسل‌کشی و جنگ کاربرد ویژه‌ای دارد.

الکساندر معتقد است که ترومای فرهنگی می‌تواند اثری ماندگار بر هویت یک ملت بگذارد و به ایجاد حافظه جمعی منجر شود که به طور پیوسته بازسازی می‌شود.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

او توضیح می‌دهد که «برای تبدیل یک رویداد به ترومای فرهنگی، لازم است تا آن رویداد به‌عنوان یک تهدید عمیق علیه انسجام اجتماعی و فرهنگی تلقی شود» (الکساندر، ۲۰۱۲، ص. ۱۲۳). این یعنی رویدادهای ناگوار نه تنها یک زخم فردی ایجاد می‌کنند، بلکه اثرات خود را به کل جامعه و نسل‌های بعدی انتقال می‌دهند، و به این ترتیب به بخشی از هویت فرهنگی آن جامعه تبدیل می‌شوند.

ایمی هوروویتز (۲۰۱٦) در بررسی ترومای فرهنگی الکساندر توضیح می‌دهد که: «ترومای فرهنگی می‌تواند نسل‌ها را به هم پیوند دهد و تبدیل به بخشی از حافظه عاطفی یک ملت شود» (۸۸). این نظر به وضوح بیانگر آن است که ترومای فرهنگی چگونه می‌تواند به وحدت درونی یک ملت کمک کند و به طور مداوم در روایت‌ها و آثار هنری بازتاب یابد. ادبیات و هنر نقش بسیار مهمی در بازنمایی و تداوم ترومای فرهنگی دارند. الکساندر (۲۰۱۲) بر این باور است که «آثار هنری و روایت‌ها به بازسازی و انتقال این ترومای فرهنگی کمک می‌کنند و به این ترتیب، حافظه فرهنگی را تقویت می‌نمایند» (۱۳۵). این نظریه در تحلیل ادبیات درباره فجایع مانند نسل‌کشی کوردها کاربرد ویژه‌ای دارد.

در این زمینه، هانا آرنت (۱۹۷۳) نیز در بررسی تأثیرات فجایع جمعی بر هویت فرهنگی ملت‌ها به این نکته اشاره می‌کند که «حافظه فرهنگی ملت‌ها نه تنها نشان‌دهنده تاریخ گذشته آن‌هاست، بلکه بر ساختار اجتماعی و فرهنگی آینده نیز تأثیر می‌گذارد» (۲۱۰). بر اساس نظریه الکساندر استدلال می‌شود که وقایعی چون نسل‌کشی و سرکوب جمعی، چنان تأثیری عمیق بر حافظه فرهنگی جامعه کورد بر جای گذاشته‌اند که همچنان به‌عنوان یک ترومای فرهنگی بازتاب می‌یابد. بنجامین برینر (۲۰۱۹) در تحلیل آثار ادبی کوردی می‌گوید: «نویسندگان کورد با بازنمایی فجایع نسل‌کشی و سرکوب در آثارشان، سعی در زنده نگه داشتن این حافظه جمعی دارند و این، به طریقی باعث تداوم هویت و همبستگی فرهنگی کوردها می‌شود» (۵۵). این روند، بر اهمیت ادبیات به‌عنوان وسیله‌ای برای بازسازی و بازنمایی ترومای فرهنگی تأکید دارد و نشان می‌دهد که چگونه یک ملت می‌تواند با یادآوری گذشته خود به تثبیت و تقویت هویت جمعی دست یابد.

٤. خوانش عملی نفس تنگی

٤,١ بازنمایی نقش مفهوم به ابتذال کشیده شده شر در بمباران شیمیایی زرده

آرنت (۱۹۹٤) در مفهوم ابتذال شر به تحلیل خشونت سیستماتیک و اثرات آن بر جوامع پرداخته و بیان می‌کند که «شر، زمانی به جنبه‌ای روزمره و عادی تبدیل می‌شود که از سوی بوروکراسی‌های قدرت، مشروعیت یابد» (ص. ۳٦). این نظریه می‌تواند در تبیین نسل‌کشی کوردها، که در آن جنایات سازمان‌یافته به شکل رسمی و

دولتی رخ داد، به کار آید. در خوانش رمان نفس تنگی اثر فرهاد فرهاد گوران، مفهوم ابتذال شر، به طور قابل توجهی در روایت و تجارب شخصیت‌های داستان جلوه‌گر است.

در نفس تنگی، شخصیت‌ها و تجربیات آن‌ها در مواجهه با رویدادهای تاریخی و دردناک کوردها بازتابی از همین مفهوم آرنت است. برای مثال، در رمان کژال از زبان دانیال تصویری از مرگ و تباهی ناشی از استفاده از سلاح‌های شیمیایی در بمباران کوردها ارائه می‌دهد و می‌گفت: «گورووی من. گورووی من. خوب شد وقتی گاز خردل زدندآن قدر غش‌غش نخندیدی که بمیری» (ص. ۵۱). گورو که از آموزگاران معنوی در بودیسم است، در ابن جمله به شکلی نمادین به‌کار رفته است. باقرزاده و همکاران (۱۳۹۹) در «نگاهی به مفهوم گورو در عرفان هندویی از منظر شنکره»، در خصوص گورو آورده‌اند: «در طریقه‌های رهبانی هندویی، گورو تجسد خداوند، سنت، تعالیم طریقت و واسطه فیض الهی است [...] وی شایسته تکریم و احترام است و اطاعت محض از دستورات او، هر چند خلاف عرف باشد، برای رسیدن به مقصود نهایی ضروری به شمار می‌آید» (ص. ۷۹).

آرنت در تحلیل خود به این نکته اشاره دارد که شر می‌تواند به سادگی از طریق بی‌توجهی و بی‌تفکری افراد در موقعیت‌های قدرت به وقوع بپیوندد؛ به عبارت دیگر، شر، در بطن خود، گاه هیچ عمق یا انگیزه درونی ندارد، بلکه از طریق عملکوردهای بوروکراتیک و تبعیت بی‌تفکر از دستورات شکل می‌گیرد، همانگونه که پیروان گورو به پیروی کورکورانه و بی‌چون و چرا از وی محکومند، ارتش بعثی به پیروی از دستورات محکوم بودند. دستوراتی که منجر به نسل کشی کوردها شد. در این رمان شخصیت‌های کورد را به نوعی قربانی چنین سیستمی که بدون تفکر یا همدلی، به اعمال غیرانسانی دست می‌زند، می‌داند. در همین راستا، نویسنده به فروپاشی جامعه انسانی اشاره می‌کند.

در ادمه رمان، دانیال در جایی دیگر به کژال کی‌گوید: « در روزگار ما حقیقت هم شکل دیگرابتذال است، مگر اینکه آن‌را از نو ابداع کنیم» (ص. ٥٦). این تصویر نشان می‌دهد که چگونه قدرت‌های بوروکراتیک می‌توانند شر را به امری عادی و عاری از مسئولیت‌پذیری فردی تبدیل کنند، که درست همان است که آرنت از آن به عنوان ابتذال شر یاد می‌کند. در نتیجه، مفهوم ابتذال شر در خوانش نفس تنگی روشن می‌سازد که چگونه بی‌فکری و پذیرش بی‌چون و چرای دستورات می‌تواند به جنایت‌هایی همچون نسل‌کشی کوردها منجر شود.

طبق نظر آرنت (۱۹۹٤، ص. ۲۸۷)، «جنایات علیه بشریت نه تنها اثرات فیزیکی بلکه پیامدهای عمیق روانی و فرهنگی بر جامعه برجای می‌گذارند»، و در واقع آثار ادبی و هنری به عنوان بستری برای «ثبت حافظه جمعی سرکوب‌شدگان» به کار می‌روند. رمان نفس تنگی نیز نه تنها از درد و رنج اقوام تحت ستم می‌گوید، بلکه به ما هشدار

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

می‌دهـد کـه چگونـه شـرارت در قالـب اطاعـت بی‌تفکـر می‌توانـد در هـر جامعـه‌ای ریشـه بدوانـد و وجـوه انسـانی آن را از بیـن ببـرد.

٤،٢. بازنمایی حیات برهنه شده کوردها

در رمـان نفـس تنگـی اثـر فرهـاد حیـدری گـوران، می‌تـوان بازتاب‌هایـی از مفهـوم حیـات برهنـه جورجـو آگامبـن مشـاهده کـورد؛ مفهومـی کـه بـه افـراد و گروه‌هایـی اشـاره دارد کـه از حقـوق بنیـادی انسـانی محـروم شـده‌اند و در معـرض خشـونت سیسـتماتیک و سـرکوب سـاختارهای قـدرت قـرار گرفته‌انـد. در متـن رمـان، لحظـات و صحنه‌هایـی وجـود دارد کـه زندگـی شـخصیت‌های کـورد بـه حیـات برهنـه‌ای فـرو کاسـته می‌شـود کـه از امنیـت و حمایـت تهـی شـده اسـت. بـرای نمونـه، در یکـی از قسـمت‌ها نویسـنده بـه تـراژدی بمبـاران شـیمیایی اشـاره می‌کنـد: « دوفرونـد هواپیمـای بمب‌افکن،شـش بمـب شـیمیایی دوقلـو حـاوی٥٥٠تـن گاز خـردل آرسـنیکدار معـروف بـه گاز کثیـف را بارگیـری کردنـد. [...] تخلیـه بـار دربـان زرده و بابایـادگار ونسـاردیره» (ص. ٩٦). ایـن بخـش از رمـان نمایانگـر انـکار حـق حیـات و برخـورداری از هـر گونـه حمایـت قانونـی بـرای ایـن جامعـه اسـت؛ وضعیتـی کـه آگامبـن آن را بیانگـر زندگی‌هـای بی‌پنـاه و بی‌حـق در مواجهـه بـا قـدرت توصیـف می‌کنـد.

همچنیـن در قسـمتی دیگـر از داسـتان شـعری آورده شـده کـه چنـد شـخصیت بـه انگلیسـی می‌خواننـد:

چه کسی هواپیما رو بلند کرده

فقط پول.پول.پول

چه کسی از آمریکا و کلاهک‌هاش نمیترسه

از بمب اتم و مترسکهاش نمیترسه

برهای دوقلو زیر شلوار این سیاهه

خیلی هم ماهه

پول.پول.پول... (ص. ٢٦٥)

ایـن نقـل قـول به‌خوبـی نشـان می‌دهـد کـه چگونـه نظـام قـدرت بـا بیـرون رانـدن افـراد از دایـره انسـانی و مواجـه بـا ایشـان به‌عنـوان اهـداف جسـمی، آنـان را بـه وضعیـت حیـات برهنـه تقلیـل می‌دهـد و وجـود آنـان را بـه موجـودی بی‌پنـاه و آسـیب‌پذیر فـرو می‌کاهـد.

آگامبـن بـه وضعیـت اسـتثنایی و نادیده‌گیـری سیسـتماتیک حقـوق فـردی و اجتماعـی به‌عنـوان ویژگی‌هـای اصلـی حیـات برهنـه اشـاره می‌کنـد. وی می‌گویـد ایـن وضعیـت «افـراد را در شـرایطی قـرار می‌دهـد کـه همـواره در معـرض حـذف و طـرد کامـل قـرار دارنـد»

(آگامبن، ۱۹۹۸، ص. ۱۵). در نفس تنگی نیز وضعیت کوردها به‌وضوح نشان‌دهنده همین سرنوشت است؛ وقتی شخصیت‌های داستان در برابر نظام بی‌رحم قرار می‌گیرند و به‌دلیل فقدان حقوق انسانی، حتی از حق بازگویی رنج‌های خود نیز محروم‌اند: «بچه که بودم نایندەهای یک انجمن حقوق بشری از اروپا آمده بودند زرده. با شیمیایی شده‌ها عکس یادگاری انداختند و رفتند» (ص. ۲۱). این موارد در رمان نه تنها بیانگر خشونت سیستماتیک علیه یک قوم خاص است، بلکه حاکی از شرایطی است که در آن انسان‌ها به ابزاری در دست نظام‌های قدرت تبدیل شده و از هرگونه شأن و حمایت انسانی تهی می‌شوند.

٤,٣. بازنمایی زخم بر روان و حافظه جمعی کوردها

در رمان نفس تنگی اثر فرهاد حیدری گوران، مفهوم ترومای فرهنگی که جفری سی. الکساندر معرفی کرده، به‌خوبی بازتاب یافته است. این رمان، تجربیات دردناک و اثرات بلندمدت فجایعی مانند نسل‌کشی و بمباران شیمیایی کوردها را از دیدگاه فرهنگی و روانی بررسی می‌کند. الکساندر بر این باور است که «ترومای فرهنگی، یک زخم روانی و اجتماعی است که در حافظه جمعی باقی مانده و به مرور زمان بازسازی می‌شود» (۲۰۱۲، ص. ۱۲۳). این ترومای عمیق، به عنوان بخشی از هویت فرهنگی کوردها در داستان نشان داده می‌شود و پیوسته در حافظه جمعی آنان بازسازی می‌گردد.

یکی از بخش‌های تاثیرگذار رمان به خاطرات شخصیت‌ها از بمباران شیمیایی و تخریب زندگی آن‌ها اشاره دارد. شخصیت اصلی داستان در توصیف دردها و تجربه‌های ناشی از این تراژدی می‌گوید: «صد هزار نفر در دوران جنگ شیمیایی شده و حدود یک میلیون نفر دچار عوارض دیررس بودند. عکسهایی دیدم از شیمیایی شده‌های حلبچه و سردشت که صبح‌ها با تاول‌های تازه از خواب بیدار می‌شدند. یاد نام‌هایی افتادم که همه را نوشته بودم روی طومار» (ص. ۲۲). این بیان به ترومای جمعی اشاره دارد که به گفته الکساندر، جامعه را به صورت عمیقی مجروح می‌کند و آن را در معرض آسیب‌های بلندمدت قرار می‌دهد. این بخش از رمان نمایانگر تداوم این رنج و زخم عمیق در ذهن و حافظه کوردهاست که به مرور در رمان بازسازی می‌شود.

در بخش دیگری، یکی از شخصیت‌ها به‌طور دردناکی اشاره می‌کند که: «باوه می‌گفت، این موش‌هایی که من می‌بینم خوراکشان گندم وجو نیست روزها گوشت و استخوان آدمیزاد می‌خورند و شبها روح و روان ما را می‌جوند. تا دلت بخواهد اینجا آدمیزاد چال کوردهایم. بش صدسالشان » (ص. ۲٤٦). این تجربه به وضوح نشان می‌دهد که چگونه فجایع انسانی مانند نسل‌کشی، فرد را از هویت انسانی خود تهی

می‌کند و ترومای فرهنگی را به بخشی جدایی‌ناپذیر از هویت جمعی و فرهنگی جامعه تبدیل می‌سازد.

علاوه بر این، در یکی از صحنه‌های نمادین، نویسنده اشاره می‌کند:

روزی که سربازان سازمان ملل آمدند آن طرف جاده، سوله و چادر زدند همه‌ی ما را به صف کردند. یکی که فرستاده‌ی ویژه حقوق بشر بود نام سیصدوپنجاه ویک نفر را از روی فهرست خواند. فقط من و باوه دست بلند کردیم.

گفت پس بقیه؟

گفتیم همین جاهستند، زیر خاک.

گفت چه طور مردند؟ تیرباران شدند؟

گفتیم از گرسنگی مردند. در اثرتشنگی وتوفان شن. گلوله هم همیشه بود.

گفت شما سه نفر چهطور زنده ماندید؟

باوه گفت شاید ما جن باشیم. اینجا که آدم زنده نمی‌ماند. (ص. ٢٦٢)

این توصیف، ماهیت دائمی ترومای فرهنگی را به تصویر می‌کشد که به‌طور مداوم در حافظه جمعی کوردها بازتولید می‌شود. همان‌طور که الکساندر بیان می‌کند، این زخم‌های جمعی نه تنها در گذشته باقی نمی‌مانند، بلکه به بخشی از زندگی روزمره و هویت فرهنگی تبدیل می‌شوند و در آثار ادبی و روایت‌ها بازتاب می‌یابند.

در نهایت، رمان نفس تنگی با استفاده از زبان و تصاویر فرهنگی و تاریخی، نمایانگر تاثیرات و تداوم ترومای فرهنگی بر حافظه جمعی و هویت کوردها است. این اثر نشان می‌دهد که چگونه ادبیات می‌تواند ابزاری برای بازسازی حافظه و به اشتراک‌گذاری رنج‌ها و تجربیات جامعه‌ای باشد که به‌طور سیستماتیک در معرض سرکوب و خشونت قرار گرفته است.

٥. نتیجه‌گیری

رمان نفس تنگی اثر فرهاد حیدری گوران، با تأکید بر تجربه‌های دردناک و سرنوشت تراژیک شخصیت‌های کورد، بازنمایی عمیقی از مفهوم نسل‌کشی و تأثیرات ماندگار آن بر جامعه کورد را به تصویر می‌کشد. این رمان، مفاهیمی مانند ابتذال شر از هانا آرنت، حیات برهنه از جورجو آگامبن و ترومای فرهنگی از جفری سی. الکساندر را به شکل هنری در خود جای داده و هر یک از این دیدگاه‌ها را در زندگی و دردهای شخصیت‌ها به‌وضوح نمایان کرده است. به طور کلی، نفس تنگی فرهاد حیدری گوران، اثری است که با بهره‌گیری از زبان روایی غنی و تصاویر نمادین،

به‌طور مؤثری تجربه‌های تاریخی دردناک و مقاومت فرهنگی کوردها را بازتاب می‌دهد و مخاطب را به درکی عمیق‌تر از پیامدهای نسل‌کشی و تروماى فرهنگی می‌رساند. این اثر، به ما نشان می‌دهد که چگونه ادبیات می‌تواند بستری برای ثبت و بازتاب حافظه جمعی و مبارزه با فراموشی فرهنگی باشد و یادآور ضرورت مواجهه با تاریخ و پذیرش مسئولیت فردی و جمعی در مقابل ظلم و سرکوب است.

منابع

فارسی

باقرزاده,علی و همکاران. (١٤). «نگاهی به مفهوم گورو در عرفان هندویی از منظر شنکره»، پژوهشنامه ادیان، ٢٦(١٣)، صص. ٧٩-١٠٢.

جمشیدی، ن. (١٤٠٠). نقد اجتماعی در ادبیات معاصر ایران. شیراز: انتشارات نیما.

حسینی، س. (١٣٩٨). «نفسی در اوضاع نفس تنگی ادبیات معاصر ایران: نگاهی به رمان نفس تنگی اثر فرهاد گوران»، خانه کتاب کوردی.

هادی‌زاده، س. (١١٣٩٨). تحلیل روایی در رمان‌های معاصر ایران. تهران: نشر آگاه.

گوران، ف. (١٣٨٧). نفس تنگی. تهران: نشر آگه.

لاتین

Agamben, G. (1998). Homo Sacer: Sovereign Power and Bare Life. Translated by D. Heller-Roazen. Stanford: Stanford University Press.

Alexander, J.C. (2012). Trauma: A Social Theory. Cambridge: Polity Press.

Ali, F. (2006). 'The Impact of Genocide on Kurdish Collective Memory', Journal of Middle Eastern Studies, 42(3), pp. 128–146.

Arendt, H. (1963). Eichmann in Jerusalem: A Report on the Banality of Evil. New York: Viking Press.

Arendt, H. (1973). The Origins of Totalitarianism. New York: Harcourt Brace.

Arendt, H. (1994). Eichmann in Jerusalem: A Report on the Banality of Evil. New York: Penguin Books.

Bernstein, R. (2002). Radical Evil: A Philosophical Interrogation. Cambridge: Polity Press.

Brinner, B. (2019). Cultural Memory and Kurdish Literature. London: Rout-

ledge.

Foucault, M. (1977). Discipline and Punish: The Birth of the Prison. Translated by A. Sheridan. New York: Pantheon Books.

Gizeljic, L. (1999). 'Hannah Arendt and the Concept of Banality of Evil', Journal of Ethics and Social Philosophy, 5(3), pp. 140–150.

Henrikson, J. (2011). Power and Politics in Agamben›s Philosophy. New York: Palgrave Macmillan.

Horowitz, A. (2016). Cultural Trauma and Collective Memory. New York: Oxford University Press.

Hosseini, S. and Baghaei, E. (2020). ‹Representation of Trauma in Post-9/11 Fiction: Revisiting Reminiscences in Mohsen Hamid's The Reluctant Fundamentalist›, Critical Literary Studies, 2(2), pp. 131-153. doi: 10.34785/J014.2020.812.

Naylor, B. (2008). The Biopolitical Condition: Agamben and the Future of Politics. London: Routledge.

Rahimi, A. (2010). 'Artistic Representation of Systematic Oppression in Kurdish Literature', Journal of Modern Iranian Literature, 15(2), pp. 58–71.

Said, E. (2004). Humanism and Democratic Criticism. New York: Columbia University Press.

Sontag, S. (2003). Regarding the Pain of Others. New York: Farrar, Straus and Giroux.

ب. شيعر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لەشیعرەکانی (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد)دا

پ.ی.د. ناز ئەحمەد سەعید
بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی
naz.saeed@univsul.eud.iq

د. ئەڤین ئاسۆس حەمە
بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی ڕانیە
avin.asos@uor.edu.krd

پوختە

جینۆساید و ئەنفال وەک کارەساتێکی تراژیدی بەشێکە لە مێژووی بەشمەینەتی گەلی کورد، ئەم کارەساتە زیانێکی زۆری، لە ڕووی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مادییەوە بە گەلی کورد گەیاندووە، بە جۆرێک چەندەها ڕۆڵەی ئەم گەلە بوونەتە قوربانی دەستی ڕژێمی دیکتاتۆر، هەربۆیە ئەم تاوانە گەورەیە لە یادەوەری وبیرو هزرو مێژووی تاکی کورددا، بەردەوام ئامادەگی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەدەب دەربڕ و ڕەنگدانەوەی دۆخی کەتواری کۆمەڵایەتی و مێژووییە، ئاوێنەی باڵانمای مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەکە، بەتایبەت شاعیران و نووسەرانی گەلی کورد لەپێناو دەرخستن و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی و پیشاندانی ئەو ستەم و نادادیانەی بەرامبەر نەتەوەکەیان کراوە، پەنایان بۆ ئەدەبیات و شیعر و ژانرەکانی تر بردووە.

شاعیرانی ژنیش لەمەڕ ئەو کارەساتە گەورانەی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون، بێدەنگ نەبوون و قەڵەم و خامەی خۆیان، لە پێناو بەگژداچوونەوە و دەرخستن و گەیاندنی دەنگی ژنانەی خۆیان بەجیهان و دەوروبەر، بەگەڕخستووە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خزمەتی زیاتر بە نەتەوە و زێد و نیشتمانەکەیان بکەن. لە چوارچێوەی ئەم باسانەدا، هەریەک لە (نەزەند بەگی خانی و کەژاڵ ئەحمەد) دوو دەنگی دیاری نێو ئەدەبیاتی کوردین، کەوا بەردەوام لە شیعرەکانیاندا دەنگی دلێرانەی خۆیان بەرامبەر ئەم کارەساتە جەرگبڕانە هەڵبڕیوە و لەگەڵ خەم و ئازارەکانی نەتەوەکەی خۆیاندا بوون، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شیعرەکانی نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد هەوڵێکە بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی دەقی شیعرەکانی هەریەک لەو دوو شاعیرە.

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لەچەند تەوەرەیەک، بەم شێوەیە: ناساندنی چەمکی جینۆساید و ئەنفال، کاریگەری جینۆساید و ئەنفال لە ڕووی دەروونییەوە لەسەر تاکی کورد، ڕەنگدانەوەی جینۆساید و ئەنفال لە ئەدەبدا، لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لە شیعرەکانی (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد)دا، ئەمەش لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانی شیعرییەوە. لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کەوا هەریەک لەو شاعیرانە بەزمانی ژنانەیی خۆیان دەربڕی خەم و ئازارەکانی بەشمەینەتی گەلی کوردن، خۆیان زۆرجار لەبری دایک، خوشک، هاوسەر، هاوخەمێک دەدوێن کەوا قوربانی دەستی ئەو تاوانە گەورەیەن.لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان دەخەینە ڕوو، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

ملخص

الإبادة الجماعية والأنفال باعتبارها مأساة مأساوية هي جزء من التاريخ السيء للشعب الكردي وقد تسببت هذه المأساة بأضرار كبيرة للشعب الكردي إنسانيا واجتماعيا واقتصاديا وماديا وهي حاضرة دائما في فكر وتاريخ افراد الشعب الكردي.

ومن هذا المنطلق يعتبر الأدب تعبيرا وانعكاسا للوضع الثقافي الاجتماعي والتاريخي، ومرآة لتاريخ أي شعب وأمة، وقد اتخذ أنواعا أخرى، ولم تصمت الشاعرات عن المآسي الكبرى التي حلت بوطننا، وسخرن أقلامهن وموادهن الأولية لمواجهة وتعبير أصواتهن النسائية للعالم ومن حولهن، في سبيل خدمة أمتهن ووطنهن. وفي هذا السياق فإن (نەزند بكخاني وكزال أحمد) هما صوتان بارزان في الأدب الكردي، اللذين عبرا باستمرار عن أصواتهما الشجاعة في قصائدهما ضد هذه المأساة المفجعة وكانا مع أحزان ومعاناة أمتهما الأنفال في قصائد (نەزند بكخاني و كزال أحمد) هو محاولة لكشف وتحليل نصوص قصائد كل من هذين الشاعرين.يتألف بحثنا من عدة مواضيع، وهي كالتالي: مقدمة في مفهوم الإبادة الجماعية والأنفال، الأثر النفسي للإبادة الجماعية والأنفال على الفرد الكردي، انعكاس الإبادة الجماعية والأنفال في الأدب، آثار الإبادة الجماعية والأنفال في القصائد، وذلك من الناحية اللغوية الاجتماعية والنفسية والشعرية. ونتيجة لهذا البحث نستنتج أن كل واحدة من هؤلاء الشاعرات عبرت

عن أحزان ومعاناة الشعب الكردي بلغتها الأنثوية الخاصة وعبرت هؤلاء الشعراء عن أحزان وآلام الشعب الكردي بلغتهم الأنثوية، وكثيرا ما يتحدثون بدلا من الأمهات والأخوات والزوجات والمتعاطفين الذين هم ضحايا هذه الجريمة الكبرى.

Summary

Genocide and Anfal as a tragic tragedy is part of the history of the Kurdish people. This tragedy has caused great damage to the Kurdish people in terms of human, social, and economic areas. It is always present in the thought and history of the Kurdish individual.

From this point of view, literature is an expression and reflection of the social and historical cultural situation, a mirror of the history of any people and nation. And has taken other genres.

Women poets have not remained silent about the great tragedies that have befallen our nation and have used their pens to confront and express their female voices to the world and around them, in order to serve their nation and homeland. In this context, Nazand BegiKhani and Kejal Ahmad are two prominent voices in Kurdish literature, who have constantly expressed their brave voices in their poems against this heartbreaking tragedy and were with the sorrows and sufferings of their nation. Anfal in the poems of Nazand Begikhani and Kejal Ahmad is an attempt to reveal and analyze the texts of the poems of each of these two poets.

Our research consists of several topics, as follows: Introduction to the concept of genocide and Anfal, psychological impact of genocide and Anfal on the Kurdish individual, reflection of genocide and Anfal in literature, consequences of genocide and Anfal in poems, this is from a social, psychological and poetic language perspective.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە جینۆسایدی گەلی کورد بە شێوە و هەنگاوی جۆراو جۆر دەستی پێکردووە، لە پرۆسەکانی بەعەرەبکردن، ڕاگواستن، گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، دواتر تاوانەکانی دژ بەکوردانی فەیلی، ئەنفالی بارزانییەکان، تا شاڵاو بەرفراوانی بەدناوی ئەنفال، کیمیابارانی شار و گوندەکانی کوردستان و بەتایبەت کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید.ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتە لە شیعری شاعیرانی کورددا و بەتایبەتی شاعیرەژنەکانمان و جیهانبینی تێڕوانینی ئەوان بۆ کاریگەری و لێکەوتەکانی دوای کارەساتەکە بەوپێیەی ئەدەب و بەتایبەت شیعر یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لە گەیاندنی پەیام و هێشتنەوەی زانیارییەکان بۆ نەوەی نوێ و داهاتوو تا مێژووی ڕووداوەکانی ئەم نیشتیمانە بزانن و لە یادی نەکەن.

ئامانجی توێژینەوە: هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەرخستنی پەیوەندی ئەدەب و کارەساتە مێژووییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجمانە دەنگی ژنان لەنێو کایەی ئەدەبی و ڕووداوە مێژوویی و کارەستبارەکاندا دەربخەین، هەروەها شیکردنەوەی ئەو دەقانەی بەقەڵەمی ژنان نووسراون، لەڕوانگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانیی .

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی شیکاری)مان کردووە.

پێکهاتەی توێژینەوە: توێژینەوەکەمان لە چەند تەوەرەیەک پێکدێت: ناساندنی چەمکی جینۆساید و ئەنفال، کاریگەری ئەنفال و جینۆساید لە ڕووی دەروونییەوە، پەیوەندی ئەدەب و جینۆساید، لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لە روانگەی ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، زمانیی)

یەکەم: ناساندنی چەمکەکان:

جینۆساید:

جینۆساید لەڕووی زمانەوانییەوە (لە دوو وشە پێکهاتووە جینۆ (Geno) بەواتای ڕەگەز یان بنەچە دێت، (Caeders) بەواتای کوشتن و لەناوبردن یان پاکتاوکردن دێت،هەردوو وشەکە پێکەوە بەواتای پاکتاوی ڕەگەزی یان کۆمەڵکوژی دێت) (عبداللە:٢٠١٦،ل١٤).

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن شارەزای یاسایی پۆڵەندی (ڕافائیل لیمکن) (لەمەدرید لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی١٩٣٣ بەکارهاتووە و دواتر لە ساڵی ١٩٤٢بەنووسین تۆماری کردووە)(ئەمین و تر:٢٠١٣،ل٨٩) لەدوای بەر بڵاوی کردەکانی جینۆسایدی گەلان لە دونیادا ئەم زاراوەیە لە لایەن گەلی کەس و دەزگای جۆراو جۆرەوە

پێناسەکراوە، جینۆساید (پرۆسەیەکە بۆ لەناوبردنی پێکهاتەیەک کە لەناوچەیەکدا دەژین یان ڕاگواستنیان بە زۆرە ملێ بۆ ناوچەیەکی تر لەگەڵ سڕینەوەی کەلتوری(نەتەوەیی، ئاینی، ئاینزایی) و تێکدانی ئاسەوار و شوێنەوار، ئەم پرۆسەیەش بە بەرنامە ئەنجام دەدرێت)(عزیز:٢٠١٣،ل١٣) کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی جینۆساید دەکات کە لە پەیماننامەی ژمارە (٢٦٠)ی خولی ئاسایی سێیەم لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١٢/٩لە بەندی دووەمی دا هاتووە (هەرکارێک بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ڕەگەزی، نیشتیمانی و ئایینی)(دزەیی:٢٠٠١،ل٤٠) بۆیە بەشێوەیەکی گشتیی دەکرێت بڵێین؛ چەمکی جێنۆساید بریتییە لە قڕکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بەهۆکاری ئایینی یان نەتەوەیی یان هەر هۆکارێکی تر.

ئەنفال:

چەمکی ئەنفال پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، چونکە هەر یەکە لە گۆشەنیگایەکەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات، گفتوگۆی لەسەردەکەن،لە ڕووی ئایینی، سیاسی، دەروونی، کۆمەڵایەتی،هتد.

بەشێوەیەکی گشتی(ئەنفال) وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای(دەستکەوت»غنائم») دێت.(جبر:١٩٩٧،ل٨٣) ئەمەش مەبەست لەهەموو ئەو ماڵ و سامانەیە کە لەکاتی شەڕدا دەستیان دەکەوت،وشەی ئەنفال پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەبووە،لەسەردەمی ئیسلامدا ئەم چەمکە کۆمەڵایەتییە، شێوەیەکی تری وەرگرت و زیاتر بە بابەتی ئایینی بارگاویکرا، لەبەرئەوەی ئەنفال(بووە بە ناونیشانی سوورەتی هەشتەم لە قورئانی پیرۆز،کە سوورەتێکی مەدەنییە وپێکهاتووە لە حەفتاوپێنج ئایەت وبەسەر هەردوو جوزئی نۆیەم و دەیەمی قورئانی پیرۆزدا دابەش بووە.)(مەلای گەورە:٢٠٠٩،ل٣٠٢) لەشیکردنەوە و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزدا، ئاماژە بە حیکمەت و هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە دەکەن و دەڵێن:(ئەم سوورەتە بایەخ بە بەرنامەو لایەنی یاسا دەدات، بەتایبەتی یاسا بۆ جیهاد، چارە بۆ هەندێک بابەت دادەنێت، کە پاش ڕوودانی جەنگەکان پەیدا دەبن، وەک دەستوور و یاسا بۆ دیل و دەستکەوتەکانی جەنگ)(مەحموود:٢٠٠٧،ل٢٩٦)،بەڵام ئەنفال ی کورد مانای ئەو هەڵمەتە یەک بە دوای یەکەنایە کە لەلایەن ڕژێمی پێشووە لە ماوەیەکی دیاریکراودا تاوانی بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدا. ئەم هێرشانەی لەلایەن دیکتاتۆر سەددام حسین ناوی (ئەنفال)ی لێنرا و ئامۆزاکەی بەناوی علی حسن مجید (ناوسراو بە علی کیمیاوی) ئەم ووشەیەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بە ووردی باسی ئەو پلانە هەشت قۆناغەییە بکات کە دایڕشتبوو بۆ پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لەنێوان ٢٣ی شوبات تاوەکو ٦ی ئەیلول ١٩٨٨. لە کۆمەڵگای کوردی کاتێک ووشەی ئەنفال بەکاردێت مانای هەموو ئەو تاوان و جینۆساید و کۆمەڵکوژیە دەگرێتەوە بەدرێژای مێژوو بەرامبەر بە گەلی

کورد ئەنجام دراوە. سەدان هەزار لە پیاو و ئافرەت و منداڵ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کۆتایی بەژیانیان هێنرا لە سالانی ١٩٨٠ کان لە هەڵمەتێکدا کە بە ئەنفال ناسرابوو لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەڕێوەبردرا. قوربانیان دوای ئەوەی دەست و قاچیان بەسترابوو و فیشەک باران کرابوون و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵ کرابوون. شار و گوندەکانیان بە چەکی کیمیاوی بۆردومانکرابوو و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و منداڵان نێردرابوون بۆ کەمپەکان کە لە دۆخێکی سەختدا ژیانیان بەڕێ دەکرد. پیاوان و کوڕان کە لە تەمەنی لاوێتیدابوون بەتایبەتی دەست گیرکران و کۆمەڵکوژکران. ڕژێمی پێشوو هەڵمەتەکەی بەناوی سورەتی ئەنفال ی قورئان ناونا‌وە. ئەنفال کە بە مانای دەسکەوتەکانی جەنگ دێت بەکارهات بۆ وەسفکردنی ئەو هەڵمەتە سەربازییەی لەلایەن عەلی حەسەن مەجید سەرکردایەتی دەکرا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد و تالانکردنی ناوچەکانیان. ڕژێمی پێشووی بەعس قورئانی بەشێوەیەکی هەڵە بەکاردەهێنا بۆ بەرژەوەندی خۆی. ئەنفال لە قورئاندا بە مانای جینۆساید نایەت بەڵام ڕژێمی پێشووی بەعس وەک کۆدێک بە کاری دەهێنا بۆ ئەو هێرش و هەڵمەتانەی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دژ بە گەلی کورد بەکاری دەهێنا.

دووەم: کاریگەری جینۆساید و ئەنفال لە ڕووی دەروونییەوە لەسەر تاکی کورد

ئەگەر سەرنجی مێژووی نەتەوەی کورد بدەین، هەر لەکۆنەوە، دەبینین کە چۆن چەوسێنراوەتەوە و کۆمەڵکوژکراوە، تا ئەو ڕادەیەی هەوڵی پاکتاوکردن و سڕینەوەی دراوە، هەموو ئەو تاوانانە کەم تا زۆر کاریگەریی دەروونی و جەستەیی لەسەر تاکی کورد هەبووە، بەتایبەت لەسەر ئەو کەسانەی کە لەکاتی خۆیدا، جینۆسایدیان بەرامبەر خێزان و کەسوکاریان ئەنجامدراوە،ڕەنگدانەوەیان لەسەر هزرو ڕەفتارو کەسێتییان بەجێهێشتووە، ئەم کارەساتە برینێکە هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێت وساڕێژبوونی زۆر قورس و ئەستەمە، ئەوانەی دوای ئەنفال جێماون، ئەو مرۆڤانەن کە ئەنفال وەک ئازارێکی هەمیشەیی، لە گەڵیان دەژیت. بۆ ئەوان ژیان نەک هیچ بەهاو مانایەکی نەماوە،بگرە خۆزگەی ئەوە دەخوازن، لەگەڵ خێزانەکانیان، ئەوانیش ئەنفال کرابان کۆتایی بە ژیانیان بهاتایە، نەک بۆ خەمەکانی ڕۆژگار، بە زیندوویی بمابانەوە.چونکە مرۆڤ کە لە ئاستی ڕوحیدا تێکشکاو داڕووخا، بە جەستە بژیت یان نەژیت، هیچ مانایەکی نییە. هەرگیز جەستەیەکی بە هێز ناتوانێ ڕوحی تێکشکاوی مرۆڤێک بینا بکاتەوە. ئازاری ڕۆح هەزاران جار لە ئازاری جەستە، بە سوێترە.هەموو برینەکانی لە شی مرۆڤ ساڕێژ دەبن، برینی ڕۆح نەبێت. ئەوانەی لە دوای ئەو کارەساتە ڕزگاریان بوە، برینێک کەوتۆتە ڕۆحیان، کە هەرگیز ساڕێژ نابێت. بۆ ئەوان ئەنفال کردەیەکی سەربازی بە سەرچوو نییە، بەڵکو ئازارێکە لە گەڵیان دەژێت. سێبەرێکە بە دوایانەوەیە تا دەچنە ژێرگڵ. ئەگەر ئەوانەی بەر ئەو شالاوە کەوتن، سەرەنجام بە مەرگی ئەوانیش تەواو

بوو، ئەوا لە گەڵ مەرگی ئەوانیش خەمەکانی ئەوانیش وەک مرۆڤ کۆتایی هات. بەڵام خەمی گەورەو ئازاری قوڵ، دواجار بۆ ئەوانە مایەوە، کە هەموو کەسوکاریان، یان زۆربەیان بەر ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە کەوتن. ئەوان چیتر، ئەو مرۆڤە ئاسوودەو بە ختەوەرەی بەر لەو شاڵاوەنین، کە ساکارانە، لە گەڵ کەسوکاریان دەژیان. بەڵکو کەسانێکی دیکەی گۆشەگیر، غەمگین وپڕ لە ئازارن.

سێیەم: ڕەنگدانەوەی جینۆساید و ئەنفال لە ئەدەبدا:

مێژووی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی گشتی بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕبووە، بەجۆرێک زۆر قۆناغی پڕ لە کارەسات و خوێناوی تێپەڕاندووە، بێگومان گەلی کوردیش بێبەش نەبووە لەو مێژووە خوێناوییە. تاکی کورد بە درێژایی مێژوو بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆیدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا بووە، لەبەرامبەر ئەمەشدا توشی نەهامەتی و کارەساتی گەورە بووەتەوە، ئەمەش وەک بەشێک لە واقیعی گەلی کورد لە زیهنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی داتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەدەب وەک بەشێکی هزریی، دەربڕی هەست و سۆز و بیر و ئەندێشەی مرۆڤە، سروشتی مرۆڤیش وایە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری و قۆناغە هەستیارەکانی گەلەکەیدایە، ((مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، لە کاروانی ژیانیدا، لەژێر کاریگەریی دوو ژینگەی سەرەکیدایە، ژینگەی سروشتی ، ژینگەی کۆمەلایەتی، کێشە و دیاردە و بابەتە هەمەچەشنەکانی نێو ئەم دوو ژینگەیە، ئینجا لە مەسەلەی بەدوای پرسیارە چارەنووسسازەکانی بوون و نەبوونەوە، پێدا وەرە تا دەگاتە کێشەی نەبوونی دادگەریی کۆمەلایەتی و دژوارییەکانی دەسەلاتی سیاسی و ڕووە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی دیمەنە جیاوازەکانی نێو جڤاک، هەموو ئەمانە بەشێوەیەک لە شێوەکان و بەڕادەی جیاواز کار لە چۆنێتی و چەندایەتیی پێکهاتە و ڕەفتاری ناوەوە و دەرەوەی کەسایەتی مرۆڤ دەکەن))(ڕەشید، ٢٠٠٧، ٥)، لەبەرئەوەی کارتێکردنەکان فرە ڕەهەند و جیاوازن، هەربۆیە کاریگەرییەکانیش فرە ڕەهەند و جیاواز دەبن.

بێگومان نووسەری کورد، وەک بەشێک لە مێژووی هەستیاری نەتەوەکەی، بەشێوازی جیاواز هەوڵیداوە ئەو مێژووە پڕ لە ناسۆر و کارەساتبارانەی نەتەوەکەی بگوازێتەوە. ئەنفال و جینۆساید مێژوویەکی پڕ لەناسۆر و کارەساتبارە بۆ گەلی کورد، شاعیران و نووسەران بۆ گوزارشت کردن لەو مێژوو، پانتاییەک لەبەرهەم و دەقەکانیان بۆ پرسە گرنگ و کێشە چارەنووسسازەکانی نەتەوەی کورد تەرخانکردووە، ڕەنگدانەوەی جینۆساید و ئەنفالیش وەک جینۆساید لە ناو ئەدەبی کوردیدا لە ژانر و تێکستی جۆراوجۆردا دەرکەوتووە، بەوپێیەی کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە و جگە لەوەی گەورەیی کارەساتەکە کاریگەری قووڵی لەسەر شاعیرانمان بە جێهێشتووە، ئەمەش وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی کوردی بەرجەستەدەبێت، ئەدەبی کوردی ((زیاتر تەعبیرکردنە لە واقیع نەک دروستکردنی واقیعێکی نوێ، گەڕانەوەیە بۆ دواوە لە پێناو

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

گوزارشـتکردن لـەوەی ڕووی داوە و تێپەڕیـوە نـەک تێپەڕینـی زەمەنـی ئێسـتا لـە پێنـاو گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕوون))(عومـەر، ٢٠١٩، ١٢١). کەواتـە ڕابردوو وەک مێژوویەکی کارەسـاتبار لـە ژانـرە جیاوازەکانـی وەک شـیعر و ڕۆمـان و چیـرۆک و دراما ئامادەیی هەبـووە، ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا دوو نووسـەر و شـاعیری ژنمـان وەرگرتـووە، کـەوا لـە ڕێگای دەربڕینی زمانییـەوە توانیویانـە بـە پەیڤەکانیـان دەربـڕی هـزر و هەسـت و سـۆزی شـاعیرانەیان بن.

پێنجەم: لێکەوتەی جینۆساید و ئەنفال لە شیعرەکانی (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد)دا

أ-ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:

ئـەدەب پەیوەندییەکـی قووڵـی بـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ڕەوشـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی تاکەکانـی کۆمەڵـگاوە هەیـە، زۆر شـاعیر بەرامبـەر دیـاردە و ڕووداوەکانـی دەوروبـەری هەڵوێسـت وەردەگرێـت و ئـەم هەڵوێسـت وەرگرتنەشـی لـە ئەنجامـی ڕاددەی کاریگـەری ئـەو ڕووداوە کارەسـتبارانەی نەتەوەکەیـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، لەبەرئـەوە ((نووسـەر بـۆ خـۆی نانووسـێت هەروەهـا بـۆ ئـەوەش نانووسـێت لێهاتـووی هونـەری خـۆی یـان زمانپاراوی خۆیمان بۆ دەربخات، بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسێت، چونکە ئاگاداری کێشـەیەکی کۆمەڵایەتییـە کـە دەیبزوێنێ و تووشـی دڵەڕاوکێی دەکات))(الماضـی، ٢٠١٠، ١٤١). کێشـە و نەهامەتـی و ڕووداوەکانـی کۆمەڵـگا زۆر و جۆراوجـۆرن، هەریـەک لەمانـەش بەجۆرێـک کاریگـەری لەسـەر ژیانی نووسـەر دروسـتدەکەن، بەجۆرێـک دەبێتـە هـۆی بزواندنی هەسـت و سـۆز و هـزری شـاعیرانە.

یەکێـک لـەو دیـاردە کۆمەڵایەتییانـەی لـە ئەنجامـی کارەسـاتی پرۆسـەی جینۆسـاید و ئەنفالـی گەلـی کـورد زیاتـر پـەرەی سـەند و ژمارەیەکـی زۆری ژنانـی شـارەکانی هەڵبجـە و ناوچەکانـی گەرمیـان و ناوچەکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتان، پیاوەکانیـان شـەهیدکراون یـان بێ سـەروشـوێن کراون، ئەمـەش کاریگـەری هەبـوو لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە لەسـەر ژنانی کورد، لەم بارەیەوە (نەزەند بەگیخانی) لە شیعری (ئەنفال)دا، بەم جۆرە گوزارشت لـە دۆخـی ژنانـی بێوەژن دەکات و دەڵێت:

ف: فانۆسە

فانۆسی چاوەڕوانی

شین شین دەسووتێ

لەدەستی ژنێکی ئەسحابە ئاسا

بێوەژنێکی شانزە ساڵ

لەسەر کۆسپەی تەنهایی (نەزەند، ٢٠٠٧، ٧٩)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لەم چەند دێڕەدا شاعیر چاوی چاوەڕوانی ژنان بە فانۆسێک دەچووێنێت، کەوا لە چاوەڕوانی پیاوەکانیان یان هاوسەرەکانیان کز کز دەسووتێن و مۆمی تەمەنیان بەدیار ئەم چاوەڕوانییە دەتوێتەوە.

هەروەها دایکانێکی زۆر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیاندابوون و ئەم چاوەڕوانییەش بووەتە مۆتەکەی ژیانیان و جگەلەوەش هیوا و ئومێدی گەڕانەوەیان لەدەستنەداوە، هەروەک (نەزەند) لە شیعری (دورگەیەکی نیگەران) دا دەڵێت:

لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە

دوورگەیەکی نیگەران دیارە

لەوێدا

دایکم چوارمەشقی دانیشتووە

دەستەکانی پڕ لە دووعا

نیگای پڕ لە ئینتیزار...

لێرەدا چاوی چاوەڕوانی دایک، چاوێکە پڕ لە حەسرەت و تاسەی دیدار، بە جۆرێک لە چەند دێڕێکی دواتردا زیاتر لەسەر ئەم چاوەڕوانییە هەڵوێستە وەردەگرێت و دەڵێت:

دایکم بە دەسماڵێکی سپییەوە

چاوەڕێی دیداری هوما دەکا

دیداری هەمیشە ونبووی زارۆکەکانی (نەزەند، ٢٠٠٧، ٣٣)

شاعیر ونبوونی زارۆک و ڕۆڵەکانی بەو باڵندە ئەفسانەییەی هوما دەچوێنێت کەوا دەرکەوتنی ئەستم و مەحاڵە.

کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری (هۆلۆکۆست)دا زۆر بەتاسەوە لە سەر پڕۆسەی ئەنفال دەنووسێت و دەڵێت:

ئا لێرەوە... ئیدی ژنەکان بێ پیاو مانەوە

شەویان پۆشی و شوویان کردەوە بە چاوەڕوانی

پیرەکان تەنیا خناوکە و کلکەوانەی یادەوەری

کیژ بووکە چاوڕەشە قسە خۆشەکانیان لە دڵدا هەڵگرت و

تووشی داوی زوڵفی لوولی گریانێکی بەردەوام بوون. (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ١٤٠)

لێرەدا شاعیر بە زمانێکی خوازەیی مێژوویەکی کارەساتبار و پڕ خەممان بۆ دەگێڕێتەوە، مێژووی گەلێک دوای پرۆسەی ئەنفال کردن کەوا چۆن پیاوەکان بێسەرو

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شوێن کران و بەزیندوویی لەگۆڕنران، ژنان و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیشیان ئاوارە و دەربەدەر کرد، ئیدی لەو مێژووە بەدواوە ژنیان بەرگی ڕەشی مەینەت و خەمیان پۆشی و لە چاوەڕوانی هاتنەوەی هاوسەر و ڕۆڵەکانیاندا تەمەنی گەنجی و جوانییان بەڕێکرد. ئەم دێڕە شیعرانە پێمان دەڵێن گەلی کورد تووشی چ کارەساتێکی جەرگبڕ بووەتەوە و چ دەردێکی کۆمەڵایەتی تەنگی بەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا هەڵچنیوە.

ب- ڕەهەندی دەروونی :

یەکێک لەو دەرهاویشتانەی ئەنفال و پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد، ئەو کێشە دەروونیانەن کەوا تووشی تاکی کورد بوونەتەوە، چونکە تاک لە ئەنجامی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گرفتاری چەندین نەخۆشی دەروونی دەبێتەوە، لەوانە فۆبیای ترس و تۆقاندن یان خامۆشی و شێتی و هەموو ئەو نەخۆشییە جۆراوجۆرانەی کە بەنەخۆشی دەروونی هەژمار دەکرێن ((تاوانی ئەنفال چەندین کێشەی دەروونی بۆ مرۆڤی کوردی هاوچەرخ دروستکردووە،... ئەم لایەنە زۆر بە زەقی بەسەر ژیانی زۆربەی ئەنفالکراوەکاندا لە ژوورەکانی بەندکردنیاندا خۆی نواندووە))(عەلی، ٢٠١٠، ١١٩)، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسانەی لە کاتی بەندکردندا تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بوونەتەوە، جگە لەوەش هەر خۆی پرۆسەکە ئەوە ئازار بەخش و جەرگبڕە، هەر ئەمە دۆخێکی دەروونی ناخۆشی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. ((پرۆسەی ئەنفال بەو دەرئەنجامە قورس و تراژیدیایەی لێی کەوتەوە، بەهۆی ئەوەی تاوانێک بوو، ترسناکی و ئەشکەنجەکەی بەچەشنێک بوو، وەک ئەوەی شایەتحاڵان باسی دەکەن و قوربانیان دەیگێڕنەوە و بە ئاستێکی بەرز و بەشێوەیەکی وێنا نەکراو توندوتیژی و کوشتن و برسیکردن و .....هتد تێدا تاقیکرایەوە، بۆیە کاریگەرییە دەروونییەکانی تا ئاستی حاڵەتی تراوما لەسەر قوربانییانی زیندوو و ڕزگاربوو و نەوەکانی ئەنفالکراو بەجێدەهێڵێت))(عومەر، ٢٠١٩، ٥٠)

ئەدەبیش زادەی هەست و هزر و ئەندێشەی مرۆڤە، لە لایەکی تریش ڕەنگدەرەوەی دۆخە دەروونییەکانی شاعیرە، یاخود ئاوێنەیەکە بۆ بەرجەستەکردنی دۆخە دەروونییەکانی شاعیر، چونکە شاعیر ڕۆڵەی کۆمەڵگا و ژینگەکەیەتی و ناتوانێت لێی دابڕێت، بۆیە دەبینین شاعیران لە ڕێگەی دەربڕینی هاوسۆزی یان خەم ومەینەتی یان دەرخستنی تراژیدیای مەرگ ....هتد.

کەژاڵ ئەحمەد لە دەقی (دوایین کەڤاڵی گۆڕە دێم)دا دەڵێت:

چەند دۆستن، چەند برادەرن

کورد و مەرگ..

لە چەخماخەی مێژووەوە

هاوسێ و هاوماڵی یەکترن. (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ٢٦٢)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کەژاڵ وەک ژنە شاعیرێک هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی خۆی بە شێوەیەکی سادە دەردەبڕێت و دەیەوێت بە زمانی حاڵ پێمان بڵێت، کورد بە درێژایی مێژوو، بەشی مەینەتی و مەرگ و کوشتن بووە، ئاشکرایشە ئەم زوڵم و ستەمەی بەرامبەر کورد کراوە بەشێوازی جۆراوجۆر بووە، کەوا بووەتە ناسنامە بۆ مێژووی پڕ لە ڕووداوی ناسۆر و جەرگبڕ.

کەژاڵ لە شیعری (بەفری کافر)دا دەڵێت:

ئەم نیشتمانەی ئێمە هەڤاڵی مەرگە

بڕوانە چ ئاوەدانییەک، کەوتۆتە گۆڕستانییەوە

مانگمان فریای ناشتنی مانگمان ناکەوێ

گوڵمان بە دیار تەرمی گوڵەکانمانەوە

هەنیسکی پێنەما

دەریای فرمێسکی ژنانیش بوو بە قاقڕ (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ١٤٩)

لێرەدا شاعیر پێداگری لەسەر مێژووی پڕ لە ناسۆری گەلی کورد دەکاتەوە و لە دواتریشدا ئەم هاوشێوە بوونەی کورد و مەرگ پەیوەست دەکاتەوە بە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجە و جینۆساید و دەڵێت:

کۆتایی بۆ نییە... سەرەتای بۆ نییە

نێوەندی نییە دیرۆکی ماڵی ئەنفال

ماڵی کیمیاییباران و ماڵی هەلەبجەی بریندار

چ خۆڕاگرییەک هاتە هۆدەکانی گیانمەوە و

چ تاریکی و تەسلیم بوونێک هاتە دەرێ

لە گوڵبێنەی چاوەکان و تەنووری کەپوومانەوە

هەر دڕکێک بکوژرێ، هەر درەختێ شەهید بکرێ

پرسە پرسەی نیشتمانە... (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ١٥٠)

خەمی شاعیر، بۆ دیرۆک و مێژووی نەتەوەکەی خەمێکی قووڵی بێ بڕانەوەیە، ئەو دۆخە سەختەش لەجیاتی ئەوەی تووشی تەسلیمبوون و ملکەچبوون ببن، بەڵکو بووەتە هۆی خۆڕاگری و بەرگری نەتەوەی کورد بەرامبەر بە ستەمی دوژمنان.

لە شیعرێکی تردا جەخت لە ئازار و خەمی چاوەڕوانی و نەهامەتییەکانی ڕزگاربووانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو و زیندانیانی پرسی کوردایەتی دەکاتەوە و دەڵێت:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چاوەڕوانی من بۆ نەهاتوویەک

چاوەڕوانییەکە تەواو هەڵەبجەیی

چاوەڕوانییەکە تەواو ئەنفالیی

چاوەڕوانییەکە تەواوکۆڕەویی

چاوەڕوانییەکە تەواو زیندانیی

چاوەڕوانییەکە تەواو بێوەژنیی

چاوەڕوانییەکە تەواو شەهیدیی (کەژاڵ، ۲۰۰٦، ۳۱٤)

شاعیر وەک هاوهەستییەک و هاوسۆزییەک بۆ شەهیدانی ئەنفال و کیمیاباران و زیندانیان، شاعیر لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو دەستەواژانەی (چاوەڕوانی) زیاتر پێداگری لەسەر هەستی چاوەڕوانی خۆی بۆ داهاتوو دەکاتەوە، چونکە تێدەگات بەشی کورد لەم ژیانە پڕ مەینەتییەدا، بەشی چەوساندنەوەیە.

لە شیعرێکی تردا بەناوی (با بەغدا بێت بۆ هەڵەبجە) هەستی بەرزی کوردانەی بە دەروونێکی پڕ جۆشەوە بۆ هەڵەبجە دەردەبڕێت و (من) ی شاعیر دەبێت بە (من) ێکی کوردانە، شێوەیەکی دەستەکۆیی وەردەگرێت، هەروەک دەڵێت:

بە دەسەسڕی گریاوی هەڵەبجەیا

بەغدا ناوچەوانی بسڕێت

بەر لەوەی لەبەر دەرگای

شەهیدانی شارەکەدا

شەرمبیگرێ.

هەڵەبجە ناچێت بۆ بەغدا

با بەغدا بێت بۆ هەڵەبجە

....

ئاخر کوژراو

چۆن دەچێت بۆ ماڵی ئاڵی بکوژەکەی؟؟

...

ئەمجارە و هەموو جارێ هەڵەبجە

لە شوێنەکەی خۆی نابزوێ. (کەژال، ۲۰۰٦، ٤۲۸)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لێرەدا شاعیر لە ڕوانگەی هەستێکی نەتەوایەتی، هەست و ئەندێشەی خۆی بە زمانێکی سادە دەردەبڕێت، بەوەی کە لەگەڵ ئەوەی هەڵەبجە تووشی ئەو کارەساتە گەورەیە کرا، پێویستە سەرانی بەغدا بێنە هەڵەبجە و داوای لێبوردن بکەن و ئارەقی شەرمەزاری بڕێژن.

نەزەند بەگی خانی بۆ مەرگی سەد و هەشتا و دوو هەزار پەپولەی کوژراو، لە بەش بەش کردنی پیتەکانی وشەی (ئەنفال) بۆ هەر پیتێک هاوارێک بەیان دەکات و دەڵێت:

ئـ : ئاگرێکی بێ ئامان

قرچە قرچی ڕۆحی زارۆک و

هەڵکڕوزانی دڵی دایک

زرمەی کەوتنی تەمەنەکان

ە : هاوارە

هاواری پەپولە

سەد و هەشتا و دوو هەزار پەپولەی کەسک و سور و زەرد

لەناو گەردەلول هەڵوەرین و

تۆفانی زەمەنن.

لێرەدا شاعیر وەک ژنە کوردێک هەستی پڕ لە داخ و مەینەتی کوردانەی دەردەبڕێت و هاواری ئەنفالکراوان دەگەیەنێت، بەجۆرێک لەگەڵ ئەنفالکردنی هەر منداڵێک و هەر ژنێک و هەر پیاوێک ڕوحی ئەویش گڕ دەگرێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو وەرزە بە وەرزی تۆفان و کەوتن و لەناوچوونی تەمەن دادەنێت.

لەلایەکی تر، ئەو کاتەی پرۆسەی کیمیا باران ئەنجام دەدرێت، نەزەند لە وڵاتی غەریبییەوە، شینی هەڵەبجە دەکات و دەڵێت:

لە گۆشەیەکی ساردی سەرزەمین نادڵنیا

بەرامبەر دیوارێکی ڕووتی مەنفا

حیکمەتی بەردم دەخوێندوە

لەوێ

لەناو بێدەنگی ڕووتی بەردا

ڕوخساری ڕۆچووی باوکم بینی

زەردەخەنی سڕبووی خوشکە ساواکەم بینی

دیوارێکی ڕووتی ڕاماو

مەرگی ئەوانەی تێدا قەتیس مابوو

کە بارانی شینی هەڵەبجە بواری نەدان هەڵبێن

بەرە و پەناگەی ئێرە

سوچێکی ساردی سەرزەمین. (نەزەند، ٢٠٠٧، ١٢١)

شاعیر لە دوور وڵاتەوە شینی مەرگی هەڵەبجەییەکان دەکات و هەستی نامۆیی خۆی دەردەبڕیت، کەوا چۆن لە دوور وڵاتەوە مەرگ و کۆچی ئازیزانی دەبینێت و ناشتوانێت کارێکیان بۆ بکات، جگە لەوەی تەنها بەدیار هەواڵیانەوە ڕابمێنێت و لە دوورەوە شین بۆ ئازیزانی بکات.

لەبەرئەوە هەستی نامۆیی و هەستی کوردایەتی لە شیعری شاعیراندا هەستێکی زاڵە، شاعیر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان هاوبەشی خەم و مەینەتییەکانی گەلەکەیەتی، بۆیە (من) ی شاعیر دەبێتە (من) ێکی باڵا و لە مەزڵومییەت و مەینەتییەکانی نەتەوەکەیدا هاوبەشی دەکات، هەروەک لە شیعری (گۆڕستانی جەستە) ی (کەژاڵ ئەحمەد) دا، جەستەی شاعیر لەیەک کاتدا هەم مرۆڤە، هەم دایکە و هەمیش گۆڕستان :

یەک بەیەکی ئەم قوربانی و شەهیدانە

لە خاکی فستقی جەستەما

تەنیا ناویان لەیەکتر جودایە

دەنا شێوە و

دەنا سۆز و

ئەدگاریان بەیەکدا چووە و

باڵایان هەریەک باڵایە

من لێوان لێوم لە شەهید

لێوان لێوم لە تەرم، لەیاد، لە گڵکۆی ئازیزان..

تا لە کۆتاییدا دەڵێت

باشئەزانم بۆ لەمەودوا

ئەم جەستە بچکۆلانەی خۆم ناتوانم

ئەزانم.. زۆر باش ئەزانم

بۆ لەمەودوا

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

من مرۆڤم

من دایکم

من گۆڕستانم (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ١٧٨)

لێرەدا شاعیر جەستەی خۆی وەک گۆڕستانێک وێنادەکات، بۆ ناشتنی هەموو ئەو خەمانەی نیشتمانەکەی، بۆیە خۆی وەک تاک لەوە دەردەچێت تەنها ژنێک بێت و خەمی نەتەوەکەی هەڵگرتبێت، بەڵکو دەچێتە خانەی هەستی مرۆڤایەتی و کوردایەتی.

ج- ڕەهەندی زمانیی :

وەک زانراوە ئامانجی بنەڕەتی زمان کردەی گەیاندنە، شاعیر بۆ گەیاندنی هزر و هەست و ئەندێشەی خۆی پەنا بۆ کەرەسە زمانییەکان دەبات، کە ((بەهاریکاری کۆمەڵە وێنە و ڕەمز و هێمایەکی بەرهەمهێنراوی خۆویستەوە ئەنجام دەدرێن، ...، خەسڵەتی دەربڕینی زمان ئاکارێکی سادەی بێ بەرنامە نییە، ڤالای مۆرکێکی دەلالییە. مەدلوول وەک ڕایەڵێکی دەرەکی لەو دەربڕین و گوزارشتەدا جیا دەکرێتەوە. دالیش کە ڕەمزی مەدلوولە لە تێکەڵبوون و ئامێزگەلیی دال و مەدلوولدایە، دەلالەتیش وەک وێنەیەکی زەینی لەناو منداڵدانی دال و مەدلوولدا گەشە دەکات. بەو پێودانگە زمان نیشانەیەکی ڕەمزییە، یان وێنە و ڕەمزی ئەو بابەتانەن کە دەبیندرێن و هەستیان پێ دەکرێت)) (مەحموود، ٢٠٠٩، ٧). کەواتە شاعیر کەرەسە زمانییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی زمانیدا ڕێکدەخات و بوونیاتی دەق لە چوارچێوەی نەسەقێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە هەریەک لە (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد) وەک شاعیرێکی کورد هەوڵیانداوە لە ڕێگای ڕێکخستنی ئەو سیستەمە زمانییەوە گوزارشت لە گەورەیی کارەساتی ئەنفال بکەن، لەبەرئەوە ((هەموو دەقێک ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی زمانیی کەوا تایبەتمەندی و یاسای خۆی هەیە لە چوارچێوەی نەسەق و پێکهاتە جیاوازەکاند)) (خمری، ٢٠٠٧، ٢٦٦). بەمەش دەسەڵات و هێزی شاعیر لەبەرجەستەکردنی ئیستاتیکا و شیعرییەتی دەقدا خۆی نمایشدەکات، نووسینەوەی ئازارەکانی ئەنفال و پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کوردیش، بێگومان لە ڕێگای ئەو نەسەقە زمانیی و سیستەمە زمانییەوە بەدی دێت کەوا هەردوو شاعیر لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە.

(کەژاڵ ئەحمد) لە شیعری (پەروانەکانی هەڵەبجە)دا کە باس لە مەینەتییەکانی کیمیابارانکردنی هەڵبجە دەکات، دەڵێت:

ئاه... گوڵەباخ

پەروانەکانی هەڵەبجە زۆر نامرادانە مردن

ئاه... پەروانە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

گوڵەباخە بۆنخۆشەکانی هەڵەبجە بوون بە تەرم

«لەگەڵ کۆچی سوورا ڕۆشتن

بەهار بوو خێڵ بەرەو ژوور بوو

کاتێ ڕۆشتن»

...

من و تۆ ...

ئەڵێی دوو چەپکە نێرگزی بە جێماوین لە کارەسات

وەک خش و هوڕی دامێنی

کراسی ژنە شۆخێکی هەڵەبجەیی تەنیا و مات

ئای من و تۆ

نەزیفی ئازارمان. تا ئەم دنیایە دنیایە

ڕاناوەستێ

ئای من و تۆ ڕووباری فرمێسک ئەمانبات. (کەژال، ۲۰۰٦، ۲۱۹)

دەبینین شاعیر لە ڕێگای بەکارهێنانی سیستەمە زمانییەکەوە، لەسەر بنەمای وێنە خوازەییەکان دەقەکەی دامەزراندووە، بەمەش جارێک وەک تاکێکی کورد و جارێکیش وەک ژنێکی ستەمدیدەی هەڵەبجەیی ئازارەکانی سنووری کات دەبەزێنێت و بە درێژایی کات بەو ئازارەوە دەمێنێتەوە.

لەلایەکی نەزەند لە شیعری (غەزو)، لە پێشەکی شیعرەکەشدا ئاماژەی بەوە کردووە کەوا بۆ بێوەژنەکانی ئەنفالی نووسیوە، دەڵێت:

ئ - ە – ن – ف – ا – ل ، ئ - ە – ن – ف – ا – ل

دەنگ هەڵیکرد

دەنگی مەئیوسی غەزو

دەنگی گەردەلولی سارا و تۆفانی بەرد

دەنگ هەڵیکرد

دەنگی غەور، دەنگی غارەک

ئەنفال هەڵیکرد (نەزەند، ۲۰۰۷، ۸۰)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای هارمۆنییەتی دەنگ و وشەوە، توانیویەتی کردەی گەیاندن

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

خێراتر بکات، هەروەک چۆن لە ڕێگای تۆپۆگرافیای دێڕە شیعرەکە، بە هەڵوەشاندنەوەی یەکە دەنگییەکانی وشەی (ئەنفال)، لەسەرەتای هەر کۆپلەیەکی ئەم دەقە شیعرییە، وێنای پڕۆسەی ئەنفال لە دەروونی وەرگر یان خوێنەردا زیاتر دەچەسپێنێت، بەمەش دەنگی ئەنفال لەگەڵ دەنگی جەور و ستەم یەک دەگرێت و وێنەیەکی زەینی لە ڕێگای کەرەسە زمانییەکان بەرجەستە دەکات.

کەژاڵ لە کۆتایی شیعری (هۆلۆکۆست) دا بە زمانێکی سادە تراژیدیای ئەنفال لەچەند دێڕێکدا کورت دەکاتەوە و دەڵێت :

کە بردیانن هەموو شتێ بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو

شۆڕش، ڕەوشت، ژیان، جوانی

قەسیدە وەک ملی ئەوان بەلادا کەوت

ئەو مێژووە.. توانەوەی شەکری ڕووناکی بوو لەناو

ژەهراوی تاریکستاندا

تەسلیم بوونی گوڵەباخ بوو بە دڕکەزێ

حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێکە زوو شتی بیر دەچێ. (کەژاڵ، ٢٠٠٦، ١٤٣)

لەم چەند دێڕەدا، شاعیر زۆر بەسادەیی پێمان دەڵێت لەگەڵ ئەنفالدا زۆر شت مرد، لەوانەش شۆڕش و جوانی ژیان و خۆشی ژیان و قەسیدە و شیعر، بەلام لەگەڵ ئەم مێژووە پڕ کارەساتەدا ئەمە حیکایەت و مێژوویەکی پڕ لە ناسۆری میللەتێکە زوو شتەکانی لەبیردەکات، لێرەدا شاعیر بە زمانێکی شیعری گلەیی و گازەندە لە میللەتەکەی دەکات، لە هەمبەر لەبیرکردنی مێژووی پڕ سەروەری و پڕ کارەساتیی. لەم دەقانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، زمانی شیعری (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد) زمانێکی شیعری سادەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی کەرەسە زمانییەکان و وێنە و مەدلوولاتە جیاوازەکانەوە مێژووی گەلێکی ستەمدیدە دەگێڕنەوە.

ئەنجام

١. دەکرێت شیعر ببێت بەو پردەی کە ڕووداوە تراژیدییەکانی گەلەکەمانی لێوە بگوازینەوە و بە نەوەی نوێی ئاشنابکەین تا ڕابردووی نەتەوەکەیان بزانن.

٢. ژنان سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، لە پڕۆسەی داهێنانی ئەدەبی، هەریەک لە شاعیران (نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد) توانیویانە مێژووی کارەساتباری گەلی کورد لە ڕێگای شیعرەوە بگوازنەوە ناو ئەدەب و پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو بەشێوازێکی ئەدەبی تایبەت بەخۆیان دابڕێژنەوە.

٣. لەڕووی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر باسیان لە دیاردەکۆمەڵایەتییەکانی وەک ژیانی سەختی بێوەژنان و چاوەڕوانی دایکان و ژنان بۆ ڕۆڵە و هاوسەرەکانیان یاخود ڕەشپۆشی ژنان و ئەو بارودۆخە نالەبارەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تووشی ژنان بووەتەوە، کردووە.

٤. هەردوو شاعیر بەشێوەیەکی قووڵ بارودۆخی دەروونی بەجێماوان و ڕزگاربووانی ئەنفال و کیمیابارانیان باسکردووە و هەستی نامۆیی و هاوسۆزی خۆیان لەبەرامبەر ئەو کارەساتە گەورەیە دەربڕیوە.

٥. هەردوو شاعیر بەزمانێکی سادە و کەرەسە زمانییەکان وێنەی زەینی و هەندێ جار بەکارهێنانی ڕەمز و وشە خوازەییەکان توانیویانە کارەساتی ئەنفال بگێڕنەوە.

سەرچاوەکان

– ئەحمەد، کەژاڵ (٢٠٠٦)، دیوانی شیعر، بەڕێوبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
– ئەمین و نووسەرانی تر،(وەیسی)،٢٠١٣جینۆسایدی گەلی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی جیم ئۆفسێت، تورکیا.
– بەگیخانی، نەزەند، ٢٠٠٧، زەنگوڵی وتن، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانیی.
– دزەیی،(یوسف)،٢٠٠١ ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
– ڕەشید، فوئاد، ٢٠٠٧، دەقی ئەدەبی «ئەدگار، چێأ، بەها»، دەزگای ئاراس، هەولێر.
عزیز،(سهیل)،٢٠١٣،پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی..
– عبدالله،(چنار)،٢٠١٦،بابەتی جینۆساید وەک میتۆدی خوێندن لە سیستمی پەروەردەی کوردستان، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پڕۆگرامەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر..
– عومەر، مەهدی فاتیح، ٢٠١٩، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .
– عەلی، د. ئەحمەد شەریف، ٢٠١٠، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
– مەلای گەورە،(مەلامحەمەد)،٢٠٠٩،تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.
– محمود،(ئەحمەدکاکە)،٢٠٠٧،تەفسیری ڕامان لەماناو مەبەستەکانی قورئان، چاپی یەکەم، نەشری ئیحسان، تاران
– مەحموود، د. ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٨٥ – ٢٠٠٥)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەرەبی:

– جبر،(ایمن)،١٩٩٧، کتاب تفسیر روائع البیان لمعانی القرآن، مراجعة د.احمد نوفل و د.احمد شکری،ط٢، دار الارقم.
– خمری، د. حسین، ٢٠٠٧، نظریة النص من بنیة المعنی إلی سیمیائیة الدال، دار العربیة للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دێرینە دەقەکەو هورمزگانی و پۆلێو ڕەوایەتێ جیاوازێ و هۆرسەنگناییێوی شێوازشناسانە

عادڵ محەمەدپوور

ماستەر لە زمان و ئەدبیات

adel.mohammadpur@gmail.com

چکیارە

هورمزگان تێکستێوی برگەیی چوار بەیتیی کوردیی گۆرانەن(هەورامی). سەرچەمەکێ ئینای چی بڕوانە کە ئی هۆنیاوێ پەیوەنییش بە دۆخەو کوردستانوو ئا وەختیەوە هەنە کە کەوتەن وەروو پەلامارو عەرەبەکا و مەڕەو هەزارمێردینە وێزیاینەوە. چی بارەوە پۆلێو وەرهۆرزشناسێ، مێژوونویسێ و پەیجۆرکارێ سەرشناسێ کوردێ و فارسێ سەروو ئی دەقیە تاقیێشا کەردێنێ. دلێنەو دەقەکەی باس ئەو خاپوور کەردەی پەرەستشگاکا، شارەکا و کوشتەیو دلێرپیایا و بە دیل گێرتەیو ژەنا و کناچاو کوردی کەرۆ و چی پیۆەنییەنە مشت و مڕیوەش نیانەوە و لانیکەم دوێ وینگاییێ سەرەکییش چنە کەوتێنێوە. وینگای یۆوەم ئەرێنین و ماچانێ ئی دەقە ڕەسەنەن و نیشانەناسیی زوانی و باری ماناشناسیەکەش چنی تەشکەو شێعرەو کوردیی گۆرانوو ئا سەردەمیە هامسەنگەن. وینگای دووەم نەرێنین و سەرجەم ڕەفزش کەراوە و داواو ئا پۆسیە کەرانێ کە سەرشەوە نویسیان. چی ڕاسانە نویسەروو ئی دێڕانە، بە چوارچێوەو تیۆری تاقیقی و ئاکاری شۆنیرەلوای هەم بە ڕەوایەتێ ئەرێنی و نەرێنیی سەرچەمەکا و هەمتەر بە ڕەوتوو دەقەکەی کە ئیسە هەن دلێمانە و ئینا حاڵوو تاوتۆ کەردەینە، پەشتیش بەستێنە. ئاخێزگەو سەرهۆردایو تارێخ ئەدەبیاتوو نەتەوەکایتەریەنە، دەقە سەرەتاییەکێ- تاخێت تاک بەیتێوەیچ، نەنریاینێ لاوە، بەڵکەم پەشتیشا بەستێنە بە ڕەوایەتێ یۆ دماو یۆو سەرچەمە وەڵینەکا و وینگاو پسپۆڕا، پیجۆرە زەمینەی زانستیشا پەی ڕەخسیان کە بیاوا بە فەلسەفەی تاریخیی وێشا. پۆکای چی هەرمانە تاقیقییێنە پێسەو نیازێوی زانشتی، کۆنتەرین دیمەنوو تێکستەکەی بە خەتی پالەوی و ڕانویسی لاتینی وزیان ڕوە و مۆرفیمێ و یەکەو بەیتەکا و باری هەناوی و شێوازناسیشان شیتەڵکاری کریان تا زەمینەییێوە بڕەخسیۆ

پەی ئەوەوانایێویتەروو فەلسەفەی حەماسی- تارێخی و گەشە دای بە ئاگامەننیی ئیتنیکی نەتەوەکەیما.

کرێڵ واچێ: هورمزگان، پەلامارەو عەرەبەکا، خاپوورکەردەی، ڕەوایەتێ جیاواز

summary

Hormozgan is a four-bit Kurdish text. Sources believe that this poem is related to the beginning of the Arab invasion of Kurdistan and was found in Hazarmird Cave. In this regard, a group of orientalists, historians and researchers of Kurdish and Persian studies have investigated this text. This text describes the destruction of religious places, cities, the killing of brave men and the arrest of Kurdish women and girls, which has created a challenge and at least two perspectives. The first point of view is the belief that this main text, its linguistic semiotics and its semantic position correspond to the structure of the Kurdish poetry of that time. The second view is negative and rejects it absolutely and demands the leather written on it. In this regard, the author of these lines has paid attention to the positive and negative narratives of the sources in the framework of the research-descriptive theory and has relied on the activeness of the text that is currently being discussed. In the history of the literature of other nations, the primary texts have not been abandoned, but by relying on the successive narratives of previous sources and the opinions of experts, they have provided a scientific basis for their historical philosophy. Therefore, in this research, as a scientific method, the oldest text in Pahlavi and Latin script has been analyzed and their morphemes, verse units, content and methodology have been analyzed in order to provide a basis for the realization of epic-historical philosophy in the direction of developing national identity be created.

Keywords :Hormozgan, Arab attack, destruction, different traditions

١- وەڵێنە و دەربڕیەیو پەرسەو بنەمایی بابەتەکەی

تاکە ئیستاتیکاو بیەی و وێنای تاریخی و ئەژناسەی نەتەوایەتیی کوردی بنەڕۆوە هەر شێعرە بیێنە و بە نوونگەو پۆلێو هۆکاریٚ سیاسی-کۆمەڵایەتییٚ ڕەوڕەوەو تاریخینە، بێبەش بیەن ئەو چەپکێو ژانرێتەریٚ ویرییٚ و هونەرییٚ. کۆو ئی دەقانە ئارۆ دلێو ئارشیڤوو چواردە سەدەو شیعرەو ئەوساو کوردیەنە، هەم دەقیٚ ڕەزمنامیٚ و حەماسییما هەنیٚ و هەمتەر شیعرێو لیریکاییٚ. بەڵام شێعریٚ لیریکییٚ بە تەماموو دلێنەکاشەوە پیسەو نۆرمێوی شێوازژناسانەی، زاڵ بیەی وێش ئەرمانان. لاییوتەریچەوە، گێجاوڵە تاریخیەکانە سەرەمرە، لاو دەسەڵاتچییە ملهوڕەکاوە، دایمەن کوردستان کێبیەی و شناسنامەی گەشاوەزی و فەلسەفەی نەتەوایەتیش کەوتەن وەروو پەلاماروو جینۆسایدی و قەلاچۆکەردەیوە و خاک، یانە، گیان و سامانش بە تالان بریان و فاکتۆریٚ، بەڵگیٚ و تاپوێش چی بارەوە سڕیاینێوە یان دیفۆرمە و چێروچوەر کریاێنیٚ و دەقێق ئاخێزگەو سەرهۆردایو تاریخیش ساق نەکریانەوە؛ پۆکای دەقە شیعرییەکەو هورمزگانی هۆرمگێرۆ کە چی کات و دەرفەتانە پیسەو ڕۆحێوی حەماسەتیانە و بابەتێوی ئەدەبی- مێژوویی بە شێوەی زانستی، نیشانەژناسانە و ئاکادیمیانە، پەیجۆرهەرمانیش پەی بکریۆنە. شیکاریی و شۆنگێرتەی بە ئاکام پەی ئی دەقیە متاوۆ دویٚ ئامانجیٚ سەرەکیێ بپێکۆ: یۆ پیسەو یەکەم زایەڵێوی پاڵەوانی و دلێرنامەو کوردی و دووەم پیسەو بەڵگەیێوی تاریخی کە پاشێل کارییەکا و سڕیەیەو مافوو ئەرەبیەیو نەتەوایەتی و دیاردایو قەلاچۆکاری مەحاڵە کوردەوارییەکا وێنا بکەرۆنە. پیسەو سوهراب سێپێهری ماچۆ: «با ئیتر چەمەکاما بشۆرمیٚ و بە جۆرێویتەر بدیەمیٚ».

١-١- پەیجۆرکاریی ئەدەبینە (Literature Review)، تا ئیسە پەی ئی دەقیە چێش کریان؟

لاپەلدایەو و ئەوەوانای ئەدەبیی پی مانا کە بزانمیٚ چە کتێب، وتار و سەرچەمێویٚ یەک سەدەی ویەردەنە جە بارەو پرۆسەو هۆرسەنگنایو ئی هۆنیٚ چاپ و وەڵاکریاینێوە تا بیبلیۆگرافیشان یۆ دماو یۆی ئەژناسە و کۆبەننی بکریۆنە. پی ڕاهەرمانیٚ گنۆنە بەر کە سەروو پەیجۆرهەرمانیی ئی دەقیە بە وینگاو ئی وتاریەوە یەریٚ پەیلوایی جیاوازێش چنە کەوتێنێوە:

- **وینگای یۆوەم؛ ئەرێنی و ددان پۆرە نیایا**
- **وینگای دووەم؛ نەرێنیی و ڕەفزکەردەیوەن**

– وینگای یەرەم؛ ڕێژەیین و هۆرز و نیشتوو واقێعوو دەقەکەین کە وەرەچەمەن و ئینا دلێمانە و داواکەرۆ کە پەیجۆرهەرمانیی ئەدەبی و زوانی و ویریی فرەتەرش پەی بکریۆ.

١-٢- وینگای یۆوەم و دیایو ئەرێنیی پۆلێو وەرهۆرزژناسیێ، مێژوونووسیێ و پەیجۆرکاریێ

یۆوەم کەسێو سەروو ئی تێکستییە باسی ئەرێنیش کەردەن؛ حوسەین حوزنی موکریانین (١٨٩٣-١٩٤٧)، ویسوو نەورۆزوو (١٣٠٩)ی کۆچی گۆڤاروو زاری کورمانجینە، تەنانەت چن مانگێ وەڵێ درکنایو د. سەعیدخانی کوردستانینە[١]، ئی تێکستیە پێسەو سامانێوی ئێژانەی تاریخیی کوردەکا، نامێش چۆ بەرۆنە (عەبدی، ١٣٩٧: ١٠٦). بەڵام خودوو سەعیدخانی کوردستانی نویسەرو کتێبوو نزانی[٢] یۆوەم نویسەری کاریگەرەن ئەو تاقێقکاری و قاودای و وەڵاوکەردەیەو ئی دەقیە. وەڵێنەو کتێبوو نزانینە منویسۆ: چی ڕوانە پۆسێو سلێمانینە بە خەتی پالەوی ئێزیانەوە و هۆرگێروو چن بەیتە شێعرێوەن... (کوردستانی، ١٣٠٩).

محەمەد تەقی بەهار ئەرەژناسیا بە مەلەکولشوعەرا (١٢٦٥-١٣٣٠ ک) مێژوونویس، زوانەوان، شێوازژناس و شاعێری سەرشناسی ئێرانی، یۆوەم پەیجۆکارەن کە وەرفراوان و شێوازژناسانە سەروو ئی تێکستیە هەرمانەش کەردێنە و چی بارەوە منویسۆ: «دەقێوی چن بەیتیی دە بڕگەیی دەهەو دووەموو کۆچی نزیکوو شاروو سلێمانیی عێراقی (مەڕەو هەزارمێرد)ینە ئێزیانەوە کە پەیوەنتییش بە سەرەتاو هێڕشوو عەرەبیەوە هەن سەروو ئێرانی... ئی شیعرێ بە خەتی پالەوین و سەروو پۆسوو ئاسکێوە نویسیان و ڕۆنامەو شەرقینە وەڵاوکریانەوە و بەڵام دەقوو شێعرەکێم لاو ئوستادی زانا بەڕێز دوکتۆر سەعیدی کوردستانیوە یاوان دەسم... » (بەهار، ١٣٤٧ : ٣٩-٤٤).

دمایی غوڵامڕەزا ڕەشید یاسمی کرماشانی (١٢٧٥-١٣٣٠ ک)یچ بە پەیلوای ئەرێنیی سەروو ئی دەقیە باسێش کەردێنێ و ددانش نیان بە ڕەسەنایەتیی دەقەکەیرە و چی بڕوانە بیەن کە ئی هۆنراوێ سکاڵاییوەن ئەو پەلامارەکاو عەرەبی و هەوڵێو پەی قەڵاچۆکەردەیو ئاییینی کۆن و پەڕچە هەرمانێوەنە لاو جەماوەریوە پەی ئی دیاردایە... (یاسمی، ١٣٦٣: ١١٩).

ئایەتەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی (١٢٥٦-١٣٥٤ ک)یچ ددان منیۆ بە واتە و نویستەکاو ڕەشیدی یاسمیرە و پەیلوای ئەرێنیی وێش پەی ئی دەقیە هەفتەنامەو کوهستان (١٣٢٤، ش ژ ٦ ل ٥) و مێژووی کورد و کوردستان (مەردۆخ، ١٣٥١: ٥٠) وەڵا کەرۆوە (عەبدی، ١٣٩٧: ١٠٦). عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤ ز) مێژووی ئەدەبی کوردینە باس ئەو ئەرێنی بیەیو وێش پەی ئی دەقە کوردییە مکەرۆنە (سەجادی، ١٣٦١: ١٢٩-١٣). و ئینەیچ بەڵگێوەن پەی واتەکاو بەهاری و پەیلوای ئەرێنییەکاو باقی نویسەر و پەیجۆکارەکا کە کتێبەکاشانە باسشا چی تێکستییە کەردەن. درێژەو ئی هۆرسەنگنایینە چنها نویسەرێتەرێ ئێرانیێ و خارجیێ و کوردیێ پێسەو: سدێقی سەفیزادەی کتێبەکەشنە، دەقی پالەویی ئی تێکستیە منیۆرە (صفی زادە، ١٣٨٧: ١٨٩)، حسین شکیبا، ابوالقاسم اسماعیلپور، محمدرضا ابوترابیان، حسن مشحون، فاروق سەفیزادە، عەبدوڵڵا ئەیۆبیان، محەمەدەمین هەورامی، د. محەمەدعەلی سۆلتانی، شاهۆ عەبدی، جەمال ڕەشید، واسیلی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نیکیتین(١٨٥٥-١٩٦٠)، مارگاریتا رودینکو(١٩٢٦-١٩٧٦)، لگ لیودویگوویچ ویلچفسکی سەروو ئی دەقیە باسێشا کەردێنێ (عەبدی، ١١٠:١٣٩٧-١١١).

مێژوونویس و ئێتنۆگارافی ڕووسی ڤۆلچفسکی منویسۆنە: ئی هۆنیایێ دەهەکاو یۆوەموو سەدەو ویسی سلێمانینە ئێزیانەوە و ڕۆدێنکۆیچ ئی دەقشە بە زوانی ڕووسی هۆرگێڵنانەوە (جەمال ڕەشید، ١٩٨٨: ٥١٦). سروودوو ورمزگانی(Warmizgan) سینە بە سینەو جەماوەرینە پارێزیانە و بە خەتی پالەوی سەروو پۆسێوە بە زوانی گۆرانی کە سەر بە دەسەو سەراوننوو وەرنیشتوو زوانە ئێرانییەکان (اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ١١)، سەدەو حەوتوو زایینی نویسیانەوە (ئاکۆپف ئاکۆپیان، ١٩٦٧)، (همزەای، ١٣٩٤: ٧٣) و کۆنتەرین شیعرەی برگەییەی کوردیی مێنە هەژمار (جەباری، گویش هەورامی). پی جۆرە دەیان نویسەرێ و پەیجۆرکارێتەرێ کورد و غەیر کورد چی بارەوە باس و شیکاریشا سەروو ئی شێعرێ کەردێنە. بە پاو قڵڵەتوو وتارەکەی، مەوداو ئانەیما نیەن بە تەسەل باسێشا سەر کەرمێنە.

١-٣- وینگای دووەم و پەیلوای نەرێنیی چن نویسەر و شیکارێ

چن نویسەرێ و شیکارێ پێسەو وینگاییوی نەرێنی باس ئەو نەبیەیو چەرمەکەی کەرانێ و دەقەکە بە تەمامی منیا لاوە و ڕەسەنایەتی ئی دەقیە بەرانە چێروو پەرسێ و بە ساختەش مزانانێ، پێسەو: جەماڵ نەبەز، عێزەدین موستەفا ڕەسووڵ، مکنزی(١٩٢٦-٢٠٠١) و ... پەی زانیاریی زیاتەری بدیەیدێ: (عەبدی، ١٣٩٧: ١٠٠، ١٠٩، ١١٠، ١١١).

١-٤- وینگای یەرەم؛ ڕێژەیی بیەی و وەرەچەم گێرتەیو کارایی دەقەکەی و پەیجۆرکاری زیاتەری

ئی وینگا هەم بە ڕەوایەتوو سەرچەمە یۆدماویۆو وەڵینەکا پەشتی بەسۆ[٣] و هەمتەر بە هەوڵە ئیعانییەکا و چنەویریەیشا پەی چارەنویسوو دماڕۆو دەقەکەی و بڕواش پینەیە هەنە کە هورمزگان دەقێوی ئەکتیڤەن و هەنبانەو زەینی نویسەرا و گێڵەو خامەو پەیجۆرکارانە، ئەرەنیشتە بیەن و هەوڵەکێچ پەی هۆرسەنگنای و شۆنگێرتەیش کریاوێنێ و تاخێت ڕەخنەی نەرێنی و ڕادیکاڵیچ چی پەیوەننیەنە، ددان پۆرەنیایەن بە بیەیش و ڕەوادایێوەن بە پرۆسەو دەقەکەی کە وەشبەختانە ئینا دلێمانە و خەریکێنمێ واتواچش سەر کەرمێنە. سەروو بنەماو ڕەوایەتوو سەرچەمەکا و وینگاو نویسەرە ئێرانییەکێ، کوردێ و وەرهۆرزژناسێ و تەنانەت سووچەنیگاو نەرێنیی تاقمێوە نووسەرێ؛ ئی دەقە باس ئەو ڕێژەیی بیەی و ئەکتیڤیەتی زوانی، ئەدەبی و ویریی ئا دەقیە کەرۆنە. وەرەچەم نەگێرتەیش، هەوڵێوی ئیفلیج و چەقبەستەن. داواکریۆ ئی هۆنیایێ پێسەو وێناو یۆوەم دەقی نویساریی تاریخ ئەدەبیاتوو کوردی بە ڕەسمی جە ناوەندە زانستی و زانکۆکاو کوردستانینە فرەتەر شرۆڤەش سەربکریۆنە.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١-٥- دەسپێکوو مێژوو ئەدەبیاتوو فارسی و پەشت بەستەیو بە ڕەوایەتەکا

ئاخێزگەو مێژوو ئەدەبیی نەتەوەکایەرەنە، یۆوەم تێکستەکێ شێعریێ هەمیشە بە خەرمانێو جە ئەگەر و نەگەروو ڕەوایەتەکا و سەرچەمەکا پەشتیشا بەستێنە و قەولەکاو ئادیشا کریان بە بەڵگە و تاپۆو مێتێدۆلۆژیی هەرمانەئەدەبییەکا. ئی ڕەوشە دەقە سەرەتاییەکاو مێژوو ئەدەبیاتی فارسینە فرەتەر بەرجەستەن.

زەبیحوڵڵا سەفا (١٣٧٨-١٢٩٠ک) نویسەر و پەیجۆرکاری سەرژناسی ئێرانی مێژووی ئەدەبیاتی فارسینە سەروو دەقە سەرەتاییەکاو ئی شێعرێ منویسۆ:

ڕەوایەتەکێ جۆراوجۆرێنێ؛ دەقە سەرەتاییەکانە کۆنتەرین ڕەوایەت کە هەنما، قەولوو کتێبوو تارێخوو سیستانین کە سەدەو پەنجیی کۆچینە نویسیان و تاخێت نویسەر یا نویسەرەکێش نەژناسیاینێ و دوور نیەن کە ڕەوایەتەکاو ئی کتێبیە بە پاو پانویستەکاو وەڵێنی تەشکەشا گێرتێ بۆ... (صفا، ١٣٦٦: ١٨٣-١٦٥). دمایی نویسەر بێ بەهانەگێرتەیو بەڵگەو پۆسی و چێویتەرێ، تەنیا داکۆکیش سەروو ڕەوایەتێ کتێبوو تارێخ سیستانین. ئی تارێخ نویسە بەرهەمەکەشنە کە کتێبوی هەشت بەرگی و یۆن جە سەرچەمە متمانەبەخشەکاو تارێخ ئەدەبیاتی فارسین، ئیشارە کەرۆ بە یۆوەمین هۆنیاوەو محەمەد بن وەسیف سەگزی (هەمان سەرچاوە، ١٦٦)، شاعێر و دەبیروو یەعقووب بن لەیس سەفاری (٢٦٥-٢٢٥ ک)، کە یۆن جە دەقە سەرەتاییەکاو یەرە سەدەو یۆوەموو کۆچی مانگیین. ئی ڕەوایەتە و سەرجەم ڕەوایەتەکایەروو شاعیرایەتەری، با بە پایەگاییوە پەی شکڵ گێرتەیو تاقیقە ئەدەبییەکایەروو ئی ڕەوتە ئەدەبیێ. درێژەو ئی هەرمانێنە، سەفا ڕوە کەرۆ ڕەوایەکایەر و ئیشارە کەرۆ بە کتێبانێوە پێسەو: (تاریخ بیهق/ سەدەو پەنجی، لباب الالباب عوفی/ سەرەتاو سەدەو حەوتی ، المعجم شمس قیس رازی/ سەدەو حەوتی، تذکره الشعرای دولتشاه سمرقندی/ سەدەی نۆی کۆچی و مجمع الفصحای رضا قلیخان هدایت/ سەدەو سێزەی کۆچی و...) و نموونە دەقانێویتەر جە شاعیرانێو پێسەو (ابو حفص سغدی، حنظلەی بادغیسی، فیروز مشرقی و ابوسلیک گرگانی و...) مارۆنە دلێ کتێبەکاش و پێسەو دەقێ سەرەتایێ یۆ دماو یۆی تۆمارشا کەرۆنە (هەمان، ١٨٢-١٧٦) و تارێخ ئەدەبیاتوو هەزار ساڵەو فارسیی منویسۆوە.

چی هەرمانە تاقێقێنە باس سەروو نەبیەیو پۆسی هەر نەکریان، ئینە ماناش ئانێنە واتواچی ئەدەبی و زوانی و ویری موزۆ سەروو شانەو نویسەرا و وانەرا و ساحێب نەزەرایتەروو دماو ویش. موینمێنە کە دماو دە سەدێ ئی تاک بەیتیێ و چن بەیتیێ ئەدەبیی فارسینە بیێنێ یۆوەم سەرچەمەو ئاخێزگەو سەرهۆردایو مێژوو ئەدەبیاتی فارسی و پێڕەوی چی سەرچەمانە و چی ئەدەبیاتەنە کە ڕادەو چننیشا فرەن، کریان تەوەن بنەڕەتوو ئی تارێخە دۆڵەمەنیە و کتێبخانە ئاکادێمی و ئێنستیتۆی زوانی و ئەدەبیشا ڕازنانەوە و سەدان کتێبێ سەروو ئی مێتۆدە زانستییە نویسیاینێ و چاپکریاینێ و ئیسەنە وانەی زانستیشان پەنە مونیۆوە (محمدپور، ١٣٩٢: ٢٠).

٢- دەقە شیعرەکەو هورمزگانی بە پاو ڕەوایەتوو چن تاقیڤکارێ و تارێخ نویسێ:

٢-١- دەقەکەو هورمزگانی بە خەتی پالەوی



(صفی زادە، ١٣٧٨: ١٨٩ و اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ١٣ و جەباری گویش هەورامی)

٢-٢- ڕانویسی لاتینیی دەقەکەی بە ڕەوشی مەکنزی

ōrmizgān ŗimān ātirān kužān

wišān šārdwā gura gurakān

zur kār ī arab kardnā xāpūr

gunā ū pālhē hatā šārazūr

zan ū kanikan u dīl bišīnā

mird āzāy tilē u ŗūy hwīnā

ŗōšt zarduštra mānwā bē das

bazīkā nakā ōrmaz u hwēč kas

(جەباری، گویش هەورامی)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢-٣- دەقەکەو محەمەد تەقی بەهاری

هرمزگان رمان، آتران کژان

هوشان شارەوە، هورە گاوران

زورە کرە ارب کردنا خاپور

گنانی پالە بشی شارەزور

ژن و کنیکا ودیل بشینا

مرد آزا تلیی ژ روی هوینا

روش زردوشتر ماننە و بی دس

بزیکا نیکا هورمز وە هیچ کس (بهار، ١٣٤٧: ٤١-٤٠)

٢-٤- شرۆڤە و یۆدایەو بەیتەکا سەروو ڕانویسی لاتینی

ئۆرمزگان ڕمان، ئاتران کۆژان

ōrmizgān ṛimān ātirān kužān

«ئاورگەکان کاولبوون، ئاورەکان کوژانەوە»

وێشان شاردەوا گۆرەگۆرەکان

wēšān šārdwā gura gurakān

«گەورەکان و پیاوچاکان خۆیان دەشاردەوە»

زۆرکاریی ئەرەب کەردنا خاپوور

zurkār ī arab kardnā xāpūr

«زۆرکارانی عەرەب، کردیانە خاپوور»

گونا و پاڵهێ هەتا شارەزوور

gunā ū pālhē hatā šārazūr

«لە گوندی پاڵەوە هەتا شارەزوور»

زن و کەنیکان ئۆ دیل بشینا

zan ū kanīkān ō dīl bišīnā

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

«ژنان و کچان بە دیل گیران»

مێرد ئازا تلێ ئۆ ڕۆی هوینا

mird āzāy tilē u ṛūy hwīnā

«پیاوی دلێر لەناو خوێندا دەتلایەوە»

ڕۆشت زەردوشترە مانوا بێ دەس

ṛōšt zarduštra mānwā bē das

«ڕەوشتی زەردەشت بێ یاوەر مایەوە»

بەزیکا نەکا ئۆرمزد ئۆ هوێچ کەس

bazīkā nakā ōrmaz u hwēč kas

«هورمز بەزەیی بە هیچکەسدا نەهاتەوە.» (نووسینەوەی جەباری سەباح، گویش هەورامی)

٢-٥- شی کەردەیەو بڕێو وشێ و مۆرفێمێ و یۆدریایێ دەقەکەی

•هورمزگان، ئورمزگان، ورمزگان؛ Warmizgan یا□rmizg□n یا hurmizgan، ئەوێستانە Ahura-Mazd□h، پارسی کۆن Auramazd□h، پالەوینە Ohrmazd، فارسی تازەنە ئوورمەزد، هورمزد، ورمزد Warmizd؛ یانێ: ئاویرگاکێ، ئاورگەکان، پەرەستنگاکان (اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ١٤). هورمزگان واچێوی یۆدریان و دوێ بەشێن: بەشی یۆوەم huvar بە ماناو وەر، خۆر و بەشوو دووەمی مزگ+ ان؛ مزگ بە ماناو یاگێو پەرەستشی کە ڕێخەییێوی ئارامین msgd و بیەن بە (مسجد)ی عەرەبی. سەرجەم هورمزگان یانێو: یاگێو پەرەستشی، ڕۆشنایی وەری، خۆر (خورشید). (ان)یچ نیشانەو کۆین سەروو ڕازوانی (گورانی)ین (جەباری، گویش هەورامی).

•rimān، ڕمان جە ڕیشەو هێندوئوروپاییە: Remb بە ماناو کەوتەی و کەوتن و وێران بیەین کە فارسنە پێسە رمبیدن ئامان. شوناسی کرداریی ئی وشێ سەروو بنەماو ڕازوانی گۆرانی سەرف کریان: ڕمان: یانێ وێران بیەی، ویران شدند (جەباری، گویش هەورامی).

•ātirān یا ātarān. ئاتران، آتش ها، ئاویرەکێ، ئاورەکان. Atiran، آتش ها، ئاوێستا: ئاتەر، Ater و ئاتەرش، Aterş ، پالەوی: ئاتور، Atur و ئاتەخش، Atexş ، هەورامی: ئاویر، Awîr ، ئێر، êr، سۆراني: ئاور، Awir.

• kužān، جە ڕیشەو kaušبە ماناو کوشنایەو و کوژاندنەوە(خاموش شدن). ئەم هەرمانەش(فعل) سەروو ڕازوانی گۆرانی گەردانە (صرف) کریان (اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ١٦).

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

• گونا، Gunā: گند، گوند، Gund: سۆرانی: ئاوایی، هەورامی: دەگا، فارسی: آبادی، گندی شاپور. Gunā جە ڕێخەو هێندوئورووپاییەger- « ، یانێ لە گەڵ یەکبوون، ئاریایی کۆن بۆ بە: ganáh «یانێ خێڵ، قبیلە» کە ماناش گوندەکان، یا «روستاها» ، و کوردیش هەمان گوند ماچا (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

•Pālhē، جە ڕێخەو هێندوئورووپایی: -perبە ماناو شار،شهر. ئاریایی کۆن بۆ بە: پوراس»شهر». یۆنانییەکەی: پۆلیس»شار»، بە ماناو شارەکێ، «شهرها» (جەباری، گویش هەورامی).

• žan، ژەن، شەن، ژەنی، ژن، زن، an□،. لە ئەوێستا jeni، پالەوی jani، هەورامی jeni، سۆرانی jin

• Kanīkā•، ڕێخەش هێندوئورووپایین: kenو ئاوێستایی: kainīn، پالەوی: kanicak هەورامی: kinace، سۆرانی: kic و kenisk، و an دماگێری کۆ.

• Hûn ، هەورامي: ون، Win، سوراني: خوێن، Xiwên، فارسي: خون، Xûn

• bazīkā• ، بەزیکا، ڕێخەش هێندوئورووپایین: bhen، یانێ: زرەپنای هەورامی، لێدانی سۆرانی، فارسی:»ضربە زدن، آسیب رساندن». ئاوێستایی: ڕێخەو: bazda و band»، بە ماناو: بیمار، نەخۆش. کوردییەکەی: :bazay» ترحم، دڵسۆزی». (اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ٢٠).

٢-٦- گیانمایەو[٤] ئی دەقیە و چن خاڵێوی شێوازژناسانێ زوانی، ئەدەبی و ڤیریێ و کاریگەرییەکاش دلێو شێعرێ و هۆربەستێ کوردینە

أ) ئی دەقە، چوار بەیتیێ؛ بڕگەیی و قافیەداری جۆت لنگەیین(مەسنەوی) و هەر لنگێوە جە دوێ کوتێ پەنج بڕگەیی بە درەنگێوی کورتەوە بەینوو بڕگەو پەنجی و ششینە، هۆنیانەوە و ئی فۆرمە دلێ کوردانە باوەن و شاعێرانێوی نامدار پێسەو: (صیدی) و (ملا پریشان) و (احمد بگ کوماسی) و هەرپاسە شاعێرێ و مامۆسایێ ئاڕۆو کوردستانی پی وەزنە دە بڕگەییێ، شیعرێ منیارە (بەهار، ١٣٤٧: ٣٩-٤٤). ئی یەرێ یانێ کێش، فۆرم و قافیە بیەنێ تەوەن بنەڕەتوو هۆنیاوێ سەرجەم شیعرێ کلاسیکێ کوردیێ (هەمان سەرچەمەی وەڵین) و تایبەتیتەر ڕەوتوو درێژهەناسێ شیعرەو کوردیی هەورامی یا بە واتەو بەهاری هەورامانی دێرینی.

ب) بەکاربەردەیو مەسنەوی یا جۆت قافیە، فۆڕمێوی ڕەسەنی کوردین و گونجیان پەی ڕەوایەتوو شێعرێ. ئی فۆرمە دماتەر بیەن نەریتێوی ئەدەبی پەی هۆنایەو شاعێرا و بەرجەستە کەردەیو قافیەی و دەربڕیەی هەستی دەروونی و یاونایو پەیامی کە فۆرمێوی وەڵێ ئامای ئیسلامی بیەن و ئەدەبیاتی عەرەبینە هۆرنەگیریان، پۆکای فرەو چیرۆکە حەماسی، دینی، شانامە کوردییەکێ و شێعرێ فۆلکلۆریکێ پی فۆرم و کێشە خێزیاینێ.

ج) تەشکەو° لنگە و بەیتەکانە؛ کێش، قافیە و تەکیەو بڕگەکا(Accent)؛ ئیقاع و یۆگێری، بەخشۆنە پارچە شیعرەکێ. ئینەیچ گێڵۆوە سەروو تایبەتمەننییەکاو گاتاکاو ئاوێستای و دەقەکاو پالەوی دلێڕاسینی کە هورمزگان، درێژەدەروو ئی نەریتە ئەدەبیێنە و بۆ بە پردێو مابەینوو وەڵێ ئیسلامی و دماو ئیسلامی و گردوو دەقەکاو باباتایەر و یارسەکا و بێسارانی و مەولەوی و سەرجەم شیعرێ جۆت قافیێ ئیعانیەو کوردیێ، پێوەرە بەسۆوە کە هاڵیگاییێوی بەدیارەن ئەو تارێخ ئەدەبیاتی کوردیی ئیسەینە.

د) ئەگەرچی، چی دەقەکەنە ڕۆخساری کۆن جە واچێ و چەپکەواچێنە موینیانە پێسەو: ātirān یا ātarān ، ئاویرەکێ، ئاورەکان. ئاتران، Atiran و هوون، Hûn ، کەنیکا، Kanīkā و... بەڵام زوانوو ئی هۆنیانە، زمانێوی سانا و سادەی ئەدەبیی گۆرانین کە تێکەڵاوەن و نزیک بیەنەوە بە تەشکوو زوانی ئایرەیی بە جۆرێو کە گردوو وەردەنگەکاو زوانی کوردی چنەش میاوانە (همزەای، ١٣٩٤:٧٢). پێسەو ئی واچانە: ڕمان، خاپوور، گنا یا گوند، کوژان و کوژاندنەوە، ڕەوشت، بەزەیی و... ئینەیچ پیمانێوەن پەی نمانایو ڕۆڵی مێژوویی و کاریگەریی نیایرەو ئی هۆنیاوێ ملوو زەین و زوانوو وەردەنگەکارە.

ه) هورمزگان ڕەنگدایەو باری هەستی و دەروونی و دۆخەو توورەیی هۆربەستوانێوی گۆرانی زوانین کە نزیکەوە کارەساتەکاو سەدەو یەکەمی کۆچیش وینایێ و بە لەحنێوی حەماسی –وەرگێریانە، سمرش کەردەن سەروو ئایینوو ئا دەمیە و هەرپاسە ویرەوئاردەیو سرودوو (بهرام ورجاوند)ین کە سەردەموو پەلامارەو عەرەبەکا، سەدەو یەکەمی کۆچینە جە چواردە بەیتێنە بە قافیەو (ان) بە زوانی پالەوی هۆنیاینەوە (تفضلی، ١٣٧٧: ١٧٧–١٧٦)، (بەهار، ١٣٧٥: ١٩٨)، (اکبری مفاخر، ١٣٨٩: ١٣). خاتوو مارگارێتا ڕۆدێنکۆ (١٩٢٦–١٩٧٦) ساڵەو (١٩٦٠)ی وتارێوەنە سەروو ئەدەبیاتی کوردی چنی ئیشارەدای بە وینگاو یاسمی و ئاردەی ئی دەقیە، جەخت کەرۆ سەروو کاریگەریی باری هەستیی شاعیروو ئی شێعرێ (عەبدی، ١٣٩٧: ١١٠).

و) کۆتایی ئی بەشینە کریۆ بواچمێنە کە فەلسەفەی هونەری و سادە و ڕەوان بیەی فۆرم و دلێمایەو ئی دەقیە کە یاساو ڕێتۆریک و بەلاغەتینە (سهل ممتنع)ش پەنە ماچا؛ ئینەنە کە «سێنزە سەدێ جە تەمەنوو ئی هۆنیاوێ ویەریان، بەڵام ئەرەجیۆ تازە وچیاینە و کریۆ جە نژاد و نەتەوەو کوردی قەدر و ئێژانە بگیریۆ کە تا ئێستە هێقم و جێدی ئی دەقشانە پارێزنان و ماوێوی دوور و درێژەنە ناستەنشا ئی وەزنێ و شێوەی ڕەوانی و شەنگییەکەش بفەوتیۆنە.» (بەهار، ١٣٤٧ : ٣٩–٤٤).

٣- ئەنجام

چی وتارەنە وینگا ئەرێنی و نەرێنییەکا سەروو وەرمزگانی بە وردیی باسشا سەر کریا و واقیعوو دەقەکەی و هەوڵە ئیعانییەکا و چنەویریەیشا پەی چارەنویسوو دماڕۆیش بە ڕاهەرمانێوەما زانا کە فرەتەر بلۆنە دلێو فازوو واتواچ و دیسکورسی ئەدەبی[6] و پەیجۆرکاریی زیاتەری کە چێرسایو ڕەوایەتوو سەرچەمەکانە و ئێستەیەو نیشانێ متمانەبەخشێتەرێ، با هەوڵەکێ چڕتەرێ بکریا پەی دەوڵەمەندکەردەی تارێخ

ئەدەبیاتی کوردی. بە ساق کەردەیەو دەقەکەی و یاوای بە کۆخاڵێوی هامبەشی ئەرێنی؛ بێ گومان جە کۆ ساختاروو تاریخ ئەدەبیاتی کوردینە، پەنەیاواییو شکڵە مگێرۆ و چن سەدێ زەمەنی موزیۆنە سەروو لاپەڕەکاو ئی تاریخیە و کتێبەکێما پڕ وزەتر و ڕەنگاڵەتەرێ باوە و پەیڕەوی چی ڕەوشە زانستییە، هیچ ناسازنماییو[٧] چنی پڕۆسەو زانستیی- تاقیقی و هەوڵەو پەیجۆرکاری وەش نمەکەرۆنە.

پەراوێزەکان:

١. پزیشکی سنەیی کە بەڵگەنامەکاو هەورامانیش یاونای ئورووپا و جە مووزەخانەو لەندەنینە پارێزنایش
٢. دانانی د. سەعید کوردستانییە و قەبارەی ٥١٥ لاپەڕە و زمانی کتێبەکەش هۆنراوەیە و هەندێک پێیان وایە کە ئەم پەرتووکە وەرگێڕانی ئینجیلە بە زمانی هەورامی (ادوای، ١٣٩٤: ٧).
٣. ڕوایتهای متواتر پیشین
٤. Thematic
٥. پێکهاتە، structure
٦. Literary discourse
٧. Paradox

سەرچەمەکێ:

اکبری مفاخر، آرش. (١٣٨٩). سرود ورمزگان شعری بە زبان گورانی از سدەهای نخست هجری بە خط پهلوی. مجلەی مطالعات ایرانی. دانشگاه کرمان. سال نهم. شمارەی هفدهم

بهار، محمد تقی. (١٣٤٧). سبک شناسی شعر. ج ١. تهران: مؤسسە مطبوعات علم

جباری، صباح. گویش هورامی، https://t.me/dialectofhawrami

ڕەشید ئەحمەد، جەمال. (١٩٨٨). لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی وڵاتی کوردەواری. بەغداد: وەزارتی مەعاریف

سجادی، علاالدین. (١٣٦١). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغداد: ناشر معارف

صفا، ذبیح الله. (١٣٦٦). تاریخ ادبیات در ایران، چاپ هفتم. ج ١، تهران: انتشارات فردوس

عبدی، شاهو. (١٣٩٧). داستان پیدایش هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان. هایا. بهار و تابستان ١٣٩٧. سال ششم. ژ ٢٢-٢١

محمدپور، عادل. (١٣٩٢). طرح؛ جریان شناسی شعر هورامی از ابتدا تا کنون. تهران: نشر احسان

مردوخ، محمد کردستانی. (١٣٧٩). تاریخ مردوخ. تهران: نشر کارنگ

موکریانی، حوزنی (٢٠٠٧). سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی. ئەربیل: ئاراس

همزەای، محمدرضا. (١٣٩٤). رزم نامە. اسطورەهای کهن زاگرس. سازمان کتابخانەها، موزەها و مرکز اسناد آستان رضوی

یاسمی، رشید. (١٣٦٣). کورد و پیوستگیهای نژادی و تاریخی او. تهران: انتشارات امیر کبیر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

لە جینۆسایدەوە بۆ مەزراندنی لە شیعری هەندێك شاعیری هاوچەرخی کورددا

م.ی. نێچیروان جاسم وەلی

بەشی زمانی کوردی/کۆلیژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین

Email: nechirwan.wali@su.edu.krd

پوختە:

جینۆساید یەکێکە لەو ڕووداوە تاڵ و تاسێنەرانەی لە مێژوودا بەسەر هەندێک لە گەلانی دونیادا هێنراوە و بووەتە بەشێکی زیندوو و لەبیرنەچووی مێژووی ئەو گەلانەی ئەو ڕووداوەیان بەسەردا هێنراوە. گەلی کورد و نیشتمانی کوردستانیش بێ بەش نەبووە لەوەی لە لایەن دوژمن و داگیرکەرانەوە چەندان تراژیدیای جینۆسایدی بەسەردا بهێنرێت. ئەو ڕووداوە جینۆسایدانەی بەسەر نەتەوە و نیشتمانەکەماندا هاتووە, بەشێکیان لە سەرچاوە مێژووییە خۆماڵی و بیانییەکان تۆمار کراون و بوونەتە دۆکیۆمێنت و بەڵگەی مێژوویی بۆ ئەو ڕووداوانە, هەروەها لە هزر و سنگی کەسانی شاهێدحاڵی ئەو تاوانانەش ماونەتەوە. دەبێت بزانین جگە لە مێژوو, ئەدەب و هونەریش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تۆمارکردنی ئەو تاوانانە و بەزیندووهێشتنەوەیاندا لە خەیاڵدانی تاکەکانی میللەتەکەماندا هەبووە, بەتایبەتی جینۆسایدی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە, کە لە کۆنەستی تاکی کورددا بووەتە هێمایەک بۆ بیرهێنانەوەی جینۆساید بەرانبەر میللەتەکەمان.

ئەو جینۆسایدەی هەڵەبجە بەدەر لە ڕووە مێژووییەکەی, بووەتە کەرەستەیەک بۆ داهێنانی ئەدەبی لای شاعیران و لێکەوتە و زیانەکانی ئەو جینۆسایدەیان لە شیعرەکانیاندا دەرخستووە و دووتوێی دیوانەکانیان کردووەتە ئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی کۆمەڵێک لایەنی ئەو جینۆسایدە. بەمەش شاعیران لە پاڵ مێژوونووساندا ڕۆڵێکی گەورەیان لە تۆمارکردن و گێڕانەوە و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو جینۆسایدەدا بینیوە.

وشە کلیلییەکان: کیمیابارانکردن, هەڵەبجە, جینۆساید, مەزراندن, شاعیر, شیعری هاوچەرخ.

القسف حلبجة بالسلاح الكيمياوي

من الإبادة الجماعية إلى توظيفه في الشعر بعض شعراء الكورد

أ.م نيجيروان جاسم ولي

قسم اللغة الكردية/كلية اللغات/جامعة صلاح الدين

الملخص:

هذا البحث الموسوم ب(القسف حلبجة بالسلاح الكيمياوي من الإبادة الجماعية إلى توظيفه في الشعر بعض الشعراء الكورد) يتكون من المقدمة وفصلين ونتائج البحث وقائمة المصادر, كلا فصلين يتكونا من محورين.

في الفصل الأول عرفنا عن عملية القسف مدينة حلبجة بالسلاح الكيمياوي و بيننا أوضاع زمن القسف وتبعات القسف من ضحايا إنسانية ومادية وبيئية...الخ.

حاول الباحث في الفصل الثاني أن يظهر لنا كمية الأضرار عملية القسف الكيمياوي في شتى مجالات وتسلطنا الضوء على التأثير عملية القسف على الذهن والنفس شعراءنا الكورد وإنعكاسه في أشعارهم.

وفي أخر البحث أشيرنا إلى نتائج البحث التي حصلنا من خلال هذا البحث وبعد ذلك يأتي قائمة المصادر.

الكلمات المفتاحية: القسف الكيمياوي, حلبجة, الإبادة الجماعية, الشاعر, شعر المعاصر.

Abstract

The Chemical Weapons Bombing of Halabja

From Genocide to Its Use in Poetry by Some Kurdish Poets

Nechirwan Jassim Wali

This research, entitled «The Chemical Weapons Bombing of Halabja: From Genocide to Its Use in Poetry by Some Kurdish Poets,» consists of an introduction, two chapters, research findings, and

a list of sources. Each chapter consists of two axes.

In the first chapter, we learned about the chemical weapons bombing of Halabja and explained the conditions at the time of the bombing and its consequences, including human, material, and environmental casualties.

In the second chapter, the researcher attempts to demonstrate the extent of the damage caused by the chemical bombing in various fields. We shed light on the impact of the bombing on the mind and soul of our Kurdish poets and its reflection in their poetry.

At the end of the research, we refer to the research findings obtained through this research, followed by a list of sources.

Keywords: Chemical bombing, Halabja, genocide, poet, contemporary poetry.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە یەکێک لە تاوانە هەرە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی, کە لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨ بەسەر خەڵکی شاری هەڵەبجەدا هێنرا. ئەم تاوانە بەهۆی ئەوەی بنەماکانی جینۆسایدی تێدایە, بۆیە لە خانەی زیاتر لە جۆرێکی جینۆساید پۆلێن دەکرێت. ئەم تاوانە جەرگبڕ و ناخهەژێنە کاری لە ویژدانی زیندوو و هەستی هەموو مرۆڤێکی نێو کۆمەڵگەکەمان کردووە و شاعیرانمانیش وەک کەسانی دیار و دەستەبژێری ناو کۆمەڵگە, ئەم تاوانە دژە مرۆڤایەتییە کاری تێکردوون و هەستی پەنگخواردوو و هەڵویستی خۆیان بە شیعر دەربڕیوە, بۆیە دەبینین ئەم تاوان و کارەساتە مەزنە لە شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانماندا ڕەنگی داوەتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر گوزارشتیان لەو کۆژانە مێژوویی و گەورەیەی میللەتەکەمان کردووە.

لە سۆنگەی گرنگیپێدانی شاعیرانی هاوچەرخی کورد بە جینۆسایدی کیمیابارانکردنی و وردەکارییەکانی ئەو تاوانە و مەزراندنی لە شیعرەکانیاندا, ئەم توێژینەوەیەمان بۆ مەزراندنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا تەرخان کردووە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە: هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەیە تا ئەوە دەربخەین ئەم تاوانە مەزن و جینۆسایدە چۆن کاری لە هەست و نەست و ناخ و ویژدانی شاعیران کردووە و چۆنیش لە شیعرەکانیاندا مەزراندوویانە. واتە لەو پێناوەیە ڕۆڵی شیعری هاوچەرخی کوردی لە خستنەڕووی قەبارەی ئەو جینۆسایدە پیشان بدەین.

میتۆدی تۆێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستووە.

سنووری توێژینەوە: شیعری هەندێک لە شاعیرانی هاوچەرخی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست وەکوو کەرەستەی توێژینەوە وەرگیراوە.

گرنگیی توێژینەوە: جینۆسایدی هەڵەبجە ئازارێکی هێندە بەسوێیە, تاوانێکی ئەوەندە ئازاربەخشە, بەدەر لە بواری مێژوو و دۆکیۆمێنت و لایەنی میدیایی و ئەرشیفکردن, ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی ڕۆڵیان لە بەرجەستەکردن و نیشاندانەوە و بەرزڕاگرانتنی ئەو تاوانە مەزنەدا هەبووە, لەبەر ئەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ڕۆڵی شیعری هاوچەرخی کوردی لە نەمرکردن و بەرزڕاگرتنی ئەو جینۆسایدە شی دەکاتەوە و بە نموونەوە دەیخاتە بەرچاو.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە, بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: چەردەیەک لەبارەی هەلومەرجی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە

دووەم: مەزراندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە شیعری هەندێک شاعیری هاوچەرخدا

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتە ڕوو.

بەشی یەکەم: چەردەیەك لەبارەی هەلومەرجی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە

شاری هەڵەبجە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان و هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران. لە ڕووی ڕووبەرەوە ((ئەم شارە نزیکەی (٣٠٦٠) کیلۆمەتر دووجایە. ناوچەرگەی شاری هەڵەبجەی کۆن و قەزای شارەزوور (٣٧٥). پێنجوێن و سەید سادق دەگرێتەوە. (٣) قەزا و (٦) ناحیەی لەسەر بووە. هەڵەبجە کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و (٨٣) کم لەو شارەوە دوورە و (١٥٠) میل لە بەغدادی پایتەختی عێراقەوە دوورە و (٨٨) کم لە ئێرانەوە... دەشتی شارەزوور، کە بە یەکێک لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەناسرێت، بەشێکی گەورە لە ڕووبەری ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە)) (جەبار ئەحمەد شەمسەدین، ٢٠٢١، ١٧).

هەڵکەوتەی جوگرافیی هەڵەبجە و شوێنی ستراتیژیی شارەکە لە لایەک و هەڵوێستی دانیشتووانەکەی لە لایەکی دیکەوە، کە لە مێژووی شارەکەدا هەردەم دژی ستەم و پێشێلکاری وەستاونەتەوە، وای کردووە دوژمن و داگیرکەران ئەم شارە بکەنە گۆڕەپانی شەڕ و خەڵکەکەی بکەنە قوربانی (هەورامان عەلی تۆفیق، ٢٠٠٠، ٤). ئەم شارە بە هۆی ئەوەی شارێکی سەرسنوور و ڕێگەی بازرگانی بووە و ((ژمارەی دانیشتووانی هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی دێهاتنشینێکی زۆری بۆ ڕاگوێزرا گەلێ زیادی کردبوو لەنێوان ٤٠_٦٠ هەزار یان زیاتر بوو. پێشمەرگە سێ ساڵێک دەبوو، لێرە بەهێز بوون و چەندین حیزبی نهێنی لە کار و چالاکیدا بوون)) (میدڵ ئیست ووچ، ٢٠٠٤، ١٧٣).

خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری لە ئایاری ١٩٨٧دا دژی ڕژێمی ئەوکات ڕاپەڕین و لە بەرانبەریشدا ڕژێم کاردانەوەی توندی نواند و جگە لە ئازاردانی خەڵکی شارەکە، چەند شوێنێکی خاپوور کرد. هاوسنووریی شارەکە لەگەڵ ئێران و بارودۆخی ئەوسای شەڕی عێراق_ئێران وای کردبوو ڕژێم سەرنجی تایبەتی بخاتە سەر شارەکە و هەروەها ئێرانیش بەرەکانی جەنگی لە باکوورەوە لەگەڵ عێراقدا فراوان کردبوو و بایەخی بەو سەنگەرانە دەدا، لەبەر ئەوە ((لە دوو حەفتەی یەکەمی مارتدا _١٩٨٨_ بەردەوام ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریی عێراق سەرنجی مۆڵخواردنی گاردی شۆڕشی ئێران و پێشمەرگەیان دەدا لە ڕۆژئاوای هەڵەبجە و هاوکات لەگەڵ تۆپبارانکردنی شارۆچکەی نزیکی سەید سادق لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە)) (میدڵ ئیست ووچ، ٢٠٠٤، ١٧٤). ئەم تۆپبارانەی ئێران زیانی بە پێگە سەربازییەکانی عێراق لە شارەکە گەیاند و بە سێ ڕۆژ پێش ڕوودانی کارەساتەکە، ((هەڵەبجە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ١٣ی مارتەوە بەر تۆپبارانێکی خەستی ئێران کەوت لە بەرزاییەکانی دەوروبەرییەوە پێگە سەربازییە بچووکەکانی عێراق، کە لەنێوان هەڵەبجە و سنووردا بوون یەک لە دوای یەک دەشکان))

(میدڵ ئیست وۆچ, ٢٠٠٤, ١٧٥).

ئەم شکستە سەربازییەی عێراق لە شارەکەدا و هاتنە پێشەوەی سوپای ئێران, بارودۆخێکی هێنایە کایەوە ئەوە بوو هێرشی عێراق لە پێش نیوەڕۆی ١٦ی مانگەوە دەستی پێکرد و ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی فرۆکەوە دەستی بە بۆمبارانکردن و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کرد, لە ڕێگەی گازەکانی وەک (خەردەل, فۆس جین, سارین, تابون, سیانید و ڤی ئێکس) ئەو ناوچە و گەڕەکانەی ئەو ڕۆژە بەخەستی کیمیاباران کران بریتیبوون لە گەڕەکەکانی پیر محەمەد, بەنزیخانە, کانی قوڵکە, پاشا, سەراو, شەهیدان و پاشان گەڕەکی جوولەکان و مۆردانەشی گرتەوە. (جەبار ئەحمەد شەمسەدین, ٢٠٢١, ٣٠). جگە لە کیمیابارانکردنی ناو شار, لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم بە فڕۆکە کەوتە کیمیابارانکردنی ڕێگا سەرەکییەکان وەک ڕێگەی بیارە, تەوێڵە, ئەحمەدئاوا, هاوار, شێخان, سازان و هەموو ئەو ڕێگەیانەی بەرەو ئێران دەڕۆن (عارف قوربانی, ٢٠٠٦, ٢٢).

لەو سەروبەندەدا لەبەر ئەوەی شەڕی عێراق_ئێران لە ئارادا بوو و شەڕی شارەکان هەبوو و خەڵکی شارەکە بە تۆپباران ڕاهاتبوون و لەگەڵ بۆردوماندا دەچوونە ژێرزەمینەکان و لە ڕۆژی کارەساتەکەدا و لەگەڵ بۆردومانەکەدا ((هەورێکی خەستی, تۆخی, زەرد لە نزیک زەوی دروست بوو. هەورەکە بۆنی سێوی گەنیو و سیری لێ دەهات, کە تێکەڵاو بوو لەگەڵ هێلکەی کۆن و تێکڕا لەگەڵ هەوادا تێکەڵ بووبوو)) (فریشتە کەوە, ٢٠٠٨, ٦٥). کیمیابارانکردنە کاریگەریی خێرای بەسەر ئەو کەسانەوە هەبوو, کە بەریان کەوتبوو, بە جۆرێک ((کاتێک هەورەکە دزەی کردە ژێر زەمینەکانەوە خەڵکەکە وردە وردە نەخۆش کەوتن. خەڵک لە ئەنجامی بینینی مردووەکان هێندەی تر شڵەژان و زەندەقیان چوو, هەندێ خەڵکی تر کوێر بوون, هەندێکی تر دەڕشانەوە و زۆر بە زەحمەت هەناسەیان بۆ دەدرا. هەندێ خەڵک سووتان یان برینێکی زۆری سووتاویان پێوە دەرکەوت)) (فریشتە کەوە, ٢٠٠٨, ٦٥_٦٦). ئەو کەسانەشی دەیانویست شارەکە جێ بهێڵن لە ڕێگەدا بەرکەوتن.

کیمیابارانکردنی شارەکە چەند کاتژمێرێکی خایاند و ((تا کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بووە, بەمجۆرەش ماڵ و شەقامی گشتی و کۆڵان و ژێرزەمینەکان پڕ بوون لە تەرمی ژن و پیاو, منداڵ و پیری هەڵەبجە)) (جەبار ئەحمەد شەمسەدین, ٢٠٢١, ٣٠). ئەوانەی لەبارەی شەهید و برینداربوونی کارەساتەکەوە دواون ژمارەی شەهیدانیان بە (٥٠٠٠) و ژمارەی بریندار و بەرکەوتووانیش بە (١٠٠٠) کەس داناوە (مارف عومەر گوڵ, ٢٠٠٧, ٤٣). ئەمە سەبارەت بە زیان و لێکەوتە گیانی و مرۆییەکان, بەڵام ئەو کارەساتە چەندان زیانی دیکەشی بە دوای خۆیدا هێنا, بە جۆرێک ((زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە دەرباز بوون لەو هێرشە نیشانەی جەستەییان هەیە وەک کوێری, کێشەی هەناسەدان, نەخۆشیی پێست, شێرپەنجە لە نەوەی داهاتوو, منداڵ کە بە شێواوی زکماکی لە دایک دەبێت)) (فریشتە کەوە, ٢٠٠٨, ٦٦).

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

زیانێکی دیکەی ئەو کارەساتە لەوەدا دەرکەوتووە ئەو کارەساتە وای کردووە بەرکەوتووەکان بە هۆی کاریگەریی کیمیابارانەکە لەسەر جەستەیان و لەدەستدانی ئازیزان تووشی گرفتی دەروونی بوون و لە بارودۆخی ناهەموار و ناخۆشی دەروونیدان ژیاون و ئێستاش بەردەوامی هەیە, چونکە ((گومان لەوەدا نییە کارەساتێکی وەها گەورە و بێ وێنە باری دەروونی دەربازبووانی خستووەتە قاڵبێکی جیاوازتر لەو بارە دەروونییەی کە پێشتر, بەر لە ڕوودانی کارەساتەکە تێیدا بوون)) (فریشتە حەسەن, ٢٠٠٨, ٢٥٦).

بە هۆی ئەو کارەساتەوە بەشێکی زۆری خێزانەکان ئاوارە بوون و لە یەکتری دابڕان, بەتایبەتی کۆمەڵێک منداڵ لە خێزانەکانیان دابڕان و بێ سەروشوێن بوون و هەندێکیان تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە و نەگەڕاونەتەوە بۆ لای خێزانەکانیان و ناسنامەیان دیار نییە نازانرێت لە ژیاندا ماون یان نا.

ئەو کارەساتە زیانێکی زۆری ژینگەیی بە سروشتی ناوچەکە گەیاند, بە چەشنێک خاک و هەوا و سەرچاوە و کانیاوەکانی ناوچەکە و شارەکەی ژەهراوی کرد و کاریگەرییەکانی تا ئێستاش بەردەوامی هەیە, هەروەها ئەو کارەساتە لە ڕووی کاولکارییەوە زیانی زۆری بە شارەکە گەیاند و بەشێکی باڵاخانە و خانووەکانی شارەکە و تەنانەت مزگەوتیش خاپوور کران.

کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە کاتی خۆیدا بووە کەرەستەیەکی میدیایی و لە لایەن میدیای وڵاتانی دەوروبەرەوە ڕووماڵ کراوە و بایەخ بە کارەساتەکە دراوە و هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و ...هتد لەبارەیەوە بڵاو کراوەتەوە بۆ نموونە ((لە ساتی ڕوودانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا, ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی لە شوێنی کارەساتەکەدا سەرقاڵی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ بوون, یەکێک لەو ڕۆژنامانەش کە لە ڕووی دەستپێشخەرییەوە لە ڕیزبەندی یەکەمدایە, ڕۆژنامەی (کیهان)ە)) (کارزان محەمەد ئەحمەد, ٢٠٢١, ٢٤). لەم ڕێگەیەوە هەواڵ و زانیاری لەبارەی کارەساتەکە و لێکەوتەکانی لە لایەن ئاژانسەکانی هەواڵ و دەزگا میدیاییەکان بڵاو کراوەتەوە و بەشێک لەوانە بوونەتە دۆکیۆمێنتی گرنگ لەبارەی ئەو کارەساتە گەورەیەوە.

کارەساتی کیمیارانکردنی هەڵەبجە کۆمەڵکوژییەکی ڕژێمی ئەو کاتی عێراق بوو دژی خەڵکی شارەکە و زیانی زۆری گیانی و جەستەیی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا هێنا و کاریگەری و لێکەوتەکانی تا ئێستاش بەسەر شارەکەوە دیارە. ئەم کارەساتە لە کاتی خۆیدا لە میدیای دەرەوە و دەوروبەردا دەنگی دایەوە و بووە جێگەی بایەخپێدانی ئاژانسەکانی هەواڵ, لەمەوە بووە هۆکارێک بۆ ناساندنی ڕەوایەتی کێشەی کورد و دەرخستنی ستەمدیدەی نەتەوەیەک بە دونیای دەرەوە, هاوکات کارەساتەکەش بە جۆرێک بوو, کە لە چوارچێوەی جینۆسایددا پۆلێن بکرێت.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی دووەم: مەزراندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە شیعری هەندێك شاعیری هاوچەرخدا

شیعری هاوچەرخی کوردی دەربڕی بەشێک لە کۆژان و کارەساتەکانی میللەتەکەمان بووە و کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەش یەکێک لەو ڕووداوە گەورانەی مێژووی هاوچەرخی کورد, کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە, ئەم ڕێژە زۆرەش بۆ مەزنیی کارەساتەکە دەگەڕێتەوە, واتە ناکرێت تەنیا لە یەک گۆشەوە تەماشای ئەو تاوانە بکرێت, بەڵکوو ئەو کارەساتە ڕەهەند و لایەنی جۆراوجۆری هەیە. لەبەر ئەوە دەبینین شاعیرانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری ئەم تاوانەیان کردووە و بە شیعر گوزارشتیان لێ کردووە, لە چەند خاڵێکدا بە نموونەی شیعرییەوە دەیخەینە ڕوو:

١. هەلومەرجی ڕوودانی کارەساتەکە: کات و ڕۆژ و ڕێکەوت لە مێژوودا بایەخێکی زۆریان هەیە, چونکە لایەنێکی گرنگی هەلومەرجی ڕوودانی ڕووداوەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە, بۆیە بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد دەبینین کاتی ڕوودانی ئەم کارەساتە تۆمار کراوە, لەبەر ئەوە شاعیرانیش ئاماژەیان بە کات و ڕۆژی کارەساتەکەدا داوە:

لە شازدەی سێ

گوڵ و بولبول و چیا

شیعر و شاعیر و گزنگی هەتاو

دڵیان وەستا

زەوی بووە دۆزەخی کۆتایی ژیان...!!

لە شازدەی سێ

خەندەمان لەبارچوو

مناڵیمان ڕەشەبا بردی

مەمکی کچەکانمان

بە ژەهر هەڵوەری...!!

لە شازدەی سێ

گورگە ڕەشەکان ڕاوی جەستەیان دەکردین

(عەلی کیمیاوی) گەمەی بە چارەنووس دەکرد و

سپێدەمان لە تاریکیدا خنکا...!! (نەجم ئەڵوەنی, ٢٠٢٢, ٤٩)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شاعیر کۆمەڵێک وردەکاریی هەلومەرجی تاوانەکەی بۆ باس کردووین, لەوانە: کات و ڕۆژی تاوانەکە, قوربانییانی تاوانەکە لە مرۆڤ و گیانلەبەر و ڕووەک و سروشت, کیمیا و ژەهر وەک کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ لەناوبردنی قوربانییان, هەروەها ناوهێنانی جێبەجێکەری سەرەکیی تاوانەکە, ئەویش (عەلی کیمیاوی) بوو.

لە شانزەی سێ مانگی ئازار

لە هەڵەبجەی دڵ پڕ ئازار

بۆمبی کیمیایی دابارین

لە خەردەل و غازی سارین

ناو شار لە بۆنی سێو پڕ بوو

هۆکار مەرگێ کتوپڕ بوو

چەرم و پێستیانی دەسوتان

پێڵوی چاویانی دەنوسان

هەرکێ هەناسە هەڵمژێ

غازی کیمیایی دەیکوژێ (غالب, ٢٠٢٣, ١٢٤)

ئەم شیعرە زۆر بەڕوونی گەلێک لایەنی کارەساتەکەی بۆ دەرخستووین و خستوویەتییە پێش چاومان.

ئەو کاتەی چاو لەبەر نیگای

وەرزی دەرگای

نەورۆزەکەی ساڵی خەما

ئەکەوێتە برژانگی نێرگز هەڵوەران

باخی سینە نەمام ئەگرێ

ژاڵەی تاڵ و خەردەل ئەگرێ

دڕک و ژار و دووکەڵ ئەگرێ

لە بووکێنی مەرگی شەما

ئەبێتە چەپکێ چیرۆکی مێژووی گریان (جەلالی میرزا کەریم, ٢٠٢٣, ٢٦٩_٢٧٠)

شاعیر ساڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی بە ساڵی خەم داناوە, کە نێرگز هەڵوەریوە و لە بەهاری ئەو ساڵەدا, دار و درەخت لەبری بەر و گوڵ, خەردەل و ژەهر و دووکەڵی گرتووە, بە جۆرێک:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

خەردەل بەیانی باش و ئێوارە باشە

دوا گەڵا نێژرا

مێرگەکان لەناوچوون

شۆڕشەکان یەک لە دوای یەک تەسلیمی قەدەر بوون

گوڵم ئاوی بوو نەما

گوڵم بایی بوو نەما

گوڵم خاکی بوو نەما

گوڵی ئاگری بوو نەما

زەوی بە (عومەری خاوەر)ەوە نووسا (جەلال بەرزنجی, ٢٠٢٢, ١٧٦)

ژەهر و کیمیایی دوایی بە هەموو ڕووکارێکی ژیان لەو شارەدا هێنا و کۆتایی بە چوار ڕەگەزەکەی سروشت (ئاو, هەوا, خاک, ئاگر) هێناوە و لەگەڵ زەوی یەکسانی کردووە, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کارەساتەکە چەندە ژیانکوژ و مەرگهێن بووە.

دەتگوت ڕۆژی واوەیلایە, سەمی کیمیا و خەردەل چۆنە

هیچ کەس بە هانای کەس نایە, مردن هەر بە تۆزەک بۆنە

ژن, مێردی لێ بەجێ ماوە, لە بیارە و ئەحمەدئاوە

تەوێڵە, عەنەب, بیاویلە, چەمی زەڵمیش خوێناوە (عوسمان عومەر مام یەحیا, ٢٠٢٠, ٣٤٤)

شاعیر وێنەیەکی فۆتۆگۆافیی دەمی کارەساتەکەی گرتووە و واقیعی ساتی ڕوودانی تاوانەکە و کاردانەوە و هەڵوێستی قوربانییەکانی پیشان داوین.

٢. لێکەوتەکانی کیمیابارانکردن: کارەساتێکی مرۆڤکرد و تراژیدیانەی وەک کیمیابارانکردنی هەڵەبجە چەندان لێکەوتەی گیانی و ماددی و ئابووری و ژینگەیی و سروشتی...هتد بەدوای خۆیدا هێناوە. بە جۆرێک لە ساتی ڕوودانی تاوانەکەدا ٥ هەزار کەس بوونە قوربانی و هەزارانی دیکەش بەسەختی بریندار بوون و بوونە بەرکەوتەی چەکی کیمیایی, هەروەها لە ڕووی دەروونییەوە ((کارەساتێکی وەها گەورە ئیمکانی نییە کاری نەکردبێتە سەر باری دەروونیی ڕزگاربووان بەتایبەتی و دانیشتووان بەگشتی)) (فریشتە کەوە, ٢٠٠٨, ٢٧). لە ڕووی ئابووریشەوە زیانی زۆری ماددی لەدوای خۆیدا جێ هێشتووە. بەشێکی بەرچاوی کاریگەری ئەو تاوانە و لێکەوتەکانی لە شیعری شاعیر ڕەنگی داوەتەوە و مەزراندوویانە.

لە شارێکی گچکەدا

لە قەبرێکی گەورەدا

پێنج هەزار کورد

زمناکۆ بوو بە کێلی

ئاسمان بە چەتری سەری (هیوا قادر, ٢٠١٢, ٢٣)

شاعیر ئاماژەی بە ژمارەی شەهیدانی شارەکە کردووە و هەروەها ئەوەی خستووەتە ڕوو لە ئەنجامی ئەو کارەساتەدا ئەو شارە بچووکە بووەتە گۆڕستانێکی گەورە:

بۆ کوێ ئەڕۆن کە ئەزانن تەم و مژ وا لە ڕێتانە

دوا سەفەرە لە هەڵەبجە, کە زریانە و گۆڕستانە

دیارە وەرزی گەلەکۆچە و شارەزووری گرتووەتەوە

نیشتمانم خەم ئەنوێنێ, لە جیهانیان شاردۆتەوە (ئەحمەد محەمەد, ٢٠١٧, ٤٨)

ئەمە ئەوە دەردەخات ئەو تاوانە بووە هۆی مردنی بەکۆمەڵی خەڵکی و خاکی بووکی شاەزووری کردووەتە گۆڕستان.

لە هەشتاوهەشتەوە تا ئێستا مامۆستاکانی هەڵەبجە

ناوێرن وانەکانیان درێژ بکەنەوە,

قوتابییەکانی هەڵەبجە وەک جاران جانتاکانیان لە حەوشە فڕێ نادەن و

ناچنە گەمان. (جەلال بەرزنجی, ٢٠٢٢, ٢٢١)

شاعیر ئاماژەی بەو ترسە دەروونییە داوە, کە کارەساتی کیمیابارانکردنەکە لای مامۆستا و قوتابییانی هەڵەبجە دروستی کردووە و هێشتوویەتییەوە, بەوەی ترسیان لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکە هەیە و ئەو ترسە کاری کردووەتە سەر یاری و دونیای تایبەتیی منداڵانیش.

ئەو ژنە لە هەشتاوهەشت کوێر بووە,

تا ئێستا دەستی بۆ تەشتییەکەی دەکوتێ,

ئەو ژنە لە هەشتاوهەشتەوە

بزنەکەی نەدۆشیوە, کەلەشێرەکەی کیمیایی لێی دا,

بەسەر قاچ نەکەوتەوە.

ئەو ژنە نەیتوانی جارێکی تر تەڕەپیازەکانی ئاو داتەوە. (جەلال بەرزنجی,٢٠٢٢,٢٢١_٢٢٢)

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شاعیر ژنە قوربانییەکی تاوانەکەی بە نموونەوە هێناوەتەوە و گوزارشتی لە دۆخی هەزاران کەسی بەرکەوتووی کارەساتەکە کردووە, بەوەی ئەو بەرکەوتووە بەهۆی چەکی کیمیاییەوە چاوی لە دەست داوە و ئیدی نەیتوانیوە بە ئاسایی بژیت, هەروەها شاعیر ئاماژەی بەوەش داوە تەنانەت گیانلەبەر و پەلەوەریش بوونەتە قوربانی ئەو کارەساتە.

ئەو ژنە حەڤدە ساڵە ڕەنگی ملوانەکەی کچەکەی نابینێ!

حەڤدە ساڵە نازانێ کەی خۆر بە لای پەنجەرەی ژوورە

بچووکەکەیدا تێدەپەڕێ!

حەڤدە ساڵە ئەم ژنە دۆستی هەمیشەیی تاریکییە و

تەنیا ڕەنگی ڕەش دەبینێ! (جەلال بەرزنجی, ٢٠٢٣, ٢٢٢)

ئەمەی شاعیر باسی کردووە لێکەوتەی و کاریگەری تاوانەکەیە بەسەر کەسێکەوە, کە بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە بینین و ڕووناکی بێ بەش بووە و لەناو ئەو ئازارەدا دەتلێتەوە.

ئەو ئازار و کارەساتەی خەڵکی شارەکە بەسەریاندا هات وای کردووە برینی هەڵەبجە هەمیشە تازە بێت و بەساڕێژنەکراوی بمێنێتەوە

من هەڵەبجەی ئازارم

برینم چارە ناکرێ

جاڕ ئەدەم بە گوێی دنیا..

با شەرم دایانبگرێ

دەست مەدە لە زامانم

ئێستاش خوێنیان لێ ئەتکێ

وامئەزانی ئارەزووم

قەت لە بۆنی سێو ناشکێ (ئیسماعیل محەمەد, ٢٠١٤, ١٩٢)

ئەمەش جەت لەوە دەکاتەوە زامی هەڵەبجە تیمار نەکراوە, بەڵکوو دوای چەندان ساڵ هێشتا تەڕە و خوێنی لێ دەتکێت.

ئای هەڵەبجە تۆ ناسۆرێکی قووڵ و سەخت و چارەنەکراوی دڵانی

برینێکی هەمیشەیی جەستەی هیلاک و ماندوومانی

فوارەی قەڵبەزەی خوێنی تازەی گەرم و گەشی برینمانی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

مەرگەساتی خاکێکی لەمێژە لەیەکتر دابڕاوی (ڕەفیق شوانی, ٢٠١١, ١٢٥)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت برینی ئەو کارەساتە سارێژ نەکراوە و خودی تاوانەکەش لە خەیاڵ و یادگەی شاعیراندا هەر زیندووە:

کاتێ نامەم دایە دەستی کچێکی هەڵەبجە

پانزەی سێ

ئیتر دواتر وەڵامەکەی پێنج هەزار دڵۆپە ئاو بوو

بە ڕوخساری شیعرما پژا..!

منیش لەوساوە ملوانکەی فرمێسک

لەسەر زاری یادگاری ئەچنمەوە. (ئاوات حەسەن ئەمین, ٢٠١٣, ٢٢٢)

ئەم کارەساتە وای کردووە هەزاران قوربانی بە شەهید و بریندارەوە لێی بکەوێتەوە و زەبری دەروونی بە ڕزگاربووان گەیاندووە و زیانی زۆری ماددی و ئابووری بە شارەکە گەیاندووە و کاریگەرییەکەی بۆ چەندان ساڵ دوای خۆی جێ هێشتووە و وای کردووە هەردەم لە هەست و شاعیر بابەتێکی زیندوو بێت.

٣. گەورەیی تاوانەکە: مەزنی و کارەساتباری ئەم تاوانە لە چەند ڕوویەکەوە, لەوانە؛ ژمارەی قوربانییانی تاوانەکە بە شەهید و بریندار و بەرکەوتووەوە, زیانی ماددی و ئابووری, کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر دەروونی ڕزگاربووان, کاولکاریی شارەکە, زیانگەیاندن بە ژینگە و سروشت و گیانلەبەر...هتد, لەبەر ئەوە دەبینین شاعیران لە ئاستیی تراژیدیا و کارەساتباریی تاوانەکە هەستی خۆیان بە شیعر دەربڕیوە.

چۆن بتوانم دوو چاو بکەم بە پێنج هەزار گۆم و زەریا

دوو دەست بکەم بە پێنج هەزار کۆڵەوژی ڕەش هەڵگەڕاو

دڵێ بکەم بە پێنج هەزار پەڵە هەور

قورگێ بکەم بە پێنج هەزار گەرووی تاساو

من ئەزانم ئا ئەم ژانە

وشەم ئەباتە گڵەوە و

هەرگیز پەنجە

لاواندنەوەی چەند درێژ بێ

ناگاتە باڵای هەڵەبجە! (شێرکۆ بێکەس, ٢٠٠٩, ٧٧٢)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شاعیر ئاماژە بەوە دەدا خۆی بەتەنیا دەرەقەتی ئەو هەموو قوربانییە نایەت و فریای شەهیدەکان ناکەوێت و ئەو شیعرەشی بۆ هەڵەبجە دەینووسێت, چەند درێژ بێت ناگاتە باڵای ئازار و قوربانیدانی هەڵەبجە, لەبەر ئەوە پەنجەکانی شاعیر ناتوانن گوزارشت لە ئاستی ئەو تاوانە جەرگبڕە بکەن, بۆیە دەڵێت:

کە ((شارەزوور)) قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم

وەختێ دایمەوە بنووسم

وەک هەڵەبجە

وشک بووبوون پەنجەکانم (شێرکۆ بێکەس, ٢٠٠٩, ٧٧٣)

شاعیر دەستەوەستانە و دۆش داماوە لە ئاستی کارەساتی هەڵەبجە, بۆیە پەنجەی لە ئاستی ئەو کارەساتە نابزوێت.

ئەم کارەساتە ئەوەندە مەزنە و تراژیدییە, بۆیە بووەتە مایەی ئەوەی شاعیر لە ئاستی گەورەییدا سەری بسووڕمێت

پێم سەیر نییە, گەر لێرە و لەوێ,

چاوم بە هەندێک بنیادەم بکەوێ,

لەباتی ددان کەڵبەیان هەبێ:

لەباتی نینۆک ڕنۆکیان هەبێ...

ئەوەی پێم سەیرە, وەکوو پەرجۆی خوا,

هەڵەبجەخنکێن

دوو چاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا! (عەبدوڵڵا پەشێو, ٢٠١٤, ١٥٤)

شاعیر پێی سەیرە ئەو کەسانەی بەشدارییان لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کرد مرۆڤ بن, چونکە زۆر دژەمرۆڤانە و وەحشیگەرانە بووە و ئەمەش ئاستی گەورەیی کارەستەکە پیشان دەدات.

٤. عومەری خاوەر و کۆرپەکەی: هەندێک قوربانی نێو کارەسات و تاوانە مەزنەکان کەسێک یان کەسانێک دەبنە هێما و ئایکۆنی ئەو کارەساتە. واتە کارەساتەکە لە ڕێگەی ئەوەوە زیاتر دەناسێنرێت, یان بە بینین و باسکردنی ئەو هێمایە کارەساتەکەمان بیر دەکەوێتەوە. لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کەسایەتی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی باوەشی بوونەتە ڕەمزی ئەو کارەساتە. عومەر حەمەساڵح (عومەری خاوەر) لە ١٩٣٤ لە دایک بووە و لە بنچەدا خەڵکی دەڤەری گەرمیانن و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦

بە کاریگەریی کیمیابارانکردنەکە لەگەڵ کۆرپەکەی, کە تا دوا سات لە باوەشیدا بوو, شەهید دەبن (کاوە شێخ عەبدوڵڵا, ٢٠٢٣) ئەو لە باوەشگرتنەی عومەری خاوەر بۆ کۆرپەکەی بووەتە هێمایەک, کە ئازار و قوربانیدانی شارەکەمان بیر دەخاتەوە, بۆیە شاعیر دەڵێت:

شەوی سیانزەی سێ

(عومەری خاوەر) و

کۆرپەکەی باوەشی

لەنگەری چاوەکانمیان

لە ڕۆحی وێنەکەدا

نوقم کرد و

بووم بە وێنە (عومەر عەبدولکەریم, ٢٠١٨, ١٢٣)

بۆیە ئەو فۆتۆیەی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی باوەشی گێڕانەوەی مێژوویەکی پڕ سوێی هەڵەبجەیە و بۆ هەمیشە زیندووە

خەیاڵ لەگەڵ گازی خەردەل سووتا

باوەشی زیندەگی عومەر خاوەر کۆن نابێ,

بۆ گێڕانەوەی غەدر (جەلال بەرزنجی, ٢٠٢٢, ١٨٤)

شاعیر لەسەر زاری کۆرپەکەی عومەری خاوەرەوە باسی ئەو کارەسات و مەرگەساتەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

من بۆ دەبێ لەم کیشوەرە سامناکەدا,

لە ڕۆژهەڵات.. لە دایک بم,

دایە گیان..بۆ؟؟!! خوایە گیان بۆ؟؟؟!!

بۆ دەبێ ژیانم ببێ بە مەرگەسات

بۆ دەبێ مردنم ببێ بە کارەسات؟!!

(کۆرپەکەی باوەشی حەزرەتی عومەری خاوەر ئاوای فەرموو) (مەهاباد قەرەداغی, ٢٠١٣, ٣٨٢)

ئەم گوزارشتکردنە لەسەر زاری ئەو کۆرپەیەوە, ناڕەزایی دەربڕینە, کە مرۆڤ لەم وڵاتەدا ژیان و مردنیشی هەر تراژیدیا و تاوانە.

٥. کارەساتەکە بووەتە بەشێک لە ناسنامەی شارەکە: دوای ئەوەی ئەو کارەساتە و تاوانە مەزنە بەسەر شارەکەدا هێنرا و هەزاران قوربانی لێ کەوتەوە, ئیدی لە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دوای ئەوەوە هەڵەبجە و کیمیاباران بوونەتە دووانەیەک, کە پێکەوە دێن, واتە ئەگەر بێتو لە باس لە تاوانێکی وەک کیمیابارانکردن لە کوردستاندا بکرێت, ئەوە هەڵەبجە دەبێتە نموونەی بەرچاو و باڵا, هەروەها ئەگەر بێتو باس لە هەڵەبجەش بکرێت, ئەوا کیمیابارانکردنی شارەکە دەبێتە خاڵێکی گرنگی باسکردنی شارەکە. بۆیە دەبینین شاعیران ئەو کارەساتەیان وەک بەشێک لە ناسنامەی شارەکە باس کردووە, وەک:

هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە

هەڵەبجە درەختی خوێنە

خۆڵ دەیدێرێت

سەری براوی «حوسەین»ە

بە وڵاتاندا دەیگێڕن

چریکەیەکی زامدارە

ئەم هەرێمە دەهەژێنێت

زەوی بێدار دەکاتەوە

لوتکە و بنار ڕادەژێنێت.

هەڵەبجە درەختی خۆڵە

خوێن دەیدێرێت.

مەچەکێکی پەڕێندراوە, لە گۆڕەوە دەرهاتووە

دەروازەی گەردوون و

ئاشتی و

ویژدان دەکوتێت (ڕەفیق سابیر, ٢٠١٤, ٥٦٠)

کەواتە ئەو تاوان و کارەسات و مەرگەساتەی بەسەر شارەکەدا هات بووەتە بەشێک لە سیما و ناسنامەی شارەکە.

لە دیوانی شیعرێکەوە

بمناسنەوە من هەڵەبجەم

لەناو گەرووی گۆرانییەکا

بارە سێوی لار و لەنجەم (وەرزێر حەمە سەلیم, ٢٠١٨, ٢٢٠)

ئەو شارە و کارەساتەکەی بووەتە شیعری نێوان دیوان و چریکەی گۆرانی.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هەشتاوهەشت هەزار نەفرەتم

بۆ نێو چاوی دوژمنانم

شانازی و ناسنامەی کورد و

هێمای گیانی بەرخودانم (وەرزێر حەمە سەلیم, ٢٠١٨, ٢٢٠)

ئەو شارە بووەتە شانازی بۆ کورد و هێمای بەرخودان و قوربانیدانی میللەتەکەمان.

٦. لە کارەساتەوە بۆ ژیانەوە و بوونەوە پایتەختی ئاشتی: ئەو کارەساتە جەرگبڕ و تاوانە ناخهەژێنە هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی و ماڵوێرانکەری بەسەر خەڵک و خاکی شارەکەدا هەبوو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بەیەکجاری ڕواڵەتی ژیانەوە لە شارەکەدا بسڕێتەوە, بەڵکوو شارەکە بەهیواوە جارێکی دەست بە ژیان دەکاتەوە, بۆیە شاعیریش دەڵێت:

هەزار هێندە باخی گوندم هەڵپاچن هەر سەوزە باخم

خوێن لە چاوی دڵم بێنن بە (کوێری)ش هەر ڕوونە ناخم

شارەزووریش کەن بە خەڵوز گوڵستانە هەر هەڵەبجە

ئەو دیوانی کێوی شیعر گوڵستانە هەر هەڵەبجە (ئیسماعیل خورماڵی, ٢٠١٠, ١٩)

شاعیر شارەکەی وەک دارێک وێنا کردووە, کە هەرچەندە لق و پۆپەکانی هەڵپاچن, بەڵام هەر زیندوو و سەوز و باخ و گوڵستانە.

هەڵەبجەکەی گەورە کچی شارەزووری شۆخ و شەنگی سەر بڵندی

کوردستانم

ئەڵێ تا کورد چەکی تۆڵەی لە شانا بێ, من نامرم, منی شەهید

ئاوەدانم (کامیل ژیر, ٢٠١٠, ٤٧)

لێرەدا شاعیر ئەوەی دەرخستووە شارەکە بڕوای میللەتەکەی هەیە و پەیامی ئاوەدانی بڵاو دەکاتەوە.

شاعیر ویستی ئاشتیخوازانەی شارەکە ڕادەگەنێت و بە گوێی گشت لایەکی دەدات و ئەوە دەخاتە ڕوو, کە شارەکە بڕوای بە ئایندەیەکی جوان و گەشاوە هەیە:

هەڵەبجە تۆوی ئاشتییە

هەتا لە خاک نغرۆ بکرێ

ڕەگ و ڕیشەی قووڵتر دەبێ و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە بەهاری ئایندەدا

پتر گوڵ و چرۆ دەگرێ (جەوهەر کرمانج, ۲۰۰۷, ۳٦۷_ ۳٦۸)

شاعیر ئەو کارەساتە دەکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ناسنامەی ئاشتیخوازیی شارەکەمان بۆ دەربخات, ئەمەش بۆخۆی داهێنانێکی گرنگە, کە شاعیر لەبری گەیاندنی پەیامی ڕق و تۆڵەکردنەوە و کاردانەوە, شارەکە بە ئاڵاهەڵگری تەبایی و پێکەوەژیان و ئاشتی دادەنێت:

هەڵەبجە پێشبڕکێی فەوتان و پاکییە

ناونیشانی هەوارگەی بەرائەت و

خەملانی ئالای تەبایی و ئاشتییە (ستار ئەحمەد, ۲۰۱۳, ۳۳۳_۳۳٤)

نیشاندانی ئەم ئاشتیخوازییەی هەڵەبجە دواتر ڕەهەندێکی فەرمی وەرگرت و بە فراوانتر دەرکەوت ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ۲۳ی ساڵی ۲۰۱٤ هەڵەبجەی بە پایتەختی ئاشتی ناساند, شاعیریش لەبارەی هەڵەبجەوە دەڵێت:

پایتەختی ئاشتیی کوردستان

باخچەی شیعر و شاعیرانم (وەرزێر حەمە سەلیم, ۲۰۱۸, ۲۲۱)

شاعیر وەسفی هەڵەبجەی بە پایتەختی ئاشتیی کوردستان کردووە و بە لانکەی شاعیرانیشی داناوە.

ئەنجام

١_ شاعیران لە چەند لایەنێکەوە سەیری تاوانەکەیان کردووە و تەنیا جەختیان لەسەر لایەنێکی دیاریکراو نەکردووە.

٢_ کارەساتی کیمیابارانکردن بووەتە بەشێک لە ناسنامەی هەڵەبجە و شاعیرانیش نموونەی شیعریان لەوبارەوە هەیە.

٣_ هەلومەرجی ڕوودانی کارەساتەکە لە شیعردا تیشکی خراوەتە سەر و شاعیران باسیان کردووە.

٤_ عومەری خاوەر وەک هێما و ئایکۆنی قوربانییەکانی شارەکە لە لایەن شاعیرانەوە گرنگی پێ دراوە و لە شیعرەدا ئاماژەی پێ دراوە.

٥_ بەشێک لە شاعیران پێش دەرچوونی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ ناساندنی هەڵەبجە وەک پایەختی ئاشتیی کوردستان, ئەوا لە شیعرەکانیاندا وەسفی هەڵەبجەیان بە پایتەختی ئاشتی کردووە.

سەرچاوەکان

١_ ئاوات حەسەن ئەمین (٢٠١٣)، پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٢_ ئەحمەد محەمەد (٢٠١٧)، دیوانی ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٣_ ئیسماعیل خورماڵی (٢٠١٠)، زەڵمێک لە ئێوارە زەڵمێک لە گۆرانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٤_ ئیسماعیل محەمەد (٢٠١٤)، بیری سلێمانی ناکەی؟!، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
٥_ جەبار ئەحمەد شەمسەدین (٢٠٢١)، هەڵەبجە کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی.
٦_ جەلال بەرزنجی (٢٠٢٣)، لە سەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە، دەزگای فام، هەولێر.
٧_ جەلال میرزا کەریم (٢٠٢٣)، دیوانی جەلالی میرزا کەریم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر.
٨_ جەوهەر کرمانج (٢٠٠٧)، هەناسەکانی تەمەن، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی، سلێمانی.
٩_ حەکیم مەلا صالح (٢٠١١)، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.
١٠_ ڕەفیق سابیر (٢٠١٤)، دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپخانەی تاران.
١١_ ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، دەردی دووری هەوارگەی وێران، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٢_ ڕێکخراوی i.v.s.p.d (٢٠٠٨)، کوردستان گەورەترین هێرش بە چەکی کوشندەی کیمیایی، و: ناسیح ئیبراهیم دزەیی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٣_ ستار ئەحمەد (٢٠١٣)، دیوانی ستار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٤_ شێرکۆ بێکەس (٢٠١١)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، سوید.
١٥_ عارف قوربانی (٢٠٠٦)، ئەنفالی هەڵەبجە_ زارا، چاپخانەی ئارەبخا، کەرکوک.
١٦_ عەبدوڵڵا پەشێو (٢٠١٤)، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧_ عوسمان عومەر مام یەحیا (٢٠٢٠)، بەهاری چل چیا.
١٨_ عومەر عەبدولکەریم (٢٠١٨)، دیوانی کەسان، چاپخانەی کەکۆن.
١٩_ غالب حەساری (٢٠٢٣)، کوردستانی ماد،
٢٠_ فریشتە کەوە (٢٠٠٨)، کارەساتی هەڵەبجە_ توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢١_ فریشتە حسێن (٢٠٠٨)، جینۆساید و هەڵەبجە_ کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٢_ کارزان محەمەد ئەحمەد (٢٠٢١)، ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانی دا ڕۆژنامەی (کیهان) بە نموونە، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.
٢٣_ کامیل ژیر (٢٠١٠)، کوردایەتی و جوانی، چاپخانەی بابان، سلێمانی.
٢٤_ کاوە شێخ عەبدوڵڵا (٢٠٢٣)، سایتی کورد نێت.
٢٥_ مارف عومەر گوڵ (٢٠٠٧)، جینۆسایدی گەلی کورد_ لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، چاپی چوارەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٦_مەهاباد قەرەداغی (٢٠١٣)، دیوانی مەهاباد قەرەداغی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢٧_ میدڵ ئیست وۆچ (٢٠٠٤), جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد, و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق, چاپخانەی تیشک, سلێمانی.
٢٨_نەجم ئەڵوەنی (٢٠٢٢), دوا پێکی تەمەن, چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین, هەولێر.
٢٩_ نەوزاد عەلی ئەحمەد (٢٠٢٣), ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و کوردستان دا, تاران.
٣٠_ هەورامان عەلی تۆفیق (٢٠٠٠), هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨, دەزگای ئاراس, هەولێر.
٣١_ هیوا قادر (٢٠١٢), دیوانی هیوا قادر, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی.
٣٢_ وەرزێر حەمە سەلیم (٢٠١٨), گەردانە, ناوەندی هزری و ڕۆشنبیریی خاڵ.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کۆمەرگی هەڵەبجە و کۆتەڵی شیعر

ڕوانینێکی بەراوردکاریانەیە لە نێوان چەند دەقێکی شیعریدا

نەجمەدین ئەحمەد عەبدوڵڵا
«گۆریان هەڵەبجەیی»
goryanhalabjay@gmail.com

پوختە

ئەم توێژینەوەیە پرۆسەیەکی بەراوردکاری و پۆلێن کردنە لە نێوان چەند دەقێکی شیعریدا، کات و شوێن و سەردەمی نوسینی دەقەکان جیاوازن و شاعیرەکان لەو ئەزمونانەیان فۆرم و ناوەرۆکی خەسڵەت گەرای خۆیان هەیە .

توێژینەوەکە پێش ئەوەی دەقەکان لە بێژەنگ و ڕیزبەندیکردن بدات، پێشەکیەکی پێویستی نوسیوە.

بەشی یەکەمی توێژینوکە تایبەت کراوە بۆ گرنگی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی توێژنەوەکە ، وە تان و پۆی میتۆدی توێژینەوەکەی کردوە، وە بە پێی سەرچاوەکان بەراوردکاری کراوە لە گەڵ توێژینەوەکانی تر.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا کاریگەری ڕوداو لە نوسینی دەقی شیعریداباسی لێوە کراوە ، پاشان کاریگەری کیمیاباران و نوسەری دەق و پەیوەست بونی بە مێژوو وەک سایکۆلۆجیای شاعیر شرۆڤەکراوە.

وە باسی ئەو گرنگیەی کردوە کە شیعرڕۆڵی هەیە لە شکاندنی سنورەکان و قۆناغێک دەست پێدەکات لە بەجیهانی بونی ئازاری نەتەوەیەکی بندەست.

بەشی سێیەم بەرچنەیەکی لەو شاعیرانە ی کە خەڵکی هەڵەبجەن و شایەتحاڵی ڕوداوەکەن خستوەتە ڕوو ، وە پرۆسەیەکی بەراورد کاریانەی بۆ کردون لە ڕوی فۆرم و ناوەرۆکەوە ، شاعیرەکان بریتین لە (ئیسماعیل خورماڵی و حەکیمی مەلا ساڵح و رۆژهەلەبجەیی و ئاری مەلا لەتیف و عومەر عەبدول).

هاوکات و لە هەمان بەشدا توێژینەوەکە بە گرنگی زانیوە تیشک

بخاتە سەر نمونەی هەندێ لەو شاعیرانەی کە بە ئەزمونی شیعر دەناسرێن لە سلێمانی و بریتین لە (حەسیب قەرەداغی و قوبادی جەلی زادەو جەمال غەمبار و دلاوەر قەرەداغی).

بەشی چوارەم تایبەتە بە ئەزمونی شیعری تاراوگە دوای ئەنفال و کیمیاباران ، وە نمونەی چەند شیعری چەند شاعرێکی خستوەتە ڕوو، وەک (شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر و جەلالی مەلەکشا) ، وە دنەی ئەو پرسیارەی کردوە، تا چەندێ شیعری تاراوگە توانیویەتی ببێتە ئەزمونێک لە ئەدەبی مرۆڤایەتی.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەو پرۆسە بەراورد کاریەی کە لە نێوان شاعیرانی هەڵەبجە و سلیمانی و شاعیرانی تاراوگە هەیە، بەرئەنجامەکەی چیە تیشکی خراوەتە سەر و پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو ، وە ئەو سەرچاوانەی کە سودیان لێبینراوە ئاماژەیان بۆ کراوە .

کلیله وشه: وێنای شیعری، زمانی شعیری، جینۆساید.

ملخص الدراسة

الابادة الجماعيى لحلبجة و (الرثاء) العزاء الشعري
رؤية مقارنة بين عدد من النصوص شعرية

نجم الدين أحمد عبدالله (گۆریان هەڵەبجەیی)
goryanhalabjay@gmail.com

تعد هذه الدراسة عملية مقارنة وتصنيف بين نصوص شعرية، يختلف زمان ومكان كتابتها، كما يختلف أسلوب شعرائها حسب الشكل والمحتوى والخصوصية لكل شاعر .

تبدأ الدراسة بمقدمة وجيزة قبل الخوض في تحليل النصوص الشعرية وترتيبها .

خصص الفصل الأول من الدراسة، لأهمية الدراسة، وأهدافها، والمنهج المتبع في الدراسة، والمقارنة – حسب المصادر – بين الدراسة الحالية و دراسات أخرى .

و يتناول الفصل الثاني تأثير الأحداث في النصوص الشعرية، وتأثير

القصف الكيمياوي- لحلبجة- على كاتب النص(الشاعر) وارتباطه بالتأريخ و نفسية الشاعر. كما تناول هذا الفصل ايضا أهمية الشعر في تجاوز الحدود – الجغرافية- وابتداء مرحلة جديدة في عالمية محنة قومية مضطهدة .

وفي الفصل الثالث : إشارة وإيماء الى شعراء ينتسبون الى حلبجة وهم شهود القصف الكيمياوي لمدينتهم عام ١٩٨٨ . وفي هذا الفصل ايضا تمت المقارنة بينهم من حيث الشكل والمحتوى الشعري. والشعراء هم: (اسماعيل خورمالي، حكيم ملا صالح، رۆژحلبجي، آري ملا لطيف،عمر عبدول).

واعتبرت الدراسة من الاهمية بمكان، إلقاء الضوء على نبذة من الشعراء، يعدون من رواد وتجريبيي الشعر في السليمانية، وهم: (حسيب قرداغي، قوبادي جليزادة، جمار غمبار، دلاور قرداغي) .

اما الفصل الرابع، فقد خصص لتجربة الشعر في المهجر، بعد القصف الكيمياوي وعمليات الانفال، وتناول نصوص شعرية لبعض الشعراء، أمثال (شيركو بيكەس، رفيق صابر، جلال ملكشا). كما تناول هذا الفصل» السؤال: إلى أي مدى استطاع شعر المهجر أن يصبح تجربة في الادبي الانساني؟!! .

أما الخاتمة فقد تناولت ما توصلت اليه الدراسة من نتائج عملية المقارنة بين شعراء حلبجة وشعراء السليمانية وشعراء المهجر. وتناولت ايضا إقتراحات وتوصيات الدراسة، ومصادر الدراسة .

الكلمات المفتاحية: الصورة الشعرية ، اللغه الشعرية ، الإبادة الجماعية

Summary

Halabja Poetry and the Catastrophe of Chemical Attacks:

A Comparative Analysis of Selected Poems

Najmuddin Ahmed Abdullah «Gorian Halabjaei»

goryanhalabjay@gmail.com

This research is a comparative process and an analysis of several selected poems, with differences in time, place, and the era in which the texts were written. The poets in these texts possess distinct stylistic and thematic characteristics.

Before analysing and organizing the texts, the study provides a necessary introduction.

The first section focuses on the importance of the research, its objectives, and the methodology used. It also offers a comparative approach based on references and draws connections to other related studies.

In the second section, the study addresses the impact of the events on the writing of poetry, examining the influence of chemical attacks and the poets› connection to history, including the psychological effects on them. The research emphasizes the role poetry plays in breaking boundaries and marks a new phase that expresses the national trauma caused by oppression.

The third section highlights several poets from Halabja who experienced and witnessed these events firsthand. A comparative analysis is conducted, focusing on form and content. These poets include Ismail Khormaly, Hakimi Mala Saleh, Rozhalabjayee, Ari Mala Latif, and Omar Abdul. In the same section, the research also sheds light on some poets from Sulaymaniyah, such as Haseeb Qaradagi, Qubad Jalizada, Jamal Gambar, and Dilawar Qaradagi, who are known for their poetic contributions.

The fourth section is dedicated to the post-Anfal and post-chemical attack poetic experience, with examples from poets such as Sherko Bekas, Rafiq Sabir, and Jalal Malaksha. The study questions the extent to which these tragic events shaped poetry into a form of humanitarian literature.

In the conclusion, the research presents the results of the comparative analysis between the poets of Halabja, Sulaymaniyah, and other post-chemical attack poets. It concludes with suggestions and recommendations, with references to the sources used in the study.

Keywords: Poetic Image، Poetic Language، Poetic Nostalgia، Genocide، Statics of Place

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە ڕوانینێکی بەراوردکاریانە لە نێوان چەند دەقێکی شیعریدا پۆلێن کراوە ، دوازدە شاعیر بە سەر سێ گروپدا دابەش بون، گروپی یەکەم پێنچ شاعیری هەڵەبجەیین، گروپی دووەم چوار شاعیری سلێمانین ، گروپی سێیەم بە پێی فۆرمەلەبونی دەق و ئەزمونی تاراوگە تان و پۆ کراوە روانینی ئەم توێژینەوە لەو ئاسۆیەوە سەرچاوەی گرتوە کە شوێن و کات و میژوو رۆڵی جیاوازی هەیە ، ئەم جیاوازیە گرنگە خوێنەری کورد لێی بە ئاگا بێت و لە بەراوردکردنیان دید و بۆچونی هەبێت .

ئەوە لە ڕوی فۆرمەوە لە ڕوی ناوەرۆکەوە ، پرۆسەی بەراوردکاری لە ئەدەبدا و شیعر وەک ژانرێک ، لە ئاست ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی گەلاندا ، سەرباری هەندێ هەوڵ و ئەزمونی خاکەڕا هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاکانی کاروانێکین کە گۆڕانکاریە جیهانیەکان و نێوخۆییەکان فەراهەمیان هێناوە .

بەراوردکاری دەقی شیعری گرنگی خۆی هەیە ، ڕاستە ڕایەڵەی گەل و نەتەوەکان و ناسینی ئەزمونەکان بۆ ئێمەی کورد وەک پێویست نەبوە ، بەڵام ناشکرێت بڵێین لە خاڵی سفردائین ، ئەکرێت بڵێین گرنگی لە ڕوی ئێمەوە دەرکەوتوە .

ئەم لێکۆڵینەوە بەراورد کاری نیە لە نێوو نیە لە نێوو چەند دەقە شیعریەک کە بە زمانی تر و وڵاتانی تر نوسرا بن ، بەڵکو ئاشنا کردنی خوێنەرە لە هەندێ ڕەهەند و گۆشە نیگای جیاوە ، کە لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەیی خۆماندایە .

باسکاڵ (گەردی، ١٩٨٧ ,ل٤)گەردی گوزارشتێکی جوانی هەیە کاتێ ئەڵێ : نابێ کەس پێم بڵێ داهێنانم نەکردوە ، هەر هیچ نەبێ ڕێکخستنی کەرەستەکانم شتێکی نوێیە .

ئەم توێژینەوەیە بەرەو ئەو ئاسۆیە هەنگاوی ناوە کە بەراوردکاری بکات لە نێوان چەند دەقێکی شیعریدا لە ڕوی پێکهاتەی شیعریەوە تیشک بخرێتە سەریان .

لە کۆی گشتیدا ئەم دەقانە سەرباری جیاوازی خەیاڵ و ئەفراندن، کۆڵکەی هاوبەشیان ڕێژنەی هەست و سۆزێکە بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک نوسراون کە من پێی ئەڵێم ئەزمونی شیعری دوای جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران .

١ – گرفتی توێژینەوە

ئەو توێژینەوانەی لە ناو فەرهەنگ و ئەدەبی گەلاندا تازە لە دەرگایان ئەدرێت ، هەڵگری هەندێ ئاریشەن ، لەوانە کەمی سەرچاوە ، کەمی ئەزمونی، کەمی دەق ، وە هەروەها ئەو کاتەی ناونیشانی توێژینەوەکەم بەم مانشێتە دیاری کرد، بڕوام وابوو

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

خەرمانێک لە دەقی ژوانی شیعر لە بەردەستمایە کە لەروی شیعریەتەوە دەوڵەمەندن، بەڵام لە گەڵ کۆکردنەوەیان کەمترین دەقم دەسکەوت لە گەڵ سیستمەکەی منا گونجاو بێت.

ئەمە وەک خودی دەقەکان وەک سەرچاوەش روبەروی ئەو قەدەرە بومەوە کە هەندێ لە سەرچاوەکانم بە زمانی عەرەبی بێت و ئەو بۆشاییەی کە لە سەرچاوەی زمانی دایک هەیە بە زمانێکی کە پڕبکەمەوە.

٢ – بایەخی توێژینەوەکە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەوەدا دەبینرێت ئەو دەقانەی تایبەتن بە جینۆسایدی گەلەکەمان بە جۆرێ تر و لە ئەزمونیکی تردا خۆی بینێتەوە و بەو ئاراستەیا بڕۆین کاریگەری جینۆساید لە سەر شیعر لە روی چۆنایەتییەوە هەڵسەنگێنرێت .

هاوکات جینۆساید بۆ کورد بوەتە ناسنامە ، ئەم ناسنامەیە هەموو ئەو چەمکانەی پەیوەستە بە ناساندنی دەبێت لە دەرگای بدرێت و شەن و کەویان بۆ ئەنجام بدەین .

٣ – میتۆدی توێژینەوەکە

هەر یەک لەم شاعیرانە لە روی کات و شوێن و ئایدیا وسایکۆلۆجیایانەوە جیاوازیان هەیە ، پێویستی کرد لە سەرم بە یەک میتۆد توێژینەوەکەم نەنوسم ، ئەو کاتەی لە گەڵ گروپێک لە شاعیران سەودا ئەکەم هەم سیاقی بم و هەم تێکستیش ، چونکە لە روی سۆسۆلۆجییەوە ئەو شاعیرانە هەڵەبجەیین ، ئەزمونی دەقەکانیان لە ڕووی شوێن / کاتەوە بە جۆرێ دەوڵەمەند بوو پێویستی ئەکرد وەک تێکستیش خوێندنەوەی بۆ بکەم، هاوکات شیعریەتی دەقەکانیش لە ئاستێکی وەهادا بوو کە گرنگی بە تێکستیش بدەم، بە دروستی بۆشاعیرەکانی کەش کە لە دەرەوەی هەڵەبجە و هەندەران بوو پێچەوانەکەی ڕاست بوو.

٤ – توێژینەوەکانی تر

گوزارەی توێژینەوەکانی تر بەو حوکمەی لە سەرەتای ڕێگاکاین بۆ جۆرە توێژینەوەیەکی ئاوا، وا دەبینرێت دەستکورت و کەم ئەزمون و کەم ئایدیا بین لە بارەیەوە ، ئەکرێت خودی ئەم کۆنفراسە و توێژینەوە و ڕاسپاردەکانی ببێتە سەرچاوە و لە چەند ساڵی ئایندەدا بوێری ئەوە بکەین توێژینەوەکان ببنە رچەشکێن، کەواتە دەستە واژەی توێژینەوەکانی تر تەنها لەو پێناوەدا نوسیومە بزانرێت ئەم بوارە لە قۆناغی سەرەتایە وبەرەو هەنگاو نان ئەچین .

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم:

١ – ١ ڕۆڵی ڕوداو لە نوسینی دەقی شیعریدا

سایکۆلۆجیای شاعیر لە ڕوداودا دەبێتە مەخلوقێکی پەرت و لە گۆشیەکی ژیانا هەڵئەکورمێت وەک وێنەکەی باشلار دێتە بەرچاو (باشلار، ١٩٨٤، ص ١٣٤) ، پێش ڕوداو شاعیر وەک هەر مرۆڤێکی کە خاوەنی زمانە ، ئەو شوێنەی شاعیر تیایا ئەژی و ڕوداوێ رودەدات ئەوکاتە شیعر دەکەوێتە نێوان دوو گۆشەوە یەکەم لە دایکبونی شیعرەو دووەم تەئویلی شیعرە (جاسم، ٢٠٠٩، ص٨٩).

لە کیمیاباراندا شیعر توانیویەتی ئەو ڕەحمیانەتە بێت گوزارشت لە ئازار و مەینەتی گەلەکەمان بکات ، لێرەوە ڕاستیەک لە دایک دەبێت ئەویش ئەوەیە کە شیعر ئەو ژانرەیە توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ ببینێت و فاکتەری سەرەکیش بێت لە شوناسی گەلیکی جینۆسایدکراو .

١- ٢ هەڵەبجە و کیمیاباران و سێڕیانی کەس + شوین + مێژوو

هەر کاتێ باسی جینۆسایدی هەڵەبجە دەکرێت ، وە باسی ئەو دەقانە دەکرێت بۆی نوسراوە ، ئەوا پێویستە باسی کەس و شوێن و مێژوی بکرێت ، کەس وەک شاعیرێکی ترۆماتیکی کە لە دەقەکاندا ڕەنگی داوەتەوە (یەعقوبی، ٢٠١٦، ص٩٠) ، شوێنیش دەبێتە پەیوەندیەکی ئەبسکرات و پێناسە ماتریاڵیەکەی لێدەردەهێنرێت(جاسم، ٢٠٠٩، ص٨٨) ، شوێن لە هەڵەبجەدا ئەگەر کۆپی دیدگاکانی باشلاری بەسەردا پراکتیزە بکەین ئەوا دەرگا و پەنجەرە و گۆشەکان و ژێرزەمین و قادرمەکان و ژورەکانی پڕە لە فانتازیا ، وەک (سرودی نەیەکەی) جەلالەدینی رۆمی لێدێت کە پاشخانەکەی شوێن بوو(ئیسماعیل، ٢٠٠٥، ل١٦) .

بەرئەنجام بونی هێرمۆنتیکای مۆدێرن ڕوداوە امانی هایدگەر بوو لە تیۆریزە کردنی زمانی شاعیران (ئەحمەدی، ٢٠٠٤،ل ١٤) ، هەر بۆیە نادروست نیە بڵێین شوێنی تاک ڕەهەند شوناسێکی تایبەت بە خۆی نیە (ئیسماعیل، ٢٠٠٥، ل١١) .

کەسیش خودی شاعیرە، شوێن فەزای ڕوداوە، مێژوو ئەو نۆستالیژیایە هەمیشە شیعر دەگەڕێتەوە بۆی، شیعر ئاچۆڕە دەکات و دەڕواتەوە بۆ ئەوێ بۆلای کۆمەرگ و شاری وێرانەو پەڕاگەندەیی بونی وڵاتان .

١ – ٣ فۆرمەلەی دەقی شیعری لە ڕوداودا

گەر بمانەوێت بە مانا گشتگیرەکە باس لە فۆرمەلەی دەقی شیعر بکەین لە ڕوداودا ، ئەو شیعرانەی لە سەردەمی کلاسیسزما و پاشان ڕۆمانتیک و پاشتریش ریالیزمدا

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نوسراوە، تا دەگاتە ئەزمونی قوتابخانەی روانگە و کفری ، ئەوەمان بۆ یەکلا دەبێتەوە شیعر له سەر دوو ڕاستە هێڵ ڕێڕەوی گرتوە، ئاگایی له گەڵ ئەزمون و گۆڕانکاریەکانی دونیای شیعر و هاوکات ژیانکردنی شیعریانە له گەڵ کۆمەڵگا و بزوتنەوە سیاسیەکەی.

بندەستەیی کورد و نەگەشتنی زمانی گەلەکەمان بە دایەلۆکی جیهانی کاریکی وای کردبوو ئەوەی هۆزانڤانی کورد دەینوسی نەگاتە ئەو شوینەی دونیا لە شیعر و پەیڤی جوانی گەلەکەمان بگات، بەلام دوای جینۆسایدی گەلەکەمان و هەندێ گۆڕانکاری جیهانی دەتوانین بلێین لە سەرەتای کاروانی رییین.

١ – ٤ شیعری ڕوداو قۆناغێک بەرەو بە جیهانیبون

بۆ نەتەوەیەکی بێکیانی وەک کورد پێش ئەوەی کۆمۆنیکەیشنی جیهانی بکاتە ئامرازی گەشتن بە ئەوانی بەرانبەری، ڕوداوە دڵتەزێنەکانی و پەڕاگەندەیی میلەتەکەمانی کردە ئەو فاکتەرەی ئەگەر دروست بێت بلێم کۆمۆنیکەیشنی زمانی ڕوداو بکاتە دەسپێکی شوناسی ئەدەبی.

لە کۆتاییەکانی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، پاش ئەنفال و کیمیابارانکردنی گەلەکەمان و دوای راپەڕین، لە چەندین چالاکی ئەدەبی جیهانی و ڤیستیڤاڵ و دیداری شاعیراندا، نوسەرانی کورد خەلات کراون و قسەی جددییان لە بارەوە کراوە، بابەتەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی جیهانی، شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیر و عەبدولا پەشێوو لەتیف هەڵمەت و زۆرێکی کە لە شاعیران و نوسەران بەشیکی هەرە دیاری ئەو زاتانەن کە ئێستا لە رێگای بابەتەکانیانەوە گەلێکی ستەملیکراو ناسێنراوە.

بەشی دووەم:

٢ - ١ بەرچنەی چەند دەقێک وەک نمونە/ دید و تێڕوانین

ئەو شاعیرانەی لێرەدا ناویان هاتوە ، هەر ئەوە نیە خودانی ئەم چەند دەقە شیعریە بن بۆ هەڵەبجە ، ئەم شاعیرانە کارەساتی کیمیابارانیان بە چاوی خۆیان بینیوە، کۆلکەی هاوبەش و مێژوی هاوبەش و قەدەری هاوبەشیان هەیە لە کاتی کیمیابارانی شارەکەیان لەم چەند خالا کۆیان دەکەمەوە :

ا - فۆرمەلەی کەس و شوێن و ئاینی جینۆسایدکراو

لەم پێنج قەسیدەیەیا زیاد لە (٥٤) ناوی شوێن وکەس و یەکەی ئاینی هاتوە ، ئەمە جگە لەو ناوانەی دوبارە بونەتەوە و یەک جار ئەژمار کراون، وە بێجگە ناوی تەکیە و جەژنی جەم، وە بێجگە لە چەندین جێناوی تر کە هەڵەبجەیی بون و شیعریەتی خوێنەر کنەی دەکات و دەیدۆزێتەوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

یەکێ لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم شاعیرانە لە شاعیرانی دەرەوەی هەڵەبجە ، رۆڵی ئەو ئایکۆنانەیە لە مێژوی ئەم شارا کە نەک لە ئاستی دەستە بژێر بەڵکو بوەتە وێنای شەقام، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە شیکاری دەق و لە وێنا کۆمەڵایەتیەکە دەرچێت هەر وەک چۆن فرۆید ئەڵێ(مصطفى) تێکست لە بنەرەتا لە سەر کەسایەتی و مێژوو وە سەلیقەی نوسەر چڕ کراوەتەوە .

ناوی زۆر کەسایەتی لەم دەقانەدا تەوزیف کراوە، لە ناو دەقەکانا لە حاڵەتە مەئلوفەکەی خۆی دەرچوە و ئاوێزانی ڕوداوێک بوە ناخ هەژێن، زۆر شوێن لەم دەقانەدا ناوی هاتوە، زۆر ئایکۆنی ئاینی جیاواز لە گەڵ ڕوداوەکەدا مەحوو بوەتەوە بە گوزارشتیکی شیعریانە دەگەینە ئەو ڕایەی کە فانتازیای شیعری بە جۆرێکی ئەفسوناوی کاریان لە سەر کراوە و شوێن و کەس و پەیوەندیە ڕۆحیەکان کارلێکی زیهنی خستوەتە سەر نوسەری دەق .

شوێن /کایت	حەکیم مەلاساڵح	ئیسماعیل خورماڵی	رۆژ هەلەبجەیی	عومەر عەبدول	ئاری عەبدولەتیف	کۆ
هەڵەبجە	....	٣	١٠	٢	٢	١٧
ناوەکانی تر	٢	١٤	١٠	١١	....	٣٧
	٢	١٧	٢٠	١٣	٢	٥٤

جینۆسایدی هەڵەبجە و وێنە سوریالیەکان ب -

سوریالی هەر خودی خۆی بەرئەنجامی شەڕ و هەڵقوڵاوی جینۆساید بوە ، بۆیە دەبینین لە فۆرمەلە بونی کەس و شوێن و سیمبولەکان لە ناو ئەم دەقانەدا پڕن لە وێنەی سوریالی، زۆر کەم هەڵکەوتوە موفرەدەیەک لە سیاقی خۆیدا مابێتەوە و مەدلولەکەی ئاوەژوو نەکرابێتەوە، (گێنگڵی چەمەنێکی باخی میر / ئاوێک نیە ماسییەکانی لە پەراسوی ئێمە نەبێت (عبدول، ئەرشیف) هەلاژانی ئەو هەموو قوببە ومەخلوقە / کەفچەڕانی ئەو هەموو رەزە (ماڵێک لە ئاسمان ، ٢٠٠٤)، زەخرەفەی خانەقایەکی گریاو / مارت منی هەڵەبجە پر لەو ئێوارە ناشەرعیانە دەکات(هەڵەبجەیی،٢٠٠٤، ل٨١)، کۆڵانە سەر شکاوەکان / جەستەم گوڵی سوتاو دەگرێت (عبدولەتیف، ئەرشیف) ، سنگی خۆڵمان دەکرد بە رۆژنامە /پیاوانمان شەبەنگیان دەکردە تەسبیح(مەلا ساڵح ، ٢٠١٠، ل٤٦) .

سوریالیەتی ئەم وێنانە قوڵی کارەساتێکمان پیشان ئەدەن کە لە ژیاندا مرۆڤ وەک مەخلوقێکی سەرداری کەون هارمۆنیا بوەتەوە لە گەڵ سروشت وەک ماتریاڵ و ئایکۆنەکانی ئاین وەک میتافیزیک و بونەتە بونێکی ترۆماتیک و لە چوارچێوەی دەقدا فۆرمەلە بون.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

جینۆساید و نۆستالیژیای دەق ج -

دوالیزمەی جینۆساید و نۆستالیژیا یان بە پێچەوانەوە بۆ زاکیرەی شاعیرانی کورد ئەزمونێکی تاڵە ، گۆستاڤ فلۆبێر پێی وایە نۆستالیژیا گەڕانەوەیەکی دەست ئەنقەستە بۆ سەردەمی منالی (مامەند،٢٠١٦، ل٣٠) ، پێ ئەچی بۆ شیعر گەڕانەوەیەکی ئارەزومەندانە یا خۆڕسکانە یا خەڵوەتێک بێت کە شیعر لە رەحمیانەتیا لە دایک دەبێت.

بۆ ئەم شاعیرانە گرنگە بڵێین ئێمە چی بوین و چیمان لێهات، لە کوێ بوین و گەشتینە کوێ ؟

(تا بەیانی هەیا هوی عەشق) (عبدول، ئەرشیف). (پیاوانمان شەبەنگیان دەکردە تەسبیح) (ملاساڵح ، ٢٠١٠، ل٤٦) ، (هەموو ساڵێک وەرزێک دەمباتەوە بەر ئاستانەی (هەڵەبجەیی٢٠٠٤، ل٨١)، (بیست و نۆ ساڵە لە سەر قانونی غەریبی خۆم لە دار ئەدەم (عبدولەتیف، ئەرشیف)، زۆربون ئەوانەی دوێنی دەیان کردینە بەرسیلە) (قەببانی، ١٩٨١) ، ئەمانە خەروارێکی ئەو نۆستالیژیایەن کە شاعیرانی لە ناو خۆیا مەحوو کردوەتەوە.

٢ – ٢ ئەزمونی شیعری پێش کیمیاباران و دوای راپەڕین

بۆچونێکی نزار قەببانی هەیە بۆ هەڵەبجە ڕاست دێتەوە کە دەڵێت (خاڵی بەهێزی عەرەب شیعرە وخاڵی لاوازیشییەتی) (اردینی، ٢٠١١) ، ئەزمونی شیعری لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان فۆرم و ناوەرۆکی تایبەتی بە خۆی هەبوە، چەندین شاعیر بوبوە مەکۆی شیعر و دونیای وشە و گوزارشتی شیعری، بەڵام دوای کیمیابارانی هەڵەبجە ئیتر شیعربوە باوەڵی ئاهو حەسرەتی دڵ و دەرونی شاعیرانی نەتەوەیەکی بندەست و بێکیان.

چۆن لە سەرەتای سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست تەکیە و خانەقاکانی هەڵەبجە بوبوە مەنزڵ و خانەی شاعیران، جینۆساید کردنی هەڵەبجە هەموو شاعیرانی نەتەوەی کوردی لە ئامێزی خەمێکی گەورە کۆ کردەوە، بەو پێیە ئەزمونی شیعر لە هەڵەبجە تەنها گۆڕان نەبوو لە قۆناغی کلاسیک و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم ، بەڵکو کرانەوەیەکی گەورەتر بوو هەم لە روی ئاوێتە بون لە گەڵ ئەدەبیاتی کوردستانی گەورە و هەم کرانەوە و شوناسی نەتەوەیەکی بەش بەش کراو .

٢- ٣ کۆ مەرگی هەڵەبجە و فۆرم و ناوەرۆکی شاعیرانی سلێمانی

پێڕاگەشتنی ئەم توێژینەوەیە و تایبەتکردنی بۆ ئەم کۆنفرانسە ئەو فرسەتەی پێدام چوار شاعیر هەڵبژێرم کە چوار کۆتەڵگیری شیعری هەڵەبجەن .

پرسیاری شیعری و جەدەلی فرە وەڵامی : ا -

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پرسیاری شیعری چەمکێکە، لە هونەری شیعریەکەی ئەرستۆ ئاماژەی بۆ کراوە (اردینی ٢٠١١) ، بەڵام بۆ ئەو کات و دواتریش نەبوە سەرباسێکی ئەوتۆ، یان بە جۆرێتر لە روپەڕی باسی شیعری وەک چەمکەکانی تر مشت و مڕی وای لە سەر نەکراوە .

دنە دانی ئەم چەمکە ئەزمونە شیعریەکەی ئەم دەقانە دروستی کرد، چونکە لە چواچێوەی هەر چوار دەقەکا نزیکەی (٦٠) ١جار پرسیار کراوە، ئەوە بێجگە لەوەی خوێنەر حەقی پرسیار دروستکردنی هەیە لەناو دەقدا .

(جەلیزادە ، ٢٠١٢، ل١٣٠) (٣٥) جار پرسیار دەکات، لە کەسی یەکەمی تاکەوە بۆ مەوجودی دووەم ، واتە لە قوبادەوە بۆ هەڵەبجە، کۆی ئەو پرسیارانە ئەو ڕاڕاییەیە کە شاعیر لە بەرانبەر کارەساتێکی زۆر گەوەرەدا خۆی بۆ کۆ ناکرێتەوە و دوا جار دایەلۆکی نێوان قوباد و هەڵەبجەدا بە پرسێار دەست پێدەکات .

(قەرەداغی، ٢٠١٢،ل ٢١١) (١٦) جار پرسیار دەکات ، پرسیار لە سیستەمی جیهانی، لە مێژوو، لە نادیار، لە هەندێ چینی کۆمەڵگا، پرسیار لە ناو ئەو دەقەی سێ رۆژ دوای کیمیاباران نوسراوە پێمان دەڵێت پرسیارەکانی ئێستاشی لە گەڵ بێت رەوایە .

(خەمبار، ٢٠١٢، ل٣٣٣) (٧) جار پرسیار دەکات لە عومەری خاوەر، بە هەمان شێوەی عومەری خاوەر سروشت و هەڵەبجە وەک بونیادە گەورەکە زمانیان لە گۆ کەوتوە و خوێنەر بەرپرسیارێتی وەڵامی کەوتوەتە ئەستۆ .

(قەرەداغی،٢٠١٢، ل٢١١) دوو پرسیار لە بادی سەبا دەکات، بادی سەبا سالمی شاعیرە، لە روی ژمارەوە دوو پرسیار لەم دەقا هەیە، بەڵام ئەم دوو پرسیار کۆی دەقەکە بە هۆی (بادی سەبا) پرسیار ڕژێن دەکات .

هەڵەبجە و دوالیزمەی مەرگ و ژیان ب –

ئەزمونی شیعری ئەم شاعیرانە پڕە لە دوالێزمەی مەرگ و ژیان، هەڵەبجە کەوتوەتە نێوان تریفە و شەوانی کۆڕ و عیشوە و ناز و عیتابی دڵداران و کۆمەرگی رۆحی ژن و مندال و کۆمەرگی سروشت وژیان .

(خەمبار،٢٠١٢، ل٣٣٣) پێش ساتە وەختی دوو ریانی مەرگ و ژیان دەڵێت هەڵەبجە یاسەمێنێکی شۆخ و شەنگ / مالە خۆڵەمێشیەکەم، شۆختر لە عەنبەر خاتون / پڕە لە گەڵای هەڵوەریوو ،هەڵەبجە ئێواران بە باوەشێ پەپولەوە / پەڕەی هەڵوەریوی نێرگزێکی سەرهەڵگرتوو ، دەخاتەوە ئامێزی روبار، گەڵای هەڵوەریوو ئەیاتەوە لە سنگی درەخت، فڕین و ئاسمان دەکاتەوە سیمبولی ژیان، جەلاد و شەهید .... هتد

(قەرەداغی،٢٠١٢، ل٢١١) ، سیروانی سیاچەمانە/ هیچرەتی دیاری غەریبی، پەلکە سەوزەکانی کانی عاشقان / کانی ژاکان و وەرین، کار ئاسکەکەی هەڵەبجە / جێکەڵبەی ژەهراوی گورگ، ترێ / هێشوی وەریوو، پەلکە سەوزەکانی کانی عشقان کان / ژاکان

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

و وەرین.

(قەرەداغی،٢٠١٢، ل٢١١) تەواوی ئەم دەقە کەوتوەتە نێوان شاریکی جوانی ئەوسا کە ئێستا جینۆساید کراوی، هەڵەبجەی جوان / گۆڕستانی ڕاخراو، کانی عاشقان / بێ عاشق، شیعر و هیواو باوەڕ / شوشەی پڕی شکاو .

(جلیلزادە، ٢٠١٢، ل١٣٠) لەو دوالیزمەیە بەرێژەیەکی زۆر بە سەر فەزای شیعرەکەیدا بوونی هەیە، گەڵای وەریو/ درەخت، شاباڵی هەڵفڕین/ ئاسمان، خودی ئەم دەقە لە جێی ڕەنگە سپیەکانی ژیان ڕەش بوون دیارە.

شوبنهاوەر دەڵێت جیهان خەیاڵی منە (باشلار، ١٩٨٤، ص ١٧-١٨)، ئەگەرئەم ئایدیایە بە سەر ئەم دەقانەدا پراکتیزە بکەین ، دەگەینە ئەو خوێندنەوەی ئاچۆڕەی شیعری ئەم شاعیرانە، لەیەکچون جیهانبینی هاوشێوەیان دەگاتە ئەو ئاستەی هەر سێ هێڵە هاوتەریبەکەیان لە دوو خاڵدا یەک دەگرێتەوە ، کە دوالیزمەی مەرگ و ژیانە.

کەس وشوێن و جێکەوتەی لەم دەقانەدا : ج -

لەم سێ قەسیدەیەیا (٧٠) حەفتا جار بەلای کەمەوە ناوی کەس و شوێن هاتوە ، ئەوە بێجگە لە جێنا و میتافۆر، ڕاستە لە روی شیعریەتەوە لاوازی نابینرێت لە دەقەکاندا، بەڵام ناکرێت نکولی لەوە بکەین کە هەر سێ شاعیر ئەو وابەستەییەی کە شوێن لە زیهنی تاک وەک مرۆڤ هەیە ، ئەگەر خەڵکی هەڵەبجە بونایە وەک شاعیرانی هەڵەبجە ناوی کەس وشوێنیان بە جۆڕی تر دەبوو، چونکە زۆری دوبارە بونەوەکان پیمان دەڵێت نەناسینی شوێن و کەس بۆ ئەوان جێگای سەرنجە.

پۆشکین لە نوسینەکانیا باسی ئەو شوێنە دەکات منداڵی تیا مردوە، ئەندرۆ لاڤۆن وەسفی ماڵەکەی دەکات، بەدر شاکر سەییاب باسی گوندەکەی دەکات (ئیسماعیل،٢٠٠٥، ل١٦).

لەم خشتەیەیا کۆی وشەو ناوی کەس وشوێن دیاری کراوە و بۆ هەر شاعیرێک ژمارەکان دیاری کراون :

کەس/ شوێن	قوبادی جەلیزادە	حەسیب قەرەداغی	جەمال غەمبار	دلاوەر قەرەداغی	کۆ
هەڵەبجە	٢١	٢٠	١٥	١١	٦٧
ناوەکانی تر	٩	١٤	١٤	١٠	٤٧
	٣٠	٣٤	٢٩	٢١	١١٤

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی سێیەم :

٣ -١ شیعری تاراوگە وئەزمونێک دوای ئەنفال و کیمیاباران

ئەنفال و کیمیاباران لە روی شیعرەوە یەکێتی نەتەوەیی دروست کرد، بەربەریەت و وەحشیەتی دوژمنانی گەلەکەمان هەژانێکی گەورەی وای بە دوای خۆیا هێنا شیعر بوە مەئوایەک ژانرەکانی تری ئەدەب و هونەری بە دوای خۆیا هێنا .

شیعر لە تاراوگەدا بۆ ڕەوەندی کوردی زۆر پێویستبووە، ئەدەبیاتی کوردی بە ئەزمونێکی تر و بە فۆرم و ناوەرۆکێکی تر گوزارشتی لە خۆی .

٣ – ٢ سایکۆلۆجیای شاعیر لە تاراوگەدا کاریگەری لە سەر فۆرمەلە بونی دەق

شاعیر وەک ئەوەی مەخلوقێکی هەستیارە لە تاراوگەدا ناسکتر دەردەکەوێت، خەیاڵی ئەو لە ناشوێندا خەیاڵێکی پەرش و بڵاوە، ساتە وەختی جینۆسایدی گەلەکەی لەو بارە دەرونیەدا جێکەوتەی شیعری لێکەوتوەتەوە.

زانایانی سایکۆلۆجی باوەڕیان وایە کە شاعیر خاوەن هەڵچونێکی ڕاستگۆیانەیە لە هەناوی شیعر دەردێت(العمال، ٢٠٢٤)، شاعیرانی کورد لە جینۆسایدکردنی هەڵەبجە و ئەنفال زیاتر برینەکەی قوڵتر و ئازار بەخشتر کردوە.

چەندین دەقی شیعری بونەتە شاکار و بە بنار و شاخ و مێژوو و رۆحی پێنج هەزار شەهیدا هەڵزناون تەنانەت زانایانی پۆزەتیڤ هستریا بون و هەڵچونی لە رادەبەدەری شاعیرانیان لە هەل و مەرجی وادا بە ئەرێنی باس کردوە(سابیر، ٢٠١٤، ل ٥٣٥) .

ئەو شاعیرانەی بە باڵی سیمورغا هاتن بۆ هەڵەبجە ٣ – ٣

ئەوان سێ شاعیرن بە سێ ئەزمونی جیاوازدەنوسن، ئەوەی تایبەت بێت بە جینۆسایدی هەڵەبجە دەتوانم لەم چەند خاڵا کۆی کەمەوە

: ا – هەر شاعیرە و فۆرم و ناوەرۆکی تایبەت بە خۆی

(بێکەس،٢٠٠٦، ل١٣٠) لە دەروازەی قەسیدەکەیدا دەڵێت (ئەمە هیچ کەسێ نایبینێ لە خۆم زیاتر) ، ئەو ڕاستدەکات تەواوی ئەو میتافۆرانە ئەزمونی شیعری شێرکۆ خۆیەتی، ئەو هاتوە لە ساتە وەختەکانی رۆژ و شەو دەڕواتە ناو قەسیدەکەی و عومەری خاوەر بە سەر شانی پەڵە هەورێکا دێنێتەوە، لە هەر حەوت کیشوەرەکا عومەری خاوەر دەکاتە سەفیری نەتەوەیەک .

(سابیر، ٢٠١٤،ل ٥٣٥)، لە لاوکی هەڵەبجا سەرەتا بە چواردە نیوە دێڕی کێش و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سەروا دار دەڕواتە ناو چامەیەک دوای ئەوەی فڕۆکەکان شار مەرگ باران دەکەن، ئیتر لە روی زمانەوانییەوە چ وەک تاک چ وەک کۆ لاوکی هەڵەبجەی دارشتوە .

ئەو باسی ئەو مێژووە دەکات کە زەمانێکە کورد مەرگ باران دەکرێت ، جارێکی کە دەبێتەوە بە کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە) چ بنار و کێو و کانی هەیە لە گەڵ مەرگا هارمۆنیا دەکات .

(مەلەکشا، ٢٠٠٤) بە هەناسەیەکی کورت، باسی شەهیدەکانی هەڵەبجەمان بۆ دەکات، داد و هاوار دەباتەوە لای خودا و باسی ئەو کۆڤانە دەکات دڵی ئەوی شاعیری ئازار داوە.

ناوی کەس شوێنی جینۆساید کراو : ب –

ئەم سێ شاعیرە وەک خەیاڵ ، وەک ژانێکی ئینسانی و هاو زمانی ئاوێزانی مەرگبارانی هەڵەبجە بون، بەڵام جێکەوتەی شوێن و کەس و فۆرمەلەبونی لە دەقەکاندا لە روی هەمەجۆریەوە کەمتر دەبینرێت، ئەو کاتەی بەراورد دەکرێن لە گەڵ شاعیرانی هەڵەبجە ئەو جیاوازیە دەبینرێت کە هەر یەک لەم سێ شاعیرە ئەگەر هەڵەبجەیی بونایە ئەوا ناوی چەندین کەس و شوێن ئاماژەی بۆ دەکرا .

کەس /شوێن	شێرکۆ بێکەس	ڕەفیق سابیر	جەلالی مەلەکشا	کۆ
هەڵەبجە	٩	١٤	٤	٢٧
عومەری خاوەر	٣٣	....	....	٣٣
ناوەکانی تر	٩	....	....	٩

بەرئەنجام

١ – نۆستالیژیای شوێن + کات + کەس لە فۆرمەلە بونی دەقدا رۆڵی خۆی هەیە ، دەبینین ئەو شاعیرانەی خەڵکی جوگرافیاکەن وزیهنیەت و ڕۆحیان لە هەڵەبجەدا مەحوو بوەتەوە ، موفرەداتی جیا جیا و کەم دوبارە بوەوەیان هەیە، لە چاو شاعیرانی تری دەرەوەی هەڵەبجە .

٢ – شیعر لە ساتەوەختی جینۆسایدکردنی گەلەکەماندا خاوەن هەڵوێست و زمانی زوڵاڵ بوە، لە روی شیعریەتیشەوە شاکاری جوان بەرهەم هاتوە.

٣ – شیعر ئەو فەزایەیە یەکێتی نەتەوەیی و ژانی نەتەوەیەکی تیا دەخوێنرێتەوە، بە هەموو زاراوەکان لە هەموو پارچەکان ، بە هەموو ئایدیاکان، کۆتەڵی شیعر گێرڕاوە و کورد و جینۆساید بونی بوەتە ئیلهامی چەندین دەق.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشنیاز و ڕاسپاردە

١ – هەوڵبدرێت توێژینەوەی زانستی لە سەر ئەو تێکستانە بکرێت کە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت

٢ – وەرگێڕانی توێژینەوەکان بۆ زمانی جیاواز بکرێتە پلانی ئاییندە .

٣- هەموو ئەو دەقانە بۆ جینۆسایدی گەلەکەمان نوسراوە مەبەستم سەرجەم زاراوەکانە دیکۆمێنت کرێن و لە فەوتان بپارێزرێن .

٤- بە هەماهەنگی وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی شەهیدان کۆنفرانسی ساڵانە لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ ساز بدرێت .

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئیسماعیل ، سەباح (٢٠٠٥) چەمک و ئیستاتیکای شوێن / چاپی یەکەم ، ئارابخا ، کەرکوک
٢ – ئەحمەدی، بابەک ، و . بابایی، مەسعود (٢٠٠٤) پێکهاتەو راڤەی دەق ، کتێبی یەکەم چاپی یەکەم،چاپخانەی رەنج ، هەولێر
٣ – عەبدول، عومەر، دەقی شیعری (زاکیرەی سەوز) / لە ئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە.
٤ – هەڵەبجەیی ، رۆژ (٢٠٠٤) تا خەو دائەگیرسێ بنوو . چاپی یەکەم ، سلێمانی
٥ –عبدولەتیف، ئاری ، دەقی شیعری (میوەی مردوو) لە ئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە
٦ – مەلا ساڵح ، حەکیم (٢٠١٠) وەرزی دروێنەی مرۆڤ ، چاپخانەی بابان
٧ – عەبدوڵا ، سۆران مامەند (٢٠١٦) ، نۆستالیژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، تاران
٨ - دەقی شیعری (زاکیرەی سەوز) عومەر عەبدول / لە ئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە
٩ – عبدولەتیف، ئاری دەقی شیعری (میوەی مردوو) لە ئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە
١٠ – قەببانی، نزار ، و . ئەیوبزادە، حەسەن (١٩٨١) ، شیعر چیە بیروت / لبنان
١١ – قەرەداغی ، حەسیب (٢٠٠٢) فەهەنگی خەم بەرگی دووەم ، دەزگای پەخشی ئاراس .
١٢ - قەرەداغی ، دلاوەر (٢٠١٢) ،جادەی مێخەک ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رجایی ، تاران
١٣ – خەمبار، جەمال(٢٠١٢)، دیوانی جەمال خەمبار، چاپی دووەم، چاپخانەی کەنج
١٤ – جەلیزادە ، قوباد (٢٠١٢) باخچەکانی مەلەک تاوس ، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی
١٥ – بێکەس ، شێرکۆ (٢٠٠٦) ، دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ،
١٦-گەردی، عەزیز (١٩٨٧)، بەراوردکاری ئەدەب، چاپکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین
١٧ –سابیر ، رەفیق ، (٢٠١٤) دیوانی رەفیق سابیر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، تاران
١٨ – مەلەکشا ، جەلال ، (٢٠٠٤) زرەی زنجیری وشە دیلەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەرتەو بەیان

سەرچاوە عەرەبیەکان:

١ – باشلار، غاستون، ترجمه غالب هلسا (١٩٨٤) جماليه المكان ، الطبعه الثانيه ، الحمراء شارع اميل اده / بنايه السلام ، بيروت / لبنان
٢ - جاسم ، علي متعب ، توفيق ، منى شفيق (٢٠٠٩)، فاعلية المكان في الصورة الشعرية، سيفيات المتنبي انموذجا، العدد الاربعون ،مجله ديالى
٣ – يەعقوبی ، عبدالخالق (٢٠١٦) ئەزمونی شیعری شۆڕشگێڕی کورد / گۆڤاری رامان . زانکۆی سابیس / کۆردۆلۆژی
٤ – فرحان ، بان حميد (٢٠١٢) اثر النفس و الابداع الشعرى عند نقاد العرب ، جامعه بغداد / كليه التربيه للبنات ، العدد الرابع و السبعون
٥ – اردينى ، صالح محمد حسن (٢٠١١) شعريه السوال فى شعر جميل بثينه (دراسه فى الادوات) ، كليه التربيه الاساسيه، جامێه الموصل ، المجلد ١٠ ، العدد ٤
٦– مصطفى، بدر الدين ، موت المؤلف (بدون العام) الأبعاد الفلسفية للمفهوم وأثره على الخبرة الجمالية

سایتەکان:

١ – ماڵێک لە ئاسمان، شیعری ئیسماعیل خورماڵی ، www. Hemin . dk ، سەردان ١٠/٢ /٢٠٢٤
٢ – العمال، الصافى (٢٠٢٤) علم النفس و الادب ، Azzaman.com، تارئخ الزياره ٥ / ١٠ / ٢٠٢٤

ج. هونەر

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕۆڵی هونەر لە ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی جینۆسایدی گەلی کوردستان

(ئیدارەی گەرمیان بە نموونە)

پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر
زانکۆی گەرمیان/ کولێجی پەروەردە
بەشی جوگرافیا
yasin.ashur@garmian.edu.krd

م. د. هێمن نصرالدین محمد امین
زانکۆی گەرمیان/ کولێجی پەروەردە
بەشی جوگرافیا
hemin.nasraldin@garmian.edu.krd

پوختەی توێژینەوەکە

ناوچەی گەرمیان بەگشتی و لەچوارچێوەیدا ئیدارەی گەرمیان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە یەکێکە لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە بەقورسی ڕووبەڕووی جینۆساید بووەتەوە، بۆیە بۆ ناساندن و زیندووهێشتنەوەی تاوانی جینۆساید لەناوچەکە هونەرمەندان بەشێواز و میکانیزمی جیاواز جیاواز هەوڵی خۆیانیان لەبوارەکەدا داوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی کاریگەری جۆرە جیاوازەکانی لایەنی هونەرییە لەسەر ناساندن و بەزیندوو هێشتنەوەی جینۆساید لە ئیدارەی گەرمیان بە تایبەتیی و هەرێمی کوردستان بەگشتی، لەپێناو پیشاندانی ڕەنگدانەوەی لایەنی هونەر لەسەر جینۆساید لەناوچەکەدا، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکەی؛ توێژینەوەکە بۆ دوو تەوەری سەرەکیی دابەشکراوە، ئەوانیش: (ناساندنی جینۆساید و جینۆسایدی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ رولی هونەر لەسەر ناساندن و زیندووهێشتنەوەی تاوانەکەیە ناوچەی لێکۆڵینەوە)، لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی کە هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە لەناوچەی توێژینەوە تارادەیەکی کەم توانیویەتی پرسێکی گەورەی وەک ئەنفال وەک تاوانی جیۆساید بەزیندوو بهێڵێتەوە. بەڵکو لەرێگەی چەند کارێکی هونەری کەمەوە کار لەسەر ئەم تاوانە کراوە.

کلیلە وشەکان: جینۆساید، هونەر، گەلی کوردستان، ئیدارەی گەرمیان.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

هونەر بەسەرجەم ڕەهەندە جیاجیاکانیەوە هەمیشە بەرجەستەی ئازارو هیوای کۆمەڵگا دەکات. لەرێگەی مانڤێستکردنی کارەساتەکانەوە ئازارەکانی کۆمەڵگا دەخاتە بەرچاو و بەزنیدوویی دەیانهێڵێتەوە؛ لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ ناساندنی ئەو جەورو ستەمانەی لەناو کۆمەڵگادا روودەدەن؛ ئامانجی سەرەکیشی رێگرییە لەدووبارە بوونەوەی کارەساتەکان و چاندنی هیوایە لەناو کۆمەڵگا بەگشتیی و ئەو چینە مرۆییەی کە ستەمییان بەرامبەر کراوە بەتایبەتی. جینۆساید یەکێکە لە تاوانە هەرە ناسراوەکان، کە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییە جیاوازەکان بووەتەوە، بەهۆکاری نەتەوایەتی و ڕەگەزی و ئایینی و .. هتد. بەدرێژایی مێژوو چەندین تاوانی جۆراوجۆر بەرانبەر بە کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکان ئەنجامدراوە، کە بووەتەهۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ و وێرانبوونی خانەولانەیان، هەروەها ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر لایەنی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەتا هونەر و ئەدەب و میدیا و ژینگەی سروشتی ئەو ناوچانەدا. گەلی کوردستان یەکێکە لەو گەلانەی کە بە درێژایی مێژوو بەبیانووی جیاجیا، چەندینجار ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید بووەتەوە، ئەمەش جگە لەکوشتن و بڕین و ترس و تۆقاندن و کۆچپێکردن و تێکدانی خانە و لانەی کوردان، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو لایەنە جیاوازەکانی تری ژیان هەبووە لەنێوانیاندا لایەنی هونەر.

کێشەی توێژینەوەکە

ناوچەی گەرمیان بەگشتی و ئیدارەی گەرمیان لەچوارچێوەیدا، ڕووبەڕووی زۆربەی تاوانەکانی جینۆساید بوونەتەوە، بەتایبەت ئەنفالی سێیەم کە بەتەواوی ناوچەکەی گرتەوە، ناوچەکە وەک هەر ناوچەیەکی تری هەرێمی کوردستان بەدەر نییە لەئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکیی هونەری دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید، لێرەدا کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئایا تاکو چ ئاستێک هونەر ڕۆڵی لە ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی جینۆساید لە ناوچەکەدا هەبووە ؟

گریمانەی توێژینەوەکە

وەک وەڵامدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ کێشەی توێژینەوەکە، دەبینین ساڵانە چەندین ڕێوڕەسم و بۆنەی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید لەناوچەکەدا ڕێکدەخرێت، کە ئاستی ڕۆڵیان لەدرێژەی توێژینەوەکەدا دەخرێتەڕوو.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی کاریگەری جۆرە جیاوازەکانی لایەنی هونەرییە لەسەر ناساندن و بەزیندوو هێشتنەوەی جینۆساید لە ئیدارەی گەرمیان بە تایبەتیی و هەرێمی کوردستان بەگشتی، لەپێناو پیشاندانی ڕەنگدانەوەی لایەنی هونەر لەسەر جینۆساید لەناوچەکەدا.

سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە

ئیدارەی گەرمیان وەک بەشێک لە ناوچەی گەرمیان دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەناوچەی نیمچە شاخاوی، لەباکوریەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و لەباکوری ڕۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای کەرکوک و لەڕۆژئاواشەوە لەگەڵ پارێزگای سەلاحەدیندا هاوسنورە، هەروەها لەباشور و باشوری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ پارێزگای دیالەدا هاوسنورە، لەڕۆژهەڵاتیشەوە بە درێژایی (١٢٢,٥ کم) سنوری نێودەوڵەتی لە پارێزگای کرماشانی وڵاتی ئێرانی جیادەکاتەوە بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)، ڕووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان دەکاتە (٦٠١٧,٩٥ کم٢)، ئیدارەی گەرمیان لە هەردوو قەزای کەلار و کفری هەردوو ناحیەی مەیدان و قۆرەتووی سەربە قەزای خانەقین پێکدێت، لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (25= 26= 34° - 05= 10= 35°)ی باکوور، و نێوان دووهێڵی درێژی (10= 29= 44° - 15= 48= 45°)ی ڕۆژهەڵات.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نەخشەی ژمارە (١) شوێنی ئیدارەی گەرمیان بەپێی هەرێمی کوردستان



سەرچاوە/ کاری توێژەران لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8)، و بەپشت بەستن بە:

١. هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، چ١، ٢٠٠٩، ل٣٩.

٢. ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، پێوەر ٦٠٠٠٠٠/١، ٢٠١٨.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تەوەری یەکەم/ ناساندنی جینۆساید و جینۆسایدی ناوچەی لێکۆڵینەوە

ئەم تەوەرەیە تایبەتکراوە بە ناساندن و جینۆسایدی ناوچەی گەرمیان و لەچوارچێوەیدا ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوانیش بەم شێوەیە:

یەکەم/ ناساندنی جینۆساید

کۆمەڵکوژی (جینۆساید) یەکێکە لە سیما دیارەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی تاوانی کۆمەڵکوژی لەکات و شوێنی جیاجادا بەرامبەر بەگروپە نەتەوەیی و نەژادیی و ئاینیی و مەزهەبییە جیاجیاکان بەکارهاتووە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا ئەم تاوانە بەشێوەیەکی فراوان و دڕندانەتر پیادەکرا. چەمکی جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن (رەفایل لیمکین - Raphael Lemkin)ی بە ڕەچەڵەک جوولەکە لە ساڵی (١٩٤٤) داهێنرا. چەمکەکە لەو کاتەوە بووەتە بەشێکی گرنگی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. هەڵبەتە هەوڵەکانی (لیمکین) وەهای کرد هەر لە یەکەم ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە؛ ئەو ڕێکخراوە کار بۆ بە تاوانناساندنی جینۆساید بکات. بۆیە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە لە ساڵی (١٩٤٨) پەیماننامەیەک بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید دەربکرێت بە ناوی (پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید) کە یەکێکە لە پەیماننامە سەرەتاییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە ساڵی (١٩٥٢)ەوە چووەتە بواری کارپێکردنەوە.

پەیماننامەی جینۆساید یەکەمین ڕێککەوتنامەیە کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دەرچوویێت. بەشێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنامەکە جەختدەکاتەوە سەر گرنگیدان بە پاراستنی کەمە نەتەوەیایەتیی و ئاینیی و ڕەگەزییەکان لەو مەترسیانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر بوونیان. ئەو جۆرە کارانەی بۆ پاراستنی کەمە نەتەوایەتیی و ئاینیی و ڕەگەزییەکان کاری لەپێشینەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤە لەسەرتاسەری جیهاندا. لەپاڵ ئەمەدا، ڕێککەوتنامەکە ئاماژەی گرنگ و سەرەکی بەرۆڵی دادگاو لێپرسینەوە لەتاوانکاریی دەدات بۆ پاراستن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ. لەدیباجەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە: (جینۆساید بەگوێرەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ گیان و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناگونجێت و؛ جیهانی شارستانیش سەرکۆنەی دەکات). هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە جینۆساید بەدرێژەی چەرخەکانی مێژوو زیانی گەورەی بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەیاندووە. بۆ دەربازبوونی مرۆڤایەتیش لەم کردەوە ناشرین و قێزەوەنانە پێویستە هەماهەنگیی و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەبێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەقەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بۆ نەهێشتن و ڕێگریکردن لەم کردەوە قیزەوەنە پێویستە وڵاتانی جیهان هەماهەنگیی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

یەکتری بکەن و پێکەوە کار بکەن بۆ شکۆدارکردنی مافەکانی مرۆڤ و فراوانترکردنی پانتایی ماف و ئازادییە گشتییەکان.

لەمادەی یەکەمی ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە کە جینۆساید دەکرێت لەکاتی جەنگ و لەکاتی ئاشتیشدا پیادەبکرێت. ناوەڕۆکی ئەم مادەیە بەڕوونی دەقی لەسەر ئەوە داوە کە مەرج نییە کردەی جینۆساید تەنها لەکاتی جەنگدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو کردەیەکە لەکاتی ئاشتیشدا دەکرێت ئەنجام بدرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە چاوپۆشی لەو دەوڵەت و لایەنانە نەکرێت کە لەکاتی سەقامگیریی و نەبوونی جەنگدا بەپاساوی ئاسایشی نیشتمانیی و پاراستنی پایەکانی دەوڵەت هەستن بەئەنجامدانی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئاینیی یاخود نەتەوەیی یاخود ڕەگەزیی(جوهر، محمدامین، ٢٠٢٣، ل١٢١).

شایانی ئاماژەیە لەهەر سێ سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ (تاوانکاری بۆ یوگسلاڤیای پێشوو، دادگای نێودەوڵەتی تاوانکاری بۆ ڕوەندا، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی) لەپێناسەکردنیاندا بۆ تاوانی جینۆساید هەمان پێناسەکەی مادەی (٢)ی پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدیان؛ بەکاریانهێناوە(أبو صيبع، الجابري، حمودي، ٢٠١٧، ص٣٤٦).

مادەی (٢) ڕێککەوتنامەی ناوبراو پێناسەی جینۆساید بەم جۆرە دەکات کە: (بریتییە لەتێکدان وهەڵتەکاندنی گشتەکی یاخود بەشەکی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئاینیی یان نەژادیی)، ئەم کردەوانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە(جوهر، محمدامین، ٢٠٢٣، ل١٢٢):

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە.

٢- زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزریی گەورە بە ئەندامانی ئەو گروپە.

٣- ناچارکردنی بەئەنقەسدی گروپەکە بەوەی لە بارودۆخێکی ژیانکردنی وەهادا بژین کە ببێتە هۆی لە ناوچوونی بەشێک یان هەموویان.

٤- گرتنەبەری ڕێو شوێنی توند کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم زیاد بوونی وەچە.

٥- ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

دووەم/ جینۆسایدی ناوچەی گەرمیان

مەبەست لەناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی پان و پەرینی باشووری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ئەگەر لە ڕووی ڕەهەندەکانی (کۆمەڵایەتی، کلتور، زمان) تەماشا بکرێت، ئەوا لەباشووری زێی بچووک بەخوارەوە دەگرێتەوە، و ئیدارەی گەرمیان دەبێتە بەشێک لەناوچەی گەرمیان کە ناوچەی توێژینەوەکەیە. کەواتە ئیدارەی گەرمیان وەک بەشێک لە ناوچەی گەرمیان، پشکێکی گەورەی جۆرە جیاوازەکانی جینۆسایدیان لەکات و ساتی جیاوازدا بەرکەوتووە، لەوانە بەعەرەبکرن و ڕاگواستن و ئەنفال و کوشتن و بڕین و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ترس و تۆقاندن و کۆچپێکردن و ڕووخانی ماڵ و بردنی سەروەت سامانیان و .. هتد.

دیارترینیان تاوانی ئەنفال بوو، کە حکومەتی بەعسی عێراقی بەنییەتی تواندنەوە و سڕینەوەی یەکجارەکی کورد لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی سیاسی لە دژی کورد بەناوی ئەنفال ڕاگەیاند، کە بەوپەڕی دڕەندەییەوە بەقێزەونترین شێوازی کوشتن و لەناوبردن پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامدا، پرۆسەر ئەنفال بە یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەتایبەت لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئەم پرۆسەیە بەسەر هەشت قۆناغدا دابەشکراو و زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، کە لە (١٧)ی شووباتی (١٩٨٨) دەستی پێکرد، و لە (٦)ی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتایی هات، کە بەسەر ناوچەی جوگرافیایی باشووری کوردستاندا جێبەجێکرا، کە بەهۆیەوە (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێتاوانی کورد بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و ڕەگەز ڕاپێچی مەرگ کران، و (٤٥٠٠) گوندیش وێران کران(فەقێ، ٢٠١٧، ل٩٠).

ناوچەی گەرمیان وەک یەکێک لەو شەش ناوچە دیارەی هەرێمی کوردستان کە بەر قۆناغی سێیەمی شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، زیانێکی گەورەی مرۆیی لێکەوتەوە. کە لە (٧) نیسانی (١٩٨٨) دەستپێکرد و لە (٢٠)ی نیسانی هەمان ساڵدا کۆتایی پێهات(وۆچ، ٢٠٠٤، ل٢٠٧). ئەنفالی گەرمیان گەورەترین بەرفراوانترین پرۆسەی ئەنفال بوو، زۆرترین ژمارەی جینۆسایدکراوی کورد لەم قۆناغەدا کران، شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە و پلان بۆ داڕێژراو دەستی پێکرد، بەشێوەیەک لە (١٣) قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکانی سەنگاو، و کەلار-تیلەکۆ و ناوچەکانی چەمچەماڵ، کە زۆرێک لە گوندەکان تەختکران، و انیشتووانی ناوچەکە بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز ڕاپێچی مەرگ کران(فەقێ، ٢٠١٧، ل٩١).

هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال – ئەنفالی ناوچەی گەرمیان

توێژەران و پسپۆڕانی بواری جینۆساید و ئەنفال ئاماژەیان بە گەلێک هۆکار کردووە، کە وای لەحکومەتی پێشووتری عێراق کردووە پەنا بباتەبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشووری کوردستان بەگشتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن(محەمەد، ٢٠١٧، ل٧٣-٧٤):

١) نیاز و مەرامی پرۆسەی ئەنفال لە گەرمیاندا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەتایبەتی لەوەدا بوو کە دەبوو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی کورد لەناوچەکەدا بسڕێتەوە.

٢) بەعس پێیوابووە پێویستە دانیشتووانی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک، کە مەبەستی ناوچەکانی ئەنفالی سێی گەرمیانە کەمبکاتەوە، وەک عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: تۆ دەتوانی نیو ملیۆن کورد لە هەولێر بکوژی، بەڵام ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە هەوکێر هەر بەکوردی دەمێنێتەوە، بەڵام کوشتنی (٥٠) هەزار کورد لە کەرکوک بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بەکێشەی کەرکوک دەهێنێت.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٣) هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دونیای دەرەوەدا، نەوت فاکتەری سەرەکیی ناکۆکییەکان و چەوساندنەوە و پاکتاوی کردنی گەلی کورد بووە.

جگە لەوانە کۆمەڵێک هۆکاری تر لە پشت ئەنفالی ناوچەی گەرمیانەوە بووە، ئەوانیش وەک (شوێنی جوگرافی، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی، سیاسی، ئابووری)، بەم شێوەیە:

شوێنی جوگرافی: نزیکی ناوچەی گەرمیان لەسنووری دەسەڵاتی بەعس، ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەئاسانی هێرش بکاتە سەری و پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجام بدات.

بەرزی و نزمی ڕووی زەوی: ناوچەی گەرمیان بە تەواوی دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی هەرێمی کوردستانەوە، بەمەش ناوچەکە لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە ناوچەیەکی ئاسانە و زۆربەی بەشەکانی زەوی ناوچە لە زەوی ڕووتەخت پێکهاتووە، ئەمەش وایکردووە ئاسان بێت بۆ جموجووڵی سەربازی و دوژمن دەتوانێت بە ئاسانی ناوچەکە داگیر بکات.

سیاسی: ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی شۆڕشی نوێ بووە، ئەمەش بووە هۆی پەیوەستبوونی خەڵکی ناوچەکە بە شۆڕشەوە، چونکە دانیشتووانی ناوچەکە لەمێژەوە پەیوەندی پتەویان بە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردەوە هەبووە، ئەوەش وایکرد بەردەوام لەبەردەم هەڕەشە و پەلامار و ماڵوێرانیدابن.

ئابووری: ئەمەیان لەسەر دوو ئاست بەدەردەکەوێت، یەکەمیان هەبوونی نەوت لە ناوچەکەدا کە گرنگیی ئابووری زۆری هەیە، دووەمیان بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، ئەم ناوچەیە بەهۆی خاکی فراوان و تاڕادەیەک گونجاوی ئاووهەواکەی بەشێوەیەکی فراوان بەروبوومی دانەوێڵەی لێدەچێنرێت، هەروەک لەوەڕگایەکی باش و فراوانیشە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕومالات.

تەوەری دووەم/ ڕۆڵی هونەر لە ناساندن و زیندووهێشتنەوەی جینۆساید لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

یەکەم/ چەمکی هونەر و ڕۆڵی لە بەرجەستەکردنی ڕووداوی تراژیدیدا

هونەر لەهەموو کارە سەرەکییەکانیدا هەوڵدەدات شتێکمان بۆ بگوازێتەوە لەبارەی جیهان یاخود مرۆڤ یاخود خودی هونەرمەند خۆییەوە. هونەر ڕێگەیەکە بۆ زانیاری، گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین کە هونەر هەمیشە ڕێگەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی زانیاری بووە لە جۆر و شێواز و ڕێگاکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆیی و بالادەستبوونی هەر دیاردەیەکی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان شارستانی

یان سەربازی لە قۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا. لەنێو هەموو چالاکییە مرۆییەکاندا؛ هیچ چالاکییەک نییە بەقەد هونەر بەتایبەت هونەری تەشکیلی نەمر بێت. لەمێژوودا هیچ شتێک بەقەد هونەر نەماوەتەوە کە توانیبێت شان لەشانی هونەر بدات و وەک کلیلێک بێت بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگا. بەدرێژای هەزاران ساڵ و ئێستاش لەرێگەی کارە هونەرییە نەمرەکانەوە زانیاری لەسەر رەگەز و بیرباوەڕی مرۆڤ هەڵدەهێنجێنین(رید، ص٨-١٠).

لەرووکەشدا کارە هونەرییەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاوزان، بۆ نمونە سیمفۆنای لەرووی ناوەڕۆک و بوونی فیزیکەوە دەکرێت قەسیدەیەک یان شانۆیەک یان پەیکەرێک یان فیلمێکی سینەمایی جیاواز بێت، واتە هەموویان لەرووی ناوەڕۆک و بوونی فیکیەوە لەیەکتری جیاوازن، بەڵام وێڕای هەموو ئەو جیاوازیانە بەهەموویان دەڵێن کاری هونەری و لە شتە سروشتییەکان جیایان دەکەینەوە. کەواتە لێرەدا پێویستە سیفەتێکی گشتی هاوبەش لەنێوان هەموو کارە هونەرییەکاندا هەبێت تاوەکو پێیان بڵێین (جیهانی هونەر). لێرەدا (بیل) دەڵێت ئەگەر سیفەتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو کارە هونەرییەکندا نەبێت، ئەوا قسەکردن لەسەر جیهانی هونەر جگە لەسەرپەرییەک هیچی دی نییە. کەواتە ئەو سیفەتە هاوبەشە چییە لەنیوان کارە هونەرەییەکاندا کە لەکارە ناهونەرییەکانی دیکە جیایی دەکاتەوە، بەگوێریە (بیل) ئەو سیفەتە تاقیکردنەوەیە (تایقکردنەوەیی جوانێتی (الجمالیة)، واتە بەکارێک ناوترێت کارێکی هونری ئەگەر تاقینەکرێتەوە، واتە درک بەو هەستە بکرێت کە ئەو کارە کارێکی هونەرییە. بەمانایەکی تر کاری هونەری ئەو کارەیە کە هەڵچوونی جوانی (الانفعال الجمالي) لای مرۆڤ دەوروژێنی(بل، الفن، ٢٠١٧، ص٣٧-٣٨).

هونەر چەندین پتەوکاری هەیە لە کۆمەڵگادا، لەوانەش پتەوکاری هەڵسەنگاندن، لەرێی نرخاندنی شتەکان، بەمەش دەبێتە هۆی بایەخدان و بەهادانان بۆ شتەکانی دەوروبەرمان، و پتەوکردنی بیرەوەری، لەرێی تۆمارکردن و پاراستنی مەبەست و ئامانجەکانی کارێکی هونەریی، بە شێوەی کۆمەڵێک هەستی مرۆڤایەتی، و پتەوکردنی خۆشی و خەم، هونەر دیدێکی جیاواز بە هەستەکان دەبەخشێت، هونەر تەنیا خۆشی و دڵشادی نابەخشێت بە مرۆڤ، بەڵکو دۆزینەوەی رێگایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەمەکانیشدا پێدەبەخشێت(هەندرێن خۆشناو).

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هونەر بەهەموو شێوەکانییەوە رۆڵی گرنگی هەیە لەژیانی کۆمەڵگاکاندا، لەسەر ئاستی تاک بێت یاخود کۆمەڵ بەگشتی. زۆرجار هونەر ئامرازێکە بۆ گواستنەوە و پێشاندانی ئەو دیاردانەی ناو کۆمەڵگا، کە ئەستەمە بەقسە یاخود نووسین گوازرشتیان لێبکرێت. لێژەشدا جۆرێتی هونەر رۆڵی سەرەکی هەیە، هونەری باڵا ئەو هونەرەیە کە دەتوانێت کاریگەری گەورە لەدەروونی مرۆڤەکاندا بەجێبهێڵێت و ئەو مەبەستەی کە گوزارشتی لێدەکات بە نەمری بیهێڵێتەوە. بەمانایەکی دیکە؛ یەکێک لە رۆڵە سەرەکییەکانی هونەر زیندوو هێشتنەوەی جوانیی و ناشرینەکانی کۆمەڵگایە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بۆ نەوەکانی دیکە.

لەم دەروازەیەوە؛ ئەم توێژینەوەی ئێمە تاوانی ئەنفال وەک نموونەی جینۆسایدی گەلی کورد لەباشوری کوردستان وەردەگرێت؛ لەناویشیدا جینۆسیادی ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان، واتە قۆناغی سێیەمی تاوانی ئەنفال. بۆ ئەو مەبەستەش هونەر وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەم تاوانە و لەهەمان کاتیشدا بۆ ڕێگری لەدووبارە بوونەوەی.

هونەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تاچەند توانیوویەتی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی خۆی بگێڕێت؟

لەقەزای کەلار؛ ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەر هەیە، کە سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەمە جگە لە لقی گەرمیانی سەندیکای هونەرمەندانی گەرمیان. بەپێی ئامارەکانی ئەم دوو ناوەندە؛ ژمارەی هونەرمەندانی سنوری ئیدارەی گەرمیان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی هونەردا دەگاتە نزیکەی (١٥٠) هونەرمەند.

سەبارەت بەکاروچالاکییەکانی هونەرمەندان لە بواری جینۆسایدا بەگشتی و تاوانی ئەنفال بەتایبەتی، دەکرێت بۆ دوو جۆری سەرەکیی دابەشیان بکەین، ئەوانیش بەم شێوەیە:

١) هونەری جووڵاو یان هونەری کاتی

لێرەدا مەبەستمان لە هونەری جووڵاو یان هونەری کاتی هەموو ئەو کاروچالاکییە هونەرییانە دەگرێتەوە، کە ساڵانە و لەبۆنە تایبەتەکان بۆماوەیەکی کاتیی دیاریکراو وەک چەند کاتژمێرێک یان ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت، ئەمانەش بریتین لە (شانۆگەری، پێشەنگای شێوەکاری، یادکرنەوە، .. هتد).

سەبارەت بە هونەری جووڵاو لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ساڵانە و لەچەند کاتێکی جیاوازدا چەندین کاروچالاکیی هونەری تایبەت بە جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید لەناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، ئەوەی تایبەتە بە بواری تاوانی ئەنفال ساڵانە و بەتایبەت لە بەرواری (٤/١٤)دا، کە بەرواری دیاریکردنی یادی ئەنفالە، چەندین کاروچالاکیی هونەری جۆراوجۆر تایبەت بە بواری تاوانی ئەنفال بەڕێوە دەچێت.

٢) هونەری جێگیر

لێرەدا مەبەستمان لە هونەری جێگیر، هەموو ئەو شوێن و پەیکەر و دیاردە هونەرییانە دەگرێتەوە، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دروستکراون، ئەوەی تایبەتە بە بواری ئەنفال لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، بریتییە لە (پەیکەری فەرەنجی لە ناوەندی ناحیەی ڕزگاری، مەزاری ئەنفال لە دێبنە، نەخشێنراوی ٤/١٤ لە چەماوەی بەردەسور لە سەرەتای شاری کەلار، هەرچەند لەم دواییانەدا لابرا شوێنکەی دەبێتە پرۆژەی نیشتەجێبوون،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پەیکەری دایک لە ناحیەی ڕزگاری، و .. هتد) بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١). هەروەها کۆمەڵێک پرۆژەی تری بچووک لەسەر ئاستی ناوچە جیاوازەکانی ئیدارەی گەرمیان دروستکراوە، کە هەندێکیان لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیانەوە درستکراوە، جیاواز لەمانە وابڕیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بودجەی ملیارێک دینار مۆنۆمێنتێک لە مەزاری ئەنفالکراوانی گەرمیان دروست بکات.

وێنەکانی (١)

بەشێک لەو شوێن و پەیکەر و دیاردە جێگیرانەی لەسەر ئەنفال دروستکراون لە ئیدارەی گەرمیاندا، وێنەکان هەندێکیان وەرگیراوە و هەندێکیشیان لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دووەم/ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هونەر لە بارەی جینۆساید لە ناوچەی گەرمیان

لێرەدا بەپشت بەستن بە فۆرمێکی ڕاپرسی کە چەند پرسیارێکی لەخۆی گرتووە، هەوڵماندداوە کە ڕای بەشێکی زۆری هونەرمەندانی ناوچەی گەرمیان وەربگرین، سەبارەت بەوەی کە ئایا هونەر لە گەرمیاندا توانیوەتی ڕۆڵی گەورەی خۆی بگیرێت لە ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی تاوانی ئەنفالدا.

فۆرمی ڕاپرسی

١) کۆمەڵی توێژینەوە (Population Research)

کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لە هونەرمەندانی سنوری ئیدارەی گەرمیان بە هەموو جۆرە جیاوەزکانییەوە، جۆری کۆمەڵەکەش؛ هەڕەمەکی سادەیە (Simple Random Sample). کۆمەڵی توێژینەوەکە لە (٢٧) هونەرمەند لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ پێکهاتووە، کە ژمارە و ماوەی کارکردنیان لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو. توێژەران بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە پشتیان بە دابەشکردنی (فۆرمی گۆگڵ) بەستووە، لەڕێگەی ئامرازەکانی سۆشیاڵ میدیاوە بۆ بەشداربووانی ڕاپرسییەکە نێردراوە.

خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونی بەشداربووان بەگوێرەی ڕەگەز

ڕەگەز	نێر		مێ		کۆی گشتی
ژمارە	٢٠		٧		٢٧
ساڵانی کارکردن	١-٥ ساڵ	٦-١٠ ساڵ	١١-١٥ ساڵ	١٥ ساڵ بەسەرەوە	کۆی گشتی
ژمارە	١	٤	١٤	٨	٢٧

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بەفۆرمی ڕاپرسی.

هەروەها بۆ زانینی ڕای بەشداربووانی فۆرمی ڕاپرسیەکە لەبارەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەیان کردووە، پێوری لیکریت سیانیمان (Likert) بەکارهێناوە، بەجۆرێک کە پلەی هاوتای (١) بۆ ئاراستەی (پەسەند) و پلەی هاوتای (٢) بۆ ئاراستەی (ناپەسەند) و پلەی هاوتای (٣) بۆ ئاراستەی (تارادەیەک) دانراوە. ئەمەش بەگوێرەی ئەم یاسایەی لای خوارەوە دانراوە(الضامن، ٢٠٠٧، ص١٩٣-٢٠٠)(الضامن، ٢٠٠٧، ص١٩٣-٢٠٠):

$$\text{ناوەندەژمێری} = \frac{\text{کەمترین بەها} - \text{گەورەترین بەها}}{\text{ژمارەی گۆڕاوەکان}} = \frac{1-3}{3} = \frac{2}{3} = 0.66$$

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

واتە (٠,٦٦) دەبێتە درێژی دەستەکە، لەسەر ئەم بنەمایە ناوەندەژمێری وەڵامی بەشداربووانی فۆرمی راپرسیەکە بەو شیوەیە دەبێت کە لەخشتەی ژمارە (٢)دا هاتووە.

خشتەی ژمارە (٢) ناوەندەژمێری وەڵامی بەشداربووانی فۆرمی راپرسیەکە

ئاراستە	نەخێر	تاڕادەیەک	بەڵێ
دەستە	١ - ١,٦٦	١,٦٧ - ٢,٣٣	٢,٣٤ - ٣

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە پێوری لیکریت سیانیمان (Likert).

٢) پێکهاتەی فۆرمی راپرسییەکە

بەشیوەیەکی گشتی فۆرمەکە جگە لەزانیارییە کەسییەکان (١١) پرسیاری لەخۆگرتووە دەربارەی رەهەندە جیاوازەکانی هونەر و کاریگەرییان لەسەر زیندوو هێشتنەوەو ناساندنی ئەنفال وەک تاوانێکی جینۆساید، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی ژمارە (٣) گفتوگۆی ئەنجامی فۆرمی راپرسیەکە

ژ	پرسیار	وەڵام			ناوەندە ژمێری	ئاراستەی مشتەی توێژینەوە
		بەڵێ	نەخێر	تاڕادەیەک		
١	هونەر ڕۆڵی هەبووە لە ناساندن و زیندوو هێشتنەوەی جینۆساید لە ناوچەی گەرمیان ؟	١٣	٥	٩	٢,٢٦	تارادەیەک
٢	هونەر ڕۆڵی هەوبووە لەوەی تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید لە یادەوەری دەستە جەمعی نەتەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بە زیندووی بهێڵێتەوە ؟	٢	٧	١٨	١,٨١	تارادەیەک
٣	هونەر ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی جینۆسایدی ناوچەی گەرمیان بە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ؟	٢	١٠	١٥	١,٧٠	تارادەیەک
٤	هونەر ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی جینۆسایدی ناوچەی گەرمیان لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان. هەروەها پەرلەمانی وڵاتانی دیکە ؟	١	١٩	٧	١,٣٣	نەخێر
٥	لایەنە پەیوەندیی دارەکانی ناوچەکە هانی هونەرمەندانیان داوە بۆ گرنگی دانی زیاتر بە بواری جینۆساید لە ناوچەکەدا ؟	٢	١٤	١١	١,٥٦	نەخێر
٦	لایەن و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکە هاوکاری هونەرمەندان بوونە بۆ گرنگی دانی زیاتر بە بواری جینۆساید لە ناوچەکەدا ؟	١	١٥	١١	١,٤٨	نەخێر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٧	شـــوێن و جێگای چالاکییە هونەرییەکانی تایبەت بە بواری جینۆساید لە ناوچەی گەرمیاندا گونجاوە ؟	٢	١٩	٦	١,٣٧		نەخێر	
٨	بوجە و کولفەتی تـایبەت بە چـالاکیی هونەری بواری جینۆساید لە ناوچەی گەرمیان لە ئاستی پێویستدایە ؟	١	٢٤	٢	١,١٥		نەخێر	
٩	هونەرمەندانی گەرمیان لە ئاســت پێویســتدا بوونە لەڕێگەی هونەرەکەیانەوە تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنن ؟	٣	٩	١٥	١,٧٨		تارادەیەک	
١٠	خەڵکی ناوچەی گەرمیان بە پەرۆشـــی و گرنگییەوە لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی گەرمیان دەڕوانن ؟	٤	٣	٢٠	٢,٠٠		تارادەیەک	
١١	کـام جۆری هونەر لەهەموو جۆرەکـانی دیکەی هونەر ئامادەیی و کاریگەری زیاتر بوو بۆ ناسـاندنی تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید لەگەرمیان؟	موزیک	سەما	ئەدەب	شانۆ	سینەما	وێنە	پەیکەر و بیناسازی
		٣	٠	٤	١٠	٢	٨	٠

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە ڕاوبۆچوونی هونەرمەندان.

وەک لەخشتەکەی سـەرەوە دەردەکەوێت؛ ئـەوەی تایبەتـە بـە پرسـیاری یەکـەم (هونـەر ڕۆڵـی هەبـووە لـە ناسـاندن و زینـدوو هێشـتنەوەی جینۆسـاید لـە ناوچـەی گەرمیـان ؟) دەبینین کە ئاراستەی کۆمەڵی توێژینەوە (٢,٢٦) ئەم بەهایەش واتە ئاراستەکە (تارادەیەک) ە. واتـە زۆربـەی بەشداربووان پێیـان وایـە هونـەر؛ بەشـێوەیەکی گشـتی وەک کایەیەکـی گرنگ تاڕادەیـەک ڕۆڵـی هەیـە لـەوەی ئەنفـال (جینۆساید) بەزیندوویی بهێڵێتـەوە. هەرچـی پەیوەنـدی بـە پرسـیاری دووەمـەوە هەیـە؛ بەهەمـان شـێوە ئاراسـتەی کۆمەڵـی توێژینـەوە (تارادەیـەک)، ئەمـەش واتـە هونـەر ڕۆڵـی هەبـووە لـەوەی پرسـی (ئەنفـال) وەک تاوانێکـی جینۆسـاید نـەک لـە باشـووری کوردسـتان، بەڵکـو لەتـەواوی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان تارادەیـەک بناسـێنی و لەیـادەوەری دەسـتەجەمعی نەتـەوەی کـوردا بەزینـدووی بیهێڵێتـەوە.

پرسـیاری سـێیەمیش کـە بەهـای (١,٧٠)ی وەرگرتـووە، واتـە بەهەمـان ئەنجامـی دوو پرسـیارەکەی سـەرەوە ئاراسـتەکە (تـا ڕادەیـەک)ە، بـەڵام ئەگـەر تەماشـای بەهاکـەی بکەیـن دەبینین تەنها پێنج پۆینت زیاترە لـەوەی ئاراسـتەی کۆمەڵـی توێژینەوەکە بەنەرێیی بێت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت کـە هونـەر لەگەرمیانـدا تاڕادەیەکـی زۆرکـەم توانیویەتـی کار لەسـەر ئـەوە بکات پرسـی ئەنفال وەک تاوانێکی جینۆسـاید لەناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێراق بەزیندوویـی بهێڵێتـەوە.

لەپرسـیاری چوارەمـەدا؛ ئاراسـتەی کۆمەڵـی توێژینەوەکـە بـە بەهـای (١,٣٣) (نەخێر)ی وەرگرتـووە، ئەمـەش واتـە هونـەر لـە گەرمیانـدا هێشـتا نەگەیشـتوەتە ئـەو ئاسـتە بـەرزە کـە بتوانێـت لـەدەرەوەی پانتایـی جوگرافـی گەرمیـان و هەرێمـی کوردسـتان ئەنفـال وەک

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تاوانێکی (جینۆساید) بناسێنێت و کاری لەسەر بکات.

وەڵامەکانی پرسیاری پێنجەمیش بەهەمان شێوەی وەڵامەکانی پرسیاری چوارەم ئاراستەی (نەخێر)ی وەرگرتووە بە بەهای (١,٥٦)، واتە دام ودەزگا فەرمییەکانی حکومەت لەناوچەی توێژینەوە نەیاتوانییوە یاخود هاوکاری هونەرمەندان نەبوونەو پاڵپشتی ماددیی و مەعنەوییان نەکردوون لەوەی بتوانن لەرێگەی کارە هونەرییەکانیانەوە کار لەسەر زیندوو هێشتنەوەی ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید بکەن.

وەڵامەکانی پرسیاری شەشەمیش ئەوەمان پێدەڵێن کە رێکخراوە مەدەنییە ناحکومیەکانی ناوچەکە بەهەمان شێوەی دامەزراوە فەرمییەکانی ناوچەکە کەمتەرخەم بوونە لەئاست دەستگیرۆیی هۆنەرمەندان بۆ ئەوەی لەرێگەی هونەرەکەیانەوە کار لەسەر ئەنفال بکەن.

سەبارەت بەپرسیاری حەوتەم (شوێن و جێگای چالاکییە هونەرییەکانی تایبەت بە بواری جینۆساید لە ناوچەی گەرمیاندا گونجاوە؟) لەئەنجامی خشتەکەوە بۆمان دەردەکوێت کە وەڵامەکانی کۆمەڵی توێژینەوە بە بەهای (١,٣٧) ئاراستەی (نەخێر)ی وەرگرتووە. واتە شوێن و جێگەی تەرخانکراو و تایبەت بە ئەنجامدانی چالاکی هونەری لەگەرمیاندا لەو ئاستەدا نییە هونەری گەورەو بەرزی تیا نمایش بکرێت و ئەنجام بدرێت. ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەگەورەترین ئەو گرفتانەی کە بەرۆکی هونەرمەندانی ناوچەکەی گرتووە.

ئاراستەی کۆمەڵی توێژینەوەکە لەپرسیاری هەشتەمدا، ئاراستەی (نەخێر)ی وەرگرتووە بە بەهای (١,١٥)، وەڵامەکانی پرسیارەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە بودجەی تایبەت و تەرخانکردنی بڕی پارەی پێویست بۆ هونەرمەندان بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، ئەمەش دەرئەنجامێکی نێگەتیڤی لێکەوتوەتەوە، بەتایبەتی زۆربەی هونەرمەدان؛ بە لەبەرچاوگرتنی واقعی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییان ئەو توانا ماددییەیان لەبەردەستدا نییە لەسەر خەرجی تایبەتی خۆیان کاری هونەری گەورەو ئاست بەرز ئەنجام بدەن.

وێرایی دەرئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو؛ بەتایبەتی پرسیاری (شەشەم وحەوتەم و هەشتەم)، هێشتا هونەرمەندانی گەرمیان وەک لە خشتەکەدا روونکراوەتەوە تارادیەک توانیویانە ئەو بەرپرسیارێتیە نەتەوەییە لەئەستۆ بگرن و ئەنفال وەک تاوانێکی گەورەی جینۆساید کاری لەسەر بکەن،

ئەوەی کە تایبەتە بە بەدەنگەوە چوون و وەڵامدانەوەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی ناوچەکە تارادیەک وەڵامدانەوەیەکی باشە، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە هاندەرێکی گەورە بێت بۆ هونەرمەندان کە کارەکانیان بەهەند وەربگیرێت.

کۆتا پرسیاریش کە تایبەتە جۆرەکانی هونەر ڕۆڵیان لە ناساندنی تاوانی ئەنفال

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وەک جینۆسـاید لەگەرمیـان، ڕای زۆربـەی زۆری هونەرمەندانـی نێـو ڕاپرسـییەکە لەگـەڵ شـانۆدابووە.

ئەنجام

لەئەنجامـی خسـتەڕووی ناوەڕکـی وەڵامەکانـی کۆمەڵـی توێژینـەوە، توێژینەوەکـە گەیشـت بـە چەنـد دەرئەنجامێـک لەوانـە:

١. هونـەر بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە لەناوچـەی توێژینـەوە تارادەیەکـی کـەم توانیویەتـی پرسـێکی گـەورەی وەک ئەنفال وەک تاوانـی جیۆسـاید بەزیندوو بهێڵێتـەوە. بەڵکو لەڕێگـەی چەنـد کارێکـی هونـەری کەمـەوە کار لەسـەر ئـەم تاوانـە کراوە.

٢. ناسـاندنی ئەنفـال وەک تاوانێکـی گـەورەی جینۆسـاید لەلایـەن هونەرمەندانی گەرمیانەوەو لەڕێگـەی کارە هونەرییەکانیانـەوە لەئاسـتێکی لاوازدایە لـەوەی توانیبێتـی ئـەم تاوانـە لەنـاو پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و تەنانـەت ناوەڕاسـت و باشـوری عێـراق بەزیندوویـی بهێڵێتـەوە. بەهەمـان شـێوەش لـە دەرەوەی سـنوری جوگرافـی هەرێمـی کوردسـتان.

٣. چـی دامـەزراوە فەرمییەکانـی حومەتـی هەرێـم لـە ناوچەکـەو، چـی ڕێکخـراوە مەدەنییەکان هـاوکاری هونەرمەنـدان نەبوونـە لـەوەی بتوانـن لەڕێگـەی کارە هونەرییەکانیانـەوە کار لەسـەر تاوانـی ئەنفـال بکـەن و وەک تاونێکـی گـەورەی جینۆسـاید بیناسـێنن.

٤. شـوێنی ئەنجامدانـی چالاکیـی و پیشـاندانی هونـەری بـاڵا لەناوچـەی توێژینەوە لەئاسـتێکی خراپدایـە، بەشـێوەیەک کـە بووتـە کۆسـپێکی گـەورەی بـەردەم نـەک هونەرمەندانـی گەرمیان بەڵکـو تـەواوی هونەرمەندانـی دیکـە کـە چالاکیـی و کارە هونەرییەکانـی خۆیـان تیادا نمایش بکـەن و کاریگـەری خۆیـان دروسـت بکـەن.

٥. سـەبارت بەهانـدان و وەڵامدانـەوەی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە بـۆ کارە هونەرییەکانـی هونەرمەندانـی ناوچەکـەو بەپیرەچوونیـان لەئاسـتێکی ئەوتۆدایـە کـە ببێتـە پاڵنەرێکـی ئەوتـۆ بـۆ هونەرمەنـدان کـە کارە هونەرییەکانیـان پـەرە پێبـدەن و بـەردەوام بـن لەسـەری(چاوپێکەوتن لەگـەڵ هونەرمەنـدا (سـەربەسـت احمـد) لـە ٢٠٢٤/١٠/٢٦).

پێشنیاز

١. هونەرمەندانـی ناوچـەی گەرمیـان لـەکارە هونەرییەکانیانـدا گرنگـی زیاتـر بـە بـواری جینۆسـاید بـدەن بەتایبـەت تاوانـی ئەنفـال، چونکـە بـەر قۆناغـی سـێیەمی شـاڵاوی ئەنفال کەوتـووە، زیانێکـی گـەورەی مرۆیـی لێکەوتـەوە.

٢. لایەنـە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان هانـی زیاتـری هونەرمەندانـی ناوچەکـە بـدەن، بـەوەی کاری زیاتـری هونـەری لەسـەر جینۆسـاید بەگشـتی و تاوانـی ئەنفـال بەتایبەتـی بکرێـت.

٣. بودجە و تێچووی و شوێنی تایبەت بە ئەنجامدانی چالاکییە هونەرییەکانی بواری جینۆساید بەگشتی و تاوانی ئەنفال بەتایبەتی فەرەهەم بکرێت.

٤. گەشت بۆ دەرەوەی ناوچەی گەرمیان و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش ڕێکبخرێت بۆ هونەرمەندانی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانیانەوە جینۆساید بەگشتی و تاوانی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی بە دونیای دەرەوە بناسێنن.

سەرچاوەکان

١ أبو صيبع، عبد الرسول كريم و الجابري، هناء حمودي، جريمة الإبادة الجماعية ومبدأ الشرعية في القانون الدولي الجنائي، مجلة آداب كوفة، العدد (٣٠)، ٢٠١٧.

٢. چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ هونەرمەندا (سەربەست احمد) لە ٢٠٢٤/١٠/٢٦.

٣. زانا فەقێ، جینۆسایدی گەرمیان – ئەنفالی ناوچەی (داوودە) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، ٢٠١٧، ل٩٠.

٤. كلايف بل، الفن، ت:عادل مصطفى، مؤسسه هنداوى، المملكة المتحدة، ٢٠١٧.

٥. للمزيد من التفاصيل حول انواع المقايس الإحصائية ينظر: منذر الضامن، أساسيات البحث العلمي، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان- الأردن، ٢٠٠٧.

٦. میدڵ ئیست ۆچ، جینۆساید اه عێراقدا (پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد)، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

٧. هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، چ١، ٢٠٠٩.

٨. هربرت ريد، الفن والمجتمع، ت: فتاح الباب عبدالحليم، مطبعة شباب محمد (ص).

٩. هەندرێن خۆشناو، https://www.pukmedia.com/KS/Details/١٨١٩٦٠

١٠. یادگار عەلی محەمەد، ڕۆماڵی چالاکییەکانی یادی (٢٩) ساڵەی (ئەنفالی سێ) لە ڕۆژنامەوانیی بیستراوی گەرمیاندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، ٢٠١٧.

١١. یاسین ئاشور جوهر، هێمن نصرالدین محمدامین، فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین، کۆنفرانسی جینۆسایدی گەلی کورد (جینۆسایدی کوردی فەیلی)، ٢٠٢٣.

١٢. ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، پێوەر ١/٦٠٠٠٠٠، ٢٠١٨.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نواندنەوەی جینۆسایدی باشووری کوردستان لە دەقی گۆرانیدا (گۆرانیبیژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نموونە)

د. مەحموود موبارەکشاهی[1]
عەدنان ناسری[2]
Ednannaseri85@gmail.com

پوختە

گرینگترین کاریگەریی ڕوودانی هەموو کارەساتێکی مرۆیی، کار تێکردن و پاشماوە دەروونییەکانیەتی کە لە دۆخی پاش ترۆمادا دەورێکی گرینگی لە ڕۆنانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هونەریی کۆمەڵگادا دەبێت.

جینوسایدی خەڵکی کوردستان یەک لە گرینگترین خاڵەکانی پێکهێنەری مێژووی هاوچەرخی کوردە کە تا ئەمڕۆیش لە قووڵایی پەروەردە و فەرهەنگی خەڵکی کوردستاندا دەبینرێت. باسی کارتێکەری دۆخەکە لە سەر فەرهەنگ لە ڕوانگەی «ستیوارت هاڵ»[3] بۆ چەمکی نواندنەوە (representation) و نیشاندانەوەی ڕووداوەکان لە هونەردا دەوری سەرەکیی خوێندەوەکەیە. لەم توێژینەوەدا بەرهەمەکانی شەش گۆرانبیژی بەرچاوی ٤٠ ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەیدانی توێژینەوەکەمان لە خۆ دەگرێت. جۆرەکانی نواندنەوەی ژینۆساید لە بەرهەمەکاندا بو شێوەی کتێبخانەیی کۆ کراونەتەوە و بە کەڵک گرتن لە ڕێڕەوی وەسفی شیکاریانەی کاکڵەی دەق، جۆری نواندنەوەکان پۆلێنبەندی کراون و لە دەوری چەمکی سەرەکیی توێژینەوەکەدا داڕێژراون. پاشان ئەم پرسیاریارانەمان وڵام داوەتەوە

نواندنەوە سەرەکیەکان کامانەن؟ نواندنەوەکان زیاتر بەرەو چ جۆر وێناکردنێک لە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە جینۆساید کشاون؟ هونەرمەند پەیوەندیی خۆی لە گەڵ پرسی ژینۆساید چۆن ڕێکخستووە؟

وشە سەرەکییەکان: کوردستان – ڕۆژهەڵات هونەر – نواندنەوە – کۆمەڵناسیی هونەر– ستیوارت هاڵ- جینۆساید

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

Representation of Genocide in Kurdish Art (East Kurdistan as a case study)

d. Mahmood Mobarakshai

Adnan Naseri

The most significant impact of any human disaster is its psychological residue, which in post-traumatic circumstances plays a vital role in the cultural, social, and artistic development of any society.

The genocide of the Kurdish people is one of the most crucial elements, and its effects can still be seen in the nurture and culture of the Kurdish people when thinking about contemporary Kurdish history.

Latin American literary researchers categorize the case of genocide and its consequences in literature and art as a part of «literature and the art of resistance» [1]. In addition, the discussion of representation in art allows the sociological understanding of art and literature to reflect upon a theoretical debate in which Lucian Goldman›s theories play a significant role. At the same time, theories of Birmingham School, especially Stewart Hall›s approach to representation and depicting events in art, will be an important part of the study.

In this research, we look at the songs of ten prominent singers of the past 50 years in East Kurdistan. We will examine the various kinds of representations of genocide in these works and classify the types of representations using the analytical descriptive method of the text.

Next, we will try to answer questions such as:

- What are the main types of representation?

- What kind of depictions of genocide-related events do they represent?

- How does the artist describe their relation to the event?

Keywords: Kurdistan – East Kurdistan – Art- Representation – Sociology of Art – Stuart Hall

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

لە سەردەمی حوکمرانیی حکوومەتە سەرزەمینییەکان[٤]، ئەوەی بە لای هێزی داگیرکەرەوە گرینگایەتی هەبوو، پانتایی دەسەڵات لە پێوەری جوگرافیاییدا بوو. بەڵام دوابەدوای ڕێکەوتننامەی ئاشتیی وێست فالیا[٥] لە ساڵی ١٦٤٨زاییینی، یەکە سیاسییەکان لە سەر بناغەی زمان و شوناسی نەتەوەیی هاتنە دامەزراندن و سەردەمی دەسپێکی دەوڵەت-نەتەوەکان دەستیپێکرد. پرۆسەی دامەزرانی حکوومەتە نەتەوەییەکان بە شێوەی چڕوپڕ لە سەدەکانی ١٩ و٢٠ زاییینی گەیشتە لووتکە. کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ[٦](١٩١٦)، ڕۆژهەڵاتی ناوینی بەرەو ئاقارێکی نابەرابەر لە دەسکەوت و نەهامەتی برد. جۆگرافیای ئیمپراتووریی عوسمانی بە هۆی بەرژەوەندیی وەڵاتانی زلهێز و سەرکەوتووی شەڕی جیهانی یەکەم، لە نێوان چەندین وڵاتی دەستکرد و لە پێناوی بەرژەوەندیی بریتانیا وفەرانسەدا دابەش کرا و چەند وڵاتی لێ کەوتەوە. کوردستان وەک بەشێکی گرینگی ڕووبەری ئیمپراتووریی عوسمانی لە نێوان سێ وڵاتی تازەدامەزراوی عێراق، تورکیە وسووریا دابەش کرا. خەڵکی کوردستان لەوکاتەوە بە شێوازی جۆراجۆر تووشی کوشتوبڕ،ماڵوێرانی و ڕاگواستنی زۆرەملێ بوونەتەوە کە لەم نێوەدا دۆخی باشووری کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٧٥، ڕژیمەکانی پاشایەتی، کۆماری وبەعسی بە هەموو هێزی خۆیانەوە پەلاماری کوردستانیان دەدا و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریب، سڕینەوی جەستەیی و ئاسیمیلاسیونی فەرهەنگی، وڵامی داخوازیی مافخوازانەی نەتەوەی کوردیان دەدایەوە. لە دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، ڕژیمی بەعسی عێراق، بە شێوەیێکی سیستێماتیک هەموو جۆرەکانی جینۆسایدیان دژی نەتەوەی کورد تاقی کردەوە و بێبەزەیانە سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەییان پراکتیزە کرد.

دەوڵەتی عێراق دوای شەڕی ئێران وعێراق، لە پێناو تۆڵەسەندنەوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە هەشت قۆناخی جیاوازدا ئۆپراسیۆنێکی داڕێژراو لە ژێرناوی ئەنفال دەستپێکرد کە بە پێی زۆربەی سەرچاوکان پتر لە ١٨٢٠٠٠ کەسی بێتاون ومەدەنیی کورد دوای کاولکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان، بە شێوەی بەکۆمەڵ بەرەو ئۆردووگای زۆرەملێ لە کەرکووک، ناوەڕاست وباشووری عێراق ڕاگوازت و کۆمەڵکوژ کرد(قوربانی عارف، ١٣٩٧: ١٦). ئەم سیاسەتە بە پێی هەموو بەڵگەنامەکان وەک جینۆسایدی نەتەوەی کورد دێتە ئەژمار. هەروەها لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە ٥٠٠٠ خەڵکی مەدەنیی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری کیمیا باران کرد(قوربانی عارف، ١٣٩٩:١١). کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە تەنیا زامی خەڵکی باشووری کوردستان نییە، بەڵکوو شوێندانەری دەروونیی ئەم کارەساتە هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتووەتەوە.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چوارچێوەی تیوریی

پەیوەندیی کۆمەڵگا و چەمکی هونەر، لە سێ لایەنی سەرەکییەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ:

یەکەم: «ڕەنگدانەوەیە» کە چاوی لە چۆنیەتیی نمایشی دۆخی کۆمەڵگا لە بەرهەمی هونەریی خۆیەتی.

دووەم: «فۆرمساز» واتە چاوی لە کارتێکەریی هونەر بە سەر کۆمەڵگادا دەکات.

سێیەم: هونەر وەکوو خۆی، کاری بە سەر کۆمەڵگا و هونەرەوە نییە، بەڵکوو وەکوو مەیدانی توێژینەوە سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵگای هونەری.

لەم توێژینەوەدا لە ڕوانگەی ڕەنگدانەوە کەڵک دەگرین کە دەڵێت هونەر هەمیشە لە سەر کۆمەڵگای خۆی پەیامی پێیە.

نواندنەوە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی میدیایە. نواندنەوە ڕێگایەکە نووسەر بەجۆرێکی تایبەت ڕووداو و کەسایەتییەکان پیشان دەدات. یان بە پێناسەیەکی تر: نواندنەوە کۆمەڵێک پرۆسەیە کە لە لەو ڕێگایەوە کردەوەی مانادراری شتێک یان ڕەفتارێک لە واقیعی ژیاندا وەسف دەکات. لەم بارەوە نواندنەوە وشەیەکی هێمایییە کە جیهانی سەربەخۆ لە خۆیدا دەنوێندرێتەوە. بارکێر، ١٩٩٧: ٧٧) لە زاری محمد زادە، ٢٠٢٠]. لەم بارەوە ستیوارت هاڵ[٧] دەڵیت فەرهەنگ، واتە مانا هاوبەشەکان یان کۆمەڵێکی وێناکراوی چەمک و وێنەی هاوبەش. بە بڕوای ئەو بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ لە ڕێگای نواندنەوەوە دەستەبەر دەبێت. لە ڕێگای سیستەمی نواندنەوەی ماناکانەوە بەرهەم دێت، بڵاو دەبێتەوە و پەیوەندیی چڕیان لە گەڵ دەست و پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەیە. ئەو ڕەوتە لە خزمەتی ڕەواییدان یان تێکدانی دۆخی دەسەڵاتە[(هاڵ، ٢٠١٩: ٢٠) لە زاری یادگاری و قائیم، ٢٠١٥].

جینۆسایدەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، کاردانەوەیێکی زۆری لە نێوکۆمەڵگای مەدەنی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. نووسەران، شاعێران و هونەرمەندانی ئەم بەشە، بە خوڵقاندنی بەرهەمی جۆراجۆر، هەست وسۆزی خۆیان بە نیسبەت ژینۆسایدی خەڵکی باشوور دەربڕیوە. دەتوانین بڵێین لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینی، پرسی کۆمەڵکوژی و قڕکردنی کوردان لە سەر زاری هەموو خەڵکی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوو و لە زەینی خەلکدا وەکوو سالانی ڕەش و تۆقینەر ماوەتەوە.

لەم وتارەدا کە لە بورای مێتۆدۆلۆژیکی بە شێوازی»وەسفی شیکارییانەی دەق» ئامادە کراوە، هەوڵ دەدرێ کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە وەک نموونەیێک لە «جینۆساید»ی گەلی کورد لە نێو بەرهەمی کۆمەڵێک لە هۆنەرمەندانی ناسراوی بواری گۆرانیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شرۆڤە بکرێت و وڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە:

- نەواندنەوە سەرەکییەکان کامانەن؟

- نەواندنەوەکان زۆرتر چ جۆر وێناکردنێک لە ڕووداوەکانی پەیوەندییدار بە ژینۆساید نیشان دەدن؟

-هونەرمەند پەیوەندیی خۆی لە گەڵ پرسی ژینۆساید چۆن ڕێکخستووە؟

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چەمکە گشتییەکان

جینۆساید

لە دوای دەسبەکاربوونی نازییەکان لە وڵاتی ئاڵمان، پرۆژەی لەناوبردنی «ڕەگەزی بێ نرخ» وەک جوولەکەکان وقەرەچییەکان لە بەرنامەی حکوومەتدا گۆنجێندرا(عەزیزی، ۱۳۸۵: ۱۹۹).

قەڵاچۆکردنی جوولەکەکان لە ئاڵمان لە ژێرناوی هۆلوکاست[۸] ناسراوە. یەکەم کەس چەمکی «ژینۆساید»ی بۆ ئەوتاوانە بە کارهێناوە «ڕافائیل لمکین»[۹] مافناسی جۆولەکەی پۆڵەندا بووە. ئەو بۆ پێناسەکردنی ئەو چەمکە دەڵێ: «مەبەستی ئێمە لە ژینۆساید قەڵاچۆکرددن و لەناوبردنی گرووپێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزییە». ئەم چەمکە لەلایەن نووسەرەوە سازکراوە و تاکوو کردەوەییێکی کۆن لە ڕوومەتێکی نوێ مانا ببەخشێ. ئەم چەمکە لە وشەی یۆنانی genos (ڕەگەز،هۆز) و وشەی لاتینی cide (کوشتن) وەرگیراوە. ژینۆساید دژی گرووپێکی نەتەوەیی کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە ئەنجام دەدرێ. ئەم کردەوانە بە هۆی کەسایەتیی تاکی قوربانییەکان نییە، بەڵکوو بە هۆی ئەندام بوونیان لە ناو گرووپێکی نەتەوەییە(عەزیزی، ۱۳۸۵: ۲۰۰).

جۆرەکانی ژینۆساید

کۆشتاری بەکۆمەڵ، لێدانی جەستەیی ورۆحی، پێکهێنانی دۆخی نالەباری ژیان، پاکتاوی ئێتنکی[۱۰]

نواندنەوە

«نواندنەوە» وشەیێکە کە لە بوارە جیاوازەکاندا کەڵکی لێ دەگیردرێت. بۆ تێگەیشتن لەم وشە لە زماناسیدا باس لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی سیستەماتیک لە نیشانەکانی نێو زمان دەکرێت. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە بواری خەڵکناسی(ئانترۆپۆلۆژی)دا باس لەوە دەکرێت کە خەڵکی چۆن لە هەر فەرهەنگێکدا ماناکان دەخولقێنن و هاوکاتیش پێگەی لە فەرهەنگەکەیاندا دیاریی دەکەن.

دەتوانین بڵێین کە چەمکی نواندنەوە لە بوارە جیاوازەکانی فەلسەفە، دەروونناسی، میدیا، هونەر و سیاسەتدا مانای جیاواز لە خۆ دەگرێت. [(سولیۆن و هاتلی ساندەرس ۲۰۰۵) لە زاری قائیم و یادگاری، ۲۰۱۵)].

هاڵ نەواندنەوە دابەش دەکاتە سەر سێ دەستە.

یەک: ڕەنگ دانەوە، دوو: بە ئەنقەست، سێ: ساز کراو

لە ڕوانگەی هاڵەوە سۆنگەی سازکراو لە گەڵ تایبەتمەندیی گشتی و کۆمەڵایەتیی زماندا گونجاوترە. بە ڕای ئەو نواندنەوە مانا بە واقیع دەبەخشێت. بەو واتا نواندنەوە کاریگەریی بەرهەمهێنانی واتای هەیە هەم لەگەڵ کات و هەم لەگەڵ دەسەڵات. [(مەهدی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

زادە : ٢٠٠٨: ١٦) لە زاری محمد زادە، ٢٠٢٠]. لای ستیوارت هاڵ نواندنەوە لە سەرەتادا کردەوەیەکی زەینی لە دیاریکردنی مانایە. ئەم ماناسازییە هاوئاهەنگیی سووژە و ئەوبژەی لێدەکەوێتەوە و لە چوارچێوەی تەفسیر لە کەڵگرتنی شتەکان و بەکارهێنانی بنەماکان لە زمانی ڕۆژانەدا پێک دێت. [(هاڵ٢٠١٩: ٢٠) لە زاری قائیم و یادگاری ٢٠١٥].

گۆرانی

گوێگرتن لە مۆسیقا یەک لە گرنگترین جۆرەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکانی فەرهەنگە لە سەردەمی نوێدا[(ڕابێردس ٢٠٠٩: ٢٨) لە زاری ئیقباڵی و فەقیهی، ٢٠١١]. گۆرانیی کوردی فۆرمێکی مۆسیقایە و یەک لە ڕەسەنترین جۆرەکانە لە دنیادا.

بێگومان ڕەنگدانەوەی کارەساتەکان لە نێو گۆرانی و بەرهەمی هونەری بەتایبەت گۆرانی، شوێندانەریی تایبەتی لە نێو خەڵکدا دەبێ و هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێ.

گرینگیی توێژینەوە

هەرچەند لە دنیادا خەڵکی کوردیش وەکوو قوربانیی جینۆساید تا ڕادەیێک ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام لەو ئاستەدا نییە کە دانیشتوانی کوردستان ئەزموونیان کردووە. سەرەڕای ئەمەش کارتێکەریی جینۆساید، ناسینی قوڵاتت لایەنەکانی جینۆساید لە نێو کۆمەڵگای کوردستانیشدا لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا و لە چاو کارەساتە هاوشێوەکانی لە دنیادا لە فەرهەنگ و هونەری خەڵکەکەدا نەناسراوە و لەم بارەیەوە زیاتر هەندێک ئامار، وێنە و مانشێتی میدیاکان بەرچاو دەکەوێت. ئەمە لە حاڵێکدایە دەکرێت بۆ ئەم بابەتە سەدان توێژینەوەی جیاواز و گەورە لە سەری بکرێن.

کارتێکەریی جینۆسایدی باشووری کوردستان لە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتێکە کە بە دەگمەن باسی کراوە و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی پرسی جینۆساید بابەتێکی گرینگ و پێویستە.

ئامانجی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا بە لە بەرچاو گرتنی ڕێڕەوی توێژینەوە دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر ئەو باباتەی کە کام یەک لەو گوتارانەی ئەو سەردەمە لە نێو دەقی گۆرانییە پەیوەندیدارەکاندا ڕەنگداوەیان هەیە و چۆنیەتیی نواندنەوەیان دیاری بکەین. هەروەها ئەوەش نیشان بدەین کە جینۆسایدی باشووری کوردستان چەنێک لە نێو بەرهەمی گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گرینگی پێ دراوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سنووری توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لە سەر دەقی گۆرانیی هونەرمەندانی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەخت دەکاتەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە ناوبانگیان هەیە و وەکوو هونەرمەندی خاوەن ئەزموون ناسراون.

لەم توێژینەوەدا تەنیا ئەو گۆرانی و سرووودانە لە بەرچاو گیراون کە ڕاستەوخۆ بۆ کارەساتی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی باشووری کوردستان(ئەنفال و هەڵەبجە) چڕیویانە و لە بەر ئاڵووز بوون و کەم بوونی کات بەرهەمی ناڕاستەوخۆ یان هونەرمەندی کەمتر ناسراو لە بەرچاو نەگیراوە.

شەش بەرهەم دیاری کراون کە بریتین لە: سێ بەرهەمی مامۆستا ناسر ڕەزازی، یەک بەرهەمی مامۆستا عوسمان هەورامی، یەک بەرهەم لە مامۆستا عەلی زەندی و یەک بەرهەم لە مامۆستا عەلی عابدی

کێشەی توێژینەوە

دابەش بوونی کوردستان لە نێو چوار دەوڵەتی ناکوردیدا وای کردووە سەرچاوەکانی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و دەیتای پەیوەندیدار بە بابەتی کوردی لە پارچە جیاوازەکاندا زۆر سنووردار و ئەستەم بێت. هەم لە باری زمانی پەروەردەی دانیشتوان و هەم زمان و سەرچاوەی گۆڤار وچاپەمەنییکاندا کێشەی زۆر بۆ کاری کوردی هەیە. لە لاییکی تروە لاواز بوونی کورد لە ئارشیوی چاپەمەنی بە شێوە ئەلیکترۆنی وای کردووە دانیشتوانی پارچەکانی تر بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی کێشە و گرفتی زۆریان ببێ.

لەم توێژینەوەشدا لە دەسڕاگەشتن بە دەیتا و وردەکارییکانی پەیوەندیدار بە پرسی جینۆساید کێشە زۆر بوو. هەروەها بابەتی هاوشێوەی ئەم توێژینەوە لە کوردیدا بۆ ئێمە لە بەردەستدا نەبوو کە بتوانێ بەرچاوڕۆشنییک بێ کە توێژینەوەکە باشتر دەربچێت. هاوکات کاتی پەسەند کردنی بابەتەکە تا ئەو ڕێکەوتەی کە دیاری کرا بوو بۆ تەواو کردنی کارەکە دەرفەتێکی کەمی بۆ جێبەجێ کردنی توێژینەوییکی بچینەیی و گەورەتر هێشتەوە. هەروەها سنووردار بوونی ژمارەی وشە خوازراوەکان، لە سەر شرۆڤەی تیۆریی زیاتر بابەتەکە کارتێکەری بوو و نەکرا لەوە زیاتر بەشی تیۆری دەوڵەمەند بکرێ.

ڕێڕەوی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا لە کوالیتیی میتۆد[11] کەلک وەردەگرین. مەیدانی توێژینەوەکە بەرهەمی هونەرمەندانی بەرچاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە شیوەی ڕاستەوخۆ بۆ کارەساتەکانی پەیوەندیدار بە ژینۆسایدی کوردستان گۆرانییان چڕیوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تخوا ڕۆڵە گیان ئای بە شادمانی
بەشکم تۆ بووسی شەو تا بەیانی
بەڵام بەزمەکەی من جارانم ڕۆ
پەی چۆلوەنەکەی هەورامانم ڕۆ
ئا کەلەبەرزە ئا هەورامانە
جا گشت نموونەی بەهەشتمانە
من هەرچەند کەروو فکروو وەتەنی
وەختا دلۆو من بۆ بە تەوەنی
جێگەی سەیرانگەی برادەران ڕۆ
.... و تەوێڵۆ دالانی و ...... ڕۆ
سەیری چەم و دۆڵی بێ سەرم ڕۆ
چلانە و مانیدەر ئاوێسەرم ڕۆ
چەم و دۆڵەکەی بێ مەکانم ڕۆ
شۆشمێ و پالانی سۆسەکانم ڕۆ
سەیری چەم و دۆڵی چۆڵ و هۆلم ڕۆ
شنروێ و هاوار هەرمەزگێلم ڕۆ
من ئارۆ لوانی کانی ئەشکەوڵ

من چاکە زانام هەڵەبجە بیەن چۆڵ
ماچا هەڵەبجە چۆلی مرمانۆ
لەجیاتی بولبول بایەقوش وانۆ
ئەر ئەحواڵ پەرسی ناشێ نەیزانی
لاشەی چەند شەهید وا لە خەرپانی
ئەگەر مەپەرسی ڕەفێق بە جوانێ
لاشەی چەند جوان کەوتووە لە عەرزێ
جادەکەی هەڵەبجە زەبەخی سیروان
هەمووی خوێناوییە بە خوا برا گیان
وەتەنەکەی شیرین من بێ سەرم ڕۆ
ناحیەکەی سیروان شارەزوورم ڕۆ
وەتەنی ئازیز من بێ شوێنم ڕۆ
گوڵپی و گەچینە باخەکۆنم ڕۆ
سەیری چەم و دۆڵ من باخانم ڕۆ
بەڵخە و بیارە دەگاشێخانم ڕۆ
هەر پێی من خاسا شیوەن و زاری
پەی دەرەو بیارەی ملەگەو چناری
هەی داد هەی بێداد من دەربەدەر خۆم
باخەوانەکەی باخی بێ بەر خۆم
ئەمە ساڵەکەی پیری و بەدبەختی منە
وەهارەکەی عالەم و خەزانی منە
باقی وەسەلام ئەی دوور وڵاتان
من جە مەریوان ڕۆحم جە لاتان

ناسنامەی بەرهەمەکان

- عوسمان هەورامی، شینگێڕی «بۆ هەلەبجە»، لە هەوای شینگێڕی وتراوە، شیعری دانراوی خۆی، ساڵی ١٩٨٨(ماڵی وەستا ئەمین) لە شاری مەریوان تۆمار کراوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هەروەها بۆ لێکدانەوەی دەقەکان لە ڕێڕەوی شیکاریی کاکڵەی دەق کەڵک دەگرین. ئەم ڕێرەوە بۆ شیکاریی قووڵی دەقی گۆرانییەکان و دەرهاویشتنی ئەو چەمکانەیە کە لە ناوەڕۆکی دەقدا جێگرن.

سەرەتا کۆی دەقەکان بە پێی مانا سەربەخۆکانی وشە و ڕستەکان دابەش دەکرێن. بۆ هەر مانایێک کۆدێکی وەسفی دادەنرێت. پاشان ئەو چەمکانە کە گرێدراوی و نزیکیی مانابیان هەیە لە ژێر چەمکێکی گشتگیری تردا دادەڕێژێنەوە. لە قۆناغی دواتردا هەر ئەم ڕەوتە دەبرێتە پێش تا ئەو چەمکانە کە دەلالەت لە ناوەڕۆکی سەرەکیی بابەتەکە دەکەن دەربکەون. لە ئەنجامدا چەمکی سەرەکی و لاوەکی دیاریی دەکرێت. لە کۆتاییدا بە پێی تیوریی ڕێنیشاندەری توێژینەوەکە شرۆڤە دەکرێن.

لە سەرنجدان بە بەرهەمی پەیوەندیدار لە هونەرمەندانی ناوداری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، چوار گۆرانیبێژ بە شێوەی ڕاستەوخۆ کارەساتەکانی ژینۆسایدی کوردستانیان(ئەنفال و هەڵەبجە) نیشان دابوو. سەرجەم بەرهەمە پەیوەندیدارەکان ٦ گۆرانی بوون.

- عەلی عابدی، گۆرانیی «بە تەنیا جیم مەهێڵن»، لە مەقامی نەهاوەند وتراوە، شیعری مامۆستا ڕەفیق سابیر، سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ی زایینی لە شاری سەقز تۆمار کراوە.

- عەلی زەندی، گۆرانیی «بۆ هەلەبجە» ، لە مەقامی بەیات وتراوە، شیعری مامۆستا شەریف. سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ی زایینی لە شاری سنە تۆمار کراوە

- ناسری ڕەزازی»مەقامی هەلەبجە»، لە مەقامی بەیات وتراوە، شێعری محەممەد عەزیز لە ئەلبۆمی»هەڵەبجە»، ١٩٨٨ لە ولاتی ئاڵمان تۆمار کراوە.

بەتەنیا جێم مەهێڵن
ئەمشەو زریان ئەمچێنێ
تەمومژ دامدەپۆشێ
مانگەشەو دەمرفێنێ
کێ ئەیزانی مەلینە
ئاوا دەتانتارێنن؟
باڵی هەزارتان دەبڕن
شارێکتان دەخنکێنن
کێ ئەیزانی بەهاریش
شەختە و زریان ئەهێنێ
چاوی لیمان دادەخا و
چرۆکان دەوەرێنێ
کێ ئەیزانی کە ئاوا
تەناف هەڵخەن بۆ شارێ
دەستی شەقامیش ببڕن
کۆلان بدەن لە دارێ
لاوێکی شەرمەون بووم
مێشکم دەدرا بە ماران
ئێستاش کە پیر و ماندووم
دەرم دەکەن لە شاران
کێ ئەیزانی کە ڕۆژێ
من ئەکرێم بە گۆرانی
دەمەو بەهار دێمەوە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

- ناسری ڕەزازی»سروودی هەڵەبجە، لە مەقامی ڕاست وتراوە، لە ئەلبۆمی»بە پیرۆز»، شێعری ڕەزا حەمە، ١٩٩١ لە ولاتی سوید تۆمار کراوە.

لە کوردستان ئەگەر جێژنی هونەر بێ

دەبێ شینی گەلێکی دەربەدەر بێ

دەنگی داوە لە جیهان هیرۆشیمای کوردستان

گەلێ نەیدیوە تا ئەوڕۆ بەهارێ

کە باران و تەمی مردن بباریێ

منداڵانی هەڵەبجە دڵ بەخوێنن

هەموویان پێ پەتی و مات و پەشێون

دەڵێی هێشتا ڕێگەی کۆچ دەپێون

نە هاوارێ نە گریانێ نە شینێ

نە کەس مەرگی عەزیزی خۆی ببینێ

ئەگەر دایە، بە تێکۆشان لە ڕێی مافی گەل و ئەو خاکەدا مردم دایە گیان

نەڵێی مەرگی کوڕم، تووشی پەژارە و شیوەنی کردم دایە گیان

دەبێ ئەو کاتە دڵشاد بی کە کورد و باوەڕی بەرزی

بە سەربەرزی، لە باوەشتا، بەرەو ئەم ڕێگەیەی بردم دایە گیان

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

- ناسری ڕەزازی «مەقامی خانێ بۆ ئەنفال»، لە مەقامی سەبا وتراوە، شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس، ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی تۆمار کراوە.

دنیا خەمە، ژیان ژانە، بۆ شارەکەی بەهاری سوور
هیرۆشیمای کوردستانە، هەڵەبجەی دایکی شارەزوور
کۆرپە بە بێشکەو لانکەوە، منداڵ بە سینگی دایکەوە
بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ، سووتان و بوون بە کۆی زووخاڵ
مەرجە هەموو بەرد و داری، هەڵەبجەی تینووی ڕزگاری
دەکەینە خەنجەری تۆڵەی، بەرپشتێنی کوردەواری

من ئێستا وەک مەراق ئامادە و چون هاوار لەسەر پێم!

ئەپرسم، لە پێشا پێ بخەمە کام خاکی واوەیلا و کام عەردی زریکە و

کام وەرزی کوژراوی لەشمەوە!؟

سەرەتا بچمە ناو کام گەرووی زایەڵە و کام ماڵی گەڕۆکی مەرگمەوە!؟

یەکەمجار سەر بکەم

بە چیدا؟

بە تەمدا!؟

بە خوێندا!؟

بە گڵدا!؟

بە کوێدا!؟

لە بەردەم کام دەشتی شیوەن و

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شیکاریی دەقی بەرهەمەکان

ناوی بەرهەم		دەقی شیعر	کۆدی وەسفکراو
	١-١	*تخوا رۆڵە گیان ئای بە شادمانی* *بەشکم تۆ بووسی شەو تا بەیانی*	نەبوونی ئارامی بۆ منداڵ
	١-٢	*بەڵام بەزمەکەی من جارانم رۆ*	تێکچوونی دۆخی جاران
	١-٣	*پەی چۆڵوەنەکەی هەورامانم رۆ*	کاوڵ بوون و چۆڵ بوون
	١-٤	*ئا کەلەبەرزە ئا هەورامانە* *جا گشت نموونەی بەهەشتمانە*	جوانیی سروشتی کوردستان
	١-٥	*من هەرچەند کەروو فکروو وەتەنی*	یادەوەریی وڵات
	١-٦	*وەختا دڵوو من بۆ بە تەوەنی*	ترۆمای باری دەروونی پاش کارەسات
	١-٧	*جێگەی سەیرانگەی برادەران رۆ* *........ و تەوێڵۆ داڵانی و ...... رۆ*	لە دەستچوونی ناوچە خۆشەکانی وڵات
بۆ هەڵەبجە "عوسمان هەورامی"	١-٨	*سەیری چەم و دۆڵی بێ سەرم رۆ* *چلانە و مانیدەر ئاوێسەرم رۆ*	کۆستی لەدەستدانی گوندەکانی وڵات
	١-٩	*چەم و دۆڵەکەی بێ مەکانم رۆ* *شۆشمێ و پاڵانی سۆسەکانم رۆ*	کۆستی لەدەستدانی گوندەکانی وڵات
	١-١٠	*سەیری چەم و دۆڵی چۆڵ و هۆڵم رۆ*	چۆڵ و وێرانیی پاش کارەسات
	١-١١	*من ئارۆ لوانی کانی ئەشکەوڵ* *من چاکە زانام هەڵەبجە بیەن چۆڵ*	یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە
	١-١٢	*ماچا هەڵەبجە چۆڵی مرمانۆ* *لەجیاتی بوڵبوڵ بایەقوژ وانۆ*	وێرانی و کاولبوونی هەڵەبجە
	١-١٣	*ئەر ئەحواڵ پەرسی ناشێ نەیزانی* *لاشەی چەند شەهید وا لە خەرپانی*	کۆمەڵکوژیی ناوچەکانی دەوروبەر هەڵەبجە
	١-١٤	*ئەگەر مەپەرسی ڕەفێق بە جوانێ* *لاشەی چەند جوان کەوتووە لە عەرزێ*	کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێ تاوان
	١-١٥	*جادەکەی هەڵەبجە زەبەخی سیروان*	کۆمەڵکوژیی خەڵکی ناوچە و دەوروبەر

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

	١-١٦	*وەتەنەکەی شیرین من بێ سەرم ڕۆ* *ناحیەکەی سیروان شارەزوورم ڕۆ*	ڕووخان و لەناوچوونی وڵات
	١-١٧	*وەتەنی ئازیز من بێ شوێنم ڕۆ* *گوڵپی و گەچینە باخەکۆنم ڕۆ*	لە دەستچوونی وڵاتی خۆشەویست
	١-١٨	*سەیری چەم و دۆڵ من باخانم ڕۆ* *بەڵخە و بیارە دەگاشێخانم ڕۆ*	تێکچوون و لەناوچوونی ناوچەکە
بۆ هەڵەبجە "عوسمان هەورامی"	١-١٩	*هەر پێی من خاسا شیوەن و زاری* *پەی دەرەو بیارەی ملەگەو چناری*	هەستی داماوی و تازیەباری
	١-٢٠	*هەی داد هەی بێداد من دەربەدەر خۆم* *باخەوانەکەی باخی بێ بەر خۆم*	ئاوارەیی
	١-٢١	*ئەمە ساڵەکەی پیری و بەدبەختی منە* *وەهارەکەی عالەم و خەزانی منە*	نەمانی خۆشبەختی
	١-٢٢	*باقی وەسەلام ئەی دوور وڵاتان* *من جە مەریوان ڕۆحم جە لاتان*	یادکردنەوەی هەڵەبجە لە ڕۆژهەڵاتەوە
بۆ هەڵەبجە "عەلی زەندی"	٢-١	*لە کوردستان ئەگەر جێژنی هونەر بێ* *دەبێ شینی گەلێکی دەربەدەر بێ*	زاڵبوونی کارەسات بە سەر هونەردا
	٢-٢	*دەنگی داوە لە جیهان هیرۆشیمای کوردستان*	گەورەیی ئاستی کارەسات
	٢-٣	گەلێ نەیدیوە تا ئەورۆ بەهارێ کە باران و تەمی مردن بباری	دژبەیەکی جەوی خراپی وڵات و هەستی خۆشی هاتنی وەرزی بەهار
	٢-٤	*منداڵانی هەڵەبجە دڵ بەخوێنن* *هەموویان بێ پەتی و مات و پەشێون*	دۆخی خراپی منداڵ
	٢-٥	*دەڵێی هێشتا ڕێگەی کۆچ دەپێون*	ئاوارەیی پاش کۆمەڵکوژی
	٢-٦	*نە هاوارێ نە گریانێ نە شینێ* *نە کەس مەرگی عەزیزی خۆی ببینێ*	دۆخی نائاسایی کۆمەڵکوژی خەڵک
بۆ هەڵەبجە "عەلی عابدی"	٣-١	بەتەنیا جێم مەهێڵن	بێ کەسی
	٣-٢	*تەمومژ دامدەپۆشێ*	مردن لە بێ کەسی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

		مانگەشەو دەمرفێنێ	
	٣-٣	کێ ئەیزانی مەلینە ئاوا دەتانتارێنن؟	کوشتن و قڕکردنی لە ناکاو
	٣-٤	باڵی هەزارتان دەبڕن شارێکتان دەخنکێنن	کۆمەڵکوژی و قڕکردنی بە کۆمەڵ
	٣-٥	کێ ئەیزانی بەهاریش شەختە و زریان ئەهێنێ	بێ کەسی
	٣-٦	چاوی لێمان دادەخا و چرۆکان دەوەرێنێ	نەیاربوونی سەردەم
	٣-٧	کێ ئەیزانی کە ئاوا تەناف هەڵخەن بۆ شارێ	قڕ کردن
	٣-٨	دەستی شەقامیش ببڕن کۆڵان بدەن لە دارێ	کوشتنی بەربڵاو
بۆ هەڵەبجە "عەلی عابدی"	٣-٩	لاوێکی شەرمەون بووم مێشکم دەدرا بە ماران	خەڵەتاندنی کورد
	٣-١٠	**ئێستاش کە پیرو ماندووم دەرم دەکەن لە شاران**	بێکەسیی کورد
	٣-١١	کێ ئەیزانی کە رۆژێ من ئەکرێم بە گۆرانی	دەنگدانەوەی کارەسات
	٣-١٤	دەمەو بەهار دێمەوە دەچمە نێو ئاوی کانی	تێکەڵ بوونی رۆحی خەڵک لەگەڵ سوشت
	٣-١٥	گەرووم بە گزنگ تەڕ کەن زامەکانم بە شیلان	تێکەڵبوون لەگەڵ سوشت
	٣-١٦	بە گۆرانی دامپۆشن یا بە سەوزی دارستان	تێکەڵی لەگەڵ جوانی و هونەر
	٣-١٧	بەتەنیا جێم مەهێڵن ئەمشەو زریان ئەمچێنێ	قوربانیی دۆخ
مەقامی هەڵەبجە "ناسری رەزازی"	٤-١	ئەگەر دایە، بە تێکۆشان لە رێی مافی گەل و ئەو خاکەدا مردم دایە گیان	خۆحازرکردن بۆ خەبات و بەرپەرچدانەوە
	٤-٢	تێکۆشان لە رێی مافی گەل و ئەو خاکەدا	مافی خەڵک و سەروەریی خاک

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

		نەڵێی مەرگی کوڕم، تووشی پەژارە و شیوەنی کردم دایە گیان	گرنگیدان بە هەڵوێست
	٣-٤	دەبێ ئەو کاتە دڵشاد بی کە کورد و باوەڕی بەرزی	گرنگیدان بە هەڵوێست
	٤-٤	بە سەربەرزی، لە باوەشتا، بەرەو ئەم ڕێگەیەی بردم دایە گیان	پەروەردەیی نیشتمان ویستی
سروودی هەڵەبجە "ناسری ڕەزازی"			
ناوی بەرهەم	١-٥	دنیا خەمە، ژیان ژانە، بۆشارەکەی بەهاری سوور	قورسایی خەمی کارەسات
	٢-٥	هیرۆشیمای کوردستانە، هەڵەبجەی دایکی شارەزوور	دەنگدانەوەی کارەسات
	٣-٥	کۆرپە بە بێشکەو لانکەوە، منداڵ بە سینگی دایکەوە	کوشتنی منداڵ
سروودی هەڵەبجە "ناسری ڕەزازی"	٤-٥	بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ، سووتان و بوون بە کۆی زووخاڵ	خەمی کۆمەڵکوژی یادی نەورۆزی داگرت
	٥-٥	مەرجە هەموو بەرد و داری، هەڵەبجەی تینووی ڕزگاری	ڕزگاری پێویستیی سەرەکیی کوردستانە
	٦-٥	دەکەینە خەنجەری تۆڵەی	تۆڵە و بەرپەرچدانەوە
	٧-٥	بەر پشتێنی کوردەواری	گوتاری سەرەکیی کوردستان
مەقامی خانێ بۆ ئەنفال "ناسری ڕەزازی"	١-٦	من ئێستا وەک مەراق ئامادە و	هەستی خنکاندن
	٢-٦	چون هاوار لەسەر پێم!	دەربڕینی هاوار
	٣-٦	ئەپرسم، لە پێشا پێ بخەمە کام خاکی واوەیلا و کام عەردی زریکە	پرسیار لە دۆخی ئەشکەنجە و ئازاری کورد بوون
	٤-٦	کام وەرزی کوژراوی لەشمەوە!؟	پرسیار لە کاتەکانی کوشتنی کورد
	٥-٦	سەرەتا بچمە ناو کام گەرووی زایەڵە و کام ماڵی گەڕۆکی مەرگمەوە!؟	ئەزموونی جیاوازی مردنی کوردان

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

	٦-٦	*یەکەمجار سەر بکەم بە چیدا؟* *بەتەمدا!؟ بە خوێندا!؟* *بە گڵدا!؟بە کوێدا!؟*	هیچ چەمک و مانایەک بۆ بوون نەماون
	٦-٧	*لە بەردەم کام دەشتی شیوەن و* *کام هەوای خنکاو و کام* *گۆڕی ئەستێرە و* *دەربەندی قیژەدا بوەستم!؟*	پرسیار لە ڕێگەی نەجات
	٦-٨	*پێم بڵێن، چۆن بڕۆم!؟* *ڕاستە و ڕاست!؟* *بەرەو خوار* *بەرەو ژوور، بۆ لای خوا!؟*	داخرانی ڕێگاکان
	٦-٩	*بەرامبەر سەرابی خۆرئاوا مل بنێم!؟* *یان هەڵمی سورباوی ڕۆژهەڵات!؟* *پێچاوپێچ!؟*	وێرانیی هەر چوار لای کوردستان
مەقامی ئەنفال *"ناسری ڕەزازی"*	٦-١٠	*کام پووش و پەڵاشی ڕۆمادی و* *کەربەلا و* *بە قسەی کام لاڕێی ڕەشەبا و* *کام داڵی نوگرەکەی سەلمان و* *کام جرجی خوار بەغا بکەم*	شارەکانی جێبەجێ کردنی ئەنفال لە عێراق
	٦-١١	*کام گومان بکەمە ڕێبەری سۆراغی* *سەفەرم!؟* *پێم بڵێن: چۆن بڕۆم!؟ لەگەڵ کێ!؟*	نائۆمێدی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دەرهاویشتەی چەمکەکان

١	بێ کەسی	(٣-١)(٣-٢)(٣-٥)(٣-١٠)
٢	منداڵان	(١-١)(٢-٤)(١-٨)(٣-٥)
٣	سرووشت	(١-٤)(٣-١٢)(٣-١٦)(٣-١٨)(٣-١٩)(٥-٨) (٢-٣)
٤	تێکجوون و وێرانیی ناوچەکانی کوردستان	(١-٢)(١-٣)(١-٦)(١-٧)(١-٨) (١-٩)(١-١٠)(١-١٢)(١-١) (١-١٧)(١-١٨)(١-٢٢)(٣-١) (٦-١٠)
٥	ماف	(٤-٣)(٤-٥)
٦	دەنگدانەوەی کارەسات	(٣-١١)(٥-٢)(٥-٧)(٢-٧)
٧	کۆمەڵکوژی	(١-١٣)(١-١٤)(١-١٥)(٣-٣)(٣-٤)(٣-٧)(٣-٨)(٣-١٧)(٥-٦)
٨	نواندنی هەڵوێست	(٤-١)(٤-٢)(٤-٣)(٥-٦)(٥-١١)(٥-٥)
٩	نەیاربوونی سەردەم	(٣-٦)
١٠	ترۆمای باری دەروونیی کارەسات	(١-٦)(٢-٦)(١-٢٠)(٥-١)(٥-٤)(٦-١١)(٦-٦)(١-١٩)
١١	خۆشەویستیی وڵات	(٥-٩)
١٢	ڕێگەی نەجات	(٦-٨)(٦-٩)
١٣	ئاوارەیی	(٢-٥)
١٤	یادکردنەوەی هەڵەبجە	(١-٥)(١-١١)(٥-٢)

چەمکی سەرەکی: ژینۆساید

شرۆڤەی چەمکەکان:

لە قۆناغی یەکەمدا ٦٧ کۆدی سەرەکی دیاری کران. لە قۆناغی دووەمدا لە ١٤ کۆددا کۆ کرانەوە. لە کۆتاییدا ٧ چەمکی سەرەکیی دەرهاویشتەی کارەکە بوون.

١) جینۆساید

چەمکی جینۆساید دەرهاویشتەی سەرەکیی توێژینەوەکەیە. ئەم چەمکە لە ناوەندی دەستەواژەکاندا بە ئەوانی تر مانا دەبەخشێت. لەبەر ئەوەی بەرهەمەکان کاردانەوەن

بە کارەساتەکان، قووڵترین و بەهێزترین دەربرینەکان لە دەوری چەمکی جینۆسایددا بەدی دەکرێن. هەروەها زۆرترین وشەی دەرهاویشتەی لە خۆ گرتووە.

ئەم چەمکە لە لێکدانی ٨ کۆدی قۆناغی دووەم(دەنگدانەوەی کارەسات، بێ کەسی، نەیاربوونی سەردەم، گەورەیی ئاستی کارەسات، کۆمەڵکوژی، قوربانیی دۆخ، شارەکانی ئەنفال) دانراوە.

- باڵی هەزارتان دەبڕن   شارێکتان دەخنکێنن
- دەنگی داوە لە جیهان   هیرۆشیمای کوردستان
- جادەکەی هەڵەبجە زەبەخی سیروان   هەمووی خوێناوییە بە خوا برا گیان
- سەرەتا بچمە ناو کام گەرووی زایەڵە و کام ماڵی گەڕۆکی مەرگمەوە!؟

٢) ترۆمای کارەسات

یەک لەو حاڵەتانە کە لە قووڵایی هەست و شیعری ناو گۆرانییەکان و جۆری دەربڕین لە گۆرانییەکاندا دەردەکەوت جێ پەنجە و کارتێکەرییە دەروونییەکانی فراوانی و قووڵبوونی برینەکانی کۆمەڵکوژی و جۆرەکانی قڕکردنە لەنێو خەڵکدا، کە وەسفی تێکچوونی باری دەروونی و ئاڵۆزیی هەستەکی و مەعریفیی مرۆڤی کورد لە ڕستەکاندا

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دەکەن و لە ئەنجامی دەرهاویشتنی سێ کۆدی(دەربڕینی هاوار، هەستی خنکاندن و ترۆمای دەروونیی پاش کارسات) دانراوە.

- **من ئێستا وەک مەراق ئامادە و چون هاوار لەسەر پێم!**
- **من هەرچەند کەروو فکروو وەتەنی وەختا دلۆو من بۆ بە تەوەنی**
- **دنیا خەمە، ژیان ژانە، بۆ شارەکەی بەهاری سوور**

٣) تێکدان و لەناوچوونی کوردستان

ویرانی و تێکچوونی شار و گوندەکانی ناوچەکانی باشووری کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە گۆرانییەکاندا بوو. نەمانی ژیان لە ناوچەکاندا، بۆم هاویشتن و وەستاندنی هەموو جومگەکانی مادی و دەروونیی ژیانی خەڵک و تێکدانی ژینگە و لە ژێر کاتێکەریی کارەساتەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو.

(ئاوارەیی، تێکچوون و وێرانیی کوردستان)

- ماچا هەڵەبجە چۆڵی مرمانۆ   لەجیاتی بولبوڵ بایەقوژ وانۆ
- دەڵێی هێشتا ڕێگەی کۆچ دەپێون
- پەی چۆڵوەنەکەی هەورامانم ڕۆ

٤) گرنگیی سرووشت

تێکەڵبوون لەگەڵ سرووشت یەک لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی کوردستانە کە لە فەرهەنگ، زمان و ناخی مرۆڤی کورددا ڕەنگدانەوەی هەیە. پەیوەندی قووڵی ئینسان و سروشت لەم بەرهەمانەشدا بەرچاو بوو. هەم لەو بارەوە کە باسی وێرانی و تێکچوونی سروشتی ناوچەکە دەکرا هەم بۆ شوبهاندن یا تێکەڵبوونی هەست و خەیاڵ لەگەڵ سروشتدا.

لە لایەکی ترەوە هاوکاتبوونی کارەساتی هەڵەبجە لەگەڵ نەوەرۆز و هاتنی وەرزی بەهار، بەرچاوترین ڕەنگدانەوەی دەقی گۆرانییەکان بوو.

کۆدی سرووشت

- بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ   سووتان و بوون بە کۆی زووخاڵ
- گەرووم بە گزنگ تەڕ کەن   زامەکانم بە شیلان
- گەلێ نەیدیوە تا ئەوڕۆ بەهارێ   کە باران و تەمی مردن بباری

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٥) خۆشەویستیی وڵات

دەربڕینی هەستی دڵسۆزی و بێتاقەتی و یادکردنەوەی وڵات لەو حاڵەتانە بوو کە لە بەشێک لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوت. لە ڕاستیدا ئەوە خۆشەویستی بۆ خەڵک و نیشتمان بوو کە دەبوو بە هاندەری دەربڕینی خۆشەویستی بۆ وڵات یادکردنەوە لە ڕۆژە خۆشەکان، بیرکردنەوە لە ڕۆژە خۆشەکانی پێش کارەسات، وەسفی دۆخی شار و ناوچەکان لە پێش کارەسات و لە بەشێک لە بەرهەمەکاندا دەردەکەوێت.

کۆدەکانی(یادکردنەوەی وڵات، خۆشەویستیی وڵات)

- وەتەنی ئازیز من بێ شوێنم ڕۆ گوڵپی و گەچینە باخەکۆنم ڕۆ
- هەڵەبجەی دایکی شارەزوور
- وەتەنەکەی شیرین من بێ سەرم ڕۆ

٦) منداڵان

لە سەردەمی نوێدا و بە هاتنە ئارای زیاتری گوتاری مافی مرۆڤ و قوربانی بوونی منداڵان لە شەڕدا ئەم پرسە لە گوتاری کوردستاندا وەک خۆ بە قوربانی زانینی ملهۆڕی و خۆسەپاندنی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان زیاتر بەرچاو دەکەوێت. لە بەرهەمەکانی ئەم توێژینەوەیشدا یەک لە چەمکە سەربەخۆکان پرسی منداڵان وەکوو قوربانیانی بەرچاوی دۆخی ژینۆساید بەرچاو دەکەوێت.

کۆدی گرینگیی منداڵان

- کۆرپە بە بێشکەو لانکەوە، منداڵ بە سینگی دایکەوە
- منداڵانی هەڵەبجە دڵ بەخوێنن هەموویان پێ پەتی و مات و پەشێون
- تخوا ڕۆڵە گیان ئای بە شادمانی بەشکم تۆ بووسی شەو تا بەیانی

٧) ئیرادەی دەرباز بوون

لە بەرامبەر قەڵاچۆکردن و وێرانی و بەردەوامیی زوڵمدا بەشێک لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکان باس لە نواندنەوەی ئیرادە لە بەرامبەر هێزی داپڵۆسێنەری دوژمناندا دەکەن و خۆتەیارکردن، گیان فیدایی و بیرکردنەوە لە ڕێگای نەجات و هیوا بەخشین لە بۆ جەماوەری کوردستان دێننە بەر باس. ئەم چەمکە دەرهاویشتەی ئەم کۆدانەیە(نواندنی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هەڵوێست، پرسی مافی مرۆڤ، ڕێگای نەجات یان پرسیار لە ڕێگای نەجات)،

ئەنجام

بە سەرنجدان بە ئەو چەمک و وشە سەرەکییانە کە لە توێژینەوەکەدا وەدەست کەوتوون، ڕەنگدانەوەی دۆخی ئەو دەمی کوردستان کە بەرهەمەکانیان لێ دروست بوون بۆمان ڕوونتر دەبێتەوە. بەرهەمەکان لە ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٢تۆمار کراون. لەو ساڵانەدا بە پێی جۆری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پرۆژەی ئەنفال لای خەڵکی ڕۆژهەڵات بە لاوازی لێی ئاگادار بوون، بەڵام کارەساتی هەڵەبجە دەنگدانەوەیەکی زۆر و بەرچاوی هەبوو. هەر ئەمەش لە لێکدانەوەی کارەکاندا نیشان دراوە. لە شەش گۆرانیی پەیوەندیدەر یەک دانەیان باسی ئەنفال دەکات کە لە ساڵی ٢٠٥ تۆمار کراوە.

لە ژێر ڕۆشنایی چەمکی ‹نواندەوە› پرسیارەکانی وتارەکە واتە: نواندنە سەرەکییەکان، پەیوەندیی نواندەکان لە گەڵ ژینۆساید و جۆری پەیوەندیی هونەرمەندان لەو دۆخەدا تاووتوێ دەکەین.

نواندنەوە یەک لە چەمکە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی میدیایە. بەرهەمی تۆمارکراوی مۆسیقا جۆرێک لە میدیایە. کەڵک وەرگرتن لە تیۆری ستیوارت هاڵ لە چەند لاوە خوێندنەوە بۆ ئەنجامەکەی ئێمە دەکات. یەک لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری هاڵ ڕوونکردنەوەی باسی نواندنەوەی دۆخەکەیە لە نێو فەرهەنگدا و هاوکات گرێدراویی نواندنەکان لە پێکهاتەی دەسەڵات و ململانێکانی نێو کۆمەڵگایە. لە توێژینەوەکەدا ئەو ئەنجامانە کە بۆمان دەرکەوتوون لە چەند سۆنگەوە لێک دەدرێنەوە.

لە حەوت چەمکی سەرەکی جەخت لەسەر چەمک و مانا پەیوەندیدارەکانی جینۆساید دەکرێتەوە. زۆرترین ئاماژەکان لەگەڵ ئەم چەمکەدا پەیوەندییان هەبووە. شەش چەمکی تر لە دەوری چەمکی جینۆسایدا دەرکەوتوون کە پەیوەندی جیاوازیان لە گەڵی هەیە. بە گشتی دەتوانین لە دوو ڕوانگەی جیاوازدا چەمکەکان دابەش بکرێن.

یەک: باس لە کارەساتەکان وەکوو مانای قوربانیی جینۆساید دەکەن. ئەمە ڕوانگەی زاڵی نێو ئەم دەستەیە. لێرەدا باسەکان لە سەر کۆمەڵکوژی و گێڕانەوەی ستەمێکی گەورەیە. ئەم چەمکە لە ڕوانگەی تیۆریی نواندنەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەقی گۆرانییەکان باسی وەسفی مەزڵووم بوون و بێکەسیی کورد و کوردستان دەکەن. هاوکات خاڵی جێگەی سەرنج، چەمکی سرووشتە. گرنگیی سرووشت هەم لە ژیان و فەرهەنگی لەمێژینەی کوردستاندا دەردەخات هەم لە ناوشیاری کۆمەڵایەتیدا بێکەسی و پەنابردن بۆ سروشت و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی تێکەڵ بە سروشتی ئەمن و ئەمانمان پیشان دەدات. شایانی باسە بەرچاوبوونی چەمکی منداڵ لە لایەک نیشان دەدات منداڵکوژی لووتکەی قڕکردن و و هەم هاوار و هەوڵێکە بۆ ڕای گشتیی دنیا کە ئەم قوربانی بوون و کارەساتە لە گوتاری باوی جیهان، واتە لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

گرینگیی دۆخی منداڵاندا نیشان بدرێت.

لە ڕوانگەی یەکەمدا زاڵبوونی دەسەڵاتی وڵاتانی داگیرکەر و کارتێکەریی دیسکۆرسی ئەوان دەخوێندرێتەوە. بەو مانا کە کوردستان ئوبژەیەکی قوربانییە و باس لە بێکەسی و کۆمەڵکوژی و داماوی دۆخی ئینسانیی خۆی دەکات و چاوەڕێی بەزەیی کۆمەڵگای جیهانییە. لەم ڕوانگەیەدا کارتێکەریی دەربڕینی هەست و سۆزی جیهانی ئەودەم لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەدا بەدی دەکرێت.

دوو: ڕوانگەی جیاواز کە بەشێکی کەم لە چەمکەکان لە خۆ دەگرێت بە «ئیرازەی دەرباز بوون» ناونراوە. لەم ڕوانگەیەدا سەرەڕای چاوگرتن لە هێرشی دڕەندانەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هەوڵی کۆکردنەوەی وزە و سازکردنی ئایدیا و تۆڵەیە بۆ خۆپاراستن و بەرەنگاریی هێرشی بەرامبەرکەی دەدرێت. دەتوانین بڵێین ئەم ڕوانگەیە کارتێکەریی بەرخوردانی بزووتنەوەی چەکداری و ڕزگاری خوازانەی کوردستانی تێدا بەدی دەکرێت کە خۆی تەسلیم نەکرد و بە هێشتنەوەی ئاگری شۆڕش لە هەوڵی ڕێگایەک بوو بۆ دەرباز بوون. بۆیە بانگەشەی بەرەنگاری و تۆڵە دەکات و وەکوو سووژەیەکی کوردستانی سەیری دۆخەکە دەکات.

لە وەڵامی پرسیاری پەیوەندیی هونەرمەندان لەگەڵ چەمکەکەدا لەم توێژینەوەدا بەرهەمی چوار هونەرمەندی گۆرانیبێژی لێکدران.

هەر سێ هونەرمەندی عوسمان هەورامی، عەلی زەندی و عەلی عەبدی لە بەرهەمەکانیاندا ، تایبەتمەندیی قوربانی بوون و ستەم لێکراوییان بە لاواندنەوە و شینگێڕی، لە گەڵ خەمی زاڵ بە سەر خەڵکدا هاودڵییان کردووە.

لە سێ بەرهەمی ناسری ڕەزازی دووانیان بۆ هەڵەبجە وترابوو و یەکیان بۆ ئەنفال. کاک ناسر زۆرترین بەرهەمی لەم بارەوە لە نێو هونەرمەندانا تۆمار کردبوو. بەرهەمی ئەنفال وەکوو ڕوانگەی پێشوو نواندنی دۆخی قوربانی و قڕکردنی تیا زاڵ بوو، هەرچەند لە هەندێ بەش جۆرێ قووڵبوونەوەی شیعرەکە پرسیاری لە دۆخەکەی بۆ بەردەنگ نیشان دەدات، بەڵام بە گشتیی بەرهەمەکە ئاراستەی دەنگی قوربانی تێدایە.

دوو بەرهەمەکەی هەڵەبجە جیاواز لە باقیی بەرهەمەکانی تر لە ڕوانگەی نواندنەوەی ئیرادە بۆ گۆڕینی دۆخی ستەم و شەڕی داسەپێندراو بوو و بانگەشەی کۆکردنەوەی هێز و بەرخوردان و تۆڵە دەکات، بۆیە تەنیا لە کارەکانی کاک ناسردا سووژەبوونی کورد و بایەخدان بە ئومێد بۆ گۆڕانی وەزع نوێندرابوویەوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پەراوێزەکان:

١. دوکتورای جوگرافیای سیاسی
٢. ماستەری کۆمەڵناسی
٣. Stuart Hall
٤. Territorial States
٥. Westphalia
٦. Sykes-Picot
٧. Stuart Hall
٨. holocaust
٩. Rafal Lemkin
١٠. ethnicity
١١. Qualitative

سەرچاوەکان

کتێب:

- قوربانی عارف، مسافران مرگ جلد اول، ترجمه: مرتضی مرادی، نشر ماهتاب غرب ١٣٩٧
- قوربانی عارف، نرگس، ترجمه: مرتضی مرادی، نشر ماهتاب غرب ١٣٩٩
- آشوری،(١٣٧٩).دانشنامه سیاسی، تهران، انتشارات مروارید.
- برتون،رولان.(١٣٩٢).قوم شناسی سیاسی، ترجمه: ناصرفکوهی،تهران، نشرنی
- عزیزی، ستار.(١٣٨٥).حمایت ازاقلیت ها درحقوق بین الملل، همدان، انتشارات نورعلم.
- قوربانی، عارف.

گۆڤار:

- دوفصلنامه علمی-پژوهشی دین و ارتباطات، سال بیستم، دوم شماره(پیاپی٤٨) پاییز و زمستان ١٣٩٤ ص ١٥٧-١٩٤
-جامعەشناسی هنر و ادبیات، دوره ١٢. شماره دوم، پاییز و زمستان ١٣٩٩
- نشریه رهپویه هنرهای تجسمی دوره ٦، شماره ٣ . پاییز ١٤٠٢
- فصلنامه علمی جامعه شناسی فرهنگ و هنر دوره دوم – شماره دوم – تابستان ١٣٩٩
- مطالعات فرهنگ و هنر سال شانزدهم، شماره سی و یکم پاییز ١٣٩٤

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی ئەنفال
لە هەوا جیاوازەکانی سۆز و هۆرەدا لە گەرمیان

م. عەبدوڵڵا حەسەن قادر- کەلار
abdullahassan1954@gmail.com

پوختە:

ئەنفال پرۆسەیەکی بێزەونی دزێوی دوژمنانە، ئامانج و پلانی زۆر ترسناکی بەدواوە بوو، لەپاڵ قڕکردنی تۆرمەی مرۆڤی کورددا، مەبەستیان بوو فەرهەنگ و کولتوور و فۆلکلۆریی نەتەوەییش جینۆساید بکەن، بە وێنەی زمان و حیکایەت و سەرگوزەشتە و پەندی پێشینان و گۆرانی و مەقام و هۆرە و ... هتد.

ئەم پرۆسە کردەڕەهاتە کاریگەری و جێکەوتی زۆر سامناکی لەسەر بیر و دەروون و نەستی ئەنفالکراوان و ڕزگاربوان بەجێهێشت. ئەو هەموو ئازار و سووتان و دابڕان و گۆڕغەریب-کەوتنە لە دەریچە و دەلاقەگەلێکی هونەریی دیرۆک و ڕەسەنی نێو کورد بەگشتی و گەرمیان و گەرمیانییەکان بەتایبەتی، کە هۆرە و سۆزن، نەخشێنراو و ڕەنگێنراون. سۆز و هۆرە و جۆرە تایبەتەکانی هۆرە توانیویانە بارتەقای ئازار و پەلاسیی پرۆسەکە، دەنگ هەڵبهێنن و چەمەری و ئاوازگەلێکیی غەمگین بێژن و بەرگی دەواری بکەنە بەر ئەو هەڵقرچان و دابڕانە گەورە و گرانەدا.

کلیلە وشەکان: جینۆساید، ئەنفال، هونەری گۆرانی، هۆرە، سۆز.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

انعكاس الانفال في الاشكال المختلفة للسوز والهورة في گرميان

عبدالله حسن قادر – كلار
abdullahassan1954@gmail.com

الملخص:

يحمل البحث عنوان (انعكاس الانفال في الاشكال المختلفة للسوز والهورة في گرميان)، تعد الانفال عملية شنيعة سلبية من الاعداء، اعقبتها اهداف وخطط خطيرة جدا، فبجانب ابادة الانسان الكردي عن بكرة ابيه، كانوا يعتزمون ابادة ثقافة الأمة وفولكلورها مثل اللغة والقصص والحكايات والأمثال والأغاني والمقامات والـ(هوره) والخ.

تركت هذه العملية الجائرة تأثيرا رهيبا على عقول ومشاعر ضحايا الأنفال والناجين منها، اذن تلك الالام والوجد ومثوى الغربة قد نحتت وتلونت من منافذ فنية لتاريخ وصل الكرد على نحو عام وگرميان والگرميانيين على نحو خاص والمتمثلة بالـ (هوره)والـ (سوز). إن الـ(سوز) والـ(هوره) واشكال الـ(هوره) المختلفة استطاعت ان تصدح ملء شدة العملية ون تشدو الـ (چمري) والحانا حزينة وتكسي اللظى والفراق المميت سوادا.

ان المنتهج المعتمد في الدراسة هو المنهج الوصفي التاريخي، وتتكون من مقدمة ومبحثين، يتالف المبحث الاول من محورين، يتطرق المحور الاول الى مفهوم مصطلح الانفال، فيما يتطرق المحور الثاني الى مفهوم كل من الـ (هوره) والـ (سوز)، المبحث الثاني موسوم بـ (انعكاس الانفال في الاشكال المختلفة للـ(سوز) والـ(هوره) في گرميان) مع عرض نماذج شعرية للـ(هوره) والـ(سوز.

الكلمات المفتاحية: الجينوسايد، الانفال، الفنون الغنائية، الـ(هوره) والـ(سوز).

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

Reflection of Anfal in the different types of Kurdish Hymns and classical song in Garmian

Abdulla Hassan Qadir

abdullahassan1954@gmail.com

Abstract

Anfal was a hateful, disgusting, and hostile military process that had dangerous aims and purposes. In addition to annihilating the Kurds, they wanted to delete the national heritage and culture of the Kurds that is reflected in language, tales, stories, songs etc. This sickening process left horrible effects upon the thoughts, ideas and psyches of the people who were survived it.

All those miseries, complications, suffering, and psychological impacts were reflected, in one way or another, in the art and literature of the Kurdish intelligentsia generally and the arts and men of letters in Garmian in particular through some artistic forms like religious hymns and the Kurdish folklore and specific song that is sung by a single person without the accompaniment of any musical instrument. The Kurds call it "Hora". Such artistic products helped and help in soothing the suffering of the people who still are under the negative psychological impacts of the horrible process. The present descriptive analytical study will try to tackle the sum of the above concepts and ideas. It is divided into two sections: The first section is composed of two parts: The first one is devoted to the concept of Anfal, while the second part studies the Kurdish "Hora". The second section which is entitled "The reflection of Anfal in the different sorts of religious hymns and Hora in Garmian", will be devoted to explanation and analysis of religious hymns and Hora through poetic and illuminator extracts.

Key words: Genocide, Anfal, The art of songs, hymn, Hora.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی:

لە تراژیدیا و تاوانی ئەنفالدا، تەنها مرۆڤەکان بە هەموو خەون و خەیاڵ و ئارەزووە مرۆڤینییەکانیانەوە کۆچیان نەکرد، لەگەڵ خۆیاندا بەشێک لە کولتوور و زمان و وشە و ئاواز و گۆرانییە کوردییەکانیشیان برد. دواتریش تراژیدیای ئەنفال بووە هەوێنی شیعرگەلێک کە لە ڕێگە و دەلاقەی سۆز و هۆرەوە دەربڕدران.

کێشەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە تاچەند تراژیدیایەکی گەورەی وەک ئەنفال ڕەنگی داوەتەوە لای هۆرەچڕ و سۆچڕەکانی ناوچەی گەرمیان؟

گرنگی توێژینەوەکە:

١-توێژینەوەکە کاری لەسەر بابەتێک کردووە، کە لە ناوەندی ئەکادیمی و ڕەخنەدا کەم کاری لەسەرکراوە.

٢-بابەت و تێمایەکی بەرباس داوە، کە پێشووتر لە شیعری کوردیدا نەبینراوە.

٣-توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئەو توێژەر و ڕەخنەگرانەی لەم ڕووەوە کاردەکەن.

ئامانجی توێژینەوەکە:

١-دەرخستنی توانای هۆرە و سۆزچڕەکانی گەرمیان، لە لاکردنەوە و بەرباسدانی تراژیدیای ئەنفال.

٢-کۆکردنەوە و ناساندنی ئەو کەس و بەیت و دێڕە شیعریانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتوون و پاراستنیان.

سنووری توێژینەوەکە:

ڕۆژهەڵات و باشوور بە گشتی و گەرمیان بە تایبەتی.

میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفیی مێژوویی.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: لە پێشەکییەک و دوو بەش پێک دێت:

بەشی یەکەم: دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا چەمک و زاراوەی ئەنفال بەرباس دەدرێن. لە تەوەری دووەمیشدا چەمک و زاراوەی هۆرە و سۆز دەخرێنە ڕوو.

بەشی دووەم: کە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە هەوا جیاوازەکانی سۆز و هۆرەدا لە گەرمیان)، تێیدا بە نموونەی شیعریی هۆرە و سۆزەوە دەخرێنە ڕوو.

بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکەکانی (ئەنفال، هۆرە، سۆز)

تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی ئەنفال:

ئەنفال کۆی وشەی (نفل)ی عەرەبییە، بە مانای (دەسکەوت و دیاریی دێت)(ابن منطور، ١٩٩٥: ٢٤٤)، سەرەڕای ئەو واتانەش لە فەرهەنگی (المنجد)دا، بە واتای (زیادە) ش هاتووە (المنجد، ١٩٧٣: ٨٢٨). لە قورئانی پیرۆزیشدا سوورەتێک هەیە بە ناوی (الانفال) کە هەشتەمین سوورەتە، خوای گەورە دەفەرموێت: (یسئلونک عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله ورسوله إن کنتم مؤمنین)(القرآن الکریم، ١٩٩٩: ١٧٧).

لە تەفسیری (شنەی ڕحمەت) دا، بەرگی یەکەم وا مانا کراوە: ((دەربارەی دەسکەوتی جەنگەوە پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ دەسکەوتی جەنگ ئی خودا و پێغەمبەرە، جا لە خودا بترسن، سوڵح و سەفا لە نێو خۆتاندا دەرێ خەن، وە لە خودا و پێغەمبەرەکەی فەرمانبەرداری بکەن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن))(خوڕڕەم دڵ، ٢١٠٥: ٤٩١). ئەنفال پرۆسەیەکی مەترسیدار و کوشندە بوو، بووە هۆی چۆڵکردنی ناوچەگەلێکی فراوانی ئەم نیشتمانە لە دانیشتووان و خەڵکەکەی و تاراندنیان لە زێد و خاک و فۆلکلۆر و زمان و سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی و دابونەریت و دابڕانیان لە مێژووی ناوچەکە و داماڵینیان لە خاوەندارێتی و حەرامکردنی ڕابردوو و یادەوەرییەکانیان.

ئەنفال یا جینۆسایدکردن و قڕکردن و بنەبڕکردنی تۆرمەی گەلی کوردە لە باشووردا، زوڵم و زۆر و تراژیدییایەکی سامناک و بێوێنە بوو لە کۆتایی سەددەی بیستەمی مێژووی جیهاندا (باوەڕ، ١٩٩٩: ٦٢).

ئەنفال بارودۆخ و شڵەژانێکی ئەوتۆی خولقاند وەک ڕۆژی حەشر بوو، خەڵک نەیاندەزانی چیبکەن و بۆ کوێ بڕۆن، هەر چوار لا دوژمن بوو، هەندێ ڕوویان کردە لای دەسەڵات، هەندێکیش مانەوە و خۆیان حەشار دا، زۆربەش ڕاپێچکران و پێچرانەوە بۆ کەمپەکان و قەڵا و بەندیخانە و لەوێشەوە بۆ بیابانی عەرعەر و نوگرە سەلمان.

لەو بارەیەوە هاتووە: ((ئەنفال کارەساتێکی نەتەوەیی بوو کە کردەوەکانی ڕەشەکوژی، قەڵاچۆکردن، بە کوێلەکردنی کورد و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان سەر دێر و لاپەڕەکانی بوون)) (ئەمین، ٢٠٠٨: ١١٦).

ئەنفالکراوان لە بارێکی دەروونی خراپدا دەژیان، قەڵایەکی سارد لە زستان و گەرم لە هاویندا، درم و نەخۆشیی کولێرە، برسێتی و تینوویەتی، مردنی ڕۆژانەی پیرەژن و پیرەمێرد و منداڵ، ئەشکەنجە و ئازاری دەروونی، ڕۆژگاری وا تەنگ، مەگەر هەر بە سەر کوردا هاتبێت.

ڕۆژانە دەیان دەروێش و هۆرەچڕ و مەقامخوێن بە سۆز و هۆرە و مەقام ناخی دەروونی خۆیان دەردەبڕی، ئەڵڵاوەیسی، خورشیدی، پاوەموری، غەریبی لەو بیابانە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وەک خاوەنەکانیان گۆڕ غەریب بوون. ئەنفال بووە گۆڕستانی سەدان بەیاز و دەستنووس، پەند و ئیدیۆم، حیکایەت، دیوانە شیعر و سەدان مزگەوت و قوتابخانە و خانەقای وێران کرد، یادەوەری و ژیاننامەی دڵدارانی گۆڕغەریب کرد، ئەنفال بەگشتی ئەم کاریگەریانەی بەجێهێشت:

١. کاریگەریی ئابووری.
٢. کاریگەریی سیاسی
٣. کاریگەریی دیمۆگرافی. (سابیر، ٢٠٠٨: ١٣٨–١٤٥).

لە سەر خێزانی کوردیش ئەم جێکەوت و کاریگەرییانەی بووە:

١. کاریگەری کۆمەڵایەتی
٢. کاریگەری ئابووری
٣. کاریگەری دەروونی
٤. کاریگەری سیاسی (سەرچاوەی پێشوو: ١٣٨_ ١٤٥).

تەوەری دووەم: زاراوە و چەمکی هۆرە و سۆز

یەکەم: هۆرە

مرۆڤ لە سەرەتادا لە ئەشکەوت و دارستاندا ژیاوە، گوێی لە دەنگی ئاژەڵ، گیانداری کێوی، باڵندە، دەنگی با، خوڕەی ئاو و هەورەگرمە و ... هتد، دەگرت. چێژی لە دەنگەکان وەردەگرت، هەڵسوکەوت و لاسایی دەنگەکانی دەکردەوە، ئەمانە سەرەتایەک بوون بۆ لە دایکبوونی ئاواز و (جووڵە) و سەما، کەواتە هونەری سەما و ئاواز و گۆرانی لە یەک سەردەم و ڕۆژگاردا سەریان هەڵداوە(تاجبەخش، ٢٠١١: ٥١).

لە پاڵ سەمای تاکەکەسیدا سەمای بە کۆمەڵ (هەڵپەڕکێ)یش هاتە کایەوە، وردە وردە سرووودی جەنگیش لە شەڕەکاندا دەخوێنرا (بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران)، وەک چۆن کوردان لە جەنگدا هۆرەیان چڕیوە و تەپڵیان لێداوە لە گردبوونەوە ئاینییەکانیشدا جووڵە و سەما دەکرا، ئاوازی تایبەت دەچڕا، ئەو جووڵە و سەما گۆرانییە تایبەتانە بۆ ڕازیکردنی خواکانیان بووە (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥١).

(هۆرە) لە سروشت کارکردنەوە سەری هەڵداوە لە پێش ئاینی خۆرپەرستییەوە هەبووە، لە دوای نیشتەجێبوون جێگیربوونی ئارییەکان، ئاین سەری هەڵدا لەوانەش خۆرپەرستی (میهر پەرستی) (هەمان سەرچاوەی پێشووتر: ٣٧).

دوعا و نزا و پاڕانەوە بە تاک و یا کۆمەڵ بۆ خواوەندەکان لە پەرستگەکاندا کراوە، چڕین و زەنگلێدان لە ئاینی میهر و مەسیحییەتدا هەبووە، ئێستاش لە دووەمیاندا ماوە (هەمان سەرچاوە: ١٤٧). وەک ئاماژەی بۆ کرا (هوەرە) لە سەردەمی خۆرپەرستیدا هەبووە، ناوەکەیشی هەر لە خواوەندی خۆرەوە هاتووە.

وشەی (هوەرە) ئاوێستاییە، بە مانای (خۆرە) دێت، لە سانسکریتیدا (سوەرە)یە، هەمان مانایان هەیە (پوور داود، ١٣٧٧: ٣٠٤)، دەنگی (س) لە (سوەرە)ی سانسکریتییەوە گۆڕاوە بۆ دەنگی (هـ) لە ئاوێستادا، دەنگگۆڕکێ لە سانسکریتی و ئاڤێستادا هەبووە، زۆرجار دەنگی (س) لە سانسکریتیدا بووەتە (هـ) لە ئاڤیستادا (محمد، ١٩٧٨: ١٦). لە پەهلەویشدا (هورک)، (خورک)ی لێکەوتووەتەوە، دواییش بوونەتە (خوەرە) (قبادی، ١٣٩١ ١٩).

(هوەرە)ی ئاوێستایی لە زمانی کوردیدا وشەگەلی (هور، هۆر، وەر)ی لێکەوتووەتەوە، کە مانای خۆر دەدەن. هەر سێ واژەکە ئامرازی وشە داڕێژەریان (ە) چووەتە سەر بۆ چڕکردنەوەی واتا، بوونەتە (هورە، هۆرە، وەرە) ناون بۆ ئاوازگەلێکی ئاینی دێرینی ڕەسەنی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت (هۆرە) لە سەردەمی خۆرپەرستیدا هەبووە و بانگ و نزا و نیاییش و پاڕانەوە بووە بۆ خواوەندی (خۆر) دواتریش بۆ نیاییش و ستایشی (ئاهورامەزدا). دوای ئەوەش بە شێوازی دی لە ڕێبازە ئاینییە کوردییەکان و ئاینی (ئەهلی حەق) خۆی نواند.

هەر ئەو هۆکارە ئاینییە نەمری و تەمەنی درێژی بە (هۆرە) داوە، تا ئێستاش لە سنووری جوگرافیای خۆیدا بۆ زۆربەی زۆری ڕووداو و بۆنەکانی کوردەواری دەچڕێت، هەموویان هەوا (ئاواز) و شیعری تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەمان لە سەر وشەی (هۆرە) کە لە خۆرەوە هاتبێ، مەقامی (خورشیدی) یشمان هەیە، (خورشید) کە مانای خۆر یا خۆری درەوشاوە دەدات لە (هوەرخشئەتە) ی ئاوێستاییەوە هاتووە لە پەهلەویدا بووەتە (خوەرشت)، (خوەر) مانای (خۆرە) (شت) مانای درەخشانە، هەردووکیان بە سەریەکەوە واتای (خوری درەخشان)، (خوەر) بووە بە (خور) (شت) یش بووە بە (شید)، بە سەر یەکەوە بوون بە (خورشید) (پوور داود، ١٣٧٧: ٣٠٤).

لە زمانی کوردیشدا مەقامێکی کۆنمان هەیە بە ناوی (خورشیدی)، (خورشید) ئامرازی (ی) وشە داڕێژەری چووەتە سەر بووەتە (خورشیدی)، کە مەقامێکی تایبەتە و تا ئێستاش دەیچڕن، دوور نییە ئەم مەقامەش پەیوەندی بە خواوەندی (خۆرە) هەبێت و سرووت و عیبادەتی بەیانیان بوو بێت لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا، هەروەها لە سەردەمی خەسرەوی پەروێزیشدا (٣٦٦ـ٥٩١م) گۆرانییەک هەبووە بە ناوی (ئارایش ئی خورشید) بە واتای ئارایشتی خۆر.

ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بێژین ڕەگ و ڕیشەی ئاینییان هەبووبێت و پەیوەندییان

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بە خواوەندی خۆرەوە هەبێت.

(هۆرە) لەو سەردەمەدا برەوی هەبووە، پرۆفیسۆر فەرەیدونی جونەیدی لەو بارەوەیەوە دەڵێت: ((هۆرە ئاوازێکی ڕەسەنی خەڵکی کوردە، کاتی خۆی (بار بەد و نەکیسا) کە دوو هونەرمەندی بەناوبانگی دەرباری خەسرەوی پەرویز بوونە، بە هۆرە ئاهەنگیان بۆ شیرین و خەسرەو سازکردووە)) (قەرەداغی، ٢٠١٠: ٢٣٦).

هۆرە سەرەڕای ئەرکە ئاینییەکەی تێکەڵ بە لایەنەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی کوردان بووە و شۆڕ بووەتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی گوزەرانی خەڵک لە خۆشی و ناخۆشیدا، کارەسات، غەریبی، کۆست و دابڕان هاوڕێ و هاوسەفەری بووە.

هۆرە کانییەکە لە کۆنەوە لە خاکی دێرینی کوردا هەڵدەقوڵێت، هەر تیرە و تایفە و هۆز و ناوچەیەک لێیخواردووەتەوە و مۆرکی تایبەتی خۆی لێداوە، وەک: کەڵهوڕی، قەڵخانی، جافی، ئەیوانی و لەکی و ... هتد.

هەواکانی زۆرن تایبەتمەندی ناوچە و هۆزەکانی وەرگرتووە دەتوانین بەم شێوە شێوازەکانی دیاری بکەین: گۆران، کەڵهوڕی، جافی، سۆز، هەر شێوازە و هەوای فرە و جۆراو جۆری هەیە وەک: دوردەنگی، باریە، پاوەمودری، بان بنەیی، کۆچڕ، ناوداری، غەریوی، کەساسی، کچانە، ... هتد(قادر، ٢٠١٨: ٩١).

لەبارەی جوگرافیای هۆرەشەوە، سنوورێکی فراوانی هەیە لە ڕۆژهەڵات و باشوور وەک: کرماشان، قەسری شیرین، ئیلام، ئەیوان، گەیلان، سەرپێڵ و زەهاو، داڵەهۆ، کامیاران، جوانڕۆ، گەرمیان، گوێ چەمی سیروان، شارەزوور، بەشێ لە سنووری دوکان، بەشێکی قەرەداغ، کەلار، ڕزگاری و سەنگاو و ... هتد(قادر، ١٩٩٨: ٦)

سەبارەت بە شیعری هۆرەش کە کاری توێژینەوەکەیە، زۆربەی زۆری گۆرانییە کۆنەکانی کوردی (بەیت، بەیت)ە کێشەکەشی (١٠) دە بڕگەییە و سەرواداره، زۆرجار بەیتەکان پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، لە دەقە ئاینییە زۆر کۆنەکاندا هاتووە ئەویش زوبانی پەهلەوی (آثار) مانوی و ئەشکانی و ساسانیدا دیارە، هەروەها لە گاتەکاندا شیعری یازدە، دوازدە، شازدە، نۆزدە بڕگەیی هەیە، لە یەشتاکاندا زۆربەی شیعرەکان (٨) بڕگەیین، شیعری (١٠) بڕگەیی و (١٢) دوانزە بڕگەیش هەیە (صفی زادە، ١٣٧٦: ١٤).

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەو شیعرانەی بە هۆرە دەوترێنەوە (١٠) دە بڕگەیین، بنزاری (کەڵهوڕی، جافی، لەکی، گۆران)ن، لە کاتی وتنی شیعری هۆرەدا (نێوەندە وشە) زیاد دەکرێت، کە وشەیە یا چەند وشەیەکە دەخرێتە نێو شیعرەکەوە کە لە شیعرەکەدا نییە، دیارە بۆ هاوسەنگ کردنی ئاواز و شیعرەکەیە، وەک:

زەڕەی یە دەسی (وەڵڵا) پاوەن لە پامە

لەی شائەبادە کێ هەواخوامە.

(وەڵڵا) نێوەندەشەیە.

دووەم سۆز:

سۆز وهۆرە یەک تۆرمە و ڕەچەڵەکن، کامیان پێشتر سەری هەڵداوە؟ ڕای جیاواز لەو بارەوە هەیە.

هۆرە ئاوازگەلێکی سەرەتایی ژیانی ناو سروشت و ئەشکەوت و کارکردنە، دوای دەرکەوتنی ئاین لقێکی لە خزمەتی دەقە ئاینی و نیاییش وشتایشی خوداوەندا بووە و مۆرکی ئاینی بەخۆیەوە ناوە، دواتر بە سۆز ناسرا. سۆز، هۆرەیەکی ئاینییە، دەروێش و سۆفی لە ناخی دەروونەوە جۆش دەخۆن، خەمخەی یادی ڕۆژی دوایی و حسابی قەبر و قیامەت، خودا و پێغەمبەر (د.خ) و پیرەکەی لێی دەدات پەیوەندییەک لە نێوان خۆی و ئەواندا دەکێشێت، بۆیە بێپەروا، بانگی لێ بەرز دەبێتەوە و بە هەوایەکی دڵگیر و خەمناک تێکەڵ بە لەرز و گریان و جووڵە و بە کوڵ پەیامەکەی دەگەیەنێت، ئەمە بارودۆخێکە پێیدەڵێن (ئەحواڵ) یا (جەزبە)، ئەدای سۆز و هۆرە لە یەک جودان، ئەم لقانە لەگەڵ ژیاندا هاتوون و شۆڕبوونەتەوە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵ، بوونەتە بەشێک لە خەڵک و مانەوەیان پەیوەستە بە مانەوەی خەڵکەوە(قادر، ٢٠١٨: ٩٣).

لە ئەنفالدا هۆرە و سۆزیش لەگەڵ خاوەنەکانیاندا ئەنفالکران دەیان ئاواز وبەیت و شیعری هۆرە و سۆزیش لە گەڵ ژن و کۆرپە و پیاو و گەورە و بچووکدا زیندەچاڵکران، تا ئێستا سەرێکیان لە نیشتمان نەدایەوە.

جێگەی ئاماژەیە پیرەمێردەکان لە نوگرە سەلماندا، کزە، لۆرە، کەساسی، غەریوی، پاوەموورییان بۆ باری غەریبی و بێدەسەڵاتی و کەساسی خۆیان دەچڕی و دەگریان، هەندێکی تریان سۆزیان دەکرد، ژنەکانیش بۆ کەسوکار و وڵات هۆرەی پاوەموورییان دەچڕی، هیی واش هەبوو دیلاواندەوە و ژنان لە دەوریان چەمەرەیان دەبەست و دەگریان پیاویش هەبوو ئەڵلاوەیسی دەوت(عبدالقادر و جبار و محمد، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

نموونەی ئەوانەش، دەروێش عەزیز، حاجی سەعید، حاجی احمد، خاوەر اسماعیل جبار، ئافتاو مەنسوور، بەهییە خێزانی کریم خاسە)، (هەمان سەرچاوە).

بەشی دووەم: پراکتیزە و ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە شیعری هۆرە و سۆزدا

ئەنفال تراژیدیایەکی وای دروستکردبوو، داخ و ژانی نابووە دڵ و دەروونی هەموو کەسێکدا، خەڵک بۆکڕووز و چرەدوکەڵ لە دەروونییەوە هەڵدەستا و سەری دەکرد، لەوانە هۆرەچڕەکان شیعریان بۆ دەوتن، بە هەوای سۆز و هۆرە دەیانچڕی، قرچە و هەڵبەز و دابەزی بریشکەی دەروونیان بۆ ئاسمان سەری دەکرد و ڕووداوەکەیان دەگێڕایەوە، وەک لەم شیعرەدا کە تایبەت بە هۆرە نووسراوە، هاتووە:

لە دەشتی داویە، تا نوگرە سەلمان

پڕ لە جەنازەی کوردی بێتاوان (مێوەکە، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە کارەساتی ئەنفالدا جیاوازی نەبوو، گەنج، پیر، ژن، پیاو و منال هەمووی بە قۆلبەستراویی کردە گەرووی ئاشی ژێر لم و نوگرە سەلماندا و زیندەبەچالکران، بۆیە هۆرەچڕ بانگی لێ بەرز دەبێتەوە و هاوار دەکات و دەڵێت:

چەن پیاوی ماقووڵ خاوەن دیوەخان

کەلەبچە کران بۆ نوگرە سەلمان (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ڕۆژگارێکی سەخت بوو، بایەقووشی بێدەسەلاتی بە سەر سەدان دێدا دەیخوێند، شکۆی شەرەف لەکەدارکرا، پەتی تاوان دەخرایە مل فریشتە و جوانیی دوژمنی گیان بوو، ئەمانە مەگەر بە هەوای پاوەمووری و چەمەوەلی و شیوەنی ئەبەدیی لە شیعری هۆرەچڕاندا بانگی نەمری بۆ هەڵبدەن... وەکو لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە:

چەن کچەعازو تەمەن چواردە ساڵ

گشت وەبێ تاوان خرایە ژێر چاڵ (هەمان سەرچاوە).

جەستەی نیشتمان بێژراوە، برینی بێدەرمانیی ئەنفالیش ئازاری سەخت و قووڵی پێمان چەشت، بانگ و سەلا و شیوەن، پرسەی خستە هەموو ماڵێکەوە، هۆرەچڕ واباسی دەکات و دەڵێت:

ئەنفال برینی جەستەی نیشتمان

ئەنفال ئازاری دڵی گشتمان (سعید، ٢٠٢٤: گفتوگۆ)

ساڵی (١٩٨٨) هەزار و نۆسەد و هەشتاو هەشت، ساڵی قڕان و کۆچی بە کۆمەڵی گوندنشینانی وڵات بوو، ئەو ساڵەی بەهاری تەمەنی کردە پایز و هەڵوەرین، گەروویەکی خەمگینی هۆرەش ڕوو لە دونیا دەکات و دەڵێت:

ساڵی هەشتاو هەشت، کۆچی ئازیزان

وەهاری کردە پایز و خەزان (هەمان سەرچاوە).

ئەنفال بایەقوشی وێرانە بوو، ساڵی ڕەشی نەگبەتی و ئاوەدانی بوو، ساڵی لووشدانی گوندنشینان بوو، مردنی دەستە جەمی و زیندەبەچاڵکردن بوو، بەڵایەکی ڕەش و ڕەشەکوژی کورد بوو، ساڵێکی شوومی لە بیرنەکراو بوو، بۆیە هۆرەچڕ دەڵێت:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەهاری ڕەشی ئەو هەشتاوهەشتە

بوو بە نەگبەتی خەڵکی ئەو دەشتە

هیچ فەرقی نەبوو، لاو و پیر و جوان

هەمووی ئەنفالکرد بۆ نوگرە سەلمان

ساڵی هەشتاوهەشت لەگەڵ حەفتاونۆ

یاخوا هەر بڕوا ئیتر نەیەتۆ (حمەامین، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

دوای ئەنفال دێهات چۆڵ بوو، کەس نەدەبینرا، تەیمانتەن بوو، هەندێ کەس ڕزگار بوو و خۆی حەشاردا بوو، لە بەرزاییەکانەوە سەرەتاتکێی لە گەڵ گوندە وێرانەکانی گەرمیان دەکرد، هەر چۆنێک بوو کەمێک سووکنایی دەدات وەک دەڵێت:

با بکەین وەبان بەرزی چوارملان

بکەین سەیرێکی چۆڵیەکەی گەرمیان (هەمان سەرچاوە).

سۆزیش وەک ئاماژەمان پێکرد جۆشخواردنێکی هەناوە، مەیل و دووری و دابڕان، بیری لەیل، دیار و قیامەت تێدا پەنگی خواردووەتەوە، هەستی کەسەکە دێنێتە کوڵ لە قوڵایی دەروونییەوە سەر دەکات و بانگی لێبەرز دەبێتەوە بە گریانی بە کوڵەوە بۆ دووری و دابڕانی پیرەکەی و تەکیە و خانەقاکەی یادگاری ئاوەڵدەروێشەکانی کۆڕی زیکر، ترنگەی تەپڵ و دەنگی دەف و حەمەد دایم و ئەڵڵا حەی ئەڵڵا تابلۆیەکی تەماوی و خەماوی وتراژیدیایی دەسازێنێت. کاتێک پیرەکەی ئەنفالکراوە، تەکییە کەلاوەیە، مورید ئاوارەیە و دەسوڕێتەوە، وەک دەڵێت:

دەروێش سووڕ ئەخوا کۆڵ بە کۆڵەوە

پاڵیدا وە پاڵ تەکییەی چۆڵەوە (مستەفا، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

ئەو بارە دەروونییە دانامرکێتەوە داوای لە شێخی ئەنفالکراو دەکات و دەڵێت:

بانگکە لە دەروێش، دەروێش نەویت وێڵ

سەرگەردان بوونە ئەڕۆن خێڵەوخێڵ (مێوەکە، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

دەروێش کوڵی دانامرکێتەوە، بیری ئەو شوێنانە دەکاتەوە کە جاران جمەی دەهات

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە دەروێشدا وکۆڕی زیکر و دەنگی تەپڵ و دەف ئەگەییە ئاسمان ئێستا چۆڵەو وێرانەیە، بۆیە ڕوودەکاتە لەیلەکەی و دەڵێت:

ئەو جێگەو بانە تۆ گریای پیایا

ئێستا بایەقوش ئەخوێنێ تیایا (هەمان سەرچاوە).

(شێخ حوسەینی هەزارکانی) کەسایەتییەکی گەورەی گەرمیان و شێخێکی مەزنی ئیرشاد بوو، خاوەنی تەکییە ومەقامی خۆی بوو، دەروێش و موریدی زۆری هەبوو پیاوێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دیاری ناوچەکە بوو، نیشتمانپەروەرێکی بێوێنە و خاوەن هەڵوێست بوو، ئەویش وەک هەموو خەڵکی ئەنفالکرا، پیاوانی دەسەڵات هەڵیان وێرا لە خەڵکەکە، کە ئازادی بکەن، بەڵام ئەو مەردە ڕەتی کردەوە و وتی: حاڵی منیش حاڵی ئەو خەڵکەیە، ئەگەر هەموومان پێکەوە بەر نەدەن ئەوا منیش لە زیندان نایەمە دەرەوە. (سابیر: ٢٠٢٣: ٧٦)، ئەوە بوو زریان و گێژەڵووکەی ئەنفال ئەویشی لوولدا و نەگەڕایەوە، بۆیە دەروێش نزا دەکات و دەڵێت:

یاخوا صەدام دوو کوڕەکەت مرێ

کێ دییە (حوسێن) ئەنفال بکرێ

حەمەڕەش کردییە وەپشت کەسنەزان

چاوەڕێی تۆیە لە نوگرە سەلمان (مێوەکە، ٢٠٢٣: گفتوگۆ).

دەروێش وموریدەکانی چاوەڕوانن و خەون بە هاتنەوەیەوە دەبینن بۆیە دەڵێن:

درنگەی تەپڵێ تێ لە سەر سیروانۆ

کاک حوسەینە تێت، لە گەرمیانۆ (هەمان سەرچاوە).

دەروێشەکان دڵیان ئاو ناخواتەوە سەردانی عەرعەر ونوگرە سەلمان دەکەن بۆ دوا مەنزڵی شێخی گەورە بە دەم گریان و ئەحواڵەوە دەڵێن:

من چوومە عەرعەر خواری عەرەبستان

بانگم کرد (حوسەین) کوا ئەنفالەکان (مستەفا، ٢٠٢٣: گفتوگۆ).

هەروەها باری حوکم و جێوڕێگەیان باس دەکات و بەزمانی ئەنفالەکانەوە، بە سۆزەوە دەڵێن:

پرسیم لە حاکم حوکمەکەم چەنە

ژێرم چیمەنتۆ دەورم تەلبەنە (هەمان سەرچاوە).

دەروێش یادی شێخەکەیان دەکەنەوە و بیری دەکەن، سوێند دەخۆن هەتا ڕۆژی قیامەت لە بیریان نەچێت، چونکە زیندەچاڵ و گۆڕ غەریب کراوە، پیرەکەی لا نەماوە و گواستوویانەتەوە بۆ زیندانێکی دووری هەتاهەتایی، جارێکی تر چاویان پێی ناکەوێتەوە، بۆیە دەڵێت:

شەرتە تا مەحشەر نەچی لە بیرم

بە بۆنەی تۆوە کۆت و زەنجیرم

عەشرەت بێتە دیار شیوەن کەردنم

خاکی غەریبی بووە مەسکەنم

کەس لۆمەم نەکا گرم گرتووە

شێخی نازدارمیان لام بار کردووە (مستەفا، ٢٠٢٤: گفتوگۆ).

ئەنجام

لەم توێژینەوەدا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بۆ تراژیدیای ئەنفال، دەیان دەروێش، هۆرەچڕ و مەقامخوێن بە سۆز، هۆرە، مەقام ناخ و دەروونی خۆیان دەردەبڕی بە چەندین جۆر.

٢. دەیان ئاوازی هۆرە، سۆز و شیعر لە سینەی خاوەنەکانیاندا تاساند و زیندەبەچاڵ و ئەنفالیان کردن.

٣. لە دێڕ و بەیتەکانی هۆرە و سۆزدا وێنەی پێشەوای ئاینی و جوامێر و قارەمان و نیشتمانپەروەر بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە و وێنای کەسانی ئەنفالکراویان بە جوانی کێشاوە .

٤. شیعرەکانی هۆرە و سۆز سادە و ساکارن، چونکە دەلالەت لە سادە و ساکاریی خاوەنەکانیان دەکات. شیعرەکان هەموویان لەسەر کێشی دەبڕگەیی و سەروای مەسنەویین، ئەمەش، تەواو کێش و سەروایەکی کوردیی خۆماڵییە.

٥. تێپەڕاندنی سۆز لە بابەتی ئاینییەوە، بۆ خستنەڕووی ڕووداوە تراژیدیایەکان و پرسی نەتەوایەتی.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشنیاز و ڕاسپاردە:

١-دانانی دامەزراوەیەکی هونەری سەبارەت بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ناساندنی کۆی ئەو کەس و شیعرانەی کە بۆ تراژیدیا گەورەکانی کورد نووسیویانە و نووسراون.

٢-دانانی ئەم بابەتە لە پرۆگرامی پەیمانگا و کۆلێژە هونەرییەکان لە کوردستاندا.

سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی

- تاج بەخش، د. ئەحمەد(٢٠١١)، مێژوویەکی کورتی شارستانییەت و فەرهەنگی ئێران لەپێش ئیسلامدا، وەرگێڕانی: وریا قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
-خوڕڕەم دل، موستەفا(١٣٩٤)، شنەی ڕەحمەت، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، تەهران، نەشر ئیحسان.
-سابیر، نەوشیروان(٢٠٠٨)، کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر خێزانی کورد، گۆڤاری عەرعەر، ساڵی سێیەم، ژمارە سێ.
-سەفی زادە، فاروق (١٣٧٦)، گۆڤاری شیعر، تەهران، ژمارە (٢١)، مؤسسە انتشارات شورە.
-شەریف، سمکۆ سابیر (٢٠٢٣)، نوگرە سەلمان قەڵای مەرگ و پاکتاوی نەژادیی، چاپی یەکەم، تاران.
قادر، عەبدوڵا حەسەن (١٩٩٨)، هۆرە، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ١٧، سلێمانی، مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
-قادر، عەبدوڵا حەسەن (٢٠١٨)، هۆرە و ژیان و دەوروبەر، گۆڤاری یادی کەلار، ژمارە ٤٧، کەلار، گۆڤاری قایمقامیەتی قەزای کەلار.
-قادر، عەبدوڵا حەسەن (٢٠١٨)،هۆرە، گۆڤاری یادی کەلار، ژمارە ٤٨، کەلار، گۆڤاری قایمقامیەتی قەزای کەلار.
-قەرەداغی، ئەسعەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی موزیک، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریان.
-محمد، مسعود(٢٠٠٨)، زمانی کورد، و: حەکیم کاکەوەیس، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

-ابن منظور(١٩٩٩)، الطبعة الثالثة، الدار الاحياء، التراث العربی، بیروت لبنان جزء ١٤.
-المنجد، الابجدی(١٩٨٦)، دار المشرق، طبعة العاشرة.

سێیەم: بە زمانی فارسی

-پور داود، ابراهیم(١٣٧٧)، لیشت ها، جلد اول، چاپ اول، تهران، انتشارات اساطیر.
-قبادی، امیر علی نجف زادە(١٣٩١)، ادبیات عامە لکی، چاپ اول، خرم آباد، شاپور خواست.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چوارەم: گفتوگۆ و چاوپێکەوتن

-جبار، خاوەر اسماعیل(٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٢، شوێن: گوندی عەزیز قادر-کفری.
-عبدالقادر، فەریدە مجید(٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٢، شوێن: گوندی عەزیز قادر-کفری.
-قادر، احمد سعید ، (٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٣٠، شوێن: ناحیەی شێخ تەویل.
- مستەفا، نوری عبدالکریم (٢٠٢٤) گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٦، شوێن: مەنسوورئەلکان.
-محمد، ئەرکان حمە امین(٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٣٠، شوێن: ناحیەی شێخ تەویل-کەلار.
- محمد، ڕێباز غالب(٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٢، شوێن: گوندی عەزیز قادر-کفری.
-مێوەکە، والی حەمە کریم محمود (٢٠٢٤)، گفتوگۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٣، شوێن: مێوەکە-ناحیەی ڕزگاری.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕۆڵی گۆرانی و موزیك
لە وێناكردنی كۆمەڵكوژیەكانی گەلی كورد

سەرکەوت بورهان
serkawt.flute@gmail.com

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لە وێناکردنی کۆمەڵکوژیەکانی گەلی کورد)ە. گۆرانی و موزیک یەکێکە لەو هونەرانەی بەردەوام ئامادەیی هەیە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی موزیک لەگەڵیدا گەشەی کردووەو، چەندین فۆڕم و شێوە گۆرانی کوردی مۆرکی ڕەسەنایەتی گەلەکەمانن و، ناسنامەی شارستانیەتی ئێمەن.

(بەیت) یەکێکە لەو فۆرمە گۆرانیانەی کوردی کە لە زۆربەی ناوچەو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، لەناو (بەیت)دا وێنایەکی کاریگەری ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە پارێزراون.

(لاوک) لەناو ئەو فۆرمەدا سەدان نمونەی گێڕانەوەی ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە بە دیدەکرێت، بۆ نمونە (کاوێس ئاغا) چەندین بەیتی لەو بارەیەوە هەیە، بەیتی (شێخ مەحمود) نموونەیەکە کەلەو توێژینەوەیەدا شیکراوەتەوەو باس دەکرێت....

(لای لایە) یەکێکە لەو فۆڕمانەی گۆرانی کوردی کە تایبەتمەندی هونەری ژنانەیەو، ژنی کورد داهێنەرو، خاوەنداریێتی ئەو فۆرمەی گۆرانی کوردی دەکات، لە تەواوی ناوچەو شێوەزارەکاندا (لای لایە) دەگوترێت، مێژووی (لای لایە) لەگەڵ مێژووی بێشکەو، لانکی کوردەواری سەری هەڵداوە.

(شینگێڕی و سەردولکە) یەکێکی ترن لەو فۆڕمی گۆرانی کوردەوارییانەی، کە وەک (لای لایە) ژنان خاوەنداریتی دەکەن و دەیڵێنەوە، تەواوی ناوەرۆکی (شینگێڕی و سەردولکەکان) تراژیدی و ڕووداوە کۆمەڵکوژی و جەرگبرەکان دەگێڕنەوە.

(سروود) سروودە کوردییەکان هەم جۆش و خرۆش و ڕۆحی فیداکاریان لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا پاراستووە، هەم وێنای کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێن و کۆمەڵکوژیەکانی کوردەوارییان کردووە.

(گۆرانی نیشتمانی) هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لەو بوارەدا زۆر دەوڵەمەند و خەرمان بەرەکەتە، سەدان هونەرمەندی کورد گۆرانی نیشتمانیان هەیەو، لەناو ئەو گۆرانیانەشدا ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە ڕەنگیان داوەتەوە.

زۆر لایەنی تری (ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لە وێنا کردنی کۆمەڵکوژییەکانی کورد)، لەو توێژینەوەیەدا شرۆڤە دەکرێن و دەخرێنە بەرباس....

کلیلە وشە: کۆمەڵکوژی کورد، گۆرانی و موزیک، وێناکردن.

"The Role of Song and Music in Depicting the Kurdish Genocide"

Researcher: Sarkawt Burhan

Abstract

This study is titled "The Role of Song and Music in Depicting the Kurdish Genocide". Song and music are constantly present in human life. Music has been an integral part throughout the history of the Kurdish people, with various forms of Kurdish songs serving as distinctive symbols and hallmarks of our nation's authenticity and the identity of our civilization.

Ballad is a form of song that is prevalent in most parts of Kurdistan. Ballad songs have preserved powerful depictions of massacres and tragedies.

Storytelling chants (Lawik) also depicts hundreds of narratives of such massacres and calamities. For

instance, Kawes Agha has numerous Ballads in this regard. A notable example is the ballad dedicated to Sheikh Mahmood, which is analysed and discussed in this study.

Lullaby is a distinct form of Kurdish song that is emblematic of women's artistic expression. Kurdish women are both the inventor and owner of this type of song, which is sung across all regions and dialects. Lullaby has been practiced ever since the Kurdish cradle was invented.

Lamentations and Elegies are traditional forms of Kurdish songs. Much like lullabies, these are also traditionally owned and performed by women. The contents of these songs exclusively narrate the tragic and genocidal events experienced by the Kurdish people.

The Kurdish "anthems" have not only preserved the spirit of enthusiasm and sacrifice within Kurdish society, but also depicted the tragedies, massacres, and genocides befell the Kurdish people.

(National Music) Kurdish national songs and music are exceptionally rich in this domain. Hundreds of artists have sung national songs that poignantly reflect the massacres and tragedies endured by the Kurdish people.

In short, this study explores various aspects related to the role of songs and music in depicting Kurdish genocides.

Key words

Kurdish Genocide, Music and Songs, Depiction.

دور الأغنية والموسيقى في تصور الإبادة الجماعية الكردية

سركوت برهان

ملخص

عنوان البحث هو «دور الأغنية والموسيقى في تصور الإبادة الجماعية الكردية». الغناء والموسيقى من الفنون التي لا زالت حاضرة في حياة الإنسان، وقد تطورحياة الشعب الكردي عبر تاريخه مع الموسيقى، وهناك عديد من الاشكال للأغانى الكردية التى تمثل طابع لأصالة شعبنا و هوية حضاراتنا.

(بيت) هو أحد أشكال الأغاني الكردية الموجودة في معظم مناطق وأجزاء كردستان و تحتفظ بها كصورة للأبادة و الكوارث في مضمون ال (بيت).

وهناك مئات الأمثلة على هذه المجازر والمآسي بهذا الشكل، فمثلا نجد أن الفنان (كاويس آغا) قد ذكر عدة أبيات في هذا الشأن، وبيت الشيخ محمود هو أحد الأمثلة التي تم تحليلها ومناقشتها في هذه الدراسة.

(لاى لاية) هو أحد أشكال الأغنية الكردية التي تمثل الفن النسائي، والنساء الكرديات هن صانعات وصاحبات هذا الشكل من الأغنية الكردية. وتقال في جميع المناطق و اللهجات، ظهر تاريخ (لاى لاية) مع تاريخ مهد الكردى (بێشکەو لانکە).

«شینگێڕی» و»سەردولکە» (ول ولة- لطمية) هما شكل آخر من الأغاني الكردية، التي تملكها وتغنيها النساء مثل «لاي لاية». ولها طابع تراجيدى وتمثل الابادة و الحوادث المأساوية بشكل عام.

(الأناشيد) لقد حافظت الأناشيد الكردية على الحماس وروح التضحية في المجتمع الكردي، و أيضا صورت المآسي والأحداث المأساوية والإبادات الجماعية التي تعرض لها المجتمع الكردي.

الأغاني والموسيقى الوطنية الكردية كثيرة وغنية في هذا المجال، حيث أن مئات الفنانين الأكراد لديهم أغاني وطنية تعكس المجازر والمآسي.

ويتم شرح ومناقشة العديد من الجوانب الأخرى (دور الأغاني والموسيقى في وصف الإبادة الجماعية الكردية) في هذه الدراسة.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

لە ناوچەکەدا مێژوویەکی دوورو درێژە کورد بە جۆرەها شێوەو سیاسەت و جەنگ و چەکی جۆراو جۆر دژایەتی دەکرێت و جینۆساید دەکرێت و هەوڵی سڕینەوەو، لەناوبردنی دەدرێت. لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی مادەکانەوە جۆرەها مەرگەسات و کۆمەڵکوژی و جینۆساید ڕووبەڕومان بۆتەوە، لەگەل هەر یەکێک لەو تراژیدیاو کارەساتانەدا، گۆرانی و موزیک هیوایەکی بە مانەوەمان بەخشیوە، پشتیوانیەک بووە بۆ هەڵسانەوەو، بەرەنگاربوونەوەو، بەخشینی گیانی بەرگری و جۆشدان.

مەرگەسات و کارەساتەکان لە ناو چەندین فۆرمی گۆرانی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە وەک (بەیت، لاوک، لای لایە، سەردولکە، سروود، گۆرانی نیشتمانی....هتد).

لەم تویژینەوەیەدا ئەو جۆرانە وەک نمونە وەرگیراون، ئەوە بەو مانایە نیە لە فۆڕمەکانی تردا ئەو ڕووداو و کارەساتانە باس نەکرابن، بەڵام سنوری بابەتیی تویژینەوەکە ئەو چەند فۆرمە دەگرێتەوە.

ڕووداو و کارەسات و کۆمەڵکوژیەکان نەک هەر گێڕدراونەتەوە بەلکو لە ڕیگەی هونەرەوە گەیشتوونەتە تەواوی ناوچەکانی کوردستان و، دواتر وولاتانی دونیا. لە نووسینەوەی میژووی ئەو ڕووداوانەدا هونەر ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، بۆ نمونە (قەڵای دمدم) لە ریگەی هونەرەوە مێژووەکەی تۆمار کراوە، دواتر خرایە سەر کاغەزو نوسرایەوەو، دواتریش شاکاری گەورەی چیرۆک و رۆمانی لیدروستکران، وەک ئەوەی (عەرەبی شەممۆ) کردی. واتە کەرەستەی خاوی نوسین لەو کارەساتانەدا بەیت و لاوک و فۆڕمەکانی تری گۆرانی کوردی بووە.

بەشی یەکەم:

١-چوارچێوەی تیۆری تویژینەوەکە:

١-١ میتۆدی تویژینەوە:

ئەم تویژینەویە بە میتۆدی (وەصفی شیکاریی) ئامادەکراوە، بە مەرجەکانی تویژینەوەی چۆنیەتی qualitative research) پابەندە.

١-٢ کێشەی تویژینەوە:

١- ڕاستە ئەو کارەساتانە بەرهەمی هونەرییان بۆ دروستکراوە بەڵام تەواوی بەرهەمەکان لە دەزگاو شوێنێکی تایبەتدا کۆنەکراونەتەوەو، نەتوانراوە بپارێزرێن، بەڵکو بەشێک لەو بەرهەمانە ناویشیان نەماوە و وون کراون.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢- ڕاستە هونەرمەندان بەرهەمی هونەرییان بۆ ئەو ڕووداوانە داناوەو تۆمارکردووە، بەڵام دواتر نۆتەو سکۆرەکانی بەرهەمەکیانیان نەپاراستووە و، یاخوود بە زمانی نووسینی موزیکی نەیان نووسیوەتەوە.

٣- بەشێک لەو بەرهەمانە کە میللین و خۆماڵیین دەماو دەم و سینە بە سینە ماونەتەوەو، تۆمار نەکراوون، ئەوانیش بەرە بەرە لەناو دەچن.

٣-١ گرنگی توێژینەوە:

١- خستنە ڕووی زۆرینەی ئەو فۆرمانەی چرینی گۆرانین کە وێنای کۆمەلکوژیەکانیان کردووە.

٢- بە ئەرشیفکردن و دیکۆمێنتکردنی زۆرینەی ئەو بەرهەمانەی کە لەو بوارەدا دانراون و بڵاو کراونەتەوە.

٣- گرنگیدان بەو فۆرم و شێوە گۆرانیە کەلەپورییانەی کە سەردەمانێکە دەما دەم و لە سینەوە پارێزراون و گوزارشتیان لە کارەسات و ڕووداوە کۆمەلکوژیەکان کردووە، لە هەمان کاتیشدا لە ناوەندە هونەرییەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە گرنگیەوە سەیر نەکراون.

٤-١ ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لە وێناکردنی کۆمەڵکوژیەکانی گەلی کورد)ە چەند ئامانجێک لە خۆ دەگرێت، گرنگترینیان:

١- زیندو ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵکوژیانەی کەبەسەر گەلی کورددا هاتوون.

٢- هاندانی هونەرمەندانی کورد بۆ خولقاندنی شاکاری مەزنی هونەری و بەشداری کردنیان لە کۆنفرانس و ڤێستیڤاڵە جیهانیەکان.

٥-١ سنوری توێژینەوەیە:

١-٥-١ سنووری شوێن(ناوچەیی)

ڕووداو و کۆمەڵکوژیەکانی باشووری کوردستان توێژینەوەی لەسەر کراوە، لەبەر پێویستی بابەتەکەش یەک نمونەی ڕۆژهەلاتی کوردستان باسکراوە کە شەڕی داستانی (قەلای دمدم)ە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە باشوور ئەو شەڕە زۆر ڕەنگی داوەتەوە لەناو هونەرو ئەدەب دا.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١-٥-٢ سنووری کات

بە هۆی ئەوەی توێژینەوەکە زیاتر خستنە ڕووی ئەو بەرهەمانەیە کە بۆ جینۆساید و کارەساتە کۆمەڵکوژییەکان ئامادەکراوەو، ڕووداوە جیاوازەکان لەسەردەمی جیاواز جیاوازدا خراونەتە ڕوو، وە تەنها پێشاندانێکی (فیدباک)انەی ڕووداوەکانە، بۆیە سەردەم و قۆناغەکانی ڕووداوەکانی ناو توێژینەوەکە نەخراونەتە ڕوو. زیاتر گرنگی بە چەند جۆرێکی فرەمەکانی گۆرانی کوردی دراوە کە باس لە جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەکەن. لە سەردەمی جیاواز جیاوازدا.

١-٥-٣ سنووری بابەت

توێژینەوەو بە دوادا چوونە بۆ ئەو گۆرانی و موزیکانەی کە باس لە کۆمەلکوژی گەلی کورد دەکەن. لە ڕێگەی میتۆدی (وەصفی شیکاری) توێژینەوەیان لەسەر کراوە.

١-٦ پێناسەی زاراوەکان

ڕۆڵ: بەرجەستەکردن و ڕەنگدانەوەی واقیع و ڕووداوێکە، لەسەر کەس و کەرەستەیەکی تر، بە گشتی مرۆڤ بەو ئەرکە هەڵدەستێت و ڕووداوو واقیعێک بەرجەستە دەکات لە کات و ساتی جیاوازدا.

گۆرانی و موزیک: یەکێکن لەو هونەرانەی کە مێژوویەکی دوورو درێژی لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیەو، لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری و هەستەکانی مرۆڤ، ئەو هونەرە ڕەنگی داوەتەوەو، گەشەی کردووە.

وێناکردن: لەبەرگرتنەوەو لیکچوون و وێنەکردنی بابەت و گیڕانەوەی ڕوداوێکە بە شێوەیەکی نزیک لە ڕاستەقینەیی خۆی، لە هونەردا ئەو گێڕانەوەیە تێکەڵ بە کۆمەڵێک کەرەستەو بابەتی ئێستاتیکی و فانتازی تر دەکرێت، تاوەکو مرۆڤەکان ڕۆبچنە ناو ناخی ڕووداوە ڕاستەقینەکە.

کۆمەڵکوژی: تاوانی بە کۆمەڵە بۆلەناو بردنی بەشیکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگاکان، لە ڕووی نەژادی ڕەگەزی یان ئایینی، یان زمانی و نەتەوەیی.

بەشی دووەم:

٢- چوار چێوەی تیۆری توێژینەوە:

٢-١ شێوەکانی گۆرانی بۆ کۆمەڵکوژی:

ئەوانە چەند نمونەیەکن لە شێوەو جۆرە بەرچاوەکانی گۆرانی کوردی کە وێنای کۆمەلکوژیەکانی گەلی کورد دەکەن.

٢-١-١ بەیت

(بەیت) یەکێکە لە فۆرمەکانی گۆرانی کوردیی کە لە زۆربەی ناوچەو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، مێژووی بەیت بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوەو، مێژووناسان و پسپۆران بۆ سەردەمی (هورییەکان و میتانیەکان)ی دەگەڕێننەوە، تا ئێستاش چەند بەیتێکی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەماو دەم ماونەتەوەو دەگوترێنەوە، لەناو (بەیت)دا وێنایەکی کاریگەری ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە پارێزراون.

بەیتی (عەبدولرحمان پاشای بابان) کە (عەلی بەردەشانی)[١] نووسیویەتی باس لە زۆر ڕووداوی جەرگ بڕی ناو بابانیەکان دەکات....

بەیتی (سوارۆ) کە بەیتێکی قارەمانێتی و پڕ کارەساتی تراژیدییە، باس لە هەموو ئەو (سوارۆ) کوردانە دەکات کە لەپێناو نیشتماندا گیانیان بەخت دەکەن.

- بەیتی (قەڵای دمدم)[٢]

(بەیتی قەڵای دمدم) تەواوی تراژیدیاو ڕووداوەکانی شەڕەکەو، لەناو چوونی جەنگاوەرەکان و شەهیدبوونی (خانی لەپ زێڕین) و خۆهەڵداشتن و، خۆفڕێدانی کچان و ژنانی ناو قەڵا، لە بەرزاییەکانی قەڵاوە تاوەکو بە زیندوویی نەکەونە بەردەستی سەفەوییەکان وسوپای (شاعەباس)، لە ناو ئەو بەیتەدا هەر بەیتبێژەی بە فانتازیاو جۆرە هونەرێکی باڵا دەیگێڕێتەوە، ئەو کۆمەڵکوژیەی (قەڵای دمدم) مرۆڤایەتی تێدا خەجاڵەت دەبێت.....

هەڵچوونی هەستەکان و جۆشوخرۆش و بەشوێن پاساوداگەڕانی بەیتبێژ بۆ ڕووداوێکی تایبەت و واقیعی لە ناو بەیتدا، هۆکارێکی دیکەی هەیە؛ لە بەیتی دمدمدا ئەو کاتەی کە خان و شۆڕەسوارەکانی خەریکی خەبات و شەڕ و شۆڕن و قەڵا دەکەوێتە دەست (سەفەوییەکان)، بەیتبێژ ئاگاداری ژن و منداڵەکانی ناو قەڵا ئەبێتەوە و ئەو کاتەی ژن و منداڵەکان ئەبینێت خۆیان یەک لە دوای یەک لە قەڵاکە دەخەنە خوارەوە، ئارەزوو و خواستی خۆی و گوێگرەکانی لەم ڕووداوە مێژوویی و واقیعییەدا بەشدار دەکات و تێکەڵی ئەفسانەی دەکات. پەلوپۆیان پێ دەدات، دەیانکاتە پەری تا بەرەو ناوچەیەکی دیکە بفڕن بە هیوای ئەوەی (خانی لەپ زێڕین) یکی دیکە دیسانەوە قەڵایە پتەوتریان بۆ دروست بکات (میکائیلی:٢٠٢٢)

ئەم بەیتە یەکێکە لەو بەیتانەی کە بە دوو جۆر لە شێوازی موزیکی داریژراوە، یەکەم بەشێک لە ئاوازەکانی (ئاوازی ڕیتم دار)ن، بەشێکی تری (ئاوازی ڕیتم سەربەست)ن. ئەو شێوازە بە کەمی لەناو بەیتدا بەدی دەکریت، واتە زۆربەی بەیتەکان بە شێوەی (ئاوازی ڕیتم سەربەست) گوتراوون.

ئەک بەیتە لەسەر مەقامی (بەیات/ دەنگی لا) گوتراوە، کە بەیتبێژ (حەمەی بەیتان)[٣] گوتویەتی.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەیتبێژ: حەمەدی بەیتان

نوسینەوەی نۆتە (نۆتەیشن): کاوە فەقیەزادە

کۆی ماوەی بێژتن: ٤١:٥٥ خولەک

٢-١-٢ لاوک

(لاوک) هاو تەمەن و هاوشان و هاوشێوەی (بەیت) ە کە تایبەتە بە (کرمانجی سەروو)، لەناو (لاوک) یشدا سەدان نمونەی گێڕانەوەی ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە بە دیدەکرێت، بۆ نمونە (کاوێس ئاغا) چەندین بەیتی لەو بارەیەوە هەیە.

- نمونە (لاوکی شێخ مەحمود)

لاوکی (شیخ مەحمودی) (کاوێساغا)[٥] جوان ئەم مێژووەی خستۆتە سەر زمانی موزیک، مێژوویەکی پڕ تراژیدی سەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بە زمانێکی شیرین دەگێریتەوە....

- کاوێساغا

ڕۆڵێکی تایبەتمەندی هەبووە لەو بوارەدا چەندین لاوکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە کەئەمانە بەشێکیانن:

- لاوکی شێخ مەحمودی نەمر.
- لاوکی سمایل ئاغای شکاک.
- لاوکی شۆڕشی بارزانی دووەم (١٩٣١- ١٩٣٢)(مەلیکۆ).
- لاوکی میر پەنجۆ.
- لاوکی بابێ عەبدول کەریم و نایف.
- لاوکی گەلێ کاش خانێ.
- لاوکی شەڕی تورک و یۆنان.
- لاوکی بابێ سلێ. (خۆشناو، ٢٠٠٠)

٢-١-٣ لای لایە

(لای لایە) یەکێکە لەو فۆرمانەی گۆرانی کوردی کە تایبەتمەندی هونەری ژنانەیەو، ژنی کورد داهێنەرو، خاوەنداریتی ئەو فۆرمەی گۆرانی کوردی دەکات، مۆرکێکی دایکانەیە بۆ کۆرپە بە مانایەکی تر موڵکی دایکە بۆیە زۆرینەی (لای لایە) کان لە لایەن دایکانەوە دەچڕدرێن، زۆر جاریش لەبری دایک کەسە نزیکەکانی منداڵەکە وەک (نەنک یان خوشک و پور) دەیچڕن.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دمدم

DEMDEM

Danani Note:
Kawe Feqiezade



پەیژەی شوور (مقامی بەیات)



ـ تۆنی وتن و کۆتایی بەیت

لە تەواوی ناوچەو شێوەزارەکاندا (لای لایە) دەگوترێت، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ڕووی دەربڕین و شێوەو ڕیتم و ووشە سازیەوە دەگۆردرێت.

مێژووی (لای لایە) لەگەڵ مێژووی بێشکەو، لانکی کوردەواری سەری هەڵداوە، زۆرینەی هەرە زۆری (لای لایە) کان تراژیدی وکارەساتباروجەرگبڕن، تا ئێستاش ئەو فۆرمە داهێنانی نوێی بۆ دەکرێت و، لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمدا دەگوترێت، بۆ نمونە چەندین (لای لایە) باس لە (شەڕی داعش) و کۆمەڵکوژی ئەو شەڕانە دەکات.

بابەتی (لای لایە) کان زیاتر پێداهەڵدان و ڕاهێنانە لەسەر ئازایەتی و قارەمانێتی و جوامێری و رۆحی تۆڵەسەندنەوە لەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە بەسەر خێزان یان هۆزو تیرە یان کۆمەڵێک کەس هاتووە...

هونەری لای لایە زیاتر لەناو ئەو گەل و نەتەوەو کۆمەڵگایانەدا پەرەی پێدراوەو گوتراوە کە هەستیان بە زوڵم و زۆرداری گەورە کردوە لە لایەن داگیرکارەکانیانەوە یان لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەریان چەوسێنراوەنەتەوەو جینۆساید کراون، هەربۆیەشە بە لای لایە وێنای واقیعی زوڵم و داگیرکاری و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە ئەبێتە کەرەستە و ناوەرۆکی بەرهەمەکە.

ئەگەرچی (لای لایە) هونەری ژنانەیە بەڵام زۆر لە شاعیرو نووسەرو هونەرمەندە پیاوەکان ئەو هونەرەیان بەرجەستەکردوەو، گرنگی زۆریان پێداوە، بۆ نمونە:

قانیع لە شیعرێکیدا کە (لای لایە) یە، ئەو شیعرە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، تاوەکو ئێستاش لە زۆر بۆنەی تایبەتدا دەگوترێتەوە، کەدەڵێ:

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە

لە کزی کوردان دەنگم دەرنایە

ڕۆڵەی خۆشەویست، جگەر گۆشەکەم

مەرهەمی زامی بە پەرۆشەکەم

ئەم دەقەی خوارەوە دەقی (لای لایە) ی پێشمەرگەیەکە لەشەڕی داعش بۆ منداڵ و باوک و دایک و براکانی ئەیلێت و وەکو وەسیەتێک (لای لایە) کە دەردەکەوێت:-

لای ..لای ..دە لای لایە ...ڕۆڵە لای لایە

(دێکان و نالی) رۆڵەی شیرینم

ئاوات دەخوازم رۆڵە، مەرگتان نەبینم

ئەوە هاتە دی ڕۆڵە، ئاواتی دڵم

وا رەزیل بووم ڕۆڵە، من لە ژێر گڵم

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تخوا کارزان گیان بێنازیان نەکەی

لە خۆشی دونیا برا گیان بێ بەشیان نەکەی

بڕیار براکەم، ئازیزەکەی من

خەفەت نەخۆی بۆ شەهید بوونی من

تخوا باوەگیان گەردنم ئازادکە

مناڵەکانم بۆ پەروەردەکە

تازە من ڕۆیشتم ئاخ باوە، نایەمە دوا بە خوا، نایەمە دواوە

مناڵەکانم باوە بۆ تۆ جێماوە

باوە گیان بڵێ بە دایکم ئامان، سەد ئامان

بیان لاوێنە دایە ، ئامان چۆن ئەمنت دەلاوان

دە لای، لای...لای ...لای... خۆم بێکەسم برا گیان

دە لای لای لای ..لای ...لای ....

(ئەنفال) ئەو کارەساتە گەورەیە بوو کە هەموو مرۆڤایەتی خەجاڵەت کرد و دونیای هەژاند. ئەنفال لەناو هەموو فۆرم و ستایلە جۆراو جۆرەکانی گۆرانی و موزیکی کوردی دەنگیدایەوە، هەوێنی چەندین بەرهەمی هونەری جۆراو جۆربووە، هەر لە سەردولکەو، لای لایەوە تا حەیران و موزیک و گۆرانی ئۆرکێسترایی....

کچێکی ئەنفال، لە (عەرعەر)[٦] ەوە بە لای لایە، وەشوێن دایەو بابە و کەس و کارەوەیە بەوشێوەیە:

ئەو ڕۆژەی من دیم ڕۆڵە گیان یاخوا هیچ کەس نەیبینێ

تخوا بمبەن ڕۆڵە گیان بەرەو بیابان

تا تێر تێر سەیرکەم ، دایە گیان

وای ...وای وای وای ...

هەرسەیر ئەکەم دایە گیان، نیە شوێن وەتەرتان

نە لە دەشت و دەر تخوا دایە گیان، نە لە گۆرستان

وای دایە ، گیان ، گیان ، گیان ، دایە گیان

تخوا باوەش کەرەوە دایە گیان، با من بگەمە لات.......هتد

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢-١-٤ شینگێڕی و سەردولکە

(شینگێڕی و سەردولکە) یەکێکی ترە لەو فۆڕمی گۆرانیانەی کوردەوارییی، کە وەک (لای لایە) ژنان خاوەنداریتی دەکەن و دەیڵێنەوە، تەواوی ناوەڕۆکی (شینگێڕی و سەردولکەکان) تراژیدی و ڕووداوە کۆمەڵکوژی و جەرگبڕەکان دەگێڕنەوە، ئەو هونەرە لەکاتی پرسەو، چوونە سەر گۆڕی ئازیزان دەگوترێت.

٢-١-٥ گۆرانی نیشتمانی:

(گۆرانی نیشتمانی) هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لەو بوارەدا زۆر دەوڵەمەند و خەرمان بەرەکەتە، سەدان هونەرمەندی کورد گۆرانی نیشتمانیان هەیەو، لەناو ئەو گۆرانیانەشدا ئەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە ڕەنگیان داوەتەوە.

ڕووداوەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاپەڕین و کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١) لە زۆرێک گۆرانی نیشتمانیدا باسیان لێوە کراوە، تەواوی کارەساتەکانی شۆڕشەکان و شەهیدبوونی سەرکردەکان و پێشەوایانی کورد، لەناو ئەو جۆرە گۆرانیانە باس کراون.

- عەلی عابدی[٧]:

بە یەکەمین هونەرمەند دادەنرێن کە بۆ هەڵەبجە ئاوازی داناوە کەناسراوە بە گۆرانی (بەتەنیا جێم مەهێڵن[٨]).

گۆرانیەکە هەر لە هەمان ساڵ دانراوە کە کارەساتەکەی تێدا ڕویداوە واتە ساڵی (١٩٨٨) (عەباس، ماڵپەڕی رووداو،٢٠٢٤)[٩].

ئەو ئاوازە لەسەر مەقامی (نەهاوەند/ دەنگی لا) دانراوە، لەسەر ڕیتمی (٤/٢) بە خیرایی (٧٨نواڕ لە خولەکیکدا) (ئەداجیۆ). ئاوازەکە لە (٣٣ باڕ) پیکهاتووە. چەند جاریک گەڕانەوەی تێدایە، سەرەتا بە (پیزیکاتۆ) دەست پێدەکات.

- ئیقبال حاجیبی[١٠]

لە دوای کارەساتەکە سیمفۆنیای (هەڵەبجە) ی دانا، لە ئەڵمانیا نمایشی کرد، بەڵام بە هۆی نەخۆشی و دابڕانی لە ناوەندە هونەرییە کوردیەکان و بە دەنگەوە نەهاتنی هیچ لایەنێکی کوردییش دابڕاوەو، هیچ پەیوەندییەکی نەماوە بە هونەرمەندانی کورد.

- شڤان پەروەر[١١]

دوای کارەساتی هەڵەبجە بە سازەکەیەوە شیوەنێکی بۆ گێڕا، کە بە (فەرمانە، فەرمانە) ناسرا، پەروەر لە زۆرینەی چالاکیەکانیدا ئەو بەرهەمانەی پێشکەش کردووە کە وێنای

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



کارەسـات و تراژیدیـاو جینۆسـایدەکانە، پـەروەر هـەر لـە شۆڕشـەکانی شـیخ عوبەیـدوڵای نەهـری یـەوە دەسـتی پیکـردوە تـا گەیشـتۆتە شـەڕی داعـش و جینۆسـایدی ئێزیدیـەکان.

٢-١-٦ سرووود

(سـرروود) وەک زاراوە مێژوویەکـی دێرینـی مەراسـیم و گۆرانیەکانـی ئاینـە کۆنەکانـی کوردسـتانی هەیـە. بـەڵام وەک ئـەو فۆڕمـەی کـە ئیسـتا لای ئێمـە بـاوە، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی (سـەد سـاڵ) ێـک. سـرووودە کوردییـەکان هـەم جـۆش و خـرۆش و ڕۆحـی فیداکاریـان لەنـاو کۆمەڵگای کوردەواریدا پاراسـتووە، هـەم وێنـای کارەسـات و ڕووداوە دڵتەزێن و کۆمەڵکوژیەکانی کوردەوارییان کردووە. بۆ نمونـە ئـەو سـروودانەی بۆ (هەڵەبجـەو، ئەنفـال) دانـراوون، یـان ئـەو سـروودانەی بـاس لـە (زینـدان و شـۆڕشـەکان و کۆمەڵکوژیـەکان دەکات وەک (کارەسـاتی ٢٤ ی ٤ی قـەڵادزێ).

- ناسری ڕەزازی[١٢]

زیاتر لە (٢٠) ئەلبومی هەیە، لەناو ئەو ئەلبومانەدا گۆرانی و سروودی نیشتمانی و گێڕانەوەی کۆمەڵکوژیەکانی گەلی کورد بەرچاوو زیندوو ڕاگیراون. ڕەزازی لە (١٩٨٨) ئەلبومی (هەڵەبجە)ی بڵاوکردەوە.

جگە لەو ئەلبومانە ڕەزازی سەدان سروودی نەتەوایەتی هەیەو سەرجەمیان گوزارشت لە مەینەتی و کارەساتەکانی کوردستان دەکات، لە تەواوی دونیا سەدان و سەدان کۆنسێرت و چالاکی بەشداربووە، لە بواری سروودی نیشتمانیدا.

٢-٢ ڕۆڵی گروپ و تیپە موزیکیەکان لە وێناکردنی گۆرانیەکانی کۆمەڵکوژیدا

لەو بابەتەدا تەنها دوو تیپی سەردەمی شۆڕش و شاخ بە نمونە وەرگیراون.

٢-٢-١ تیپی مۆسیقای شۆڕش

ئەو تیپە لە ساڵی (١٩٧٤) دروست بوو، لە هونەرمەندانی (سلێمانی، کۆیە، کەرکوک، دهۆک، زاخۆ، شەقڵاوە، هەولێر....هتد). چلاواز، ٢٠٠٨ :١٢).

سەرەتا بارەگای تیپ لە (گەلاڵە) بوو. دواتر بە هۆی بۆردوومانەوە گواسترایەوە بۆ (حاجی هۆمەران).

دواترلە گوندی (وەسان) ی دۆڵی باڵەکایەتی نزیک (قەسرێ) بارەگای تیپی مۆسیقای شۆڕش دانراوە، هەر لەو شوێنە دەست بە ئامادەکردن و تۆمارکردنی بەرهەمی سروود و گۆرانیە نیشتمانیەکان کراوە، ئەو بەرهەمانە لە ڕێگەی (ئێزگەی دەنگی کوردستان)، بڵاوکراونەتەوە.

دواتر بارەگای تیپ گواستراوەتەوە (چۆمان). لەوێوە چەند چالاکیەکیان لە چۆمان و حاجی هۆمەران ئەنجام داوە.

لە (٢٢-١٢-١٩٧٤) یەکەمین ڤێستیڤاڵیان بەناوی (ڤێستیڤاڵی هونەری شۆڕشگێڕی کوردی) لە حاجی هۆمەران سازداوە، کە زیاتر لە (٨٠) هونەرمەندی بوارەکانی (موزیک، شێوەکاری، نواندن) بەشدارییان تێدا کردووە (چلاواز، ٢٠٠٨: ١٣).

دواتر لە (٢٥-١٢-١٩٧٤) ڤێستیڤاڵەکە لە چەندین شارو شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە سنورییەکان و ئۆردوگایەکان دەستی پێکرد وەک (ئاندیمەشک، بابک، سەرپوولی زەهاو، ئەنزڵ، قەسری شیرین، ئۆردوگای سەرئابی گەرم، کرمانشان، ئۆردوگای سەر ئابلە، کامیاران، پاوە، سنە) ئەو ڤێستیڤاڵە تاوەکو نەورۆزی (١٩٧٥)ی خایاندووە (چلاواز،٢٠٠٨: ١٤-١٥).

ئەو تیپە نزیکەی (٣٢) بەرهەمی تۆمارکرد کە تاوەکو ئێستاش ئەو بەرهەمانە لەسەر وێردی خەڵک ماونەتەوە. لەوانە (موزیکی چەمی ڕەزان، ئێمە کوردین، پێشمەرگەین و کۆڵنەدەر، بە کوردی کەوا زمانم پڕا، کوردستان نیشتمانی کورد، دەمی ڕاپەڕینە، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، ئەی شەهیدان، ئەو شەهیدانەی.....هتد) (چلاواز،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢٠٠٨: ١٧-١٨).

نمونەی سروودی (ئێمە کوردین، هۆنراوە (نوری حەیران)، ئاواز (ئەنوەر قەرەداغی).

ئەو سرووده لەسەر پەیژەی (ڕێی گەورە)یە. بە ڕیتمی (٤/٣) کە ڕیتمیکی (مارش) ییە، پیکهاتووە لە(١٦ باڕ) و چەند جارێک گەرانەوە بۆ (مۆتیڤ) ەکان.

ئێمە کوردین، ئێمە خاوەن باوەڕین

بۆ نەوەی کورد، بۆ نەوەی کورد، ڕابەرین

شۆڕشێکی خوێناویمان شاهیدە

چەند دلێرو نەبەردو جەنگاوەرین

٢-٢-٢ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان

لە (١-١٠-١٩٨١) دامەزراوە، تاوەکو ساڵی (١٩٩٠) چالاکیان هەبووە. چوار کاسێتیان بڵاو کردۆتەوە لە ساڵەکانی (١٩٨٣- ١٩٨٥- ١٩٨٦- ١٩٩٠)(حەمە، ٢٠١٧: ٩٥-٩٦)

بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی ئەو تیپە گۆرانی و سروودی نیشتمانی بوون گوزارشتیان لە مەینەتی و تراژیدیاکانی گەلی کورد کردووە، وەک (دەبا فاشیەکان بزانن، ڕێی خەباتمان، نیشتمانم، ئاسودەبن، ئەی کوردینە، شەهید شەهید، ئازادی خواز کوردین ئێمە.....هتد).

ئەم تیپە لە (١٢ ی ئاداری ١٩٩٠) لە میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجە، لە هۆڵی سینەمای



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئیستقلال لە شاری سەقز، بەچەند بەرهەمێک بەشدارییان کرد(حەمە،٢٠١٧: ٩٧).

لەو چالاکیەدا کارەسات و جینۆسایدی هەڵەبجەیان بە چەندین سروود و گۆرانی نیشتمانی تایبەت بەو کارەساتە پێشکەشکرد.

ئەم چالاکییە بە یەکێک لە باشترین چالاکییەکانی ئەم گرووپە دەژمێردرێت، چونکە ئەو سەردەمانە سەدان خێزان لە دوای شۆڕش و پرۆسەی ئەنفال، لە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە ئەم چالاکییە جارێکی دی گیانی شۆڕشگێڕەی تێدا زیندوو کردوونەتەوە. بەرهەمەکانی نێو داستانی هەڵەبجە هەم گێڕانەوەی ناسۆرە هەم دەستی مانەوە و بەردەوامی لە بەرهەمەکاندا دەبینرێت، بۆ نموونە گۆرانی (مەرۆ، مەرۆ، بابە مەڕۆ) ی (حەمە جەزا) وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم فیستیڤاڵە پەیامێکی بەهێز لەناو تێکستەکەدا دەبیبیندرێت کە تا ئەم ساتە وەختە ئەو وورە بەهێزەی تێدایە، کە باوکێک منداڵەکانی لە پێناو شۆڕش و لە پێناو مانەوەی نەتەوەکەیدا جێدەهێڵێت بڕوانە تێکستی گۆرانیەکە و دیالۆگی نێوان منداڵەکان و باوکێک(حەمە، ٢٠١٧: ٩٨).

ئەوەی خوارەوە یەکێکە لە بەرهەمەکانی تیپی شەهید کارزان، کە لەسەر مەقامی (بەیات/ دەنگی می) دانراوە، بە ڕیتمی مارش (٤/٢) دانراوە. کە پێکهاتووە لە (١٨ باڕ) چەند جارێک گەڕانەوە هەیە لەناو ڕستەکاندا.

ئەی کوردینە

ئەی کوردینە، ئەی مەردینە

با دەست لەناو دەست کەین هەموو

بۆ بەرزێتی خاکی وەتەن

بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو

هۆنراوە(زێوەر)، ئاوازی (کۆن)، ووتنی (کۆرس)، نووسینەوەی نۆتە (خالید سەرکار).

٢-٣ وێناکردنی کۆمەلکوژیەکان لە گۆرانی و موزیکدا، دوای ڕاپەڕین

٢-٣-١یەکەمین ڤێستیڤاڵی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی

ڤێستیڤاڵێک کە تەواوی بەرهەمەکانی گوزارشت بوون لە مەرگەسات و کارەساتەکانی گەلی کورد، ئەو ڤیستیڤاڵە ماوەی سێ ڕۆژ نمایشکرا لە (٢٦-٩-١٩٩١ تاوەکو ٢٨-٩- ١٩٩١) لە هەولێر پێشکەش کرا. ڤێستیڤاڵەکە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی و لقی هەولێرو هەردوو بەشی ڕواندزو چەمچەماڵ و چەند هونەرمەندێکی ڕانیەو کۆیە لە چوارچێوەی تیپێکی گەورەو ئۆرکستراییی پێشکەشیان کرد (حاجی، ١٩٩١: ٥)

ژمارەی ژەنیارانی بەشداربوو (٤٢) ژەنیاربوو، لە سێ گروپی ئامێری ئۆرکسترایی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



(ئامێرە ژێدارەکان، ئامێرە فووداره تەختەییەکان، ئامێرە ڕیتمیەکان)

دواتر ئەو ڤێستیڤاڵە گواسترایەوە سلێمانی و لە (٣٠-٩-١٩٩١) بۆماوەی دوو ڕۆژ لەوێش نمایشکرا.

بیرۆکەی ڤێستیڤاڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەند (ئامانج غازی) (حاجی، ١٩٩١: ٧).

بەرنامەی ڤێستیڤاڵ

١- سروودی ئازادی (١٥ خولەک)

ئاوازو دابەشکردنی چەتۆ نەورۆز

٢- سوتماک (١٥ خولەک)

هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس

ئاوازو دابەشکردنی: غەمگین فەرەج

ووتنی: بهجت یحیی

٣- لای لایە (١٠ خولەک)

هۆنراوەو ئاوازو ووتنی بهجت یحیی

ئامادەو دابەشکردنی: لاوک لەتیف

٤- کۆچ و باران (٤٥ خولەک)

هۆنراوەی: کەریم دەشتی

ئاوازو دابەشکردنی: ئامانج غازی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ووتنی: هاوتا ئەسعەد(حاجی،١٩٩١: ٩).

دواتـر تراژیدیاکانـی (کۆڕەوەکـەی سـاڵی ١٩٩١) لەنـاو گۆرانـی و موزیکـی کوردیـدا ڕەنگـی دایـەوە،

لـە دوای ڕاپەڕیـن ئـەو بەرهەمانـەی لەسـەر مەرگەسـات و تراژیدیاکانـی گەلەکەمـان پێشـکەش کـران، چونـە قۆناغێکـی تـرەوە، لـە قۆناغـی نمایشـی تاکـە کەسـی و گروپـی بچـوک و سـتۆدیۆی سـادەوە، هاتنـە نـاو نمایش گروپی ئۆرکسـترایی و ڤێسـتیڤاڵی گـەورەو جەمـاوەری و سـتۆدیۆی پێشـکەوتووەوە...

- بەهجەت یحیی:[١٣]

یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لە دوای ڕاپەرینـەوە ژمارەیەکی بەرچاو گۆرانی نیشـتمانی هەیـەو، بەشـێکی زۆریـان گزارشـت لـە کۆمەڵکوژیەکانـی گەلـی کـورد دەکـەن وەک(سـوتماک، لای لایـە، تۆڵە...هتـد).

گۆرانی یەکەم:

تۆڵە

من بورکانی چیای خەمم ئەمڕۆ هاتووم

من لافاوی گریانێکی پەنگخواردووم

من ئەوگەلەم ئەنفال بووە نان و بەرگم

ئەنفال بووە ناونیشانم

ئەنفالیان کردە مۆرێک و

خستیانە سەر ناوچەوانم

ئـەم گۆرانیـە هۆنراوەو ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی، لەسـەر مەقامی (صەبا) دەگوترێت، ئامێرەکانـی وەکـو (دەف، کلاڕنێت، سـاز) ڕۆلـی (صـۆڵـۆ) (solo)وەردەگـرن، کـە ئامێـری (سـاز)ەکە لـە لایـەن (بەهجـەت) خۆیـەوە دەژەنرێت.

گۆرانی دووەم:

سوتماک

ئێستا لەوێ....

لەنێو تابووتی نارنجی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

خۆرنشینی شارەکەمان

چل منالّم، چل جگەرم،

هەشتا چاوم، هەشتا گوێچکەم...

هەشت سەد پەنجەی هەردوو دەستم، هەردوو قاچم،

بەیەکەوە هەڵئەوەرێ

هۆنراوەی (شێرکۆ بێکەس)، ئاوازو دابەشکردنی (غەمگین فەرج)، وتنی (بەهجەت یحیی).

ئەو ئاوازە مەقامی (صەبا لە سەر دەنگی لا) مەقامی سەرەکی گۆرانیەکەیە، ئاواز دانەر لەسەر ئەو مەقامە نەوەستاوە بەڵکو دەچێتە سەر مەقامی (بەیات) و دواتر دێتەوە سەر مەقامە سەرەکیەکە. واتە دوو مەقامی جیاواز بەکار دێنێت.

ئامێری (دەف) مۆرکێکی کوردانەو، شینگێڕیانە دەداتە ئاوازەکەو، بە ڕیتمی (٤/٤).

ئەمەی خوارەوە نمونەیەکی گۆرانیەکەیە کە بەشی (سۆلۆی گۆرانبێژ)ە کەیە.

- غەمگین فەرەج[١٤]

(پانۆڕامای خەڵاتی مەرگەسات) دەکرێ بڵێین ئەکادیمی ترین بەرهەمە بۆ هەڵەبجە، بۆ ئەنفال و شنگال، واتە کۆکراوەی کارەساتە کۆمەلکوژیەکانی کوردە.

دەکرێ بڵێین شێوازی نوسین و داڕشتنی بەرهەمەکە زۆر نزیکە لە (سیمفۆنیای چامەیی- سیمفۆنیک پۆییم). زۆریک لە توخمەکانی ئەو فۆڕمەی تێدایە، (غەمگین) بە فانتازیاو هونەرێکی بالای ئاوازدانان و دابەشکاری و ڕێکخستنی (سۆلۆ) و بەشداری ئامێرە کوردیەکان و خوێندنەوەی هۆنراوە لەناو بەرهەمەکەدا، بەشداری چەندین پارچەی لای لایەو شینگێڕی و سەردولکە بە پلەی باک، بەشداری قەتارو خاوکەر... هتد. ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو بەرهەمە یەکێکە لە بەرهەمە باڵایەکان کە بۆ ئەنفال و هەڵەبجە دانراوەو، شێوەیەکی فۆرمی موزیکی ئەوروپی وەرگرتووە.

(پانۆڕامای خەڵاتی مەرگەسات) لە ئاوازو دابەشکردنی (غەمگین فەرەج) و هۆنراوەی (شێرکۆ بێکەس)، ئۆرکسترای سلێمانی بە رابەرایەتی (مستەفا عەباس عەلی)، ووتنی سۆلۆیەکان (عەدنان کەریم، کیژان ئیبراهیم خەیات، دیاری قەرەداغی)، کۆرسی (تەوار، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی). تەواوی بەرهەمەکە نزیکەی (٢٥) خولەک دەخایەنیت. دابەشکاری ستوونی و سکۆری بەرهەمەکە بۆ (١٨) هێلی ئامێری کراوە کە دوو هێلیان بۆ دەنگی (سۆلۆ، کۆرس).

ئامێرە بەشداربووەکان (فلوت، شمشاڵ/ بلور، ئۆبوا، کلارنیت سی بیمۆل، باڵەبان، کۆرنیت، ترمبۆن، تیمپانی، گۆنگ، سەنتور، پیانۆ، ڤیۆلین یەک، ڤیۆلین دوو، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتڕاباس).

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئەگەر چی لە سکۆردا چەند ئامێرێک نەنوسراونەتەوە بەڵام لە ئەو بەرهەمە لە چوار بەش پێکهاتووە هەر بەشەی کارەساتێک دەگێڕێتەوە:



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم:

ئەوبەشە بەڕیتمی (٤/٤) بە خێرایی (Adagio θ = 75) لەسەر مەقامی (کورد/ دەنگی می). پێکهاتووە لە (١٣٩ باڕ)، کە (٤ تێم)ە.

سۆلۆی دەنگ (دیاری قەرەداغی، کیژان ئیبڕاهیم خەیات، عەدنان کەریم) چەند دەنگێکی هات و هاوارو شینگێری کارەساتەکە پلەی باک کراوە، کۆرس بەشدارن.

لەو بەشەدا ئامێرە کوردەواریەکانی وەک (دەف، سەنتور، باڵەبان) ڕۆڵی بەرچاوو (سۆلۆ) دەبینن.

ئەو بەشە نزیکەی (٨:٣٠) خولەک دەخایەنێت.

ئەم نمونەی خوارەوە پارچەیەکە لە بەشی یەکەم کە بۆ ئۆرکێسترا نووسراوەتەوە:



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی دووەم:

ئەک بەشە بە ریتمی (٤/٤) بە دمێک دەست پیدەکات، دواتر بە مەقامی (نەهاوەند) ئامێر ژێدارەکان دەست پیدەکەن، بە خێرایی (Andante θ = 85)، بە سۆلۆی (عەدنان کەریم) پرسیار لە هەڵەبجە دەکرێت کە باسی چی بکات.

لە خولەکی (٣٠: ١٣) کۆتایی دێت. بە بەشداری (ئاهاتیکی کۆرس و موزیک). ئەوبەشەش لە (٤ تیم) پێکدیت. کە (٩٦ بارِ)ە.

بەشی سێیەم:

ئەم بەشە بە ڕیتمی (٤/٤) دەست پیدەکات، لەسەر مەقامی (حیجاز/ می) بە خێرایی(Allegro θ = 145). سەرەتا بە (مۆتیڤێکی ٤ بار) ی دەست پێدەکات و، دواتر



 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سۆلۆی (کیژان) پرسیاری ئەوە دەکات کە ئەمجارەیان باسی چی بکات.باسی کۆستێکی تر، مەرگێکی تر ئەنفال و بای ژەهرو، بەهاری مەرگە سات دەکات.

ئەم بەشە لە (١ تێم) پێکاتووە، کە (٩٣ بار)ە، لە خولەکی (٣: ١٦) کۆتایی دێت.

بەشی چوارەم:

ئەو بەشە لەسەر مەقامی(می/ دەنگی لا) دانراوە، بە ڕیتمی (٤/٤) بە خێرایی(Andante $\theta = 85$)، ئەو بەشە پێکهاتووە لە (٧ تێم) کە بە درێژترین بەشی ئەو بەرهەمە دادەنرێت، کە (١٦٣بار)ە.

بە(مۆتیڤ) ێکی (٣ ترپە) یی و دواتر سۆلۆی (دیاری قەرەداغی) و کۆرس دەست پێدەکات،

لەو بەشەدا دەقیکی شیعری لە تێمەکانی ناوەراست دەخوێنرێتەوە.

لە کۆتاییشدا عەدنان کەریم بۆ شینی ئەنفالەکانی گەرمیان (قەتارو خاوکەرێک) دەلێت و، دواتر بە (کادێنزا) یەکی بەهێزی تەواوی ئۆرکێسترا لە خولەکی (٤٥: ٢٥) کۆتایی بە بەرهەمەکە دەهێنرێت.

٢-٣-٢ شەڕی داعش، کارەساتی شنگال، لە موزیکی کوردیدا

شەڕی داعش زۆر کارەساتی بەکۆمەڵی بە دوای خۆیدا هێنا (شنگاڵ) نمونەیەکیانە، لە لایەن زۆر هونەرمەندەوە کاری لەسەر کراوە یەکێک لەوانە:

- دڵشاد حەمە سەعید[١٥]

دڵشاد محەممەد سەعید، ڤیۆلۆنیست و کۆمپۆزەری ناوداری کورد، بۆ کارەساتی شەنگال و کۆمەڵکوژیەکانی شەری داعش لە ساڵی (٢٠١٥) (سیمفۆنیاو کۆڕاڵی پێشمەرگەو شنگال) ی دانا کە دەنگدانەوەیەکی نێودەوڵەتی پەیدا کرد.

سیمفۆنی و کۆڕاڵی (پێشمەرگە) و (شنگال) دوو کاری هونەریی، کە بەشێوەی سەمفۆنیا و کۆڕاڵ بەرهەمهاتوون. ئەو دوو بەرهەمە لە ئەلبوومێکدا بڵاوکرانەوە و تۆڕی میدیایی (ڕووداو) سپۆنسەریی کردون.

دڵشاد محەممەد سەعید لە پێشەکیی ئەو ئەلبومەدا نووسیویەتی: «لە عێراقدا نزیکەی نیوەی خاکی کوردستان وەک ناوچەی ناکۆکی لەسەر خراوەتە نێو ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە. ئەو ناوچانە هەمیشە لە بیری مندا بوون کە کارێکیان لەسەر بکەم». وە کردەوەکانی گرووپە توند ئاژۆکان لە ساڵی ٢٠٠٧ کە بەهۆیانەوە دوو گوندی شنگال وێرانکران، وایانکرد داواکەی هۆزانڤان (ئەدیب چەلکی) بۆ دانانی موزیک بۆ تێکستێکی ئەو بە ناوی «شنگال» قبوڵ بکەم.



سەبارەت بە گۆرانی «پێشمەرگە»ش دڵشاد دەڵێت: ساڵێک دواتر بۆ هەمان مەبەست تێکستێکم لەلایەن (ئەدیب چەلکی)یەوە پێشکەشکرا، کە سەرەتا بۆ دەنگبێژێکی سۆلۆیست دانرابوو، بەڵام ئەو پێشنیازی ئەوەیکرد کە پێویستە کارێکی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت و هونەرمەندانی سەرتاسەری کوردستان تێیدا بەشداربن (فایەق، ماڵپەڕی ڕووداو، ٢٠١٥)[١٦].

بەشی سێیەم:

٣-١ ئەنجامەکان:

١- دەرکەوت کە لەمێژووی هونەری کوردیدا بابەتی کۆمەڵکوژی و نەهامەتیەکان لە تەواوی فۆرم و شێوەکانی گۆرانی و موزیکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢- لە دوا ساڵانی هەشتایەکان بە تایبەت دوای کارەساتی هەڵەبجە، کارە هونەرییەکان تەنها لە دەنگ و لاواندنەوەو فۆڕمە میللی و فۆلکلۆریەکان نەمایەوەو، بەڵکو ئامێری موزیکی و تیپی موزیکی جۆراو جۆر و بەرهەمی گۆرانی نیشتمانی و سروود بە شێوەو قۆناغێکی نوێ ئامادەکران و گوزارشتیان لە کارەساتەکان دەکرد.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٣- لەگەڵ دروستبوونی تیپە موزیکیەکانی شاخ و شۆڕش گەیاندنی کارەسات و کۆمەلکوژیەکان لەناوچەو جوگرافیایەکی بەرتەسک نەماییەوەو، بەڵکو لە ڕێگەی چالاکیەکانی ئەو تیپانەوە تەواوی کورد بە ڕووداوەکان زیاتر ئاشنابوون و گیانی بەرخوودان و بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵکوژیەکان بەرەو ئاستێکی باڵا هەڵکشا.

٤- لە ڕێگەی هونەری گۆرانی و موزیکەوە کارەساتەکان بوون بە کارەساتی نەتەوەیی و لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە هۆشیاریی کۆمەڵکوژیەکان بلاو بۆوە لە پێناوی هەستی نەتەوایەتی. بۆنمونە (شەڕی قەڵای دمدم، هەڵەبجە، حکومەتی شێخ مەحموود... هتد) بەتەواوی کوردستان گەیەنران و ئاشناکران و وەک مێژوو تۆمارکران.

٣-٢ ڕاسپاردەکان:

١- ئەرکی میدیایە بەرهەمە هونەریەکانی جینۆسايد و کۆمەڵکوژی بگەیەنێتە دونیای دەرەوەو، ناوەندە پەیوەندی دارەکانی جینۆسايد لە جیهاندا.

٢- ساڵانە بودجەیەک تەرخان بکریت بۆ بەرهەمهێنانی چەند کارێکی گۆرانی و موزیک تایبەت بە جینوسايد و مەرگەساتەکانی گەلی کورد. وەک ئەوەی ئەرمەنەکان دەیکەن.

٣- هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی لەسەر جینۆسايد بەرهەم هاتوون کۆبکرێنەوەو، بە فەرمی بگەیەنرێنە (یونسکۆ)، تاوەکو لە لایەن ئەوانەوە هونەری کوردیش هاوشیوەی مرۆڤی کورد بە فەرمی بە هونەریکی جینۆسايد کراو بناسرێندرێت.

٣-٣ پێشنیازەکان:

١- ئەنجامدانی چالاکی هونەریی بەردەوام لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی تاوەکو لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (یونسکۆ) بەشێک لە هونەرو کولتووری کوردیش وەک هونەریکی جینۆسايدکراو بناسێنرێت.

٢- دامەزراندنی ئەرشیفخانەیەکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی ئەو بەرهەمە خۆماڵی و بیانیانەی کە لە تەواوی دونیا بۆ کارەسات و کۆمەڵکوژیەکانی کورد تۆمارکراون و ئامادەکراوون.

٣- تۆمار کردن و دیکۆمێنت کردنی ئەو بەرهەمە میلليی و خۆماڵیانەی دەماو دەم و سینە بە سینە لای خەڵک ماونەتەوەو، تۆمار نەکراون.

پەراوێزەکان:

١. عەلی بەردەشانی (١٧٦٧ – ١٨٠٩) شاعیرێکی کورد بوو. خەڵکی گوندی بەردەشانی نزیک ڕانیە بووە.
٢. شەڕی قەڵای دمدم لە نێوان برادۆستیەکان و سەفەوییەکان ڕوویدا، لە تشرینی دووەمی ١٦٠٩ز دەستی پێکردوو لە هاوینی ١٦١٠ کۆتایی هات، بە گیرانی قەڵاو سەرکەوتنی سەفەوییەکان.
3. https://www.kurdia.net/archives/7566.
٤. بە حەمەدی ئاغای ناسراوە، لە عەشیرەتی جاف ە، بە نزیکەیی لە ساڵانی (١٨٥٥) لە دایک بووە، بەشداری شەڕی عرووسان ی کردووە. بەیتبێژێگی شارەزاو بە توانای موکریان بووە.
٥. کاوێساغا لە نیوان (١٨٨٩- ١٩٣٦) ژیاوە، لە ناوچەی هەرکیایەتی لە دایک بووەو، لە گوندی هەرشەم کۆچی دوایی کردووە.
٦. ئەو ناوچە بیابانەیە دەکەوێتە سنوری نێوان عێراق و سعودیە، بەشێکی زۆر لە ئەنفالکراوەکانی کورد لەو ناوچەیە سەرنگوم کران و بە زیندوویی خرانە ژێر گڵەوە.
٧. عەلی عابدی هونەرمەندێکی نیشتمان پەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە (٢٤- ٦- ١٩٦٩) لە سەردەشت دایک بووە، ژیانی لەسەقز بەرێدەکات، مامۆستای موزیک و گۆرانی بێژو ئاواز دانەرە، سی ئاوازی بۆ هەڵەبجە داناوە، خاوەنی چەندین ئاوازو گۆرانی ترە.
٨. گۆرانی (بەتەنیا جێم مەهێڵن) هۆنراوەی (ڕەفیق سابیر و ساڵح سوزەنی)ە، ئەم گۆرانیە یەکەمین بەرهەمە کە بۆ کارەساتی هەڵەبجە گوترابێت و تاوەکو ئێستاش وەکو سومبلێکی کارەساتەکە گوێی لێدەگیرێت.
9. https://www.rudaw.net/sorani/culture/160320241.
١٠. ئیقبال حاجیبی لە سنە لە دایک بووە، مایسترۆ و ئاوازدانەربووە، لە کۆشکی کەنعانی سنە مامۆستای موزیک بووە، ژەنیارێکی بەتوانای ئامێری کلارنێت بووە، لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، لەگەڵ تیپێکی ئۆرکێسترایی ئەڵمانی کاری کردووە.
١١. شڤان پەروەر لە (١٩٥٥) لە دایک بووە، زیاتر لە ٢٥ ئەلبومی هەیە، نوسەرو مامۆستای موزیکە، زۆرینەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی شۆرشگێری و نیشتمانیین.
١٢. ناسری رەزازی لە (١٩٥٥) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە، جگە لە گۆرانی گوتن خاوەنی چەندین بابەتی نوسین و پەرتوک و توێژینەوەو، کۆڕو سیمیناری زمانەوانی و ئەدەبیە.
١٣. بەهجەت یحیی هونەرمەندێکی کوردە لە سلێمانی لە دایک بووە، جگە لە بەرهەمە شۆرشگێۆی و نیشتمانیەکانی خاوەنی چەندین ئەلبومە، بە ستایلێکی عیرفانی کوردی کاری هونەریی کردووە.
١٤. غەمگین فەرەج لە سلێمانی لە دایک بووە، خزمەتیکی بەرچاوی بزاڤی هونەریی کردووە، مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە، چەندین پەرتوک و کۆرو سیمینارو چالاکی لەسەر موزیک هەیە.
١٥. دڵشاد حەمە سەعید لە (١٩٥٨) لە دهۆک لە دایک بووە، چەندین ئەلبومی موزیکی هەیە، کەسایەتیەکی کاریگەری موزیکی کوردییە.
16. http://rudaw.net/sorani/culture/130820157

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سەرچاوەکان:

١. حاجی، مەغدید، یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، ١٩٩١.

٢. حەمە، توانا، موزیک و سیاسەت، چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠١٧.

٣. خۆشناو، جەلال مەلا حەسەن، کاوێس ئاغا، چاپخانەی ماردین، ٢٠٠٠.

٤. شەریف، عەبدولواحید ئیدریس، سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاریی کوردی لە کرمانجی خوارووددا، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.

٥. فایەق، پەسار، چۆن سیمفۆنیاو کۆڕاڵی پێشمەرگەو شنگال بەرهەم هاتن؟، ڕۆژنامەی ڕووداو، ٢٠١٥.

٦. ئیلخانیزادە، سوارە،بەیت تەواو بە تاپۆی خۆمالی چندراوە، مالپەڕی ڤەژینبوکس،
https://books.vejin.net/ck/text/1449

٧. میکائیلی، حسێن، بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دا، وەرگێڕانی سپیدە ساڵحی، ماڵپەری کوردیا، ٢٠٢٢/١١/١١.
https://www.kurdia.net/archives/7566

٨. سەرکار، خالید، وریا ئەحمەد، تیپی مۆسیقای شۆڕش ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥، گۆڤاری چلاواز، ٢٠٠٨، هەولێر، ژمارە ٢٨.

٩. عەباس، سیروان، چیرۆکی دروستبوونی گۆرانیی بە تەنیا جیم مەهێڵن، ماڵپەڕی ڕووداو، ٢٠٢٤.
https://www.rudaw.net/sorani/culture/160320241.

١٠. فایەق، چۆن سیمفۆنیا و کۆڕاڵی «پێشمەرگە و شنگال» بەرهەم هاتن؟، ٢٠١٥.
http://rudaw.net/sorani/culture/130820157

١١. قەفتان، فازڵ، سروودە نیشتمانی ونەتەوەییەکان، نوسینەوەی نۆتە خالید، سەرکار، ١٩٩٦.

١٢. بەحری، ئەحمەد، گەنجی سەر بەمۆر، بەرگی دوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی مادیار، تاران، ٢٠٢٠.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕۆڵی شایەتحاڵەکان و هێزی فیلم لە گێڕانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا

م.ی. کەریمۆک غەفور
زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی هونەر، بەشی فیلمسازی
kareemokfilm@gmail.com

پوختەی توێژینەوەکە:

جینۆسایدی ئێزیدییەکان جێگەی بایەخی فیلمسازانی کورد و جیهان بووە و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر فیلم لەسەر تاوانکارییەکانی ئەم جینۆسایدە دروستکراون، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەدواداچوون و شیکردنەوە لە هەمبەر پەیوەندییەکانی نێوان سینەما و جینۆساید و چۆنیەتی کارکردنی فیلمی کوردی و جیهانی لەسەر ئەم جینۆسایدە بکات، لە لایەک خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی شایەتحاڵەکان و بەڵگەی ڤیدیۆیی و دەنگ و وێنە و نامە و نووسراو لە نیشاندانی ئەم تاوانانە و بەرجەستەبوونیان لە ناو فیلمەکاندا، لە لایەکیتر ڕەنگدانەوەی ئەم جینۆسایدە لە فیلمی کوردی و جیهانیدا چۆن بەرجستە بووە و دەرهێنەران بە چ دید و تێڕوانینێک بە چ فۆرم و شێوازی جیاواز کاریان لەسەر چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو ئەم جینۆسایدە کردووە، ئایا سینەما بووەتە فاکتەری ناساندنی ئەم جینۆسایدە بە جیهاندا؟ ئایا توانراوە تاوانکارییەکانی ئەم جینۆسایدە بە شێوەیەکی شایستە و لە ئاستێکی باڵای هونەریی لە ڕێی فیلمدا بەرجەستە بکرێت؟، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ساغکردنەوەی ئەم پرسە دەدات و تێدەکۆشێ بگات بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، کە دواتر دەبنە کرۆکی گرفتی توێژینەوەکە، ئەمەش پێویستی بە گەڕان و کنە و شیکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو فیلمە داستانی و دۆکیۆمێنتارییانە هەیە کە لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان دروستکراون و لەبەر دەستی توێژەردان، هەروەها لەو ئاستەنگ و بەربەستەکانەش بکۆڵێتەوە کە لەمپەرن لەبەردەم پێگە و گەشەی فیلمی کوردی، وەک ئامرازێکی گرنگ لە خستنەڕووی جینۆسایدەکانی کوردستان و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هێزی پەیوەندیگرتن لەگەڵ جیهاندا. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ناوەڕۆکی هەندێ فیلم، وەک نموونەش فیلمێکی کوردی وەرگرتووە و شیکردنەوەی بۆ دەکات.

زاراوە سەرەکییەکان: بەڵگە، فیلم، گێڕانەوە، جینۆساید.

دور الأدلة وقوة الفيلم في رواية الإبادة الجماعية الإيزيدية

ا.م. كريموك غفور

جامعة السليمانية، كلية الآداب، قسم صناعة الأفلام

kareemokfilm@gmail.com

الملخص:

هذا البحث (دور الأدلة وقوة الفيلم في رواية الإبادة الجماعية الإيزيدية) إلى التحقيق وتحليل العلاقة بين السينما والإبادة الجماعية وكيفية عمل الفيلم الكردي والعالمي على الإبادة الجماعية الإيزيدية كيف يتم تقديم هذه الجريمة وانعكاسها في سينما الكردية والعالمية؟ الأفلام كيف عمل المخرجون على قصص وأحداث هذه الإبادة الجماعية بأشكال وطرق مختلفة، هل أصبحت السينما عاملا في إدخال هذه الإبادة الجماعية إلى العالم؟، تثبت هذه الدراسة ما إذا كانت جرائم هذه الإبادة الجماعية قد تمكنت من ذلك؟ أن يتم تصويرها بشكل لائق وعلى مستوى فني عالي من خلال الفيلم؟ هل هناك قصص قصيرة وأفلام وثائقية عن الإبادة الجماعية للإيزيديين متاحة للباحثين.

الكلمات المفتاحية: وثيقة، فيلم، رواية، إبادة جماعية.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

The Role of documents and the Power of Film in Narrating the Yazidi Genocide

Karimok Ghafoor

Sulaimani University, College of Arts, Department of Filmmaking

kareemokfilm@gmail.com

Abstract:

This research (The Role of documents and the Power of Film in Narrating the Yazidi Genocide) aims to investigate and analyze the relationship between cinema and genocide and how Kurdish and international film works on the Yazidi genocide How is this crime presented and reflected in Kurdish and international films, how have directors worked on the stories and events of this genocide in different forms and ways? Has cinema become a factor in introducing this genocide? Genocide in the world?, This study proves whether the crimes of this genocide have been able to be portrayed in a decent manner and at a high artistic level through film? There are short stories and documentaries about the genocide of the Yazidis available to the researchers.

Keywords: document, film, Narrating, genocide.

گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دەشی سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ ناوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکانی بواری سینەما و جینۆساید لە هەرێمی کوردستان و جیهانیش، هەروەها بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی فیلم و پەیوەندی نێوان سینەما و جینۆساید، سوودی بۆ قوتابی و خوێندکارانی پەیمانگە و کۆلێجەکانی هونەر دەبێت، سەرچاوەیەکی گرنگیش دەبێت بۆ توێژەرانی بواری سینەما و جینۆساید بە تایبەتی و بۆ نووسەر و ڕەخنەگر و مێژوونووس و میدیاکاران بە گشتی.

میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی وەسفی شیکاریی، شیاو و گونجاوە بۆ شیکردنەوەی زانستی و هونەری فیلمە سینەماییەکانی بواری جینۆساید و بەدیارخستنی کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە دەرەنجامەکانی.

سنووری توێژینەوە:

لە نێوان سالانی (٢٠١٤-٢٠٢٤)، لە چوارچێوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و ئەو فیلمانەی لەسەر ئەو جینۆسایدە دروستکراون.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە کە لەم تەوەرانە پێکدێت: (پوختەیەک لە جینۆسایدی ئێزیدییەکان)، (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە فیلمی کوردی و جیهانیدا)، (بەڵگەکانی ناو جینۆسایدی ئێزیدییەکان وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی فیلم).

بەشی دووەم: جێبەجێکردنی نموونەی توێژینەوەیەکەیە، کە تەرخانە بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی فیلمی (ڕەشەبا) و خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی، هەروەها بەرجەستەبوونی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەو فیلمەدا.

لە کۆتاییدا (دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە)کە و سەرچاوەکان و لیستی ئەو فیلمانەی لەسەر ئەم جینۆسایدە دروستکراون، لەگەڵ پاشکۆی پۆستەر و وێنەکان خراونەتەڕوو.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

١-١: پوختەیەک لە جینۆسایدی ئێزیدییەکان.

لە مێژووی کۆن و نوێدا، «ئێزیدییەکان (٧٣) جار کەوتونەتە بەر شاڵاو و پەلاماری هێزە یەک لەدواییەکەکانی ناوچەکەوە، لە سەردەمی میتانی و کلدانییەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی فارس و ڕۆمەکان، شەنگال کە شوێنی نیشتەجێ بوونیانە هەمیشە شانۆی پێکدادانی هێزە جیاوازەکانی ناوچەکە بووە» (قادر، ٢٠٢١، لا٣٧٧). پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و دەستپێکردنی فتوحاتەکانی، دواتر ململانێ و ڕکابەریی عوسمانی-سەفەوی، ناوچەکە کەوتووەتە بەردەم زنجیرەیەک شاڵاو و پەلاماری نوێ، دواین هێرش و پەلامار کە دەبێتە (٧٤)ەمین فەرمان، لەسەر دەستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش-ISIS) ڕوویدا، لە (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی(٢٠١٤) پەلاماری موسلی دووەم گەورەترین پارێزگای عێراقیدا و داگیری کرد، دواتر لە (٣)ی ئاب هێرشی بۆ سەر شاری شەنگال دەستپێکرد و تاوانێکی کەم وێنە و دڕندانەی دژ بە ئێزیدییەکان و کاولکردنی ئەو شارە ئەنجامدا، کە بە گەورەترین تاوان لە سەدەی بیست و یەکدا دادەنرێت.

لە (٢١)ی حوزەیرانی (٢٠١٦) نادیە موراد کچە کوردی ئێزیدی کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە فڕیندرابوو، لە بەردەم ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: «کاتێک ناوچەکەمان لەلایەن چەکدارانی داعش داگیرکرا، ئێمە شەش هەزار ژن و منداڵ بووین، فڕێندراین و وەک سەبایە فرۆشراین و دەستدرێژی سێکسیمان کرایە سەر، لەناو ئەو کچە فرۆشراوانەشدا، منداڵی تەمەن نۆ ساڵ هەبوون، هەروەها لە ناو دادگای موسڵدا بە زۆر دەستیان خستینە سەر قورئان بۆ ئەوەی ئایینەکەی خۆمان بگۆڕین و ببین بە موسلمان»»(موراد، ٢٠١٦، لا٤). نادیە موراد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: لە گوندەکەی ئێمەدا حەوت هەزار کەس لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران، کە براکەی من یەکێک بوو لەو کوژراوانە»(موراد، ٢٠١٦، هەمان سەرچاوە)، لەوبارەوە فیلمێکی گرنگی دۆکیۆمێنتری بەناوی «On Her Shoulders,٢٠١٨»(Bombach) دەرهێنەری ئەمریکی «Alexandria Bombach» دروست کراوە، تێدا نادیە موراد چیرۆک و سەرهاتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لە (١٧)ی ئازاری (٢٠١٦)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن کێری، بە فەرمی ڕایگەیاند کە داعش جینۆسایدی دژی ئێزیدییەکان ئەنجامداوە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەم هێرشانەی بە جینۆساید ناوزەد کرد و تیشکی خستە سەر، پێویستی دەستێوەردان و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی بە گرنگزانی. هەروەها لە (٢٠١٦/٣/٢١) بڕیارێک لە لایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆساید دەربارەی تاوانەکانی داعش دەرچووە و دەڵێ: «ئەو تاوانانەی کە داعش لە سوریا و عیراق ئەنجامی داون، بەشێوەیەکی ڕاست و

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕوون تاوانی جینۆسایدن»(IAGS-٢٠١٦). ئەم جینۆسایدەی ئێزیدییەکان هەریەک لە پەرلەمانی وڵاتانی هۆڵەندا و بەلجیکا، وەک تاوانی جینۆساید ناساندویانە و پەرلەمانی کوردستانیش ڕۆژی (٣)ی ئابی وەک ڕۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی دیاری کردوە.

سەبارەت بە قوربانیانی ئەم قڕکردنەی شەنگال، لە ڕاپۆرتی شەشەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان کە لە (٢٥-٦-٢٠٢٤) لە هەولێر بەسترا، دەرکەوتووە کە (٦٤١٧) کوردی ئێزدی لەلایەن داعشەوە رفێندراون، کە (٣٥٤٨) کەسیان لە رەگەزی مێ و (٢٨٦٩)یان لە رەگەزی نێرن، لەو ژمارەیە تاکو ئێستا (٣٥٧٦) کەسیان رزگارکراون، زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار کەسیش کوژراون، «هاوکات هەزاران هاووڵاتی ئێزیدی بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ڕۆژ بەبێ نان و ئاو لە چیای شەنگال مانەوە، بە هۆی برسێتی و تینوێتی و ماندوو بوون و سەختی ڕێگا سەدان کەسیان لە پیر و منداڵ و ژن گیانیان لەدەست دا»(سلیمان،٢٠١٦،ص٤). تا ئێستا نزیکی (٨٣) گۆڕی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزدی و ژمارەیەک گۆڕی تاکەکەسی لە شنگال دۆزراونەتەوە. هەروەها زیاتر لە (٦٨) پەرستگا و شوێنی ئایینی تایبەت بە ئێزیدییەکان خاپوورکراون. تیرۆرستانی داعش کاتێ دەستیان بەسەر ناوچەکانی شەنگالدا گرت، کچان و ژنان لە هەر تەمەنێکدا بووبن وەک کۆیلەی سێکسی (Sex slaves)[1] بە ئاشکرا دەیانفرۆشتن و وەک سەبایەش بە کاریان دەهێنان و ناچاریان دەکردن لەگەڵ ئەندامەکانیان وەک جیهادی نیکاح سێکس بکەن. لە «ژمارە چواری گۆڤاری دابقی ئەلکترۆنی کە داعش بە زمانی ئینگلیزی دەری دەکرد، ڕێ و شوێنەکانی ڕەوایەتیدان بە کڕین و فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی رفێنرا بوون شیکردۆتەوە»(بارزانی، ٢٠١٥، لا٥). بەڵام شوێنەواری لێکەوتەکانی ئەم جینۆسایدە بەسەر جەستە و دەروونی کۆمەڵگەی ئێزیدی هێشتا هەر ماوە و ساڵانە چەندین فیلم لەسەر ئەم تاوانانە دروست دەکرێت، لە دوتوێی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر هەندێ لەو فیلمانە.

١-٢: ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە فیلمی کوردی و جیهانیدا.

جینۆسایدی ئێزیدییەکان بۆ سینەما مژارێکی فرە گرنگە، چ بۆ فیلمسازانی کورد چ بۆ فیلمسازانی دونیا، تا ئێستاش چەندین فیلمی داستانی و دۆکیۆمێنتەری بە ئاست و تێڕوانینی هونەری جیاواز لەسەر ئەم جینۆسایدە دروستکراون، بەشێکی زۆریشیان باس لە بەرەنجام و لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای ئەم تراژیدیایە دەکەن، نیشاندانی داعش وەک هێزێکی دڕندە و وێرانکەر، یان خستنەڕووی ئێزیدییەکان وەک ستەملێکراو و قوربانی.

آ-فیلمی کوردی و جینۆسایدی ئێزیدییەکان:

هەر لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە تا ئێستا، فیلمسازانی کورد، لێرە و لەوێ، هەوڵیان

داوە فیلم لەسەر تاوانەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دروست بکەن، چەندین فیلم بە فۆرم و دیدگای جیا لەسەر لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم قرکردنە دروستکراون، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

فیلمی دۆکیۆمێنتری «کچانی خۆر-Daughters of the Sun»(دۆسکی، ٢٠٢٢)، دەرهێنانی ڕێبەر دۆسکی، باس لە ژمارەیەک کچی ڕزگار بووی دەستی داعش دەکات کە هەر یەکە و چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو بۆتەوە، چەندین جار کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە، دواتر بە هەر شێواز و دەرفەتێک بێت ڕزگاریان دەبێت لە مەرگ، بەڵام لە نێو دۆخێکی پڕ لە گرفتی دەروونی و لە دەستدانی ئازیزانیان دەناڵێنن، ئەوەی لەم فیلمەدا گرنگە بەردەوامیدانە بە ژیان، ململانێیە لەگەڵ یادەوەریە تاڵەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ تانە و قسە و قسەلۆکی جڤات، لە کۆتایی فیلمەکەدا کە پەیامی دەرهێنەر لەوێدا چڕ دەبێتەوە، هەموو کچەکان پشت لە ڕابردووی قێزەونی خۆیان باوەش بە ژیاندا دەکەن، دواتر هەر یەکیان لە ڕێی پیشەیەکەوە سەرقاڵی کارکردن و بژێوین، وەک هێمایەک، ڕوو بە ژیان و نۆژەنکردنەوە و بنیتنانی ئایندە جارێکی تر.

لە فیلمی «مەملەکەتی مێروولەکان»(شاناز، ٢٠١٦) دەرهێنانی عەدنان عوسمان شاناز، تیشک دەخرێتە سەر نەریتە باو و دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بەوەی کچێکی ڕاکردووی دەستی داعش کە بە دووگیانی ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە ناو کەس و کارەکەی، لە جیاتی لاوانەوە و پێشوازی، دۆزەخ بۆ خۆی و ساوا تازە لە دایکبووەکەی دروست دەکەن، کە باوکی منداڵەکە داعشێکی نە ناسراوە، تا ئەو ئاستەی دەیانەوێت بیکوژن، لە کۆتاییدا وەک ئەوەی دەرهێنەر دەخوازێ، لە ڕێی گەنجێکی گوندییەوە کە هەر ئەو هاوکاری بوو لە گەڕانەوەی بۆ گوندەکەی خۆیان لێناگەڕێت بکوژرێت، بەڵکو ئامادەییە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ دروست بکات.

لە فیلمی منداڵی عیماد (سنجاوی، ٢٠٢٠) دەرهێنانی زەهاوی سنجاوی، باس لەوە دەکرێت کە چۆن منداڵ دەخرێتە ناو ژینگەیەکەوە و دەستکاری بونیادی دەکرێت و تەواو لە تایبەتمەندییەکانی منداڵی و سروشتی خۆی دایدەبڕن و دەبێتە کارەکتەرێکی دڕندە و دڵڕەق، عیماد منداڵێکی کوردی ئێزدییە و تەمەنی پێنج ساڵە، دوای بەسەربردنی دوو ساڵ و نیو لەژێر دەستی رێکخراوی داعش، ڕزگاری دەبێت، لەو ماوەیەدا بەتەواوی هەڵسوکەوتی دەگۆڕێت، دڵڕق و توندتیژ، تا ئەو ئاستەی خۆی بە یەکێک لە چەکدارەکانی داعش دەزانێت و هەموو هەڵسوکەوتێکی پڕە لە ڕک و تورەیی، جگە لەو کینەیەی بەرامبەر دایکی و دەوروبەری هەیەتی، هیچ هەستێکی تر پیشان نادات، بەڵام هێشتا عیماد چاوەکانی بێتاوانیان لێ دەبارێت، ئایا خێزانی عیماد دەتوانن یارمەتی بدەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخەدا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە بە منداڵێکی ئاسایی و بە سروشتی منداڵانەی خۆی ئاشنا ببێتەوە؟ بێگومان لە کۆتایی فیلمەکەدا هەست بەوە دەکەیت کە عیمادی منداڵ جارێکیتر بەرەو سروشتی خۆی،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کە پاکی و جوانی و میهرە دەگەڕێتەوە. لەم فیلمەدا ئەم جۆرەی جینۆساید بەرجەستە دەبێت کە: «گواستنەوەی منداڵان لە گروپ و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گروپێکی تری کۆمەڵایەتییە»(جەی کیلی،٢٠١٥:ل١٩٩-٢٠٠) کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ تەواو دابڕێت لە کەلتور و ژیانی پێشووی خۆی، کەلتور و دابونەریتی ئەو شوێن و ژیانەی بۆی گواستراوەتەوە وەربگرێت و ببێت بە بەشێک لەو جڤاتە و ژینگە تازەیەی بۆی هێنراوە.»(ئەحمەد،٢٠٢١،ل٥٤).

ب-فیلمی جیهانی و جینۆسایدی ئێزیدییەکان:

فیلمی کچانی خۆر «girls of the sun» (هوسۆن، ٢٠١٨) لە سیناریۆ و دەرهێنانی ژنە سینەماکاری فڕنسی (ئیڤا هوسۆن)ە و بەرهەمی ساڵی (٢٠١٨)ی وڵاتی فڕنسایە، لە وڵاتانی فڕنسا و گورجستان وێنەی گیراوە و بە هەر سێ زمانی کوردی و فڕنسی و عەرەبی. بە بەشداری ئەکتەری ناوداری سینەمای ئێرانی (گوڵشیفتە فەراهانی) بە ڕۆڵی کچە شەڕڤانێک بە ناوی بەهار، هەروەها (ئێمانوئێل بەرەکات) ئەکتەری گەنجی فڕنسی و براوەی خەڵاتی پالمادۆری باشترین ئەکتەری فێستیڤاڵی کانی ساڵی (٢٠١٥)، بە ڕۆڵی ماتیڵدەی پەیامنێری جەنگ.

ئەم فیلمە باس لە خەبات و بەرخودانی کچانی شەڕڤانی کوردی کۆبانێ لە دژی گروپی تیرۆریستی داعش دەکات کە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دووبارە گێڕانەوەی شارەکەیان لە دەستی تیرۆریستان، ڕۆژنامەوانێکی بیانی بە ناوی ماتیڵدە لەو جەنگەدا لەگەڵیان دەبێت و چاودێری ڕووداوەکان دەکات و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەهاردا هەیە. ئەم فیلمە لە حەفتاو یەکەمین خولی فێستیڤاڵی کان نمایشکرا و بووە جێگەی ڕامانی بینەران. لەبارەی دروستکردنی فیلمەکەوە، دەرهێنەری ناوبراو دەڵێ: (کردەوەی نامرۆڤانەی داعش بەرامبەر ئێزیدییەکان و بەسەرهاتە خەمناک و دڵتەزێنەکانی ژنان و کچانی بە دیلگیراوی کورد، هەروەها ئازایەتی و بێ منەتی و لەخۆبردوویی ژنانی کورد لە خەباتی چەکدارانە دژ بە چەتەکانی داعش کاریگەری لەسەرم هەبووە، هەر بەم هۆیەش بڕیارمدا، چەند گۆشەیەک لەم خەباتە و قارەمانەتییە بکەمە فیلم. ئەو دەرهێنەرە باوەڕی وایە کە کچانی خۆر لەو فیلمە دەگمەنە جەنگیانەیە کە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئافرەت لە ڕووداوەکانی ناو ئەم کارەساتە ئاڕاستە دەکات و پەیامێکی ئەرێنی هەیە و شایستەیی و لێهاتوویی و تواناکانی ژنان نیشان دەدات.

فیلمەکە ڕووناکییەک دەخاتە سەر خەباتی ژیانی ڕاستەقینەی ئەو ژنانەی کە دژی هێزە توندڕەوەکان شەڕیان کردووە، هەروەها بەدواداچوون بۆ تەوەری بەرخۆدان و زەبر و زەنگ و هاودەنگی دەکات. هەرچەندە لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ فیلمەکە کرا، بەڵام «کچانی خۆر» بەهۆی نیشاندانی بوێری و قارەمانیەتی لە لایەک و لە لایەکیتر، ئەو دیدە ناوازەیەی هێنایە کایەوە، کە مەرج نییە تەنها پیاوان بتوانن

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چیرۆکێکی جەنگی لە ڕێی فیلم بگێڕنەوە. ئەم فیلمە بۆ یەکەمجار لە «فێستیڤاڵی کان» (Cannes Film Festival:2018)، لە ساڵی (٢٠١٨) نمایشکرا و لەوێ پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی پالمادۆری سەرەکی.

١-٣: بەڵگەکانی ناو جینۆسایدی ئێزیدییەکان وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی فیلم.

ڕەنگە جینۆسایدی ئێزیدییەکان، خاوەنی زۆرترین بەڵگەی زیندوو بێت، چونکە لەسەردەمێکدا ڕوویدا گەشەی تەکنەلۆژی و ئامێرەکانی تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگ زۆر بە ئاسانی لەبەردەست دابوون. خودی (داعش) خۆشی وێنە و ڤیدیۆی تاوانکارییەکانی بە کاردەهێنا بۆ زیاتر بڵاکردنەوەی ترس و تۆقاندن، لێرەدا ئاماژە بە چەند جۆرێک لەو بەڵگە دەکەین کە سەلمێنەر و دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی ئەو تاوانکاریانەن:

١-وێنەی فۆتۆگرافی:

یەکێک لە بەڵگە هەر گرنگەکان بۆ سەلماندن و دەرخستنی ڕووی جینۆساید وێنەیە، وێنە کەتواری جینۆساید وەک تۆمارێکی مێژوویی گرنگ و بەهێز نیشاندەدات، هەر وەک چۆن وێنەکەی (عومەری خاوەر)، تەواوی تاوانکارییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە لە خۆی نیشاندەدات یان وێنەکانی کەمپی ئاوشفیتز یەکێکە لە بەڵگەی سەلمێنراوی جینۆسایدی هۆلۆکۆست، بەهەمان شێوەش لە جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا وێنەی فۆتۆگرافی چ ئەوانەی لەلایەن خودی داعشەوە گیرا بوون، یان لە لایەن میدیاکاران و خەڵکی ئاسایی، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لە هێشتنەوەی ئەم جینۆسایدە و نیشاندانی ئاستی تاوانکارییەکانی داعش بەرامبەر کۆمەڵگەی ئێزیدی، کە دواتر ئەم وێنانە بوونە سەرچاوەی باش بۆ دروستکردنی فیلم و کاری هونەری لە چوارچێوەی پێشانگەی فۆتۆگرافی، ئێستا دەیان و سەدان وێنەی فۆتۆگرافی لەبەردەستدان لەسەر ئەم جینۆسایدە و وەک بەڵگەی بەهێز لە ئێستادا و بۆ مێژووش دەمێننەوە.

٢-دیمەن و گرتەی ڤیدیۆ:

لە وێنە کاریگەرتر، پارچە ڤیدیۆیە، چونکە بە دەنگ و ڕەنگ وێنای ئەو واقیعە دەکات، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵگەیەکی ڕاستەقینە و زیندووە، سەلمێنەرێکی تەواو ڕاشکاوانە و بەڵگەنەویستە، کاریگەرەیەکەشی بێ وێنەیە، کەس ناتوانێ نکوڵی لێوەبکات. هەموو ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی هەر لە دەسپێکی جینۆسایدی ئێزیدییەکان تا کۆتایی دەسەڵاتی داعش گیراون، ئەوانەی داعش خۆی بە باشترین کوالیتی و ئاستی هونەری وێنەی دەگرتن و دواتر مۆنتاژی دەکردن و لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاوی دەکردنەوە، کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر خەڵکی دادەنا، وەک وێنەی دیلەکانی ناو

قەفەزی ئاسنین و گێڕانینان بە شەقامەکاندا دواتر سەربڕینیان، کە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین ئەنجامی دەدا، یان ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی لە لایەن میدیا جیهانییەکانی وەک کەناڵی (DW)ئەڵمانی و کەناڵی (BBC)ی بەریتانی گیراون، یاخود میدیاکانی ناوخۆ یان هی خەڵکی ئاسایی، بەڵگەی هەرە زیندوون بۆ بە دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش، کە دواتر وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ فیلمسازان لەبەردەستدان تا فیلمی لەسەر دروست بکەن.

٣-دەنگی تۆمارکراو:

تۆمارە دەنگییەکانیش کەناڵێکی گرنگن بۆ بەڵگاندن و دەسکەوتنی زانیاری لەسەر تاوانەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، باشترین نموونەش بۆ ئەمە، تۆمارە دەنگیەکەی «ئەبو بەکر بەغدادیە کە لە (٣-١١-٢٠١٦) (آجورلو،١٣٩٠،ص١) گوتارێکی خۆی، بە شێوەی دەنگی بڵاوکردەوە، نیشاندەری ڕوویەکی ئەم جینۆسایدە دەخاتەڕوو.

٤-گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان:

داعش لە هەر سێ بواری میدیادا «بیستراو و بینراو و خوێنراو» بە شێوەیەکی ڕێکخراو و تۆکمە و پێشکەوتوو، بە سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی میدیای نوێ و لە ڕێی ئەو بیانیانەی پەیوەندییان بەو ڕێکخراوەوە دەکرد، هەوڵیداوە لەگەڵ دونیای دەرەوە پەیوەندی دروست بکات، سۆشیاڵ میدیاکەی لە ئاستێکی فراوان بڵاودەکردەوە و زۆرترین بینەری بۆخۆی کەمەندکێش دەکرد، کە ئێستا سەدان و هەزاران بەڵگە لەبەرەست دان بۆ ناسین و سەلماندنی تاوانەکانی جینۆسیدی ئێزیدییەکان، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە خودی داعش لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا دەری کردوون، وەک بەڵگە و دۆکیۆمێنتێکی گرنگ لەبەردەستدان، داعش بۆ ڕەوایەتی بە ئەجێندای سیاسەتەکانی خۆی و تۆقین و ترساندنی نەیارەکانی لە لایەک، بڵاوکردنەوە و جێکەوتەکردنی ئایدیۆلۆجیای خۆی لەلایەکیتر، کۆمەڵێ ڕۆژنامە و گۆڤاری بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی وەک (ئینگلیزی، فرنسی، ڕووسی، ئەڵمانی، هۆڵەندی) دەرکردوە، وەک گۆڤاری (دابق)[٢] کە پازدە ژمارەی لێ دەرچووە، هەروەها ڕۆژنامەی (النبأ) کە سێسەد ژمارەی لێ دەرچووە، لەگەڵ چەندین بڵاوکراوەی تر.(الرويلي،٢٠٢١). کە هەر هەموو ئەمانە بنەمای گرنگن بۆ نووسنی سیناریۆ و دروستکردنی فیلم.

٥-شایەتحاڵەکان:

شایەتحاڵەکان باشترین و زیندووترین بەڵگە و دۆکیۆمێنتن لەسەر خودی هەر جینۆسایدێک، «سەربازە ڕووسەکان کە لە جەنگی دووەمی جیهانییدا سەرکەوتن و دەستیان بەسەر کەمپی (ئاوشڤیتز)دا گرت، زیاتر لە (٦٠٠٠) شەش هەزار بەندکراوی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

جوو لەو کەمپانەی مەرگ مابوونەوە و ڕزگارکران، لەگەڵ هەزاران دۆکیۆمێنتی نووسراو و وێنەی جۆراجۆری قوربانیان و ڕزگارکراوان»(کەریمۆک، ٢٠٢٤، لا١٥٥)، شەش هەزار کەس واتە شەش هەزار بەڵگەی زیندوو، شەش هەزار شایەتحاڵ و شەش هەزار چیرۆک و حیکایەت، هەموو ئەو بەڵگانەی سەرەوە لەسەر هۆلۆکۆست، دواجار بوونە سەرچاوە و بناغە و بنەما بۆ دروستکردنی سەدان فیلمی سینەمایی ئاستبەرز و تا هەنووکەش فیلم لەسەر تاوانەکانی هۆلۆکۆست بە ناوەڕۆک و چیرۆکی تازەوە لە دیدگا و تێڕوانینی دەرهێنەرانەوە دروست دەکرێت، بەهەمان شێوەش ڕزگاربووانی دەستی داعش کە ژمارەیان (٣٥٧٦) بوو، لە ناویاندا نادییە موورادیش هەبوو، بوونە سەرچاوەی باش بۆ دروستکردنی فیلمی سینەمایی، چەند فیلمێکی باش لەو بارەوە دروستکراون: وەک (منداڵی عیماد) لە دەرهێنانی زەهاوی سنجاوی و فیلمی (کچانی خۆر) لە دەرهێنانی ڕێبەر دۆسکی و فیلمی (سەبایە) لە دەرهێنانی هۆگر هروری، ڕەنگە لە ئایندەش فیلمی لەسەر چیرۆکە نەبیستراوەکانی ڕزگاربووان دروست بکرێت، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی ڕزگاربووانی دەستی داعش، مایەی بەرجەستەکردنی سەدان چیرۆکی پڕ لە تراژیدیا و مەرگەساتن.

٦-نامە و بیرەوەری نووسراو:

ئەو نامانەی لە نێوان ئەمیرەکانی داعش بۆ یەکتر نووسراون و ماونەتەوە، یان بیرەوەری هەندێک لە ڕزگاربووان کە دواتر نووسراون یان لە ئایندەدا دەنووسرێن، دەبنە بەڵگەی گرنگ و سەرچاوەی زانیاری لەسەر ئەو جینۆسایدە. لە مێژووی جینۆسایدەکاندا بیرەوەری ڕزگاربووان سەرچاوی گرنگ بوونە بۆ دروستکردنی فیلم، دەیان فیلمی جیهانی لەسەر یادەوەری کەسە ڕزگاربووەکانی ناو هۆلۆکۆست دروستکراون و بەردوامیش لێرەولەوێ چیرۆکی تازە پەیدۆز دەبێت و دەکرێتە فیلم.

٧-بەڵگەنامە سەربازی و کارگێڕییەکان:

زۆرجار نەخشە و تۆمارەکانی بەرپرسانی سەربازی دەوڵەت، کە پلان بۆ جینۆسایدەکە دادەڕێژن، دوای ئەوەی دەڕووخێن دەبنە باشترین بەڵگە لەبەردەست سینەماکاران و توێژەران، ئەم جۆری بەڵگەیە لە دوای تێکشانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، سەدان و هەزارانی کەوتنە بەردەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکرانەوە.

٨-گۆڕی بە کۆمەڵ:

لە دوای هەر جینۆسایدێک، شوێنەوارەکانی تاوانکاری و کوشوبڕ وردە وردە دەرکەون، یەکێک لە هەر لێکەوتەکانی کە بۆتە سیما و ئەدگاری جینۆسایدەکان، ئاشکرا بوون یان دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانە، کە دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو، لەجینۆسایدی

داعش و کۆمەڵکوژییەکانی تا ئێستا زیاتر لە (٨٣) گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، ئەم گۆڕانە سەلمێنەری ڕاستەقینەی ئەو تاوانانەن دژ بە ئێزدییەکان، لەوە دەچێت هێشتا گۆڕی تریش مابن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکان تا ئێستا بێ سەروشوێنن.

٩-تێکستە ئەدەبییەکان:

هەموو ئەو کارە ئەدەبیانەی لەسەر تاوانەکانی داعش نووسراون چ «چیرۆک، شیعر، ڕۆمان..» بنەمایەکی باشن بۆ سینەما، لێرەدا تەنها ئاماژە بە ڕۆمانی «دڵدارەکەم داعشە» لە نووسینی هاجەر عەبدولسەمەد و وەرگێڕانی حەسەن یاسین دەکەین، کە وێنەیەکی ڕوون و ڕاستەقینە لەسەر ئاکار و ڕەوشتی ژیانی ئەمیرەکانی داعش دەخاتەڕوو، وێنەیەکی بەرجەستە و زیندوو، کە دەشێ ببێتە بیرۆکەی فیلمێکی گوزارشتکەر لەسەر داعش و تاوانکارییەکانی، کە چۆن ژنان و کچانیان وەک کۆیلەی سێکسی بەکارهێناوە. (عەبدولسەمەد ،٢٠١٩). هەروەها ئەم ڕۆمانە کونجە شاراوەکانی ژیانی ناو کۆشکی ئەمیرەکان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەوروبەر و کەنیزەکان و ڕابواردنیان دەخاتەڕوو.

بەشی دووەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە

٢-١: کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، لە بەشێکی زۆری ئەو فیلمانە پێکدێت کە لەلایەن دەرهێنەرانی کورد و جیهان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان دروستکراون، کە ژمارەیان (٤٦) فیلمی کورت و درێژی سینەمایی (داستانی و دۆکیۆمێنت)ە، لە ناویشیاندا فیلمی (ڕەشەبا) شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ دەکرێت. لیستی فیلمەکان هاوپێچکراوە.

٢-٢: شیکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆکی فیلمی ڕەشەبا (The Dark Wind-٢٠١٦)

یەکەم: بەرجەستەکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە فیلمی (ڕەشەبا)دا

فیلمی ڕەشەبا بە زمانی کوردی و عەرەبی دروستکراوە و ماوەکەی (٩٢) خولەکە و دەرهێنانی فیلمسازی کورد (حوسێن حەسەن)ە، ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی زۆر ڕیالستی گوزارشت لە جینۆسایدی شەنگال دەکات و چرکەساتی هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر لالش لە دوتوێی وێنەی سینەمایی و بە زمانێکی فیکری و ئیستاتیکی بەرزەوە دەخاتەڕوو. تێڕوانی دەرهێنەر بۆ داعش لەو دیمەنە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک دەست بەسەر لالش دادەگرن هەرچی ئامێری مۆسیقا و تەلەفزیۆن هەیە کۆیان دەکەنەوە و دەیسوتێنن، ئەمە وەک سیمبولێک وایە بۆ شوناسی ئەو هێزە تاریکپەرستە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کە دژی جوانی و پێشکەوتنن، بە دەمامک و جلی ڕەشەوە پەلامار دەدەن و ئارامی و ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک دەشێوێنن تەنها لەبەر ئەوەی وەک ئەوان بیر ناکەنەوە و ئایینیان جیاوازە.

ڕووداوەکانی فیلمەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغدا، قۆناغی هێرش و پەلامارەکانی داعش، قۆناغی رزگاربوونی پێرۆ و دۆخی خراپی دەروونی ئەو و خێزانی هەردوولایان، کە بەشی هەرە زۆری فیلمەکەی لەسەر دروستکراوە، دەرهێنەر بە وردی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو لایەنەی جڤاتی ئێزیدی لەسەری کۆکە، هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی دوروبەری ئەویش مەسەلەی شەڕەفە، کە گرێدراوی جەستەی ژن و پەردەی کچێنییە، واتە شەڕەفی پیاو لە پاکیزەیی مێینەدا خۆی دەبینێتەوە.

هێزی عەشق و خۆشەویستیش لەبەرامبەر هەژموونی ناموسی ژن دەکەوێتە خەتەرەوە، ئەوەتە ڕێکۆ لەگەڵ ئەو سۆز و عەشقەی بۆ پێرۆی هەیە، بەدگومانی گەمارۆی داوە و ناتوانێت بوێرانە بڕیار بدات و پشت لەو دیدە کۆنەپارێزەی کۆمەڵگە بکات، ژنەکانیش لەم کۆمەڵگەیەدا قوربانی سەرەکین و توانای بەرگرییان نییە، وەک پێرۆ کە لە ئاست ئەم دەستدرێژییە سێکسییەی داعشەکان لە زمان کەوتووە و توانای گوزارشتکردنی لە مەینەتییەکانی خۆی نەماوە، هۆکاری هەموو ئەمانەش ئەو ئەجێندایەیە کە داعش لەسەری ئیشی دەکرد، جەستەی ژن وەک کێڵگەیەک دەبینن بۆ بەتاڵکردنەوەی حەز و ئارەزووەکانیان، بێگوێدانە هیچ بەهایەکی ئینسانی.

دەرهێنەر لە هەندێ شوێندا لە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی باس لە سنوور دەکات و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان(YPJ) دەیەوێت بڵێت ئەگەر کورد یەک بێت، بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ دەبێت، لەسەر زاری شۆفێری تاکسییەکەوە کە بۆ ڕێکۆ قسە دەکات و دەڵێ: (تو زانی ڤی لایێ گومرکێ و لایێ دی، بو من هەر وەکی ئێکە، بێژە بو چی؟ ڤێرێژی کوردستانە وێریژی، ئەڤ سنورێت ناڤبەرا مەدا دڤێت بهێنە راکرن). ئەم دیدەی دەرهێنەر بە تەواوی لە دیمەنی شەڕکردنی ڕێکۆ و شەڕڤانان بەرامبەر داعش تەواو بەرجەستە دەبێت.

دیارترین دیدگای دەرهێنەر لە فیلمەکەدا لە کۆتایی دایە، کاتێک دەرهێنەر بڕیار لەسەر چارەنووسی پێرۆ و ڕێکۆ نادات و دەیەوێت خۆی بەتەنیا ئەم گرفتانە یەک لایی نەکاتەوە و بینەریش بەشداربێت لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و ئاریشەکانی نێوان پێرۆ و ڕێکۆ و ئەو دوو خانەوادەیە، بە دیویکی دیدا دەیەوێت بڵێت فیلمەکە هێشتا تەواو نەبووە، ئەوە ئێوەی بینەرن دەبن بە بەشێک لە فیلمەکە و کۆتایی بۆ دادەنێن، بۆیە کۆتایی فیلمەکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی بینەر وەک بیرکەرەوەیەک ئاوێتەی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکە بێت.

دووەم: بەڵگە و ئاماژەکانی جینۆساید لە ناو فیلمی (ڕەشەبا)دا

(ڕەشەبا) وەک هەر فیلمێکی تری هونەری ئاستبەرز، ئەگەرچی فیلمێکی تەواو

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕیالستییە، بەڵام لە دووتوێی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا چەندین هێما و ئاماژەی هونەری لە خۆگرتووە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو هێما و ئاماژانەوە بینەر بە ناوەڕۆکی فیلمەکە وابەستە بکات و بە جیهانبینی دەرهێنەر ئاشنای بکات. ئەگەر لە ناوی فیلمکەوە دەست پێبکەین، دەبینین (ڕەشەبا) ناوێکی سادەیە و بێ پلان هەڵ نەبژێردراوە، بەڵکو پڕاو پڕی ناوەڕۆکی فیلمەکەیە، ئاماژەیەکی دروستە بۆ ئەو هێرشەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە شەنگال ئەنجامیدا، کە وەک ڕەوە کولە و لە ناکاو و بەکتوپڕی داباریە سەر لالەش و لە چرکە ساتێکدا ئەوەی بەردەستیان کەوت لە کچ و ژنانی ئێزیدی بردنیان و ئەوەشی بەرگری کرد، کوشتنیان، ئەو ناوە (ڕەشەبا) هەڵگری ئاماژەیەکی نێگەتیڤە و لە نێو خودی فیلمەکەشدا، لەسەر زمانی پیاوە ئایینەکە کە لەناو پەرستگای لالش لەکاتی نزا خوێندنی بەسەر پیرۆ و ڕێکۆدا، دەڵێ: (وەرە کچا من ئەڤە ڕەشەبایەک بو ب سەرێ مە هاتی، ئەڤە نە جارا ئیکێ یە ب سەرێ مە دهێت، ئە ڤە فرمانا (٧٣)یێ یە سەرێ مە هاتی).

هەر لەیەکەم دیمەنی فیلمەکەوە هێنانی جوانەگایەک بۆ قوربانی ئەوە نیشاندەدات کە شتێکی پیرۆز هەیە و پێویستی بە قوربانییە، ئەویش لێک مارەکردنی (ڕێکۆ-ڕێکش) و (پێرۆ-دیمەن زەندی)یە، دواتریش موزیک و گۆرانی ئاوێتەی ئەو قوربانییە دەبێت. ماچکردنی سەری ئەو شمشاڵەی پیاوێکی ئێزیدی دەیژەنێت هێمایەکی پڕە لە جوانی؛ بەوەی ئەوان چەند ژیاندۆستن و میوزیک چەند پیرۆزە لایان و ژیانیان لەگەڵ میوزیک و پاکی و بێگەردی هاوشان کردوە، هەر لەنێو ئاپۆرەی شادی و شایی ئەو هەموو خەڵکەدا هێمنیەکی قووڵ دەبینین، کە بینەر هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکات.

(ڕەنگ) هەڵگری جۆرێک لە هێما و ئاماژەیە، پۆشینی ڕەنگی سپی ژنە ئێزیدییەکان و پیاوە ئایینیەکان لەو بۆنەیەدا هێمای سادەیی و پاکیزەیی و پاکی دەگەیەنێت، بەڵام دواتر بە ڕەشبیگری و ڕەشکوژی قەرەبوو دەکرێنەوە. هەروەها پۆشینی ڕەنگی ڕەشی پیاوانی داعش و دەمامکە ڕەشەکانیان هێمای ترسناک و مردن دەگەیەنێت، ئەوە نیشان دەدات مەرگدۆستی ئەوان و خولقاندنی ئەو تراژیدیایەیە، قوربانیدانی ژیانی سەر زەوییە بۆ دونیایەکی ئەبەدی، کە ڕەنگە ئەوە تێزی بەشێک لە ئایینەکانیش بێت.

لەیەکەم دیمەنی هێرشەکەی داعش بۆ ناو لالش، گرتەیەکی (close up)ی ئاڵای داعش دەبینین، کە ڕەنگێکی ڕەشی هەیە و بە ڕەنگی سپی لەسەری نووسراوە (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو بیروباوەڕەی داعشی لەسەر دروست بووە، کە وەک خۆیان دەڵێن: (جێبەجێکردنی شەریعەت و گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامییە)، ئاڵاکەش دەربڕی ناواخن و ناسنامەی ئەو هێزەیە. کاتێک لالش داگیر دەکەن، دێن ئاڵای کوردستان کە شوناسی نەتەوەیی و بوونی کوردە لەسەربانی (قوتابخانەی مەحفەلی بنەڕەتی تێکەڵاو) دادەگرن و ئاڵای ڕەشی خۆیان دادەنێن، ئەم دیمەنە لە ڕوانگەی (پێرۆ)وە دەبینین و دەزانین کە ئیتر لالش لە لایەن ئەو هێزە داگیرکرا.

لە دیمەنی پەلاماری داعشەکان بۆ ناو لالش بە ئۆتۆمبێلەکانیان و ڕەتبوونیان لە نێوان کێڵە بەرزەکانی گۆڕستانێک، ئاماژەیەکە بۆ ئەو هێزە کە لەگەڵ خۆیدا کوشت و کوشتار و خوێنی هێناوە و ڕەشکوژی و کۆمەڵکوژی بەرپا دەکات، هەروەها لە دوای گەڕانەوەی ئەو هێزەش لە باکگراوەندا گۆرساتانێکی تر دەبینین، کە دیسان هێمایە بۆ جێهێشتنی ئەو تراژیدیایەی داعش لە لالش ئەنجامیدا.

پەردەی کچێنی کە گرێی سەرەکی فیلمەکەی لەسەر بنیات نراوە و ناڕاستەوخۆ بۆتە چەقی ململانی دەروونییەکانی ناو خێزانی پیرۆ و ڕێکۆ، قسە و باسی خەڵکی ناو کەمپەکە لەسەری، ئاماژە و هێمایەکی ڕوونە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی ڕۆژهەلات کە چۆن ئەو (پەردە)یە بە شەرف و ناموس دەبەستنەوە، پیرۆ لە لایەن داعشەوە کڕین و فرۆشتن و دەستاودەستی پێکراوە و ئێستا ڕزگاری بووە بەلام دووگیانە لە پیاوانی داعش، ئەمەش وایکردووە لە بارێکی دەروونی سەختدا بژیت، چونکە پەردەی کچێنی لەدەستداوە، کە وەک گوتمان لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا پایەکانی شەرەف و کەرامەتی لەسەر هەڵچنراوە، لەدەستدانی تێکچوونی شیرازەی ژیانە و هەڵوەشانەوەی هەزاران خەونی وەک ڕێکۆیە کە دەیەوێت بە خۆشەویستەکەی بگات، کە لەبەر لۆمە و قسە و قسەلۆکی خەڵکی، دووچاری دەروونێکی شڵەژاو دەبێتەوە و نازانێ لە نێوان خۆشەویستی و ئەو ڕەتکردنەوەدا کامیان هەڵبژێرێت.

دیاری (خەناوکە)یەک لە ڕێکۆوە بۆ دەستگیرانەکەی، هێمای وەفاداری و دوپاتکردنەوەی خۆشەویشتی نیشان دەدات و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت بڵێت من هێشتا تۆم خۆشدەوێت و تۆ هێشتا هەر هی منی، ئەو کاتەش کە پیرۆ دۆخی دەروونی تێکدەچێت دەیەویت ئەو ملوانکەیە بپچڕێنێت وەک هێمایەک بۆ کۆتایی هێنان بەو عەشقە، بەلام ئەوە ناکات، چونکە ئەو بەڕاستی ڕێکۆی خۆشدەوێت، ئەوە خەڵکە وازناهێنن و دەیانەویت بە ناوی کڕینەوەی شەرەف ئەو خەونەی لەبار ببەن.

(نان) وەک بەڵگەی مانەوە و بەردەوامی ژیان لە لایەک و هێزی بەیەکەوە بەستنەوەی مرۆڤ لە لایەکی تر وەک سیمبولێکی لێوان لە ژیاندۆستی و بەردەوامی بەکاربراوە، ئەوەتە دایکی پیرۆ لەو بارودۆخە سەختەی ژیانی ناو کەمپی ئاوارەکان و ڕەوشی خراپی کچە تاقانەکەی تەنورێکی داناوە و نان دروست دەکات و بەسەر خەڵکیدا دەیبەخشێتەوە، ئەو خەڵکەی بنکۆڵی ڕۆحی ئەو خێزانە دەکەن و لێناگەڕێن سارێژی برینەکانی خۆیان بکەن، هەر لە شوێنێکدا کە ڕێکۆ دەیەوێت بچێتەوە دەوامی پێشمەرگایەتی، دایکی پیرۆ بە پیرۆ دەڵێ هەندێ نانی بدەرێ با لەگەڵ خۆی بیبات، لەو دیمەنەدا بە قەد گەرمی نانەکان هەست بە گەرمایی سۆزی دایک دەکەین بۆ پیرۆ و بۆ دەستگیرانەکەی.

یەکێکی تر لەو سیمبولانەی لە نێو فیلمەکەدا بەکارهاتووە و لە ژیانی ئێزیدییەکاندا بەهایەکی پیرۆز و گەورەی هەیە (ئاگر)ە؛ ئاگر یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دروستبوون و بەردەوامی گەردوون و یەکێکە لە پێکهاتەکانی سروشت لای ئێزیدییەکان، وەک (ئاخ

و ئاڤ با و ئاگر) ئاگر پیرۆزە و لە پیرۆزی خۆرەوە هاتووە، چونکە خۆر لای ئەوان نووری خودایە و هێز و وزەیە، خۆر سەرچاوەی گەرمی و هێمای بەردەوامی و روناککردنەوەی ژیانە، ئەوان پێیانوایە کاتێ خۆر هەڵدێت خێروبێر دەردەکەوێت، واتە ڕووناکی دێت و ژیان دەست پێدەکات، بۆیە ئەو کاتەی ڕێکۆ و پێرۆ دەچنە پەرستگای لالش هەر لە دەروازەکەیەوە مەشخەڵی چرا ڕیز دەکرێن و ئەوان بە نێو چراکاندا ڕەت دەبن، کاتێکیش دایکی پێرۆ لە ناو پەرستگاکە لەبەر ڕووناکی چراکاندا نزا دەکات و دەڵێ: (یا شێخ هادی تو درگای خێرێ بو پێرۆی وەکەی) چراکان دیمەنێکی فانتازی بەو دیمەنە دەبەخشن کە وەک سیمبولێک وان بۆ کاری چاکە و چارەسەری ئەو دۆخەی پێرۆی تێکەوتووە، هەر لە دیمەنی دواتر دایکی پێرۆ بە ناولەپی دەستی ئاوی کانییەکە ڕادەدات و نزا بۆ هەردووکیان دەکات، چراکان دەدروشێنەوە، پێرۆ لە بەر ئەو ڕووناکییە ڕووخساری دەشوات و گەش گەش دەردەکەوێت، ڕێکۆش لەبەردەم نووری چراکان چاوەکانی داخستووە و بێدەنگ و غەمبار وەستاوە.

لە کۆی چیرۆکی فیلمەکەدا، زیاتر لە (١٥) جار ناوی مەلەکی تاوس یان (تاوسە مەلەک) بەر گوێی بینەر دەکەوێت، مەلەکی تاوس سیمبولی دادپەروەری و فریادڕەسە لای ئێزیدیەکان و گەورەی هەموو فریشتەکانە و بریتییە لە (عەزازیل) یان بە عەرەبی (عزرائیل) و بە ئینگلیزیش پێیدەڵێن (the peacock angel)، مەلەکی تاوس بە یارمەتی و هاوکاری حەوت فریشتەی دیکە حوکمی هەموو زەوی دەکات، ئەو حەوت فریشتەیەش لە ژێر فەرمانی خودای گەورەدان، لە هەردوو باردا لە ناخۆشی و مەرگەسات، لە خۆشی و بەزمەسات، وەک سیمبولی بەهاناوەچوون و فریادڕەس هاوار بۆ مەلەکی تاوس دەبەن، ئەوەتا ئەوکاتەی پێرۆ و ڕیکۆ مارە دەبڕێن لە ژێر ناو و فەرمانی مەلەکی تاوسدا ئەو گرێبەستی هاوسەرگیرییە ڕادەگەیەنن، هەروەها کاتێ دۆخی پێرۆ دەگاتە لوتکەی هەرسهێنانی پەیوەندییەکان هاوار بۆ مەلەک تاوس دەبرێت، بەتایبەتی کاتێ بێ دەربەست و دەستەوەستانن لە ئاست ئاریشە زۆر و نەخوازراوەکاندا.

لە خولەکی (٥٣)ی فیلمەکەدا، ئەو کاتەی پێرۆ لە گەڵ دایکی و ڕێکۆ لە چێشتخانەیەک دەیانەوێت نان بخۆن، دیارە ڕەوشی پێرۆ ڕوو لە باشەیە و لەگەڵ ڕێکۆ خەندە و ڕازونیاز ئاڵوگۆڕ دەکەن، لەوکاتەدا کە پێرۆ یەکەم کەوچکی خواردنەکەی بۆ دەمی دەبات، دەنگی بانگدانی مەلا لە بڵندگۆی مزگەوتەکەی تەنیشتیانەوە بەرز دەبێتەوە، پێرۆ بە بیستنی ئەو دەنگە باری دەروونی تەواو تێکدەچێ و دەشڵەژێ، یەکسەر هەڵدەستن و چێشتخانەکە جێدەهێڵن، ئەو دەنگە بۆ پێرۆ ساتی وەبیرهێنانەوەیە کە چۆن داعشەکان بە پێی ئایەت و فەرمووده دەست درێژیان کردە سەری و بەردەوامیش دەنگی (الله اکبر) لە منارەی مزگەوت و ماڵەکانیان بەرز دەبۆوە، پێرۆ بە بیستنی ئەو دەنگە هەموو ئەو دەستدرێژیانەی دێتەوە بیر، کە هەر شەوێ بە پاساوی شەرعی لە باوەشی پیاوێکی ریشدرێژی دوور لە هەموو هەست و نەستێکی ئینسانی ئاڵوگۆڕێ پێوە دەکرا، ئەو دەنگە کە دروشمی سەر ئاڵای داعشیش بوو، بۆ پێرۆ وەک سیمبولی

یادەوریەکی ناخۆش وێنا دەکرێت و ئەو لە ژێر ناوی خودا و ئاییندا کچیەتی هەلاهەلا کرا، بۆیە هەر کاتێ گوێی لە بانگدانی مەلا دەبێت ئەو هەراسان دەبێ و دەبورێتەوە. ئەو دەیەوێت هەموو ئەو ڕابوردووە تاریکانەی ژیانی لە بیر بکات و نەفرەت لەو ڕۆژانە بکات، بۆیە هەموو ئەو جلانەی سەردەمی بە (سەبایە)بوونی کۆدەکاتەوە و لە تەنوورەکەی دایکی دەیانسوتێنێ.

ئەنجامەکان:

١-قەبارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و ئاستی تاوانکارییەکانی هێندە بەرفراوان و مەرگەساتئامێزن، سینەما چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە نەیتوانیوە بە ئاستێکی باش بەرجەستەیان بکات، ئەگەرچی ژمارەیەک فیلمی کوردی و جیهانی لەسەر ئەم جینۆسایدە دروستکراون.

٢-سینەما حەزی ژیان لە نێو ڕۆحی مرۆڤەکاندا سەوز دەکات و چێژێکی گەورە بە بینەران دەبەخشێ و هاندەرە بۆ ئەوەی ئەو ڕک و تۆڵەیەی لە هەناوی تاکەکاندا خۆی حەشارداوە بگۆڕیت بۆ لێبوردەیی و میهرەبانی، بە تایبەت بۆ میللەتێک کە خاوەنی ئەم هەموو جینۆسایدەبێت، بەڵام دیوێکی تری سینەماش هەیە بۆ مەرام و مەبەستی ئایدیۆلۆجی ئاراستە دەکرێت.

٣-زۆربەی ئەو فیلمانەی لەسەر بەرەنجامەکانی جینۆسایدی داعش دروستکراون، هانی دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیان و دروستکردنی ئایندەی ڕزگاربووان دەدەن.

٤-مژاری جینۆسایدی ئێزیدییەکان، هەر بەتەنها بۆ هونەرمەندانی کورد گرنگ نییە، بەڵکو مژارێکی جیهانییە و جێی بایەخی فیلمسازانی دونیایە.

٥-سینەمایەکی بەهێز تا ڕادەیەکی زۆر گەرەنتی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد دەکات و پاڵپشتێکی کاریگەرە بۆ دروست بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی.

ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

١-زەمینە خۆشکردن و پشتگیریکردنی سیناریست و دەرهێنەرانی کورد تا گرنگی زیاتر بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان بدەن و تیشک بخەنە سەر ئەو هەموو ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهاتە مەرگەساتئامێزانەی لە نێو ئەو جینۆسایدەدا هەیە.

٢-بایەخدان بە نووسین و توێژینەوە و چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و سازدانی کۆڕ و سیمینار دەربارەی پەیوەندی نێوان سینەما و جینۆساید.

٣- جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەشێکی هەر گرنگی مێژووی پڕ لە تراژیدیای میللەتی کوردن، پێوستە بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی و لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کورستان بخوێندرێت.

٤-گرنگی بدرێت بەو فیلمە ئاستبەرزانەی دەرهێنەرانی کورد و جیهان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان دروستیان کردووە، ژێرنووسیان بۆ بکرێت و لە تەلەفزیۆنەکان و نمایشی تایبەت نیشان بدرێن.

٥-هەوڵ بدرێت هەندێ لەو کتێب و ڕۆمانە جیهانییانە وەربگێردرێنە سەر زمانی کوردی کە بابەتەکانیان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکانە، کە ڕاستەوخۆ بۆ ناوەندی فیلمسازی کوردی سوودی دەبێت.

٦-هانی فێرخوازانی دەرچوانی بەشی سینەما بدرێت، بیرۆکەی کارنامەی فیلمەکانیان لەسەر بابەتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان هەڵبژێرن.

٧-هانی فێرخوازانی خوێندنی باڵا بدرێت، تێز و توێژینەوە ئەکادیمیەکانیان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەنجام بدەن.

٨-سازادانی کۆنفرانسی تایبەت بە پرسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و کارکردنی فیلم لەسەر ئەو مژارە.

٩-سازدانی فێستیڤاڵی سینەمایی تایبەت بەو فیلمانەی لەسەر جینۆسایدەکانی کورد و جینۆسایدی ئێزیدییەکان دروست کراون.

پەراوێزەکان:

١. کۆیلەی سێکسی، بریتییە لەوەی کە مرۆڤێک یان گروپێک لە مرۆڤ، لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە یان گروپێکەوە، خاوەندارێتی دەکرێت، بە زۆر یان بە ناچاری سێکسی لەگەڵ دەکرێت یان سێکسەکەی کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. چالاکییەکانی کۆیلایەتی سێکسی بریتین لە لەشفرۆشی، پۆرنۆگرافی، سێکسی منداڵان، گۆڕینەوە، یان سەماکردن بە ڕووتی. هەموو ئەم حاڵەتە لە لایەن داعشەوە جێبەجێدەکرا.
٢. (دابق) گۆڤارێکی فەرمی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بوو، یەکەم ژمارەی لە تەموزی ساڵی (٢٠١٤) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لێ دەرچوو. ناوی گۆڤارەکە لە گوندی دابق شاری حەلەب وەرگیراوە، کە شەڕی بەناوبانگی (مرج دابق)ی لە نێوان عوسمانییەکان و مەملوکەکاندا تێدا ڕوویداوە.

سەرچاوەکان:

١-قادر، هێمن محەمەد، ئایندەی شەنگال لە ململانێی هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، (٢٠٢١).
٢-موراد، نادیە، پێویستە سەرچاوە داراییەکانی داعش وشک بکرێن، ماڵپەڕی ژنها، (٢٠١٦).
٣- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان، جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، (٢٠١٥).
٤-دۆسکی، ڕێبەر، فیلمی کچانی خۆر، بەرهەمهێنانی(Amstelfilm) دهۆک، (٢٠٢٢).

٥- شاناز، عەدنان عوسمان، مەملەکەتی مێروولەکان، هەولێر، (٢٠١٦).
٦- سنجاوی، زەهاوی، منداڵی عیماد، هەولێر، (٢٠٢٠).
٧- هوسۆن، ئێڤا، کچانی خۆر، هەولێر، (٢٠١٨).
٨- کەریمۆک، غەفور، سینەما و جینۆساید، ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، چاپخانەی تاران، (٢٠٢٤).
٩-سلیمان، طاها، نسل کشی ایزدی ها، مترجم: مهرداد رحیمیان، مرکز مطالعات تخصصی، ایران، (٢٠١٦).
١٠-ئەحمەد، هاوڕی، تاوانی جینۆساید، لە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی، سلێمانی، (٢٠٢١).
١١-عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان، شەنگال لە بەردەم فەتوا ئایینیەکان و شالاوەکانی داگیرکاریدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (٢٠١٨).
١٢-جەی کیلی، د.مایکڵ، تارماییەکانی هەڵەبجە، سەدام حسێن و جینۆسایدی کورد، و. کارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (٢٠١٥).
١٣-آجورلو، حسین، تحلیل راهبردی از پیام صوتی ابوبکر البغدادی، مؤسسه مطالعات و تحقیقات بین‌المللی، ابرار معاصر تهران، (١٣٩٥).
١٤-الرويلي، فالح، صحيفة (النبأ) صوت تنظيم داعش الإرهابي، التحالف الإسلامي العسكري لمحاربة الإرهاب، (٢٠٢١).
١٥-عەبدولسەمەد، هاجەر، دڵدارەکەم داعشە، و. حەسەن یاسین، دەزگای ڕۆشنبیری جەماڵ عیرفان، سلێمانی، (٢٠١٩).

16-The 71st annual Cannes Film Festival, Girls of the Sun, directded by Eva Husson,(2018).
17- Bombach, Alexandria, On Her Shoulders, American (2018).
18- IAGS, Resolution passed on, 18 March 2016.
19-https://en.wikipedia.org/wiki/2018_Cannes_Film_Festival
20-Cannes Film Festival, The girl of the sun, (2018)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

فیلمۆگرافیای جینۆسایدی ئێزیدییەکان

ژ	ناوی فیلم	ناوی دەرهێنەر	ناوی نووسەر، سینارست	جۆری فیلم	سالی بەرهەم	لایەنی بەرهەمهێنەر	ماوە فیلم	
1	کوردێن ئێزیدی	Amasi Martirosyan	Grigor Balasanyan Patvakan Barkhudaryan	داستانی	١٩٣٣	ئەرمەنی	٥٠	جیهانی
2	شنگال لەژێر گەمارۆی داعشدا	Xavier Muntz	Xavier Muntz	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٥	Premieres lignes	٥٠	جیهانی
3	گەڕانەوە	زەهاوی سنجاوی	زەهاوی سنجاوی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	AVB	٥٢	کوردی
4	ڕەشەبا	حوسێن حەسەن	مەمەد ئەکتاش حوسێن حەسەن	داستانی	٢٠١٦	میتۆس فیلم و ب.سینەمای دەهۆک	٩٢	کوردی
5	*Gulîstan*	Zaynê Akyol	Akyol Zaynê	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	Périphéria Productions	٨٦	کوردی
6	مەملەکەتی مێروولەکان	عەدنان عوسمان	عەدنان عوسمان	داستانی	٢٠١٦	کوردکامێرا	٦٣	کوردی
7	چیرۆکی شارە وێرانەکان	شێرۆ هیندی	ئۆندەر چاکار	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	کۆمۆنی فیلمی ڕۆژاوا	٧٨	کوردی
8	ڕادیۆی کۆبانێ	ڕێبەر دۆسکی	ڕێبەر دۆسکی	داستانی	٢٠١٦	DEEPFOCUS PRODUCTIONS	١٠٩	کوردی
9	هەڵۆکانی جەنگ	کاروان ئاوات	شوانە جەزا	داستانی	٢٠١٧	KRG	٧٠	کوردی
10	کچانی خۆر	ئیڤا هوسن	ئیڤا هوسن	داستانی	٢٠١٨	فرنسا	١٥١	جیهانی
11	Resistance Is Life	Apo W. Bazidi	Apo W. Bazidi	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٧	Apo W. Bazidi Goran Zaneti	٧٣	جیهانی
12	On Her Shoulders	Alexandria Bombach	Hishyar Abid Nawaf Ashur Deniz Ekici	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٨	Hayley Pappas	٩٥	جیهانی
13	Isis-Raqqan ainajainen	Antti Kuronen	Antti Kuronen	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٨	Yle TV1	٥٣	جیهانی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

14	منداڵی عیماد	زەهاوی سنجاوی	زەهاوی سنجاوی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٠	AVB	٧٨	کوردی
15	ئەوین لە بەرامبەر جینۆسایددا	شێرۆ هیندی	شێرۆ هیندی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٠	کۆمۆنی فیلمی ڕۆژاوا	٥٢	کوردی
16	سەبایە	هۆگر هروری	هۆگر هروری	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢١	Dogwoof Pictures	١٣١	کوردی
17	Iraq's Lost Generation	Anne Poiret	Anne Poiret	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢١	Cinétévé	٧٠	جیهانی
18	بوکە بە بارانێ	حوسێن حەسەن	مەمەد ئەکتاش حوسێن حەسەن	داستانی	٢٠٢٢	MEERGAH PRODUCTION	١٣٤	کوردی
19	کچانی خۆر	ڕێبەر دۆسکی	ڕێبەر دۆسکی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٢	Amstel film	٧٥	کوردی
20	کۆبانێ	ئوزلەم یەشار	مەدیا دۆز ئوزلەم یەشار	داستانی	٢٠٢٢	کۆمۆنی فیلمی ڕۆژاوا	٢٣٨	کوردی
21	بەڵێن	زەهاوی سنجاوی	زەهاوی سنجاوی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٢			کوردی
22	Angels of Sinjar	Hanna Polak	Hanna Polak	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٢	Poland Germany	١١٣	جیهانی
23	Sinjar, naissance des fantômes	Alexe Liebert	Alexe Liebert	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٣	faranch	١٠٣	جیهانی
24	ئاوازی ڕەش	هەردی سەلامی	کامۆ جەمال	داستانی	٢٠١١	KRG	١٠	کوردی
25	نان و دوکەڵ	ئیبراهیم ڕەمەزان	ئیبراهیم ڕەمەزان	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٤	ابرافیلم	١٥	کوردی
26	من سامیم	کەی بەهار	کەی بەهار	داستانی	٢٠١٤	کوردستان-بریتانیا	١٥	کوردی
27	سێبەری داعش	زانیار عەدنان	زانیار عەدنان	داستانی	٢٠١٥	کوردکامێرا	٧	کوردی
28	ژمارەی نهێنی	پێشەوا نەبەرد	پێشەوا نەبەرد	داستانی	٢٠١٥	KRG	٧	کوردی
29	یاداشتەکانی تاریکی	Ari Lehikoinen	Ari Lehikoinen	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٥	فینلندا	٢٩	جیهانی
30	دیاب	مازن شێرەبەیانی	مازن شێرەبەیانی	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	مازن فیلم	٢٠	عەرەبی
31	یاسر	ئەیاد جەبار	ئەیاد جەبار	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	ئەیاد جەبار	٩	عەرەبی
32	باشترین خەڵات	واحید کفری	واحید کفری	داستانی	٢٠١٦	واحید کفری	٩	کوردی
33	دورگەی مرواری	دانا کەریم	دانا کەریم	داستانی	٢٠١٦	ب. سینەمای سلێمانی	١٥	کوردی
34	ئالان	محەمەد ژووری	محەمەد ژووری	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	محەمەد ژووری		کوردی

35	جوان	على الجابرى	على الجابرى	داستانی	٢٠١٦	على الجابرى	٢٩	
36	٧٤	سەتار چەمەنی گوڵ	سەتار چەمەنی گوڵ	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٩	Mojenoe pegah	٣٢	کوردی
37	فڕین	عەبدولوەهاب شوانی	عەبدولوەهاب شوانی	داستانی	٢٠١١	ب. سینەمای هەولێر	٤	کوردی
38	خازر	نزار مامە	نزار مامە	دۆکیۆمێنتاری	٢٠٢٤	KRG	٤٠	کوردی
39	هاڤی بوون	هەکار عەبدولقادر	هەکار عەبدولقادر	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٧	KRG	٦٩	کوردی
40	#٧٣	ڕێکێش شاهباز	ڕێکێش شاهباز	دۆکیۆمێنتاری		KRG		کوردی
41	كرامة	السدير مسعود	السدير مسعود	داستانی	٢٠١٦	مشروع التخرج من الجامعة اللبنانية الدولية	٩	عەرەبی
42	افيون	نائل ناظم	نائل ناظم	داستانی	٢٠١٦	نائل ناظم	٣	عەرەبی
43	الهروب	ذوالفقار المطيري	محمد حياوي	داستانی	٢٠١٦	عيراق-وزارة الثقافة	٢٤	عەرەبی
44	الشهيد الطائر	سالم شدهان	سالم شدهان	داستانی	٢٠١٦	عيراق-وزارة الثقافة	٢٢	عەرەبی
45	رغيف	مصطفى الجابرى	مصطفى الجابرى	دۆکیۆمێنتاری	٢٠١٦	عيراق-وزارة الثقافة	٣	عەرەبی
46	عروس الشمس	حليم الزهراوي	حليم الزهراوي	داستانی	٢٠١٦	منظمة نشطاء المدنية العراقية	١٠	عەرەبی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2





(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هێزی وێنە لە ناساندنی تاوانی جینۆسایددا
ڕەنگدانەوەی تاوانی ئەنفال لە فیلمی هەزار و یەك سێودا بە نموونە

عومەر محەمەد (هۆمەر محەمەد)
Omermuhamad68@gmail.com

پوختە

مرۆڤایەتی زۆری بە دەست فاشیزمەوە چەشت و قوربانیی زۆری دا، بەڵام پەندی لێ وەرنەگرت. ئەگەرچی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە فاشیزم تەنها وەک بیر و ئایدیا مابوو، بەڵام جەنگی سارد زەمینەی بۆ سازاندەوە و لە بەرگی جیاواز و لە شوێنی جیاوازدا دەردەکەوتەوە، شۆڤێنیزمی عەرەبی حیزبی بەعسی بەرهەم هێنا و بە تاوانکاری و ڕەفتاری فاشییانەی، ئابڕووی کۆمەڵگە و دەوڵەتی عێراقی لەکەدار کرد.

جەنگ و جینۆساید دزێوترین دیاردەی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە و دەرئەنجامی ئایدۆلۆژیای فاشیزمە. فاشیزم هەموو چەمکەکانی دەوڵەت و ئایین و نەتەوە و کاریزمای سەرۆک دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. نیشتمان لە هاونیشتمانی دەکاتە دۆزەخ و شکۆی مرۆڤ دەخاتە پەراوێزەوە، فاشیزم هەمیشە خەریکی دروستکردنی دوژمنە، لە کاتی قەیران و تەنگژەدا جەنگ دەکاتە یەکەمین بژاردە، پشت دەکاتە ئاشتی و چارەسەری عەقڵانی، لە جەنگیشدا پابەندی پرەنسیپەکانی جەنگ نابێت و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ هەتا ئاستی سڕینەوەی نەیار و جینۆساید دەبات.

سەدەی ڕابردوو شاهیدی جینۆسایدی (جووەکان، ئەرمەن و کوردەکانە)، ئەگەر هێزی وێنە نەبوایە وشە نەیدەتوانی لە وێزەی گێڕانەوەیان بێت.

ئەم توێژینەوەیە هێزی وێنەی سینەمایی و فۆتۆ نیشان دەدات لە دەرخستنی قوربانیانی جینۆسایددا، هەروەها پەردەش لە ڕووی فاشیزم هەڵدەماڵێت، جینۆسایدی کورد و فیلمی هەزار و یەک سێو دەکاتە نموونە.

کلیلەوشە: وێنە، جینۆساید، کورد.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

قوة الصورة في التعريف بجريمة الإبادة الجماعية.
انعكاس جريمة الأنفال في فيلم «ألف تفاحة « كنموذج.

عمر محمد
Omermuhamad68@gmail.com

الملخص

لقد عانت الإنسانية كثيرا على يد الفاشية وقدمت الكثير من التضحيات. لكنه لم يتعلم الدرس. ورغم أن الفاشية ظلت أيديولوجية بعد الحرب العالمية الثانية، إلا أن الحرب الباردة أعادتها إلى الظهور وعادت إلى الظهور بأشكال وأماكن مختلفة، وقد أنتجت الشوفينية العربية حزب البعث وشوهت سمعة المجتمع والدولة العراقيين بجرائمه وسلوكه الفاشي. إن الحرب والإبادة الجماعية هي أكثر الظواهر العارو القبيحة للحضارة الإنسانية، والنتيجة هي أيديولوجية الفاشية. الفاشية تضع في خدمتها كل مفاهيم الدولة والدين والأمة والكاريزما الرئاسية. إنها تحول البلاد إلى جحيم لمواطنيها وتهمش الكرامة الإنسانية، وهي تخلق الأعداء دائما. وفي أوقات الأزمات تجعل الحرب خيارها الأول وتدير ظهرها للسلام والحلول العقلانية. وفي الحرب لا تلتزم بمبادئ الحرب وتنتهك حقوق الإنسان إلى حد إبادة الخصم والإبادة الجماعية.

شهد القرن الماضي إبادة جماعية (اليهود والأرمن واليابان والأكراد) وبدون قوة الصور والكاميرات، لا يمكن للكلمات أن تكون قوة سردهم. تظهر هذه الدراسة قوة الصور، سواء الصور الفوتوغرافية أو الأفلام، في الكشف عن ضحايا الإبادة الجماعية وكشف النقاب عن الفاشية، وذلك باستخدام الإبادة الجماعية الكردية وفيلم ألف تفاحة و تفاحة كأمثلة.

الكلمة المفتاحة: الصور، الابادة الجماعية، كورد

The power of the image in the recognition of .the crime of genocide

The reflection of the Anfal crime in the film .«A Thousand and One Apples» as an example

Omer Muhammed

Abstract

Humanity endured immense suffering and made countless sacrifices in the struggle against fascism, yet failed to learn from it. Although fascism persisted as an ideology after World War II, the Cold War revived it in new forms across various regions. The Iraqi Ba›ath Party›s Arab chauvinism stained the reputation of Iraqi society and the state with its crimes and fascist actions. War and genocide, among the darkest aspects of human civilization, are direct outcomes of fascist ideology.

Fascism subordinates the concepts of state, religion, nation, and presidential charisma to its own agenda. It constantly creates enemies, views war as the first response to crises, rejects peace and rational solutions, disregards the principles of warfare, and violates human rights to the point of genocide. The past century has witnessed horrific genocides—against the Jews, Armenians, and Kurds.

This study explores the power of imagery to depict genocide victims and expose fascism, focusing on cases like the Kurdish genocide and the film Thousand and One Apples.

Keywords; Photo: Kurdish Genocide.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

کورد تاقە نەتەوە نییە کە بەر زەبری فاشیزم کەوتبێت، مێژوو پڕە لە چیرۆکی تراژیدی بە دەستی حزب و سەرۆکی فاشی و سیاسەتمەداری توندڕەفتارەوە. پێش هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن و ژاپۆنییەکان، کورد لە دێرسیم جینۆساید کراوە، بەڵام لە دروستکردنی یادەوەری و نووسینەوەی مێژوو و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییدا، کورد نەیتوانیوە وەک ئەوان بچێتە ناو مێژووەوە و چیرۆکی خۆی بە وێنە و فیلم بگێڕێتەوە. بۆیە هاواری کورد سنووری ناوخۆیی نەبەزاندووە. ئەنفال و هەڵەبجە وەک هۆلۆکۆست شوناسن، بەڵام شوناسی هۆلۆکۆست بۆ جوو هێزە و ئەنفال و هەڵەبجە بۆ کورد شوناسی مەزلومییە. ئەوەش ئەگەر دیوێکی بەرژەوەندی و سیاسەت بێت، دیوێکەی تری بەهەندنەگرتنی هێزی وێنە و سینەمایە.

پێش داهێنانی کامێراش وێنە ڕۆڵی لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنە و لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووهەمەوە هێزی وێنەی فۆتۆگرافی بەرچاوترە، چونکە کامێرا و وێنەگری جەنگ پەیدا بوون و ڕۆڵی گرنگیان لە ناساندنی تاوان، تەنانەت بەرگرتن لە ستەمکارییش هەبووە، هێزی وێنە گەیشتووەتە ئاستێک کە جەنگی ڤێتنامی وەستاندووە، بۆیە هەندێک ڕایان وایە وێنەیەک هێزی هەزار وشەی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی ‹هێزی وێنە لە ناساندنی تاوانی جینۆسایددا. ڕەنگدانەوەی تاوانی ئەنفال لە فیلمی هەزار و یەک سێودا بە نموونە› لە ڕۆڵی وێنە و فیلمدا لەمەڕ ئەنفال و جینۆسایدی کورد دەکۆڵێتەوە. لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا شیکردنەوە بۆ فیلمی هەزار و یەک سێو دەکات، کە چیرۆکی دەربازبوانی ناو گۆڕی بەکۆمەڵ دەگێڕێتەوە. فیلمەکە وێنای کارەکتەری زەلیل و پاسیڤ ناکات، بەڵکو کارەکتەرەکان تێدەکۆشن شوناسی کولتووریی کوردی کە لێبوردەیی و ئەڤینە، نیشانی دونیا بدەن و بە تەنیشت گێڕانەوەی ئازارەوە داوای ئاشتی بکەن. تراژیدیا ناکاتە بەهانە بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵکو پەیامی لێبوردەیی پێیە و پێشنیار دەکات سێوی مێخەکڕێژ کە بە دەستی ئەو ژن و پیاوانە چنراوە، چاوەڕوانی ڕیش و پرچی سپی کردوون.

ئەم توێژینەوە وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداوەتەوە کە دەڵێت ئایا جینۆساید وەک ژانرێکی سینەمایی تەماشا دەکرێت؟ ئایا فیلمی هەزار و یەک سێو دەچێتە خانەی ئەو ژانرە هونەرییەوە؟ ئایا دەتوانێت پەیامی هەبێت؟

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە:

مێژووی مرۆڤایەتی دوو جەنگی جیهانی و چەندین جەنگی گەورە و بچووکی تێپەڕاندووە، کە بە هۆیانەوە تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆساید ئەنجام دراون، لە هەموو قۆناغەکاندا وێنە ڕۆڵی لە نیشاندانی تاوان و شەرمەزارکردنی ئەنجامدەرانیدا گێڕاوە. لە ناساندنی جینۆسایدکردنی کوردیشدا ڕۆڵی بینیوە.

گرنگیی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ دونیابینیی تاکی کورد گرنگە، بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی ڕاگەیاندن و هونەرە جوانەکان. بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو دیدە نێگەتیڤەش گرنگە کە تۆوی نائومێدی دەڕێژێت و پێی وایە کورد هیچ لەباردانەبووە.

ئامانجی توێژینەوە:

خستنەڕووی هێزی وێنەیە لە گێڕانەوەی ڕووداودا چ وێنەی جێگیر (photo) یاخود وێنەی جووڵاو (Movement) لە نیشاندانی تاوانی جینۆساید و شەرمەزارکردنی ئەنجامدەرانیدا بۆ بەرهەمهێنانی مانا و ڕۆڵی لە دروستکردنی هۆشیاریدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی ‹وەسفیی شیکاری› ئەنجام دراوە.

سنووری توێژینەوەکە:

ئ- سنووری کات: ١٩٨٨ – هەتا ٢٠٢٠

ب: سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان

پ- سنووری بابەت: هێزی وێنە جەنگ و جینۆسایدی کورد

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی دووەم: چوارچێوەی تێوری توێژینەوە

تەوەری یەکەم وێنە: چەمک و زاراوە

لەبەر ئەوەی تەنها یەک جۆر وێنە نییە، بۆیە تەنها پێناسەیەکیشی نییە، بەڵکو بە شێواز و زمانی جیاواز پێناسە کراوە، جۆرەکانی وێنە بریتین لە: ‹›وێنەی جێگیر، وێنەی جووڵاو، وێنەی شێوەکاری، وێنەی شیعری و وێنەی سینەمایی).

ئ- وێنە لە ڕووی زمانەوانییەوە:

کورد پێی دەڵێت وێنە، عەرەب پێی دەڵێت ‹الصورة، الرسم› ئینگلیزەکان بەوانەی بە کامێرا دەگیرێن دەڵێن ‹photo›، بەگشتی بە وێنە دەڵێن ‹picture›، بە وێناکردن و وێناکراو دەڵێن: ‹image›. فارسەکان پێی دەڵێن ‹عکس›، بە وێنەی دەستکردیش دەڵێن ‹نەقاشی›، ئەڵمانەکان پێی دەڵێن ‹Bild› یان ‹foto›.

لە ئەلمونجیددا هاتووە: وێنە/شێوە، هەرچی وێنەی بکێشرێت، بگیرێت، یان بهێنرێتە بەرچاو و بەبیردا بێت (المونجد ل١٥٨٢-١٥٨٣) (صور-ه). وێنەی کێشا، شێوەی دایە، نیگارکێشی کرد، وێنەی دایە. ‹صور لي› وا هات بە مێشکمدا/ وا هاتە بەرچاوم...

‹فۆتۆگراف› زاراوەیەکی یۆنانیی نوێیە و لە دوو وشەی لێکدراو پێک دێت، کە بریتین لە:

فۆتۆ(photo) بە واتای ڕووناکی.

گرافیک (Graphic) واتای نووسین.

بە لێکدانی هەردوو وشەکەش واتایەکی تر بەرهەم دێت و دەبێتە وێنە بە ڕووناکی (زریان ئەحمەد، ٢٠١٦). وێنە بە نیشاندانی هەر تەنێکی بینراو پێناسە دەکرێت، جا ئەو تەنە مرۆڤ بێت، یان ئاژەڵ، یاخود تەنێکی بێگیان، کە بە چاو و بە شێوەیەکی ئەبستراکت، لە ڕێگەی چەند تەکنیکێکی جیاوازەوە وەک وێنە، ڤیدیۆ، یان تابلۆیەکی کێشراو ببینرێت (زق زوق، ٢٠٢١). شاعیری فەڕەنسی ‹پییر ڕیڤاردی› (١٩٦٠- ١٩٨٩) دەڵێت: وێنە دروستکراوێکی دەروونییە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، تەنها عەقڵیش توانای هەیە لە پەیوەندییەکانی تێبگات›› (هلال، ١٩٧٣،ل ١٦٨).

ب- چەمکی وێنە لە ڕووی زاراوەییەوە:

کاتێک ڕووناکی لە ڕێگەی کونێکی تەسکەوە دەچێتە ناو کامێراوە، وێنەی ڕاستەقینە دەبێتە بەرهەمی یەکگرتنی ڕووناکی و تاریکی. ‹›عەرەبەکان دەڵێن: بۆ هەموو وێنەیەک واتایەک، وێنەی گرتە، وێنە دەگرێت، وێنەگرتنێک، کەوایە ئەو وێنەگرە›› (المعاني،٢٠٢٤).

‹‹وێنە: لە شێوە و جەستەدا وێنەی هەر بوونەوەرێک، شێوەی دروستبوونی. وێنە و خەسڵەتەکەی، وێنەی هەر شتێک بەو مانایەی لە عەقڵدا کێشراوە›› (الجمهرة ٢٠٢٤).

تەوەری دووەم: چەمکی وێنە لە مێژوودا

لە چاخی بەردینەوە مرۆڤ لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و تاشە بەردەکان وێنەی کێشاوە ‹‹بە درێژایی مێژوو خواستێکی سەرەتایی مرۆڤ، پەیوەندیی نێوان وێنەی خۆی و جیهانی دەوروبەری بووە›› (شرۆدەر، ٢٠٢٢). مرۆڤی سەرەتایی بەر لەوەی زمانی بپژێت و بنووسێت، وێنەکێشان زمانی تێگەیشتن بووە و نیشانەی داناوە ‹‹وێنەکێشان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان یەکەم زمانی مرۆڤی سەرەتایی بووە›› (البناء ٢٠١٩). لێکۆڵەران دەریانخستووە ‹‹ئەو وێنانەی مرۆڤی سەرەتایی لەسەر دیواری چەند ئەشکەوتێکی ڕۆژئاوا و باشووری ئەورووپا بڵاو بوونەتەوە، نزیکەی ٢٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر نەخشێنراون›› (الغربي ٢٠٢٣). ئەو وێنانەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتەکاندا کێشاویانن بۆ چێژوەرگرتن نەبوون، بەڵکو ‹‹بۆ ئاگادارکردنەوەی خودی خۆی بووە لە مەترسی، کە لە بنەڕەتدا دۆکیۆمێنتکردنی ساتەوەختی ڕووداوەکانیش بووە›› (مهنا،٢٠١٢).

مێژووی کۆنترین ‹چیرۆکی وێنەیی› لە جیهاندا بۆ ٥١ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ڕۆژنامەی ‹The Telegraph›ی بەریتانی بڵاوی کردووەتەوە. زانایان کۆمەڵێک وێنەی ‹هونەری›یان لەسەر میچی ئەشکەوتێک لە دوورگەی سولاوێسی ئەندەنووسیا دۆزیوەتەوە، کە سێ فیگەری هاوشێوەی مرۆڤ و بەرازێکی کێوییان وێنا کردووە (الحرة، ٢٠٢٤). زانایان پێیان وایە مێژووی ئەو وێنەکێشانە ‹‹کۆنترین کاری هونەریی مرۆڤن لە جیهاندا››، کە نیاندەرتاڵەکان پێش هونەری هۆمۆساپیێنس کێشاویانن.

عەرەبەکان مێژووی وێنە بۆ سەردەمی حەسەنی کوڕی هەیسەم دەگێڕێنەوە (١٠٣٨) کە لەبارەی ڕۆژگیران و مانگگیران (الکسوف والخسوف)ەوە دیاردەیەکی بەدی کردووە و لە کتێبی ‹میزان الحکمە›دا بە ڕوونی نووسیویێتیەوە (موهنا، ٢٠١٢). مێژوونووسانی ئەورووپاش دەیگێڕنەوە بۆ زانای ئیتاڵی ‹لیۆناردۆ دافینشی› کە ساڵی ١٩٤٠ سەندووقێکی بە ناوی کامێرای کوندار دروست کرد.

بەشی دووەم:

تەوەری دووەم: چەمك و زاراوە و مێژووی جینۆساید

یەکەم: زاراوەی جینۆساید: وشەی جینۆساید، لە بنەڕەتدا وشەیەکی گریکییە، بە دوو واتا بەکار دەهێنرێت:

١- (Genos) کە وشەیەکی گریکییە بە واتای ڕەگەز یان نەتەوە دێت.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢- (Caeder) کـە وشـەیەکی لاتینییـە بـە واتـای کوشـتن یـان فەوتـان دێت. هـەردوو وشـەکەش پێکـەوە واتـای فەوتاندنـی ڕەگـەز یـان بنەچـە دەگەیەنێت (سـیمۆن، ٢٠١٧).

دووەم: چەمکی جینۆسـاید: ئـەم چەمکـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە لایـەن یاسـاناسـی پۆڵەندیی بە ڕەگـەز ئەمریکی ‹ڕافایل لێکمن›ەوە بەکار هات و سـاڵی ١٩٤٤ جێگیری کـرد (حسـێن، ٢٠١٧، ل ١١). جینۆسـاید تاوانێکـە دژی بنەماکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی و دژی ئامانجەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە، لەبەر ئـەوەی پێشـێلکردنی تـەواوی مافەکانی مرۆڤـە، پێشـێلکارییەکی زۆر ترسـناکە لـە دژی بەهـا و مافـی ژیـان و تێکدەری ئاشـتی و ئاسایشـی نێونەتەوەییە (توفیق ٢٠١٨). بۆ ناسـینەوەی خەسـڵەتەکانی جینۆسـاید زانایانی ئـەم بـوارە سـێ خاڵیـان دیاری کردووە ‹دەستنیشـانکردن، کۆکردنـەوە و لەناوبردن›، ڕاوڵ هێڵبێرگ بـەم شـێوەیە ئـەو خاڵانـەی ڕیزبەنـد کـردووە:

١- دیاریکردن و دەسنیشانکردنی ئەو گرووپەی دەبێت ڕاوەدوو بنرێت.

٢- کۆکردنەوە یان دەستگیرکردنی خەڵکەکە.

٣- لەناوبردنیان (بابا عەلی ٢٠٢٤).

جگـە لـە هێڵبێرگ، هێلین فاین میتۆدێکی لـە کتێبەکەیدا بە نـاوی ‹جینۆسـاید: ڕەهەندێکی سۆسـیۆلۆژییانە‹ کـە خـۆی بـە پارادایـم نـاوی دەبـات، لـە ٧ خاڵـی جەوهەریدا خسـتووەتە ڕوو (هەمـان سـەرچاوە).

لەمرۆڤخسـتن و ڕەشـکردن: تاوانـکاران هەمیشـە گرووپـی دەستنیشـانکراویان بێزراندووە و ڕەشیان کردووە، ئەمـەش یەکێکە لـە خەسـڵەتی تاوانی جینۆسـاید و ئاکتێکی ئەنجامدانـە، ڕێسـایەکی گشـتییە، پێش هـەر کردەیەکی جینۆسـاید دەیگرێتـە بـەر ‹لـە قۆناغی یەکەمدا› بەئامانجگیـراو لەمرۆڤبـوون دەخـات، لـە خەسـڵەتە مرۆڤایەتییـەکان دایدەماڵێـت تـا کوشـتنی ئاسـایی بێـت. سـەدام و بەعسـییەکان بـە کوردیـان دەگـوت: خایـن، داردەسـتی ئیمپریالیـزم، تێکـدەر و... چەنـدان ناتـۆرە (جەلیـل، ٢٠٢٤) نازییەکانیـش بـە جووەکانیـان دەگـوت ڕەگـەزە پیسـەکە.

سێهەم: جینۆساید لە مێژوودا:

سـەدەی ڕابـردوو شـاهیدی جەنـگ و جینۆسـایدە ‹›هۆلۆکۆسـت لەسـەر دەسـتی نازییـەکان، کۆمەڵکوژیـی ئەرمـەن لەسـەر دەسـتی تورکـە عوسـمانییەکان، کۆمەڵکوژیـی ژاپۆنییـەکان بـە بۆمبـی ئەتـۆم لـە شـارەکانی هێرۆشـیما و ناگازاکـی، گازبارانکـردن و ئەنفالـی کـورد لەسـەر دەسـتی بەعسـییەکانی عێـراق›› سـاڵی ١٨٩٥ یەکەمیـن پەلامـاری جینۆسـایدی ئەرمەنـەکان لەسـەر دەسـتی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی (فیسـک، ٢٠٢٢، ل٥) و سـاڵی ١٩١٤ جارێکی تر عوسـمانییەکان ئەرمەنییەکانیان جینۆسـاید کرد (مەلازادە، ٢٠٢٢)

‹›ساڵی ١٩٣٧ جینۆسایدی کورد لە دەرسیم ئەنجام درا. ساڵی ١٩٣٥ ئەتاتورک بڕیاری ژمارە ٨٨ی دەرکرد، ڕژێمەکەی دەستکراوە بێت لە کۆمەڵکوژکردنی ئەوانەی دژی دەوڵەتن لە ناوچە کوردنشینەکان. هەموو زیندەوەرەکانیان لەناو بەرن و خاکەکەیان داگیربکەن›› (ڕۆژ نیوز٢٠٢٢). ‹›جینۆسایدکردنی جووەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٤١ بۆ١٩٤٥دا لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمان›› (فەلاح، ٢٠٢٤). کۆمەڵکوژیی بۆسنیەکان بە دەستی سربەکان ‹›شاری سەرایڤۆی پایتەخت پڕە لە چیرۆکی تراژیدیی زۆر بەئازاری سەردەمی جەنگ›› (ئەمین، ٢٠١٨، ل٤٠). ٦ی ئابی ١٩٤٥ ئەمریکییەکان شاری هێرۆشیمای بە بۆمبی ئەتۆم (کە ناوی ‹کوڕە بچووکەکە›یان لێ نابوو) وێران کرد، دوای سێ ڕۆژ لە ٩ی ئابدا بۆمبێکی تریان بە ناوی ‹پیاوی قەڵەو› لە ناگازاکی دا. (OSV News,٢٠٢٤) ساڵی ١٩٨٧- ١٩٨٨ عێراق بۆمببارانی کیمیایی شار و گوندەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کرد، لە پرۆسەی ئەنفالیشدا هەموو گوندەکانی کوردستانی ڕووخاند و سەدان هەزار گوندنیشینی کۆمەڵکوژ کرد.

چوارەم: جینۆسایدکردنی کورد لە مێژوودا

ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵکوژیی کوردان لە دێرسیمی باکووری کوردستان، کۆمەڵکوژی و لەوڵاتدەرکردنی فەیلییەکان (١٩٧٠-١٩٨٠) جینۆسایدی بارزانییەکان ساڵی ١٩٨٣ و گازبارانی گوندەکانی دۆڵی بالیسان ساڵی ١٩٨٧، گازبارانی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمان ساڵدا. گازبارانی شاری هەڵەبجە و ئەنفالکردنی گوندەکانی کوردستان ساڵی ١٩٨٨. گازبارانی پاوە و داڵەهۆ و نودشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جینۆساید لە کوردستان کردەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بوو، تەنها کوشتار و ڕووخاندنی گوند نەبوو، بەڵکو زنجیرەیەک کردەی تاوانکاریی جیاواز بوو، هەر لە کوشتنی مرۆڤەکانەوە تا وێرانکردنی دەزگا کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کوشتنی هەستی نەتەوەیی و بەتاڵانبردنی سامان. ‹›مەبەستیش لێیان لەناوبردنی ئاسایش، ئازادی، تەندروستی و کەرامەتی تاکەکانە›› (جەلیل، ٢٠٢٤). ئەگەرچی جینۆساید بە بڕیاری نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە، کەچی کورد بەردەوام جینۆساید دەکرێت و هێشتا هیچ پارێزبەندییەکی نێودەوڵەتییان نییە، دواین پەلامار جینۆسایدی ئێزدییەکان بوو لە لایەن ڕێکخراوی داعشەوە ساڵی ٢٠١٤. بەپێی یاساکانی هۆڵەندا ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی شەڕ کات و شوێن نایانگرێتەوە (ڕۆحی ٢٠٢٣) ‹›کەچی کوردەکان قەرزداری پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی هۆڵندا نین، چونکە هیچیان بە فریای کورد نەکەوتوون›› (محەمەد ٢٠٢٤).

کۆمەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفال شیرازەی کۆمەڵگەی کوردیی گۆڕی، گوندەکانی لە نەخشەدا سڕییەوە و دانیشتوانەکەی لەناو برد. ئەنفال لەگەڵ خاڵی یەکەمی میتۆدەکەی هێلین فاین و پێناسەکەی هێلبێرگیشدا ڕێک دێتەوە، چونکە زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری سەربازی یەک بەدوای یەک کراوەتە سەر گوندنشینەکان، کە بووەتە هۆی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کۆکردنەوە و کوشتنیان. هاوکات تاکتیکی ‹›دابڕینی کەسەکان و دەسبەسەردا گرتنیان لە بارودۆخی ناهەمواردا›› لە دژیان گیراوەتە بەر ڕێگەگرتن لە زیادبوونی بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، پیسکردنی ژینگە، بەکارهێنانی گازی کیمیایی، ژەهراویکردنی هەوا، ئاوی خواردنەوە و نەخۆشخستنیان هەر وەک ئاوی خواردنەوەی ئەنفالکراوەکان لە نوگرەسەلمان ژەهراوی کراوە (غالب ٢٠٢٣).

جینۆساید لە کوردستاندا دەوڵەت بڕیاری لێ داوە و سوپا و دەزگا دەوڵەتییەکان جێبەجێیان کردوون. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە بڕیاری ژمارە ١٦٠، عەلی حەسەن مەجیدی دەستنیشان کردووە بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و تەواوی هێزەکانی سوپا و ئاسایش و هەواڵگریی خراوەتە بەر دەست (ئەنفالستان.٢٠٠٨)[١].

ئەنفالکراوان خۆیان ڕادەست کردبێت یان بەرەنگارییان کردبێت، هەر کوژراون. ئەمەش خاڵی چوارەمی میتۆدەکەی هێلین فاین پێک دەهێنێت، چونکە خەڵکەکە بێچەک بوون و خۆیان ڕادەست کردووە، نووسراوی زۆر نهێنیی ژمارە ٢٨٩ ڕێککەوتی ١١ی نیسانی ٨٨ سوپای عێراق بە واژۆی عەمید ڕوکن ‹بارق حاج حنطە›. بەڵگەیە کە ئاراستەی بەڕێوەبەریتیی ئاسایشی کەرکووک کراوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: ئەو خێزانانەتان بۆ دەنێرین کە ڕۆژی ١١ نیسان ٨٨ خۆیان ڕادەستی کەرتەکانی سوپا کردووە.

بەشی سێیەم:

تەوەری یەکەم: هێزی وێنە لە ناساندنی تاوانی جەنگ و جینۆسایددا

مرۆڤی سەرەتایی بە دەستی خۆی وێنەی کێشاوە، بۆ ئاماژەدان و بەرچاوڕوونی لە شەڕ و مەترسی بەکاری هێناوە ‹›لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورەوە تاق و نووسراوی گڵێنی سەر دیواری کۆشکی پاشاکان تاکە ئامرازی دۆکیۆمێنتکردنی جەنگ و نیشاندانی شەڕی نێوان جەنگاوەران بوون›› (یوسف، ٢٠١٧). داهێنانی کامێرا دەستکەوتێکی گرنگی مرۆڤایەتییە، چونکە هێزی زیاتری بە وێنە داوە. مرۆڤ وێنەی پێ گرتووە و وەک هۆیەکی خۆپاراستن بەکاری هێناوە، گواستنەوەی هەواڵ و وێنە لە بەرەکانی شەڕەوە هێزێکی نیشان دا کە دەسەڵاتدارانی ناچار کردووە سیاسەتەکانیان بگۆڕن. هێز و کاریگەریی وێنە گەیشتە ئەوەی تەنها وێنەیەک تووانای وەستانی جەنگی هەبێت. کەواتە ئەگەر وێنەیەک ئەو هێزەی هەبێت، ئەی گێڕانەوەی چیرۆکێک بە وێنە و فیلمێکی سینەمایی چەندە کاریگەریی دەبێت؟ توێژینەوە پشتبەستوو بە بەڵگە و ئارگیۆمێنت هێزی وێنە (فۆتۆ) و وێنەی جووڵاو بەم شێوەیە نیشان دەدات، ڕۆڵی هەریەکەیان بە جیا باس دەکەین:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

یەکەم: ڕۆڵی وێنە (فۆتۆگراف) لە ناساندنی تاوانی جەنگدا

لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە، وێنە ڕۆڵی لە نیشاندانی تراژیدیا و ستەمکاریدا هەبووە، هەندێک ڕایان وایە وێنەیەک هێزی هەزار وشەی هەیە. ‹‹ئەگەر وشەیەک وێنەیەک بەرجەستە بکات، ئەوا وێنەیەک هێزی هەزار وشەی هەیە، کە دەچێتە ناو هەستەکانی مرۆڤەوە›› (یوسف. ٢٠١٧) ئەوەش لە شەڕی کریمەوە دەرکەوت، ساڵی ١٨٥٣ لە باکووری دەریای ڕەشدا، لە نێوان ڕووسیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕووی دا، نیگارکێش و وێنەگر ‹Roger Fenton› لە ساڵی ١٨٥٥دا توانیی زیاد لە ٣٥٠ وێنەی زۆر باشی شەڕی کریم بگرێت. ‹‹ئەو زانا و نیگارکێش و وێنەگرە بەهرەمەندە لە ڕێگای کامێراکەیەوە توانیی شەڕی کریم (١٨٥٣ - ١٨٥٦) پیشانی جیهان بدا››* (سەپان ٢٠١٩)* ئەم کارەی ڕۆجێت بوونە توخمێکی گرنگی یادەوەری. ئەوەش وەرچەرخانێکی جیهانی بوو، کە بە هۆی وێنەوە دۆخی بەرەکانی شەڕ گوسترایەوە بۆ بەرچاوی جیهان. بەتایبەتییش کە لە ناوەڕاستی ئەم شەڕەدا جۆرێکی نوێی فۆتۆگرافی لەدایک بوو، کە بە فۆتۆگرافیی جەنگ ناسرا و وێنەکان لە بەرەکانی شەڕەوە بە ڕۆژنامەکان دەگەیشتن (یوسف ٢٠١٧). ئەمەش لە لایەک فرۆشی ڕۆژنامەکان و بینەری وێنەی زیاد کرد، لە لایەکیشەوە شەرکەرەکانیشی تووشی شەرمەزاری دەکرد. هێزی وێنە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دروستکردنی یادەوەری و شەرمەزارکردنی تاوانکاری و تەنانەت وەستاندنی جەنگیشدا بینیوە، میدیا شایەتیی دەیان وێنەی کاریگەر و بەناوبانگە، کە بوونە جێگەی سەرنج و ڕاچڵەکینی مرۆڤایەتی، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

جەنگی ڤێتنام: کاتێک وێنەی مێژوویی ‹کچی ڤێتنام› لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە، هەزاران وشە بە زمانی جیاواز لەبارەیەوە نووسرا و تووڕەییەکی جیهانیی لێ کەوتەوە. شەقامی ئەمریکی تووڕە کرد و لە دژی پارتی کۆماریی دەسەڵاتدار وەستانەوە. وێنەکە ئازاری کچە سوتاوەکەی ڤێتنامی گەیاندە هەموو جیهان، هەر ئەویش بووە هۆی وەستاندنی جەنگی ڤێتنام. لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا، فۆتۆگرافەر ‹نیک ئوت›، کە ڕۆژنامەنووسی ئەسۆشێتد پرێس بوو، وێنەکەی لە گوندی ‹ترانگ بانگ› لە باشووری ڤێتنام گرتووە*** لەک اتێکدا خەریکی وێنەگرتنی بۆردوومانکردنی گوندەکە بوو بە ناپاڵم، کچێکی ڕووت، تەمەن ٩ ساڵ، بە ڕاکردن دەرکەوت، هاواری دەکرد ‹‹ئاو... ئاو... سووتام›› (یوسف ٢٠١٧).

هۆلۆکۆست: وێنەی کوڕێکی نەناسراوی جو*، ملیۆنان کەس ڕادەچڵەکێنێت، نیگای کوڕێک کە بە بڕوای نووسەر ‹دان پۆرات›، تەمەنی لە ١٠ ساڵ کەمترە، ترسی کوشتن لە چاوانیدایە و دەستی ڕادەستبوونی بۆ سەربازێکی ئەڵمانی بەرز کردووەتەوە کە دەمانچەکەی ئاراستە کردووە، نیشاندانی ئەم وێنەیە لە مێشک و ڕۆحی ملیۆنان کەسدا بە زیندوویی ماوەتەوە. وێنەکە لەو ئەلبومەدا بووە کە لە لایەن ژەنەراڵێکی ئێس ئێس (SS)ەوە بە ناوی یۆرگن سترۆپەوە پێشکەش بە سەرکردایەتیی نازییەکان کراوە لە بەرلین. کە دان پۆرات بە ‹ئەلبوومی سەرکەوتن› ناوی دەبات. سترۆپ بەرپرسی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

گواستنەوەی جووەکان بوو لە گێتۆ بۆ کەمپەکانی مەرگ (ئەنفالستان ٢٠٢٤)*.

ناگازاکی: وێنەی کوڕێکی ژاپۆنی کە تەرمی براکەی بە کۆڵەوەیە و هێشتا ناوی نەزانراوە، وێنەیەکی بەناوبانگی تراژیدیای ناگازاکییە، کە کاتژمێر ١١:٠٥ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٩ی ئابی ١٩٤٥ ڕووی دا. ‹تابۆجوجی› پەیامنێری سۆیاکا تیڤی لە بارەی چیرۆکی ئەم کوڕە ژاپۆنییەوە گوتی: ‹جۆ ئۆدۆنێل›*ی وێنەگر هێشتا تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، فۆتۆگرافەری هێزی دەریایی ئەمریکا بوو، دوای مانگێک لە بۆردوومانە ئەتۆمییەکە ڕەوانەی ناگازاکی و هیرۆشیما کراوە. بۆ ئەوەی دەرئەنجامی وێرانکاریی بۆمبە ئەتۆمییەکە دۆکیۆمێنت بکات، بەڵام بە گرتنی وێنەی ئەو کوڕە ئابڕووی ئەمریکای برد، ‹ئۆدۆنێل› بۆ گرتنی ئەم وێنەیە کامێرای خۆی بەکار هێناوە و ماوەی ٤٣ ساڵ بە نهێنی لای خۆی هەڵیگرتووە. تەنانەت لە خێزانەکەی خۆیشی شاردبووەوە. سەرئەنجام وێنە مێژووییەکەی بووە بەناوبانگترین قوربانییەکانی ئەتۆم و شوناسی ستەمکاریی ئەمریکا لە دژی ژاپۆنیەکان (جوجی، ٢٠٠٦).

هەڵەبجە: لەناو وێنەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەناوبانگترین وێنە ئەوەی عومەری خاوەرە، کە کۆرپەکەی گرتووەتە باوەش و لە بەردەم دیواری دەرەوەی ماڵەکەیدا بەدەمدا کەوتووە، وێنەگری ئێرانی ئەحمەدی ناتقی چرکاندوویەتی*. هەمان وێنە، وێنەگری تورک ڕەمەزان ئۆزتورکیش چرکاندوویەتی، لەناو دۆسیێ جینۆسایدکردنی کورددا، فۆتۆ ڕۆڵێکی گرنگی لە نیشاندانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆڕەوی ملیۆنیی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستاندا گێڕاوە. هەر بۆیە هێندەی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆڕە و کوردیان بە جیهان ناساند، ئەنفال هێندەی نەناساند، ئەوەش ڕۆڵێ وێنە لە دەرخستنی ڕووداوەکاندا. دەنا ئەنفال لە ڕووی جوگرافی و ژمارەی قوربانییەکانیەوە چەندین جار لە هەڵەبجە و کۆڕەو زیاترە، بەڵام هەردوو ڕووداوەکە لە دونیادا لە ئەنفال ناسراوترن. لە سەدەی بیست و یەکیشدا وێنەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و جەنگ و ئاوارەبوونی خەڵکی ڕۆژئاوا، بەتایبەتییش وێنەی شەڕڤانانی ژن و سوتانی محەمەد و خنکانی ئالیان کوردی زیاتر دۆسیێ کوردیان بە دونیا ناساند. وێنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە سیناتۆرەکانیان ناچار کرد ڕاپۆرت بۆ کۆنگرێس بنووسن و بەدوایدا چەندین ڕاپۆرتی گرنگ نووسران (میهۆ ٢٠٠٩، ل٢٩٣). گرنگترین وێنەکانی هەڵەبجە ئەوەی وێنەگری ئێرانی ‹غوڵام ڕەزای شیر محەمەد پوور›ە هیچ قوربانییەکی تێدا نییە، بەڵام زەمەنی ترسناکی ڕووداوەکە نیشان دەدات*.

بە هۆی ڕۆڵی وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ساڵانە ١٩ی ئاب، بە ڕۆژی جیهانی فۆتۆگرافی دانراوە (الیوم سابع ٢٠٢٤).

دووەم: ڕۆڵی وێنەی جووڵاو (فیلم) لە ناساندنی تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژیدا:

دوای ئەوەی مرۆڤ توانیی کامێرا دابهێنێت و وێنەی پێ بگرێت، هەنگاوبەهەنگاو داهێنانی زیاتری کرد و بە وێنەی وەستاو (فۆتۆ) نەوەستا و وێنەی خستە جووڵە، دواتر هونەری مۆنتاژکردن هێزی زیاتری دایە بەرهەمهێنانی مانا، مرۆڤ بە کامێرای نوێ و وێنەی جووڵاو کەوتە گێڕانەوەی چیرۆک بە وێنە، سینەما بووە هونەری حەوتەم و هونەرەکانی تری لە خۆیدا کۆ کردەوە ‹›کاریگەرییەکانی وێنەی جووڵاو لەسەر دەروونی مرۆڤ کردەی ئەفسوونێک جێبەجێ دەکەن. سینەما بووە کەرەستەیەک بۆ کەشفکردنی نەبینراوەکانی واقع›› (مستەفا، ٢٠٢١، ل١١٥).

ڕەنگە هیچ ڕەگەزێک هێزی وێنەی سینەمایی نەبێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و دەرخستنی واقع. وێنەی سەر سکرین بۆ خۆی بەها و ڕاستگۆییەکی تەواوی تێدایە (داسینگەر،٢٠٢٣،ل ٣٥). وێنە لە سەردەمی سینەمای بێدەنگ و ڕەشوسپییەوە هێزی خۆی خزاندە ناو بیر و ئەندیشەی مرۆڤەوە، لە کاتێکدا فیلم هێشتا بێدەنگ و بێڕەنگ بوو، بەبێ دیالۆگ و بێڕەنگی جیاواز، تەنها بە ئەفسوونی وێنە دونیای بە خۆیەوە سەرقاڵ و سەرسام کرد. دوای ئەوەی دەنگ و ڕەنگ هاتنە ناو سینەماوە، ئیدی وێنە ڕوونتر و کاریگەرتر ئەرکی بەرهەمهێنانی مانا و چێژ و بەخشینی زانیاری کەوتە ئەستۆ. فیلمسازان لە گێڕانەوەی چیرۆکدا تەنها بە نیشاندانی وێنە نەوەستان، بەڵکو وێناکردنیش بووە توخمێکی جوانیناسی، هێزی وێنەی سینەمایی هەمیشە توخمێکی کاریگەریی دروستکردنی یادەوەری بووە بە خۆشی و ناخۆشییەکانەوە، ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی جینۆساید و تراژیدیادا هەبووە، لە ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زیاتری هەیە و گەلانی هەڕەشەلێکراویش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ڕووداوە گەورەکان بە هۆی سینەماوە سنووری ناوخۆییان بڕی و گەیشتنە دوورترین شوێنی جیهان، فیلمەکان تەنها بە گواستنەوەی واقع سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو بە هۆی وێناکردن و دیدی دەرهێنەرانەوە توانیویانە ئامانج بپێکن و بە نەمری بمێننەوە. جوولەکان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیان پەنایان بۆ سینەما برد و فیلمی زۆریان دروست کردووە. دیارترینیان فیلمی پیانۆژەن (the pianist) لە دەرهێنانی ڕۆمان پۆلانسکی و فیلمی کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە (the Boy in the striped Pajamas) لە دەرهێنانی مارک هێرمان، فیلمی کتێبی ڕەش (The Black Book) لە دەرهێنانی پاوڵ ڤێرهۆڤن (Paul Verhoeven) فیلمی شیندرلیست (Schindler›s List). لە دەرهێنانی ستیڤن سپیڵبێرگ. جینۆسایدی ئەرمەنیش لە چەندین فیلمی سینەماییدا ڕەنگی داوەتەوە. گرنگترینیان فیلمی ‹THE CUT› لە دەرهێنانی دەرهێنەری ناوداری تورک ‹فاتیح ئاکین›، بە پێنج زمانی ‹ئەرمەنی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و ئیسپانی› دروست کردووە›› (کەریمۆک ٢٠٢٣، ل٤٤) ژاپۆنییەکانیش چەندین فیلمیان دەربارەی وێرانکردنی شارەکانی هیرۆشیما و ناگازاکی دروست کردووە. وەک فیلمی ‹پیاوی قەڵەو و کوڕە بچووکەکە (Fat Man and Little Boy) لە دەرهێنانی ڕۆلاند

جۆفی و هێرۆشیما و دواتر (Hiroshima: The Aftermath) دەرهێنانی لوسی ڤان بیک، فیلمی هێرۆشیمان لە دەرهێنانی کۆریۆشی کۆرا هارا ڕۆجەر ستیپۆتیسود، فیلمی هاتنەدەرەوەی هێرۆشیما لە خۆڵەمێش Hiroshima: Out of the Ashes دەرهێنانی پیتەر وێرنێر. چەندین فیلمی کوردی و بیانییش دەربارەی جینۆسایدی کوردیش ٣١ فیلمی درێژ و ٥٤ فیلمی کورت دروست کراون، جگە لەو فیلمانەی بە زمانەکانی تر دەربارەی جینۆسایدی کورد دروست کراون.

تەوەری دووەم:

جێبەجێکردنی توێژینەوە

یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە لەم فیلمانەی خوارەوە پێک دێت، کە دەربارەی گرووپە جینۆسایدکراوەکانی کورد ‹بارزانییەکان، ئەنفال و ئێزدی› دروست کراون، کە بریتین لە:

١. هەزار و یەک سێو دەرهێنانی تەهاکەریمی ٢٠١٣.

٢. فیلمی هەموو دایکانی من، دەرهێنانی ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سنجاوی ٢٠٠٩.

٣. وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال، دەرهێنانی هەوراز محەمەد و نەبەزئەحمەد ٢٠١٦.

٤. فیلمی خوشکانی جەنگ لە نووسین ودەرهێنانی کارۆلین فۆریست. بەرهەمی ٢٠١٩.

بەڵام لەناو ئەم فیلمانەدا توێژینەوە، فیلمی هەزار و یەک سێو شی دەکاتەوە.

هەندێک جار تێرمی جینۆساید لە لایەن کەسانێکەوە بەکار دەهێنرێت کە پسپۆڕی بوارەکە نین و نەشارەزایانە و بێ سڵەمینەوە بەکار دەهێنرێت. تەنانەت هەندێک جار دەگاتە ڕادەی سوکایەتی و بێماناکردنی›› (بابە عەلی ٢٠٢٤، ل٢٠١١) میدیای کوردی تێرمی جینۆساید بە نەشارەزاییەکی زۆرەوە بەکار بردووە ‹›دۆسیەکان و ڕووداوەکان بە کارەساتی سروشتی تێکەڵ دەکات، ئەمەش وێنە و چەمکی جینۆسایدی شێواندووە و بە مەبەست بێت یان بە نەزانی، دۆسیەکەیان تێکەڵ کردووە، بۆ نموونە: ‹›دۆسێی جینۆسایدی بارزانییەکانی تێکەڵ بە ئەنفال کردووە. لە کاتێکدا بارزانییەکان، ٥ ساڵ پێش تاوانی ئەنفال جینۆساید کراون›› (محەمەد، ٢٠١٥ ل٢٢) لە سۆنگەی هەڵەی میدیاکانەوە هونەرمەندان و فیلمسازانیش کەوتوونەتە هەڵەوە، بۆ نموونە: فیلمی ‹دایکانی من›، لە دەرهێنانی ئیبراهیمی سەعیدی و زەهاوی سنجاوی، چیرۆکی جینۆسایدی بارزانییەکان لەناو ئەنفالدا دەگێڕنەوە، ئەوەش باش نییە، چونکە وێنەی گشتیی هەردوو تاوانەکە دەشێوێنێت. دەنا فیلمەکە لە ئاستێکی هونەریی بڵندا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لەوەش

گرنگتر لە ٥ی ئایاری ٢٠١٢دا لە کۆنگرێسی ئەمریکادا نیشان درا.

فیلمی خوشکانی جەنگ لە نووسین و دەرهێنانی کارۆلین، ساڵی ٢٠١٩. هێندە کاریگەرە کە «سەرۆککۆماری تورکیای تووڕە کرد، لە وەڵامدا ‹‹کارۆلین فۆرێست، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: ئێمە فیلمەمان بۆ دڵخۆشیی ئەردۆغان دروست نەکردووە›› (ژنها، ٢٠٢٢).

بەڵگەفیلمی وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال، بەرهەمی ٢٠١٦ لە دەرهێنانی هەوراز محەمەد و نەبەز ئەحمەد، لە ١١ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا بەشدار بووە، لە بولگاریا خەڵاتی بینەرانی بۆ باشترین بەڵگەفیلمی کورت و دوو خەڵاتی دیکەشی بردووەتەوە. پێشتریش لە هیستۆری فیلم فیستیڤاڵ لە کرواتیا خەڵاتی میوزیکی بەدەست هێناوە. ‹وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال› چیرۆکی ئەو وێنانە دەگێڕێتەوە کە وێنەگرێکی گەڕۆک بە ناوی حاجی کاکەولا، پێش تاوانی ئەنفال لە گوندەکانی ناحیەی ئاخجەلەردا وێنەی گوندنشینەکانی گرتووە، بەڵام زۆربەیان لە تاوانی ئەنفالدا گیراون.

دووەم شیکردنەوەی فیلم

شیکردنەوەی فیلم (هەزار و یەک سێو)

ستافی فیلمی ‹هەزار و یەک سێو› بریتین لە:

نووسین و دەرهێنان: تەها کەریمی

وێنەگر: مێهدی ئازادی

بە بەشداریی دەربازبووانی ئەنفال: فەرەج محەمەد، عەبدولقەهار خەلیل، هاشم محەمەد. کەریم نایف و ئەبابەکر عەلی.

گێڕانەوە: فەرەج محەمەد

بەرهەمهێنەر: کۆمپانیای «ئاڤا میدیا» و تەها کەریمی

پوختەی چیرۆکی فیلمەکە

فیلمی هەزار و یەک سێو، دۆکیۆمێنتاری و شێوازی گێڕانەوە داستانییە، ئایدیای سەرەکیی کولتووری ‹لێبووردەیی›یە، پەیامەکەی ئاشتی و ئەوینە. چیرۆکی دەربازبوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال دەگێڕێتەوە.

ئەکتەرەکان: ‹‹فەرەج محەمەد، هاشم محەمەد، عەبدولقەهار خەلیل، کەریم نایف و ئەبابەکر عەلی سەعید›› شایەتحاڵی دانسقەن و چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە.

فەرەج کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیە، کە بە ڕێکەوت لە کۆمەڵکوژیی بیاباندا ڕزگاری بووە. تا ساڵی ١٩٩١ نەیوێراوە چیرۆکی خۆی بۆ هیچ کەسێک، تەنانەت بۆ ژن و منداڵەکانیشی بگێڕێتەوە، چونکە درکاندنی نهێنییەکەی زۆر کەسی تازیەبار دەکرد، لە کاتێکدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسوکاریان بوون، لەو دۆخەدا وەڵامی ئەو هەموو پرسەگێڕەی پێ نەدەدرایەوە و بەعسییەکانیش پێیان دەزانی و دەیانکوشت. تەنانەت مەرگی ساڵحی ئامۆزاشی ئاشکرا نەکرد، کە پێکەوە دەستی هەردووکیانیان بەستبووەوە و لە ڕۆخی چاڵێکی پڕ لە تەرمدا گوللەباران کران، هەر لە جێدا ساڵح کوژرا و فەرەج بەختی هەبوو و هیچ گوللەیەکی بەر نەکەوت، هەمان جەلاد کە تەقەی لێ کردن، بە نووکەشەقێک هەڵیدانە ناو چاڵەکەوە. فەرەج لە دەرفەتێکدا توانیی ئەو دەستەی کە بە دەستی ساڵحەوە بەسترابووەوە، بیکاتەوە و لە چاڵەکە بێتە دەرەوە و تەرمی ئامۆزاکەی لەناو دەیان تەرمی ساردەوەبوودا بەجێ بهێڵێت. ئەم نهێنییە ترسناکەی تا ساڵی ١٩٩١ نەدرکاندبوو. ‹‹منیش کاتێک زانیم، کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لەسەر سنوور بەرگەی سەرما و برسێتیی منداڵەکانم نەدەگرت، ویستم بگەڕێمەوە بۆ شار، فەرەج هاتە بەردەمی تراکتۆرەکەم و ڕێگەی لێم گرت، لەوێ چیرۆکی ڕزگاربوونی خۆی و کوژرانی ساڵحی برامی بۆ باس کردم›› مەلا عەزیز وای گوت (محەمەد ٢٠١١).

ساڵی ١٩٩٦ فەرەج و خێزانەکەی بە هۆی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچەوە گەیەنرانە ئەمریکا. لە فڕۆکەخانەی تورکیا هاوسەرەکەی سەری لەم گرنگیپێدانە سووڕ مابوو، ئینجا چیرۆکی دەربازبوونی خۆی بۆ ئەویش ئاشکرا کرد، دوای چەندین ساڵ لە پەناهەندەیی لە ویلایەتی ڤیرجینیاوە، دێتەوە و دەبێتە پاڵەوانی فیلمی ١٠٠١ سێو. بۆ ئەوەی چیرۆکی کۆمەڵکوژیی کورد لە ئەنفالدا بگێڕێتەوە. لەگەڵ دەربازبووانی دیکەدا بەسەر ئەو خێزانانەدا دەگەڕێن کە کەسێکیان یان زیاتریان ئەنفال کراوە، سێو و مێخەکیان بەسەردا دابەش دەکەن، هەتا ١٠٠١ سێو مێخەکڕێژ بکەن و وەک هێمای ئاشتی نیشانی هەموو دونیای بدەن.

دیدی دەرهێنەرانە

- سیمۆلۆژیا، سێوی مێخەکڕێژ

دەرهێنەر سیمۆلۆژیا دەکاتە تەکنیکی گێڕانەوە و سێوی مێخەکڕێژ وەک توخمێکی شوناسی کولتووری کە لە کولتووری کوردیدا هێمای ئاشتی و ئەوینە، زیندوو دەکاتەوە و دەیکاتە پەیامی فیلمێکە.

کارەکتەری سەرەکی کە گێڕەرەوەی فیلمەکەشە (فەرەج) لە یەکەم دیمەندا بە ڕوخسارێکی ماتەمەوە کە بە کلۆس ئەپ دەیبینین، چیرۆکی شەڕ و ئاشتبوونەوە دەگێڕێتەوە: «بۆ یەکەم جار ناوی سێوی مێخەکڕێژم لە دایکم بیست، ئەوکاتە تەمەنم ٧ ساڵان بوو، سەری کوڕێکی دراوسێمانم شکاندبوو خوێنی لێ هاتبوو، زۆر ترسابووم ئێوارەی ئەو ڕۆژە دایکم سێوێکی بۆ مێخەکڕێژ کردم و بردم بۆ کوڕەکە، ئیتر

باوەشمان بە یەکدا کرد و ئاشت بووینەوە. دایکم دەیگوت سێوی مێخەکڕێژ ڕەمزی ئاشتی و ئەوینە.

دەرهێنەر توخمەکانی کولتووری کوردی دەخاتە خزمەتی چیرۆکەکەوە ‹‹بەرهەمی سینەمایی کاتێک بایەخ پەیدا دەکات، کە لە بەرهەمێکی لۆکاڵەوە دەبێتە بەرهەمێکی یونیڤێرساڵ›› (سەعید، ٢٠١٦) دیدی دەرهێنەرانە لەم فیلمەدا دیدێکی کوردییە، هێزی کولتووری نەتەوەیەکی بریندارە و بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێت. ‹‹ئەوەی لە بەردەم سینەماکاری کورددا بووەتە گرفتێکی گەورە و هێشتا بەو جۆرە تەکنیکی سینەما ناناسێت، تا لەو لەمپەڕانە دەربازی بکات، کە لە خودی پرۆسەی وێناکردندا دێنە بەردەمی›› (مستەفا، ٢٠٢١، ل١٢١) تەها کەریمی تەکنیکی سینەما شارەزایە لە دیدی دەرهێنەرانەی ئەودا دەربازبوونی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال نوێنەرایەتیی برین دەکەن. تێدەکۆشن هەتا کێشەکەیان بکەنە جیهانی.

کارەکتەرەکان دانسقە و تایبەتن، لە کۆی دەیان هەزار کەسی کۆمەڵکوژکراو لە ئەنفالدا، ئەوان لەژێر تەرمە خوێناوییەکاندا هاتوونەتە دەرەوە، هەزار و یەک پرسیاریان لە مرۆڤایەتی هەیە، زەلیل دانانیشن، بەڵکو دەیانەوێت یادەوەری دروست بکەن، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیامی ئاشتی ئاراستەی دونیا دەکەن. هەموویان بەرگی کوردیان لە بەردایە، نیشانەی پرسیار بە ڕەنگی ڕەش لەسەر بەرگە سپییەکانیان سەرەتای جەستەی داگیر کردوون. ئەمڕۆ بێت یان سبەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت وەڵامیان بداتەوە.

بەو هەموو پرسیارەوە بە گرتەی جیاواز لەگەڵ سێوی سووردا دەبینرێن، لە گرتەی درێژدا بە سندووقی سێوەوە دەردەکەون. بە سواری ماشێنێکی پڕ لە سێودا بە گەرمیان و کوێستان و بادینان و سۆراندا دەگەڕێن، سێو و مێخەک دەبەن بۆ هەر ماڵێک، کە ئەنفالکراوێک یان زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی مێخەکڕێژیان بکەن.

کورد لەمێژە سێو مێخەکڕێژ دەکات، فەلسەفەی ئەم کارە لەنێو کولتووری کوردیدایە ‹‹لە دێرزەمانەوە لە کوردەواریدا هێمای خۆشەویستی و ئاشتی بووە. کاتێک کەسێک ئەڤیندار بووە و نەیتوانیوە خۆشەویستیی خۆی بە زمان دەرببڕێت، سێوێکی مێخەکڕێژی بۆ ناردووە، یان کاتێک دوو دڵدار کە لێک دەتۆران، سێوی مێخەکڕێژیان بە دیاری بۆ یەکتر ناردووە (سەعیدیان، ڕیکۆرد ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٣).

- ئینتەرنێت: پەیوەندی بەوانی دیکەوە (confection).

دەرهێنەر تازەترین هۆیەکانی پەیوەندی دەخاتە خزمەتی پەیامەکەیەوە و دونیا دەخاتە بەردەم پرسیاری بێدەنگی! هێندەی ڕووی لە ئێستا و داهاتووی دەربازبووانە، هێندە ڕووی لە ڕابردوویان نییە، کارەکتەرەکان دەیانەوێت کارێکی شکۆمەندانە بۆ خۆیان و ئابڕوومەندی مرۆڤایەتی بکەن، پێیان وایە ئەو ڕۆژە ئەرکیان تەواو دەبێت کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە دنیادا بەدوای وشەی ئەنفالدا گەڕابن. ئەگەر بۆ جارێکیش

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بێت چیرۆکی کورد ببیستن. لە وشەی ئەنفال ڕابمێنن و بیخوێننەوە و بیر بکەنەوە. تێدەکۆشن ١٠٠١ سێوی مێخەکرێژ وەک پەیامی لێبوردەیی بنێرن بۆ ئەو وڵاتانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو تاوانە گەورەیە بەشدار بوون، پەیامەکە بۆ دونیایە، ئەوانەی کە بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن و خوێنساردانە لەو جینۆسایدە بێدەنگ بوون.

دەربازبووەکان وێنەی لەچوارچێوەگیراوی پێنج دەربازبووی تریان بەدەستەوەیە، لە فریمێکدا لە بەردەم مۆنۆمێنتی ئەنفالدا بە کڵەوس ئەپ نیشان دەدرێن، تا لەگەڵ ئەماندا ئاوێزان بن، ئەوانیش بێ ئەرک نەماونەتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە پەیوەندیدان لەگەڵ دونیادا.

- ئاو ڕێگەیەکی دی بۆ گەیاندنی پەیام:

لە یەکەم هەنگاودا، هەزار و یەک سێوی مێخەکرێژکراویان لەگەڵ وێنەی ئەنفالکراوەکاندا دەنێرن بۆ شاری بەغدای پایتەخت، شوێنی بڕیارەکان و واژۆکان، شوێنی چیرۆکی ‹هەزار و یەک شەوە›، بەغدا لە ئێستا و ڕابردوودا یەکەم بەرپرسیاری ئەم تاوانەیە. دەبوو دەوڵەتی نوێ بە ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی و یاسایی هەستابا و داوای لێبوردنی لە کورد و عێراقیان بکردایە و قەرەبووی ئەو شەرمەزارییەی بکردایەتەوە، بەڵام مادام ئەو نافامێت، ئەوا کورد پەیامی ئاشتی و بیرنەچوونەوە بۆ دەوڵەتی میراتگری عێراق دەنێرن. بڕوانە خولەکی ١:٥٠٠٠ی فیلمەکە. ماسیگرێک لەسەر زێی بچووک ئاوا وەڵامی فەرەج دەداتەوە ‹‹سێوەکانم مێخەکرێژ کردووە، بەڵام ناتاندەمێ، چونکە من تاوانم نەکردووە تا داوای لێبوردن بکەم، دەبێت ئەوان لە من ببورن، من ئەنفالکراوم››، چەمکی لێبوردەیی و داوای لێبوردن جیاوازن، داوای لێبوردن ئاکتە و لێبوردەیی کولتوورە، کورد داوای لێبوردن ناکات، بەڵکو کولتووری لێبوردەیی نیشان دەدات، تا دەوڵەت داوای لێبوردن بکات و ئاشتی مانای هەبێت. ئەم وێناکردنەی دەرهێنەر ئەوەمان نیشان دەدات بە درێژایی مێژوو عێراق دەوڵەتی فاشلی هەبووە و کوردیش کولتووری بەهێز، دەنا تۆوی کورد دەبڕا. ‹‹وەک چۆن ئاوا لای میترایییەکان و ئێزدییەکان نهێنیی ژیانە›› (شێخ محەمەد، ٢٠٢٤، ل٢١٥) لای تەها کەریمییش نهێنیی ژیانە.

ناردنی وێنەی ئەنفالکراوان بە ئاوی زێی بچووکدا، واتا ‹‹تۆڵەتان لێ ناکەینەوە، بەڵام تاوانەکە لەبیر ناکەین››. هەر ئەوەی ماندێلا گوتوویەتی. ئاوی زێی بچووک سەرچاوەی ژیان و بژێوی و هێڵی پەیوەندیی نێوان کورد و بەغدایە، بۆیە پەیامەکە بە فڕۆکە و ئینتەرنێتدا نانێرێت، بەڵکو بە ئاودا دەینێرێت. کارەکتەرەکان بەپێی ژمارەی ئەنفالکراوانی هەر ماڵێک، سێوی سوور و مێخەک دابەش دەکەن. دیدی دەرهێنەر بەوێنەکردنی خێزانەکان و ئەنفالکراوەکانە، کە سێوەکان بە مێخەک دەنەخشێنن. بۆ

ئەوەی هەزار و یەک چیرۆکی ئەنفال بە هەزار و یەک سێو بگێڕنەوە، بەم شێوەیە کەسوکاری ئەنفالکراوان دەبنە پەیامنێری ئاشتی و بەهۆشخۆهاتنەوەی دەسەڵاتدارانە تا ئەنفال دووبارە نەبێتەوە.

فەرەج دەپرسێت: ‹‹ئەگەر ئێوە بوونایە لە جێگەی ئێمە، چیتان دەکرد؟››

فیلمەکە دوو چیرۆک دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ڕزگاربوانی ئەنفال لە زاری خۆیانەوە (فەرەج، هاشم، قەهار، ئەبابەکر و کەریم) چیرۆکی دووەم شوناسی کولتووریی کوردە. پاش مێخەکڕێژکردنی سێوەکان بە وێنەی قوربانییەکانەوە، بە ئاوی زێی بچووکدا دەنێرن بۆ بەغدا. لێرەدا بە جووڵەی کامێرا و گرتەی درێژ (long shot) و بەگرتەی ناوەند (Medem shot) بۆ بەرهەمهێنانەوەی مانا، پێکەوە تێدەکۆشن دونیا بەئاگا بهێننەوە تا ئەنفال ڕوو نەداتەوە.

دەرهێنەر تراژیدیا ناکاتە بەهانە بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵکو تەکنیکی تری پێیە بۆ بەرەنگاری و مانەوە، مرۆڤ دەکاتە دادوەری وێنەی بینراو. سێوی مێخەکڕێژ چنراوی دەستی ئەو مرۆڤانەیە کە قوربانیی جەنگ و جینۆسایدن، لە تراژیدیا و چاوەڕوانیی کوشندەدا ڕیش و پرچیان سپی بووە.

بە نیشاندانی میهرەبانیی ئەو جۆرە لە قوربانی، فاشیزم ڕیسواتر نیشان دەدات. لە ڕوخساری فەرەجدا، لە ژەنینی شمشاڵەکەیدا، لە مێخەک و سێوی ناو چنگی پیرەژنەکاندا بە گرتەی جیاواز مانا بەرهەم دەهێنێت.

- کامێرا:

پەیامێکی تری فیلمەکە بۆ کوردە، کە دەتوانێت بەم تەکنیکە، واتا بە وێنە خەریکی بەرگرینامەی خۆی بێت و چیدی خۆی زەلیل وێنا نەکات. ئەوەی تەها کەیمی وێنای کردووە، ئەوەیە کورد لە بەرانبەر ستەمکاریدا بەرگری دەکات بەڵام نابێتەوە بە فاشی، پرسیاری فیلمەکە ئەوەیە مرۆڤایەتی بەرەو کوێ کە لە فاشیزم تێنەگات؟ ئەوانەی بوون بە برغوویەکی ماشێنی فاشیزم، چییان چنگ کەوت؟

کارەکتەرانی ئەم فیلمە هەر چیرۆکی خۆیان ناگێڕنەوە، بەڵکو کولتووری ‹لێبوردەیی› کوردیش بە دونیا ئاشنا دەکەن. کە سێوی مێخەکڕێژ هێمایەتی.

نمایش:

یەکەم نمایشی فیلمی ‹هەزار و یەک سێو› لە ڕێوڕەسمی کۆتایی یەکەمین دیداری جینۆسایدی کورد بۆ کورتەفیلمی دۆکیۆمێنتاریی، کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی نیسانی ٢٠١٣ لە هۆڵی تەوار لە شاری سلێمانی نمایش کرا.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە ڤیستیڤاڵی فیلمی دوبەی، ڕۆژانی ‹١٥-٢٤› سەرماوەزی ٢٠١٣ بەشدار بوو.

هەمان ساڵ لە خولی ١٣هەمین فێستیڤاڵی ‹ئف ئیستانبوڵ›(if Istanbul) بەشی کێبڕکێ بەشداریی کردووە، کە ڕۆژانی ١٣ جێنیوەری هەتا ٢٧ مانگی فێبریوەری لە شارەکانی ئیستانبوڵ، ئانکارا و ئەزمیر بەڕێوە چوو (کەریمی، ٢٠١٤).

فێستیڤاڵەکان

- دیداری کورتەفیلمی کوردی، هۆڵی تەوار ٢٠١٣.
- فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆک ٢٠٢٣.
- سێزدەهەمین فێستیڤاڵی فیلمی ‹Watch-Doc› لە پۆڵەندا ٢٠٢٤.
- دەیەمین فێستیڤاڵی فیلمی دوبەی ٢٠١٥.
- فێستیڤاڵی فیلمی بوسان لە کۆریای باشوور.
- سێزدەهەمین فێستیڤاڵی فیلمی ئف ئەستەنبوڵ (if Istanbul) لە تورکیا.
- ڤیستفاڵی ترۆمۆسی نەرویجی ٢٠١٤.

خەڵاتەکان

- خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆک ٢٠٢٣.
- خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاریی فێستیڤاڵی ئاسیا پاسیفیک ٢٠١٤.
- خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاریی فێستیڤاڵی ڕۆما ساڵی ٢٠١٣.
- تابلۆی فەخریی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی فیلمە بڵندە دیکۆمێنتارییەکانی فێستیڤاڵی سینەما حەقیقەت لە ئێران.

بەشی چوارەم

یەکەم: ئەنجام

دووەم: ڕاسپاردەکان

سێیەم: پاشکۆی وێنەکان

چوارەم: پەراوێزەکان

پێنجەم: سەرچاوە

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

یەکەم ئەنجام

- تویژینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی وێنەی جێگیر و جووڵاو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لە نیشاندانی جەنگ و تراژیدیادا گێڕاوە. لەناویشیاندا تا ڕادەیەک جینۆسایدی کوردی بە دونیا ناساندووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە فیلمی کوردی زۆر دروست کراون، بەڵام نەیانتوانیوە وێنەی برینی کورد و شوناسی کولتووری کوردی وەک پێویست بە دونیا بناسێنێت. هەزار و یەک سێو لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا بە فەرمی بڵاو نەکراوەتەوە، لە ڕێگەی فیستڤاڵەکانەوە توانیوێتی وێنەی دەربازبوانی ئەنفال و شوناسی کولتووری کورد بە چەند وڵاتێک بناسێنێت، لەوانە ‹‹نەرویژ، بەریتانیا، تورکیا و ئامادەبوانی فێستیڤاڵی ئاسیا پاسفیک و فێستیڤاڵی دوبەی، ئەمەش سنووردارە و هێشتا لە ئاست گەورەیی تاوان و تراژیدیاکاندا نییە.

- وێنە هێزی ئەوەی هەیە دەستی ستەمکاری کورت بکاتەوە، دەسەڵاتداران شەرمەزار و تووڕە بکات، هەتا ئەو ئاستەی جەنگیش بوەستێنێت.

- لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا وێنەی فۆتۆ ڕۆڵێکی باشی لە ناساندنی تاوانەکەدا بینیوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەنفالەوەیە کە جگە لە تاقە وێنەیەک کە لە بەرگی پشتەوەی ژمارە ٥ی ئەنفالستاندا بڵاو کراوەتەوە، هیچ وێنەیەکی کاتی ڕووداوەکە بەردەست نییە.

دووەم: ڕاسپاردەکان

- بایەخدان بە هونەری سینەما و فیلمسازی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی کورد بە وێنە.

- بایەخدان بە فیلمی هەزار و یەک سێو و بڵاوکردنەوەی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە.

- بایەخدان بە هونەری وێنەگرتن و هۆشیاریی وێنەگرتن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی کورد.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو بە هونەری فیلمسازی بدات، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دەربارەی جینۆسایدی کورد.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

سێەم: پاشکۆی وێنەکان

وێنەی ژمارە ‹١›

کچەی ڤێتنام وێنەی ژمارە ‹٢›

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وێنەی ژمارە ‹٣›

وێنەی ژمارە ‹٤› کوڕەی ژاپۆنی – ناکازاکی
کاتی سوتاندنی تەرمی قوربانییەکانی ئەتۆم

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وێنەی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی ژمارە ‹٥›

وێنەی بۆمبارانی هەڵەبجە ژمارە ‹٦›

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وێنەی ژمارە ‹٧› نیشانەی پرسیار بەسەر جلوبەرگی
‹ئەبابەکر عەلی›یەوە، کارەکتەری فیلمی هەزار و یەک سێو

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پەراوێزی پاشکۆکان:

* بڕوانە پاشکۆی وێنەکان ژمارە ١ بۆ بینینی وێنەی لەشکری شەڕکەرەکان.
* ئەم بابەتەی د. مەغدید سەپان لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢٠ لە ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ بە ناونیشانی ‹‹مێژووی وێنە و یەکەم وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ لە جیهاندا›› بەبێ ئاماژە بۆ ڕۆژی بڵاوکردنەوەی، بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ٢٠١٩ لە لاپەڕە ١٣١-١٣٨ لە کتێبەکەی نووسەردا بە ناوی گوتارە تەمەندرێژەکاندا بڵاو کراوەتەوە. زانیارییەکە لە نووسەرەوە وەرگیراوە (هۆمەر).
* بڕوانە پاشکۆی وێنەکان ژمارە ٢ بۆ بینینی کچە ڤێتنامییەکە کە بە بۆمب سوتاوە.
* بڕوانە پاشکۆی وێنەکان ژمارە ٣ بۆ بینینی وێنەی کوڕە جووەکە.
* سەرچاوەی ئەم باسە جگە لە دەقە کوردییەکەی کە ماڵپەڕی ئەنفالستان بڵاوی کردووەتەوە، ماڵپەڕی NPR بە زمانی ئینگلیزی نووسین و بە خوێندنەوەی دەنگییش بڵاوی کردووەتەوە، بە ناونیشانی Boy An Icon For Childhoods Lost In Holocaust
.November 27, 20107:39 AM ET Heard on Weekend Edition Saturday
* دواتر جۆ ئۆدۆنێل خۆیشی تووشی شێرپەنجەی پێست بوو، کە بە هەموو جەستەیدا بڵاو بووەوە. بۆ خۆیشی دەیزانی بە هۆی بەرکەوتنی تیشکی ئەتۆمەکەوەیە، کاتێک ڕەوانەی ناگازاکی و هیرۆشیما کرا، سەربازەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی تیشکدانەوە پێ نەدا. جۆئۆدۆنێل یەکێک بوو لە قوربانییەکانی بۆمبە ئەتۆمییەکان. ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد.
* بڕوانە پاشکۆی وێنەکان، وێنەی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی ژمارە ٥.
* بڕوانە پاشکۆی وێنەکان ژمارە ٦.

چوارەم: پەراوێزەکان

١. دەقی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ژمارە ‹٥› ئەنفالستاندا، ل ٥، ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

٢. ناوی ٣٠٧ کەس لەو لیستانەدا هاتووە کە سوپا بە واژۆی عەمید ڕوکن ‹بارق حاج حنطة› ئاراستەی ئاسایشی کەرکووکی کردووە، داوا دەکات بەپێی ڕێنماییەکانی نووسینگەی باکوور مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و لە وەرگرتنیان ئاگاداریان بکەنەوە. جێگەی ئاماژەیە ١١ لیست هاوپێچی نووسراوەکە بوون، کە ناوی ٣٠٧ کەسی ناوچەی قادر کەرەمی تێدایە. ڕێنماییەکانی نووسینگەی باکووری حیزبی بەعس لەگەڵ گوندنشینەکاندا، کوشتن و بێسەروشوێنکردن بوو، لە میانەی گەڕان و پشکنینم بۆ ئەو کەسانەی خۆیان ڕادەستی بارق کردووە، هیچ کەسێکم نەدۆزیوەتەوە ئازاد بووبێت (هۆمەر).

٣. ئەم بابەتەی د. مەغدید سەپان لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢٠ لە ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ بە ناونیشانی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

‹‹مێژووی وێنە و یەکەم وێنەگرەکانی بەرەی جەنگ لە جیهان››دا بەبێ ئاماژە بۆ ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڵاو کراوەتەوە، ساڵی ٢٠١٩ لە لاپەڕە ١٣١-١٣٨ لە کتێبەکەی نووسەردا بە ناوی گوتارە تەمەن درێژەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. زانیارییەکە لە نووسەر وەرگیراوە (هۆمەر).

٤. سەرچاوەی ئەم باسە جگە لە دەقە کوردییەکەی کە ماڵپەڕی ئەنفالستان بڵاوی کردووەتەوە، ماڵپەڕی NPR) بە زمانی ئینگلیزی نووسین و بە خوێندنەوەی دەنگیش بڵاوی کردووەتەوە، بە ناونیشانی Boy An Icon For Childhoods Lost In Holocaust November ,٢٧ ٢٠١٠٧:٣٩ AM ET Heard on Weekend Edition Saturday.

٥. بەشێکی ئەم زانیارییانە لە تابۆجوجی پەیامێری سۆیاکا تیقیی ژاپۆنی وەرگیراوە، کە ساڵی ٢٠٠٦ هاتبوو بۆ کوردستان و من ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵیدا بووم، پێکەوە سەردانی هەڵەبجە و هەورامانمان کرد، لە ڕێگەی وەرگێڕی کوردی ئەرکان عەبدولڕەحمانەوە زانیاریمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، هێشتا جۆ ئۆدنێل لە ژیاندا بوو. دواتر جۆ ئۆدۆنێل خۆیشی تووشی شێرپەنجەی پێست بوو، کە بە هەموو جەستەیدا بڵاو بووبووەوە. بۆ خۆیشی دەیزانی بە هۆی بەرکەوتنی تیشکی ئەتۆمەکەوەیە، کاتێک ڕەوانەی ناگازاکی و هێرۆشیما کرا، سەربازەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی تیشکدانەوە پێ نەدا. جۆئۆدۆنێل یەکێک بوو لە قوربانییەکانی بۆمبە ئەتۆمییەکان. ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد.

٦. کوڕە ژاپۆنییەکە کە تەرمی براکەی بە کۆڵەوەیە، هێشتا ژاپۆنییەکان نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە، بۆیە ناوی نەزانراوە. بڕوانە پاشکۆی وێنەکان، ژمارە ٤، بۆ بینینی وێنەی کوڕە ژاپۆنییەکە کە هێشتا ناوی نەزانراوە.

٧. لەناو دەربازبواندا وێنەی بەنگین مستەفا نییە، لەبەر ئەوەی هێشتا بە چیرۆکی دەربازبوونی ئاشنا نەبووین، توێژەر کە ڕاوێژکاری فیلمەکەیە، دواى ساڵێک بە چیرۆکی ئەم دەربازبووە گەیشت و وێنەیەکی چنگ کەوت.

پێنجەم: سەرچاوە

کتێب کوردی

١. ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم ٢٠١٧، چاپخانەی حەمدی ل١١.

٢. عومەر محەمەد، جینۆسایدی بارزانییەکان قۆناغێک بەر لە ئەنفال، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم- چاپخانەی کەمال ٢٠١٥.

٣. ... کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا. (میهۆ -ل٢٩٣) لە ئینگلیزییەوە وریای ڕەحمانی کوردستانی عێراق- ٢٠٠٩.

٤. گەشتەکانی ئەنفالستان، عومەر محەمەد دیدار لەگەڵ عەلی عارفدا، دەربازبووی نوگرەسەلمان، دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجەییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠١٢ ل٦١٠.

٥. یەکەمین هۆلۆکۆست –ڕۆبەرت فیسک – وەرگێڕانی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا. چاپی ٢٠٢٢.

٦. کەریمۆک غەفور ڕەنگدانەوەی جینۆساید لە فیلمی کوردیدا، کۆنفرانسی زانستیی جینۆساید ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەردا. ٢٠٢٣، ل٤٤٠.
٧. نووسینی سیناریۆی کورتەفیلم -وەرگێڕانی ئازاد کەرکووکی- چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-٢٠٢٣ ل ٣٥.
٨. ئەلمونجید، بە کوردی، بەرگی یەکەم آ، خ فەرهەنگی عەرەبی کوردییە، جەلال مەحمود عەلی سوبحانی چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی چاپی لەسەر نییە.
٩. شێخ محەمەد هۆشەنگ، لە سوهرەوەرد تا شارەزوور، لە بڵاوکراوەکانی کەریمی عەلەکە، چاپی یەکەم ٢٠٢٤، ل ٢١٥.

کتێب عەرەبی

١. التعريفات للجرجاني، ص١٤١ الكليات للكفوي، ص ٥٥٩
٢. محمد غنيمي هلال: النقد الأدبي الحديث – دار الثقافة ودار العودة –بيروت-١٩٧٣-ص ١٦٨
گۆڤار
١. لویس سیمۆن، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە ١، ٢٠١٧/٤/١٤.
٢. مجلة الرسالة – المجلد الثاني – السنة الثانية – العدد ٦٤– تاريخ ١٩٣٤/٩/٢٤، ص١٧٥٦.
٣. صلاح عبد الفتاح الخالدي: نظرية التصوير الفني عند سيد قطب – المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية - الجزائر –١٩٨٨ص٣٣
٤. گۆران بابا عەلی فانتازیای بەعس و دواهەمین چارەسەر، ئەنفال وەک قۆناغێک لە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا، ئەنفالستان ژمارە ١٦، ٢٠٢٤ ل٢٠٨.
٥. شۆڕش ئەمین، لە بۆسنە و هەرسک چیم دی، ئەنفالستان ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠١٨، ل ٤٠.

توێژینەوەی ئەکادیمی

١. دڵشاد مستەفا، گۆڤاری زانستیی زانکۆی گەرمیان، لە نێوان ئەفسونی ئەدەب و فەنتازیای سینەمادا، هەوڵێک بۆ شیکاریی ڕەگەز و بنەما سەرەکییەکان و بەرگوزارکردنی دنیای کوردی ئۆتۆبەری ٢٠٢١.
٢. تارا موشیر ساڵح، پەیوەندیی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنەدا، زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٩، ل ٩٣.
ڕۆژنامە کوردی
١. د. نوری تاڵەبانی، دەوڵەتی عێراق دەبێت داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، بۆ تاوانی ئەنفال، ئاوێنە ٢٠٢٣/١/٢٥.
ڕۆژنامەی عەرەبی
١. روجينا يوسف، الشرق الاوسط (الصورة فى الحرب... خبر من أرض المعركه وصفت

بالآيقونات لحملها الحكومات على تغيير سياساتها لندن: نشر: ٢:٣٦-٠٢-٢٥ سبتمبر ٢٠١٧ م - ٠٣ محرم ١٤٣٩ هـ

ماڵپەڕ

١. https://islamic-content.com/dictionary/
٢. http://www.anfalistan.com/- محەمە حمەساڵح توفیق
٣. عیباد ڕۆحی، جینۆسایدی گەلی کورد لەژێر تیشکی بڕیاری دادگای ناوخۆیی لاهای لە کەیسی «فرانس فان ئانرات»دا. ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی ٢٠٢٣.
٤. سەرکەوت جەلیل، مانگی ژەهراویی جینۆسایدی کورد و توتسی، ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی. ٢٠٢٤.
٥. New York post By jesse O”Nell , published March ٥,٢٠٢٤, ١١;٥ p.m.ET
٦. اليوم السابع، ساره شعبان. في اليوم العالمي للتصوير.. الاحتفاء بفن أعظم إنجازات البشرية/صور ١٩ اغسطس ٢٠٢٤.
٧. د. انتصار البناء، العالم بلا الصور، الوطن، الاحد ٢٢، سيبتمبر ٢٠٢٩
٨. صغير محمد الغربي، تؤرخ لأقدم تقويم قمري.. اكتشاف كتابة ورموز بدائية تعود لأكثر من ٢٠ ألف عام، الجزيرة ٢٠٢٣/١/١٦.
٩. اية احمد زقزوق، تعريف الصورة والنص و الاهميتيها، المرسال، ٥ دسيمبر ٢٠٢١، ٨:٤٦
١٠. Jans Bock-Schroeder، The origins of photography، October ٢٣, ٢٠٢٢
١١. حەسەن فەلاح، هۆلۆکۆست.. لە نێوان ژیانی ڕاستەقینە و سینەمادا، کەناڵ٨ ٢٠٢٤/٣/١٦.
١٢. کۆمەڵکوژیی دێرسیم... ترۆپکی فاشیزم، ماڵپەڕی ڕۆژ نیوز، ٢٠٢٢/٥/٤.
١٣. مەلا بەختیار، ڕووسیای لینین و ڕووسیای پوتین، ٢٠١٩/٩/١٠.
14. Detroit catholic, Wester: Nobel Peace Prize for Japanese atomic bomb survivors ‹fitting› amid global tensions, Gina Christian, oct.15,2024
١٥. ماڵپەڕی ژنها، فیلمی ئەمڕۆ: خوشکانی جەنگ، سێشەممە، ١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٢.
١٦. وليد سلمان، الصور-الفوتوغرافية -زمن-البساطة-وآهات الراى الاربعا ٢٠١٨/٦/٢٧.
١٧. روجينا يوسف، الشرق الاوسط (الصوره فى الحرب... خبر من أرچ المعركه وصفت بالآيقونات لحملها الحكومات على تغيير سياساتها.
لندن: نشر: ٢:٣٦-٠٢-٢٥ سبتمبر ٢٠١٧ م - ٠٣ محرم ١٤٣٩ هـ

دیداری تەلەڤیزیۆن

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

د. ئیبراهیم مەلا زادە، دیدار، کەناڵی لیسک تیڤی، پێشکەشکار د. زریان کاکەیی، بەرنامەی یافتە –ئەنفال وجینۆسایدی کوردستان، ٣١ی جولای ٢٠٢٢.

سیمنار:

١. د.شاهۆ سەعید، سینەما و شوناسی کوردی، فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی سلێمانی، زانکۆی ئەمریکی، ٢٠١٦.
٢. عومەر محەمەد، سیمینار، جەنگ و جینۆساید و میدیای کوشندە ٢٠١٣، هۆڵی موزەخانەی نیشتیمانیی ئەمنەسوورەکە، ٢٠١٣/٤/١٤ کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ.

چاوپێکەوتنی قووڵ

١. دیداری توێژەر لەگەڵ دەربازبووی نوگرەسەلماندا، ڕێباز غالب ٢٠٢٣، ڕزگاری، کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی.
٢. دەقی بریارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ژمارە ‹٥› ئەنفالستان، ل ٥، ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاو کراوەتەوە.
٣. دیدار لەگەڵ فەرەجی تۆپخانەدا، ٢٠١١ گوندی تۆپخانە کاتژمێری ٤ی پاشنیوەڕۆ.
٤. دیدار لەگەڵ مەلا عەزیزدا، ٢٠١١ گوندی تۆپخانە کاتژمێر ٥ی پاشنیوەڕۆ.
٥. دیدار لەگەڵ تابۆ جوجیدا، ٢٢ی شوبات ٢٠٠٦ سلێمانی، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ.

وانەی زانکۆ

١. جامعة دیالی، کلیة الفنون الجمیلة قسم فنون السینمائیة والتلفزیونیة، المرحلة الثانیة. استاذ المادة / م ڕجاء ڕشید حمید مادة الخامسة.

فیلمەکان:

١. فیلمی هەزار و یەک سێو دەرهێنانی تەها کەریمی، ٢٠٢٣ هۆڵی تەوار.
٢. فیلمی پیانۆژەن (the pianist) لە دەرهێنانی ‹ڕۆمان پۆلانسکی›، کورد فیلم ٢٠٢٣.
٣. فیلمی کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە (the Boy in the striped Pajamas) لە دەرهێنانی مارک هێرمان.
٤. فیلمی کتێبی ڕەش (The Black Book) لە دەرهێنانی پاوڵ ڤێرهۆڤن (Paul Verhoeven) کەناڵی یوتوب ٢٠٢٤/١١/٣.
٥. فیلمی شیندرلیست (Schindler›s List). لە دەرهێنانی ستیڤن سپیڵبێرگ. کورد سینەما، ژێرنووسی کوردی. ٢٠٢٣/١٠/٢٢.
٦. فیلمی ‹پیاوی قەڵەو و کوڕە بچووکەکە› (Fat Man and Little Boy) لە دەرهێنانی ڕۆلاند جۆفی. داونلۆد ٢٠٢٤/١١/٧.
٧. هێرۆشیما و دواتر (Hiroshima: The Aftermath) دەرهێنانی لوسی ڤان بیک.

سێیەم: میدیا

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە میدیا و شانۆدا

پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین
بەشی ڕاگەیاندن - کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین
akram.hamaamen@su.edu.krd

پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر
بەشی شانۆ و سینەما - کۆلێژی
هونەرەجوانەکان - زانکۆی سەلاحەدین
zhilwan.bapir@su.edu.krd

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە میدیا و شانۆدا) توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفیە، باس لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تێکست و تابلۆ و وێنە درامییەکانی جینۆساید دەکات. هەروەها باس لە پێناسە و شێوازەکانی جینۆساید دەکات، تیشک دەخاتە سەر قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان لە باشوری کوردستان، کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی لە دەسەڵات نەماو، کەلە دەرئەنجامدا (٨) هەزار بارزانی بوونە قوربانی تەنها لەبەر ئەوەی کوردبوون و بارزانی بوون.

ئەوەی شایەنی باسە جینۆسایدی بارزانییەکان وەکو تراژیدیایەکی ڕەش لە بواری میدیاو شانۆدا ڕەنگدانەوەیەکی هێجگار زۆری هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوشێوەی هەموو قوربانییەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زۆر بەدرندانەو نامرۆڤانە ئەنجامدرا، کە بووە هۆی کارەساتێکی دڵتەزێن و جەرگبڕ بۆ هەموو کوردستان و گەلانی جیهان. هەربۆیە لەسەردەمی خۆیدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆربەی کەناڵە میدیاییە جیهانییەکان بەشێوەی ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و هەواڵ.. پەخش و بڵاوکرایەوە. هەروەها کوردانی ئەوروپا بەشێوەی خۆپیشاندانی جەماوەری بە بەرزکردنەوەی دروشم و هێماکانی جینۆساید لە شێوەی شانۆی شەقام، چەندین

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چالاکیـان ئەنجامـدا بـۆ ناسـاندنی ئـەو مەرگەسـاتە گەورەیـە.

هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆدا دەزگاکانـی میدیایـی و هونەریی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە شاخ توانییـان ڕۆڵێکـی کاریگـەر ببینـن لەپەخـش و بڵاوکردنـەوەی چەندیـن شـێوازی میدیایـی و هونـەری کـە هەسـت و سـۆزی زۆری بەخشـی بەجەمـاوەری گەلـی کوردسـتان.

ئـەم توێژینەوەیـە بـە شـێوەیەکی چـڕ ڕەنگدانـەوەی ڕووداو و چیـرۆک و بەسـەرهاتەکانی جینۆسـایدی بارزانییـەکان لـە میدیـا و شـانۆدا دەخاتـەڕوو. ئـەوەی شـایەنی باسـە لـە دوای جینۆسـایدی بارزانییـەکان، میدیـا و شـانۆ ڕۆڵێکـی کاریگەرییـان بینـی بـۆ ئـەوەی رومالّـی ئـەم کارەسـاتە تراژیدییـە نامرۆییـە بەگەلانـی دراوسـێ و جیهـان بناسـێنن، لەسـەر بنەمایەکـی فیکـری و ئایدیۆلـۆژی و هونـەری و ئیسـتاتیکی.

کلیلە وشە: جینۆساید، بارزانییەکان، میدیا، شانۆ

انعكاس الإبادة الجماعية للبارزانين في الإعلام والمسرح

ملخص البحث

يعتبر هـذا البحث بعنوان (انعكاس الإبادة الجماعيـة البارزانين في الإعـلام والمسـرح) بحثـا وصفيـا تحليليـا، يناقش أثـر وانعكـاس النصـوص واللوحـات والصـور الدراميـة للإبـادة الجماعيـة. كمـا يناقـش تعريـف وأسـاليب الإبـادة الجماعيـة، ويسـلط الضـوء علـى مراحـل الإبـادة الجماعيـة للبرزانيين فـي جنـوب كردسـتان، والتـي أطاحـت بهـا الدكتاتوريـة البعثيـة، والتـي أسـفرت عـن مقتـل ٨٠٠٠ بارزانـي كـردي وبرزانـي.

ومـن الجديـر بالذكـر أن الإبـادة الجماعيـة للبرزانييـن باعتبارهـا مأسـاة سـوداء فـي مجـال الإعـلام والمسـرح كان لهـا تأثيـر كبيـر علـى المسـتويات المحليـة والإقليميـة والدوليـة، مثـل كل ضحايـا الإبـادة الجماعيـة للشـعب الكـردي فـي الثمانينيـات. لقـد كان النظـام

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

وحشيا جدا وغير إنساني، مما أدى إلى مأساة مأساوية ومفجعة لجميع كوردستان وشعوب العالم. ولذلك كانت معظم القنوات الإعلامية العالمية في وقتها على شكل تقارير وأخبار.. تبث وتنشر. كما نظم الأكراد في أوروبا مظاهرات حاشدة، رافعين شعارات ورموز الإبادة الجماعية على شكل مسرح الشارع، للتعريف بهذه المأساة الكبرى.

وعلى المستوى المحلي أيضا، تمكنت المؤسسات الإعلامية والفنية التابعة للحركة الشعبية لتحرير كردستان في الجبال من لعب دور فعال في بث وسائل إعلامية وأساليب فنية متنوعة أعطت عاطفة كبيرة للشعب الكردي.

تعكس هذه الدراسة بشكل مكثف أحداث وقصص وقصص الإبادة الجماعية للبرزاني في الإعلام والمسرح. ومن الجدير بالذكر أنه بعد مجزرة البارزانيين، لعب الإعلام والمسرح دورا مؤثرا في إيصال تغطية هذه المأساة اللاإنسانية إلى دول الجوار والعالم، على أسس فكرية وعقائدية وفنية وجمالية.

الكلمات المفتاحية: الإبادة الجماعية، البارزانين، الإعلام، المسرح

Reflection of the Barzanin Genocide in the Media and Theatre

Summary of the research

This paper entitled (Reflection of the Barzanin Genocide in the Media and Theatre) is a descriptive analytical research, discussing the impact and reflection of texts, paintings and dramatic images of genocide. He also discusses the definition and methods of genocide, highlighting the stages of genocide of the Barzanis in South Kurdistan, which was overthrown by the Ba›athist dictatorship, which resulted in the death of ٨,٠٠٠ Barzanis

Kurdishness and Barzaniness.

It is worth mentioning that the genocide of the Barzanis as a black tragedy in the field of media and theater had a great impact on the local, regional and international levels, like all the victims of the genocide of the Kurdish people in the ١٩٨٠s The Ba›ath regime was very brutal and inhuman, which led to a tragic and heartbreaking tragedy For all Kurdistan and the peoples of the world. Therefore, in its time, most of the international media channels in the form of reports and news .. broadcast and published. Kurds in Europe also held mass demonstrations, raising slogans and symbols of genocide in the form of street theater, to introduce this great tragedy.

Also, at the local level, the media and artistic institutions of the Kurdistan People›s Liberation Movement in the mountains were able to play an effective role in broadcasting various media and artistic methods that gave great emotion to the Kurdish people.

This study intensively reflects the events, stories and stories of the Barzani genocide in the media and theater. It is worth mentioning that after the genocide of the Barzanis, the media and theater played an influential role in introducing the coverage of this inhuman tragedy to neighboring nations and the world, on an intellectual, ideological, artistic and aesthetic basis.

Keywords: Genocide, Barzanin, Media, Theatre

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تەوەری یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە:

وەک هەمیشە گوتراوە شانۆ ئاوێنەی گەلە, شانۆ سەکۆی بەرەنگاربوونەوەی زوڵم وستەم و زۆردارییە, شانۆ دەنگ و ڕەنگی مرۆڤە چەوساوەکانە, جینۆسایدی گەلی کوردستان و بەتایبەتیتر جینۆسایدی بارزانییەکان بە گەورەترین تاوانی ڕژێمی بەعسە هەژمار دەکرێت بەرانبەر بە گەلی کوردستانە, هەربۆیە لەدوای کردەی جینۆساید لەکوردستان شانۆکاران و میدیاکارانی کورد بەهەموو هێزو توانا و خەیاڵ و ئەندێشەیان, لەمیانی هونەری شانۆ و لەڕێگای شاکارە شانۆییەکاندا مەرگەسات و تراژیاکانی جینۆساید لەڕێگەی چەند چیرۆک و تێکستی ئەدەبی, لەڕێگەی شانۆ ئەم ڕوودا و کارەساتە دڵتەزێنانە بەرجەستە بکەین، هەرچەندە تەکنیک و تەکنەلۆژیای شانۆ لەکوردستاندا جیاوازە بەڵام شانۆکاران و میدیاکارانی بەچەندین شێوازی جۆرا و جۆری شانۆیی و کاراکتەری میدیاییەوە توانیویانە پەیامی خۆیان بگەیەنن و پرسی جینۆسایدی بارزانییەکان زیندوو بکەنەوە بەپێی توانا و تێڕامان و هزر و خەیاڵ و ئامرازەکانی بەوینەکردن لەنێو فەزا و پانتایی شانۆدا لەڕێگەی دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر و سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا و تەکنیکی هونەری, لەناو شانۆی داخرا و قەزای کراوەدا, لەڕێگەی شانۆی ناو هۆڵ و شانۆی شەقامدا, پەخش و بڵاوکردنەوەی لەنێو تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانییەکاندا.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانج لەخۆی دەگرێت, گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن

١- نمایشکردنی شانۆیی تایبەت بەجینۆسایدی بارزانیەکان

٢- هانی نوسەران بدرێت کە دەقی شانۆیی بنووسن لەسەر جینۆسایدی بارزانیەکان

٣- بەکارخستنی هێما و ئاماژەو دەلالەکەکانی جینۆساید لەمیانی شاکارە شانۆییەکاندا

٤- تۆمارکردنی ڕووداوە تراژیدیاکانی جینۆساید لەمیانی نمایشی شانۆیی

٥- بەئەرشیف کردنی وێنەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان

٦- پەخش کردنی نمایشی شانۆیی جینۆساید لەڕێگەی کەناڵەکانی سەتەلاین و سۆشیال میدیا بۆ هەموو گەلانی دونیا

گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گرینگی خۆی هەیە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

١- سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان

٢- بەشەکانی زانستی مرۆڤایەتی لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هەرێمی کورسدتان

٣- نووسەر و ڕەخنەگر و مێژوو نووسان و ڕۆژنامەنووسان لەناوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان

٤- ناوەندە ئەکادیمی و هونەرەییەکانی شانۆ و کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان لەکوردستان

٥- دەرهێنەر و ئەکتەر و تەکنیک کارانی بواری شانۆ

٦- کۆمەڵەو سەنتەرەکانی جینۆساید لەهەرێمی کوردستان

تەوەری دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

یەکەم: پێناسەی جینۆساید

جینۆساید چەمکێکی لێکدراوە لەدوو وشە پێک دێت جینۆس (genus) وشەیەکی گرنگە بەمانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت، بەڵام ساید (said) وشەیەکی لاتینییە بەمانای کوشتن یان لەناوبردن دێت، هەردوو وشەکەش بەمانی نەوەکوژی یان وەچەکوژی یان ڕەگەزکوژی دێت (بەرزنجی، ٢٠٢٢: ١٦)

زۆربەی نەتەوەکان چەمکی جینۆساید بەکاردەهێنن، ئینگلیزەکان پێی دەڵێن (جینۆساید)، فەرەنسییەکان پێی دەڵێن (ژەنۆسید)، ئیندۆنیسییەکان پێیدەڵێن (گێنۆسیدە)، ئەلبانییەکان پێیدەڵێن (جینۆسید) رووسەکان پێیدهەڵێن (جینۆسید) ئیتالییەکان پێیدەڵێن (جینۆچیدیۆ) ژاپۆنییەکان پێیدەڵێن (جینۆسایدۆ)، لاتینییەکان پێیدەڵێن (جینۆجیدیا)، پورتوگالییەکان پێیدەڵێن (ژینۆسیدیۆ) رۆمانییەکان پێیدەڵێن (جینۆجید) سلۆڤاکییەکان پێیدەڵێن (جینۆسیدا) هەروەها بەعەرەبی پێیدەڵێن (الابادە الجماعیە) بەفارسی پێیدەڵێن (نسل کوژی). (حسێن، ٢٠١٧: ١٠)

دیارترین پێناسەی جینۆساید ئەم پێناسەیە کە بۆ یەکەمین جار ڕەفایل لیمکین کە یاساناسێکی جووی پۆلەندییە و دکتۆرای هەبوو لە بواری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٤٤ کردی، کە لە پوختەی پێناسەکەدا دەڵێت: جینۆساید بریتییە لە کارێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوە، ئاین، گروپە ڕەگەزی و نەژادییەکان، لەڕێگەی چالاکی فیزیکی و کلتوری و ئابورییەوە، مەبەستەکانیان بەدی دەهێنن. (سلێمان، ٢٠١٠: ٢٦)

جینۆساید شێوازێکی لە شێوازەکانی تاوان، تاوانێکی گەوری کۆمەڵکوژییە، دژی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، چونکە ئەو وڵات و میللەت و کۆمەڵ و گروپانە دەکاتە ئامانج کە بەپێی مادە و بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی پارێزراون، بە بۆچوونی سێربۆلۆسی: جینۆساید تاوانێکە دەوڵەتێک ئەنجامی دەدات، یان ڕێگە بە ئەنجامدانی دەدات، ئەوەش پێچەوانەی یاسای گشتی نێودەوڵەتییە، چونکە زیانی بۆ تاک و کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە. (ربیع، بدون سنة: ٩٩)

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە ساڵی ١٩٤٨ ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی جینۆسایدی بەم شێوەیە کرد: جینۆساید ئەنجامدانی کردەیەکی تاوانکارییە بەرانبەر بە کۆمەڵێک لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئاین، ئینتما، ڕەگەز ..... تد، بەئامانجی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە. بەپێی سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و لەمادەی (٦)ی هاتووە، جینۆساید هەر کردەیەکە بەئامانجی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێک یان کۆمەڵێک یان میللەتێک لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئینتما، ڕەگەز.... تد، ئەنجام بدرێت. (محمد، ٢٠٢٠: ١٧٨)

دووەم/ شێوازەکانی جینۆسایدی نەتەوەیی کورد و گەلان

نەتەوەیی کورد بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ ڕووبەڕووی چەندین هێرش و پەلاماردان بۆتەوە لەلایەن وولاتانی دراسێ و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، هەمیشە لەبەردەم هەژموونی دابەشکردن و توانەوە و لەناوبردندابووە، لەسەردەمی کۆن و سەرەتاکانی هێرشی لەشکری عەرەبی ئیسلامی تا دەگاتە پەلاماری عوسمانییەکان لەلایەک و هێرشی سەفەوییەکان لەلایەکی تر لەنێوان ململانێی ئەم دوو هێزە بۆ پەلهاویشتن و فراوانکردنی سنوری ژێردەسەلاتی خۆیان، میللەتی کورد هاڕاوی دەستاڕی نێوانیان بووە و لەنێو ئەو ڕووداوە تراژیدیایانە درێژەی بەژیانداوە. لەسەردەمی نوێشدا بە چەندین شێواز بە پلانی داڕێژراو تاوانی بەرانبەر ئەنجامدراوە کە سەرجەم ئەم تاوانکارییانە لە چوارچێوەی چەمکی (جینۆساید) خۆیان بەرجەستە دەکەن. (غەفور، ٢٠٢٣: ٢٣)

لەروانگەی پێناسەی جینۆساید و شێوازەکانی ئەو کردەوەیە دەردەکەوێت، ئەوەی حیزبی بەعس لەعێراقدا هەر لەهاتنە سەرحوکمییەوە پێوەی خەریبوو لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ نەتەوەی کورد، کردەیەکی جینۆسایدیە، بەتایبەتی لەدوای هاتنەسەر حوکمی سەدام حسێنەوە، ئیدی ستراتیژی بەعسی و ڕەهەندەکانی ئەو پلانە جینۆسایدیانە تاڕادەیەک دیار و ئاشکرابوون.

دڕندەترین شاڵاوەکانی بەعس، کە دەچێتە خانەی جینۆساید و قڕکردنی بە بەرنامەوە، پەلامارەکانی ئەنفال و کیمیاباران بوون، چونکە ئەمانە هەر بەتەنها هەڵمەتێک نەبوون بۆ پەکخستن و چاوترساندنی هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسییەکانی سەرگۆڕەپانی باشوری کوردستان، بەڵکو ئەم شاڵاوانە لەبنەڕەتدا بۆ بەیەکجاری قڕکردنی میللەتی کورد و لەبنهێنانی بوو، هەربۆیە لەتەواوی پرۆسەکاندا دەست لە خەڵکی سڤیلی بێ چەک و تەنانەت ژن و منداڵ و بەساڵاچوانیشی نەدەپاراست، لەو شاڵاوانەدا دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوونە قوربانی. (جەلال، ناجی، ٢٠٢٣: ١٩٤)

جینۆسایدی کورد بە چەندین قۆناغ و وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیوە، لەسەردەمی حزبی بەعسدا بە چەندین شێواز دووچاری کۆمەڵکوژی و جینۆساید بۆتەوە، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا دامەزراوە، بە گوێرەی مادەی (١١)

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کە پێناسەی جینۆساید دەکات چوار کەیسی کوردی بە جینۆساید ناساندووە، وەک: جینۆسایدی ئەنفال، جینۆسایدی بارزانییەکان، جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان و جینۆسایدی کیمیابانی هەڵەبجە. (عەدنان، ٢٠٢١: ٩٤)

میللەتی کورد هاوشێوەی چەندین گەلانی ژێردەستەی جیهان بە بەرنامە و پلانی داڕێژراو بە چەندین شێوازی کۆن و نوێ کەوتۆتە بەر شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمی بەعس و بە چەندین قۆناغ جینۆسایدکراوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە تیشک دەخەینە سەر تاوانەکانی جینۆساید، کە لە لایەن چەندین ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی جیهان، زۆرێک لە نەتەوەکان جینۆسایدکراون و چیرۆک و ڕووداوە تراژیدیاکانیان لەناو لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراوە، جینۆساید وەک گەورەترین تاوان دژ بەمرۆڤایەتی، مێژوویەکی کۆنی هەیە بەڵام وەک چەمک تازەیە و لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم هاتە کایەوە. (وڵەدبەگی، ٢٠٢١: ١).

دەستێکی مێژووی جینۆساید لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦١٢)ی پێش زایین، کە لەناوبردنی ئاشورییەکانە لە نەینەوا، لەلایەن بابلی و ماددەکانەوە، هەروەها ساڵی (١٢٥٧) مەغۆل و تەتەرەکان بەسەرکردایەتی (هۆلاکۆخان) لە بەغداد کوشتارێکی بێ وێنەیان ئەنجامدا، دواتر لەشکرێکی زۆریان کۆکردەوەو بەرەو شاری هەولێر هاتن و دەستیان بەسەر ئەو شارەدا گرت.

ڕەشەکوژی ئەرمەن لەدیاربەکر، ساڵی (١٨٩٥) یەکەم قۆناغی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا دەست پێ دەکات و ساڵی (١٩١٥) جینۆسایدی بەرفراوانی گەلی ئەرمەن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەگاتە لوتکە کە یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی کریستیان ڕەشەکوژکران. (فیسک، ٢٠٢٢: ٥)

لەرووسیای سەردەمی (جۆزیف ستالین)دا زیاتر لە حەوت ملیۆن ئۆکرانی لە ڕێگەی برسیکردنەوە مردن، هەروەها لەنێوان ساڵانی (١٩١٧ – ١٩٥٧) زیاتر لە شەست و شەش ملیۆن هاوڵاتی سۆڤیەتی لەناوچوون. لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمدا، لە ساڵی (١٩٤٥) وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گورزێکی کوشندەی لە ژاپۆندا، بەوەشاندنی بۆمبی ئەتۆمی بۆ سەر هەردوو شاری هێرۆشیما و ناکازاکی، کە کۆی گشتی قوربانییەکانی ئەم بۆردومانە بەیەک ملیۆن و شەش سەد و هەشتاو چوار کەس مەزەندە دەکرێت. (غەفور، ٢٠٢٣: ١٧)

سێیەم: قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان

پاری یەکەم: خەبات و قوربانی بارزانییەکان:

دەڤەری بارزان دەکەوێتە باکوری هەرێمی کوردستانی عێراق، سەر بە قەزای مێرگەسۆرە لە پارێزگای هەولێر، نزیک سێگۆشەی سنوری وڵاتانی (ئێران – عێراق – تورکیا)، لە شەش ناحیە پێک دێت (گۆڕەتوو، پیران، حەزفێ، شێروانی

مـەزن، مێرگەسـۆر ناوەنـدی قەزاکەیـە، کەبەسـەر (٤٠٠) گونـد دابـەش دەبـن، ژمـارەی دانیشـتوانەکەی نزیکـەی (٤٠٠٠٠) چـل هـەزار کەسـە.

ئـەم دەڤـەرە، دەڤەرێکـی چیاییـە کـە چەندیـن چیـای سـەرکەش لـە خـۆ دەگرێـت وەکـو (چیـای شـیرین، چیـای پیـران، چیـای ئەلبـن، چیـای برادۆسـت، چیـای هـۆرێ، چیـای قەلەنـدەر) لـەم دەڤـەرەدا دوو رووبـار هەیـە (رووبـاری مـەزن، رووبـاری رووکچـک)، لەژێـر کاریگـەری ئاوهـەوای دەریـای ناوەڕاسـت سـاڵانە بـە ڕێژەیەکـی زۆر بەفـر دەبارێـت، وە سـاڵانە زیاتـر لـە (١٠٠٠) ملیـم بـاران دەبارێـت، ئـەم دەڤـەرە دەوڵەمەنـدە بـە ڕووەکـی سروشـتی و خۆرسـک و مەڕومـاڵات و ئاژەڵـی کێـوی بەتایبەتـی (مامـز) کـەوەک نەریتێکـی دەڤەرەکـە پارێـزراون لەلایـەن خەڵکـەوە، دەڤـەری بـارزان سروشـتێکی جـوان و دڵڕفێـن و سـەرنج ڕاکێشـی هەیـە. (مزویـری، ٢٠١٣: ١٨ -١٩)

بارزانییـەکان بـە درێژایـی مێـژوو لەبـەردەم هەڕەشـەی ڕاگواسـتن و لەناوچووندا بـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەچەنـد خاڵێـک پوختەیـەک لـە راگواسـتن و ئـاوارەو دەربەدەربـوون و خەباتـی بارزانییـەکان دەخەینەڕوو: (مزویـری، ٢٠١٣، لا ٢٣ -٣٠)

١- لەسـاڵی ١٨٨٥ دەوڵەتـی عوسـمانییەکان (١٢٠) پیاویـان لەبارزانییـەکان گرتـن و لەناویـان بـردن و بەسـەدانیشـان ئـاوارەو دەربەدەرکـرد.

٢- لەسـاڵی ١٨٩٢ دەڤـەری بـارزان، لەلایـەن لەشـکری عوسـمانییەکان داگیـر کـرا، بـووە هـۆی شـپرزەبوون و تێکچوونـی ڕەوشـی ژیانـی دەڤەرەکـە.

٣- لەسـاڵی ١٨٨٣ شـێخ موحەمـەد لەشـاری (بتلیس) دەسـتگیرکرا، دوای ئـەوەی لـەدادگا بۆیـان دەرکـەوت کـە بێگونـاح و بێتاوانـە ئازادکـرا و گەڕایـەوە بـۆ دەڤـەری بـارزان و بەرگـری لـە چینـی هـەژار و سـتەملێکراو دەکات، چونکـە لـەو سـەردەمەدا هەندێـک ئاغـای زاڵـم و سـتەمکار بـەردەوام هەوڵیـان دەدا سـەروەت و سـامانی خەڵکـی دەڤەرەکـە بەتـاڵان ببـەن و هەڕەشـەیان لێدەکـردن.

٤- لەسـاڵی ١٨٩٥ لەسـەردەمی شـێخ محەمـەدی بارزانـی خەڵکـی دەڤـەری بـارزان تێکـڕا ئـاوارەو دەربەدەربـوون.

٥- لەسـاڵی ١٩٠٧ لەسـەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانـی، عوسـمانییەکان هێرشـیان کـردە سـەر دەڤـەری بـارزان، دەسـتیان کـرد بـە ڕەشـبگیری و چەندیـن خێزانـی هـەژار و پیـاوی پیریـان دەسبەسـەرگرت، لەناویانـدا مـەلا مسـتەفای بـارزان کـە زۆر منـداڵ بـوو لەگـەڵ دایکـی لـە بەندیخانـەی موسـڵ زیندانیـی کـران، چەندیـن کـەس لـە بارزانییـەکان ئـاوارە و دەربـەدەر بـوون.

٦- لەسـاڵی ١٩١٣ جارێکـی تـر عوسـمانییەکان هێرشـیان کـردە سـەر دەڤـەری بـارزان و گونـدی بارزانیـان سـوتاند، شـێخ عەبدولسـەلام بـەرەو کوردسـتانی ئێـران چـوو، بەشـێکی

زۆر لـه بارزانییـەكان ئـاواره و دەربەدەربـوون.

٧- لەسـاڵی ١٩٣١ لـه راپەڕینـی یەكەمـی بـارزان، لـەدوای چەندیـن شـەڕ، لەسـەردەمی ئینگلیـزەكان، دووجـار بـارزان تالانكـرا و خەڵكەكـەی ئـاواره و دەربەدەربـوون.

٨- لەساڵی ١٩٣٢ خەڵكی گوندەكانی دەڤەری بارزان بەرەو گوندەكانی سنوری توركیا ڕۆیشـتن و ئاوارەبـوون، دەسـەڵاتی ئینگلیـز بـه هـاوكاری دەسـەڵاتی ئەوسـای عێـراق سـەرجەم گوندەكانیـان سـوتاند و وێـران كـرد.

٩- لەسـاڵی ١٩٣٣ هەندێـك لـه خێزانـه بارزانییـەكان لەسـەر خاكـی كوردسـتانی توركیـا گەڕانـەوه بـۆ زێـدی بـاب و باپیرانیـان لـه دەڤـەری بـارزان.

١٠- لەنێـوان سـاڵانی (١٩٣٢ – ١٩٣٤) لەشـكری عێـراق بـه پاڵپشـتی فڕۆكـەی بەریتانیـا دەڤـەری بارزانیـان بۆردومـان و وێـران كـرد.

١١- لەسـاڵی ١٩٤٣ هێرشـێكی بەربـڵاو لەلایـەن سـوپای عێراقـی بەهـاوكاری فڕۆكـەی بەریتانـی جـۆری (R. A .F) كرایـه سـەر دەڤـەری بـارزان، دەسـتیان نەپاراسـت و ژن و پیـاو و منداڵیـان تۆپبـاران كـرد.

١٢- لەسـاڵی ١٩٤٥ لەپـاش ڕاپەڕینـی دووەمـی بـارزان، دیسـان فڕۆكـه جەنگییەكانـی ئینگلیـز دەڤـەری بارزانیـان بۆردومـان كـرد بـووه هـۆی كوشـتن و برینداربوونـی (١٠٠٠) مرۆڤـی بێتـاوان، (٣٥) گوندیـان سـوتاند، نزیكـەی (١٥) هـەزار ژن و منـداڵ ئـاواره و دەربـەدەر بـوون بـۆ نـاو ئەشـكەوتەكان لـه ترسـی چـڕی بۆردومانـەكان، پاشـان ئـاوارەی ئێـران بـوون.

١٣- لەساڵی ١٩٤٧ شای ئێران گوشارێكی توندی خسته سەر بارزانییەكان، كه كوردستانی ڕۆژهـەڵات جێبهێڵـن، هـەر بۆیـه پـاش دوو سـاڵ كوردسـتانی ئێرانیـان بەجێهێشـت لـه (١٠ -٤ -١٩٤٧)، مـەلا مسـتەفا و بارزانییـەكان و هەندێـك لەهاوەڵەكانـی نـاو هۆزەكانـی تـر بـەرەو یەكێتـی سـۆڤیەت ڕۆیشـتن، هەندێكیـش گەڕانـەوه بـۆ كوردسـتانی عێـراق، دوای ماوەیـەك شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی گەڕایـەوه بـۆ خاكـی عێـراق.

١٤- ئـەو پێشـمەرگانەی لەگـەڵ مـەلا مسـتەفای بـارزان چوونـه نـاو خاكـی سـۆڤیەت لـه ڕێكەوتـی ١٩٤٧/٥/٦ ژمارەیـان (٥٦٠) پێشـمەرگه بـوون.

١٥- لەسـاڵی ١٩٥٠ ئـەو بارزانیانـەی كـه لـه سـاڵی ١٩٤٧ گەڕابوونـەوه نـاو خاكـی عێـراق دەسـتیگركرابوون لـه زیندانەكانـی (كەركـووك، موسـڵ و بەغـداد) ئازاكـران، پاشـان بەسـەر گوندەكانـی پارێزگاكانـی (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆك) دابەشـكران و پەرتەوازەكـران.

١٦- لەسـاڵی ١٩٥٣ لەپـاش (٦) شـەش سـاڵ دەربـەدەری و ئاوارەیـی، بارزانییـەكان گەڕانـەوه دەڤـەری بـارزان.

١٧- لەسـاڵی ١٩٥٨ مـەلا مستەفای بـارزان، لـه ڕێكەوتـی ١٩٥٨/١٠/٦ لـه سـۆڤیەت گەڕایـەوه

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بۆ عێراق و پاشان گەڕایەوە بۆ دەڤەری بارزان.

١٨- لەسـاڵی ١٩٦١ لەسـەردەمی (عەبدولسـەلام عـارف)، تـا سـاڵی ١٩٦٩ بـە بەردەوامـی گوندەکانـی دەڤـەری بـارزان بۆردومـان دەکران.

١٩- لەساڵی ١٩٦٢ زۆربەی گوندەکانی بارزان دەسوتێنراو وێران دەکران.

٢٠- لەسـاڵی ١٩٦٣ لەسـەردەمی (عەبدولسـەلام عـارف) بـارزان بەتـەواوی وێـران و خاپـور کـرا، سـەرجەم خەڵکەکـەی ئاوارەبـوون.

٢١- لەسـاڵی ١٩٧٥ لەپاش ڕێکەوتنی شـومی جەزائیـر، بارزانییـەکان زۆربەیـان ئـاوارەی ئێران بوون، هەروەهـا سـاڵی ١٩٧٦ هەندێـک لـە بارزانییـەکان ئـاوارەی تورکیا بوون.

٢٢- سـاڵی ١٩٧٧ ئـەو بارزانییانـەی لەنـاو خاکـی عێـراق مابوونـەوە، گواسـترانەوە بـۆ شـارەکانی خـوارووی عێـراق بـۆ مەبەسـتی پـەرت و بڵاوەپێکردنیـان.

٢٣- سـاڵی ١٩٧٨ ڕژێمـی عێراق زۆربـەی خەڵکی گوندەکانـی دەڤـەری بارزانیـان گواسـتەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (دیانا، گۆرەتوو، هەریر، بەحرکە، قوشـتەپە).

٢٤- ساڵی ١٩٧٩ ئەو بارزانیانەی لە گوندەکانیان مابوونەوە چوون بۆ ئێران.

٢٥- دوای ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ بارزانییـەکان بـە چەندیـن قۆنـاغ گەڕانـەوە باوەشـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق.

پاری دووەم/ جینۆسایدی بارزانییەکان

لەسـەردەمی ڕژێمـی بەعـس و بەتایبەتـی لەسـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو کـە (سـەدام حسـێن) سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بـوو، جینۆسـایدی بارزانییـەکان بـە سێ قۆنـاغ ئەنجامـدرا:

قۆناغـی یەکـەم: لـە ڕێکەوتـی ٣١/ ٧/ ١٩٨٣ لەبەربەیانێکـی زوو لەناحیـەی قۆشـتەپەی هەولێـر هـەردوو کۆمەڵگـەی زۆرەملێی (قودسـی و قادسـیە) بەدەبابـە و هـەزاران سـەرباز گەمـارۆدران. هەمـی زەلامێـن بارزانێیـن ژێـی وان ٩ – ٩٠ سـاڵێی گرتـن و گەلـەک ژن لـێ رەڤیـن مالێـن خـۆ ب دزیڤـە ئینانـە هەولێـرێ و باژێرێـن دن کۆمـەکا زۆرەرەڤیـن چـوون دەڤەرێـن ئـازاد ئێیـن ل بـن دەسـتی پێشـمەرگەیدا (مزویـری، ٢٠١١: ٢٤) ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت لـە شـاڵاوی ئـەم جینۆسـایدەدا بـۆ سـەرجەم خێزانـی بارزانییـەکان تەنهـا نێرینـەکان بوونـە قوربانـی و بێسـەرو شـوێن کـران.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

قۆناغی دووەم: لە ڕێکەوتی ١٠/ ٨/ ١٩٨٣ دەست پێ دەکات ئەویش بە کۆکردنەوەی بارزانییەکانی دانیشتوی کۆمەڵگەی هەریری سەر بە قەزای شەقڵاوە و کۆمەڵگەی دیانای سەر بە قەزای رواندز و کۆمەڵگەی بەحرکەی سەر بە پارێزگای هەولێر و لادێکانی مێرگەسۆری سەر بە ناحییەی زێبار. (غەفور، ٢٠٢٣: ٢٨)

قۆناغی سێیەم: لە رێکەوتی ١٩٨٣/٨/١١ دووبارە سەرجەم ئۆردوگاکان و هەردوو کۆمەڵگەی (قودس و قادسیە) پشکێنرانەوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو بارزانیە مێردمنداڵانەی کە لە شاڵاوەکانی پێشوودا دەستگیر نەکرابوون، ئەمجارە هەر هەموویان دەستگیر دەکرێن و دەیانبەن و بێسەر و شوێنیان دەکەن. (هەمان سەرچاوە: ٢٨)

هەر لەسەروبەندی قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان، سەدام حسێن سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا دەستگیرکردنی بارزانییەکانی بە خائین ناوبردوو گوتی: ڕەوانەی جەهەنەممان کردن (ئاغا،٢٠٢٠: ٢) ئەم قسەیە ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ لەناوبردن و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان.

بەپێی ئەو بەڵگەنامەی لەبەردەستن، لەو پەلاماردان و راگواستن و دواتر جینۆسایدکردنی بارزانییەکان زیاتر لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار پیاوانی بارزانی بە گەنج و پیر و ساخ و نەخۆشەوە دەستگیکران و شوێنبزرکران، ژن و منداڵەکانیشیان بەبێ سەرپەرشتی و پڕ لە کوێرەوەری و مەرگەسات ئامێز لە ئوردوگا زۆرەملێیەکان بەتەنیاو بەبێ چارە مانەوە، خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی شاری هەولێر کۆمەکیان دەکردن و هاوکاری ماددی و مەعنەوەیان دەکردن و پشتیوانیان دەکرن، جینۆسایدی بارزانییەکان کارەساتێکی ئێجگار گەورە بوو، لە بزاڤی نیشتمان خوازی گەلی کوردستان.

تەوەری سێیەم (جێبەجێکردنی توێژینەوە)

١- کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتووە لەم نمایشە شانۆییانە و ئەو کەناڵ و دەزگا میدیایانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لەدوای جێبەجێکردنی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان ساڵی ١٩٨٣ تا ٢٠٢٣ ئاماژەیان بەو کارەساتە تراژیدیە بەشێوازی بینراو بیستراو خوێنراو کردووە، بۆتە مایە ئەوەی کە ئەم تاوانە گەورەیەی رژێمی بەعس دەرحەق بە بارزانییەکان کراوە بەگەلانی دونیا بناسێنن.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

* لیستی نمایشە شانۆییانەی کە لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان ئەنجامدراوە، ئاماژەیان بە جینۆسایدی بارزانییەکان کردووە، یان تەواوی نمایشە شانۆییەکە لەسەر جینۆسایدی بارزانییەکان بووە.

ژ	ناوی شانۆگەری	نووسین	دەرهێنان	بەرهەمی	شوێن و ساڵی نمایش
1	کاوان خەبات	کەمال رەئوف هەنجیرە	کەمال رەئوف هەنجیرە	پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی	هۆڵی پەیمانگا 1983
2	کۆمەڵکوژەکان	جبار حاجی	جبار حاجی	کۆڕی رۆشنبیری کورد	نەغەدە - ئێران 1986
3	زیندانی	سۆران عوسمان	هیوا رەئوف	یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان	گوندی یاغ سەمەر – ئێران 1987
4	تارمایی راستییەکان	سۆران عوسمان	هیوا رەئوف	تیپی شانۆی کوردستان	شاخ – ئێران 1987
5	دەوڵەتی پیاوە نەخۆشەکە	قادرۆک	قادرۆک	تیپی شانۆی کوردستان	شاخ – ناوچەی قەرەداغ 1987
6	بێسەرو شوێنەکان	جبار حاجی	جبار حاجی	کۆڕی رۆشنبیری کورد	سەقز – ئێران 1987
7	نێرگز و مەرگی هەڵەبجە	قادرۆک	قادرۆک	تیپی شانۆی کوردستان	سەقز – ئێران 1989
8	راگوێز	قادرۆک	قادرۆک	تیپی شانۆی کوردستان	سەقز و سنە – ئێران 1989
9	لاوکی هەڵەبجە	رەفیق سابیر	دڵشاد سامان	بەرەی کوردستانی	ئۆردوگای زێوەر – ئێران 1990
10	ئاوارەبوون	مامۆستا پەروەر	مامۆستا پەروەر	بەرەی کوردستانی	راژان – ئێران 1990
11	مرۆڤ و دەنگی ویژدان	فەرهاد شاکەلی	هیوا رەئوف	تیپی شانۆی کوردستان	سەقز – ئێران 1990
12	نرخی ئازادی	عەمانوێل رۆبنس	د. ژیلوان تاهر	تیپی شانۆی هونەری نوێی کوردی – هەولێر	هۆڵی گەل 1991
13	نامەکانی عەرعەر	د. ژیلوان تاهر	د. ژیلوان تاهر	پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر	هۆڵی گەل 18 / 4 / 1993
14	پانۆرامای هەڵەبجە	سۆران عوسمان	سۆران عوسمان	تیپی شانۆی کوردستان	هۆڵی رۆشنبیری- سلێمانی 1993
	وەرزێکی شووم	لالۆ رەنجدەر	لالۆ رەنجدەر	رێکخراوی ئەنفالی کوردستان	هۆڵی گەل 14 / 4 / 1994
15	نرخی ئازادی	عمانوئێل رۆبسی	د. ژیلوان تاهر	تیپی شانۆی هونەری نوێی کوردی – هەولێر	هۆڵی گەل 16 / 9 / 1997

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

16	هیجرەت و خەمێکی ساڵ	ئازاد سەوزە	هیوا رەئوف	تیپی شانۆی کوردستان	هۆڵی سەنتەری گەنجان - سلێمانی
17	پڕۆژەیەک بۆ کوشتنی بێدەنگی	دڵشاد مستەفا	هیوا رەئوف	تیپی شانۆی کوردستان	فیستیڤاڵی شانۆی سلێمانی
18	پاداشتەکانی عەرعەر	د. دڵشاد موستەفا	مۆفەق عارف لهۆنی	پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی	هۆڵی چالاکی گەنجانی سلێمانی 2001
19	من لە مردن جوانتر دەبمەوە	ئەهید مەهدی خۆشناو	د. ژیلوان تاهر	تیپی شانۆی هونەری نوێی کوردی – هەولێر	هۆڵی پەیمانگا - 2004
20	مانشێتی مەرگ	سەلاحەڕەش	مۆفەق عارف لهۆنی	پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی	گۆڕەپانی هەڵەبجەی شەهید 2005
21	گۆڕستانی چراکان (پانۆراما)	شعری شێرکۆبێکەس	موزیک سەلاح رەئوف راهێنان عەبدول عەزیز مەجید	تیپی شانۆی سلێمانی تیپی هونەرە میللییەکانی سلێمانی	هۆڵی پێشمەرگە 2007
22	قەلای مەرگ	عەباس عبدولرەزاق	موفەق عارف لهۆنی	پەیمانگای هونەر جوانەکانی سلێمانی	هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی 2008
23	فیردەوسی تەمتومان	د. دڵشاد مستەفا	ئەرسەلان دەروێش	تیپی شانۆی شالار	هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی 2011
24	دۆزەخی سارد	ئازاد سەوزە	هاوڕێ قادر رەشید	تیپی شانۆی کوردستان	هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی 2011
25	ژنێک تەڕ تەڕ وەک باران لە بیابان	ئازاد سەوزە	توانا غەنی	تیپی شانۆی کوردستان	ئیتالیا – یۆڵزانیۆ - 2015
26	ئەنفال	مەسعود عارف	مەسعود عارف – دڵخار حاجی	بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ - دهۆک	لەکەلها نزارکێ نمایش کرا 2018
27	پرسەی نیشتمان	ساڵح بێچار – سیروان رەفعەت	رزگار فەقێ محەمەد	فیستیڤاڵی شانۆی شەقام – کەرکووک	لەفەزای کراوە - کەرکووک - 2018
28	پانۆرامای نیشتمان	ئەحمەد مشغەتی	ئەحمەد مشغەتی	تیپی هونەرە میللییەکانی دهۆک	هۆڵی محمد عارف – دهۆک - 2021
29	ئەنفال	شوان محەمەد	رێباز محەمەد	پەیمانگای هونەرجوانەکانی کفری	هۆڵی پەیمانگا 2022
30	شیوەنێک بۆ هەڵەبجە	هیوا سوعاد	هیوا سوعاد	بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ/ هەولێر	گۆڕەپانی نافورەی هەولێر – 2022

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢- ڕێبازی توێژینەوە:

ئـەم توێژینـەوە، توێژینەوەیەکی (شیکاری وەسفی)یە تیشک دەخاتە سـەر نمونەیـەک لـەو شـانۆگەریانەی لەسـەر جینۆسـایدی گەلـی کوردسـتان ئەنجامـدراوە، بەتایبەتـی لەسـەر جینۆسـایدی بارزانییـەکان، هەروەهـا لەبـواری میدیـادا چەنـد نمونەیەکی میدیایی بیسـتراو و بینـراو و خوێنـدراو شـی دەکاتـەوە بەشـێوەیەکی پراکتیکـی لەسـەر بنەمایەکی فیکری و هونـەری و ئیسـتاتیکی.

٣- ئامرازەکانی توێژینەوە:

ئامرازەکانی توێژینەوە لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

١- بینینی نمایش شانۆیی و پانۆرامای درامی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٢- بینینی لە ڕێگەی (DVD)

٣- بینینی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

٤- پشت بەستن بە ئەرشیف و پرۆگرام و وێنە و بەڵگەنامە شانۆییەکان.

٥- ئەو ڕیپۆتاژ و نووسینە ڕەخنەییانەی لەسەر نمونەی توێژینەوەکان نوسراون.

٦- دەزگاو کەناڵەکانی میدیایی کە راپۆرت و ریپۆرتـاژ و هـەواڵ و گوتـار و بەڵگەنامـەیان بڵاوکردرتـەوە لـە رادیـۆ و تەلەفزیۆن رۆژنامـە و گۆڤار و چاپەمەنییـە جۆراوجۆرەکان.

٧- ئـەو لایـەن و کەسـانەی لەنـاو پرۆسـەی جینۆسـایدی گەلـی کوردسـتان ژیـاون یـان زانیـاری وردیـان دەربـارەی هەیـە.

٤- نمونەکانی توێژینەوە

لـەم توێژینـەوەدا شـیکردنەوە بـۆ نمونـەی شـانۆیی و میدیایـی کـراوە کـە ئەمانـەی خـوارەوە لەخـۆ دەگرێـت:

یەکەم: شانۆیی (نامەکانی عەرعەر)

بەرهەمی/ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی – هەولێر

(٦) ئەکتەری پیاو

(٦) ئەکتەری ژن

(١٢) ئەکتەری مێرد منداڵ (٨) کوڕ و (٤) کچ

(٨) سەربازی سوپای عێراق

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە:

باس لە سالانی هەشتاکانی پێشمەرگەیەک دەکات کە لە شاخە، زۆر گیرۆدەی دایکیەتی، ناوە ناوە نامەیەک دەکاتە نوشتە و لە ڕێگەی چەند پیرەژنێکەوە نامەکان بۆ دایکی دەنێرێت کە مالیان لە کۆمەلگەی زۆرەملێی قوشتەپەیە، هەر جارێک کە نامەیەک لە شێوەی نوشتە بۆ دایکی ڕەوانە دەکات وێنەیەکی نامەکە بە دەست و خەتی خۆی لای خۆ دەهێلێتەوە، چەند ڕۆژێک پێش پەلاماردانی خێزانەکانی بارزانییەکان لە قوشتەپە بە دزی حکومەت دەگەڕێتەوە مالەوە بۆ مەبەستی ژن مارەکردن لەسەر داواو خواستی دایکی، کوڕە پێشمەرگەکە هێندە دایکی خۆش ویستووە حەزی نەکردووە دلی دایکی بشکێنێ هەربۆیە پێی لە جەرگی خۆی ناوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شار لە شەوێکی تاریکدا گەڕاوەتەوە مال و لەماوەی یەک هەفتەدا مەراسیمی ژن مارەکردنە کە کچی خالی خۆی بووە بەشێوەیەکی نهێنی سازکراوە، بەئامادەبوونی هەندێک لە خزمە زۆر نزیکەکانیان کە جێگای متمانە بوونە، دایکەکەی هەموو نامەکانی کوڕەکەی کردۆتە ملوانکە لەشێوەی نوشتە، بەردەوام ملوانکەکەی لە ملی خۆی دەکرد، تەنها ئەو کاتانەی کە دەچووە دەرەوە یان بازاڕ لەملی خۆی دەکردەوە، دوای دە ڕۆژ بەسەر گەڕانەوەی کوڕە پێشمەرگەکە شەوێکیان دایکەکە لە خەودا جەلتە لێی دەدات و نیوەی لای چەپی جەستەی شەلەل دەبێت و دەکەوێتە ناو جێگا، کوڕە پێشمەرگەکەش بەهۆی ئەو پەککەوتنەی دایکی بڕیار دەدات گەڕانەوەی بۆ شاخ بۆ ماوەیەک دوابخات، چەندین دکتۆر دەهێنن بۆ مال بەمەبەستی چارەسەر کردنی دایکی بەلام سەرجەم دکتۆرەکان دەلێن دایکەکەتان بەئاسانی چاک نابێتەوە، ئەگەر چاکیش ببێتەوە نزیکەی سالێکی پێویستە کە لە ژێر چاودێریدا بێت، ئیتر خێزان و خزمەکان هەموویان سەرقالی ئەو دایکە نەخۆشە دەبن و ئاگایان لە دونیا نامێنێ. بەرەبەیانییەکی زوو سوپای عێراق چواردەوری قوشتەپە دەگرن و شالاوی دەستگیرکردن دەست پێ دەکەن و لە پیاوان و مێرمندالانی کوڕ لە قوشتەپە، کوڕە پێشمەرگەکەش دەکەوێتە بەرشالاوی سوپای عێراق لەگەل سەرجەم پیاوانی کۆمەلگەی قوشتەپە بێ سەرو شوێن دەکرێت، کە دواجار هەر هەموویان جینۆساید کران. ئەوکاتە کوڕە پێشمەرگەکە دەستگیر کرا ئەو (٦) نامەیەی کە لەشاخەوە بۆ دایکی ناردبوو لای خۆیشی لە شێوەی نوشتە کردبوویە ملوانکە لە ملی بوو، وێنەیەکیشی لە ملی دایە نەخۆشەکە بوو، خوشکەکانی بەهیچ شێوەیەک گرتنی ئەو برا پێشمەرگەیان لای دایکیان باس نەکرد بەلکو پێیان گوتبوو گەڕاوەتەوە شاخ، خێزانی کوڕە پێشمەرگەکە کە بووکی یەک مانگە بوو زۆر خەفەتبار بوو بە گرتنی پیاوەکەی دوای نزیکەی سالێک مندالێکی کچی دەبێت ناوی لێ دەنێن (گریان) چونکە هەموو ژیانیان بووە خەم و خەفەت و گریان، دوای دووسال دایکە نەخۆشەکەیان دەمرێت و ملوانەکەی نامەکان دەپارێزن و ناوە ناوەش لە ملی کچەکەیان دەکەن (گریان)، هەربۆیە گریان گەورە دەبێت و دەلێت تەنها هیوام ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێک باروذۆخ بگۆڕێت بەنامەکانی سەر سنگی باوکم لە عەرعەر تەرمی باوکم بدۆزمەوە،

کە بەردەوام خەونی بە باوکەکەیەوە دەبینێ کە تەنها بە وێنە بینیویەتی و لە ژیاندا نەیبینیوە هەر بۆیە چیرۆکی (نامەکانی عەرعەر) کۆتایی نەهاتووە و هەر چاوەڕوانن... هەرچاوەڕوانن بە تەرمەکەی شاد ببنەوە.

فەزای شانۆ:

دیکۆری شانۆیی (نامەکانی عەرعەر) پێکهاتووە لەماڵێک هەرچوار دەوری تەلبەنکراوە لە شێوەی زیندانێک، لە هەر سێ لای پشتەوەی تەختەی شانۆ دیواربەنکراوە بە شریتی ڤیدیۆی (VHS)، لە پێشەوەی تەختەی شانۆ قردێلەیەکی سور بەشێوەی زەڕب (×) پەیوەندی نێوان نمایشکاران و بینەرانی پچڕاندووە، فەزای شانۆ سەرتاپای ڕەنگی زەرد و سوورە، لەسەرەتا تا کۆتایی شانۆییەکە میوزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێوەیەکی ترسناک کەشوهەوای درامی نمایشەکە لە دۆخێکی تراژیدیای ڕەش و کاریگەری دەروونی لەسەر ئەکتەرەکان و بینەران دروستکردووە، نمایشەکە لە (٦) دیمەنی جەرگبڕ پێکهاتبووە، ڕیتمی دیمەنەکان زۆر خێرایە وەک هێمایەک لە ئەکتەرەکان پێشبینی نەهامەتی و کارەساتی گەورە دەکەن، ناوە ناوە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدرێت، ئەکتەرەکان وەک پەیکەر بەشێوازی جۆراجۆر بە پەرت وبڵاوی لەسەر تەختەی شانۆ دابەش دەبن بەشێوەی میزانسێن. جلوبەرگی ئەکتەرەکان پێکهاتووە لە ڕەنگەکانی ڕەش و سوور و سپی، ئەکتەرەکان بەشێوەی هێمائامێز لەزۆربەی کاتتدا بە شێوەی چرپە لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن چونکە ترسیان لە سێبەری خۆیان هەیە، لەسەرجەم دیمەنەکان شێوازی شانۆی تەعبیری ڕەنگدانەوەی هەیە چونکە وێنە و تابلۆی دیمەنەکان سومبولیە، پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکان پڕ لە هەست و سۆزە، هەموویان یەک ئامانج هەڵوێست و هیوایان هەیە بەدوای دەرگایەک دەگەڕێن بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە شپرزەی تێی کەوتوون، بەڵام دەربازبوونیان مەحاڵە، چونکە بەری تیشکی خۆریان لێگیراوە، هەرچەندە چیرۆکی شانۆییەکە ریالیزیمی نوێیە بەڵام لە ڕێگەی هێما و ئاماژەکان دیمەنەکان بەشێوەی هێمائامێز گوزارشت لە ڕوودانی کارەسات دەکەن، چونکە وێنەی دیمەنەکان گۆشەیەکە لە خەمی نیشتمان، ئەو نیشتمانەی کە سەدان ساڵە بەدەست زوڵم و زۆرداری دوژمنانی کورد دەناڵێنێت، ئەکتەرەکان پیاو و ژن و منداڵن بەڵام هەموویان هەست بە ئاریشەکان دەکەن، هەست دەکەن لەناو زیندانێکی وەهمی و دیزانکراودا دەژین چواردەوریان هەر هەمووی دوژمنە، هەربۆیە مەراسیمی ئاهەنگی ژن مارەکردنی کوڕەپێشمەرگەکە بە ئامادەبوونی خزم و کەسەکانی، ئاهەنگێکی لەماتەمینی دەچێت چونکە هەموویان لە چاوەڕوانی کارەساتێکی دڵتەزێنن، لەناو دڵێکی زامداردا، چونکە هەموویان دڵیان توندە و دایکەکەیان کە هێمای نیشتمانە، سەبوری و ئارامی و دڵنەواییە بۆ سەرجەم خێزان و خزمەکان. ئەوکاتەی دایکەکە جەڵتە لێی دەدات ئەندامانی خێزان و خزمەکان هەموویان دەکەونە سەر چۆک و پشتیان دەشکێت و بەتەواوی نیگەران دەبن،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هەروەها پەلاماری سەربازەکانی بەعس بۆ ناو ماڵەکەیان هێندەی دیکە دەکەونە ناو دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراوی پڕ نەهامەتی و تراژیدی، ئەم نمایشە نمونەیەکە لەکارەسات و نەهامەتیەکانی کورد، هەربۆیە دیمەن لەدوای دیمەن وەک گوێگرتن لە دەنگی قومبەلە ئەکتەرەکان لەناخەوە دەتەقنەوە بەڵام بەرگەی هەم و زەبرو زوڵمێک دەگرن لەدوا چرکەی کۆتایی شانۆییەکە، چەند نامەیەک لە ئاسمانی تەختە شانۆ وەکو بەفر دەبارێت بۆ سەر تەختەی شانۆ، ئەکتەرەکان نامەکان دەخوێننەوە کە هەمووی بە ووشەی جەرگبڕ و دایک و خاک و نیشتمان و کوردستان هۆنراوەتەوە.

تەوەری چوارەم/ ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە میدیا ناوخۆییەکاندا:

یەکەم: ڕادیۆی دەنگی کوردستان

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، یەکەمین ئەزموون و یەکەمین ڕاگەیاندنی دەنگی بوو کە بەرگری لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان کردبێت، ڕادیۆی دەنگی بوێریی شۆڕشی ئەیلوول بووە و هاوکات دڕەندەیی ڕژێمی ئەوکاتی عێراقی بە جیهان ڕاگەیاند.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان دوو ساڵ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ١٩٦٣\٩\٢٨ دامەزرا، ئێزگەی دەنگی کوردستان سەرەتای کارکردنی بە چەند ئامێر و کەرەسەیەکی سادە و ساکار بەڵام بە ئیرادە و ڕۆحی شۆڕشگێرانە و بە فیکر و قەناعەتی پێشمەرگانە دەستی پێکرد.

دامەزراندنەکەیشی شۆڕشێکی گەورەی راگەیاندنی ئەو کات بوو، کە بیرۆکە و فەرمانی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ لێزانی و پێشبینیی سەرکردەیەکی کاریزمای وەکوو بارزانیی نەمر،کە لەو کات و قۆناغە مێژووییەدا پێشبینی و ڕۆڵی میدیای لە هۆشیاری و فراوانکردنی ئاستی رۆشنبیری و گەیاندنی زانیاری تایبەتیش لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامی شۆڕشی ئەیلوول بە گرنگ لێکدایەوە و دواتریش لە قۆناغ و رۆژگاری پاش ئەو سەردەم راستی و دروستیی ئەو پێشبینییەی سەلماند. (www.wishe.net)

ڕژێمەکانی ناوەند بە پشتیوانیی زلهێزەکانی جیهان لە هەوڵی وێرانکردنی گوند و ئاواییەکانی کوردستاندا بوون، ڕژێم هەموو شێوازێکی رەگەزپەرەستانە و نامرۆڤانەی دژی رۆڵەکانی گەلی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەکار دەهێنا و لە هەوڵی ئەوەشدا بوو کە هەموو ئەو تاوانانەی بە نهێنی جێبەجێ بکات و عێراق و جیهان لێی بێ ئاگا بکات، کە هیچ جۆرە هەواڵ و زانیارییەک لەبارەی شاڵاوە سەربازی و کۆمەڵکوژییەکانی ئاشکرا نەبن و پەردەپۆشیان بکات. (www.wishe.net)

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

رادیۆی دەنگی کوردستان هەرزو بوو بەدەنگە زوڵاڵەکەی شۆڕش، کوردستانیان لەسەرتاسەری نیشتیمان چاوەڕێی مژدەی سەرکەوتن و هەواڵی شۆڕشبوون کەلەڕادیۆوە دەیانبیست.

لەپاڵ ئەرکە شۆڕشگێڕیەکەی، رادیۆ بووەناوەندی دەیان ئەدیب و نوسەرو رۆژنامەنوسی بەتوانا کەهاوشان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و پێشمەرگە، بوە پارێزەری کلتورو زمان و ڕەسەنایەتی نەتەوەکەمان و ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیشی گرتە ئەستۆ ،هیچ قۆناغێکی شۆڕشی گەلەمان نیە کە رادیۆی دەنگی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی.

لەو کاتەوە رادیۆی دەنگی کوردستان لە سەنگەری خەباتی رزگاری نەتەوەییدا بووە و هاوکات ئەرکی قورس و چارەنووسسازی نیشاندانی ئەو زوڵمانەی لە کورد کراوە، بە جیهان و هەستی بەرگریی بڵاو دەکردەوە. بە گوتەی ئەو تاکوو ئێستایش بەردەوامە و پێشیوایە کە رادیۆ دەنگی کوردستان هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ژێر سەرکردایەتیی کاریزمایەکی گەورەی وەکوو بارزانیی نەمر بۆ ئازادیی تاکی کورد خەباتی کردووە. (www. kurdistantv.net)

ئێزگەی دەنگی کوردستان، هەر لە سەرەتای پەخشکردنیەوە، بەرنامەکانی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی داڕشتووە و، لەسەر ئاستی عێراق بەردەوام بەشێکی بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی پەخش کردووە، بۆ ئەوەی عەرەبی عێراق (شیعە و سوننە) لە پەیامی ڕاستەقینەی شۆڕش و گرنگیی برایەتیی کورد و عەرەب تێبگەن و، ڕێگە نەدەن، خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کە بریتی بوو لە «دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنومی بۆ کوردستان» ببێتە شەڕ و ناکۆکی نێوان هەر دوو نەتەوەی «کورد و عەرەب». ئەم پەیامە مرۆڤایەتییە کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەم ئێزگە تێکۆشەرەوە «وەک تەنیا ئامرازی ڕاگەیاندنی کوردستان» پەخش دەکرا، بووە هەوێنی ئەوەی کە بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق (بە هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننەوە) لە ڕەوایەتیی شۆڕشی گەلی کوردستان تێبگەن، تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم مەرجەعی ئەو کاتی شیعەکان، ئەو داوایەی حکومەتی عێراق ڕەت بکاتەوە کە فەتوای جیهاد دژی شۆڕشی کوردستان «شۆڕشی ئەیلوول» دەربکات. (www. gulanmedia.com)

دووەم: ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان

لەڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢١ بۆ یەکەمجار رادیۆی شۆڕش بەناوی (ئێرە دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە)

لە یەکەم کۆبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و التجمع الوطني العراق، کەیەکێتی تێیدا ئەندام بوو، بڕیاردرا ناوی رادیۆکە لە(دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کوردستان)ەوە بگۆڕن بۆ (دەنگی شۆڕشی عیراق). لەهەمان بەهاردا، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێمی عیراق، رادیۆ گواسترایەوە بۆ گوندی (توژەڵە)و رۆژانە یەک سەعات کاری دەکرد. ئێواران سەعات (٤-٥)، بەیانیان لەسەعات (٧-٨) دووبارە دەکرایەوە. (ئاغجەلەری، ١٩٩١: ٦٢)

هەموو کات لەناو جیهانی ئاگەیاندندا وتراوە ئێزگە نیوەی شۆرش بوو، بەچەند خاڵیک گرنگی ئێزگە دەخەینەڕوو:

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەر لەسەرەتاوە توانی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان شۆرش و پێشمەرگە لەلایەک و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەلایەکی تروە دروست بکات، چونکە ئێوارانی ئەوکات خێزانەکانی لەدەوری رادیۆ کۆدەبوونەوە تاوەکو بزانن چالاکییەکانی رۆژانە پێشمەرگە چی بووە.

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، بەشێکی تایبەتی هەبوو بەزمانی عەرەبی کەبەرنامەکانی بەو زمانە پێشکەش دەکرد، ئەم بەشە بۆخۆی گرنگی زۆری هەبوو توانیبوی گوێگری باش لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە بەتایبەتی تر جینۆسایدی گەلی کوردستانی ناساند بەدەرەوە و وڵاتانی دراوسێ. (ئاغجەلەری، ٢٠٠٣: ٦٢-٦٣)

ئێزگە توانی هەموو چالاکییە سیاسی و رۆشنبیریەکان ئەوانەی،کەلەناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازدەکرا، بگەیەنێتە گوێگرانی و رۆڵی زۆر گرنگی گێرا لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و نامیلکەو بڵاوکراوانەی کەلەشاخ دەردەکران کە دەبوونە هۆی وروژاندنی هێزی نەتەوایەتی و پتەوکردنی هێزی کوردایەتی، زۆربەی کات بەهۆی باسکردن و ئاشکراکردنی تاوانەکانی رژێمی بەعسەوە ئەو هێزە زیاتر پتەوتر دەبوو. (ئاغجەلەری، ٢٠٠٣: ٦٤)

لە راپەرین ئێزگە رۆڵێکی دیاری هەبووە کەخۆی بۆخۆی دروست کەری راپەرین و هۆشیارکەرەوەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەو رێخستنەکانی ناوشارەکان بوو، ئێزگە لە رێگە گەیاندنی بروسکەو پەیامەکانی سەرکردایەتی راپەرین بۆجەماوەر توانی جوڵەی راپەڕین بەهیزترو خیراتربکات. (براهیم، ٢٠٠٩: ٩٤-٩٥)

ئێزگە دوای راپەرین رۆڵی گرنگ و گەورەی گێرا بەتایبەت لە پرۆسەی ئازادی عیراق بەئێستاشەوە هەمیشە جێگە گرنگیدانی گوێگرەکانی بووە و هەموو ئەو تاواناە قێزونانی رژێمی بەعسی وەک ئەرشیف لەلای خۆی تۆمارکردووە هێشتویەتییەوە بە ئامانجی زیاتر ناساندنیان لە دونیا لە رێگەی راگەیاندنەوە. (براهیم، ٢٠٠٩: ٩٧)

تەوەری پێنجەم/ رەنگدانەوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە شانۆدا:

سەرەتای سەرهەڵدانی دراما دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی گریکەکان کە لە وەرزەکانی ساڵدا ئاهەنگیان سازدەکرد، وەکو ئاهەنگی جەژن و نوێژە ئایینەکانی (دیۆنسیۆس)

کە لای گریکەکان بەخواوەندی مەی ناسرابوو، لە ڕۆژی جەژندا بەشداربووان دەستیان بەسەماکردن و سوود گوتن و سەردوولکەدان دەکرد، کە هەموویان سەربووردەی پڕنەهامەتی و ئازار و خەم و خۆشی و ناخۆشی بوون. هەروەها کەژاوەیان ڕێکدەخست بۆ خواوەندەکانیان و مەشخەڵیان پێدەکرد و بەرەو شوێنێکی بەرز سەردەکەوتن، ئەو شوێنەی بۆ ئاهەنگ گێڕانەکە ئامادەکرابوو، کە بە فەرش رووپۆشکرا بوو، بەو شوێنەیان دەگوت شانۆ. (هەورامی، ٢٠٠١: ١١) لەدوای سەدەی پێنجەمی پێش زایین چەند گۆڕانکارییەک بەسەر تەختەی شانۆدا هات، لەوانە گۆڕینی سەکۆی تەختە بۆ بینای بەردین وەکو (شانۆی ئەسینا) دواتر گۆڕانکاری تری بەخۆوە بینی وەک دروستکردنی سێ دەرگا لەسەر شانۆ، دەرگای سەرەکی لەناوەڕاستی شانۆ بۆ هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی پاشا و پیاوانی دەسەڵات و دەست و پێوەندی پاشا و شاژن بەکار دەهێنرا. دەرگای لای راستی شانۆ بۆ هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی ئەکتەری ئاست مام ناوەند بەکاردەهێنرا. لەپشت ئەم دەرگایانەوە پەردە هەبوو بە پێی شوێن و ڕووداوەکانی شانۆییەکە دیمەن و دیکۆری جیاوازی لەسەر کێشرابوو، پاشان (کەوالیسان) بۆ زیاد کرد، ئەو کەوالیسانە سێ ڕوو بوون و دەسوڕانەوە بۆ گۆڕینی دیمەنەکان بە کەمترین ماوە، ئەم کەوالیسانە لە درامای تراژیدی و کۆمیدیدا وەک یەک بەکاردەهێنران. (لەتیف، ٢٠١٨: ٢٨) لەدوای گریکەکان ڕۆمانییەکان شانۆیان دروست کرد کە لاسایی شانۆی گریکەکانی بوو بە هەندێک گۆڕانکارییەوە، ڕۆمانییەکان لە ڕووی تەلارسازیدا توانییان دیکۆری سەرشانۆ بە زەخرەفە برازێننەوە. لەسەردەمی شانۆی ڕۆمانیدا، هاوشێوەی شانۆی گریکەکان کەرنەڤاڵ و ئاهەنگی شانۆییان ساز دەکرد، سەرجەم نمایشە شانۆییەکان لە وەرزی بەهار و پایزدا ئەنجام دەدران، چونکە کەشوهەوا لەباربوو بۆ ئەوەی چەند کاتژمێرێک لەناو کەژاوەی کەرنەڤاڵدا چەند ساتێکی خۆش بەسەربەرن. بەڵام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا شانۆ لەناو کەنیسەکان پێشکەش دەکرا، سەرچاوەی دەقە شانۆییەکانیان لە چیرۆکە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو لەناو فەزای کەنیسەدا نمایشی شانۆییان پێشکەش دەکرد، کە سەرجەم کارەکتەرەکان پێکهاتبوو لە پیاوانی ئایینی، بۆ ئەم مەبەستە سرودی ئاینیان دەگوت و چرایان دادەگیرساند و نمایشی شانۆییان پێشکەش دەکرد و شێوە و ناوەرۆکی نمایشەکان خزمەتی ئایینی مەسیحیان دەکرد. (هەورامی، ٢٠٠١: ١٤) سەدەی ڕێنسانس خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی شانۆدا، نەخشەی شانۆ بە ئەفراندنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات، توانای داهێنەرانە هاتە کایەوە کە دژی دەسەڵاتدارانی پیاوانی کڵێسە ڕاپەڕین و توانیان ڕێڕەوی ژیان بگۆڕن، هونەری نواندن و نیگارکێشان و تەلارسازی و زەخرەفە ڕۆڵی کاریگەریان بینی، دیکۆر و کەوالیس و وێنەی پەردەی دواوەی شانۆکەش کەشوهەوایەکی دراميیان بۆ شانۆ دەخولقاند، جلوبەرگی ئەکتەرەکان ڕەنگاو ڕەنگ بوو، سەرنجی بینەریان رادەکێشا بۆ ناو دیمەنە شانۆییەکان. (لەتیف، ٢٠١٨: ٣٤ –٣٦) هەربۆیە پێویستە بگوترێت بزاڤی شانۆ لەسەردەمی شێوازی شانۆیی (کۆمیدیایی دیلارتێ)ی ئیتاڵی دروست بوو کەبە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ستایلێکی نوێی سەردەمەکە نمایشەکانیان لە فەزای کراوە نمایش دەکرد، هەر لەو سەردەمەدا شانۆی (ژوور)ی ئیتاڵی ئەزموونێکی تر بوو بۆ بونیادنانی شانۆی داخراو، دوای ڕێنساس تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ئەزموونی شانۆی چەندین گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی و لەزۆربەی نمایشە شانۆییەکان چرا و فانۆس و ئاوێنەی تیشکی چەماوەی خۆریان بەکاردەهێنا بۆ ڕووناککردنەوەی شانۆ، چونکە جیهان تیشکی کارەبای بەخۆیەوە نەبینی بوو تا ئەو کاتەی تۆماس ئەدیسۆن لە (٢١)ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٨٧٩ کارەبای داهێنا و جیهانی ڕووناک کردەوە، بەڵام شانۆ کە ڕۆشنایی بینی چەندین پێشکەوتنی باشی لەگەڵ خۆی هێنا. (تاهر، ٢٠١٤: ٢٦)

تەوەری شەشەم: هێنانەوەی رووفاتی بارزانییەکان

رژێمی روخاوی بەعس هەشت هەزار پیاو گەنج و منداڵی بارزانییەکانی جینۆساید و بێسەروشوێن کرد، بەشێ،ەیەک تا ئێستاش نەتوانراوە روفاتی تەواوی بارزانییەکان بگەڕندرێتەوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا تەنها (٥٩٦) روفات گەڕێندراوەتەوە و لە گۆڕستانێکی تایبەت لە نزیک چیای شیرین لە بارزان نێژراون.

تاکو ئێستا زیاتر لە (٧٤٠٠) روفاتی تر لە بیابانەکانی عێراق ماوەو هێشتا نەدۆزراونەتەو، ئەوەش خەمێکی تری سارێژنەکراوی ژن و منداڵ و کەسوکاری قوربانییانە. زۆربەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان، کۆتۆتە بیابانەکانی باشوری عێراق لە پارێزگای سەماوە، لە سێگۆشەی سنوری نێوان سعودیە و کوێت و عێراق. بە درێژایی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، تەواوی گەلەکەمان تووشی کارەسان و نەهامەتی بوەتەوە، بەڵام دوژمن بەتایبەتی رقێکی زۆری بەرانبەر دەڤەری بارزان و بارزانییەکان هەبوو، چونکە وەک مەڵبەندی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری و کانگای رێبازی سەربەخۆ خوازی لێی ترساون. (سەعید، ٢٠٢٠: ١)

ئەنجام و پێشنیار و راسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان

ئەنجامەکان: گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەدا ئاماژەی پێکراوە:

١- جینۆسایدی بارزانییەکان تاوانێکە بۆ لەناوبردنی رەگوڕیشەی بارزانییەکان.

٢- ئامانجی سەرەکی جینۆسایدی بارزانییەکان بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بوو.

٣- میدیا بینراو بیستراو و خێوندراوەکانی ئەوکات رۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانییەکان و گەیاندنی بە ناوەدەکانی بڕیار.

٤- لابردنی بارزانییەکان بۆ مەبەستی سڕینەوەی سەرجەم شۆڕشەکانی دەڤەری بارزان بوو.

٥- لە دوای جینۆسایدی بارزانییەکان شانۆ لە شاخ و لە شار رۆڵێکی کاریگەری هەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوانەکانی رژێمی بەعس.

٦- لە دوای جینۆسایدی بارزانییەکان میدیاکانی شاخ و بڵاوکراوە میدیاییەکانی ئەو سەردەمە لەلایەن رێکخستنەکانی ناوشار رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی تاوانەکانی رژێمی بەعس.

پێشنیارەکان: لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

١- بابەتی جینۆساید و شانۆ ببێتە وانەیەک لەناوەدەکانی ئەکادیمی هونەرەجوانەکان.

٢- بابەتی جینۆساید و میدیا ببێتە وانەیەک لەناوەدەکانی ئەکادیمی، بەتایبەتی لەبەشەکانی راگەیاندن .

٣- ساڵانە لە وەرزی بەهاردا لەدەڤەری بارزان کەرنەڤاڵی جینۆسایدی بارزانییەکان سازبکرێت بەبەشداری چەند نمایشێکی شانۆیی و چەند کورتە فیلمێکی سینەمایی پاشان لە کەناڵە ئاسمانییەکان پەخش و بڵاوبکرێتەوە بۆ گەلانی جیهان.

راسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا راسپاردەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

١- سازدانی فستیڤاڵی ساڵانە بە ناوی (فیستیڤاڵی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ شانۆ).

٢- سازدانی فستیڤاڵی ساڵانە بە ناوی (فیستیڤاڵی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی).

٣- ساڵانە وەزارەتی رۆشنبیری و شەهیدان و ئەنفال بودجەی تایبەت تەرخان بکەن بۆ چالاکی هونەری لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

لیستی سەرچاوەکان

پەرتووك بەزمانی کوردی

١- براهیم، رەهبەر سەید. رۆژنامەوانی لە کورەدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢- بەرزنجی، هەژار. سێکوچکەی زام، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٣- تاهیر، ژیلوان. مێژووی شانۆی کۆن و نوێ، سینەیناری شانۆیی، بەڕێوەبەرایەتی هونەری

شانۆ، هەولێر، ٢٠١٤.
٤- جەلال، ناجی، د.ئارام، د. زانا. ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی گەای کورد لە شیعری جەلالی پیرخدر، کۆنفرانسی زانستی جینۆساید، ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەردا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٥- حسێن، ئاوارە. جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧.
٦- عومەر، د. مەهدی فاتیح. ئەنفال و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١.
٧- فیسک، ڕۆبەرت. مەرگەساتی ئەنفال، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.
٨- لەتیف، نیاز. تیۆرەکانی سینۆگرافیا، چاپخانەی بیانیی، سلێمانی، ٢٠١٨.
٩- مزویری، ڕێکارێ، ئەنفال و کۆمەڵکوژی و کاریگەرییەن دەروونی، سەنتەری ئەنفال، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١.
١٠- .... سەربۆرا تراژیدیایێن بارزانییان، چاپخانەی حاجی چاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
١١- هەورامی، حەمەکەریم، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
١٢- وەڵەدبەگی، ئازاد. تاوانی ئەنفال لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی گشتی،ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان، ٢٠٢١.
١٣- ئاغجەلەری، پ.ی. د.پشکۆ حمەتاهیر. ڕاپەڕینی کەرکوک سالی ١٩٩١، سلێمانی،٢٠٠٣.

پەرتووك بەزمانی عەرەبی

١- عید، کەمال. سنوغرافیا المسرح عبر العصور، دار الثقافة والنشر، القاهرة، ١٩٩٨.
٢- سلێمان، فاتح، عملیات الانفال فی کوردستان العراق، مطبعة کرکوك, کرکوك, ٢٠١٠.

نامەی ماستەرو دکتۆراکان

١- غەفور، کەریم. تێڕوانینی دەرهێنەر بۆ جینۆساید لە سینەمای کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، بەشی سینەما و شانۆ، هەولێر، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان

١- محەمەد، محسن. پەیدابوونی هونەری شانۆ لە کوردستان، گۆڤاری (یەکەم چرا) چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٢١.
٢- فەرەج، د. سەلام. درامای کوردی لە سالّی (١٩٧٥ تا ١٩٩٥)، گۆڤاری رامان، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گولان، هەولێر، ٢٠٠١.
٣- عەدنان، ئەحمەد. جینۆساید تاوانێکی گەورەو وانەیەکی بچوک، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٤- ربيع، زياد. جرائم الإبادة الجماعية، مجلة الدراسات الدولية، العدد ٥٩، جامعة جرش، الأردن، بدون سنة.
٥- محمد, سرحد جاسم. جريمة الإبادة الاجماعية، دراسة سوسو انثروبولوجية، مجلة العلوم الإنسانية، مجلد ٤٧، العدد ٢ ، جامعة تكريت، العراق، ٢٠٢٠.

ماڵپەرەکان

١-ئاغا، ژیان کەمال ئیسماعیل. جینۆسایدی بارزانییەکان، ماڵپەڕی گوڵان، هەولێر، ٢٠٢٠.
2- www.wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=90190&Jor=5
3- www.kurdistantv.net/ku/news/177184
4- www.gulanmedia.com/so/story/309844

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕقو کینە بەرامبەر بە ئێزدییەکان لە سۆشیاڵمیدیادا

پ. ی. د. کامل عومەر سلیمان
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن
Kamil.sleman@univsul.edu.ia

م.ی ئەرسەلان ڕەحمان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان،
بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان،
ڕاگەیاندنی دیوانی وەزارەت
arsalan.rahman11@gmail.com

پوختە

گوتاری ڕقو کینە، وەک ئاڵنگارییەک ڕووبەڕووی پێکهاتەی ئێزدیی دەبێتەوە. ئەو گوتارە زادەی کولتور و پاشخانێکی ئایینیە، کە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە بە پاساوی جۆراوجۆر دەدات.

ئەم تویژینەوەیە، بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕقو کینە بەرامبەر بە ئێزدییەکان لە سۆشیاڵمیدیادا) خراوەتەڕوو، چەند ئامانجێکی لەخۆگرتووە. گرنگترینیان پێکهاتوون لە: زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا، بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقو کینە. هەروەها دڵنیابوون لە کاریگەری گوتاری ڕقو کینە لە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ کۆمەڵکوژی و تاوان دژی پێکهاتەی ئێزدی.

ئەم تویژینەوەیە، وەسفیی شیکارییە، تێیدا شیکاری ئەو گوتارە دەکات، کە لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک (ئەکاونت، گروپ، پەیج) ئاڕاستەی پێکهاتەی ئێزدی کراوە.

کۆمەڵی تویژینەوەکە، ئەو گوتارە بڵاوکراوانەیە لە ماوەی سنووری کاتیی تویژینەوەکە لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وەک کاردانەوە بەرامبەر بە وتارەکەی قاسم شەشۆ، بڵاوکراونەتەوە.

مشتەی توێژینەوەکە، مەبەستدارە، (٤) دەقی وتاری ئاینی بڵاوکراوە لە فەیسبوک وەرگیراوە، شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، وەک: * جوێن، سوکایەتی، ناوزڕاندن، حوکمدانی ئاینی لە سەر مینبەرەکان و لە ڕێگەی وتارە ئایینییەکانەوە بۆ ناشیرینکردنی ئێزدییەکان بە گشتیی بەکارهێنراوە.

* لە ڕێی وتارە ئایینییەکانەوە داوا لە موسڵمانان کراوە، تووڕە بن و هەڵوێست و کاردانەوە بنوێنن بەرامبەر بەوانەی هێرش دەکەنە سەر پیرۆزییەکانی ئیسلام، بە تایبەتی ئێزدییەکان.

کلیلە وشە: گوتاری ڕق و کینە سۆشیاڵمدیا ئێزدی شنگال

Reflection of hate discourse against the Yezidis on social media

Hate discourse is a challenge facing the Yezidi community. This discourse is born of a culture and religious background that tries to erase others for various reasons.

This study, entitled "Reflection of Hate Discourse Against Yezidis in Social Media", has several objectives. The most important of these are: Knowing the role of social media, especially Facebook, in spreading hate speech. They also ensured the effectiveness of hate speech in creating a favorable environment for genocide and crimes against the Yazidi community.

This study is an analytical description, in which it analyzes the discourse directed to the Shiite

community through the social network Facebook (accounts, groups, pages).

The study includes speeches published on Facebook in response to Qasim Shasho›s speech.

The purpose of the study is to analyze the content of four religious sermons published on Facebook.

The study reached several conclusions, such as:

❈ Swearing, insults, defamation, religious judgments have been used from the pulpits and through religious speeches to Disgrace the Yezidis.

❈ Through religious sermons, Muslims have been called upon to be angry and react to those who attack the holy places of Islam, especially the Yezidis.

Keywords:

Hate discourse social media Yezidi Sinjar

پێشەکی

گوتاری ڕقو کینە، بە شێوەی ڕووهەڵماڵراو و شاراوە، لە چوارچێوەی پەیامی میدیاییدا، تێکهەڵکێش دەکرێت و ئاراستەی وەرگر دەکرێت. لە ئاستیی ناوچەیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا، هەوڵی جیاجیا دراون بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەو گوتارە بگیرێت، بە تایبەتی لەو ناوچانەی فرە ڕەنگ و دەنگن.

نەتەوەیەکگرتووەکان، دیارترین دامەزراوەی نێودەوڵەتی و جیهانییە، لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کار بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەو گوتارە دەکات. ئەمەش بە هۆی لێکەوتە مەترسیدارەکانی ئەو گوتارەیە لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، گوتاری ڕقو کینە هەوڵێکی کاریگەر بووە بۆ دروستکردنی زەمینەی پاکتاوی ڕەگەزی، تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی، ئایینی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان.

ئێزدییەکان، وەک پێکهاتەیەکی ئایینی لە ناوچەکانی هێڵی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە سنووری پارێزگای نەینەوا دەژین. دوای داگیرکردنی ناوچەکانیان لە لایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە «داعش» لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، بەشێکی زۆریان ئاوارەی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆک بوون.

لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٢٤، ئەوان ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە گوتاری ڕقو کینە بوونەوە، بە هۆی ئەو گوتارەوە ترس لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدکردنیان لێکەوتەی بەدوای خۆیدا هێنا، بووە هۆی ڕاکردنی نزیکەی ٨٠٠ خێزانی کەمپەکانی سنوری پارێزگای دهۆک لە دوو ڕۆژدا بۆ شنگال، ئەگەرچی پێشتر هیچ ئامادەکارییەک بۆ گەڕانەوەیان نەکرابوو.

کاریگەرییە نەرێنیەکانی گوتاری ڕقو کینە لەسەر ئێزدییەکان، هاندەری سەرەکی بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، تاوەکو بزانین سۆشیاڵمیدیا چ ڕۆڵێکی هەیە لە پەخشکردنی ئەو گوتارە و ڕەخساندنی زەمینە بۆ دووبارەبوونەوەی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تۆقاندن و تیرۆری کەسایەتی پەیڕەوانی ئایینەکە.

هەربۆیە، لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری ڕقو کینە ، بە باکگراوندی ئایینی بەرامبەر بە پێکهاتەیەکی ئایینی وەک ئێزدییەکان تیشکی خراوەتەسەر و هەوڵدراوە لێکەوتەکانی ئەو گوتارە لەسەر ژیانی ئاسایی و پێکەوەژیانی کۆمەڵگە بخرێتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، کە تەوەری یەکەم، ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، تیایدا هەریەک لە کێشە، ئامانج، بایەخ، جۆر، ڕێبازی توێژینەوە، کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە، چەمکەکانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو، خراونەتەڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا، لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، تێیدا چەمک،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لایەنە جیاجیاکانی گوتاری ڕقو کینە خراونەتەڕوو. تەوەری سێیەمیش، لایەنی کردەنی توێژینەوەکەیە، تێیدا شیکاری بۆ دەقو ناوەڕۆکی چۆنایەتیی گوتارە بڵاوکراوەکانی مشتەی وەرگیراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، کراوە.

تەوەری یەکەم: ڕێبازنامە

١,١: بایەخی توێژینەوەکە

هەڵکشانی گوتاری ڕقو کینە، پێچەوانەی ئەو هەوڵە بەردەوامانەیە، کە دەدرێن بۆ قووڵکردنەوەی گیانی یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە. توێژینەوە لە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو گوتارە، شێواز و ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتارەکە، دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، خستنەڕووی ڕێگەکانی بنبڕکردنی بایەخی زانستیی بۆ توێژەران هەیە، هەروەها ڕێگە ڕۆشنکەرەوەیە بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتو میدیاکان بۆ ئەوەی باشتر و سەرکەوتووتر بتوانن بەرەنگاری ئەو گوتارە ببنەوە، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەی چارەسەر بکەن. سەرباری بایەخی بۆ کۆمەڵو بەتایبەت پێکهاتەی ئاینی ئێزدی، کە لە هەڕەشەو مەترسیەکانی ئەو گوتارە بپارێزرێن یان خۆیان بپارێزن.

٢,١: کێشەو پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پشتبەست بە بایەخی توێژینەوەکە و ئەو زانیارییانەی لەبارەی گوتاری ڕقو کینە بەرامبەر پێکهاتەی ئێزدی بڵاوکراونەتەوە، کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕوونیو نادیاری ئاستی کاریگەریی گوتاری ڕقو کینە لە بەرامبەر پێکهاتەی ئێزدی لە سۆشیالمیدیای هەرێمی کوردستاندا.

بۆ ڕوونکاریی زیاترو پشکنین و شیکردنەوەی زانستییانەی کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە، توێژەران چەند پرسیارێک دەخەنەڕوو:

* سۆشیال میدیا، بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، تا چەند هۆکار بووە بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقو کینە؟

* تا چەند گوتاری ڕقو کینە لە سۆشیال میدیادا و بەتایبەت لە تۆڕی فەیسبوک زەمینەی لەبار بۆ کۆمەڵکوژی و تاوان دژی پێکهاتە ئایینییەکان بە تایبەتی پێکهاتەی ئێزدی دەڕەخسێنێت؟

* لێکەوتەکانی گوتاری ڕقو کینە لە سۆشیال میدیاداو بەتایبەت لە تۆڕی فەیسبوک، لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدینشین لە کەمپەکانی ئاوارە و مەڵبەندی سەرەکی ژیانیان کە شنگالە، چین؟

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٣,١: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، خواستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی هەیە، کە لەم خاڵانەدا دەخرێنەڕوو:

* دەرخستنی ئاستی کاریگەری و ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقو کینە.

* دڵنیابوون لە کاریگەری گوتاری ڕقو کینە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ کۆمەڵکوژی و تاوان دژی پێکهاتە ئێزدی.

* زانینی لێکەوتەکانی گوتاری ڕقو کینە لە سۆشیال میدیادا و بەتایبەت لە تۆڕی فەیسبوک، لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدینشین لە کەمپەکانی ئاوارە و مەڵبەندی سەرەکی ژیانیان، کە شنگالە.

٤,١: جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفی شیکارییە، دوای کۆکردنەوەی نموونەکان، کار لەسەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتاری بەرهەمهێنراو و لە سۆشیالمیدیادا و بە تایبەت فەیسبووک کراوە. لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتارەکەدا، تەنیا لایەنی چییەتی گوتارەکە شیکراوەتەوە، نەک چەندێتییەکەی.

٥,١: سنووری توێژینەوە کە

سنورو بوارەکانی توێژینەوەکە لە سێ ڕەهەندەوە دیاریکراون، کە پێکهاتوون لە:

* سنوری بابەت: لەڕووی سنوری بابەتییەوە، توێژینەوەکە لەسەر بابەتی گوتاری ڕقو کینەی بڵاوکراوە لە فەیسبوک کاریکردووە.

* سنوری شوێن: سنوری جوگرافیی ئەم توێژینەوەیە، هەرێمی کوردستانی عێراقە، لەو ڕوانگەیەوە کە نموونەی وەرگیراو لە سۆشیالمیدیای کوردییە.

* سنووری کات: دوای بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی وتارێکی قاسم شەشۆ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی ئێزدخان لە ٦ی ئابی ٢٠٢٤، شەپۆلێکی کاردانەوە دژی وتارەکە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای کوردی تەنی، لەڕووی کاتەوە، لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی وتارەکە تا کۆتایی مانگی ئابی ٢٠٢٤ وەرگیراوە. تێیدا مشتەیەکی ئەو کاردانەوانە دەستنیشانکراون، کە دژی لێدوانەکەی قاسم شەشۆ لە تۆڕی فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٦،١: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە

کۆمەڵـی توێژینەوەکـە، ئـەو وتـارە بڵاوکراوانەیـە لـە مـاوەی سـنووری کاتیـی توێژینەوەکە لە ڕێگەی پەیج، گروپ و ئەکاونتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، وەک کاردانـەوە بەرامبـەر بـە وتارەکـەی قاسـم شەشـۆ، بڵاوکراونەتەوە، مشـتەی توێژینەوەکەش، مەبەسـتدارە، (٥) دەقـی وتـاری ئاینـی بڵاوکـراوەی نێـو تـۆڕی فەیسـبوک وەرگیـراون و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکیـان لـە ڕووی چییەتییـەوە بـۆ کـراوە.

٧،١: ئامرازی توێژینەوەکە

شیکاریی ناوەڕۆک: بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتیـی بەکارهێنـراوە، تێیـدا شـیکاری بابەتیانـەو ڕەخنەییانـەی بـۆ ناوەڕۆکـە دیـارو نادیارەکانـی گوتـارە بڵاوکراوەکانـی نێـو تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبوک کـردووە.

٨،١: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەیەکە

- **گوتـار**: کـۆی دەربڕینـی مەبەسـت و هێنانـەدی ئامانجێکـی دیاریکـراوە، لـە ڕێگـەی زمـان، ئامـاژە، دەربڕیـن، نووسـین، سـیمبوڵ و هـەر ڕێگەیەکـی دیکـەی گواسـتنەوە و گەیاندنی مانایە، بە مەبەسـتی دروسـتکردنی کاریگـەری لەسـەر بەرامبـەر و ئاڕاستەکردنی بـە ئاراسـتەی جێـی مەبەسـتدا.

- **گوتـاری ڕقو کینـە** : گوتارێکە، ئەگەرچی پێناسـەیەکی گشـتگیری یاسـایی بـۆ دیـاری نەکـراوە، بـەڵام هەمـوو گوزارشـت و دەربڕیـن و هێمـا بـۆ کردنێـک لەخۆدەگرێـت، کـە بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی جیـاکاری لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز، ئاییـن، نەتـەوە، کولتـوور، ڕەنـگ،.. هتـد، لـە پێنـاو زیانگەیانـدن بەوانـی دیکـە و دروسـتکردنی هەسـتی نەیاریتـی و نواندنی توندوتیژی بەرامبەریـان گەڵاڵـە و ئامـادە کـراوە و پاشـان لـە ڕێگـەی ئامرازەکانـی گەیانـدن و ڕاگەیاندنـی تـاک و کـۆوە بڵاودەکرێتـەوە.

- **سۆشیالمیدیا**: سـەکۆی تایبەت بە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانە، بەشـداریکردن تێیانـدا پەیوەسـتە بـە دەسـتەبەربوونی هێڵـی ئینتەرنێـت و بەکارهێنانـی ئامێرێکـی پەیوەندیکردنـی زیـرەک، یاخـود کۆمپیوتـەر، لـە ڕێگەیانـەوە بەکارهێنـەران دەتوانن لـە یـەک کاتدا وەرگری پەیام و بەرهەمهێنـەری پەیام بن و ڕۆڵی بڵاوکـەرەوە بگێـڕن. بـە هـۆی بەردەسـتبوونی ئـەو تۆڕانـەوە، کـە سـنووری کات و شـوێن ناناسـن، تاکـەکان بـە ئاسـانی دەسـتیان بـە زانیـاری هەمەجـۆر ڕادەگات و وەک بەکارهێنەرێکیش دەتوانـن پەیامەکانیـان بڵاوبکەنـەوە. بـە هـۆی نەبوونـی ڕێـکاری پێویسـت بـۆ کۆنتـرۆڵ کردنیـان، بـە ئاسـانی لـە ڕێگـەی ئـەو سـەکۆیانەوە پەیامـی توندوتیـژ و دەمارگیرانـە تـا دەگاتە گوتـاری ڕقو کینـە بڵاودەکرێتـەوە. لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە سۆشیالمیدیا،

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکە، بەتایبەتی ئەو گروپ، ئەکاونت و لاپەڕانەی، کە پەیامو دەقە کار لەسەرکراوەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

– **ئێزدی:** پێکهاتەیەکی ئایینین، مەڵبەندی سەرەکی پێکهاتەکە لە شنگالە، کە دەکەوێتە سنووری پارێزگای نەینەوا، کتێبی پیرۆزی ئایینەکە بە زمانی کوردییە. وێڕای دێرینی ئایینەکە، تا ئێستا پەیڕەوکارانی پێوەی پابەندن و جگە لە باشووری کوردستان، پەیڕەوکارانی لە وڵاتانی ناوچەکە و ئەرمینیا، ڕوسیا، گورجستان و سوریا نیشتەجێن و بەشێکی بەرچاویشیان ڕوویانکردووەتە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، دوای لێشاوێک لە گوتاری ڕقو کینە و تەکفیرکردنیان، ناوچە سەرەکییەکانیان بە تایبەتی شنگال، لە لایەن ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام – داعش» داگیرکرا و جگە لە کۆمەڵکوژکردنی هەزاران کەس، هەزاران ژنی ئێزدیش وەک کەنیزەک ڕفێندران و لە بازاڕەکانی مووسڵ، ڕەققە و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعش کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرا.

٩,١: توێژینەوەکانی پێشوو

١,٩,١: (د.بەهات حەسیب قەرەداغی، ئاسۆ قادر شێخ محەمەد ٢٠٢٣)[١]

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا) بڵاوکراوەتەوە.

کێشەی توێژینەوەکە، تایبتە بە کاریگەری گوتاری ڕقو کینە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوە و گوزارشت و دەربڕینەوە، هەروەها مەترسی و کاریگەرییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە، کە جیاوازە، ئاماژە بەوەشدراوە، توێژینەوەکە بە دوای دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ئەو کێشەیە و چۆنێتی تەشەنەکردنی دەکۆڵێتەوە لەسەر ئاستی پەیامدەر و وەرگر.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی لێکەوتەکانی گوتاری ڕقو کینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها دیاریکردنی سەرچاوەکانی و ڕۆڵی کەناڵە میدیاییەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەو گوتارە.

ڕێبازی توێژینەوەکە، وەسفییە و پشت بە تێبینیکردن وەک کەرستەی کۆکردنەوەی داتاکان بەستراوەو دواتر داتاکان شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە.

توێژینەوەکە هەریەک لە سایتەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو و دەزگای خەندانی لە ماوەی یەک مانگ (٢٠٢١/٥/٥ تا ٢٠٢١/٥/٥) وەرگرتووە.

ئەنجامەکانی توێژینەوە بریتین لە: گوتاری ڕقو کینە لە ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، لە تەشەنەکردنێکی بەدەوامدایە. گوتاری ڕقو کینە لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆکاری لێکترازانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی. هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی کاریگەری تەشەنەکردنی گوتارەکە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢,٩,١: (د. بان حكمت عبدالكريم، ٢٠٢٣)[٢]

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (خطاب الكراهية عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثره في جرائم العنف) بڵاوکراوەتەوە، کێشەی توێژینەوەکە تایبەتە بە کاریگەرییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقو کینە و تێیدا هاتووە: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هێندە پێشکەوتوون، لە ڕووی هێزی ئاراستەکردن و قووڵایی کاریگەرییانەوە مەترسییان زیاتر بووە. ئێستا بە هۆی ئەو پێشکەوتنەوە هاوڵاتی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس دەگێڕێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە دەروازەیەکی گرنگ و سادە و خێرای گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ئەمەش دەرگای بە ڕووی گەشەکردنی گوتاری ڕقو کینە کردووەتەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە، وەسفییە، شیکردنەوەی بۆ ئەو دەقانە کردووە، کە تاوان لە خۆ دەگرن و هانی توندوتیژی و تاوان دەدەن. توێژینەوەکە لە دوو بەشدا خراوەتەڕوو، بەشی یەکەمی تایبەتە بە پێناسەکردنی چەمکی گوتاری ڕقو کینە ، بەشی دووەمیشی تایبەتە بە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی ئەو گوتارە لەسەر تاوان و توندوتیژییەکان.

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سازانێکی ڕوون لە نێوان ئەو بۆچوون و هەڵوێستانەدا هەیە کە هاندان بۆ توندوتیژی و ڕق لێبوونەوەیان تێدایە لەگەڵ تاواندا. هەروەها بەو ئەنجامە گەیشتووە، کەهاندان و گوتاری ڕق لێبوونەوەی ڕەگەزی، ئایینی و بانگەشەکردن بۆ ئەو گوتارە لە ڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تاواندا هەیە.

لە ڕاسپاردەکانیشدا، توێژەر پێشنیازی کردووە، هەمواری دەقە یاساکان، بە تایبەتی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بکرێت و تێیدا هەر کەسێک بانگەشە بۆ گوتاری ڕقو کینە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بکات، بە پێی ماددەی یەکی یاساکە ڕووبەڕووی سزا بکرێتەوە.

٣,٩,١: (حسو هورمي، ٢٠١٦)[٣]

پەیپەرێکی توێژینەوەیە و لە بەرایی پەیپەرەکەدا، توێژەر تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ئایینی ئێزدی، ئایینێکی یەکتاپەرستییە و موژدەدەرانە نیە، خواستی گرتنە دەستی دەسەڵاتی نیە، بەردەوام لە حاڵەتی بەرگریدایە. هیچ ئەجێندایەکی نیە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی ئەوانی دیکە بگۆڕێت و ئایینەکە هەڵگری هیچ گوتارێکی توندڕەوی و ڕقوکینە نیە و بانگەشە بۆ هیچ گوتارێکی لەو جۆرە ناکات.

ئامانجی توێژینەوەکە، دۆزینەوەی دەرچەیەکە بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و کۆتایهێنان بە گوتاری ڕقو کینە بەرامبەر بە پێکهاتەی ئێزی.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

توێژەر لە ڕاسپاردەکانیدا، چەند خاڵێکی خستووەتەڕوو، لە دیارترینیان:

- بەهێزکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق و کینە .

- میدیا بە بەرپرسیارێتی و پیشەییەوە کار بکات و ڕەچاوی ئیتیکی کاری میدیایی بکات، وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقوکینە.

- پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و ئایینییەکان ڕۆڵێکی گەورە بگێڕن لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی کولتووری لێبوردەیی و بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق و کینە و دانانی سنوورێک بۆ توندڕەوی.

تەوەری دووەم: گوتاری ڕق و کینە، چەمك و ناساندن

٢,١: ناساندن و چەمکی گوتاری ڕق و کینە

گوتاری ڕق و کینە، مەبەست لە دەربڕینێکی زارەکی، نووسین، ئاماژەدارە، کە بە مەبەستی هاندان و زیانگەیاندن بە تایبەتمەندییەکی بەرامبەرەکان ئاراستە بکرێت، بە هۆیەوە دژایەتی و توندوتیژی بەدوادا بێت. زۆرتر گوتارێکە ئاراستەی پێکهاتە لاوازە کۆمەڵایەتی، ئایینی و ڕەگەزییەکان دەکرێت.[٤]

لە ڕووی زمانەوانییەوە، ڕق، هاومانای بێزراندن، خۆشنەویستن، دژبوون، تۆراندن، دژایەتی، پیشاندانی مۆرکی ڕەتکردنەوە و تاراندن دەگەیەنێت، لە ڕووی بەکارهێنانەوە، ڕق و کینە، مەبەست لێی ئاراستەیەکە، کە هەڵچوونی سۆزداری، مەیل، هەستی نەرێنی پیشان بدات و نەیارێتی بۆ پاڵنەر، بیروباوەڕ و بەهای بەرامبەر دەربڕێت.[٥]

بە گشتیی گوتاری ڕق و کینە زیاترە لەوەی تەنیا ڕەتکردنەوە بێت، بەڵکو جیاکارییە و ئاماژەیە بۆ حاڵەتی هەڵچوون، نەیارێتی و دژایەتیی گرووپێکی بە ئامانجگیراو بە هۆی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانیان.[٦] ئەو تایبەتمەندییانە دەکرێت، ڕەگەز، جۆری کۆمەڵایەتی، ئایین، کولتوور، زمان، ڕەنگی پێست، شوێنی نیشتەجێبوون بێت. مەترسیداری ئەم گوتارە لەوەدایە دەبێتە ڕەخسێنەری زەمینەیەکی لە بار بۆ پاکتاوی جەستەیی و کۆمەڵکوژی لایەنی بە ئامانجگیراو و سڕینەوەی یەکجارەکی.

بە گوێرەی شیکارییەکی سایتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی گوتاری ڕق و کینەوە، هەریەک لە (پێکهاتەکان، پەنابەر و کۆچبەران، ژنان و کچان، جۆرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزگۆڕاوەکان، پیشە بە ئامانجگیراوەکان)، دیارترین ئەو توێژانەن ڕووبەڕووی مەترسی گوتاری ڕق و کینە دەبنەوە.[٧]

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢,٢: جۆرەکانی گوتاری ڕقو کینە

گوتاری ڕقو کینە، پەیوەست نیە بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە، تەنیا لە کۆمەڵگە چەوسێنەرەوەکاندا نیە، بەڵکو لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، شانبەشانی هەڵکشانی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، بە نموونە لە ئەوروپا، ئاست و ڕادەی گوتارەکە دژ بە کۆچبەران و نەژادە جیاوازەکان و ئایینەکانی وەک ئیسلام ڕووی لە هەڵکشانە. ڕاستڕەوە توندڕەوەکان پێیان وایە کولتوور، بەها، بنەماکانی پێکهێنەری کۆمەڵگەکانیان کەوتوونەتە مەترسییەوە و لە ڕێی گوتاری ڕقو کینە و بێزراندنی هەموو ئەوانی دیکەوە، شەڕی نەهێشتنی جیاوازییەکان و سڕینەوەی ئەوانی دیکە دەکەن. [٨]

بە گشتیی وێڕای ئەو پۆلێنانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ جۆرەکانی گوتاری ڕقو کینە کردوویەتی، دەکرێت، ئەو گوتارە پۆلێن بکرێت بۆ دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش:

* گوتاری ڕقو کینەی ڕەق: ئەم جۆرەیان کار بۆ سڕینەوە و پاکتاوی بە ئامانجگیراوەکان دەکات. پێویستە لە ڕێگەی یاساوە ئەم جۆرە قەدەغە بکرێت و چارەسەری ئەم جۆرە گوتارە ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە.

* گوتاری ڕقو کینەی نەرم: گوتارێکی مەترسیدارە لەو ڕووەوە، کە دەمارگیرانە و جیاکارانەیە و بڕوای بە لێبوردن نیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕقلێبوونەوە هەستێکی مرۆڤەو دەکرێت ئەندازەگیری لەسەر ئەو زیان و لێکەوتانەی بکرێت، کە بە هۆیەوە بەر تاک و کۆمەڵگە دەکەون.[٩]

٢,٣: ڕەگەزە گرنگەکانی دەستنیشانکردنی گوتاری ڕقو کینە

بۆ دەستنیشانکردنی گوتاری ڕقو کینە، پێویستە سەرەتا لەو ڕەگەزە سەرەکییانە وردبینەوە، کە لە پەیام و گوتارەکەدا دەردەکەون، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو گوتارەی بڵاوکراوەتەوە تا چەندە دەچێتە خانەی گوتاری ڕقو کینەوە. گرنگترین ڕەگەزەکان ئەمانەن:

* قسەکەرەکە کێیە، پێگەی چییە و بە چ تایبەتمەندییەک گوتارەکەی بڵاوکردووەتەوە، نوێنەرایەتی کێ دەکات؟ بۆ ئەوەی ئاستی لێکەوتە و بایەخی پەیامەکەی بزانرێت.

* مەودای گەیشتن و بڵاوبوونەوەی پەیامەکە، بۆ ئەوەی دیاری بکرێت، ئەو وەرگرەی پەیامەکەی ئاراستەکراوە، کێیە؟ تا چەند لەو ڕێگەیەوە پەیامەکەی پێگەیشتووە، ئایا مەودای بڵاوبوونەوەی گوتارەکە فراوانە، یاخود سنووردارە؟

* ئامانجی گوتارەکە: پێویستە پرسیاری ئەوە بکرێت، ئەو پەیامەی هەڵگری ڕقو کینەیە چ بەرژەوەندییەک بۆ نێرەرەکەی دابین دەکات، هەروەها کێ دەکاتە قوربانی، ئەی لێکەوتە و کاریگەری لەسەر تاک و گروپەکان چی دەبێت؟

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

* ناوەڕۆک و شێوەی دەربڕینی گوتارەکە: تا چەندێک هاندانی بۆ توندوتیژی و ڕقلێبوونەوە و سڕینەوەی بەرامبەرەکە تێدایە، پرسیاری ئەوە بکرێت، تا چەندە گوتارەکە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕقو کینە و دڕدۆنگی بەرامبەر ئەوانی دیکە؟

* پێویستە تێگەیشتنێکی گشتگیر هەبێت بۆ چوارچێوەی (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئاینی، سیاسیی، ڕەگەزی) نێرەرەکە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باشتر لە زمانی گوتارەکە و ئەو چەمکانەی بەکاری دەهێنێت، بێتە دی.[١٠]

٢,٤: چۆنێتی شیکارکردنی گوتاری ڕقو کینە

لە مێژوودا، پاکتاوی نەژادی، کۆمەڵکوژی گەلە ڕەسەنەکان، بە کۆیلەکردن لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست، دژایەتییە ڕەگەزییەکان، تا دەگاتە هۆلۆکۆست و کوشتن لەسەر ناسنامەی ئاینی، ڕقلێبوونەوەی ژنان و ئیسلامفۆبیا لە قۆناغی جیاجیای مێژووی مرۆڤایەتییدا هەبوون و لێکەوتەی مەترسیداریان لێکەوتووەتەوە. لە سەدەی ڕابردوودا، کورد وەک نەتەوە، لە وڵاتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی سیستماتیک و درێژمەودای سڕینەوەی نەتەوەیی بووەتەوە، بە هۆی گوتاری ڕقو کینەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست، زەمینە ڕەخسێنراوە بۆ جینۆسایدی زمان، کولتوور، فەرهەنگ، ناسنامە، مێژووی.

نەتەوەیەکگرتوەکان، لە ٢٠١٩ەوە کار دەکات بۆ ئامادەکردنی پلانێکی گشتگیر بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقو کینە و پاڵنەرەکانی. بە گوێرەی ناساندنی چەمکەکە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، هەموو جۆرە هاندانێک لەسەر بنەمای جیاکاری، دوژمنایەتی و توندوتیژی دەچێتە چوارچێوەی گوتاری ڕقو کینەوە. هەروەها هەر جۆرە پەیوەندییەکی گوزارشتیی، نووسراو، ڕەفتاری، کە هێرشبەرانە بێت و تێیدا زمانێکی ڕقاوی و بەکەم سەیرکردن و جیاکاری بەکار بهێنرێت و ئاماژە بە کەسێک یان گرووپێک لەسەر بنەمای ناسنامەی ئاینی، ڕەگەزی، ڕەچەڵەک، ڕەنگ و جۆری کۆمەڵایەتییان بکرێت، دەبێتە گوتاری ڕقو کینە. [١١]

لەو پێودانگەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان چەند بنەمایەکی بۆ دیاریکردن و مۆنیتەرینگی گوتاری ڕقو کینە دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە:

* توێژینەوە لە بارەی سەرچاوەی سەرەکی ئەو کارەکتەرە سەرەکیانە و ئەو ئامرازانەی زۆرتر بەکاری دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارەکە.

* ئەوانەی مۆنیتەرینگی گوتارەکە دەکەن پێویستە، بە وردی چەمک و پێناسە بنەڕەتییەکانیان لا ئاشنا بێت.

* پێویستە شیکارەکە لە چەند ڕوویەکەوە بێت بۆ ئەوەی بە وردی بگاتە مەبەستی لە دەستنیشانکردنی گوتارەکە. [١٢]

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٢,٥: چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقو کینە

بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقو کینە، پێویستی بە ئامادەکارییەکی فرە ڕەهەند هەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی تاک، کۆمەڵگە و ژینگەی میدیایی، ئایینی و پەروەردەییدا بە یەک ئاراستە بتوانرێت دژایەتی بکرێت و بەربەست لە بەردەم بڵاوبوونەوەی دابنرێت لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان و لاوازکردن و پوکانەوەی.

پێش هەموو شتێک پێویستە پەی بەوە ببرێت، هۆکاری پشت سەرهەڵدانی ئەو گوتارە چیە، کار بکرێت بۆ ئەوەی هۆکارەکان بنبڕ بکرێن و زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنرێت بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی. دواتر وێڕای ڕەتکردنەوەی گوتارەکە، پێویست دەکات، گوتارێکی ئەرێنی برەوی پێ بدرێت بۆ ئەوەی جێگەی ئەو گوتارەی ڕقو کینە بگرێتەوە و ببێتە مایەی بەهێزکردنی گفتوگۆ و چارەسەری ڕیشەیی هۆکارەکانی گوتاری ڕقو کینە. [١٣]

بە هۆی ئەوەی ئینتەرنێت بووەتە ئامراز و ڕێگەیەکی فراوانی بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقو کینە، بە تایبەتیش تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو گوتارە ئاڵۆز بووە، چونکە هەڵبژاردنی ئامراز و ستراتیژی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەندازەکاری ئینتەرنێت، ئاڵنگاری جیاوازی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەوانە ئاڵنگاری، بەردەوامی، جێگۆڕکێ، نەناسراوی سەرچاوە، فرەچەشتنی ناوەڕۆک و تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆک لە ئینتەرنێت، جیاوازی سیستمی کار و ڕێکارە تەکنیکییەکانی پلاتفۆرمەکان و یەکانگیر نەبوونی بەرژەوەندیی لایەنە بەگەڕخەر و دابینکارەکانی ئینتەرنێت، هەموویان هۆکارن بۆ ئەوەی گوتارەکە بە بێ بوونی بەربەستێکی ڕاستەقینە بڵاوببێتەوە.[١٤]

٢,٦: ڕێگەکانی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقو کینە

خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقو کینە پێویستی بە چەند ستراتیژێکی ڕوون هەیە لە بوارەکانی (یاسا، پەروەردە و خوێندن، تەکنۆلۆژیا، هۆشیاری گشتیی) بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری بکرێت و ڕێگە لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی بگیرێت. لە گرنگرین هەنگاو و ڕێگەکانی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی ئەمانەن:

* بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێگرتن لە گوتاری ڕقو کینە: ئەمەش لە ڕێگەی هەمواری یاساکان و دانانی یاسای نوێی سەردەمیانە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێگری بکرێت لە بڵاوکردنەوەی ئەو گوتارە لە ئینتەرنێت بە گشتیی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی.

* دروستکردنی پلاتفۆرم و سەکۆی تایبەت بە مۆنیتەرینگی گوتاری ڕقو کینە: ئەمەش ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتەکان و بەرپەرچدانەوەیان بۆ ئەوەی زیاتر تەشەنە نەکەن.

* دروستکردنی ئەنجومەن و دامەزراوەی تایبەت بە گفتوگۆی ستراتیژی لە بارەی سیاسەتی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و بەهێزکردنی بنەماکانی بەرگری دژ بە گوتاری ڕق‌و کینە.

* پێکهێنانی سوپایەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق‌و کینە و بڵاوکردنەوەی گوتاری لێبوردەیی و ئاشتەوایی.

* بەهێزکردن و پەرەپێدانی پەروەردەی میدیایی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و هەموارکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنیان لەگەڵ داخوازییەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووخوازانە.

* پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاهێنانی میدیاکاران لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق‌و کینە و بەهێزکردنی گوتاری لێبوردەیی.

* بەهێزکردنی دیالۆگ و گەلاڵەی ئاشتەوایی نێوان پێکهاتە ئایینی، نەتەوەییەکان و کارکردن بۆ بەهێزکردنی گوتاری پێگە ئایینییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ڕێگرتن لە گەشەکردنی هەر جۆرە گوتارێکی ڕق‌و کینە.

* دامەزراندنی یەکەی توێژینەوە بۆ بەدواداچوون و توێژینەوە سەبارەت بە گوتاری ڕق‌و کینە و لێکەوتە و مەترسییەکانی.

* بایەخدان و بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق‌و کینە بە میکانیزمی گونجاو.[١٥]

٢,٧: گوتاری ڕق‌و کینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دژ بە ئێزدییەکان و لێکەوتەکانی لەسەر ئاوارە ئێزدییەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک

دوای داگیرکردنی شنگال لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لە لایەن ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» ناسراو بە داعش، هەزاران هاووڵاتی ئێزدی لە زێدی خۆیان، کە شنگال و دەوروبەری بوو، ئاوارەی کەمپەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پارێزگای دهۆک بوون.

ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە، ئێزدییە ئاوارەکان لە کەمپەکاندا دەژین، بە هۆی نەبوونی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ڕەوشی تەناهیی و سیاسیی ناوچەکانیانەوە، بەشێک لە ئاوارە ئێزدییەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.[١٦] ئەگەرچی بڕیار بوو ٣١ی تەمموزی ٢٠٢٤، دوا وادە بێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەڵام هێشتا بەشێک لە ئاوارەکان ماونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە[١٧] و وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، بەرپرسانی پەیوەندیداری لە هەولێر و دهۆک بە دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان تۆمەتبار کرد.[١٨] بەڵام وەزیری ناوخۆی هەرێم، ڕێبەر ئەحمەد،

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئـەو تۆمەتانـەی ڕەتکـردەوە و ڕایگەیانـد، پێویسـتە چـاو بـەو بڕیـارەدا بخشـێنرێتەوە[١٩]. وەزارەتـی کـۆچ و کۆچبەرانـی عێـراق، چەنـد جارێـک وێـڕای سـەردانی کەمپـەکان، داوای کردبـوو، خێزانـە ئێزدییـەکان بگەڕێنـەوە و لـە بەرامبـەر بڕیـاری گەڕانەوەیـان بـڕی چـوار ملیـۆن دینـار بـۆ هـەر خێزانێـک خـەرج دەکـرا وەک هاندانێـک.[٢٠]

لـە سـەرەتای مانگـی ئابـی ٢٠٢٤دا، قاسـم شەشـۆ، فەرمانـدەی هێـزی پێشـمەرگەی ئێزدخـان، لـە وتارێـکدا، کـە ئاراسـتەی ئێزدییەکانـی کردبـوو لـە سـاڵیادی داگیرکردنـی شـنگالدا، لـە شـێخان، باسـی لـە هۆکاریـی ئایینـی بـۆ کۆمەڵکـوژی ئێزدییـەکان کردبـوو. قاسم شەشۆ لە قسەکانیدا وتبووی «تا موحەممەد و ئایینەکەی مابن، کۆمەڵکوژی سـەر ئێزدییـەکان بـەردەوام دەبێت».[٢١] دەقـی تۆمـاری ئـەو بڕگەیـەی قسـەکانی قاسـم شەشـۆ، خێـرا بـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـڵاو بـووەوە. وتەکانـی شەشـۆ، کاردانـەوەی جیاجیـا و «توندیـان» لێکەوتـەوە.

لـە دیارترین کاردانـەوەکان، هەریـەک لـە پەرلەمانتـاران عومـەر کۆچـەر و جەمال کۆچەر لـە فراکسـیۆنی یەکگرتـووی ئیسـلامی، لـە دادگای کەرخـی بەغـداد سکاڵایان لـە دژی شەشـۆ تۆمـار کـرد.[٢٢] هـاوکات لـە دهـۆک[٢٣] و موسـڵ سـکاڵا تۆمـار کـران. لـە دەسـتپێکدا داوا دەکـرا، شەشـۆ داوای لێبـوردن بـکات، بـەڵام کەناڵـی ڕووداو، لێدوانـی حەیـدەر شەشـۆ، یەکێـک لـە فەرماندەکانـی پێشـمەرگەی ئێزدخانـی بڵاوکـردەوە، کـە وتبـووی: ئـەوەی قاسـم شەشـۆ وتویەتـی ڕاسـتە و ئێمـە داوای لێبـوردن ناکەیـن.[٢٤]

یەکێکـی دیکـە لـە کاردانـەوەکان، وەڵامدانـەوەی مامۆسـتایانی ئایینـی بـوو، چ لەسـەر مینبـەری مزگەوتـەکان و چ لـە ڕێگـەی پەیـج و ئەکاونتـی خۆیـان لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک و هەروەهـا چەناڵەکانـی تیـک تـۆک و یوتیـوب.

مامۆسـتا ئایینییەکان لـە سـەنگەری شـەڕێکی ئایینییـەوە دەیانڕوانییـە قسـەکانی شەشـۆ و بەشـێکیان، نەفرەتیـان لـە شەشـۆ و هاوڕێبازەکانـی دەکـرد، هەوڵیـان دەدا ڕای شـەقام لـە دژی ئایینـی ئێـزدی بوروژێنـن، بـەوەی بـە «شـەیتان پەرسـت» وەسـفیان دەکـردن، لـە کاتێکدا ئێزدییـەکان باوەڕیـان بـە یەکتاپەرسـتی هەیـە و فریشـتەی تـاوس وەک یەکێـک لـە فریشـتەگەورەکان ناودەبـەن.[٢٥]

دوای گوتـاری ئایینـی مامۆسـتایانی ئایینـی، لێشـاوێک لـە تورەیـی و دژایەتـی، جوێـن و سـوکایەتی لـە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـەوە دژ بـە ئێزدییـەکان بڵاودەکرایـەوە. بابەتەکـە تەنیـا پرسـێکی ناوخۆیـی نەبـوو، بەڵکـو لـە ئاسـتیی سیاسـیی کاردانـەوەی بـەدوادا هـات و لـە میدیـای عێراقـی و ناوچەیـی و جیهانیـدا بـە بایەخـەوە ڕووماڵـکرا. زۆرینـەی سـەرچاوە هەواڵییەکانـی عەرەبـی و نێودەوڵەتـی ڕاپۆرتیـان لـە بـارەوە ئامادەکـرد.

شـەپۆلی گوتـاری ڕقـو کینـە لـە ٢٤ کاتژمێـری یەکەمـی دوای بڵاوبوونـەوەی وتەکانـی قاسـم شەشـۆ، ٣٧٥٠ نموونـەی لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک بڵاوکرابوویـەوە. وەک ئـەوەی ڕێکخـراوی «پتریکـۆر» تایبـەت بـە مافـی مـرۆڤ مۆنیتەرینگـی کردبـوو.[٢٦] ئـەو

شەپۆلە گوتارەی ڕقو کینە ، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە ڕیزی ئاوارە ئێزدییەکانی نێو کەمپەکانی دهۆک دروست کرد و لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە ٧٠٠ خێزانی ئێزدی ناچار بوون کەمپەکان بەجێبهێڵن و ڕابکەن بەرەو زێدی خۆیان.[٢٧]

تەوەری سێیەم: کردەنینامە

لەم تەوەرەدا، کە لایەنی کردەنی توێژینەوەکەیە، شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتیی گوتارە بڵاوکراوەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، دەخرێنەڕوو، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک لە جۆری «چۆنایەتی» و بە پشتبەستن بە شێوازی شیکاری بابەتیی (Themes Analysis)، شیکاریی بۆ دەق و ناوەڕۆکی مشتەیەک لە گوتارە بڵاوکراوەکان لە ڕوانگەی دیدگای تیۆریی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت.

نموونەی یەکەم:

لە پەیجی «وتارەکانی مامۆستا مەسعود کانی کوردەیی» و «Asman HD» گرتەیەکی ڤیدیۆیی مامۆستایەکی ئایینی بە ناونیشانی «**مامۆستا مەلا مەسعود بە توندی وەڵامی قاسم شەشۆ دەداتەوە**»[٢٨] بڵاوکراوەتەوە، گرتەکە دوو خولەک و ٤١ چرکەیە، ئەو مامۆستا ئایینیە، هێرشێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر کەسایەتیی «قاسم شەشۆ» و دەڵێت: «**کابرا لە شنگالەوە وەکو سەگ بە پێغەمبەر دەوەڕێت، وەکو بەراز پێی دەحەپێت**».

چواندنی قسەکردنی ئەو کەسایەتییە بە دوو ئاژەڵی وەک سەگ و بەراز، کە هەردووکیان لە ئایینی ئیسلامدا بە گڵاو و پیس دادەنرێن و بەراز بە دەقی قورئان گۆشتی حەرام کراوە و نابێت موسڵمان نزیکی بکەون، ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی بێ ڕێزی و سوکایەتی بە کەسایەتییە ئێزدییەکە.

هەروەها وتاربێژە ئایینییەکە دەڵێت: «**خوا ڕووت ڕەش بکات**»، ئەم گوزارشتە جگە لەوەی دەربڕینی ڕقو کینەیە، بە جنێو دادەنرێت، بڵاوکردنەوەی جنێویش بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٥٩ و یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن قەدەغەیە و سزای یاسایی بۆ دەستنیشان کراوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی مامۆستا ئایینییەکەدا هاتوە: «**ئەمڕۆ تۆ بە پێغەمبەر دەوەڕیت، هەی بە قوربانی نەعلی پێغەمبەر بیت، هەی بە قوربانی خۆڵی ژێر پێی پێغەمبەر بیت، هەی خوا ڕووت ڕەشبکات لە دونیا و قیامەتدا**». هەروەها بەڵگەی قورئان دەهێنێتەوە بۆ تەکفیرکردن و ناشیرینکردنی کەسایەتییە ئێزدییەکە، کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروستکردنی ڕقو کینە و توڕەیی بەرامبەری و زەمینەخۆشکردن بۆ هێرشکردنە سەری و لەناوبردنی.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە وتارەکەدا، ئەو مامۆستا ئایینییە دەست و پەنجەی هەڕەشە ڕادەوەشێنێت، ئەم جوڵەیەش گوزارشتە لە ئاماژەی جەستەیی بۆ پیشاندانی دژایەتی لە دژی کەسایەتییە ئێزدییەکە و هاندانە بۆ تووڕەکردنی خەڵک و نواندنی کاردانەوە.

نموونەی دووەم:

لە گروپی **«وتارەکانی مامۆستا سالار چۆمانی»** و چەندین ئەکاونی هەوادارانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک، گرتەیەکی ڤیدیۆیی ٢ خولەک و ٢٦ چرکە، کە وتارێکی مامۆستای ئایینی سالار چۆمانییە بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی **«وەڵامێکی جەرگبر بۆ قاسم شەشۆ لە لایەن مامۆستای بەڕێز مامۆستا سالار چۆمانی»**.[٢٩]

ئەو مامۆستا ئایینییە وتارەکەی بە وتنی چەند بارەی **«أعوذ بالله من الشیطان الرجیم»** دەسپێدەکات، بەکارهێنان و وتنی ئەم گوزارشتە بۆ بە نەفرەت کردن لە خودای ئێزدییەکان بەرمەبنای ئەو بڕوایەی، کە ئەوان شەیتان پەرستن‌و پێویستە نەفرەتیان لێبکرێت. وەکچۆن لە بڕگەیەکی دیکەی قسەکانیدا، مامۆستا ئایینییەکە دەڵێت: **«اعوذ بالله من دیانة الایزدیة، واعوذ بالله من قاسم شەشو واعوانە»، «خوایە پەنا دەگرین لەم دیانەتە خەبیس‌و پیسە، کە کاریان شەیتان پەرستی‌و شەریک بۆ خوا بڕیاردانە، ئێمە لێیان بەرین، ئەوانەشی کە هاوکاری ئەم شیتان پەرستانەن، هیچیان کەمتر نیە لەوان»**. لەم دێڕەشدا، ئەم مامۆستا ئایینییە، جەخت لەسەر شەیتان پەرستی ئێزدییەکان دەکاتەوە. لەکاتێکدا ئێزدییەکان بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەیە و فریشتەی تاوس وەک یەکێک لە فریشتەگەورەکان ناودەبەن. هەروەها ناوزەدکردنی ئایینی ئێزدی بە پیس‌و خراپ، ئاماژەی قبوڵنەکردنی ئاینەکەیان‌و ژیانکردنە لەگەڵیان، ئەمەش دەربڕینی ڕق‌و کینەیە لە دژی ئەو ئاینەو شوێنکەوتووەکانیان.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، مامۆستا ئایینییەکە، دەڵێت **«پیاوێک، خەبیسێک، شیتانێک، لەناو باوەشی موسوڵمانانادا دەڵێت: هەتاوەکو موحەمەد و دینی موحەمەد مابێت، بەڵاو موسیبەت لەسەر ئێمە کۆتایی نایەت». «دینی موحەمەد نیە وای لە تۆ کردووە، کاکی نەزان‌و جاهیل بە واقیع‌و بە دین‌و هەموو شتێک، ئەمە شیتان پەرستیەکەی خۆتە وای لێکردویت، نەک دینی موحەمەد»**.

لەم بڕگەیەدا، مامۆستا ئایینییەکە، لە دزێوکردنی ئایینی ئێزدییەوە، دێتە سەر دزێوکردن‌و بەشەیتانکردنی ئەو کەسایەتیە ئێزدییەو ئەم گوزراشتی شەیتانە لەناو ئایینی ئیسلامدا، هەمیشە ئەگەری ڕقلێبونەوەیەکی بەدوواوەیە تا ئاستی ڕەجمکردن‌و سڕینەوەی شەیتانەکە. سەرباری ئەوەش، دەیەوێت بڵێیت، ئەو کەسایەتیە ئێزدییەو ئێزدییەکان، لە چوارچێوەی ئەو شوێن‌و ڕووبەرەدا دەژین کە ئیسلام خاوەنیەتی‌و ئەوان میوانن‌و بۆیان نیە هیچ قسەیەک لەسەر ئیسلام بکەن، لەکاتێکدا شەنگال زێدی ڕاستەقینەی ئێزدییەکانەو دەیان جار ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە و لەشوێنی

خۆیان وەدەرنراون. هەروەها هۆکاری جینۆسایدەکە دەبەستێتەوە بەوەی ئەوان شەیتان دەپەرستن، وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەوایەتیدان بە تاوانەکە و لۆمەکردنی قوربانییەکان.

نموونەی سێیەم:

لە پەیجی فەیسبووکی (پیرەمەگروون پرێس) گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە ماوەکەی هەشت خولەک و ٤١ چرکەیە بەناونیشانی (بۆ ناماقوڵیەکی قاسم شەشۆ) بڵاوکراوەتەوە، کە وتارێکی مامۆستایەکی ئایینیە بەناوی (تاهیر کەلەباشی).[٣٠]

لە وتارەکەیدا، ئەو مامۆستا ئایینییە، بە (قاسم سەشۆ) دەڵێت:

«قاسم شەشۆ یەکێکە لەو بەرپرسە گەندەڵانەی کە ناوچەی شەنگالی بۆ چوار هامەر بەجێهێشت و خەڵکەکەی هەمووی دەربەدەرو ئاوارە کرد، ئێستا ئەو بەرپرسە گەندەڵە بێ ڕێزی بە پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) کردووە، هیچ ڕێزو حورمەتێکی لەناو حزب و جەماوەرو حکومەتدا نەماوە، ئەیەوێ بەو بێڕێزییە بەرامبەر پێغەمبەرمان چەورەیەک دەستبخات».

ئەم پەرەگرافە لە قسەکانی ئەو مامۆستا ئایینییە، دوو گوزراشتی هەیە، یەکەمیان ناوزڕاندنی کەسایەتی ئایینیی ئێزدی (قاسم شەشۆ)، لەڕێی تۆمەتخستنەپاڵی بە گەندەڵی و خیانەتی نیشتیمانی، لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی نەخستۆتەڕوو، ئەمەش بەپێی یاسا پەیوەندیدارەکانی کاری ڕۆژنامەوانیی، قەدەغەکراو و ڕێپێنەدراوە. هەروەها وەک کەسێکی بێ ڕێزو بێ حورمەت ناوی دەهێنێت، ئەمەش سوکایەتیکردن بە کەسایەتی ئەو کەسە. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، ئاماژەی ڕقو کین لە وتارەکەیدا بەرامبەر بەو کەسە بەڕوونی هەستیپێدەکرێت.

لەنێو وتارەکەیدا، مامۆستا ئایینییەکە، دەڵێت **«کاتێک قاسم شەشۆیەکی دۆڕاوو هەڵاتووی شەنگال تەسلیمکەر بێڕێزی بەرامبەر پێغەمبەری خوا دەکات، شەرمەزارییە بۆ یەکێتی حزبەکان نەک یەکێتی زانایان کە فزەتان لێوە نایەت، شەرمەزارییە بۆ دادگاکانی کوردستان کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرناکەنو نایهێننە سەر تەلەڤزیۆنو تا ئەو هەڵەو ناماقوڵیەی بەرامبەر بە پێغەمبەر کردویەتی پێی ڕاستبکەنەوە».**

لەم پەرەگرافەشدا، مامۆستا ئایینییەکە، ڕەخنە ئاراستەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەکات و بە شەرمەزار وەسفیان دەکات و داوای هەڵوێست وەرگرتنو تورەبوونیان لەو کەسایەتیەی پێکهاتەی ئێزدی دەکات، لەکاتێکدا ئەو یەکێتیە جەخت لەسەر پێکەوەژیانی نێوان ئاینو ئاینزاکان دەکاتەوە. هەروەها ئەو مامۆستا ئاینییە داوا دەکات؛ دادگاکان فەرمانی دەستگیرکردن بۆ قاسم شەشۆ دەربکەن و لەسەر تەلەڤیزیۆن پەشیمانی بکەنەوە، لەکاتێکدا ئەمە ڕێوشیوێنی یاسایی خۆی هەیە و کاری دادگا نیە، خەڵک بخاتە سەر تەلەڤزیۆن و پەشیمانی و ئەستۆپاکی پێ بکات.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەگشتی ئەم تێڕوانینەی ئەم مامۆستا ئاینییە، کە بە هەڵچوون و تووڕەبوونێکی نائاسایی دەریدەبڕێت لە دژی کەسایەتیەکی ئێزدی، جگە لە ڕق و کینەو ڕقکردنی خەڵکی موسڵمان، هیچ ئاماژەیەکی دیکە هەڵناگرێت.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، مامۆستا ئاینییەکە، دەڵێت «**ئێمە وەکو موسڵمانانی کوردستان داوامان لە قاسم شەشۆ هەیە، کە لانی هەرە کەم بێتە سەر تەلەڤزیۆن و بە ڕاشکاوی بڵێت: من بێ ئەدەبیم بەرامبەر گەورەترین پێغەمبەر کردوە و داوای لێبوردن لە یەکە بە یەکەی موسڵمانانی ئەم کوردستانە دەکەم**». ئەمەش بە ڕوونی دیارە کە ئاماژەی هەڕەشەکردنە و دەربڕینی ڕق و کینەیە بەرامبەر بەو کەسایەتیە ئێزدییە.

سەرباری ئەوانەش، ئەو مامۆستا ئاینییە چەند جارێک، هێرشی توند دەکاتە سەرحکومەت و حزبە دەسەلاتدارەکان بە دزو گەندەڵو دۆڕاو پشتگیریکەر لە قاسم شەشۆ ناوزەدیان دەکات. تەواوی قسەکانیش بۆ هاندانی ئەو لایەنانەیە کە سزای ئەو کەسایەتیە ئێزدییە بدەن و ئەمەش جگ لە ڕق و توندوتیژی هیچ ئاماژەیەکی دیکە هەڵناگرێت. جگە لە ئاماژەکردن بە فەرموودەی پێغەمبەر وەک بەڵگەو پاساوهێنانەوە بۆ قسەو دەربڕینە توندەکانی.

نموونەی چوارەم:

پەیجی ماڵپەڕی «**چاکسازی**» لە تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوک، گرتەی ڤیدیۆیی وتاری مامۆستا سەرهەد خەلیفانی بلاوکردووەتەوە. گرتەکە ٦:٤٠ چرکەیە. تێیدا ئەو مامۆستا ئایینیە دەڵێت: «**کەسێکی هەر بالای ئێزدییەکان دەمدرێژی دەکات، ئێمە بەلامانەوە سەیر نیە، چونکە پێغەمبەری خاتەم، بەو پەیامەی هاتووە، نوور و ڕووناکی پێیە... هەمیشە شەمشەمەکوێرەکان قەڵسن بەرامبەر بە ڕووناکی،...**».

لێرەدا مامۆستا ئایینییەکە، قاسم شەشۆ بە شەمشەمەکوێرە دەچوێنێت و هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤبوونی لێ دادەڕنێ. وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوەی هیچ بەهایەک بۆ خوێنی دانەنرێت.

لە بڕگەیەکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت: «**ڕەبولعالەمین دەفەرموێت شوێن و جێگایان دۆزەخە**»، **هەروەها فەرموودەیەکیش بە بەڵگە دەهێنێتەوە، کە پەروەردگار ترس و بیم دەخاتە دڵی هاوبەشدانەرانەوە بە ئەندازەی یەک مانگ ڕێگە**». لەم بڕگەیەدا، حوکمی ئایینی لە بارەی قاسم شەشۆ و ئێزدییەکان دەخاتەڕوو، کە دۆزەخە و هۆکاری قسەکانی قاسم شەشۆش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە ترسیان لە پێغەمبەر و ئیسلام هەیە.

ئەو مامۆستا ئایینە دەشڵێت: «**کەسێک هێرش بکاتە سەر پێغەمبەری خاتەم، ئێمە گیانمان و ژیانمان بە قوربانی پێغەمبەر دەکەین و هێڵی سوورە و لە ماڵمان و گیانمان و ولاتمان لەپێشترە**». ئەمەش جۆرێکە لە ئامادەکاری بۆ تووڕەکردنی وەرگران.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

دواتر دەڵێت: «**هەندێک کەس دەڵێن ئێمە هەقمان چیە، خوا ساحێبی ئەم دینەیە، جا گێلێکی وەک تۆ کە ئەم قسانە دەکەیت، حەیف نیە موسڵمان بیت، تۆ چ موسڵمانێکی ئەگەر چاوت سوور نەبێتەوە و هەڵوێستێکت نەبێ، بێکەڵکێکی وەک تۆ موسڵمان بیت یان نەبی چ لە وەزعەکە دەگۆڕێت... لەسەر ماڵ و ئۆتۆمبێل و جلوبەرگت و عەشیرەتت قسەیەک بکرێت تورە دەبی، ئەوەندەی لە خەمی خۆتی ئەوەندە لە خەمی ئەم دینە و پێغەمبەرەکەت نیت**». لێرەدا مامۆستاکە بە ڕاوەشاندنی پەنجەی هەڕەشە و دەست هانی موسڵمانان دەدات، تورە بن و لەسەر پێغەمبەر و ئایینەکەیان بەدەنگ بێت، وەک ئەوەی دەڵێ «**ئەگەر لای هەندێک کەس شەیتان هێڵی سوور بێت، ئەوا لای ئێمە هەموو موسڵمانێکی دامەزراو هێڵی سوورە**».

دەرئەنجام

* گوتاری ڕق و کینە بە شێوەیەکی بەرچاو لەو وتارە ئایینیانە بەرجەستە بووە، کە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی وتاری کەسایەتییەکی ئێزدی بڵاوکراونەتەوە.

* تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی فەیسبوک بەکارهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە.

* گوتاری ڕق و کینە، پشتی بە دەقە ئایینییەکان بەستووە بۆ تەکفیرکردن و زەمینەسازی بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی پێکهاتەی ئێزدی.

* جوێن، سوکایەتی، ناوزڕاندن، حوکمدانی ئایینی لە سەر مینبەرەکان و لە ڕێگەی وتارە ئایینییەکانەوە بۆ شکاندنی ئێزدییەکان بە گشتیی بەکارهێنراوە.

* لە ڕێی وتارە ئایینییەکانەوە داوا لە موسڵمانان کراوە، تووڕە بن و هەڵوێست و کاردانەوە بنوێنن بەرامبەر بەوانەی هێرش دەکەنە سەر پیرۆزییەکانی ئیسلام، بە تایبەتی ئێزدییەکان.

* ئێزدییەکان بە موشریک (هاوبەش دانەر بۆ خودا) و شەیتان پەرست، وێناکراون و هەموو جۆرە دۆستایەتییەک لەگەڵیان قەدەغە کراوە.

ڕاسپاردەکان

* ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نیشتمانیی بۆ ڕێگرتن لە گوتاری ڕق و کینە، ڕێکارێکی پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەکی گشتیی لە بارەی مەترسییەکانی ئەو گوتارە و چۆنێتی خۆپاراستن لێی.

* دۆزینەوەی ڕێکارێکی یاسایی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە و سڕینەوەی ئەو بابەتانەی دەچنە خانەی گوتاری ڕق و کینەوە.

* بەهێزکردنی بنەما پیشەییەیی و ئیتیکییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتیی و پابەندکردنیان بە بڵاونەکردنەوەی هیچ جۆرە گوتارێک کە هەڵگری مۆرکی ڕقو کینە بێت.

پێشنیاز

* مۆرکەکانی گوتاری ڕقو کینە و چۆنێتی مامەڵەی یاسایی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو گوتارە لە میدیا و سۆشیالمیدیادا.

* لێکەوتەکانی گوتاری ڕقو کینە لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و ئاسایشی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ناو هەریەک لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

* کاریگەری وتاری ڕقو کینەی ئایینی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

پەراوێزەکان:

– اغينيو كاكايـاردون، دانيت كال، و اخـرون، مكافحـة خطـاب الكراهيـة فـي الانترنـت، سلسـة اليونسـكو حـول حريـة الانترنـت، اليونسـكو 2015، ص 10.

2 – وسام بشار عبد فرج، جرائم الكراهية، دراسة مقارنة فى القوانين الوطنية والدولية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية القانون، 2015، ص25.

3 – دوللي الصراف، خطاب الكراهية عبر مواقع التواصل الاجتماعي: سبل المكافحة، ورقة تحليل سياسات أمنية، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، ص 5.

4 – الأمم المتحدة، المستهدفين بخطاب الكراهية، https://www.un.org/ar/hate-speech/impact-and-prevention/targets-of-hate

5 – الناصر عمارة، خطاب الكراهية: التحديات وسبل المواجهة، (Istanbul Journal of Arabic Studies)، Volume 4، Issue 1، 2021، p36.

– Stavos Assimakoponlos, Fabienne baider, Sharon Millar, Online hate speech in the European Union, A discourse- Analytic perspective, Switzerland: Springer, 2017, p. 4.

6 – أسما قنديل، آليات التصدي لخطاب الكراهية في وسائل الإعلام، تاريخ النشر 9 ابريل 2024، تاريخ الزيارة 20 اوكتوبر 2024، شبكة الصحفيين الدوليين، https://2u.pw/Zp4Asx5Q

7 – kaiciid، كيفية تحليل خطاب الكراهية ورصده، تاريخ النشر 18 ابريل 2021، تاريخ الزيارة 20 اوكتوبر 2024، https://2u.pw/fIElMVaf

8 – نون وشين، كيف نرصد خطاب الكراهية ونتصدى له؟، تاريخ النشر 12 يوليو 2024، تاريخ الزيارة 20 اوكتوبر 2024، https://noonwashin.com/Hatespeech

9 - kaiciid، كيفية تحليل خطاب الكراهية ورصده، تاريخ النشر 18 ابريل 2021، تاريخ الزيارة 20 اوكتوبر 2024، https://2u.pw/fIElMVaf

10 - أنتونيلا بيرينيو أن بلوين, ريجا ويس، جوناثان برايت، وثيقة العمل، معالجة حطاب الكراهية علي وسائيل التواصل الاجتماعي: التحديات المعاصرة، منظمة الأمم المتحدة للتربية والعلم والثقافة، باريس، 2022، ص 7.

11 - دوللي الصراف، خطاب الكراهية عبر مواقع التواصل الاجتماعي: سبل المكافحة، ورقة تحليل سياسات أمنية، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، ص 12-11.

12 - هيومان رايتس وتش، العراق: الاقتتال السياسي يعرقل إعادة إعمار سنجار، تاريخ النشر 6 حزيران 2023، تاريخ الزيارة 20 تشرين الأول 2024، https://www.hrw.org/ar/news/2023/06/06/iraq-political-infighting-blocking-reconstruction-sinjar

13 - PUK media، وزيرة الهجرة: منع دخول موظفينا الى مخيمات النازحين في أربيل ودهوك مستمر، تاريخ النشر 23 حزيران 2024، تاريخ الزيارة 20 تشرين الاول 2024، https://www.pukmedia.com/AR/Details/181157

14 - وكالة أنباء العالم العربي، وزيرة الهجرة العراقية لـAWP: حكومة أربيل تستغل ملف النازحين بشكل "غير لائق وغير إنساني"، تاريخ النشر 16 فبراير 2024، تاريخ الزيارة 25 تشرين الاول 2024، https://awp.net/ar/stories/wzyrt-alhjrt-aleraqyt-l-awp-hkw-mt-arbyl-tstghl-mlf-alnazhyn-bshkl-ghyr-layq-wghyr-insany/

15 - كوردستان24، ريبر أحمد: سيعاد النظر في قرارات بغداد بشأن إغلاق مخيمات النازحين بالإقليم، تاريخ النشر 8 تموز 2024، تاريخ الزيارة 25 تشرين الاول 2024، https://www.kurdistan24.net/ar/story/330449

16 - هندرين مكي، الهجرة: منحة الـ4 ملايين ستشمل جميع العوائل العائدة من المخيمات، تاريخ النشر، 17 اذار 2024، تاريخ الزيارة 25 تشرين الاول 2024، https://www.ina.iq/205181--4-.html

17 - بەڵگە، پەیج لە فەیسبووک، قاسم شەشۆ،فەرماندەی هێزەکانی پارتی لە شەنگال:هەتا موحەمەد پەیامبەری ئیسلام مابێت،لەناوبردنی ئێزیدی کۆتایی نایەت،چونکە دوژمنی دینی ئێمەیە، کاتی بڵاوکردنەوە 6ی ئابی 2024، https://www.facebook.com/reel/293493263852686

18 -خابیر، فراکسیۆنی یەکگرتوو سکاڵای لە دژی قاسم شەشۆ تۆمارکرد، کاتی بڵاوکردنەوە 7ی ئابی 2024، کاتی سەردان 27ی تشرینی یەکەمی 2024، https://2u.pw/Ykjih3wc

19 . کوردستان24،لە دادگای دهۆک سکاڵا لە دژی قاسم شەشۆ کرا بەهۆی ئەوەی "بێڕێزی" بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) کردووە، کاتی بڵاوکردنەوەی 6ی ئابی 2024، سەردان 26ی تشرینی یەکەمی 2024، https://www.facebook.com/watch/?v=1891760201299202&_rdc=1&_rdr

20 - رووداو، حەیدەر شەشۆ دەڵێت، ئەو ڤیدیۆیەی قاسم شەشۆ لەسەر پەیامبەری ئیسلام (د.خ) بڵاوکراوەتەوە 'راستە، بەڵام داوای لێبووردن ناکەین چونکە راستیمان گوتووە و بەهەڵە

لێکدراوەتەوە'، کاتی بڵاوکردنەوە 6ـی ئابی 2024، کاتی سەردان 27ی تشرینی یەکەمی 2024، https://2u.pw/5ZislGn0

21 - بی بی سی، من هم الإيزيديون؟ تاريخ النشر 8 اب 2024، تاريخ الزيارة 27 تشرين الاول 2024، https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/08/140808_who_are_yazidis

22 - بتريكور، تحذير خطير، تاريخ النشر 6 اب 2024، صفحة رسمية للمنظمة، https://www.facebook.com/PETRICHOR.ORG/posts/pfbid08LiSEnEQdayC-NcLgXnHzLhmVJ2Gp1j6qJdDM6cc3kFAC182LD6rJjSffaXVapZ14l

23 - ضياء عودة، "زوبعة منظمة" تدفع عائلات إيزيدية للفرار من كردستان العراق، الحرة، تاريخ النشر 09 أغسطس 2024، تاريخ الزيارة 27 تشرين الاول 2024، https://2u.pw/VtLTVyrh

24 - بڕوانە ئەم بەستەرانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک: پەیجی وتارەکانی مامۆستا مسعود کانی کوردەیی، ڕۆژی بڵاوکردنەوەی 10ی ئابی 2024، پۆستەکە 2800 لایک و 263 کۆمێنت و 140 هەزار جار بینراوە. https://www.facebook.com/61555521797677/videos/878017067524935

هەروەها بڕوانە بەستەری پەیجی ئاسمان ئێچ دی، ڕۆژی بڵاوکردنەوەی 10ی ئابی 2024، پۆستەکە 1000 لایک و 100 کۆمێنت و 15 جار شێرکراوە https://2u.pw/EDCsOAAD.

25 - شاکار چۆمانی، ئەکاونت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، مێژووی بڵاوکردنەوەی 11ـی ئابی 2024، https://web.facebook.com/61553624676485/videos/1180642216510850/

26 - پیرەمەگرون پۆست، پەیج، (مامۆستا تاهیر کەلەباشی بۆ ناماقوڵیەکەی قاسم شەشۆ) مێژووی بڵاوکردنەوەی 9ـی ئابی 2024، https://2u.pw/DTfnbfLF

سەرچاوەکان

کوردی، توێژینەوە:

١- د.بەهات حەسیب قەرەداغی، ئاسۆ قادر شێخ محەمەد، تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا (توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک)، لە گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

کوردی، وێبسایت و سۆشیالمیدیا:

١- بەڵگە، پەیج لە فەیسبووک، قاسم شەشۆ،فەرماندەی هێزەکانی پارتی لە شەنگال:هەتا

موحەمەد پەیامبەری ئیسلام مابێت،لەناوبردنی ئێزیدی کۆتایی نایەت،چونکە دوژمنی دینی ئێمەیە، کاتی بڵاوکردنەوە ٦ی ئابی ٢٠٢٤، https://www.facebook.com/ reel/٢٩٣٤٩٣٢٦٣٨٥٢٦٨٦

٢- خابیر، فراکسیۆنی یەکگرتوو سکاڵای لە دژی قاسم شەشۆ تۆمارکرد، کاتی بڵاوکردنەوە ٧ی ئابی ٢٠٢٤، کاتی سەردان ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، https://u٢. pw/Ykjih٣wc

٣- کوردستان٢٤،لە دادگای دهۆک سکاڵا لە دژی قاسم شەشۆ کرا بەهۆی ئەوەی «بێرێزی» بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) کردووە، کاتی بڵاوکردنەوەی ٦ی ئابی ٢٠٢٤، سەردان ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، https://www.facebook.com/ v?/watch=٢٠٢٩٩٢١٠٢٠٦٧١٩٨١&rdc_=١&rdr_

٤- رووداو، حەیدەر شەشۆ دەڵێت، ئەو ڤیدیۆیەی قاسم شەشۆ لەسەر پەیامبەری ئیسلام (د.خ) بڵاوکراوەتەوە ‹راستە، بەڵام داوای لێبووردن ناکەین چونکە راستیمان گوتووە و بەهەڵە لێکدراوەتەوە›، کاتی بڵاوکردنەوە ٦ی ئابی ٢٠٢٤، کاتی سەردان ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، https://pw.u٢/٠ZislGn٥

٥- پەیجی وتارەکانی مامۆستا مسعود کانی کوردەیی، ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ١٠ی ئابی ٢٠٢٤، پۆستەکە ٢٨٠٠ لایک و ٢٦٣ کۆمێنت و ١٤٠ هەزار جار بینراوە. https://www. facebook.com/٦١٥٥٥٥٢١٧٩٧٦٧٧/videos/٨٧٨٠١٧٠٦٧٥٢٤٩٣٥

٦- پەیجی ئاسمان ئێچ دی، ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ١٠ی ئابی ٢٠٢٤، پۆستەکە ١٠٠٠ لایک و ١٠٠ کۆمێنت و ١٥ جار شێرکراوە https://u٢.pw/EDCsOAAD.

٧- شاکار چۆمانی، ئەکاونت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، مێژووی بڵاوکردنەوەی ١١ـی ئابی ٢٠٢٤،

https://web.facebook.com/٦١٥٥٣٦٢٤٦٧٦٤٨٥/videos/١١٨٠٦٤٢٢١٦٥١٠٨٥٠/

٨- پیرەمەگرون پۆست، پەیج، (مامۆستا تاهیر کەلەباشی بۆ ناماقوڵیەکەی قاسم شەشۆ) مێژووی بڵاوکردنەوەی ٩ـی ئابی ٢٠٢٤، https://u٢.pw/DTfnbfLF

عەرەبی، توێژینەوە:

١- د. بان حكمت عبدالكريم، خطاب الكراهية عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثره في جرائم العنف، مجلة كلية التراث الجامعة، العدد الخامس والثلاثون، ١، ٢٠٢٣، ص ٦٦٧ – ٦٨٤.

٢- حسو هورمى، معالجة خطابات الكراهية – رؤية أيزيدية، ورقة بحثية، مقدمة للمؤتمر (في مواجهة خطابات الكراهية في العراق)، بتاريخ ٣٠،١،٢٠١٦.

٣- اغينيو كاكاياردون، دانيت كال، و اخرون، مكافحة خطاب الكراهية في الانترنت، سلسة اليونسكو حول حرية الانترنت، اليونسكو ٢٠١٥، ص ١٠.

٤- وسـام بشـار عبـد فـرج، جرائـم الكراهيـة، دراسـة مقارنـة فـى القوانيـن الوطنيـة والدوليـة، رسـالة ماجسـتير، جامعـة بغـداد، كليـة القانـون، ٢٠١٥، ص٢٥.

٥- دوللـي الصـراف، خطـاب الكراهيـة عبـر مواقـع التواصـل الاجتماعـي: سـبل المكافحـة، ورقـة تحليـل سياسـات أمنيـة، جامعـة نايـف العربيـة للعلـوم الأمنيـة، ص ٥.

٦- الناصر عمارة، خطاب الكراهية: التحديات وسبل المواجهة،
(Istanbul Journal of Arabic Studies)، Volume 4، Issue 1، 2021، p36.

٧- أنتونيـلا بيرينيـو أن بلويـن، ريجـا ويـس، جوناثـان برايـت، وثيقـة العمـل، معالجـة حطـاب الكراهيـة علـي وسـائيل التواصـل الاجتماعـي: التحديـات المعاصـرة، منظمـة الأمـم المتحـدة للتربيـة والعلـم والثقافـة، باريـس، ٢٠٢٢، ص ٧.

عەرەبی، وێبسایت:

١- أسـما قنديـل، آليـات التصـدي لخطـاب الكراهيـة فـي وسـائل الإعـلام، تاريـخ النشـر ٩ ابريـل ٢٠٢٤، تاريـخ الزيـارة ٢٠ اوكتوبـر ٢٠٢٤، شـبكة الصحفييـن الدولييـن،
https://2u.pw/Zp4Asx5Q

٢- الأمـم المتحـدة، المسـتهدفين بخطـاب الكراهيـة، https://www.un.org/ar/hate-speech/impact-and-prevention/targets-of-hate

٣- kaiciid، كيفيـة تحليـل خطـاب الكراهيـة ورصـده، تاريـخ النشـر ١٨ ابريـل ٢٠٢١، تاريـخ الزيـارة ٢٠ اوكتوبـر ٢٠٢٤،
https://2u.pw/fIEIMVaf

٤- نـون وشـين، كيـف نرصـد خطـاب الكراهيـة ونتصـدى لـه؟، تاريـخ النشـر ١٢ يوليـو ٢٠٢٤، تاريـخ الزيـارة ٢٠ اوكتوبر ٢٠٢٤، https://noonwashin.com/Hatespeech

٥- هيومـان رايتـس وتـش، العـراق: الاقتتـال السياسـي يعرقـل إعـادة إعمـار سـنجار، تاريـخ النشـر ٦ حزيـران ٢٠٢٣، تاريـخ الزيـارة ٢٠ تشـرين الأول ٢٠٢٤،
https://www.hrw.org/ar/news/2023/06/06/iraq-political-infighting-blocking-reconstruction-sinjar

٦- PUK media، وزيـرة الهجـرة: منـع دخـول موظفينـا الـى مخيمـات النازحيـن فـي أربيـل ودهـوک مسـتمر، تاريـخ النشـر ٢٣ حزيـران ٢٠٢٤، تاريـخ الزيـارة ٢٠ تشـرين الاول ٢٠٢٤،
https://www.pukmedia.com/AR/Details/181157

٧- وكالـة أنبـاء العالـم العربـي، وزيـرة الهجـرة العراقيـة لـAWP: حكومـة أربيـل تسـتغل ملـف النازحيـن بشـكل «غيـر لائـق وغيـر إنسـاني»، تاريـخ النشـر ١٦ فبرايـر ٢٠٢٤، تاريـخ الزيـارة

٢٥ تشرين الاول ٢٠٢٤،

https://awp.net/ar/stories/wzyrt-alhjrt-aleraqyt-l-awp-hkwmt-arbyl-tstghl-mlf-alnazhyn-bshkl-ghyr-layq-wghyr-insany/

٨- كوردستان٢٤، ريبر أحمد: سيعاد النظر في قرارات بغداد بشأن إغلاق مخيمات النازحين بالإقليم، تاريخ النشر ٨ تموز ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٥ تشرين الاول ٢٠٢٤،

https://www.kurdistan24.net/ar/story/330449

٩- هندرين مكي، الهجرة: منحة الـ٤ ملايين ستشمل جميع العوائل العائدة من المخيمات، تاريخ النشر، ١٧ اذار ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٥ تشرين الاول ٢٠٢٤،

https://www.ina.iq/205181--4-.html

١٠- بی بی سی، من هم الإيزيديون؟ تاريخ النشر ٨ اب ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٧ تشرين الاول ٢٠٢٤،

https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/08/140808_who_are_yazidis

١١- بتريكور، تحذير خطير، تاريخ النشر ٦ اب ٢٠٢٤، صفحة رسمية للمنظمة،

https://www.facebook.com/PETRICHOR.ORG/posts/pfbid08LiSEnEQdayCNcLgXnHzLhmVJ2Gp1j6qJdDM6cc3kFAC182LD6rJjSffaXVapZ14l

١٢- ضياء عودة، «زوبعة منظمة» تدفع عائلات إيزيدية للفرار من كردستان العراق، الحرة، تاريخ النشر ٠٩ أغسطس ٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٧ تشرين الاول ٢٠٢٤،

https://2u.pw/VtLTVyrh

ئینگلیزی:

Stavos Assimakoponlos, Fabienn baider, Sharon Millar, Online hate speech in the European Union, A discourse- Analytic perspective, Switzerland: Springer, 2017, p. 4.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان

د. ئەرکان ڕەئوف عەزیز
مامۆستای لە بەشی تەکنیکی میدیایی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
arkan.rauf@spu.edu.iq

م.ڕۆژان سیفور اسکندر
مامۆستای لە بەشی تەکنیکی میدیایی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
rozhan.saifur@spu.edu.iq

م.ی.بەناز احمد محمد
مامۆستای لە بەشی تەکنیکی میدیایی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
banaz.raza@spu.edu.iq

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری سەبارەت بە پرسی جینۆساید، بەمەبەستی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕۆڵی لە پەروەردەی دیجیتاڵی وەک ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجان. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و فۆڕی ڕاپێوی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان تێیدا بەکارهاتووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە؛ زانینی ئاستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر پرسی جینۆساید لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن گەنجانەوە، هەروەها ڕێژەی تەماشاکردنی گەنجان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان. لە ئەنجامدا توێژینەوەکە بەوە گەیشتووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەک ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیاری لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان هەیە، هەروەها بەرتوێژان زانیاری قوڵیان لەسەر پرسی جینۆساید نییە، بەڵکو بە ڕێژەیەکی مام ناوەند زانیارییان لەسەر تاوانی جینۆساید گەلی کوردستان هەیە، ئەوەش بەهۆکاری ئەوە کە بەڕێژەی مام ناوەند تەماشای ئەو بابەتانەی دەربارەی جینۆسایدی گەلی کوردستانن دەکەن.

وشەکلیلییەکان: ڕۆڵ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هۆشیارکردنەوە، گەنجان، جینۆساید، جینۆسایدی گەلی کوردستان

پێشەکی

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەک ئامرازێکـی کاریگـەری پەیوەندیکـردن بـۆ چەندیـن مەبەسـتی جیاواز بەکاردێن. لەوانـەش گەیاندن و بڵاوکردنـەوەی زانیارییـە لەسـەر بابەتـە جیاوازەکانی ڕۆژ و بابەتی پەیوەندیدار بە مێژووی نەتـەوەکان و ناساندنیان بە نـەوەی نـوێ و گەنجـان، کـە زۆرتریـن بەکارهێنـەری تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـن. لـە ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتانیش گەنجـان لـە ئاسـتێکی زۆردا بەکارهێنـەری تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان، لـە ڕێگـەی پێگـە جیاوازەکانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە بابەتەکانی پەیوەندیدار بـە مێژوو، قارەمانێتی گەلـی کوردسـتان و ئـەو نەهامەتییانـەی بەسـەر ئـەم گەلـی کوردسـتانداتووە بەرچاویـان دەکەوێـت، بـەو هۆیەشـەوە زانیـاری و ئاسـتی هۆشـیارییانی پـێ بەرزدەبێتـەوە.

پرسـی جینۆسـایدی گەلـی کوردسـتان وەک تاوانێکـی پـلان بۆدارێـژراو و مەترسـیدارە بـۆ سـڕینەوەوەی نەتەوەیـەک و بابەتێکـی مێژووییـە و پێویسـتی بەوەیـە لـە هەمـوو قۆناغـە مێژوویەکانـدا، نـەوە بـۆ دوای نـەوە ئـەم تاوانانـەی ڕژێمـە یـەک لەدوایەکـەکان بەرامبـەر گەلـی کوردسـتان ئەنجامیانـداوە، بگێڕدرێنـەوە بە گەنجـان و نـەوەکان بناسـێنرێت لـە ڕێگـەی ئامـرازە جیاوازەکانـی پەیوەندیـی کـردن. یەکێـک لـەو ئامرازانـەش کـە دەکرێـت بەکاربهێنرێـت و سـودی لێوەربگیرێـت بـۆ هۆشـیارکردنەوەی گەنجـان لەسـەر تاوانەکانـی جینۆسـاید تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـن. کـە ئامرازێکـی کاریگـەرن و ژمارەیەکـی زۆری گەنجـان ڕۆژانـە بـۆ چەنـد کاتژمێرێـک ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـە بەکاردەهێنـن. بۆیـە لـەم توێژینەوەیەدا توێژەران دەکۆڵنـەوە لـە ڕادەی گرنگیدانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە بابەتەکانـی جینۆسـایدی گەلـی کوردسـتان کـە یەکێکـە لـە قورسـترین ئـەو تاوانانـەی دەرهـەق بـە گەلـی کوردسـتان کـراوە و زانینـی ڕۆڵـی ئـەم تۆڕانـە لـە پێدانـی زانیـاری و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی گەنجـان.

بەشی یەکەم: میتۆدنامە

١. کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

کێشـەی توێژینـەوە بەشـێوەیەک دادەڕێژرێـت کـە تێروانینێکـی روون دەدات بـە بارودۆخێکـی تەمومـژاوی یـان پرسـیارێک کـە لـە مێشـک و هـزری توێژەردایـە، ئـەوەش لـە هەوڵـی دۆزینـەوەی چارەسـەر یـان وەڵامێکـی گونجـاو بـۆ کێشـەکە (المشـهدانی، ٢٠١٧). بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە لـە هەوڵـی وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە سـەرەکییەدایە کـە (ئایـا تـا چەنـد تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ڕۆڵیـان لـە هۆشـیارکردنەوەی گەنجـان سـەبارەت بـە پرسـی جینۆسـایدی گەلـی کوردسـتان هەیـە؟).

بـۆ وەرگرتنـی وەڵامـی گونجـاو و ڕوونکردنـەوەی زیاتـر لـە بـارەی کێشـەی توێژینەوەکـە

چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخرێتەڕوو:

١. گەنجان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاچەند تەماشای ئەو بابەتانە دەکەن کە دەربارەی جینۆسایدی گەلی کوردستانن؟

٢. گەنجان، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاچەند زانیارییان دەربارەی جینۆسایدی گەلی کوردستان وەرگرتووە؟

٢. بایەخی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی ئەو دیاردانەی دەوریان داوین و کاردەکات بۆ شیکردنەوەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە جیاوازەکان کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکان بۆ جێبەجێکردن و سودوەرگرتن لە ژیانی ڕۆژانەمان دەدات (القماري, ٢٠١٩).

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەوە دەردەکەوێت کە جینۆسایدی گەلی کوردستان پرسێکی گرنگە و پێویستە تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان هۆشیارییان هەبێت سەبارەت بەم پرسە و گەنجانیش وەک تاکی ئەم کۆمەڵگەیە پێویستە زانیاری تەواویان هەبێت لەبارەیەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لایەنە جیاوازەکانی وەک دامەزراوە حکومییەکان، دامەزراوە میدیاییەکان و فیگەرو سلێبریتییەکان بۆئەوەی لە پێگەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدار بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان بدەن بە شێوەیەک ئەم پرسە گرنگە لە هزری گەنجانی کوردستاندا بمێنێتەوە و بە دونیای دەرەوەش بناسێنرێت.

٣. ئامانجی توێژینەوەکە:

لە ڕوانگەی کێشە و بایەخی توێژینەوەکە توێژەران چەند ئامانجێکی توێژینەوەکە دیاریدەکەن کە بریتین لە:

١. زانینی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

٢. زانینی ئاستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر پرسی جینۆساید لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە لایەن گەنجانەوە.

٣. زانینی ڕێژەی تەماشاکردنی گەنجان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستانەوە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٤. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی (وەسـفی)یە لـە مۆدێلـی توێژینـەوە چەندایەتییەکانـە، داتـاکان بەهـۆی فۆڕمـی ڕاپێوییـەوە کۆکراونەتـەوە بـۆ زانینـی تێڕوانینـی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە و وەڵامـدەرەوەی پرسـیارەکان.

٥. کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە

کۆمەڵگە نمایشی چین یان توێژێکی کۆمەڵ دەکات، کە توێژەر سامپڵی لێوەردەگرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کاری بۆکردووە و دەستکەوتنی ئەنجامێکی زانستی (تاڵەبانی, ٢٠٢٣, p. ١٢٧). بۆ ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی قۆناغەکانی(٤،٣،٢)ی

بەشـی تەکنیکـی میدیا لـە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بـۆ سـاڵی خوێندنـی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) وەک سـامپڵی ئـەم توێژینەوەیـە هەڵبژێـردراون. ئەوەش لەبەرئەوە کە بە پێی زۆرینەی توێژینەوەکانیش زۆرینەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان گەنجانـن و ئەوانـەن کـە خوێنـدکاری زانکـۆن، بڕوانـە (حسـنی, ١٣٩٤) (Izabela Warwas, ٢٠٢١)، (Saleh, ٢٠١٨).

لـەم توێژینەوەیـەدا فۆڕمـی ڕاپێـوی بەکارهێنـراوە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان و توێژەران نموونەگرتنی مەبەسـتداریان وەک تەکنیکـی وەرگرتنـی سـامپڵەکان بەکارهێناوە.

٦. ڕاستی و جێگیریی توێژینەوەکە

ڕاستیی ڕواڵەتی: توێژەران بۆ ئامڕازی توێژینەوەکە کاریان لەسـەر ڕاستیی ڕواڵەتی کـردووە، بەشـێوەیەک دوای فۆڕمـی سـەرەتایی ڕاپێوییەکـە، بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی نـاوەڕۆک و بڕگـەکان، فۆڕمەکەیـان ئاڕاسـتەی چەنـد پسـپۆڕێک کـرد، پـاش گەڕانـەوەی فۆڕمـەکان و کارکردن بە تێبینییەکانی پسپۆڕان، زۆربـەی تێبینی و سـەرنجەکان بەهەند وەرگیـرا و گۆڕانـکاری لـە فۆرمەکانـدا کـرا. بـەم شـێوەیە فۆڕمەکـە شـێوەی کۆتایـی وەرگـرت. ئـەوەش لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە هاوکێشـەی ڕاسـتیی ڕواڵـەت بریتییـە لـە : بڕگـە ڕاسـتەکان/کۆی بڕگـەکان×١٠٠. بـەو پێیـەش ڕاسـتیی ئـەم توێژینەوەیـە دەکاتـە (٩٧,٨٧٪) کـە ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ بـەرزی دروسـتیی ئامـڕازی توێژینەوەکـە.

جێگیـری توێژینـەوە: بـۆ دڵنیابـوون لـە جێگیـری، توێـژەران چەنـد فۆڕمێکیـان بەسـەر ٢٠٪ی خوێنـدکار لـە سـامپڵی توێژینەوەکـە دابەشـکرد، پـاش ماوەیـەک هەمـان ڕێژەیـان بەسـەر هەمـان ئـەو کەسـانەدا دابەشـکردەوە، بۆیـان دەرکـەوت کـە ئەنجامـەکان لەیەکـەوە نزیـک بـوون، بـەوەش دڵنیـا بوونـەوە لـە جێگیـری وەڵامـەکان.

٧. سنوری توێژینەوەکە

- **بواری شوێن:** هەرێمی کوردستان- پارێزگای سلێمانی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
- **بواری بابەت:** پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
- **بواری کات:** ٢٠٢٤/٩/٢-٢٠٢٤/١٠/٣١

بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

پێناسەی چەمکەکان:

رۆڵ: بریتییە لە لێکەوتەکانی چالاکییەک یان کۆمەڵە رەفتارێک لەسەر پرۆسەیەک کە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە لێکەوتەکانی جیاواز دەبێت (عەزیز, ٢٠٢٤). لەم توێژینەوەیەدا رۆڵ بریتییە لەو لێکەوتانەی کە بابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک چالاکییەک یان رەفتارێک لەسەر گەنجان بەجێی دەهێڵێت.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: کۆمەڵێک ماڵپەڕی کارلێکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات، لاپەڕەیەک لەنێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنی دیاریکراودا بکەنەوە لەڕێگەی بۆشاییەکی گریمانەی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و تاکەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کۆببنەوە (منصور, ٢٥ و ٢٦ أكتوبر ٢٠٢٢). ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە سەکۆیەک بۆ گفتوگۆ و بەستنەوەی تۆڕەکان و لەو ڕێگەیەشەوە تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە جۆرێک ڕێگە بە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان دەدات بە دروست بوونی هەڵوێستی تایبەت بە خێرایی و پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی کاریگەر (المقداد, ٢٠١١).

گەنج: مەبەست لە گەنجانە لە هەرێمی کوردستان و لە هەردوو ڕەگەز، کە تەمەنیان لەنێوان (١٦-٤٠) ساڵیدایە و بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن (گەلاڵی, ٢٠٢٣).

جینۆساید: بریتییە لە کارێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوە، ئایین، گروپە ڕەگەزی و نەژادییەکان (غەفور, ٢٠٢٤)

جینۆسایدی گەلی کوردستان: تاوانێکی دژە مرۆڤایەتییە بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدراوە، بە مەبەستی قڕکردن و فەوتاندن و بێبەشکردنیان لە ژیان لە ڕێگەی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و کۆسپ و بەربەست خستنەسەر ڕێگەیان بە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ژیان و گوزەرانیان و لە ناوبردنی زمان و کلتورو نەتەوەیان. لەم توێژینەوەیەدا ئەو تاوانانە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت کە لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست ویەک بەرامبەر گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ئەنجام دراون.

هۆشیاریی: مەبەست لێی ڕۆشنبیریی و زانیین و زانیاری و ئاگایی پێویست سەبارەت بە بابەت و دۆزە جیاوازەکان (رەشید، ٢٠٢٠)

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە

پاش ئامادەکردنی راپێوینامەی تایبەت بە توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرانەوە و بڵاوکردنەوەی فۆرمەکان بەسەر بەرتوێژاندا، لە کۆتاییدا لە کۆی (١٠١) خوێندکار لە هەر سێ قۆناغی (٤،٣،٢)ی بەشی تەکنیکی میدیا (٩٥) خوێندکار بەشدارییان لە پرکردنەوەی فۆرمی توێژینەوەکەدا کرد. لەخوارەوەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەفۆرمی راپێویەکە لەچەند خشتەیەکدا بەپێی ریزبەندی و تایبەتمەندی برگەکانی ناو راپێوینامەکە دەخرێنەڕوو، دواتر توێژەران شیکاری هەریەک لەتەوەرەکان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

تەوەری یەکەم: زانیارییە دیمۆگرافییەکان

١/ رەگەزی بەرتوێژان: شێوەی یەک نیشانی دەدات کە زۆرینەی بەشداربوانی توێژینەوەکە لە رەگەزی نێرە بە رێژەی (٦١،١٪) لە کاتێکدا (٣٨،٩٪)ی رەگەزی مێیە. ئەمەش بۆ ژمارەی خوێندکارەکان دەگەرێتەوە، کە ژمارەی خوێندکارانی رەگەزی مێ بەراورد بە رەگەزی نێر کەمترە لە هەر سێ قۆناغەکەی خوێندن لەبەشی تەکنیکی میدیا کە نمونەی ئەم توێژینەوەیە بوون.

شێوەی (١) رەگەزی بەرتوێژان



٢/ تەمەنی بەرتوێژان: لە شێوەی ژمارە (دوو)ەوە کە تایبەتە بە دیاریکردنی تەمەنی بەرتوێژان دەردەکەوێت زۆرترین رێژەی بەرتوێژان بریتییە لە (٤١،١٪)کە تەمەنیان لە نێوان (٢٢-٢٥) ساڵیدایە و کەمترین رێژەی بەرتوێژانیش تەمەنیان لە نێوان (٣٠-٣٣) ساڵیدایە کە (٩،٥٪)ی بەرتوێژان پێکدێنن.

شێوەی (٢) تەمەنی بەرتوێژان



تەوەری دووەم: (پەیوەندی بەرتوێژان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)

٣/ ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: لە شێوەی (سێ)وە دەردەکەوێت کە بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای بەرتوێژان بریتیە لە فەیسبووک بەرێژەی (٨٣,٢٪) و لە ڕیزبەندی یەکەمدا هاتووە، ئەم ئەنجامە هاوتای ئەنجامی توێژینەوەکەی (قادر, ٢٠٢١)ە، کە بەپێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆکان پلاتفۆڕمی فەیسبوک بەکاردەهێن بەڕێژەی (٨٤,٣٪)، هەروەها بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی سێ نزمترین ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان لەلایەن بەرتوێژانەوە پلاتفۆرمی (لینکدئین)ـە بەرێژەی (٤،٢٪) کە لە ڕیزبەندی حەوتەمدا هاتووە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شێوەی (٣) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



٤/ مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: لە شێوەی چوارەوە کە بەرتوێژان توانانی هەڵبژاردنی زیاتر لە بژاردەیەکیان هەبووە، دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بووە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٦.٣٪) و لەڕیزبەندی یەکەمدا هاتووە، هەرچەندە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوەی (Araz Ramazan Ahmad، ٢٠٢١) کە بەپێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە، بەدەستهێنانی زانیاری مەبەستی یەکەمی بەرتوێژان بووە، بەڵام کات بەسەربردن لە ریزبەندی سێیەمی داهاتووە بەڕێژەی (١٧,٣٪). (ئاگاداربوون بە چالاکییە میدیاییەکان)یش لە کۆتا پلەدا هاتووە بەڕێژەی (٢٦,٣٪).

شێوەی (٤) مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

تەوەری سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان

٥/ بە پێی شێوەی (پێنج)، زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (٥٣,٧٪) پێیان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی مامناوەند بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرتوێژان پێیان وایە کە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە سەر جینۆسایدی گەلی کوردستان تەنها پشت بە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان نەبەستریت.

شێوەی (٥) ڕێژەی بەشداری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی کوردستان



٦/ بە پێی داتاکانی شێوەی شەش، زۆرینەی بەرتوێژان بە ریژەی (٧٥,٨٪) لە لاپەڕەی دەزگا میدیاییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زانیاری لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان وەردەگرن، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو کە میدیاکان ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر پرسی جێنۆسایدی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئەرێنی. بەڵام کەمترین زانیاری لە هەژماری بەرپرسانەوە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکاندا وەردەگرن کە (١١,٦٪)ە.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شێوەی (٦) زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان، لەرێگەی هەژمارەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە



٧/ بە گەڕانەوە بۆ شێوەی (حەوت) دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٧,٤٪) بەرکەوتنیان بە فیلمی دۆکیۆمێنتاری هەبووە لەسەر جێنۆسایدی گەلی کوردستان، بەراورد بە ژانرەکانی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە فیلمی دۆکیۆمێنتاری زیاتر بڵاوکراوەتەوە لەسەر پرسی جێنۆسایدی گەلی کورستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، یان گەنجان زیاتر بەو زانیارییانە تێردەبن کە لە فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانەوە بەدەستی دەخەن، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو کە دەتوانرێت سود لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەربگیرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی گەنجان و خوێندکاران لە سەر ئەم پرسە.

شێوەی (٧) بەرکەوتن بە بەرهەمی میدییایی پەیوەندیدار بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



٨/ بە ڕوانین لە شێوەی (هەشت) دەردەکەوێت کە (٧٧,٩٪)ی بەرتوێژان زانیارییەکانی تایبەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستانیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەرگرتووە لەچاو سەرچاوەکانیتری زانیاریدا، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە تۆڕە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی گرنگ دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

شێوەی (٨) ئامرازی وەرگرتنی زانیارییەکانی تایبەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان



٩/ شێوەی (نۆ) ئەوە دەخاتەڕوو کە بەرتوێژان لە ریزبەندی یەکەمدا و بە رێژەی (٦٥,٣٪) زانیارییان لەسەر تاوانی کیمیابارانەکانی گەلی کوردستان هەیە، ئەم ئەنجامەش گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت، هۆکارەکەی ئەوە بێت زۆرترین ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە لەسەر پرسی کیمیابارانکردنەکان بێت، لەلایەکی ترەوە زۆرترین کات دامەزراوە میدیاییەکان هەواڵ و زانیاری لەسەر ونبووان و کێشە تەندروستییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بڵاودەکەنەوە.

شێوەی (٩)رێژەی زانیاریی لەسەر جۆرە جیاوازەکانی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان



١٠/ بە رامان لە شێوەی (دە) ئەوە روونەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٧٠,٥٪)بەشێوەیەکی مامناوەند وەرگری ئەو بابەتانەن کە دەربارەی جینۆسایدی گەلی کوردستانن، ئەم ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە کە بابەتەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان نەبووەتە بەبابەتی بایەخدار بەلای خوێندکارانی زانکۆوە. رەنگە بۆ ئەوەش

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بگەڕێتەوە کە ساڵانە و لە کاتێکی دیاریکراودا بایەخ بەم پرسە دەدرێت.

شێوەی (١٠) ڕێژەی تەماشاکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی گەلی کوردستان لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە



١١/ لە شێوەی یازدەوە دەردەکەوێت، زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٥٠,٥٪) هۆکاری تەماشاکردنی بابەتی پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە بابەتێکی مێژوویی گرنگە و پێویستە تێیبگەین. ئەم ئەنجامە ئاماژەیەکی ئەرێنی دەردەخات کە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ پاڵنەریان هەیە بۆ تەماشاکردنی بابەتەکانی پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

شێوەی(١١)هۆکاری تەماشاکردنی بابەتی پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



١٢/ داتاکانی شێوەی دوازدە ئەوە دەخەنەڕوو زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٩,٥٪) پاش بەرکەوتنیان بەبابەتەکانی جێنۆسایدی گەلی کوردستان هەست بە ئێش و ئازار دەکەن، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو لەڕووی سۆزدارییەوە تاوانەکانی جێنۆسایدیی گەلی کوردستان ئازاری دەروونی لای خوێندکاران بەجێهێشتووە بەراورد بە ڕەهەندەکانی تری سۆزداری.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

شێوەی (١٢) کاردانەوە سۆزدارییەکانی گەنجان بەرامبەر بابەتەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان



تەوەری چوارەم: ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت بەپرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان

١٣/ لە خشتەی (سیازدە)ەوە کە بەشێک لە ئامانجی توێژینەوەکە تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، دەردەکەوێت:

- زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٢,١٪) لەگەڵ ئەوەدانین کە هیچ زانیاریەکیان وەرنەگرتبێت لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ خوێندکاران بۆ وەرگرتنی زانیاری لە سەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

- زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٤٣,٢٪) دڵنیانین لەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری پێویست و گشتگیر سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی جینۆساید لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بڵاوبکاتەوە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو خوێندکاران نەیان ویستووە ڕای خۆیان یەکلابکنەوە، توێژەران گریمانەی ئەوەدەکەن خوێندکاران بەهۆکاری نەبوونی زانیاری پێویست ئەو بژاردەیان کردوە.

- زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٥٠,٥٪) دڵنیانین لەوەی پێگە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە پێدانی زانیاری لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو خوێندکاران نەیان ویستووە بەبێ بوونی زانیاری و بەراوردکاری پێویست ڕای خۆیان یەکلابکنەوە، بۆیە دەبینین (٤٨) بەرتوێژ بژاردەی (دڵنیانیم)یان هەڵبژاردووە.

- زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٥٤,٧٪) دڵنیانین لەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەر بوون لە تێگەیشتنی دروست لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان، ئەوەش

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ جۆراوجۆری سەرچاوەکانی بەدەستخستنی زانیارییەکان.

- زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (٥١,٦٪) لەگەڵ ئەوەدان بابەتە پەیوەندیدارەکان بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر دەرون و هەستەکانیان هەبووە. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕوو کە گەنجان بە چاوی بایەخەوە دەڕواننە پرسە گرنگەکانی نەتەوە و خاکەکەیان.

- زۆرینەی بەرتوێژان کە ڕێژەکەیان دەکاتە (٤٢٪) بە بینینی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەستی بەرپرسیارێتییان لا دروست دەبێت بەرامبەر بە هۆشیارکردنەوەی گەنجان لەسەر ئەم پرسە و پشتیوانیکردنی دۆزی گەلی کوردستان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گەنجان بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە بەشداربن لە هۆشیارکردنەوەی ئەوانیتر.

خشتەی (١٣) تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت بەپرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان

گۆڕاو	لەگەڵیدام		تاڕادەیەک		لەگەڵیدانیم		ئەنجام
	دووبارە بوونەوە	ڕێژەی سەدی	دووبارە بوونەوە	ڕێژەی سەدی	دووبارە بوونەوە	ڕێژەی سەدی	
١/ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هیچ زانیاریم وەرنەگرتووە لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان	٢٤	٢٥,٣	٣١	٣٢,٦	٤٠	٤٢,١	لەگەڵیدانیم
٢/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری پێویست و گشتگیر سەبارەت بەرەنگدانەوەی جینۆساید لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بڵاوناکەنەوە.	٢٦	٢٧,٤	٤١	٤٣,٢	٢٨	٢٩,٥	تاڕادەیەک
٣/ پێگە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە پێدانی زانیاری لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان	٣٩	٤١,١	٤٨	٥٠,٥	٨	٨,٤	تاڕادەیەک
٤/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەر بوون لە تێگەیشتنی دروست لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان	٢٨	٢٩,٥	٥٢	٥٤,٧	١٥	١٥,٨	تاڕادەیەک

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

٥/ بابەتە پەیوەندیدارەکان بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر دەرون و هەستەکانم هەیە.	٤٩	٥١,٦	٣٦	٣٧,٩	١٠	١٠,٥	لەگەڵیدام
٦/ پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەستی بەرپرسیارێتیم لا دروست دەکات لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان لەسەر ئەم پرسە و پشتیوانیکردنی دۆزی گەلی کوردستان	٤٢	٤٤,٢	٤٠	٤٢,١	١٣	١٣,٧	لەگەڵیدام

دەرئەنجامەکان

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەران بە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ گەیشتوون بە چەند خاڵێک دەخرێنەڕوو:

• پلاتفۆرمەکانی دامەزراوە میدیاکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی رۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئەرێنی، بە پێچەوانەشەوە هەژماری بەرپرسان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵیان نییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

• فیلمی دۆکیۆمێنتاری ژانرێکی گونجاوترە بەراورد بەژانرەکانیتر بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی گەنجان لە سەر پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

• سەرەڕایی ئەوەی گەنجان بەپێویستی دەزانن لە تاوانەکانی جێنۆساید تێبگەن، بەڵام زانیاری قوڵیان لەسەر تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان نیە.

• بەرتوێژان زانیارییان لەسەر پرسی کیمیاباران زیاترە و پێی ئاشنان لەچاو پرسەکانیتری وەک ئەنفال و...هتد.

• تۆرەکۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گونجاوە، بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجانی کوردستان لەسەر پرسی جێنۆسایدی گەلی کوردستان، بەهۆی ئەوەی گەنجان رێژەی ئەو زانیارییانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە سەر پرسی جێنۆسایدی گەلی کوردستان وەریدەگرن، زۆر زیاترە لەو زانیارییانەی کە لە کتێب و پرۆگرامی خوێندندا وەریانگرتووە.

پێشنیازو راسپاردە:

• وەزارەتی رۆشنبیری بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە، پێداچونەوە بە پرۆگرامی خوێندنی کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤدا بچنەوە و بەشێوەیەکی ئاسانتر و رێگەی گونجاوتر بابەتەکانی تایبەت بە پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان بگەیەنرێتە فێرخوازان.

• توێژینەوە بکرێت لەسەر پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و رۆڵیان لە ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

• توێژینەوە بکرێت لەسەر رۆڵی فیلم و دراما کوردییەکان لە ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

• وەزارەتی رۆشنبیری، ناوەندێکی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی دابمەزرێنێت، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی لەسەر پرسی جێنۆسایدی گەلی کوردستان، بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و ئینگلیزی بابەتەکانی بڵاو بکاتەوە.

• لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانی رۆشنبیری و پەروەردەیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێک گرنگ لە بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست و پەرەپێدانی گفتوگۆ لەسەر جینۆساید بەکاربهێنرێن، هەروەها هاندان و بەشداریکردنی گەنجان لە چالاکی و گفتوگۆکانی پەیوەست بە بابەتی جینۆسایدی گەلی کوردستان، کە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی هۆشیار و پێشکەوتوو بە تێگەیشتن لە کارەسات و ڕوداوە مێژوویەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی.

سەرچاوەکان:

١. تاڵەبانی, ی. ع. ڕ. گ., ٢٠٢٣. نوسینی توێژینەوەی میدیایی. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

٢. رەشید., ە. ر. م. ی. ع. م. د. ع., ، ٢٠٢٠. رۆڵی (فەیسبوک) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەربارەی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە). ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان (JUG), ١(٧), pp. ٧٥-٩٦.

٣. عەزیز, ئ. ر., ٢٠٢٤. بازاڕگەری سیاسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵی لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن.

٤. غەفور, ک., ، ٢٠٢٤. سینەماو جینۆساید دیدگای دەرهێنەر لە گێڕانەوەی تراژیدیادا. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ (KDO).

٥. قادر, ک. ع., ٢٠٢١. کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا(خوێندکارانی زانکۆکان بە نموونە). گۆڤاری زانکۆی راپەڕین, ٨(٣), pp. ٥٢٩-٥٥٤.

٦. گەلاڵی, ج. ا. ا., ٢٠٢٣. ڕۆڵی ئینستاگرام لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە), سلێمانی: ماستەرنامە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا.

٧. القماري, د. ف. ا., ٢٠١٩. أساسيات البحث العلمي. الاسكندرية: دار الكتب و الدراسات العربية.

٨. المشهداني, س. س., ٢٠١٧. مناهج البحث الإعلامي. بێ شوێن:الناشر دار الكتاب الجامعى.

٩. المقداد, خ. غ. ی., ٢٠١١. ثورة الشبكات الاجتماعيه. عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن.

١٠. منصور, ح., ٢٥ و ٢٦ أكتوبر ٢٠٢٢. شبكات التواصل الاجتماعي، مدخل نظري لفهم الإجابيات والسلبيات. بجامعة مصراتة ليبيا, بێ ناو

١١. حسنی, م. س. ذ. م. ح., ١٣٩٤. گونەشناسی کاربران رسانەهای اجتماعی. فصلنامە راهبرد اجتماعی فرهنگی, Issue ١٧, pp. ٣٧-٦٣.

12. Araz Ramazan Ahmad, H. O. H., 2021. The use of Social Media and its Effect on University Students Academic Skills in Iraqi Kurdistan Region. Journal of university of Raparin, June, Issue 2, pp. 149-167.

13. Izabela Warwas, M. D. A. K., 2021. The Frequency of Using Websites and Social Media by Various Age groups to Form Opinions about Scientific Topics: Findings from the European Context. بێ شوێن, بێ ناو

14. Saleh, A. A., 2018. The uses of Social Media by individual and gratification level of users satisfication in receiving news and information in Kurdistan regional, Facebook as a sample. Polytechnic Journal of Humanities and Social Sciences, 8(1), pp. 186-211.

سيمولوجية الصورة الإعلامية الكوردية ودورها في خدمة قضايا الإبادة الجماعية: دراسة حالة على الموقع الالكتروني Puk media

*دكتورة/ مرفت عبد الحميد على محمد
shahd_mervat2000@yahoo.com
**أ/ ريام واثق سالم الهاشمي

ملخص الدراسة:

هدفت الدراسة إلى التعرف على المعاني الظاهرة والكامنة في الصور الإعلامية التي تناولت مظاهر الإبادة الجماعية لإقليم كوردستان وذلك من خلال الموقع الالكتروني الكوردي لوكالة Puk Media الكوردية والتابعة للاتحاد الوطني الكوردستاني، وتعتمد الدراسة في إطارها النظري على نظرية الخطاب ومدرسته (المدرسة السيميولوجية)، وتنتمي الدراسة الحالية إلى نمط الدراسات الكيفية، وفي هذا الإطار ستعتمد الدراسة على منهج التحليل السيميولوجي، وفيما يتعلق بأدوات جمع البيانات، ستقوم الدراسة بالاعتماد على أداة (التحليل السيميوجي) لمجموعة من الصور الإعلامية التي تناولت قضية الإبادة الجماعية بإقليم كوردستان، وتحرص الدراسة على أن تكون تلك الصور -عينة التحليل- تمثل رمزا مكثفا، أي محملة وغنية بالعلامات المرئية والبصرية التي تساعد على نقل المعنى الذي يقصده المرسل بما يمثل ثراء دلاليا، وستمثل عينة الدراسة التحليلية في الصور الصحفية التي تنشر مع أخبار الابادة الجماعية بكل أشكال القوالب الصحفية (أخبار – تقارير – انفوجراف – معرض صور .....)، وتوصلت الدراسة إلى حرص موقع الدراسة على ترسيخ في الذاكرة الجمعية للمتلقي مدى بشاعة الإجرام والتعدى التي حدث في حق المدنيين الكورد من قبل نظام البعث الصدامي خلال حملات الأنفال عام ١٩٨٨، ولعل ذلك اتضح من خلال حرص الموقع على توظيف كافة العلامات والرموز التي عملت على تأكيد هذه الذاكرة الجمعية في نفس المتلقي من خلال عرض صور الهياكل العظمية وهي مدفونة بالرمال بكامل ملابسها، وعرض العدد الهائل من الكورد

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

والذين راحوا ضحايا نتيجة لهذا الهجوم، بل وعرض استمرار الآثار النفسية لتلك الإبادة في نفوس الكورد حتى الآن وعدم تجاوزهم لها، بل وحرص الموقع على تأكيد أن أن نظام البعث الصدامي لم يتوانى في أن يدمر كل ما هو أخضر ويابس، وتحول المناطق التي تم الهجوم عليها إلى أراض جرداء لا تصلح للعيش بها، هذا إلى جانب الخسائر البشرية والنفسية.

الكلمات المفتاحية: الإبادة الجماعية، الصورة الإعلامية، سيميولوجية الصورة

پوختە بە زمانی کوردی

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پەیبردنە بە مانای ئاشکرا و شاراوەی ئەو وێنە میدیایانەیە کە باس لە جینۆسایدی بە کۆمەڵی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە وێبسایتی Puk Media ی کوردی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆرییەوە پشتی بەستووە بە تیۆری گوتار و قوتابخانەی شیکردنەوەی سیمیۆجی بۆ کۆمەڵێک وێنەی میدیایی کە ناوەڕۆکیان تایبەت بوو بە پرسی کۆمەڵکوژی لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو وێنانە وەک سامپڵی شیکردنەوە وەربگرێت و ببنە هێمایەکی چڕ و پڕ بۆی. واتە وێنەکان دەوڵەمەندن بە نیشانەی بینراوی ئەوتۆ کە یارمەتیدەر دەبن بۆ گواستنەوەی ئەو مانایەی نێرەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت. سامپڵی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ئەو وێنە ڕۆژنامەوانیانەیە لەگەڵ هەواڵەکانی تایبەت بە جینۆساید لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی وەک هەواڵ، ڕاپۆرت، ئینفۆگرافیک و گەلەری وێنە و .. هتد بڵاوکراونەتەوە.

توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سایتی لێتیوێژراو سوور بووە لەسەر ئەوەی لە یادەوەریی بەکۆمەڵی وەرگردا ئەو ڕادە ترسناکانەی تاوان و دەستدرێژییانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی سەدام لە کاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ بەرامبەر بە هاووڵاتیانی مەدەنی کورد ئەنجامدرابوو،

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بخاتە ناو یادەوەریی بەکۆمەڵەوە مێشکی وەرگر، بە نمایشکردنی وێنەی ئێسکەپەیکەرەکان کە لەناو خۆڵدا نێژراون، جل و بەرگی تەواویان لەبەردایە، و نمایشکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کورد کە بوونەتە قوربانی ئەو شاڵاوانە. هەروەها نیشانی دا کە کاریگەرییە دەروونییە بەردەوامەکانی ئەم جینۆسایدە لەسەر کورد تا ئەمڕۆ ماونەتەوە و هێشتا ئەو ئازار و مەینەتیانە تێپەڕ نەکراون. هەروەها سایتەکە ویستوویەتی جەخت لەوە بکاتەوە کە ڕژێمی بەعسی سەدام درێغی نەکردووە لە لەناوبردنی هەموو شتێکی تەڕ و وشک، ئەو ناوچانەی هێرشیان کراوەتە سەر بە تەواوی سوتماک کراون و وایان لێکراوە چیدیکە بە کەڵکی ژیان نەیەن. ئەمە جگە لە زیانە مرۆیی و دەروونییەکانی.

کلیلە وشەکان: جینۆساید، وێنەی میدیایی، سیمیۆلۆجیای وێنە

Semiology of the Kurdish media image and its role in serving the issues of genocide: A case study on the website Puk media

Study summary:

The study aimed to identify the apparent and latent meanings in the media images that dealt with the manifestations of the genocide in the Kurdistan region through the Kurdish website of the Kurdish Puk Media Agency affiliated with the Patriotic Union of Kurdistan. The study relies in its theoretical framework on the theory of discourse and its school (the semiological school). The current study belongs to the qualitative studies pattern. In this framework, the study will rely on the semiological analysis method. Regarding the data collection tools, the study will rely on the

tool (semiological analysis) for a group of media images that dealt with the issue of genocide in the Kurdistan region. The study is keen that these images - the analysis sample - represent an intensive symbol, i.e. loaded and rich with visual and visual signs that help convey the meaning intended by the sender, which represents semantic richness. The analytical study sample will be represented in the press photos published with the news of the genocide in all forms of journalistic formats (news - reports - infographics - photo gallery .....), and the study concluded that the study site was keen to establish in the collective memory of the recipient the extent of the ugliness of the crime and aggression that occurred against Kurdish civilians by the Saddamist Baath regime during the Anfal operation in ١٩٨٨, and perhaps this became clear through the site›s keenness to employ all the signs and symbols that worked to confirm this collective memory in the recipient›s soul by displaying pictures of skeletons buried in the sand with their full clothes, and displaying the huge number of Kurds who were victims as a result of this attack, and even displaying the continuation of the psychological effects of this genocide in the souls of the Kurds until now and their failure to overcome it, and the site was keen to confirm that the Saddamist Baath regime did not hesitate to destroy everything green and dry, and turn the areas that were attacked into barren lands unfit for living, in addition to the human and psychological losses.

Keywords: Genocide, media image, semiology of the image

مقدمة:

تعد جرائم الإبادة الجماعية من أكثر الجرائم التي وقعت على الشعوب عبر التاريخ، فكثير من الشعوب والجماعات عانت من ويلات هذه الجرائم ومآسيها خصوصا الشعب العراقي, على الرغم من خطورة الإبادة الجماعية وصعوبتها على الشعوب التي تعرضت لهذه الجرائم خاصة في حال وجود الأدلة الحقيقة لحصول الإبادة الجماعية وصدور أحكام قضائية فيها, ففي بعض الأحيان هناك أفراد قد يكونون متخصصين في التاريخ أو من محللين سياسيين أو استراتيجيين أو حتى أفراد عسكريين يظهرون في الإعلام بشكل عام (الإعلام المرئي أو المسموع أو المقروء) يدعون إن الإبادة الجماعية لم تحصل أو يبرؤون من إثبات ارتكابهم لجرائم الإبادة الجماعية، هذا الإنكار للإبادة الجماعية وفي العلن قد يسبب الكثير من الألم للشعوب والأفراد الذين تعرضوا للإبادة الجماعية بل قد يؤدي إلى إثارة مشكلة يؤثر على تماسك المجتمع بين أبنائها خاصة اذا كان المنكرون من نفس أفراد المجتمع (صديق، أحمد محمد، ٢٠٢٣، ص٦٦٩).

وفي أثناء مئة سنة منصرمة تعرض الشعب الكوردي في جنوب كوردستان لأنواع القتل الجماعي، والتهجير القسري، وتدمير القرى والمدن على يد الأنظمة الحاكمة في العراق، ولاسيما على يد النظام البعثي إبان الحرب العراقية الإيرانية في نهاية ثمانينيات القرن العشرين، مثل: عمليات الأنفال، وقصف المدن والقرى بالأسلحة الكيماوية والمحظورة، التي راح ضحيتها ما يبلغ ربع مليون نسمة، ما عدا تهجير ما يقرب من نصف مليون نسمة إلى المجمعات القسرية (أحمد، مهدي قادر، ٢٠٢٣ ، ص٢٥٠).

وبالطبع فإن الاعلام الالكتروني الكوردي أولى اهتماما إعلاميا بمختلف القضايا المتعلقة بما تعرض له الشعب الكوردي في جنوب كوردستان عبر نشر الأخبار، والتقارير، والصور، والأشكال الإعلامية الأخرى، وتحاول هذه الدراسة العلمية البحث في طبيعة سيميولوجية الصورة الإعلامية الكوردية ودورها في خدمة قضايا الإبادة الجماعية.

فالصورة الإعلامية من الناحية التواصلية تعد رسالة بصرية أيقونية تعتمد على الفعل والحدث والشخصية والفكرة والمعنى، فهي وسيلة للاتصال الجماهيري تتضمنها الجرائد والمجلات، وتحقق تفاعلا واضحا مع الجمهور، ومن الناحية السيميائية تعد الصورة الإعلامية نظاما سيميائيا منسجما دالا يجمع بين ما هو لغوي وما هو غير لغوي للتعبير عن هموم الحياة العامة (إبرير، بشير، ٢٠٠٩، ص٦٣) .

أولا: الدراسات السابقة:

يستعرض الجزء الحالي الدراسات السابقة المعنية بموضوع الدراسة؛ إذ يوفر مسح التراث العلمي خلفية علمية تمكن من تحديد مشكلة الدراسة وكيفية المعالجات

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

والإجراءات المنهجية التي تم اتباعها من الباحثين الآخرين، وأهم النتائج التي أسفرت عنها هذه الدراسات، بهدف الاستعانة بهذه النتائج والاعتماد عليها لاستكمال الإطار المعرفي الخاص بالدراسة، فكل ذلك من شأنه أن يثري الدراسة؛ بتحديد مشكلتها ومنهجيتها وأهدافها وتساؤلاتها، والمداخل النظرية المناسبة لدراسة سيميولوجية الصورة الإعلامية الكوردية ودورها في خدمة قضايا الإبادة الجماعية، لذك فبعد مراجعة أدبيات الدراسة، نجد أن دراسة (رمضان، عمر أحمد، ٢٠٢٣) هدفت إلى البحث والتعرف على دور مواقع التواصل الاجتماعي في نشر مفهوم الابادة الجماعية لدى الايزديين، ولتحقيق ذلك اعتمدت الدراسة على المنهج المسحي عبر الاستبانة، كما تعتبر تلك الدراسة من الدراسات الوصفية، وتوصلت الدراسة إلى:

١- تستعمل نسبة كبيرة من المبحوثين ويثقون بشكل كبير بمواقع التواصل الاجتماعي حين الحصول على المعلومات والأخبار حول مفهوم الإبادة الجماعية، ونستنتج منه أن استعمال مواقع التواصل الاجتماعي أصبح ضرورة حياتية يومية لشرائح مختلفة للمجتمع، ولاسيما الايزيديين.

٢- أثبتت الدراسة صحة فرض البديل، بأن هناك علاقة ارتباطية ذات دلالة إحصائية بين المتغيرات الديموغرافية للايزيديين وبين استعماله وثقتهم بما تنشره مواقع التواصل الاجتماعي.

٣- أثبتت الدراسة صحة فرض البديل بأن هناك علاقة ارتباطية طردية دالة بين استعمال الايزديين وثقتهم بالأخبار والمواد المنشورة، لازدياد طموحهم المعرفي حول الأحداث، ودوافعهم النفعية جراء هذه الثقة والاستعمال.

سعت دراسة (ريشاوي، يحيي عمر، ٢٠٢٣) إلى البحث في كيفية التغطية الإعلامية لثلاثة مواقع الكترونية كوردية للقضايا المختلفة المرتبطة بمدينة (حلبجة)، وهذه المواقع هي (خندان، وشار بريس، و زمن بريس)، كما اعتمدت الدراسة على المنهجين التاريخي والوصفي، وتوصلت الدراسة إلى عدد من النتائج، منها: إن الإعلام العالمي في ذلك الوقت لم يتجاوب مع هذه الجريمة بالصورة المطلوبة ولم تقم بتغطية الحدث بصورة تعكس حجم الجريمة، وإن المواقع الالكترونية الكوردية تنشر الموضوعات و الأخبار المتعلقة بقضايا (حلبجة) عن طريق الشكل الصحفي الخبر بالدرجة الأولى، وإن الشأن السياسي للقضايا المتعلقة بحلبجة يحتل المرتبة الأولى ضمن اهتمامات المواقع الالكترونية الكوردية، واهتمت المواقع الالكترونية بالموضوعات المتعلقة بتحويل حلبجة من قضاء إلى محافظة و(ذكرى حلبجة) بالدرجة الأولى، والمواقع الالكترونية الثلاثة نشرت معظم موضوعاتها المتعلقة بحلبجة مصاحبة لصورة.

تساهم المواقع الالكترونية مساهمة فاعلة بنشر الأخبار من خلال مميزاتها، حيث أصبحت تلك المواقع من أهم وسائل الاتصال بالمستخدمين، وقد جاءت دراسة كلا من (حسن؛ زين الدين، ٢٠٢٣) لتتناول الكيفية التي غطى بها الموقع الالكتروني (الجزيرة نت)

الإبادة الجماعية التي تعرضت لها الأقليات الدينية في العراق على يد الدولة الاسلامية في العراق وبلاد الشام «داعش»، فضلا عن الكشف عن أساليب التغطية الإعلامية والأطر التي استخدمها الموقع من خلال الفنون الاعلامية التي اعتمدها الموقع في تناول قضية إنسانية مهمة محلية وإقليمية وعالمية على حد السواء. واعتمدت الدراسة على نظرية (الإطار الإعلامي)، وفيما يتعلق بأدوات جمع البيانات فقد تم الاعتماد على استمارة تحليل المضمون، حيث تم تحليل المواد الإعلامية التي شملت على الأخبار والتقارير والمقالات والبرامج خلال فترة الدراسة من (٢٠١٤/٠٦/١٥ الى ٢٠١٩/١٢/١٥) لذلك ركز هذا البحث على أساليب التغطية الإعلامية التي اعتمدها (الجزيرة نت) على شبكة الانترنت بدءا باحتلال المنطقة. وتوصلت الدراسة بأن الموقع أولى اهتمامه بأطر توصيف الإبادة للأقليات الدينية حيث ورد فئة الإبادة الجماعية بالمرتبة الرئيسية في حين تلاه جرائم ضد الانسانية وكانت فئة جرائم الحرب وجرائم التطهير العرقي أقل اهتماما من الموقع. كما اهتم بالتقرير بالدرجة الأولى في تغطية الأحداث.

وحاولت دراسة (صديق، أحمد محمد، ٢٠٢٣) أن تبين المسؤولية المدنية لكل الأشخاص الذين ينكرون حدوث الإبادة الجماعية في وسائل الإعلام المتنوعة للحد من تسبب ذوي الضحايا بالإيذاء والألم بسبب الإنكار، وفيما يتعلق بمنهجية الدراسة، فقد قامت الدراسة بالاعتماد على المنهج المقارن فيما بين القانون المدني العراقي وبين القوانين العربية ذات العلاقة وكذلك الرجوع إلى أحكام القوانين التي تتعلق بموضوع الإبادة الجماعية في مسألة إنكار الإبادة، وتوصلت الدراسة إلى عدد من النتائج كالتالي:

١- تعرف الإبادة الجماعية بأنها الأفعال التي تهدف إلى القضاء على شعوب معينة بسبب من الأسباب بهدف محوه نهائيا أو هي التدمير المقصود لشعب معين أو مجموعة من الأفراد وبشكل ممنهج لأسباب سياسية أو قومية أو دينية.

٢- ونظرا لعدم وجود تعريف فقهي قانوني واضح لموضوع الانكار فمن الممكن أن نعرف إنكار الإبادة الجماعية بأنه (القول أو الكتابة بأن الإبادة الجماعية لشعب معين وفي فترة أي حرب من الحروب لم تحدث فعلا بالاسلوب أو الحجم الذي يتم الإشارة إليه حاليا والتي ثبت بموجب أحكام قضائية أو تم إثباتها من قبل الدارسين والعلماء والمؤخرين وبوسائل الاعلام المتعددة).

٣- فهناك الكثير من القوانين للدول التي حدثت فيها إبادة جماعية منعت وجرمت مسألة انكار الإبادة الجماعية بأي شكل من الأشكال وبأي أسلوب ومنها في دولة البوسنة التي أصدرت قانون «معاقبة منكري الإبادة الجماعية» وأصبحت حيز التنفيذ بتاريخ ٢٠٢١/٧/٢٨، وفي عام ٢٠٠٦ أصدر مجلس التشريع الفرنسي قانون يحظر إنكار إبادة الأرمن.

٤- والإعلام هي وسيلة إيصال الناس الأخبار الصحيحة والمعلومات السليمة والحقائق الثابتة، والتي تساعد الناس على تكوين رأي صائب في واقعة من الوقائع، أو مشكلة من

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

المشكلات بحيث يعبر هذا الرأي تعبيرا موضوعا عن عقلية الجماهير واتجاههم وميولهم.

٥- وتتعدد وسائل الإعلام التي من الممكن أن تحصل فيها إنكار للإبادة الجماعية ومفهوم الإعلام حاليا لايقتصر فقط على الوسائل المرئية والمسموعة والمقروءة من التليفزيون والإذاعة والجرائد، بل يشمل وسائل التواصل الاجتماعي أيضا.

٦- الأساس القانون للمسئولية عن إنكار الإبادة هي ارتكاب فعل ضار سبب ضررا أدبيا حسب المادة ٢٠٥ من القانون المدني العراقي.

٧- المسؤولية المدنية عن إنكار الإبادة الجماعية حالها كحال أي مسؤولية مدنية أخرى يستوجب أن يتوافر فيها أركانها من الخطأ والضرر والعلاقة السببية بين الخطأ والضرر.

٨- الأثر الرئيس للمسؤولية المدنية هي وجوب تعويض للمتضرر وكذلك وجوب رفع دعوى قضائية والمطالبة بالتعويض والمحكمة المختصة بالنظر في الدعوى هي محكمة البداءة.

التعليق على الدراسات السابقة:

١- عدم وجود دراسات سابقة تناولت البحث والدراسة حول التغطية الإعلامية والصحفية لقضايا الإبادة الجماعية بشكل عام.

٢- قلة الدراسات السابقة التي تناولت البحث حول التغطية الإعلامية والصحفية لقضايا الإبادة الجماعية الكوردية.

٣- استفادت الباحثتان من عرض الدراسات السابقة في الاقتراب من موضوع الدراسة لضمان عدم تكرار ما تم إنتاجه من دراسات، وإضافة زوايا جديدة، واستكمال بعض النقاط غير المدروسة في التراث العلمي. حيث لم تتعرض الدراسات السابقة لدراسة قضية الإبادة الجماعية الكوردستانية من منظور سيميولوجي.

ثانيا: مشكلة الدراسة:

تكمن مشكلة الدراسة في قلة دراسات أكاديمية عن هذا الموضوع (التغطية الإعلامية والصحفية لقضايا الإبادة الجماعية الكوردية) بشكل عام، وانعدام دراسات أكاديمية عن سيميولوجية الصورة الإعلامية الكوردية حول قضايا الإبادة الجماعية بشكل خاص.

ثالثا: الإطار النظري:

- نظرية الخطاب (المدرسة السيميولوجية):

نظرا لازدياد الانتقادات لدراسات الصورة الإعلامية التي استخدمت تحليل المضمون، خاصة أنها لم تتوصل إلى بنية عامة للعلاقات اللغوية والبصرية داخله، التي تفرقه عن بقية النصوص الإعلامية، ولعدم وضوح التكامل المنهجي والإجرائي في محاولات استخدام مناهج وأدوات التحليل الكيفي والكمي في دراسة النصوص الإعلامية، لذلك فقد اختارت الدراسة مقاربة نظرية لتفادي هذه الانتقادات؛ ألا وهي نظرية الخطاب؛ إذ يعد تحليل الخطاب مدخلا كلاسيكيا أكثر وضوحا من تحليل المضمون، لأنه يقدم أسلوبا جديدا لفهم البنية العميقة لرسائل الاتصال، يتجاوز تصيد الأفكار والمضامين التي يطرحها النص، إلى محاولة الكشف عن الآليات والأدوات والاستراتيجيات التي يعتمد عليها منتج النص في إحداث عملية التواصل والتأثير في المتلقي، إضافة إلى الكشف عن العوامل التي تؤثر في تشكيل ملامح النص، مما حفز كثيرا من الباحثين لتطبيقه على وسائل الاتصال، ودفعتهم نظرية تحليل الخطاب إلى إعادة التفكير في العلاقة بين المعنى والبنية الاجتماعية، من خلال التركيز على السلطة داخل المعنى وليس من خارجه، فنظم المعنى نفسها تعد سلطة، وهي لا تظهر بسهولة كنظم مثل بنية اللغة؛ بل من خلال ممارسات ذات دلالة؛ إنها ليست ببساطة المعاني المرتبطة بالممارسات الاجتماعية، كما يقول «ألتوسير» في نظرية الأيديولوجية، بل إن المعنى والممارسة لا يمكن التمييز بينهما، فهما مرتبطان، أي أن المعنى هو الممارسة في نظرية الخطاب، وبذلك يعد تحليل الخطاب حقلا خصبا بالدلالات العميقة، المشحونة بالإيحاءات والمعاني؛ لاهتمامه بدراسة السياقات المختلفة للخطابات والظروف المحيطة بها (سيد، إكرام محمود، ٢٠١٨، ص٥٤) (شومان، محمد، ٢٠٠٤) (سيد، أميرة محمد، ٢٠١٩، ص ٣٣٥). إضافة إلى الاستعانة بمدرستها البارزة: المدرسة السيميولوجية أو العلاماتية؛ حيث تتسق منطلقاتها مع الفن الصحفي الذي تم اختياره للدراسة، ألا وهو الصورة الإعلامية الذي يعد نوعا من الممارسة الاجتماعية المقاومة للأيديولوجيات المسيطرة لكونه فنا إبداعيا يعكس معالجات سياسية واجتماعية وثقافية للمجال الاجتماعي.

مدرسة التحليل السيميولوجي أو العلاماتي:

تبعا لتعدد النماذج التي قدمها الباحثون في مجال السيميولوجيا لدراسة العلامات بمختلف أنواعها، فهناك نموذج «فرديناند دوسوسير»، ونموذج «رومان جاكبسون»، ونموذج «تشارلز بيرس»، ونموذج «مارتن جولي»، ونموذج «رولان بارث»، ونموذج «لوى هلمسليف»، ترى الباحثتان أن أقرب النماذج للتطبيق على الصورة الإعلامية في هذه الدراسة هو مقاربة «رولان بارث»؛ بهدف معرفة مختلف الدلائل والمعاني المرتبطة بقضايا الإبادة الجماعية الكوردية المنشورة من خلال الصورة الصحفية المنشورة بالموقع الالكتروني الكوردي Puk media، وتحديد مضامينها وموضوعاتها، وذلك نظرا لما تتميز به هذه المقاربة من شمولية وعمق في التحليل، ونظرا لما تسمح به من تشكيل نظام الدلالة، وفحص المعاني التي تتضمنها الصورة الإعلامية المعالجة لقضايا

الإبادة الجماعية الكوردية، وكشف المدلولات الثقافية التي تحملها هذه الأداة الاتصالية، وذلك على النحو الآتي:

- نموذج رولان بارث:

تحتاج الدراسات الإعلامية إلى روح جديدة، مثل التحليل السيميولوجي من وجهة نظر بارثية، التي تشمل الصور، والإعلانات، والأفلام، والكاريكاتير، وذلك لمعرفة ما وراء النص أو الصورة، ويفتح عددا لا حصر له من التفسيرات، وقد وظف «رولان بارث» التحليل السيميولوجي على الصور، سواء كانت إعلانات مطبوعة أوالصورالصحفية أو الرسوم الكاريكاتيرية؛ إذ يعد «بارث» أول من طبق منهجية التحليل السيميولوجي للصورة كما عمل على تطوير هذا المنهج، وتوضيح أن العلامة في الصورة توجد في مستويين (Sajid Waqar, et.al, 2020, pp68-69):

- المستوى التعييني (Denotation Meaning): يعني المعنى الفوري أو البديهي السطحي للصورة أو القراءة الأولية للعلامة التي في الصورة، وهو ما يقابل الدال عند «دوسوسير»، حيث هو وصف أولي تعييني للصور، وهو المستوى الذي يدركه الجميع، فهذا المستوى وصف جزئي لا يمكنه أن يوصلنا لكل معنى في الصورة، ونقوم في هذا المستوى بالإجابة عن السؤال (ماذا)، فهو يساعد على تحديد الموضوع الذي تعالجه الصورة ويعرفنا محتواها.

- المستوى التضميني (Connotation Meaning): فهو النظام الآتي للفهم، وهو المستوى الأعمق في قراءة الصورة الكاريكاتيرية لفهم الأيديولوجية الاجتماعية، إذ إن الوصول إلى المعنى الحقيقي العميق للصورة إنما يتم على مستوى فهم المدلول أو الدلالة التضمينية التي تحتويها، فالصورة في مستواها التضميني أو الرمزي تصبح نسيجا من العلامات التي تنبثق من قراءات متعددة بحسب السياق الاجتماعي والثقافي والتاريخي، ويؤكد «بارث» أن الصور (والرسوم الكاريكاتيرية) ليست هي الأشياء التي تمثلها، وإنما استعملت لتقول شيئا آخر، وهنا نطرح السؤال (لماذا).

ورأى «رولان بارث» أن العلامة تحتوي على ثلاث رسائل، وبذلك يكون تحليلها من خلال كل رسالة من الرسائل الثلاث، هي: رسالة ألسنية (لغوية) a linguistic messag، ورسالة أيقونية مدونة (الصور والعلامات البصرية) a literal message، ورسالة أيقونية غير مدونة، أو ما يسمى ببلاغة الصورة (المعنى العميق غير الظاهر) symbolic message a، ويمثل التحليل السيميولوجي بالنسبة لـ«بارث» شكلا من أشكال البحث الدقيق في المستويات العميقة للرسائل الأيقونية أو الألسنية على حد سواء؛ للوصول إلى الدلالة الحقيقية لمحتوى الرسالة واكتشاف معناها العميق ودلالتها الخفية.

ويمكن الاستفادة من هذا النموذج في تحليل عينة من الصور الصحفية المعالجة لقضايا الإبادة الجماعية الكوردية المنشورة بالموقع الالكتروني الكوردي Puk media،

للكشف من خلال المستوى التعييني (الوصفي) لهذه الصور عن المعاني الظاهرة لها، مثل الأفكار الرئيسية التي تحتويها، والكشف من خلال المستوى التضميني (الدلالي) عن المعاني العميقة الحقيقية والخفية عن ذهن القارئ وغير الظاهرة، من خلال الرموز اللفظية وغير اللفظية التي تتضمنها هذه الصور، ففي ضوء هذا المستوى تحاول الباحثتان تفكيك مختلف الدلالات التضمينية للصور الخاضعة للتحليل بموقع الدراسة.

فالسيميولوجيا تستند منهجيا إلى عمليتي التفكيك والتركيب، ونعني بهذا أن السيميوطيقي يدرس العلامة أو الرمز في نظامه الداخلي، من خلال تفكيك عناصره وتركيبها من جديد عبر دراسة شكل المضمون، ويبحث عن مسند الاختلاف ودلالته، فعبر التعارض والاختلاف والتضاد والتناقض بين الدوال يكتشف المعنى وتستخرج الدلالة، وعلى حد تعبير «جيرفيرو»، فإن ما يهم السيمولوجي ما الذي أراد أن يعبر عنه الفنان أو المصور (أي معاني الصور والرسوم)، والرموز التي استعملها من أجل ذلك، وعلى هذا فالسيميولوجيون يتجاوزون في دراستهم ما نسميه بـ (الدال)، أي المعنى الأول القاعدي، إلى المدلول، أي المعنى الإسقاطي (الداخلي، رحاب، ٢٠١٧، ص ١٦٢- ١٦٣).

رابعا: أهمية الدراسة:

تكمن أهمية الدراسة في جديتها وحداثتها في تناولها بوصفها دراسة أكاديمية تحاول تسليط الضوء على سيميائية الصورة الإعلامية لقضايا الإبادة الجماعية الكوردية، لكونه حقلا خصبا بالدلالات العميقة، المشحونة بالإيحاءات والمعاني الكامنة؛ الأمر الذي يفتح الباب على مصراعيه أمام الباحثتان لسبر أغوار فن الصورة الإعلامية وكشف ما استتر منها، وقد يسهم ذلك في تكوين وعي بصري وإلمام فكري حول ما تضمنته تلك الصور الإعلامية، من لغة بصرية ولفظية في معالجة قضايا الإبادة الجماعية الكوردية.

خامسا: أهداف الدراسة:

- تقديم محاولة في مجال توظيف التحليل السيميولوجي في دراسة الخطاب الصحفي.
- محاولة رصد وتحليل دلالات الصور الإعلامية المنشورة في الموقع الإلكتروني الكوردستاني Puk media، اعتمادا على التحليل السيميولوجي بمستوييه (التعييني والتضميني) وفقا لمقاربة رولان بارث في التحليل السيميولوجي.

سادسا: تساؤلات الدراسة:

- ما هي المعاني الظاهرة (القراءة التعيينية) التي تحملها الصور الإعلامية التي عالجت

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

قضايا الإبادة الجماعية الكوردية المنشورة بموقع Puk media؟

- ما هي المعاني والرسائل الكامنة (التضمينية) التي تركز عليها الصور الإعلامية التي عالجت قضايا الإبادة الجماعية الكوردية المنشورة بموقع Puk media وتريد إيصالها للمتلقي؟

- كيف وظف الموقع الالكتروني الكوردي Puk media الرموز اللفظية وغير اللفظية ليعبروا عن أيديولوجياتهم وبنيتهم الفكرية من خلال الصور الإعلامية التي تنشرها عبر موقعها الالكتروني؟

سابعا: منهجية الدراسة:

نوع الدراسة:

تنتمي الدراسة الحالية إلى نمط الدراسات الكيفية التي تسعى إلى الوصف الدقيق والمتعمق للصور التي يستخدمها ويوظفها الموقع الالكتروني الكوردي Puk media، ومحاولة الكشف عن الدلالات الكامنة في خطاب الصورة الإعلامية التي تناولت قضايا الإبادة الجماعية الكوردية في ضوء مقاربة (رولان بارث) للتحليل السيميولوجي، من خلال الكشف عن المعاني الكامنة والرسائل الضمنية المقدمة في تلك الصور وما تحمله من دلالات.

منهج الدراسة:

تقتضي طبيعة الدراسة الحالية الاعتماد على منهج التحليل السيميولوجي، والذي يهتم أساسا بالكشف عن العلاقات الداخلية لعناصر الخطاب الإعلامي، وبإعادة تشكيل نظام الدلالة بأسلوب يتيح فهما أفضل لوظيفة هذه الرسائل داخل النسق الثقافي، فنظرا لاكتساح الصورة بتجلياتها المختلفة في العالم الراهن، أصبح تحليلها مجالا مهما في مجال البحث، كما تحول المنهج السيميولوجي أداة للكشف عن دلالاتها.

ويهتم التحليل السيميولوجي بالبحث عن الدلالة الحقيقية لمحتوى الرسالة، واكتشاف معناها العميق ودلالتها الخفية، ويعتبر التحليل السيميائي منهجا هاما، هدفه الأساسي هو النقد القائم على البحث العميق في مضامين الرسالة أو الخطاب الإعلامي، وبهذا يختلف منهج التحليل السيميائي عن تحليل المضمون الإمبريقي، إذ تأكد أنه لا يهدف إلى فهم ميكانيزمات المعنى، بقدر ما يسعى لجمع مؤشرات دالة لفهم محتوى الرسالة (ربيع، حسين محمد، ٢٠١٧، ص٣٠٦).

مجتمع وعينة الدراسة:

تمثل مجتمع الدراسة في الموقع الالكتروني puk media، ونظرا لطبيعة الدراسة

الراهنة من حيث اعتمادها على منهج التحليل السيميولوجي للصور، فلايمكن دراسة جميع الصور الفوتوغرافية المتواجدة بالموقع، لصعوبة الدراسة السيميولوجية لكل تلك الصور، لذلك لجأت الباحثتان إلى الاستعانة بالمعاينة التي تعني الطريقة أو الأسلوب الذي يتم بموجبه اختيار عينة ملائمة بهدف تحديد خصائص أو مواصفات معينة أوالخروج باستنتاجات عن المجتمعات، وفي إطار الأهداف المحددة للدراسة الراهنة، اعتمدت الباحثتان الأسلوب القصدي في اختيار عينة الصور من مجمل الصور الفوتوغرافية المنشورة بالموقع الالكتروني puk media، وبهذا تكون عينة الدراسة قصدية، تمثل نموذجا يشمل جزءا من وحدات المجتمع الأصلي المعني بالبحث وتكون ممثلة له، بحيث تحمل صفاته المشتركة، وهذا الجزء يغني الباحث عن دراسة كل وحدات ومفردات المجتمع الأصلي، وفي ضوء ذلك تمثلت عينة الدراسة في (٧) صور، وقد روعى في اختيار هذه الصور أن تكون غنية بالرموز والدلالات والعلامات والأيقونات السيميائية التي تساعد في استنباط المعاني الكامنة في الخطاب البصري لموقع media puk.

الإطار النظري للدراسة: الإبادة الجماعية بحق الكورد في العراق:

أولا: تعريف الإبادة الجماعية (أحمد، مهدي قادر، ٢٠٢٣، ص ٢٥٠ -٢٥٢):

عرفت الإبادة الجماعية بتعريفات كثيرة، كل تعريف يوضح جانبا من أركان الإبادة الجماعية. فيما يأتي نختار ثلاثة تعاريف، ثم نصنف تحتها الجرائم التي ارتكبت بحق الشعب الكوردي، ونعرف أخيرا هل هي إبادة جماعية أم إجراءات قانونية لصالح أمن الدولة؟!!

١- تعريف الإبادة الجماعية: إبادة الجنس البشري، وتتمثل في ارتكاب أفعال لتدمير مجموعة وطنية أو عرقية أو دينية معينة عن طريق القتل وإحداث أذى جسماني أو عقلي جسيم لأعضاء المجموعة، أو اتخاذ إجراءات تمنع تناسلها، أو نقل أطفال مجموعة لمجموعة أخرى.

٢- نصت (اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها) في تعريفها الآتي: «أن الإبادة الجماعية تعني أي فعل من الأفعال المرتكبة بقصد القضاء كليا أو جزئيا على جماعة وطنية عرقية عنصرية أو دينية».

٣- وفقا لنص المادة السادسة من (النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية) فإن «الإبادة الجماعية تعني: أي فعل من الأفعال التالية يرتكب بقصد إهلاك جماعة: قومية أو إثنية أو عرقية أو دينية بصفتها تلك إهلاكا كليا أو جزئيا:

- قتل أعضاء وأفراد الجماعة.
- إلحاق ضرر جسدي أو عقلي جسيم بأفراد الجماعة.
- إخضاع الجماعة عمدا لأحوال معيشية يقصد بها إهلاكها الفعلي كليا أو جزئيا.

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

- فرض تدابير تستهدف منع الإنجاب داخل الجماعة.

- نقل أطفال الجماعة عنوة إلى جماعة أخرى.

- جرائم الإبادة الجماعية تدخل ضمن اختصاص المحكمة الجنائية الدولية.

لە پێناو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتانەی بوونە هۆی دروستبوونی چەندین ڕووداوی مێژوویی، ئەم توێژینەوەیە بە ناوونیشانی (لێکەوتەکانی جینۆسایدکردنی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١) ئامادەکرا، بە ئامانجی نیشاندانی بەشێکی کاریگەریی و دەرهاوێشتەکانی ئەم دۆخە لەسەر گەلی کورد لە عێراق دروستکراوە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چوار تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا: باسێکی پوخت لەبارەی (ستراتیژی سیاسی حکومەت بەرامبەر بە گەلی کورد لە عێراق) خراوەتە ڕوو. لەتەوەری دووەمدا: باس لە (کاریگەریی پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید لەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن)

کراوە و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر دارمان و لاوازبوونی ئاستی خوێندن و فێرکردن لە ناوچە کوردنشینەکان تیشکی خراوەتە سەر. سەرباری ئەوەی تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی (لێکەوتەکانی جینۆساید لەسەر بواری هونـــــەری کوردی) و لەدوا تەوەریش کە تەوەری چوارەمە، باس لە (لێکەوتەکانی جینۆسایکردنی کورد لەسەر باری ئەدەبی کوردی)کراوە .

تداعيات الإبادة الجماعية الكردية وأثرها على الثقافة الكردية في جنوب كردستان (١٩٧٥-١٩٩١)

أ.م.د. قارمان حيدر رحمان
قسم التاريخ- كلية الاداب- جامعة صلاح الدين/أربيل
Qaraman.rahman@su.edu.krd

د. ئارزو يوسف حسن
قسم التاريخ- كلية الاداب- جامعة صلاح الدين/أربيل
Arazu.hasan@su.edu.krd

د. پەيمان عبدالله حمد
قسم العلوم الاجتماعية- كلية التربية الأساسية- جامعة صلاح الدين/أربيل
Payman.hamad@su.edu.krd

ملخص البحث

كانت عمليات الترحيل والتعريب والبعث والأنفال والهجمات الكيماوية من بين سياسات الحكومة العراقية الموجهة ضد الشعب الكردي في العديد من مناطق كردستان. وبهذه الطريقة، حاولت الحكومة العراقية تدمير الهوية الوطنية والثقافة واللغة والثقافة الكردية . من أجل السيطرة على سياسة قومية عربية متطرفة في المنطقة.

ومن أجل دراسة وتحليل آثار هذه السياسات التي أدت إلى عدة أحداث تاريخية، تم إعداد هذه الدراسة بعنوان (تداعيات الإبادة الجماعية الكردية وأثرها على الثقافة الكردية في جنوب كردستان

١٩٧٥-١٩٩١) فـي العـراق. تتكـون هـذه الورقـة مـن مقدمـة وأربعـة مباحـث. يناقـش المبحـث الأول اسـتراتيجية الحكومـة السياسـية تجـاه الشـعب الكـردي فـي العـراق ويناقـش المبحـث الثانـي تأثيـر سياسـة الإبـادة الجماعيـة على قطاع التعليم في المناطق الكرديـة. أمـا المبحث الثالـث فقـد خصـص للبحـث آثـار الإبـادة الجماعيـة علـى الفـن الكـردي والمبحـث الرابـع آثـار الإبـادة الجماعيـة الكرديـة علـى الأدب الكـردي.

The repercussions of the Kurdish genocide and its impact on Kurdish culture in southern Kurdistan (1975-1991)

Abstract

The deportation, Arabization, Baath, Anfal, and chemical attacks were among the policies of the Iraqi government directed against the Kurdish people in many areas of Kurdistan. In this way, the Iraqi government tried to destroy the Kurdish national identity, culture, language, and culture. In order to control an extremist Arab nationalist policy in the region.

In order to study and analyze the effects of these policies that led to several historical events, this study entitled (The Repercussions of the Kurdish Genocide and Its Impact on Kurdish Culture in Southern Kurdistan ١٩٩١-١٩٧٥) in Iraq was prepared. This paper consists of an introduction and four chapters. The first chapter discusses the government›s political strategy towards the Kurdish people in Iraq, and the second chapter discusses the impact of the genocide policy on the education sector in the Kurdish regions. The third chapter is devoted to the research on the effects of the genocide on Kurdish art, and the fourth chapter is devoted to the effects of the Kurdish genocide on Kurdish literature.

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پێشەکی

جینۆسایدکردنی گەلی کورد، کە لەلایەن حزبی بەعس پیادە کراوە، ئامانج تیایدا سڕینەوەی مێژوو، جوگرافیا و زمان و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان بووە. ئەم سیاسەتە بە ڕادەی خۆی کاریگەریی دوو لایەنەی لەسەر شوناسی نەتەوەیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تاکی کورد دروستکرد، کە بەیەکەوە بوونە هۆی ئەوەی لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی لە باشووری کوردستان بەدیاربکەوێ.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: لێکۆلینەوەیە لە بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردی لەم سەردەمە مێژووییەدا،

ئامانجی توێژینەوە: گەیشتنە بە هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ پێوانەکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری کورد، لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی جینۆسایدکردنی خەڵکی باشووری کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق، وەک بەشێک لە لێکەوتەکانی ئەم پرسە لە ڕووی سیاسی و مرۆییە.

سنووری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە ڕووی مێژووییەوە سەرەتاکەی لە دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥وە دەست پێدەکات و بە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان کۆتایی دێ. لە ڕووی جوگرافییەوە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق لەخۆدەگرێ.

پرسیاری توێژینەوە: ئەم شێواز و میتۆدەی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان پیادەیان کردوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی جینۆسایدکردن و دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەریی ئەم هەوڵانەی ئەنجام دراون بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لە مانەوەی شوناسی نەتەوەیی.

میتۆدەی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا شێوازی وەسفی پیادەکراوە، هاوکات هەوڵدراوە شیکاری زانستی بۆ بەشێکی ڕووداوە مێژووییەکان بکرێ.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە کە بە ناوونیشانی (لێکەوتەکانی جینۆسایدکردنی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١) هاتوە، لە پێشەکی و چوار تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا باسێکی پوخت لەبارەی (ستراتیژی سیاسی حکومەت بەرامبەر بە گەلی کورد لە عێراق) خراوەتەڕوو، کە تیایدا باس لە سیاسەتی ڕاگواستن کراوە، دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بۆ ماوەی دەیان ساڵان لە کوردستان بۆ لێکترازاندنی کورد پیادەی کرد. پاشان لەتەوەری دووەمدا کە بەناوونیشانی (کاریگەریی پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید لەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن) هاتووە، لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر دارمان و لاوازبوونی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئاستی خوێندن و فێرکردن لە ناوچە کوردنشینەکان خراوەتە ڕوو. سەربارى ئەوەی تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە بۆ باسکردنی (لێکەوتەکانی جینۆسایید لەسەر بواری هونەری کوردی) تەرخانکراوە، تەوەری چوارەمیش پوختەیەکی لەسەر زەقترین (لێکەوتەکانی جینۆسایکردنی کورد لەسەر باری ئەدەبی کوردی) باسکردوە، کە تیایدا فاکتەرەکانی گۆڕینی شێوازی بوارە ئەدەبیەکان لەدوای سیاسەتی حکومەتی بەعس و ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتە لە سەر پەخشان و شیعر و چیرۆکی کوردی و گۆرینی خەباتی رۆشنبیری و تیکەڵاوبوونیان بە ئازارو نەهامەتیەکانی نەتەوەیی کورد خراوەتەڕوو.

١-تەوەری یەکەم : ستراتیجی سیاسی حکومەت بەرامبەر بە گەلی کورد لە عێراقدا.

لە سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس، حکومەتی عێراق ستراتیژێکی سیاسی توند و سەرکوتکەری بەرامبەر گەلی کورد پەیڕەو کرد، کە بە ڕێوشوێنی توندی سەربازی و سیاسی تایبەتمەند ئەنجامیدا. دیارترین لایەنی ئەم ستراتیژە پرۆسەی ئەنفال بوو، ئەم هەڵمەتە توندوتیژی سیستماتیکی لە دژی دانیشتوانی کوردی باشووری کوردستان لەخۆگرت، بە ئامانجی سەرکوتکردنی بەرخۆدان و نەهێشتنی هەموو جۆرە مەترسییەک لەسەر جیابوونەوەی کورد. لێرەدا چەند لایەنێکی سەرەکی ستراتیژی حزبی بەعس بەرامبەر بە کورد لەم ماوە مێژووییەدا دەخەینەڕوو، وەک:

١.١. سیاسەتی بەعەرەبکردن

هەر لەم ماوەیەدا و لەئەنجامی پرۆسەی جینۆسایدکردنی خەڵکی باشووری کوردستان، حکومەتی عێراق سیاسەتی بەعەرەبکردنی لە ناوچە کوردییەکان جێبەجێکرد، بە ئامانجی گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی ناوچە کوردستانییەکان، بەتایبەتی ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوت وەک کەرکوک. خێزانە عەرەبەکان گواسترانەوە بۆ ئەو ناوچانە بۆ جێگرتنەوەی دانیشتوانی کورد. کوردەکان بە زۆر ڕاگوێزران بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، زەویەکانیان دەستی بەسەردا گیرا و بەسەر دانیشتوانی عەرەبدا دابەشکرانەوە. ئامانج لەم کردە سیاسییە دیمۆگرافییە، ڕەتکردنەوەی داواکاری کورد بوو بۆ ئەو زەوییانە و داگیرکردنیان بوو بۆ بەرژەوەندی عەرەب لە عێراقدا، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ستراتیژی و ئابوورییان(Ihsan,٢٠١٧, p٢٦)

٢.١. سەرکوتکردنی ئۆتۆنۆمی کورد

هەوڵەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا بەرەوڕووی سەرکوتکردن توندوتیژی بەردەوام بووەتەوە. هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتنی ١١ی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

ئاداری ساڵی١٩٧٠ کورد فۆرمێکی خۆبەڕێوەبەریی پێدرا، بەڵام حکومەتی عێراق نەیتوانی بەتەواوی جێبەجێی بکات. بەڵکو حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژیانی سیاسی کورد و زەوتکردنی مافە سروشتیەکانی خەکی کوردستان(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل٢٠).

٣.١. تاکتیکی دابەشکردن و داگیرکردن

حکومەتی بەغدا ستراتیجی «دابەشکردن و داگیرکردن»ی گرتەبەر، هەوڵی هاندانی لایەنە کوردییەکانی دژ بە یەکتری دا. بۆ نموونە حکومە ت بە مەبە ستی لاوازکردنی لایەنێکی سیاسی کورد، پاڵپشتی کاتی بۆ تاقمێکی کوردی دیکەی نەیاری دەکرد، ئەمەش ناکۆکی نێوخۆیی لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکانی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و یە کێتی نیشتمانی کوردستان دروستکرد. حکومەتی عێراق بە کەڵک وەرگرتن لە دابەشکارییە ناوخۆییەکان، هەوڵیدا ڕێگری بکات لە سەرهەڵدانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی، کە توانای بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرانەی حکومەتی ناوەندی هەبێت(Gunter,٢٠١٩,p.٦٣).

٤.١. پاکتاوی نەتەوەیی و جینۆساید

لە هەڵمەتی ئەنفال کوشتنی بە کۆمەڵی کورد و وێرانکردنی گوندەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەنجام درا. دیارترین ڕووداویش کیمیابارانی هەڵەبجە بوو لە ساڵی ١٩٨٨، کە بەو هۆیەوە نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستدا. سەرباری ئەوەی ئەم هێرشە بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار کورد و وێرانکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکان. ئامانج لێی لەناوبردنی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکان و لاوازکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لاوازکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی و حزبە سیاسییە کوردییەکان بوو(Cowell,١٩٨٨,p١١).

٥.١. سەرکوتی سەربازی و پلانی زەوی سووتاو

حکومەتی عێراق هێزی سەربازیی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی کورد بەکارهێنا و لەم پرۆسە سەربازییانەی بۆسەر خەڵک و شۆڕشگێرانی کوردستان ئەنجامی ئەدا، چەکی قورس و هێرشی ئاسمانی و تۆپخانە بەکاردەهێنا. هەروەها سوپا پلانی زەوی سووتاو و وێرانکردنی ژێرخان و ماڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردستانییەکان پیادە کرد، بۆ شکاندنی بڕبڕەی پشتی ئابووری کۆمەڵگای کوردی. بۆ ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بکاتەوە، بەهۆی لەناوبردنی توانای خۆبژێوی دانیشتوانی کورد (Gunter,٢٠١١,p.٢٠٥).

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بۆیە دەکرێ بلێین، ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن، ئەنفال و بۆردوومانی کیمیاویی، چەند سیاسەتێک بوون تەنها ئاڕاستەکراو نەبوون بۆ سەرناوچەیەکی دیاریکراو لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان ، بەڵکو حکومەتی بەعس هەوڵی داوە شوناسی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی و زمان و کولتوری کورد لەناو ببات و بسڕێتەوە، بەبێ ئەوەی جیاکاری بکات لە نێوان شوێن و ناوچە جوگرافیەکان لە کوردستاندا، سەرباری ڕەچاونەکردنی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان پیاو و ئافرەت، ئاین وئاینزاو مەزهەب(عبدالله، ٢٠٠٨،ص٢٥).ئەم پێشهاتە بەدرێژایی ماوەی تویژینەوە، بەشی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان گرتەوە، کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دروستکرد، بەلام نیشانەکانی لەسەر بواری ڕۆشنبیریی تۆختر بە جێهێشت، بەتایبەتی دوای ئەوەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، دەرفەتێکی لە باری بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕەخساند، تا نەخشە و پلانە ستراتیجیەکانی خۆیان لە مەڕ کوردستان پیادەبکەن. هەربۆیە بەپەلە کەوتنە جێبەجێکردنی نەخشەکە و توانایەکی سوپایی و دارایی زۆریشیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد، لەسەرەتادا دەستیانکرد بە ڕاگواستنی هاولاتیانی کوردی نیشتەجێی ناوچە سنوورییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا بوون، بەقولایی ١٠ – ٢٠کم بەناوی پشتێنەی ئەمنیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی لەدەوروبەری شارە کوردییە گەورەکان دامەزرابوون، حکومەتی عێراق ناوی لەم ئۆردوگا زۆرە ملێیانە نابوو (گوندی هاوچەرخ).(«هاوکاری»، ذ(٤٣٤) ، ١٩٧٨/٧/٢٤، ل٥).   لەم پرۆسەیەی لەماوەی نێوان سالانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨ جێبەجێکرا، حکومەتی عێراق دەیان هەزار خێزانی کوردی لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی بونیادی نابوون بە ئامانجی دابڕادنی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، بەیەکەوە کۆکردنەوە و هەموو گوندەکانی سەرسنووریشی لە گەڵیدا وێرانکرد، دواتر بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران و هاتنە پێشەوەی سوپای ئێران لە بەشێک لە سنورەکانی پارێزگاکان، بە مەبەستی لە ناوبردنی زەمینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، جارێکی تر لە ساڵەکانی ١٩٨٨/١٩٨٧ دەستیکردەوە بە پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کە تاوەکو ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو(چیا، ١٩٨٧، ل١٠١). ئەم کردەیە کاریگەری خراپی لەسەر بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی دروستکرد، کە لە خوارەوە باسی لێ دەکەین :

٢- کاریگەریی پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید لەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن:

ئەنفالکردنی سەدان هەزار هاولاتی کورد و خاپوورکردنی هەزاران گوند و کیمیابارانکردنی دەیان شارۆچکە و گوندی کوردستان و لەناوبردنی هەزاران هاولاتی سڤیل لەو جەنگەی حزبی بەعس بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییەکەی، درێژەپێدەری ئەو سیاسەتە بوون، کە حکومەتەکانی پێشووتری عێراق لەپێناو قرکردنی نەتەوەی کورد گرتویانەتە بەر. بێگومان ئەو سیاسەتە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان دروستکرد، بواری ڕۆشنبیریی کوردیش وەک گۆرەپانێکی زیندووی خۆبەستاوە بە مێژو و کولتورێکی دەوڵەمەند، بەدەرنەبوو لەو سیاسەتانەی حزبی بەعس. بۆ نمونە، خوێندن و پەروەردە لەدەرەنجامی کردەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد لە ناوچەکە، ڕووبەڕووی زەرەروزیانێکی زۆر بویەوە. ڕێژەی زۆری ئەو زیانەش بەر پیاوەکان کەوت. بۆیە زۆربەی ئەوانەی لەدوای کردەی ئەنفال مانەوە ئافرەت بوون. ڕێژەی زۆری ئەو ئافرەتانەی مانەوە خاوەن منداڵ بون، زۆربەی ئەمانە کە ڕێژەیان (٪٤٤،٩) بوو، بەخێوکەربوون و هیچ هۆکارێکی گوزەرانیان لەدەست نەبوو، چونکە کار و پیشەیان نەبوو. ئەنفالکراوەکان بەر لە کردەکە ڕێژەی (٪١٣،٦) لە کەرتی تایبەت کاری ئازادیان دەکرد، ڕێژەی (٪١٠،٤) قوتابی بوون، هیچ کاریان نەبوو، (٪٨،١) پێشمەرگە بوون، ڕێژەی (٪٧،٥) لە فەرمانگەی حکومەت کاریان دەکرد. بەم جۆرە دەردەکەوێ ڕێژەی زۆری ئەنفالکراوەکان خاوەنی هیچ سەروەت و سامان و موڵک و زەوی و زارێک نەبوون، تەنها داهاتێکی زۆر سنووردرایان بۆ گوزەرانکردن و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵەکانیان هەبوو. ئەم هۆیە وایکرد لەدوای کردەی ئەنفال ئەو منداڵە بێ باوکانەی مانەوە بۆ بەخێوکردنی خێزانەکانیان، دەست بەکارکردن بکەن و لە قوتابخانە و خوێندن دووربکەونەوە. زۆربەی کاتیش ئەو منداڵانە کچ بوون و بوونە بەخێوکەری خێزانەکانیان بە کارکردن لە ماڵان و یاخود کاری فرۆشتنی دەستگێرییان دەکرد. لەسەر ئەم بنەمایە، دەکرێ بلێین ئەو ڕووداوە هۆکارێک بووە، بۆ دواکەوتوویی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لە نێوان زۆربەی تەمەنەکان، بەهۆی وێرانکردنی زۆربەی گوندەکان و نەبوونی قوتابخانە و سەرگەردانکردنی خەڵک و بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەمانی سەرۆک خێزانەکان(باوک)، کە سەرپەرشتیار و بەخێوکەری خێزان بوو(عومەر،٢٠٠٢،ل٣٠١).

لە لایەکی دیکە بە گوێرەی ئەو ئامارەی بۆ قوربانیانی هەڵمەتی جینۆسایدکردن و ئەنفالی کورد لە ناوچەکانی هەولێر ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کەوا ڕێژەی نەخوێندەوار لە نێوان قوربانییەکان زۆر کەم بووە، واتە زۆربەی ئەوانەی کەوا ئەنفالکراون کەسانی خوێندەوا بوینە، ئەمەش زیان و کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر کاڵ بوونەوەی لایەنی ڕۆشنبیریی لەناو ئەو خەڵکانە ، لەدوای لەناوچوونی ئەو ژمارە زۆرە لە خوێندەوارانیان(چنار، ٢٠٠٨، ص٣٣).

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی دیکەی کردەی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، بریتی بووە لە وێرانکردنی سەدان مەڵبەندی ڕۆشنبیریی وەک مزگەوت و قوتابخانە. بە جۆرێک لە ئەنجامی وێرانکردن و خاپورکردنی (٤٠٣٤) شارۆچکە و گوندی کوردستان، (١٧٥٧) قوتابخانەی سەرەتایی لەهەموو کوردستان لە گەلیدا وێرانکراوە(حەیدەر، ٢٠١٦، ل١٠٨). بەشێک لە گوندە خاپوورکراوەکان قوتابخانەیان تێدا نەبووە، بەڵام زۆر کەم گوند هەبووە مزگەوتی تێدا نەبێت. ئەم مزگەوتانە هەمیشە

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بوونەتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی. حکومەتی عێراق لەگەڵ وێرانکردن و خاپورکردنی (٦٢٩) مزگەوت لە گوندەکانی پارێزگای هەولێر، زیانێکی زۆری بە بواری ڕۆشنبیریی گوندنشینەکانی کوردستان گەیاند، وێڕای زیانە مادی و مرۆییەکانی تری لە چوارچێوەی کردەکانی ئەنفال ڕووبەڕووی بۆتەوە. بەم جۆرەش یەکێک لە سیما ڕۆشنبیرییەکانی گوندی کوردی لەناوبرد. بەتایبەتی دوای ئەوەی حزبی بەعس لە کاتی ڕووخاندنی ئەو مزگەوتانە، دەیان دەستنووسی ئایینی و بەڵگەنامەی مێژوویی تالانکرد. هەروەها لە ڕێگای وێرانکردنی هەزاران گوند، هەوڵیداوە سیماکانی نەتەوەیی لە کولتوری زارەکانی و پاشەکەوتی زمانەوانی لەناو ببات(جامباز، ٢٠٠٨، ص١١٢). بۆیە دەکرێ بڵێین دوای ئەوەی لە نێو قوربانییەکاندا کەسانی ڕۆشنبیریی وەک : شێخ، شاعیر، مێژوونووس، مۆسیقاژەن و سەرکردەی عەشیرەتەکان هەبوون، کە ڕۆڵی جەوهەرییان لە پاراستن و گواستنەوەی کولتووری کوردی، نەریتی زارەکی و زانستی مێژووییدا هەبوو. لەو کاتەی ئەم خەڵکانە تەنیا ئەندامی کۆمەڵگاکانیان نەبوون، بەڵکو پارێزەری ناسنامەی کوردیش بوون، زمان و چیرۆک و گۆرانی و پراکتیزە کولتوورییەکانیان بە درێژایی نەوەکان دەگواستەوە. ئەو بەساڵاچووانەی کوژراون یان ئاوارە بوون، بەرپرسیار بوون لە پاراستنی ئەم نەریتانە. لەدەستدانی ئەوان بەو مانایە بوو، کە زانستی بەنرخ و چیرۆکی فۆلکلۆر و گۆرانی و گێڕانەوەی مێژوویی ونبوون و نەگوازرایەوە بۆ نەوە گەنجەکان و لە ئەنجامدا بۆشایی کولتووری دروست بوو(جامباز، ٢٠٠٨، ص١١٢).

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد ، پێش جینۆساید و لە کاتی جینۆسایددا، ئامانجی نەهێشتنی بەکارهێنانی زمانی کوردی بوو لە ژیانی گشتیدا. زمانی کوردی لە قوتابخانە و میدیا و دامودەزگا حکومییەکان قەدەغە کرا و کورد ناچار بوو لە چوارچێوەی فەرمیدا زمانی عەرەبی بەکاربهێنێت. ئەمەش نەک هەر شارەزایی زمانی کوردی لە نێو نەوە گەنجەکاندا کەم کردەوە، بەڵکو بوونی زمانی کوردیشی لە کۆمەڵگادا وەرچەرخاند. ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن دروستکرد، چەندین بەڵگە و نمونە لەم لایەنەوە هەن. بەشێوەیەک لە هەنگاوی سەرەتای جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، حکومەتی عێراق دەستیکرد بە پیادەکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردنی زمانی کوردی لە پرۆسەی خوێندن و دامەزراوە پەروەردەییەکانی لەناوچە کوردییەکان بوون، لەم سیاسەتەدا حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەبەغدا، جەختی لەسەر سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی عەرەبی لەناو کەرتی پەروەردەدا کردەوە، ئەمەش تەنها لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن نەبوو، بەڵکو پانتاییەکی بەرفراوانی گرتەوە، بەجۆرێک زۆربەی چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی قوتابیانی کورد لە شارەکان لەخانەی ڕۆشنبیریی عەرەبی چڕ کردەوە. بە شێوەیەک ئەو پەخشنامە و بڵاوکراوانەی لەلایەن قوتابیانەوە دەردەچون زۆربەی هەرە زۆریان بە ناوونیشان و ناوەڕۆکێکی عەرەبی بوو. وەک بڵاوکراوەکانی قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی و پەیمانگاکان ئەنجامیان ئەدا، یان ئەوانەی لەلایەن ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس لەریزی یەکێتی قوتابیان و ئامادەکران(هاوکاری، ژ(٣١٠)،١٩٧٦/٣/٢٥،ل١٠)

، بەناوونیشانی جۆراوجۆری سیاسی وەک (التحریر، فەلەستین (هاوکاری، ژ(٢٧١)، ١٣-١٩٧٥/٦/٢٠،ل٥) ذ (٢٧١) ، ١٣ – ٢٠ /١٩٧٥/٦، ل٥.) الیقظە ، ٧ی نیسان ، کە لەلایەن مامۆستایانی کورد سەرپەرشتی کراوە. (ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ (٢٩٨) ، ١ /١٩٧٦/١، ل١٠). بەگشتی ئەم بڵاوکراوانە گوزارشتیان لە خەبات و مێژووی عەرەب کردووە. بەم شێوەیە حزبی بەعس هەوڵیدا گەلی کورد پەلکێش بکات بۆ ناو کولتوری عەرەبی، وەک (سەدام حسین)ی سەرۆکی ئەو کاتی عێراق، لەکاتی پێشوازیکردنی لە ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی کورد وتی:» کورد لە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بەشێکە لە مێژووی ئەم میللەتە گەورەیە (کاروان ، ژ(٧٢)، شوباتی ١٩٨٩، ل٢). بێگومان سەرۆکی عێراق لەو گوتارەیدا، ئەو میللەتە گەورەیەی کەوا مەبەستی بوو (میللەتی عەرەب) بوو.

هەر لەم ماوەیەدا سەرۆکی عێراق لە وتەیەکی دیکەیدا لە بارەی پەروەردە و فێرکردن وتوویەتی:» پێویستە لەسەرمان زیاتر جەخت لەسەر مێژووی عەرەبی ئیسلامی بکەینەوە و گرنگی زیاتری پێ بدەین، چونکە مێژووی ئیسلامی لە بنەڕەتدا مێژووی عەرەبە»(حسین ، ١٩٧٧، ص١٦). ئەم ئاڕاستە و بیرکردنەوەیە بۆ عەرەب شتێکی ئاساییە کە چۆن نەخشەی مێژووی خۆی دەکێشێت، بەڵام بۆ دەسەڵاتێک ئاسایی نەبوو، هەمان ڕەوت بەسەر نەتەوەیەکی تردا بسەپێنێ، لەو کاتەی ئەو نەتەوەیە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو . ئەوە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لە پرۆسەی جینۆسایکردنی کورد، زۆرێک لەو کەسانەی لەناوبرد، کە قسەکەری شارەزاو دەوڵەمەند بوون بە شێوەزاری جۆراوجۆری کوردی و مردنیان فرەچەشنی زمانەوانیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا لەناوبرد. لە نەبوونی هەڵگرانی ئەم فەرهەنگدا، هەوڵەکان بۆ پاراستنی زمانەکە قورستر بوون، بەتایبەتی، کە حکومەت پێشتر سنووری بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و ژیانی گشتیدا سەپاندبوو.

ئەو هەوڵانەی حزبی بەعس لەلایەن زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد، یان بەهەوڵی تاکەکەسی یاخود بەکۆمەڵ تاکو ئاستێک بەرپەرچدراوەتەوە، ئەگەرچی ئەو هەوڵانە نەگەیشتونەتە ڕادەی خواستی نەتەوەکە، بەڵام لەو قۆناغەدا هەوڵێکی باش بووە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. لەم سەروبەندەدا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کۆڕی زانیاری کورد بە هەوڵ وکۆششی بەشێک لەڕۆشنبیرانی کورد توانی ٤٠٠٠ زاراوەی کارگێری بە کوردی دابنێت، کە تا ئێستاکەش زۆرلەو زاراوانە لە بواری کارگێری دا بەکاردەهێنرێت(حەیدەر، ٢٠١٦، ل٩٨).

لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر بواری ڕۆشنبیری لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١)، بەپلەی یەک لەسەر پرۆسەی فێرکردن بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حزبی بەعس کاریکرد بۆ بەستنەوەی کەرتی فێرکردن بە بنەما ئایدۆلۆژییەکانی و لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن و دانانی مامۆستا و پێگەیاندنی قوتابیان(«خەبات»، ژ(٥٦٢-٥٦٣) نیسان و ئایاری ١٩٨٦، دوالاپەرە).

بڕیارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوە نەهێشتنی خوێندن بە کوردی و داخستنی

هەندێ لە قوتابخانەکان بەتایبەت لە ناوچە دوورەکان لە لێکەوتە دیارەکانی سیاسەتی جینۆسایدکردن بووە، بەتایبەت دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ . حکومەت سەرباری ئەوەی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەرتاسەری وڵات ڕاگەیاند بوو، هاوکات هەوڵی گۆڕینی قوتابخانە کوردییەکانی داوە بۆ قوتابخانەی عەرەبی، لەوانە لە ناوچەکانی کەرکووک، سنجار، خانەقین و شێخان، بە بیانوی ئەوەی زۆرینەی دانیشتووان ئارەزوویان لە خوێندنی کوردی نییە، هەرلەم ماوەیەدا بەشێکی مامۆستایانی ناوچە کوردنشینەکانی گواستەوە بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ کەمبونەوەی مامۆستای پێویست لە قوتابخانە کوردییەکان و پاشان داخستنیان بەم بیانووە(صحيفة الشرارة، العدد(٢)، كانون الثاني ١٩٧٦، ص٢). گواستنەوەی مامۆستایان، ناهاوسەنگی لە میلاکی قوتابخانەکان دروستکردوو، بەتایبەت قوتابخانە کوردییەکان و ناوچە دوورەکان و بەتایبەت ڕەچاونەکردنی باری خێزانداری و خاڵ و دووری ناوچەکان لێکەوتی نەرێنی لەسەر بواری پەروەردەکردن زیاتر کردووە. (بیری نوی، ژ(١٧٨)، ١٩٧٦/٢/٧،ل٤).

لەلایەکی دیکە بەمەبەستی بەعەرەبکردن(تەعریب) و لەناوبردنی زمانی کوردی لەکەرتی پەروەردەدا، نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکووری حزبی بەعس بە نووسراوی نهێنی ژمارە(٧١) ، کە لە (١٨ی ئاداری ١٩٨٩) ئاراستەی لقی هەولێری حزبەکەی کرد . فەرمانی دەرکرد، بە هەڵگرتنی بابەتی کوردی لە قوتابخانە کوردییەکانی شاری هەولێر و سلێمانی لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٩/١٩٩٠ بەڕێژەی ٨٠٪ و بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٠/١٩٩١ بەڕێژەی ١٠٠٪ (هاوەندی ، ٢٠٠٣ ، ص ١١٢).

هەر لەچوارچێوەی هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ پەراوێزخستنی بابەتی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی خوێندنی عەرەبی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٧، بڕیاری ژمارە(٦٣٢)ی دەرکرد، تایبەت بە هەژمارنەکردنی نمرەی بەبابەتی زمانی کوردی لە ئەزموونە گشتییەکان(حەیدەر ، ٢٠١٦، ل١٠٠). هەموو ئەم ڕێکارانە، ئامانجیان کاڵکردنەوەی بیر و لاوازکردنی بنەمایەکی ڕەسەنی شوناسی نەتەوەیی کوردی بوو. کە سەرباری ئەم هەموو ئەم کۆت و بەندانەی خرابوونە بەردەم گەشەکردنی، بەهەوڵ و کۆششی ڕۆشنبیرانی کورد لەم سەردەمەدا، زمانەکە وەک خۆی بەزیندووی مایەوە، دوای سوود وەرگرتن لەچەند دەروازەیەکی ڕۆشنبیریی، لەمانەش کۆڕی زانیاری کورد و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی، کە چاپەمەنییەکانیان بەزمانی کوردی بڵاودەکردەوە، وەک دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا و ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەم دامەزراوانە هەرچەندە سەر بە حکومەتی عێراق بوون، بەڵام پانتاییەکی فراوانیان بۆ ڕۆشنبیرانی کورد ڕەخساندبوو، تا بەرهەم و بابەتەکانی خزمەتی زمانی کوردییان دەکرد، لەم گۆشە سنووردارە بڵاوبکەنەوە، لە نمونەی ڕۆژنامەی (هاوکاری و عێراقی کوردی) و گۆڤارەکانی وەک (بەیان و ڕۆشنبیریی نوێ و ڕۆژی کوردستان و ئۆتۆنۆمی و کاروان

و ڕەنگیـن) (حیـدر، ٢٠١٦، ل٢٢٦).

لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٠ بڕیـاری تایبـەت بـە چاودێـری چاپەمەنـی کـوردی لـە ڕێگـەی دەزگای چاودێری چاپەمەنییەوە دەرکرا، کە تیایدا کۆمەڵێک ڕێنمایی تایبـەت بە چاپەمەنی و بڵاوکـراوەی کـوردی لـە خۆگـرت، بـەو هۆیـەوە دەسـەڵات دەسـتیکرد بـە کۆکردنـەوەی تـەواوی ئـەو کتێبانـەی لەگـەڵ بنەمـای هزرییـە ناسیۆنالیسـتە عەرەبییەکـەی کـۆک نەبـوو . («کۆمەڵـە »، ژ(٧) ، مایسـی ١٩٨٠ ، دوالاپـەڕە). هـەر لـەم ماوەیـەدا حکومەتـی عێـراق بڕیاریدا بەوەی هەرچی کتێب و مێژووی کورد هەیە لە کتێخانەی زانکۆکان بسوتێندرێت و تەنانـەت نـاوی کوردسـتان لـە کتێبـی قوتابخانەکانیـش لابـدرێ و لـە شـوێنی وشـەی کوردسـتان وشـەی (ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی) جێگیربکرێ. ئـەوە سـەرباری ئـەوەی پێویسـت بـوو ئـەو کتێـب و چاپکراوانـەی بڵاودەکرانـەوە بـە چاودێـری چـڕی دەزگا ئەمنییـەکان تێپەڕن، لەبەرئەوەی پێویست بوو دووربێ لە هەموو دەستەواژە و نێوەڕۆکێک، تامی ئازادی ڕادەبرینی لێ بێت لە کاتی خوێندنەوەیدا . (سورمێ، ٢٠٠٦،ل٢٦).

شـیاوی باسـە ڕەوشـی خوێنـدن لـە سـایەی شـەڕ و ئاڵۆزییەکانـی سـەرەتای سـاڵی ١٩٨١ ، بۆ مـاوەی چەنـد مانگێـک پەکـی کـەوت و تەنانـەت لـە چەنـد شـوێنێکی دەرەوەی شـارەکان دەرگای قوتابخانـەکان بـە ڕووی قوتابیـان داخـران. دوای ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لە مامۆستا و قوتابیان بۆ بەرەکانی شـەڕ ڕەوانەکران، ئەمـەش دەسـتپێکی قەیران و دابەزینـی ئاسـتی فێرکـردن لـە ناوچـە کوردییـەکان بووە.(«خەبـات « ، العـدد(٥٤٣) ، تشـرین الثانـی ١٩٨٠، ص٦).

هەمـوو ئەمانـە سیاسـەتی پێچەوانـە و دژ بەیەکـی حکومەتـی عێـراق بـۆ ڕزگارکردنـی خەڵکی کوردسـتان لە نەخوێندەواری بەدیار دەخـات. بۆیە پێمان وایە ئەوانەی حکومەتـی عێراق لە دەزگا ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنەکانی وەک دەستکەوتی دامەزراوەی ڕاپەڕاندن بـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی بانگەشـەی بـۆ کـردوە، تەنهـا کاری چەواشـەکارانە و ڕووکەشـی بێ نـاوەڕۆک بوونـە. ئەوەنـدە نەبێ لەهەوڵـی بەعەرەبکردنـی خەڵکـی کوردسـتان بەپێـی پەیـرەوی سیاسـی درێخـی نەکـردوە، ئەوەندەی دەرفـەت و دەسـەڵاتی گونجـاوی هەبـووە. بەڵگەی ئەم تێڕوانینەشـمان ئەو کاتـە ڕوونتر خۆی نیشـان ئـەدات کاتێک دەبینین یەکێک لە سیاسـەتەکانی حزبی بەعسـی دەسـەڵاتدار لەعێراق بەرامبـەر بە گەلی کورد لـە کەرتی پـەروەردە، دوورخسـتنەوەی قوتابیـان بـووە لـە پرۆسـەی خوێنـدن ئەمـەش بەمانـای کـەم بوونـەی و سـنووردارکردنی ئاسـتی پـەروەردەی دێت لـە کوردسـتاندا، بەڵگـەی ئەمـەش لـە ٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٦ لـە هەولێـر حکومـەت لەبەرەبەیانـی ئـەم ڕۆژەدا بـە هێزێکـی زۆر گەمـارۆی کۆلێژەکان و خوێندنگاکانـی ئـەم شـارەی دا، دوای ئـەوەی لەلایەن فێرکردنی بـاڵا(خوێندنـی بـاڵا) بڕیـاری ژ(٣س ١٦٥٤٢) دەرچـوو، کـە تێدا ئاماژە بەژمارەیەکـی نـاوی قوتابیانـی زانکـۆی سـەلاحەدین کردبـوو، بەمەبەسـتی دوورخسـتنەوەیان لـە خوێنـدن، دیـارە لـەم ژمارەیـەدا لـە (١٩٣) قوتابـی لـە کۆلێـژەی پـەروەردە بـوون و (١٨٦) قوتابـی دیکـە لـە کولێـژی زانسـت و (١٦٠) قوتابـی لـە کۆلێـژی ئـاداب و (٨٩) قوتابـی لـە کولێـژی

کشتوکاڵ و (٧٠) قوتابی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری و (٦٨) قوتابی لە کۆلێژی ئەندازیاری و (١٧) قوتابی لە کۆلێژی یاسا و (١١) قوتابی لە کولێژی پزیشکی، بەپێی ئەم بڕیارە لە خوێندن دوورخرانەوە، بەهەمان شێوە لە زانکۆی موسل لە هەریەک لەکۆلێژەکانی پەروەردە (١٨٠) قوتابی کورد و لە کۆلێژی ئاداب (١٢٠) قوتابی و لە کۆلێژی ئەندازیاری(٦٠) قوتابی و لە کۆلێژی پزیشکی(٤٠) قوتابی مافی بەشداریکردن لە وانەکان و چوونە ناو زانکۆیان لێ قەدەغەکرا(ئالای ئازادی، گۆڤار، ژ(٦-٧)، ١٩تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم، ١٩٨٦ل٧).

٣- لێکەوتەکانی جینۆساید لەسەر هونەری کوردی:

جینۆساید سەرباری ئەوەی کاریگەریی قووڵی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی تاکی کورد هەبووە، لەگەلیدا گۆڕانکاری بەسەر هونەری کوردیدا هێنا. هونەرمەندانی کورد، لە زەبر و زەنگی مێژوویی توندوتیژی، گۆشەگیری و خەبات بۆ مانەوە، سودیان وەرگرت. بۆیە بەڕادەیەکی زۆر تەوەری شوناس، لەدەستدان، یادەوەری و بەرخۆدان خزانە ناو بەرهەمەکانیانەوە. هەڵمەتەکانی جینۆساید، وەک هەڵمەتی ئەنفالکردنی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و خەباتە بەردەوامەکانی ئەم گەلە دژ بە سڕینەوەی کولتووری، کاریگەریی قووڵی لەسەر بەرهەمە هونەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دانا. لەم سۆنگەوە هەوڵ ئەدەین لە خوارەوە گەڕانێک بۆ چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی جینۆساید لە هونەری کوردیدا بکەین:

١.٣ بەستێنی مێژوویی لە هونەری کوردیدا:

مێژووی گەلی کورد بە قۆناغەکانی توندوتیژی و ئاوارەیی و هەڵمەتی سیستماتیکی بە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەکەیان تێپەڕیوە، دیارترینیان هەڵمەتی ڕاگواستن و ئەنفال بووە، کە لەلایەن حکومەتی عێراق دەستپێکرد. ئەم سیاسەتە بۆ جینۆسایدی کولتووری بە قووڵی لە یادەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورددا چەسپاو و هونەری کوردی لەم ماوە مێژووییەدا، دەرئەنجامە ئازاربەخشەکانی ئەم ڕووداوە دەردەخات. وێناکردنی گوندە سوتاوەکان و کیمیا بارانکردن، ڕەنگدانەوەی قوڵی لە بەرهەمی هونەرمەندانی کورد هەبوو. ئەم وێناکردنانە وەک بیرهێنانەوەی بەهێزی ئەو کوشتارە بەکۆمەڵانە و ئاوارەبوونی زۆرەملێ بوو، کە پێکهاتەکانی کوردیان وێران کرد (بروراي،٢٠١٠،ص٤٨).

٢.٣ تەوەری لەدەستدان و خەم و یادەوەری:

ئەزموونی لەدەستدان، توخمێکی جەوهەری هونەری کوردییە، کە ڕەنگدانەوەی جینۆسایدە. هونەرمەندان لەم کاتەدا هەستێکی بەکۆمەڵیان لە خەم و پەژارە بۆ ئەو خەڵک

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

و کولتووره دەردەبڕی، کە لەم پرۆسەیەدا لەدەستیان دا. ئەو کاتە بەشێکی هونەری کوردی گوزارشتی لە دۆخی ماتەمینی گەلی کورد کرد. دیارە هەمیشە لایەنێکی هونەری کلاسیکی کوردی، ئامرازێک بووە بۆ گەیاندنی خەم و پەژارە. بۆ نمونە ئەو بەرهەمانەی بە هێما و نیشانە لەسەر کیمیابارانکردنی کورد نمایشکراون(فەرەج،٢٠٠١،ل١٢)

٣.٣. خۆڕاگری و شوناس:

سەرەڕای کاریگەریی وێرانکەری جینۆساید، هونەری کوردی خۆڕاگری لەبەرهەمەکانیدا بەرجەستە کرد. ناسنامەی کورد کە لەمێژبوو لەلایەن دەوڵەتە باڵادەستەکانی ناوچەکە سەرکوت دەکرا، لەڕێگەی دەربڕینی هونەرییەوە بەتوندی بەرگری لەبوونی خۆی کرد. هونەرمەندان بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەی خۆیان، وەک جلوبەرگی نەریتی، بەرامبەر هەوڵەکانی هەبوون بۆ سڕینەوەی، هێما و نیشانەیان بەکارهێنا. ئەمەش بە ڕوونی لە هونەرە بینراوەکان و نمایشەکان بەدیارکەوتن. خۆڕاگریی کولتوری کوردی، سەرەڕای هەوڵی سیستماتیکی بۆ لەناوبردنی، لە زۆرێک لە بەرهەمە هونەریەکاندا بووە پەیامی بەهێز بۆ بینەرانیان(محەمەد، ١٩٩٧، ل٨).

لەلایەکی دیکە لەدوای ئەم ڕووداوە، بەشێکی زۆری هونەری کوردی وەک هێمای بەرخۆدان، گوزارشتی لە کەسایەتییە مێژوویی یان ئەفسانەییەکانی کرد. ئەم کەسایەتیانەی وەک کاوەی ئاسنگەر، کە هێمای بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری بوو، لە پێناو بیرهێنانەوەی مێژوویی خەباتی کورد لەبەردەم بینەرەکانیان.

٤.٣. زەبر و زەنگ و چارەسەری لە هونەری هاوچەرخی کوردیدا:

لە کاتێکدا بەشێکی هونەرمەندانی کورد بەردەوام کاریان لەسەر پرۆسێسکردنی زەبر و زەنگی بەکۆمەڵی جینۆساید دەکرد، هونەری هاوچەرخی کوردیش هاوسەنگی دروستکرد لە نێوان بیرهێنانەوەی ڕابردوو، هاوکات گەڕان بەدوای ڕێگەی چارەسەری بۆ داهاتوو. بەشێک لە هونەرمەندانی کورد بەتایبەت ئەوانەی لە شانۆدا کاریان دەکرد، سەرنجیان لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی ڕزگاربووانی جینۆساید دا. هەندێ لە چیرۆکەکانیان تیشکی خستە سەر زەبر و زەنگی مانەوە و ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە دوای وێرانکاریی بێتە کایەوە(محەمەد، ١٩٩٧، ل٨).

٥.٣. پاراستنی کولتوور وەک جۆرێک لە بەرخۆدان:

پاراستنی کولتووری یەکێکی دیکە بوو لە تەوەرەکانی دووبارەبووەوە لە هونەری کوردیدا لە پێوەندی لەگەڵ جینۆسایددا، لە بەرامبەر سڕینەوەی فەرهەنگیدا. ئەو کاتە هونەرمەندانی کورد بەرهەمەکانیان وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستن و پێشخستنی زمان و

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

نەریت و مێژووی خۆیان سەیر کرد. زۆرجار فۆلکلۆر و سەما و پیشەی نەریتی کوردی، وەک جۆرێک لە پاراستنی کولتووری خرانە ناو هونەرە بینراو و نمایشییەکانەوە. ئەم توخمانە جەختیان لەسەر سەقامگیری شوناسی کورد کردەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر ئەو هێزانەی هەوڵی سڕینەوەیان ئەدا. دەرهێنەرە کوردەکان گێڕانەوەی بەهێزیان لەسەر جینۆساید دروستکرد. بۆ نموونە کرمانج عەبدوڵڵای دەرهێنەر، دوای ڕووداوی کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجە، لە شاری هەولێر لە (١١ی ئایاری ١٩٨٩) شانۆگەریی (قەرەج) نمایشکرد. لەم شانۆگەریەدا دەرهێنەر توانی ئەم ڕووداوە بەرجەستە بکات و پەیامی خۆی بگەیەنێت، دوای ئەوەی نیشانیدا پاش کوژرانی زمگێرای قەرەج بەدەستی ئەلیکۆی شارستان ، قەرەجەکان لە جیهانی خۆیان دەردەکەوتن و دواتر لەو شوێنەی تیایدا بوون کۆچیان کرد و لە ڕێگادا توشی ڕەشەبای کیمیاوی بوونەوە، لە ئەنجامدا وەکو گەڵای دار هەڵدەوەرین. دەرهێنەر لە کاتی نمایشکردنی ئەم ڕووداوە، چەند منداڵێکی لەم دۆخە تراژیدییە ڕزگارکرد، وەک پەیامێک بۆ مانەوە گەلی کورد سەرباری هەوڵی قڕکردنی بە کۆمەڵ لەلایەن دەسەڵات و دواجار لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم دیمەنە، کۆتایی بە شانۆگەرییەکە هێنا(بایز، ٢٠٠١، ل٧٣). پاشان لە بەرهەمێکی دیکەی شانۆییدا و بە کاریگەریی هەمان ڕووداو، دەرهێنەرێکی دیکە لە شاری هەولێر بە نمایشکردنی شانۆگەریی (دەرگاکە نەکەنەوە) کە دەقێکی شانۆیی مێرد منداڵان بوو لەساڵی ١٩٨٩ ، هەولێدا هەمان پەیامی سیاسی بگەیەنێتە بینەری شانۆی کوردی، کە میللەتی کورد سەرباری ئەم بارو دۆخەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەو ململانێیەی لەگەڵ ژیان لەپێناو مانەوەی لەسەر زێدی خۆی و پاراستنی شوناسە نەتەوەییەکەی بەسەریدا سەپاوە بەردەوام دەبێ(محەمەد، ١٩٩٠، ل١٠٥).

کردەی ئەنفالکردنی کورد، لە ڕوویەکی دیکەدا ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی لەسەر هونەری شێوەکاری دروستکرد. مانەوەی شێوازی هونەرمەندێکی وەک محەمەد عارف، کە ڕیالیستی و ڕیالیستی دەربڕینخوازیی بوو، گوزارشت بوو لە گەشەکردنی هونەری بەرهەڵستکاری شۆڕگێڕانەی کورد بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق. دوای ئەوەی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە شێوەکارە لە فۆرمی ئەفسانە و دیرۆکی کوردستان چڕ بوونەوە، بە شێوەیەک شێوەکاری ناوبراو لە ڕێگەی بە کارهێنانی ڕەنگی سروشتی جوانی کوردستان لە تابلۆیەکانیدا، ئەرینییەکەی تایبەتی بە کارەکانی بەخشی لەو سەردەمەدا. ئەوە سەرباری پەیامە سیاسییەکانی لە تابلۆیەکانیدا بەرجەستەکی کردن، لە نمونەی تابلۆی (ڕۆژئاوابوون ڕۆژهەڵاتی بەدوا دێ)، کە لە پیشانگای نۆیەمی تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی بۆ هونەری نوێ لە بەغدا، لە ماوەی نێوان ڕۆژانی (٣ بۆ ١٨)ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤) نمایشکرا، هونەرمەند ئەو ڕەنگە ڕەشانەی بەکاری هێنابوون، وێنای نێو تابلۆیەکەیان تاریک نیشانی بینەردا. وەک گوزارشتێک لە دۆخی ماتەمی کوردستان، کە لەئەنجامی ئەنفالکردنی بارزانییەکان ، لە ساڵی ١٩٨٣ ڕووبەڕووی بویەوە. ئەوە سەرباری ئەوەی هەر هەمان هونەرمەند لە پێشانگایەکی دیکەیدا، تابلۆیەکی بەناوونیشانی (چەند شۆڕەسوارێک لە دەشتی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

هەولێردا) نمایشکرد، کە تیایدا وێنەی گوندە سوتاوەکانی کوردستان و بزاوتی چەند شۆڕەسوارێکی بە جلوبەرگی کوردی لە سنووری دەشتی هەولێر بە هێما و نیشانە دەربڕی(حەیدەر، ٢٠١٦، ل١١٢). هەوڵی هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لەنمونەی (سلێمان شاکر و دارا محەمەد عەلی و سەردار سنجاوی) بە جەختکردنەوە لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی لە تابلۆکانیاندا، بەگشتی گوزارشت بوون لە بارودۆخی کارەساتباری گەلەکەیان و نیشانەی یەک هەڵوێستی هونەرمەندانی کوردبوو لە بەرپەچدانەوەی ئەم سیاسەتانەی دژی نەتەوەی کورد لە عێراق پەیڕەو دەکرا لەلایەن حکومەتی عێراق(حەیدەر، ٢٠١٦، ل١١٣). لە بەرامبەردا حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بۆ گۆشەگیرکردن و هەروەها چاودێریکردنی چالاکییە هونەرییە کوردییەکان و لەپێناو ئەوەی ئەم بوارە ڕۆشنبیرییە ببێتە یەکێک لە ئامزەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە بەعسیکردن و لاوازکردنی بیری نەتەوەیی لە ناوچە کوردییەکان، کە لە ماوەی توێژینەوەدا بە (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) ناساندبووی، هەوڵیداوە ڕێکخستنەکانی بخزێتە ناو کۆمەڵە و تیپە هونەرییەکان، بۆیە چەند ڕێکارێکی توندی بۆ پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی تیپە هونەرییە کوردییەکان پیادە کرد، لە مانەش سەرباری مەرجەکانی هەبوون بۆ ئەندامانی دامەزرێنەری هەر تیپێکی هونەری، کە پێویست بوو بەلایەنی کەم سێ لە دامەزرێنەران، هونەرمەندی ئەکادیمی بن و هەر ئەندامێکی دەستەی کارگێری پێنج ساڵی خزمەتی پێشووتری هەبێ. مەرجی تریشی سەپاند و داوای دەکرد لەکۆی ئەندامانی دەستەی کارگێری تیپی هونەری ، بەلایەنی کەم دوو ئەندامیان سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس بن. بۆیە هەندێک لەو تیپە هونەریانە دژی ئەو دەستێوەردانە حزبییە لە کاروباری هونەری ڕاوەستان، بەو هۆیەوە مۆڵەتی کارکردنیان وەرنەگرت(حەیدەر، ٢٠١٦، ل١٠٥). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کۆمەڵە و تیپ هەبووە لە پێناو وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن و بەردەوامی دان بەکارە هونەریەکان، بە ناچاری ملکەچی ڕێنمایی و مەرجەکانی حزبی بەعس بوون(کاروان، ژ (١٧) ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل١١٩)

لە لایەکی دیکە حکومەتی عێراق، لە پێناو سەرپەرشتیکردنی بوارەکانی ڕۆشنبیریی لە شارە کوردییەکان، هەوڵیداوە لە چوارچێوەیەی پابەندبوون بە سیاسەتەکانی، تەواوی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی عیراق، لقیان لە باشووری کوردستان، بەناوی ڕێکخراوی کوردستانی بکەنەوە. لە نێو ئەوانەشدا ڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکانی وەک لقی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، ئەو سەندیکایە لەلایەن کادیرێکی پێشکەوتووی ئەو حزبە بەرێوەچووە، بەسەرپەرشتی و ڕێنماییەکانی لقی هەولێری نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکووری حزبی بەعس لە عێراقدا(حەیدەر، ٢٠١٦، ل١٠٦).

بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، حزبی بەعس بەشێکی کار و چالاکی ئەو سەندیکایەی خستە چوارچێوەیەی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکەی خۆی، لەمانەش بەرز ڕاگرتنی بۆنە و یادە حزبیەکانی وەکو(٧ نیسان) و (شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموز) و بڵاوکردنەوەی بیروباوەری حزبی بەعس. بەجۆرێک هونەر لە باشووری کوردستان لە ئەنجامی

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

پیادەکرنی ئەو سیاسەتە چەندان بەرهەم و بابەتی کرچوکاڵی تێکەڵ بە بابەتە ڕەسەنەکە کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو گوشارەکانی حزبی بەعس، هونەرمەندانی کورد بەگشتی بەشێکیان نەبێت، کە چوونە ژێر باڵی ئەو سیاسەتەوە، کە ئەمانە هەم بەژمارە کەم بوون و هەم توانا و بەهرەی گەورەش نەبوون، لەبەرامبەردا ، هونەرمەندانی نیشتمان و نەتەوەخواز لەبەرەی گەلەکەیاندا مانەوە(فەرەج،٢٠٠١،ل١٢).

٤- لێکەوتەکانی جینۆسایکردنی کورد لەسەر باری ئەدەبی کوردی

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥) ئەدەبی بەرەنگاری کوردی چووە دۆخێکی نوێ. بەجۆرێک بە لێزمە شیعر و چیرۆکی بەرەنگاری، دارژانە سەردەم و قۆناغەکەوە. شۆڕش و خەباتی چەکداری، زەبر و زەنگ و کوشتن و لەسێدارەدانی سەدان ڕۆڵەی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی عێراق، ئاسۆی نوێی خستە بەردەم نەخشەی شیعری بەرەنگاری(حیدر، ٢٠١٦، ل٤٨). لە دوای نسکۆی شۆڕشی کوردیش، نووسەرانی کوردستان بە نەفەسێکی شۆڕشگێرانە سەنگەری خەباتیان دروستکرد، ئەگەر سیاستمەداران بەدروستکردنی شانەی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە گوزارشتیان لە گیانی بەرەنگاری و ڕێکخستنەوەی خەڵک کرد، ئەدیبان بە شیعر و چیرۆک و ئێوارە کۆڕەکان، گیانی خۆراگری و بەرخوادانیان بەر گەلەکەیان کردەوە. ئەگەرچی نسکۆی شۆڕش لەپاڵ کاریگەرییە سیاسییەکەیدا بۆ نەتەوەی کورد، کاریگەریی دەروونی زۆری هەبوو، بەڵام نەیتوانی ئەم گەلە ناچاری تەسلیم بوون بەم واقیعە بکات، کە دەسەلاتدارانی عێراق بۆیان خولقاندبوو. بەڵکو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵێ شاعیر و نووسەری کورد بەشداری شۆڕشیان کردەوە و هەر زوو هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و ملکەچی ئەم بارودۆخە نەبوون و سەرەتای قۆناغێکی نوێیان دەستپێکرد(خۆشناو، ٢٠٠٢، ل١٢٦).

دۆخی بەرەنگاری و بەرخودان، دوای نسکۆ سەرەتا لەسەرخۆ سەریهەڵدا و لەم قۆناغەدا بووە یەکێک لە سێ پایە سەرەکییەکەی ناو بوونیادی ڕۆشنبیریی کوردی، کە بریتی بوون لە (ڕۆشنبیریی شۆڕشگێرانە و بەرگریکارانە، ڕۆشنبیریی داگیرکەرانە، ڕۆشنبیریی دەستەبژێر)، نووسەرێک لە شاخ بابەتێکی لەژێر ناوونیشانی (نوسەر، شاعیر، هونەرمەندە کوردەکان، شۆڕشێکی مەزن هەڵئەگیرسێنن) بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت:» ئەو شیعرانەی لەم ماوەیەدا بڵاوبۆوە، لوتکەی بەرهەڵستیکردنی فاشستەکان بوو»، لەلایەکی دیکەوە نووسەر لەو قۆناغەدا پێیوایە کە:» شیعر، وشە، تابلۆ و شانۆ، چەکێکی کاریگەرن لە شەڕی بەرگریکردن لەگەڵ و نیشتمان دا»(کۆمەڵە ، ژ(٥)، هاوینی ١٩٧٩، ل ٢١).

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

لە قۆناغی دواتر و لەئەنجامی جینۆسایدکردنی گەلی کورد و بە ڕێکار و شێوازی جیا جیا، قەلەمی شاعیر و نووسەرانی کورد بوونە ئامرازێکی کاریگەر بۆ خستنە ڕووی ئازار و نەهامەتیەکانی گەلەکەیان، بە تایبەتی لە ڕۆژنامە نهێنییەکانی لە شاخ بڵاودەکرانەوە. بۆ نموونە لە گۆڤارێکی وەک (دەنگی کوردستان) لە گۆشەی (ئەدەب و هونەر) چەندین نمونەی ئەدەبی شۆڕشگیرانە بڵاوکرانەوە، لەوانە (پەیمان بۆ شەهیدین کوردستان) کە نمونەی وردی ئازارەکانی گوندی (دڕێکا)ی لە ناوچەی گەلالە نیشاندا. هەروەها پارچە پەخشانی (ئەنوەر جاف) بە ناوی (زامی گەل) بۆ لە سێدارەدانی (٥) تێکۆشەری کورد بە ناونیشانی (ئەم پێنج هەڤاڵەی بەناوی تخریب لە ڕۆژی یەکی ئایار فەرمانی لەسێدارەدانیان دەرچوو)نموونەی بەرخوادانی ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد بوو لەو سەردەمەدا، (دەنگی کوردستان ،ژ(١) کانوونی دووەمی ١٩٧٥،ل١٧٣)

هەرچەندە سیاسەتی جینۆسایدکردن برین و ئازارەکانی نەتەوەیی کوردی قوڵتر کرد بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی لە عێراقدا حوکمڕانی دەکرد، بەڵام لەگەلیشیدا لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە، بەتایبەت کوشتنی بەکۆمەڵی کوردان و لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە هۆکاری سیاسی، بوونە هەوێنی شیعری شۆڕشگێرانەی ئەدیب و نوسەرانی کورد، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕەوتی ئەدەبی بەرەنگاری لەسەر بنچینەی ئاکاری نەتەوەیی و نیشتمانی جارێکی دیکە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدایەوە (خۆشناو، ٢٠٠٠،ل١٠٢). لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم هۆنراوەی سیاسی بەناونیشانی (دەنگتان) کە پێشکەشی چەند قوربانییەکی نێو شۆڕشی کورد کرابوو.(کۆمەلە، ژ(٥)، هاوینی ١٩٧٩، ل٣٢)

لەلایەکی دیکە ئەو کاتەی خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، دەیان هەزار کوردی ناچار کرد بەرەو ئۆردوگا بەکۆمەڵەکان، یان ناوەندەی شارەکان ڕابکەن، یان بەزۆری بۆی بگوازرێنەوە. پەیوەندییەکانی تاکی کوردی بە خاکی باوباپیرانەکانیانەوە پچڕاند، کە گرنگییەکی کولتووری و ڕۆحی گەورەیان هەبوو. خاک بە شوناس و نەریتی زارەکی و هەستی سەربەخۆیی بەسترابویەوە. کوردەکان ئەو کات نەک هەر لە ڕووی جەستەییەوە ئاوارە بوون، بەڵکو لە ڕووی کولتووریشەوە ئاوارە بوون، بەو پێیەی زۆرێک لە نەریت و کردارەکانی ڕۆژانەیان بەسترابووەوە بە شوێنی جوگرافیای دیاریکراوەوە. لەم سۆنگەوە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر بەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق لەبەرامبەر گەلی کورد پیادەی کرد، شاعیرانی کورد هاوشانی خەباتی چەکداری شۆڕشگێرانی کوردستان بەیەکەوە ڕێیان کرد، ئەگەر شۆڕشی نوێی کوردستان بەتفەنگ وەڵامی ڕاگواستن و سووتانی گوند وئاواییەکانی دایەوە، شاعیرانیش بە دەقە ئەدەبییەکانیان خوێنەرانیان لە دۆخی کارەساتباری گەلی کورد گەیاند. بۆ نمونە شاعیرێکی کورد بەوێناکردنی

(ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کارەساتی ڕاگواستن لە دیمەنی پیاوێکی بە ساڵاچووی ڕاگوێزراو، بەدەربڕینی زۆرترین مانا و بەکەمترین وشە دەربڕین لە بنەماکانی شیعریەت بە شێوازێکی ناراستەوخۆ، تابلۆیەکی تراژیدی ئەو کارەساتە وێنا کرد و نووسی:

ڕیش سپییەکی دورە کوێستان،

هەردوو چاوەکانی لەتاو،

زنج و توتنەکەی دارژان (رەفعەت، ٢٠١٢، ل٤٨).

شاعیر لەم دەقەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو شوێنە ناخۆش و دژوارە ناکرد، کە پیرەمێردی ڕاگوێزراو پاش هەڵکەندنی لە زێدی متوپێوە گرتووی خۆی، تێدا ژیاوە . بەڵام لەدوو ڕستەکەی تردا سۆز و خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی بۆ زێد و لانەی منداڵی نیشاندا.

دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەنووسەرو ئەدیبان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، نان برین و ڕاوەدوونان و گوشارخستنە سەریان بۆ ئەوەی ببن بە بەعسی و ملکەچی دۆخی دوای نسکۆی شۆڕش بێت، بەڵگەی هەڵوێستی نەتەوەیی ئەو نووسەر و ئەدیبانە نیشان ئەدات. نووسەرانی کوردستان بە بەرهەمەکانیان بەشداری خۆشکردنی زەمینەی شۆڕش و خۆسازدان بوونە، پێش هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کورد . بۆ نمونە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت جگە لە پێشمەرگە، بە هەزاران گەنج و لاوی شارەکانیشی هاندەدا، بۆ چوونە ناو ڕێکخراو و حزبە سیاسییە نهێنییە کوردییە شۆڕشگێرەکان و هەڵگرتنی چەکی کوردایەتی، بۆ مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە سەرکوتکارەکانی حکومەتی عێراق. بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە لەلایەن سێ دەستەی ڕۆشنبیرانەوە کاری بۆ دەکرا، ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون، ئەوانەی لەدەرەوەی وڵات دەژیان، لەگەڵ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە ناوەوەی وڵات بوون و لە ڕێی بەکارهێنانی هێما و نیشانەوە لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا، ڕۆشنبیری بەرگرییان بڵاودەکردەوە(خۆشناو، ٢٠١٢، ل١٣٤). لە چوارچێوەی ئەم ڕەوتە ئەدەبییەی بەناوی بەرگری هاتە ئاراوە، لەتیف هەڵمەت وێنای ئەو دۆخە کرد، کە یاساوڵ و تانک و زریپۆش و ئۆردوگا سەربازییەکانی بەعس هەموو سنوورەکانیان تەنی بۆوە، بەڵام ئەو لە ڕێی دەقە شیعرییەکانی تەمی ئەو بێ ئومێدییەی ڕەواندەوە و ڕەمزە میللییەکانی نیشانەی خۆڕاگری بوون لە دەقێکی شیعری نووسی:

داری بەڕوو فێری کردم چۆن ڕەگی هۆنراوەم قووڵ بێ،

داری بەڕوو فێری کردم چۆن نەخزێم

هەرچەند شەختە و گەردەلوول بێ

(گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ(٤١)، ١٩٧٦، ل٤٠). هەر لەبەرئەمە هەندێک پێیان وایە،

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

کە ئەم شاعیرە بۆتە ڕەمزی شیعری بەرگیری(ئیسماعیل،٢٠٠١، ل٦٩).

دواتر ئەو ڕەوتە چەندان ئەدیب و شاعیری دیکەی لەخۆگرت، لەوانەش مەدحەت بێ خەو، کە هەر لەو قۆناغەدا و لەساڵی ١٩٧٧ بە شیعرێکی بەناوی(دار بەڕوو) بەردەوامی بەو ڕەوتە ئەدەبیەدا نووسی:»لە کۆنەوە ڕەشەبای شووم هێرش دێنێ، گەڵایەکان دەوەرێنێ، لقەکانی دارودەوەن تێک دەشکێنێ، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە و ناشتوانێ، دار بەڕوێک لەڕەگ و ڕیشە دەربێنێ(بێخەو.٢٠١٣ ، ل٢٥١).

هەر لەخانەی ئەدەبی بەرگریدا، شاعیرانی وەک سەعدوڵلا پەرۆش، عەبدوڵڵا پەشێو ، جەوهەر کرمانج، ئەبوبەکر خۆشناو(١٩٥٦-٢٠١١)، جەمیل رەنجبەر(١٩٤٨-١٩٨٠) نەوزاد ڕەفعەت، ئەنوەر مەسیفی، ئازاد دڵزار، شێرکۆ بێکەس ، ڕەفیق سابیر، جەمال شارباژێر ، ئەنوەر جاف، لەچوارچێوەی ڕەوتێکی نوێی غەزەڵی سیاسی و نیشتمانی، گوزارشتیان لەم ڕەوشە کردووە. شاعیران لەو قۆناغەش زیاتر ڕۆیشتن، بەجۆرێک وابەستییانی لە دەرخستنی هەستی نەتەوەییدا کردووە، بۆ نمونە ڕۆحی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردی قۆناغەکە گەیشتە ئاستێکی ئەوتۆ، کە هەندێک شاعیر پێیان وابوو لەدەرەوەی شیعری بەرەنگاری، هیچ شتێکی تر بوونی نییە و بایەخی ئەوتۆی نییە. بە نمونە سەعدوڵڵا پەرۆش لەم بارەیەوە نووسیی:

ئەگەر شیعر نەبێ بەدەنگ، نەبێ بە گولە بۆ تفەنگ،

ئەگەر شیعر بۆ برسیەکان نەبێ بەنان

بۆ ئاوارە نەبێ بەماڵ و نیشتمان

چاکتر وایە شیعری ئاوا زڕو چڵکن

بخرێتە ناو چاڵی مردن (خۆشناو،٢٠٠٠، ل١٤٤).

بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی جینۆسایدکردنی کاریگەریی لەسەر توانا و بیرکردنەوەی ئەندێشەی شاعیرانی کورد هەبووە، یەکێک لەم بەڵگانەی لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی بڵاوکراوەتەوە لەبارەی شێوەنی شاعیرێکی کورد بەناوی (توانا) بە ناوونیشانی (شێوەنێک بۆ شەهیدانی هەڵەبجە)، شاعیرەکە ڕوو دەکاتە ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و نووسی :

فریاکەون .... درندەکان،

وامیللەتێ لەناو ئەبەن

چونکە داوای مافی ڕەوایی ... خۆیان ئەکەن(ڕۆژنامەی خەبات ،ژ(٥٨٥)، تشرینی دووەمی ١٩٨٨،دوا لاپەرە). هەر لەهەمان گۆشەی هەلەبجە لە چەند شعرێکدا شاعیر(نەبەرد جاف) لە پارچە هۆنراوەیەک بەناوونیشانی (هەرگیز نالێم پەشیمانم) دەنووسێت:

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

بەڵێنیکە تا ئەو ڕۆژەی

تۆڵەی شاری هەڵەبجەمان

لە دوژمنی ڕوو ڕەشی ژین ..... وەرنەگرین

دەست لەڕێگەی تۆڵە و خەبات هەل ناگرێن (خەبات ، ژ(٥٨٥)، تشرینی دووەمی ١٩٨٨،دوا لاپەرە).

یەکێک لە کاریگەرییەکانی کردەی ئەنفال لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیریی بریتی بووە لە دەربرینی ئازار و نەهامەتیەکانی ئەو کردە سەربازییە، لەلایەن بەشێک لە شاعیران، وەکو گوازرشت کردنێک لەو دۆخەی ڕووبەڕووی گەلی کورد بویەوە. ئەنفال لەناو شیعری هاوچەرخی شاعیرانی کوردا بووە ڕەمزێک بۆ گوتاری پاکسازی، قڕکردن، سرینەوەی ناسنامەی کورد، دروستکردنی کەشێکی ترسناک (سەنتەری برایەتی ، ژ(٢٤ ، هاوینی ٢٠٠٢).

لەو پێودانگەدا ئەنفال و کارەساتی کیمیاباران، وشەی نسکۆی جارێکی تر خستەوە سەرزاری شاعیران . ئەم جارە بەجۆرێکی دی مەسەلەکەیان تاوتوێ کرد، کە سەرێکیان بە سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە گرێدا . ئەم کارەساتە تورەیی شاعیرانی بەڕەنگاری گەورەتر کرد، تا دەنگی ناڕەزایی و بێزاری خۆیان دژی دونیای زاڵ دەربڕن و مەینەتیەکانی گەلی کوردستان بەڕای گشتی ڕابگەیەنن. لەم سەروبەندەدا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی گەلی کوردی تێدا بوو، بەهۆی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی ڕووناکبیر و شاعیر و نوسەران هەستیان پێکرد، لەدوای کیمیابارانکردنی کوردستان و هەزاران قوربانی کورد . جەوهەر کرمانجی شاعیر گەیشتە ئەو ڕایەی، کە وێنەیەکی تەڵخی هەستی مرۆڤایەتی بکێشێ ، و هەستی ئاژەڵان بەرزتر لەهەستی مرۆڤ دابنێ،کاتێک نووسی:» کاتێ گوندی (شێخ وەسانان)

دووکەڵی کیمیا دایپۆشی و مەرگ نیشتە گوێی سوانان

کاتێ منداڵ ، پیر و ژن، گیانی پاکیان بەرزبۆوە

،خۆی دا لەقەرەی لوتکەی شاخ، سەگ هاتە هانای پشیلە

کەچی لەدنیای مرۆیان، کەس نەیگوت ئاخ (خۆشناو،٢٠٠٠،ل١٧٩)

جگە لەوەی شاعیرانی وەکو عەلی فەتاح دزەیی ، مەجید ئاسنگەر، مەدحەت بێخەو ، خالید دلێر، پیرباڵ مەحمود و ئەحمەد دڵزار هەبوون،کە هەریەکە و بەشێوازی خۆی خزمەتی شیعری ڕۆمانسی و ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێری کوردییان کردووە و سیماکانی ئەو قۆناغەیان پاراستووە(ڕامان، ژ (٧٩)، ٥ کانونی دووەمی ٢٠٠٣ ، ل٩٠).

کەواتە دەکرێ بگوترێ لێکەوتەکانی جینۆساید لەسەر بواری ئەدەبی دوولایەن بووە، سەرباری ئەوەی بووەتە هۆی بێ بەشکردن و دوورخستنەوەی بەشێکی شاعیران

 (ISBN) 9-78-9922-86-239-2

و نووسەران لە مافەکانیان، بەڵام پاڵنەرێک بووە بۆ وەچەرخانێکی دیکە لە بواری ئەدەبی و تێکەڵاوبوونی ئازارو نەهامەتیەکانی میللەت بە دێر و هەست و ناخی شاعیر و نووسەرانەوە، تێکەڵابوونی خەباتی رۆشنبیری و چەکداری گرێدانی ڕەوشی ناوچەکە بە قەلەمی شاعیران.

بەگشتی وەک دەرکەتووە لێکەتەوتەکانی ئەم سیاسەتە لەقالبدانی رۆشنبیری کوردی بووە، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق کۆڕی زانیاری کوردی بە بڕیاری (٥٠٤) بە پاڵپشتی یاسای ژمارە (٧٠)ی ١٩٨٠، کردە بەشێک لە کۆری زانیاری عێراق، دواتریش هەریەک لە یەکێتی نووسەران و کۆمەڵەی هونەری و سەرجەم دەزگاو دامەزراوی کوردی بەهەمان شێوە بەستنەوە بەدامەزراوە ڕۆشنبیریی و جەماوەرییەکانی دەسەڵات لە بەغدا(.پ (ابوپرشنگ)،١٩٨٦،ص٣٦).

دواتر پانتاییەکانی ئازادی ڕادەربرین لەلایەن دەسەڵاتەوە بەتەواوەتی نەما و دەسەڵات دەستی کرد بە کوشتنی ئەدیب و ناودارانی کورد، لەگەڵیدا هەوڵیدا چینی ڕۆشنبیران و ئەدیب و نووسەران بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی بەکاربهێنێت و ناچاریان بکات تا بە شان و شکۆی (سەدام حوسێن)ی سەرۆک کۆمار و دارودەستەکەی بلێن، هەر کات بەپێی خواستی دەسەڵاتیش نەبووبن ، ئەوا دووچاری سیاسەتی ڕاوەدونان و بێسەر و شوێنکردن دەبوونەوە ، وەک چارەنووسی نووسەری دیاری کورد (دارا تۆفیق) (ڕۆژنامەی خەبات ، ژ(٥٤٧)، ئەیلولی ١٩٨١، ل٦). کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی شاعیر و نووسەری کورد دڵشاد مەریوانی ، عەبدولخالق مەعروف و (شاکرفەتاح ١٩١٤-١٩٨٨)(١)، و چەندانی دیکە، نموونەی زیندو و ئاشکرای ئەو سیاسەتەن کە ناتواندرێت نکۆلی لێبکرێت. بەم شێوەیە لەدەستدانی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە کاتی جینۆساید دژی کورد لە عێراق، گورزێکی وێرانکەر بوو لە کولتوور و ناسنامەی کورد. ئەم تاکانە پایەی فەرهەنگی و فیکری کۆمەڵگای کوردی بوون و کوشتن یان گۆشەگیریکردنیان بەشێک بوو لە ستراتیژی ڕژیم بۆ نەهێشتنی ناسنامەی کورد و کەمکردنەوەی توانای بەرخۆدانیان. ئەم ڕۆشنبیرانە لە پێشەنگی دەربڕینی کولتووری کورد بوون، زۆرجار بەرهەمەکانیان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد بەکاردەهێنا. مردنیان نەک هەر گەلی کوردی لە بەهرەمەندترین قەڵەم بێبەشکرد، بەڵکو ئەو دەربڕینە داهێنەرانەی بێدەنگ کرد، کە لە سەردەمی سەرکوتکردندا بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری چارەنووسساز بوون.

